کردەوە چاکەکان
بۆ بەختەوەربوون لە هەردوو
جیهان

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةًۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾

ئامادەکردنی

م. عبدالعزيز رسول سورچی

تەنها بە ناوی خودای متعال

خوێنەری بەڕێز مەعلومی جەنابتانە کە خودای میهرەبان زۆر ناز و نیعمەتی خۆی بە ئێمە بەخشیوە کە بە ژمار نایەن﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ﴾ چونکە هەرچی نازو نیعمەتە هەموی فەزل و چاکەی خودایە لەگەڵمان﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ﴾ جا یەکێک لەو نیعمەتە گەورانەی کە بەڕاستی پێویستی بە شوکرانەیەکی زۆرە نیعمەتی ئیسلام و ئیمانە، بەڕێزان ئێمەی کورد هەرچی هەمانە لە خێرو بێرو پاکو پیاوەتی و خاوێنی و ئەخلاق و بەهای بەرز هەموو فەزلی ئیسلامە کە ئێمەی پێ جوان کردوە بۆیە ئێمەی کورد رۆڵێکی زۆر گەورەمان هەبوە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا چونکە کورد خۆی بە خاوەنی ئەم دینە داناوە بە ڕوح و گیان خزمەتی کردوە بۆیە دەبێت هەمیشە ئەم کوردە شانازی بەم دینەی خۆی بکات و نەهێڵێت هیچ فکرە و ئایدۆلۆجیایەک یان دینێکی نامۆ و غەریب جێگای ئەم دینە پاکەی ئیسلام لەق بکات یاخود بە شوێنگرەوەی بزانێت، بۆیە خەمخۆرانی ئەم دینە پاکە هەمیشە لە بیری ئەوەدابوونە چۆن گەورەیی ئەم دینە بۆ خەڵک ڕونبکەنەوە جا هەر خەمخۆرێک بە جۆرێک هاتوە خزمەتی ئەم دینەی کردوە هەیە جوهدی خۆی بە سەروەتی خۆی بە خاسەو پێنوسی خۆی بە کات و ساتی خۆی بە دڵ و گیانی خۆی لە سۆنگەی ئەم بەرپسیارەتیە مامۆستا(عبدالعزیز سورچی) هەستاوە بە ئامادەکردنی پەرتووکێکی زۆر جوان و پڕ لە زانست، ڕازاوە بە ئایەتە نوورانیەکانی قورئان و بە فەرمووده شیرینەکانی پێشەوامان محمد(ﷺ) و هێنانەوەی قسە پڕ بەرەکەتەکانی یارانی پێغەمبەری خودا و پیاو چاکانی ئەم ئومەتە پاشان گولاو ڕێژی کردوە بەو چیرۆکە خۆشانەی کە زیاتر بەهای پەرتووکەکەی بەرزکردۆتەوە.

بەڕاستی خوێنەری بەڕێز من زۆر چێژم لە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە دیتوە زۆریش دەستخۆشی لە مامۆستای گەورە و خۆشەویست مامۆستا ملا(عزیز سورچی) دەکەم کە خۆی زۆر ماندووکردووە بە ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە. ئەم پەرتووکە هەموو کەس دەتوانێ سوود و قازانجی لێ ببینێت چونکە زۆر بە زمانەکی جوان و شیرین نوسراوە بە تایبەت مامۆستایانی مینبەر و میحراب و بانگخوازانی دینی خوا دەتوانن سودی لێ وەرگرن چونکە هەموو ئەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ دین و ژینی خەڵک بۆ دونیا و دوارۆژیان چ لە پەرستشەکان چ لە ئاداب و بەها بەرزەکان هەر هەمووی زۆر بە جوانی نوسیوە هیوادارم ئەم پەرتووکە وەکو ناوەکەی خۆی کە ناوی

ناوە((کردەوە چاکەکان بۆ بەختەوەربوون لە هەردوو جیهان))بێت بۆ هەموومان، ئەوەندە ماوە بلێم خوێنەری بەرێز کاتی مرۆڤ زۆر گرانبەهایە حەیفە ئەم کات و سات و تەمەنەمان بە بێ سود لە دەست بڕوات چونکە بەڕاستی ئەوکات ئێمە خەسارەتمەند دەبین﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢﴾ **بۆیە ئەگەر هەندێک لە تەمەنی خۆمان و کاتی خۆمان بدەینە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بە حەقیقەت قازانجی دونیا و قیامەتی لێ دەکەیت و تەمەنیشت پڕ بەرەکەت دەبێت و دلت پڕ ئیمان دەبێت. کارو کردەوەکانیشت جوانتر و رێکتر دەبن ئەمەش بەختەوەری هەردوو دونیایە.**

شێرزاد عبدالوهاب
2025\11\15

پێشەکی

إنَّ الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره و نعوذُ بالله من شُرور أَنْفُسنا ومن سيئات أَعْمالنا، من يهده الله فَلا مُضلَّ لَهُ، ومن يضْلل فَلَا هادي لَه. وأَشْهد أَنْ لاإِلَه إلا الله وحده لا شَريكَ لَه، وأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عبده ورسولُه.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴿١٠٢﴾﴾ آل عمران.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴿١﴾﴾ النساء.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴿٧١﴾﴾ الأحزاب.

أَما بعد: فَإِنَّ خيرَ الحديث كتابُ الله تعالى، وخير الهدْي هدْي مُحَمَّد(ﷺ)، وشَرَّ الأُمور مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَة بدْعَةٌ و كُلَّ بدْعة ضَلالَةٌ وكُلَّ ضَلالَة في النَّار.

﴿رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى﴿٢٦﴾﴾ طه.

لە ژێر ڕۆشنای فەرمایشتی پەروەردگاری تاك و تەنیا كە دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ﴿٢٨٦﴾﴾ البقرة. وە فەرموودەی پێغەمبەری سەرورەرمان(ﷺ) كە فەرموویەتی {بلغوا عني ولو آية}[(1)] بە ئەركی سەر شانی خۆم زانی هەوڵ بدەم بۆ كۆ كرد نەوەی چەند با بەتێكی گرنگ و جۆراوجۆر كە گرنگترین و دیارترین و پێویسترین بابەتن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بۆ مرۆڤەكان بە گشتی و موسڵمانان بە تایبەتی كە ژمارەیان 81 بابەتە بە(الإخلاص) دڵسۆزی دەستپێدەكات و بە (الإستقامة) خۆڕاگری كۆتای دێت، پا شان بیاذ كەم بە پەرتوكێك بە ز مانی كوردی، دوای ماوە یەك بە پ شتیوانی و

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(3461).

یار مەتی خودای گەورە توانیم گشت بابە تەکان لەم پەرتوکەدا بنوسمەوە ناویشم لێنا ((کردەوە چاکەکان بۆ بەختەوەربوون لە هەردوو جیهان)) بە هیوای ئەوەی هەر کەسێک ئەو بابەتانە بخوێنێتەوەو لە ژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێیان بکات بە ئیزنی خودا ئەو کەسە بەختەوەر ببێت لە دونیاو دواڕۆژ، وە ئومێدەوارم بابەتەکان سود بەخش بن بۆ گشت لایەک بە تایبەت بۆ وتارخوێنان و بانگخوازان و زانست خوازان. هەروەها بۆ گشت دایک و باوکێک بۆ باشتر پەروەردەکردن و ئاشناکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕۆلەکانیان، بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای میهرەبان بە بەزەیی خۆی ئەم کارەمان بۆ بخاتە تای تەرازوی چاکەکان و بیکاتە توێشوی دواڕۆژ و لێمان قەبوڵ بکات﴿رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾.

م. عبدالعزیز رسول سورچی

3/رەمەزان1446

13/ رەشەمێی 2724

3/ئادار/2025

چەند تایبەتمەندیەکی ئەم پەرتووکە:

1- ئەو بابەتا نەی لەم پەرتوو کەدا با سکراون، هەر یە کەیان با بەتێکی سەربەخۆ و جیاوازن و تێکەڵ نیە بە بابەتەکانی ترەوە.

2- خاڵبەندکردنی گشت بابەتەکان کە ئە مەش لە با شترین هۆکارەکا نە بۆ بێزار نەبوونی کەسی خوێنەر.

3- کورتی و پوختی خاڵەکان بۆ ئەوەی کەسی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی دەرغیان بکات.

4- تایبەت کردنی گشت خاڵەکان بە هێنانەوەی بەڵگە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

5- جگە لە ئا ماژەکردن بە سورەتەکانی قورئان و ژمارەی ئایە تەکان، ڕیوایەت و ژمارەی زۆربەی فەرموودەکانیشم نووسیوەتەوە.

6- بۆ زیاتر چێژ وەرگرتن بۆ هەر با بەتێك چەند ڕووداو و بە سەرهاتێکی ڕاستەقینەم لە کۆتایی بابەتەکە باسکردوون.

7- بۆ زیاتر دەوڵەمەندبوونی بابەتەکان بۆ هەر بابەتێك بە پێی توا نا چەند وتەیەکی هاوەڵان(رضي الله عنهم)، و زانایان و دانا یان و پیاو چاکانم ئا ماژە پێکردووە.

8- هەر وتەیەکی هاوەڵان(رضي الله عنهم) و زانایان و پیاوچاکان، و هەر بەسەرهاتێك و ڕووداوێك نووسیبمەتەوە ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

الإخلاص

دڵسۆزی

پێناسەی دڵسۆزی

زانایان بە چەند شێوەیەك پێناسەی ئیخلاصیان كردووە لە شەرعدا:

1- إ براهیم ی كوڕی أد هم فەرموو یەتی: (الإخـــلاص صدقُ النية مَع الله تَعالىٰ)(1).
واتە: ئیخلاص بریتیە لە نیازی ڕاست لەگەڵ خودای گەورە.

2- فُضَیل ی كوڕی ع یاض فەرموو یەتی: (تَرْكُ العَمَلِ من أجْلِ النّاسِ رياءٌ، والعَمَلُ من أجْلِ النَّاسِ شِرْكٌ، والإخلاص أنْ يعافيَكَ اللهُ منهُما)(2). وا تە: وازهێ نان لە ئەنجامدانی كردەوەی باش لە بەر خەڵك دە چێتە خا نەی ڕ یاء، وە ئەنجا مدانی كردەوەش لە پێناو خەڵك ئەمەش شیركەو هاوەڵ دانانە بۆ خودا، وە ئیخلا صی تەواو بریتیە لەوەی خودا دەربازت بكات لە هەردووكیان.

3- سَهْل ی كوری ع بدالله فەرموو یەتی: (أنْ يَكونَ سُكونُ العَبْدِ وحَرَكاتُه لله تعالى)(3).
واتە: ئیخلاص بریتیە لەوەی نەجولان وجولانەوەكانی بەندە لە پێناو خودا بێت.

4- یَعْ قوب ی مَكْ فوف فەرموو یەتی: (المخلص مَنْ يَكْتُم حَسناته كَما يَكْتُم سَيِّئاته)(4).
وا تە: مرۆ ڤـی خاوەن ئیخلاص ئەو كە سەیە چاكەكانی خۆی دە شارێتەوە هەروەك چۆن تاوا نەكانی دە شارێتەوە.

---

(1) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.479 .
(2) المصدر السابق، ص.480.
(3) المصدر السابق، ص.479.
(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.10.

پلە و پایە و سوودەکانی ئیخلاص لە(15) خاڵدا

1- بوونی ئیخلاص لە کارەکاندا بە جێگەیاندنی فەرمانی خودا یە، وەک فەرمووی یەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ البينة. واتە: فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە خواپەرستی بکەن بە ئیخلاص ودڵسۆزی.

لە ئایەتێکیتردا فەرمووی یەتی: ﴿فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ﴾ الزمر. واتە: خواپەرستی بکە بە ئیخلاص، ئاینی پاك و بێگەرد هەر بۆ خودایە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ الأنعام. واتە: ئەی محمد(ﷺ) بڵێ: بە ڕاستی نوێژ و هەموو پەرستنێکم و حەج و قوربانیم وهەر عیبادەتێك لە زیندوویەتیدا ئەیکەم ولەسەری ئەمرم هەمووی بۆ پەروەردگاری جیهانیانە، هاوبەشی نیە، وە من بەم جۆرە دڵسۆزی و خاوێنیە فەرمانم پێ دراوە، وە منیش لە پێش هەموو ئوممەتی خۆمەوە موسڵمان بووم و ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتیم گرتۆتە بەر.

2- ئیخلاص هۆکارێکە بۆ ئارامی دڵەکان لە دونیا و دوارۆژدا، هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾ الأنعام. واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوە وبڕوایان تێکەڵ بەستەم و هاوەڵدانان نەکردووە هێمنی وئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە وهەر ئەوانەش ڕێنمایی دراون.

3- بە هۆی ئیخلاصەوە موسڵمان لە سزای دوارۆژ پارێزراو دەبێت.

خودا دە فەرموێت: ﴿إِنَّكُمۡ لَذَآئِقُواْ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَلِيمِ ۝ وَمَا تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ۝ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ الصافات. واتە: بەڕاستی ئێوە سزای سەخت دەچێژن، وە ئێوە تەنها تۆڵەی ئەو خراپانەتان لێ وەرئەگیرێت کە کردووتانە، تەنها ئەو بەندە پاکانە نەبن کە خاوەن ئیخلاص بوون.

4- ئیخلاص هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە پەروەردگار.

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ الكهف. واتە: جا هەر کەسێك بەتەمایە بەخزمەت پەروەردگاری بگات لە دوارۆژدا با کردەوەی چاك بکات، لە پەرستنی ئەودا کەس نەکاتە هاوبەش.

5- بە هۆی ئیخلاص موسڵمان پارێزراو دەبێت لە تاوان.

خودا دەربارەی پاراستنی یوسُف(عليه السلام)لە تاوان دەفەرمویێت: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾﴾ یوسف. واتە: ئا بەم جۆرە بەڵگەمان نیشانی یوسف دا بو ئەوەی خراپی و داوێن پیسی لێی دووربخەینەوە، چونکە یو سف لە بەندە موخلیص و پاکەکانی ئێمەیە.

6- بە جێگەیاندنی مافی خودا پەیوەستە بە هەبوونی ئیخلاص.

قال رسول الله(ﷺ) يا معاذُ: {أتَدْري ما حَقُّ الله علَى العباد؟ وما حقُّ العباد علَى الله؟} قالَ: قُلتُ اللَّه ورسولُه أعْلَم، قالَ: {فإنَّ حقَّ الله علَى العباد أنْ يعبدُوا اللَّه، ولا يشْركُوا به شيئاً، وحقَّ العباد علَى الله عزَّ وجلَّ أنْ لا يعذّبَ من لا يُشْرِكُ به شيئًا}، قالَ: قُلتُ: يا رسولَ الله، أفَلا أُبَشّرُ النَّاس، قالَ: {لا تُبَشّرْهُمْ فَيَتّكلُوا}[1].

واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی مُعاذ ئا یا دەزا نی مافی خودا لە سەر بەندەکانی و مافی بەندەکان لەسەر خودا چیە؟ وتم خودا وپێغەمبەرەکەی زاناترن، وتی: بەڕاستی مافی خودا لەسەر بە ندەکانی ئەوە یە بیپەرستن و هاوبە شی بۆ بڕیار نەدەن و مافی بەندەکانیش لەسەر خودا ئەوەیە هەرکەس هاوبەشی بۆ بڕیار نەدات سزای نەدات، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو موژدەیە بە خەڵك ڕابگەیێنم؟ وتی: نەخێر موژدە یان پێ مەدە دەنا کەمتەرخەمی دەکەن).

7- بەبێ ئیخلاص هیچ کردەوەیەك قبولّ نابێت.

قال رسول الله(ﷺ): {إنَّ الله لا يقْبل من العملِ إلاَّ ما كان خالصًا وابتُغي به وجْهه}[2].

واتە: پێغەمبەری خودا دە فەرموویێت: بێگو مان خودای گەورە هیچ کردەوە یەك قبولّ ناکات تەنها ئەوە نەبێ کە بۆ ئەو بێت و بە ئیخلاصەوە لەپێناو ئەودا بێت.

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(2856)، صحيح المسلم، الرقم(30).

(2) سنن النسائي، الرقم(3140). عن أمامة الباهلي والحديث حسن صحيح عند الألباني في سنن النسائي.

8- ئیخلاص هۆکاری سەرکەوتنی موسڵمانانە بەسەر دوژمنان.

قال النبيُّ(ﷺ): {إنّما ينْصر الله هٰذه الأمَّةَ بضعيفها بدعوتهم وصلاتهم وإخلاصهم}[1].

واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: خودای گەورە ئەو ئوممە تە سەردەخات بە هەژارەکانی: لەبەر نزا و نوێژ و ئیخلاص لە کارەکانیاندا.

9- ئیخلاص هۆکارێکە بۆ دەربازبوون لە ناخۆشی و تەنگانە.

هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) باسی ئەو سیٚ کەسە دەکات کە دەچنە ناو ئەشکەوتێك، پاشان بە هۆی بەردێك دەرگای ئەشکەوتەکە بە سەریاندا دەگیرێت، بەڵام هەریە کەیان نزایەك دەکات وباسی کردەوەیەکی باش و بەئیخلاصەوە ئەنجام یداوە دەکات، بە هۆی ئیخلاصیان لە کارەکانیاندا خودا دەرگای ئەشکەوتەکە بەسەریاندا دەکاتەوە[2].

10- شەیتان ناتوانێت ئەهلی ئیخلاص گومڕا بکات.

خودا دەربارەی شەیتان دەفەرمووێت: ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ۝ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ۝﴾ ص. واتە: شەیتان وتی: سوێند بە عیززەتی تۆ خودایە دەبیٚ هەموو مرۆڤەکان گومڕا بکەم تەنها بەندە موخلیصەکانی تۆ نەبیٚ.

11- ئیخلاص هۆکاری بەدەستهێنانی ناز و نیعمەتی بەهەشتە.

خودای پەروەدگار فەرموویەتی: ﴿إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ۝ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ ۝ فَوَٰكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ ۝ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ۝﴾ الصافات. واتە: بەڵام بەندە موخلیصەکانی خودا ئەوان ئەمینن و بیٚ ترس دەبن لە سزا، ئەوانە ڕۆزیەکی دیاری کراو لەلایەن خوداوە بۆیان هەیە، ڕۆزیەکەش بریتیە لە میوەجات و ڕێزلێگیراو دەبن، لە بەهەشتی ناز ونیعمەتدا.

12- ئیخلاص مایەی ئاسوودەییە بۆ دڵەکان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ثلاثٌ لا يغِلُّ عليهنَّ قلب مؤمِنٍ}، فذكر منها: {إخلاصُ العملِ لله}[3].

---

(1) سنن النسائي، الرقم(3178). عن سعد بن أبي وقاص، وصححه الألباني في سنن النسائي.

(2) صحيح البخاري، الرقم(2102)، صحيح مسلم، الرقم(2743).

(3) سنن ابن ماجة، (2498).

واته: سێ شت هەن دڵی بڕوادار پاك دەكەنەوە لە ڕق و خیانەت، جا یەكێك لەوا نەی باسی كرد فەرمووی: هەبوونی ئیخڵاصە لە كردەوەدا بۆ خودا.

13- بە هەبوونی ئیخلاص موسڵمان بەر شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەكەوێ.

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {أسْعدُ النَّاسِ بشَفاعَتي يومَ القيامة مَنْ قَال لا إلهَ إلاّ اللَّهُ خالصًا من نَّفسه}[1].

واتە: بەختەوەرترین كەس كە بەر شەفاعەتی من دەكەوێ لە ڕۆژی دوایدا ئەو كەسەیە كە بە ئیخلاصەوە لە دڵەوە وتبی(لا إله إلا الله).

14- بە هەبوونی ئیخلاص موسڵمان دەگاتە پلەی شەهیدی.

أ نس(رضي الله عنه) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {من طَلَب الشَّهادةَ صادقًا أُعْطِيها، ولَو لَمْ تُصِبْه}[2].

واتە: هەر كەسێك بە ڕاستی و بە ئیخلاص داوای شەهیدبوون بكات ئەو پلە یەی پێ دەدرێت هەرچەندە نەكوژرێت لە بەرەی جەنگ لەگەڵ بێباوەڕاندا.

15- یەكێك لە سوورەتەكانی قورئان كە بریتیە لە سورەتی ژمارە(112) بە ناوی (الإخلاص)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئیخلاص.

(1) صحيح البخاري، الرقم(99).
(2) صحيح المسلم، الرقم.(1908).

چەند وتەیەک دەربارەی ئیخلاص

1- پێ شەوا ع مر(رضي الله عنه) دە فەموێت: (مَنْ خَلَصَتْ نِيَّتُهُ فِي الْحَقِّ، كَفَاهُ اللَّهُ ما بينَهُ وبيْنَ النَّاسِ)[1].

واتە: هەر کەسێك ئیخلاص لە دڵی هەبێت بۆ باش بوونی ذ یوان خۆی لە گەڵ خەڵك یان بۆ پارێزراوبوونی خۆی لە خراپەی خەڵك، خودای گەورە بەسیەتی.

2- حاتم ی ئەصم فەرموویەتی: (يعرفَ الإخلاص بالاسْتقامَة)[2].

واتە: ئیخلاص دەناسرێت بە هۆی خۆڕاگری و بەردەوامی لەسەر کاری چاك.

3- أیوب ی سیخستیانی دەفەرموێت: (تَخْلِيصُ النِّيَاتِ عَلَى العُمَّالِ، أَشَدُّ عَلَيهِمْ مِن جَمِيعِ الأعْمالِ)[3].

واتە: پاك کردنەوەی نیەتەکان لەسەر کرێکاران مەبەست لە پیاو چاکانە ئە ستەمترە لەسەریان لە هەموو کردەوەکان.

4- أ بو سلیمان ی دارا نی فەرموو یەتی: (إذا أَخلَصَ العبدَ انْقَطَعَت عنهُ كَثْرَةُ الوساوِسِ والرِّياء)[4].

واتە: ئەگەر بەندە ئیخلاصی هەبوو لە کردەوەکانیدا دڵەڕاوکێ و ڕیای لەلا نامێنێ.

5- ابن تیمیة دەفەرموێت: (كُلَّما قَوِيَ إخْلاص العبدَ كَمُلتْ عُبودِيَّتُهُ)[5].

واتە: هەرکات ئیخلاصی بەندە بەهێز بێت بەندایەتیەکەشی تەواو دەبێت.

6- ابن ال قیم فەرموو یەتی: (الإخلاص هو سبل الخَلاص)[6]. وا تە: ئیخلاص ڕێگا کانی دەربازبوونە.

7- شێخ جُنَیْد ی بە غدادی فەرموو یەتی: (الإخلاصُ سِرٌّ بينَ اللهِ وبينَ العبد، لَا يَعْلَمُهُ مَلَكٌ فَيَكتبه، ولَا شَيطَانٌ فَيُفْسِدَهُ ولَا هَوى فيميلَه)[7]. وا تە: ئیخلاص نهێنیە کە لە ذ یوان

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.10.
(2) من أخلاق الرسول(ﷺ)، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.68.
(3) إحياء علوم الدين ، ج.4، ص.364.
(4) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.92.
(5) الفتاوى، ابن تيمية، ج.10، ص.198.
(6) مفتاح السعادة، ابن القيم، ج.1، ص.74.
(7) من أخلاق الرسول(ﷺ)، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.67.

خودا و بەندەکانی، فریشتە پێی نازانێت تا بینووسێت، و شەیتان پێینازانێت تا خرا پی بکات، حەز و ئارەزو نیە تا مەیلی بۆ هەبێت.

8– یو سف ی کوڕی حـ سین فەرموو یەتی: (أَعزُّ شَيءٍ في الدُّنيا الإخلاص)[1]. وا تە: شکۆمەندترین شت لە دونیا بریتیە لە ئیخلاص.

9– ابو طالب ی مەککی فەرموو یەتی: (حقيقَةَ الإخلاصِ سلامتَه مِن وصفَين: وهُما: الرياء والهوى)[2]. واتە: ڕاستی ئیخلاص سەلامەت بوونیەتی لە دوو سیفەت: ڕیا و ئارەزو.

---

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.96.

(2) من أخلاق الرسول(ﷺ)، محمدعبدالعاطي بحيري، ص.68.

چەند نموونە و بەسەرهاتێك دەربارەی ئیخلاص

1- بە هۆی ئیخلاصەوە دەرگای ئەشکەوتیان لێکراوە.

عبدالله ی کوڕی عمر(رضي الله عنهما) دەفەرموێت: لە پێغەمبەرم بیست فەرمووی:

{لە پێش ئێوەدا بۆ بژێوی ژیانیان سێ کەس چوونە دەرەوە، بە مەبەستی پشوودان دەچنە ناو ئەشکەوتێك، پاشان بەردێك دەکەوێتە دەرگای ئەشکەوتەکە و ڕێگای چوونە دەرەوەیان داخرا، وتیان: تازە هەرگیز ڕزگار نابین لێرە، مەگەر بە کردەوە چاکەکانمان داوا لە خودا بکەین. یەکێکیان وتی: خودایە دایك و باوکێکی بەسالاّچووم هەبوون، بەیانیان و ئێواران هەرگیز خۆم و منداڵەکانم پێش ئەوان شیرمان نەدەخواردەوە، بەڵام جارێکیان بە هۆی سەرقاڵیم دواکەوتم کە هاتمەوە بینیم خەوتوون منیش حەزم نەکرد بەخەبەریان بێنمەوە بۆیە بە جامە شیرەکەوە لەلایان وەستام تا بەیانی منداڵەکانیش لە برسان دەگریان، بەڵام شیرەکەم دا بە دایك و باوکم، خودایە ئەگەر ئەم کارە م لە پێناو تۆ کردووە؟ ڕزگارمان بکە لەم شوێنە، دەستبەجێ بەردەکە کەمێك لاچوو، بەڵام هەر نەیانتوانی بچنە دەرەوە. ئەوەیتر وتی: خودایە من کچە مامێکم هەبوو لە هەموو کەس لام خۆشەویستتر بوو، جارێکیان داوای کاری خراپم لێکرد، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، دوای ماوەیەك خەڵك تووشی قاتی بوون، هات بۆ لام و داوای یارمەتی لێکردم، منیش (120) دینارم پێدا لە بەرامبەر ئەوەی ڕازی بێت بۆ کاری خراپ لەگەڵ من، کاتێ ویستم لەگەڵی جووتبم پێی وتم: لە خوا بترسە بە حەڵاڵی نەبێ ئەم کارە مەکە، منیش هەستام و بەجێم هێشت، پارەکەشم بۆی جێهێشت، بۆیە خودایە ئەگەر ئەمەم لەبەر تۆ بووە؟ لەم بارودۆخە ڕزگارمان بکە. دەستبەجێ بەردەکە کەمێکیتر لاکەوت، بەڵام هێشتان نەیاندەتوانی بێنە دەرەوە، بۆیە ئەوەیتر وتی: خودایە من چەند کرێکارێکم هەبوو، مافی هەموویانم دا پێیان، تەنها یەکێکیان نەبێ ڕۆیشت، منیش بە بەشەکەی ئەو پیاوە کارم بۆ کرد تا بۆی زیاد بوو، دوای ماوەیەك هاتەوە بۆ لام و داوای مافی خۆی کرد، منیش پێم وت: ئەمەی دەیبینی لە مانگا و وشتر و مەڕ و بزن و خزمەتکار هەمووی بەشی تۆیە، کابرا وتی: بۆ گاڵتەم پێدەکەی وتم: گاڵتەت پێناکەم، ئەمە ڕاستە، ئیتر هەمووی بە پێشخۆیدا و هەمووی برد، خودایە

ئەگەر ئەم کارەم لە پێناو تۆ ئەنجامداوە لەم شوێنە ڕزگارمان بکە. بەردەکە بە تەواوی لاچوو و ڕزگاریان بوو[1].

2- ئیخلاصی پێشەوا عُمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه).

طَلْحَةی کوڕی عُبَیْدالله دەفەموێت: جارێکیان چاودێری پێشەوا عُمرم کرد چووە ماڵێك، دوای ئەو چوومە هەمان ماڵ، بینیم تەنها ئافرەتێکی کوێر و بەساڵا چووی لێ یە و پەککەوتەیە، لێیم پرسی ئەم پیاوە بۆ دێتە ئێرە، وتی: ماوە یەکی زۆرە ئەو دێت و خزمەتم دەکات. هەڵبەت ئەوکات پێشەوا عمر خودا لێی ڕازی بێت خەلیفەی موسڵمانان بوو، طلحة فەرمووی: لە دڵی خۆم بە خۆم وت: ئەی طلحة مردن باشترە بۆ تۆ نەوەك چاودێری پیاوێکی وەکو عمر بکەی[2].

3- ا بو هُرَ یرَة(رضي الله عنه) دەفەرموویــت: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {پیاوێك وتی: ئەم شەو خێرێك دەکەم، ئەو بڕەپارەی بۆ خێر ئامادەی کردبوو بە نهێنی دای بە پیاوێك، کە بیستی خەڵک دەیان وت ئەمشەو خێریان بە دزێك کردووە، پیاوە کە وتی خودایە سوپاس بۆ تۆ لەسەر ئەمە، پاشان پیاوە کە وتی ئەبێ ئەم شەو خێرێك بکەم، بڕەپارەیەکی برد و دای بە ئافرەتێك، بۆ بەیانی بیستی خەڵك دەیان وت ئەم شەو خێریان بە ئافرەتێکی داوێن پیس کردووە، ئیتر کابرا وتی خودایە سوپاس بۆ تۆ لە سەر ئەمە، پاشان پیاوەکە وتی ئەبێ ئەمشەو خێرێکیتر بکەم، ئەوە بوو ئەو پارەیەی بۆ خێر ئامادەی کردبوو دای بە پیاوێك، بۆ بەیانی بیستی خەڵك دەیان وت شەوی ڕابردوو خێریان بە کەسێکی دەوڵەمەند کردووە، کابرا وتی خودایە سوپاس بۆ تۆ لە سەر ئەمە. هەڵبەتە کابرا وایدەزانی پارە و چاکەکانی جێگای خۆیان نەگرتووە و قبوڵ نەبووە نە، بۆیە دەخەوێت. فەرمووی: لە خەودا پێی وترا: خێرەکەت بۆ دزەکە ئومێد وایە بە هۆی ئەمە وازبێنێ لە دزیکردن، بۆ زیناکارەکەش ئومێد وایە بە هۆی خێرەکەت وازبێنێ لە داوێن پیسی، بۆ دەوڵمەندەکەش ئومێد وایە بۆی ببێ بە پەند ئەویش ماڵ و سامانی خۆی ببەخشێت لە پێناو خودا[3].

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(3465)، وصحيح مسلم، (2743).

(2) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.7، ص.145.

(3) صحيح البخاري، الرقم(1421)، وصحيح مسلم(1022).

4– ئیخلاصی علی کوڕی حسێن ی کوڕی علي کوڕی أبو طالب(رضي الله عنهم)، نا سراو به(زَیْنُ العابِدین).

هەمووجار لە کاتی نیوەشەودا گوشی پڕ خواردە مەنی دە کرد و لە سەر پ شتی خۆی هەڵدەگرت و لە پێش دەرگای هەژارەکانی دادە نا و دەیفەرموو: خێرکردن بە پەنهانی تووڕەبوونی خودا لادەبات. لە هەمان کاتدا خەڵکیش وا یان دەزا نی ڕەزیلە، بەڵام دوای مردنی علی ئەوکات خەڵك بۆیان دەرکەوت علی بە تەنها بەردەوام یارمەتی سەد ماڵی هەژاری دەدا لە شاری مەدینە، هەروەها لە کاتی شوشتنی تەرمەکەی بینیان شوێنەواری هەڵگرتنی فەردە لەسەر پشتی دیار بوو[1].

5– ئیخلاصی عەمری کوڕی قَیس.

ابن ا لجوزي دە فەرموێت: (کانَ ابن قَیسٍ أَقام عِشْرین سنةً صائِما، ما یعلَم بِه أَهلُه). وا تە: عەمری کوڕی قەیس ماوەی بیست ساڵ بە ڕۆژوو بوو تەنانەت لە ناو خێزانیشی ئە مەیان نەدەزانی، چونکە بەیانیان کە خـواردنی هەڵدەگرت و دەچووە شوێنی کارکردنی لەوێ دەیبەخشی و بە ڕۆژوو دەبوو، هەروەها هەرکاتێك لە تر سی خودا چاوی بە فرمێسك بووا یە ڕووی لە هاوەڵانی وەردەگ ێڕا دەی فەرموو: (ما أشَدَّ الزُکام). وا تە: ئای دەردی هەڵامەت (پەسیو) چەند توندە. بۆ ئەوەی وا حاڵی بن تووشی پەسیو هاتووە، بۆ یە ئاو لە چاوەکانی دێت[2].

6– ئیخلاصی عبدالله ی کوڕی مُبارك.

ع بدالله گەنجێکی دەنا سی دوای دیار نەمانی بۆ ماوە یەك ع بدالله زا نی گەنجە کە قەرزداربووە و نەیتوانیوە بداتەوە، بۆیە بەندکراوە، عبدالله هەوڵ دەدات خاوەن قەرزە کە دەدۆزێتەوە، و قەرزی گەنجەکەی پ ێدەدات، کە دە هەزار دیرهەم بوو، هەروەها پ ێی دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك باسی من مەکە تا لە ژیاندا ماوم، دوای ئەوەی گەنجە کە ئازاد دەکرێت عبدالله خۆشحاڵ دەبێت و دوای ئەوەی گەنجەکەی بیذ یەوە لێی پرسی: بۆ چی ماوەیەکە دیار نەبووی؟ گەنجەکە وتی: من بە هۆی قەرزداری دە ستگیرکرابووم، ع بدالله پ ێی وت: ئەی چۆن ئازاد بووی؟ گەنجە کە و تی: کە سێکی نەنا سراو قەرزە کەی بۆ دابووم، عبدالله پ ێی وت: کەوا تە پێویستە سوپا سی خودا بکەی لە سەر ئە مە، دوای

(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.3، ص.135.
(2) ابن القيم، صفة الصفوة، ج.3، ص.124.

مردنی عبدالله ئەوکات گەنجەکە زانی کە ئەوەی قەرزەکەی بۆ دابوویەوە عبدالله ی کوڕی مبارك بووه[1].

7- محمدی کوڕی مُنْکَدِر دەیفەرموو: لە ناو پیاو چاکان پیاوی وا هەبوو لە گەڵ هاوسەرەکەی لە سەر یەك بالیف دە خەوتن ژێر ڕوو مەتی تەڕ دە بوو بە فرمێسکی چاوەکانی لە ترسی خودا ئەوجا هاوسەرەکەی هەستی پێنەدەکرد[2].

8- ئیخلاصی سەربازێکی نەناسراو.

ابن قُتَیبة دەفەرموێت: کاتی خۆی مَسْلَمَة ی کوڕی عبدالملك لە یەکێك لە غەزاکان قەڵایەکی گەمارۆ دابوو، تەنها لە ڕێگای کونێکەوە دەتوا ندرا دەرگا کە بکە نەوە، بۆ یە بڕیاریا ندا یەکێك گیانی خۆی بەخت بکات بۆ ئەم کارە، بەڵام تەنها یەکیان خۆی ئامادەکرد وتوانی ئەم کارە بکات وبەم هۆیەشەوە توا ندرا قەڵا کە بگرن، پا شان مَسْلَمَة وتی: کوا ئەو کە سەی ئەم کارەی کرد؟ بەڵام کەس خۆی دەرنەخست، بۆ یە مَسْلَمَة بڕیاریدا نابێت لێرە بڕۆین تا ئەو سەربازە نەناسمەوە، پاشان بە مَسْلَمَة یان وت: پیاوێك دەیەوێت تۆ ببینێت، دەڵێت: من ئەو سەربازە دەنا سم، ئیتر سەربازەکە چووە لای مَسْلَمَة و فەرمووی: ئەو سەربازەی ئەو کارەی کردووە سێ مەرجی هەیە بۆ ئەوەی خۆی دەربخات، یەکەم: ناوی نەنووسن بۆ لای خەلیفەی موسڵمانان، دووەم: هیچ خەڵاتێکی پێ نەدرێت، سێیەم: دەربارەی ئەو سەربازە پرسیاری ئەوە نەکەن ئاخۆ کێیە و لە کام هۆزە، مَسْلَمَة فەرمووی: باشە، بە مەرجەکانی ڕازین، پیاوەکە وتی: ئەوەی لە کونە کەوە چووە ژوورەوە من بووم. ئیتر ئەم هەڵوێستە پڕ لە ئیخلاصە ئەوە ندە کاریگەری کردە سەر دڵی مَسْلَمَة بە شێوەیەك دوای ئەم ڕووداوە مسلمە تا لە ژیاندا ما بوو دوای هەموو نوێژێك نزای دە کرد و دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مَعَ صَاحِبِ النَّقْبِ). وا تە: ئەی خودا یە لە گەڵ ئەو سەربازە بم کە خاوەنی کونەکە یە[3].

---

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.7، ص.369.

(2) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.2،، ص.347.

(3) عيون الأخبار، ابن قتيبة، ج.1، ص.73.

9- ئیخلاصی ربیع ی کوڕی خُثَیْم.

زانای پایەبەرز و تەقواداری سەردەمی خۆی بوو لە کاتی قورئان خوێندنی ئەگەر یەکێك بهاتایە بۆ لای یان یەکێك لێی بە ژوور بکەوتایە خێرا قورئانەکەی دادەپۆشی، بۆ ئەوەی کەسەکە وا تێنەگات ئەو هەردەم سەرقاڵی قورئان خوێندنە[1].

10- هاوسەری حسان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: شەوان کاتێك دەهات تە ناو جێگا بۆ خەوتن، خۆی دەکرد بە ژێر لێفەکەمدا و پاشان فێڵی لێ دەکردم وەك چۆن دایك فێڵ لە منداڵەکەی دەکات تا بخەوێت، کاتێک وایدەزانی من خەوتووم زۆر بە هێوا شی لە ژێر لێفەکەوە دەهاتە دەرەوە و دەستی دەکرد بە شەونوێژ[2].

(1) الجامع لشعب الايمان، البيهقي، ج.4، ص.344.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.200.

زانست

پله و پایه و سوودەکانی زانست و زانستخوازان له(ﷺ) خاڵدا

1– هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست فەرمانی خودای گەورەیە.

هەروەکو له یەکەم ئایەتی قورئـان که دایده بەزێنێت فەرموو یەتی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ﴾ العلق. واته: بخوێنه به ناوی پەروەردگارت.

2– پێنووس ئامرازێکه بۆ دەستەبەرکردنی زانست.

خودای گەورە سورەتێکی قورئانی ناو ناوە به(القَلَم). که ژمارە(68)، ئەمەش بەڵگه یه لەسەر پله و پایەی زانست.

3– خاوەن زانست پله و پایەی زۆر بەرزە له دوارۆژدا.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ﴾ المجادلة. واته: خودا پله وپایەی پرواداران له ئێوە بەرز دەکاتەوە، و ئەوا نەی خاوەن زانستن به چەندین پله بەرز دەکاتەوە.

4– زاناکان له هەموو کەس زیاتر له خودا دەترسن به هۆی زانستەکەیان.

هەروەکو خودا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ﴾ فاطر. واته: لەبەندەکانی خودا بەڕاستی تەنها زاناکان زۆر له خودا دەترسن.

5– زاناکان بەهۆی زانست جیاوازن له نەزانەکان.

خودا فەرموویەتی: ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ﴾ الزمر. واته: ئەی محمد بڵێ: ئایه ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن وەکو یەك وان؟ بێ گومان وەکو یەك نین.

6– زانست یەکێکه له مەرجەکان بۆ قبوڵ بوونی یەکتاپەرستی.

خودای باڵادەست فەرموو یەتی: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ محمد. واته: ئەی محمد بزانه هیچ پەرستراوێک به حەق نیه شایەنی پەرستن بێ جگه له الله.

7– لەبەر پله و پایەی زانست خودای گەورە فەرمان به پێغەمبەرەکەی دەکات که تەنها داوای زیادبوونی زانست له ئەو بکات.

فەرموو یەتی: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا﴾ طه. واته: ئەی محمد بڵێ: پەروەردگارم زانستم زیاد بکه.

8- پێنووس هۆکارێکە بۆ فێربوونی زانست، خوای گەورە سوێندی پێ خواردوە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡقَلَمِ﴾ القلم. واتە: سوێند بە پێنووس. وە پێنووس یەکەم شت بوو خودای گەورە درووستی کرد، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی زانست.

9- خودای گەروە شاهێدی ئەهلی زانستی ڕا ستەقینەی لە گەڵ شاهێدی خۆی و فریشتەکانی باس کردوە.

خودای گەوەر دە فەرموێت: ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ ١٨﴾ آل عمران. واتە: خودا شاهێدی دا کە هیچ خودایەك نیە بەندایەتی بۆ بکرێت جگە لە الله نەبێت و فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش، ئەم شاهێدیە دەدەن خودا دادپەروەرە لە حوکمیدا.

10- بەهۆی زانست موسڵمان لە کەسانی دڵ نەخۆش و فیتنەچی جیا دەبێتەوە.

خودا فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧﴾ آل عمران. واتە: ئەو مەبەست لە الله یە خودایەکی وەهایە پەرتوکێکی دابەزاندۆتە سەر تۆ ئەم پەرتۆکە ئایەتی وای تێدا یە واتایان دیارە و بناغەی پەرتۆکەکەن و هەندێکیشیان چەند واتا یەك هە ڵدەگرن، جا ئەو کەسانەی دڵیان نەخۆش و ناساخە شوێنی ئەو ئایەتە موتەشابیهاتانە دەکەون بە ذیازی بەرپاکردنی فیتنە و گومان خستنە ناو دڵی خەڵك، ئیتر یان ڕواڵەتە کەی دە گرن یان بە ئارەزووی خۆیان واتای بۆ دادە نێن، تەئویل وا تای ئەم جۆرە ئایەتا نە نازانێت خودا نەبێت، و ئەو زانا دامەزراوانەی لە زانست ڕووچوون دەڵێن: بڕوامان بە قورئان هەیە هەر هەمووی لە لایەن خوداوە هاتۆتە خوارەوە، تەنها ئەوانە بیر دەکەنەوە کە خاوەن هۆ شن و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

11- (العِلم) واتە: زانست. یەکێکە لە سیفەتەکانی خودای گەورە(العَلیم) وا تە: زا نا. یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خودا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی زانست و زانا.

12- هەر کەسێك خودای گەورە خێری بۆی بوێت فێرە زانستی دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {مَن يرد اللهُ به خيراً يُفَقِّهه في الدِّين}[1]. واتە: هەر کەسێک خودا خێری بۆ بوێت شارەزای دەکات لە ئاین.

13- بە هۆی زانست ڕێگای بەهەشت ئاسان دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من سلَكَ طريقًا يلتمس فيه علمًا، سَهَّل اللَّهُ لَهُ به طريقًا إلى الجنَّة}[2]. واتە: هەر کە سێك ڕێگا یەك بگریتە بەر بەمەبەستی بەدە ستهێنانی زانست خودای گەورە ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

14- خاوەن زانستی باش لەلای فریشتەکان زۆر گەورە و بەڕێزە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { وإنَّ الملائكَةَ لَتضعُ أجنحتَها لطالب العلم رضاً بما يطلُب}[3]. واتە: بەڕاستی فریشتەکان باڵی خۆیان دادەنێن بۆ زانستخوازَ لێی ڕازین.

15- لەبەر گرنگی زانست پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {طلب العلمِ فريضةٌ على كلِ مسلمٍ}[4]. واتە: داوا کردنی زانست واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك.

16- ئیرەیی بردن بە زانا درووستە لەبەر زانستەکەی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لَا حسدَ إلا في اثْنَتَيْن: رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مالًا فَسَلّطَ علَى هَلَكَته في الحَقّ، ورجلٌ آتَاهُ اللَّهُ الحِكْمَةَ فَهو يَقْضي بِهَا ويعلِّمُهَا}[5]. واتە: ئیرەیی بردن درووست نَیە تەنها بۆ دوو کەس نەبێت: پیاوێك خودای گەورە ماڵ و سامانێکی پێداوە ئەویش لە شتی ڕەوا خەرجی دە کات، و پیاوێکیش خودای گەورە دا نایی و زاز ستی پێداوە ئەویش کاری پێ دەکات و خەڵکیش فێر دەکات.

17- هەموو شتێك داوای لێخۆشبوون دەکات بۆ زانستخواز.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وإنَّ طالِب العِلْمِ يستغفِر لَه كُلُّ شَيءٍ حتى الحيتانُ في البَحْرِ}[6]. واتە: بێگومان زانستخواز هەموو شتێك داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکات تەنا نەت نەهەنگەکانیش لە ناو دەریا.

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(71)، وصحيح المسلم، الرقم(1037)، عن معاوية بن أبي سفيان(رضي الله عنه).

(2) صحيح المسلم، الرقم(2699)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) سنن أبوا داود، الرقم(3641)، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني.

(4) سنن ابن ماجة، الرقم(224)، عن ابن عباس، وصححه الألباني.

(5) البخاري، الرقم(73)، المسلم، الرقم(816)، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه).

(6) ابن ماجة، الرقم(224)، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3914).

18– زانست دوای مردنیش سوودی هەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {إذا مات ابن آدم انقطع عملُه إلا من ثلاث: صدقة جارية، وعلمٍ ينتفعُ به، وولد صالحٍ يدعو له}[1]. واتە: ئەگەر نەوەی ئادەم مرد هەموو کردەوەکانی لە سەر دەپچڕێن تەنها لە سێ شت نەبێت: چاکەیەکی بەردەوام، و زانستێکی بەسوود، و نزای منداڵێکی باش.

19– بە زانست پاداشتی حەج دەستەبەر دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {مَن غَدا إلى مسجد لا يُريدُ إلّا أَنْ يتعَلَّمَ خَيْرًا أَو يُعلِّمَه، كانَ له كأجرِ حاجٍّ، تامًّا حجَّتُه}[2]. واتە: هەرکەسێك بۆ چێتە مزگەوت هیچ مەبەستێکی نەبێت تەنها فێربوونی شتی باش نەبێت و یان خەڵکی فێرە زانست بکات، پاداشتی وەکو حاجییێکە کە حەجەکەی تەواو و ڕێك بەجێی گەیاندبێت.

20– زانست میراتی پێغەمبەرانە(عليهم الصلاة والسلام).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: { وإنَّ العلماءَ ورثةُ الأنبياء، وإنَّ الأنبياءَ لم يورِّثُوا دينارًا ولا درهمًا، ورَّثُوا العلمَ فمن أخذَه أخذ بحظٍّ وافرٍ}[3]. واتە: بێگومان زانایان میراتگرانی پێغەمبەرانن، پێغەمبەرانیش دینار و دیرهەمیان لە دوای خۆیان بە میرات بەجێنەهێشتووە، بەڵکو زانستیان بەجێهێشتووە جا هەرکەسێك دەستی پێوە بگرێت ئەوا بەشێکی زۆر لە چاکەی دەستکەوتووە.

21– پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {الدُّنيا ملعونةٌ، ملعونٌ ما فيها، إلا ذكرَ الله وما والاه، وعالمًا أو متعلمًا}[4]. واتە: دونیا نەفرەت لێکراوە، و ئەوەی تێشی دایە نەفرەت لێکراوە، تەنها یادی خودا نەبێت و ئەوەش نەبێت کە دەبێتە مایەی نزیکبوونەوە لە خودا، و ئەو کەسەش نەبێت کە زانایە یاخود زانستخوازە.

---

(1) المسلم، الرقم(1631)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) رواه الطبراني في معجم الكبير، الرقم(7473)، عن أبي أُمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(86).

(3) سنن أبو داود، الرقم(6441)، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(4) سنن الترمذي، الرقم(2322)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(2797).

22– پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی پلە و پا یەی زانست فەرمووی‌یەتی: {فَضْلُ العِلْمِ أَحَبُّ إليَّ من فَضْلِ العبادَةِ}[1]. واتە: پلەی زانست خۆشەویستترە لەلای من لە پلە و پایەی خواپەرستی.

23– زانست هۆکارێکە بۆ بەرەکەتی ڕزق و ڕۆزی.

أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) فەرمووی‌یەتی: دوو برا هەبوون یەکێکیان کە سابەتی دەکرد ئەوەی تریان بە مەبەستی ئاشنابوون بە فەرموودەکان هەردەم لە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) دا بوو، ئیتر کار و کەسابەتی نە دەکرد، پاش ماوەیەك کاسبکارەکە لەلای پێغەمبەری خودا شکایەتی کارنەکردنی لە براکەی کرد، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {لَعَلَّكَ تُرزَقُ به}. واتە: ڕەجا وایە ڕزقەکەی تۆ بەهۆی ئەوەوە بێت.

24– یەکێك لە مەبەست و هۆکارەکانی هاتنی پێغەمبەر بریتیبوو لە: خەڵك ئاشنا کردن بە زانست و زانیاری. خودای گەورە فەرمووی‌یەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِی بَعَثَ فِی ٱلۡأُمِّیِّـۧنَ رَسُولࣰا مِّنۡهُمۡ یَتۡلُوا۟ عَلَیۡهِمۡ ءَایَـٰتِهِۦ وَیُزَكِّیهِمۡ وَیُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَـٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبۡلُ لَفِی ضَلَـٰلࣲ مُّبِینࣲ ۝٢﴾ الجمعة.

واتە: ئەو خودایەیە لە ناو نەخوێندەوارەکاندا پێغەمبەرێکی ناردوە ئایەتەکانی خودا یان بەسەردا دەخوێنێتەوە و پاکیان دەکاتەوە لە کوفر و خووی بەد، و قورئان و دانایان فێر دەکات کە فەرموودە پیرۆزەکانن بەڕاستی ئەوان پێشتر لە گومڕاییەکی دیاردا بوون.

25– داواکردنی زانست بەجێگەیاندنی وەسیەت و فەرمانی پێغەمبەری خودایە(ﷺ). فەرموویەتی: {سَلوا اللهَ علما نافعا، وتعوَّذوا بالله من عِلْمٍ لا ينفَعُ}[2]. واتە: داوای زانستی بەسوود بکەن لە خودا، و پەنا بگرن بە خودا لە زانستی بێ سوود.

26– زانستخواز لە پلەی تێکۆشەران دایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌یەتی: {مَن جاءَ مَسجدي هذا لم يَأتِه إلا لخيرٍ يتعلَّمُه أو يعلِّمُه فَهوَ بمنزلةِ المجاهدِ في سبيلِ اللَّهِ }[3]. واتە: هەرکەسێك بێت بۆ مزگەوتەکەم هیچ

---

(1) رواه الحاكم، الرقم(314)، عن سعد بن أبي وقاص(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4214).

(2) رواه ابن ماجة، الرقم(3843)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(3635).

(3) رواه ابن ماجة، الرقم(227)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني.

مەبەستێکی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە بیەوێت شکتێکی چاك و خێر فێر ببێت یان کەسێك فێری شتی باش بکات، ئەوا ئەو کەسە لە پلەی تێکۆشەرێك لە پێناو خودا دایە.

27- پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی پلەی زانا فەرمووویەتی: {وإنَّ فَضْلَ العالِمِ عَلَى العابدِ كَفَضلِ القَمرِ لَيلَةَ البدرِ عَلَى سائرِ الكَواكبِ}[1]. واتە: بێگومان پلە و پایەی زانا لەسەر کەسی خواپەرست وەکو پلە و پایەی مانگی شەوی تابانە شەوی چواردە لە سەر گشت ئەستێرەکانیتر.

28- پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی پاداشتی مامۆستایان فەرموویەتی: {مَن علَّم علماً فلَه أجرُ من عَملَ به، لا ينقُصُ من أجْرِ العاملِ}[2]. واتە: هەر کەسێك کەسێکیتر فێرە زانستێك بکات پاداشتی ئەو کەسەی بۆ هەیە کە کار بە زانستەکە دەکات، لە پادا شتی ئەوەش کەم نابێت کە کاری پێ کردووە.

(1) رواه أبو داود(3641)، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) رواه ابن ماجة، الرقم(240)، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6396).

چەند وتەیەکی هاوەڵان وشوێنکەوتووان دەربارەی زانست

1- **پێشەوا عَلی**(رضي الله عنه) **دەفەرموێت:** (الْعِلْمُ خَيْرٌ مِن الْمَالِ، الْعِلْمُ يَحرسُكَ وَأَنْتَ تَحْرسُ الْمالَ، والعلمُ حاكمٌ والمالُ محكومٌ عليه، والْمَالُ تنقصه النَّفَقَةُ، والْعلْمُ يزْكُو بالانفاق[1].

وا تە: زانستَ باشترە لە سامان. زانست دەتپارێزێت، بەڵام تۆ سامان دەپارێزیت. زانست فەرمانڕەوایە و سامان فەرمانڕەوایەتی دەکرێت. سامان بە خەرجکردن کەم دەکات، بەڵام زانست بە بەخشین گەشە دەکات.

2- **مُعاذی کوڕی جَبَل**(رضي الله عنه) **فەرموویەتی:** (تَعلَّموا العلم فإنَّ تَعلُّمَه لله خشيةٌ، وطلبه عبادةٌ، ومدارسته تسبيح والبحث عنه جهادَ وتعليمه من لا يعلمه صدقةٌ وهو الأنيس في الوحدَة...)[2] . **واتە: فێرە زانست بن چونکە فێربوونی لە پێناو خودا لە خواترسیە، و داواکردنی خواپەرستیە، و گوتنەوەی تە سبیحاتە، و بەدوادا گەڕانی تێکۆشانە، و خەڵک فێرکردنی خێرە، و دۆستە لە کاتی تەنیاییدا.**

3- **أبو یوسف قوتابی پێشەوا أبو حَنیفَة بووە، فەرموویەتی:** (العلْمُ شيءٌ لا يُعطيكَ بعضَهُ حتّى تُعطيه كُلّكَ). **واتە: زانست شتێکە بەشێکی خۆی بە تۆ نادات تاوەکو تۆ هەموو خۆتی پێ نەدەی.**

4- **پێشەوا شافیعی فەرموویەتی:** (طَلَبُ العلْم أَفْضَلُ من صَلاة النّافلَة). **وا تە: زانستخوازی باشترە لە نوێژی سوننەت. هەروەها فەرمووی یەتی:** (من أَرادَ الدُّنيا فَعلَيه بالعلم، ومن أَراد الآخرةَ فَعلَيه بالعلم)[3]. **واتە: هەر کەسێك دونیای دەوێت با دەست بە زانستەوە بگرێت، و هەر کەسێك دواڕۆژی دەوێت با دەست بە زانستەوە بگرێت.**

5- **أ بو هُرَ یرَة**(رضي الله عنه) **فەرموو یەتی:** (مثل علم لا يعمل به كمثل كَنز لا ينفَق منه في سبيل الله)[4]. **وا تە: نموو نەی زانستێك کاری پێ نەکرێت وە کو گەنجینەیە کە لێی نابەخشرێت لە پێناو خودا.**

---

(1) جامع البيان وفضله، ابن عبدالبر القرطبي، ج.1، ص.57.

(2) رياض الصالحين، النووي، ج.1، ص.266.

(3) تهذيب الأسماء واللغات، النووي، ج.1، ص.75.

(4) إقتضاء العلم العمل، الخطيب البغدادي، ص.243.

7- أ بو ا لدرداء(رضي الله عنه) ده فەرموێت: (اطلُبوا العِلم فَإنْ عجزتُم فَأَحِبوا أَهلَه، فَإنْ لَمَ تُحِبوهم، فَلا تبغضوهم)[1]. واتە: داوای زانست بکەن ئە گەر پێ تان نەکرا، ئەهلی زاذ ستتان خۆش بوێت، ئەگەر خۆشتان نەوێن، ڕقتان لێیان نەبێت.

8- شێخ حَسَن ی بەصری دەفەرموێت: (العاملُ على غَير علم كَالسّالك على غَير طَرق)[2].
واتە: کارکەر بەبێ زانست وەکو ڕێبوارێك وایە لەسەر ڕێگا نەڕوات.

9- فُضَيل ی کوڕی عَیاض فەرموو یەتی: (لا يَزالُ العالمُ جاهلاً بما عَلم حتَى يَعمل به، فإذا عَمل به كانَ عالماً)[3]. واتە: زا نا هەر نەزا نە تا ئەوکا تەی کار بە زاذ ستەکەی دە کات، ئەگەر کاری پێکرد ئەوکات زانایە.

10- پێ شەوا شەعبی فەرموو یەتی: (العلمُ أَكثَر من عَدَد القَطْر، فَخُذْ من كَلّ شَيء أَحسنَه)[4]. واتە: زانست لە ژمارەی دڵۆ پەی باران ز یاترە، جا لە هەمووی با شترینیان هەڵبژێرە.

11- پێ شەوا عُ مر(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: (إذا زَلّ العالمُ زَلّ بزلَّته عالم من الخَلق)[5].
واتە: ئەگەر زانا بخلیسکێت لەسەر ڕێگای ڕاست ئەوکات بەهۆی ئەوەوە خەڵکێکی زۆر دەخلیسکێن.

---

(1) الطبقات الكبرى، ابن سعد، ج.2، ، ص.357.
(2) مفتاح دار السعادة، ابن القيم، ج.1، ص.83.
(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.209.
(4) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، الأصبهاني، ج.4، ص.313.
(5) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.62.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی زانست

1- أ بو سَعیدی خودری(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: ئافرەت یێك ها تە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا پیاوە كان لە فەرموودەكانی تۆ سوودمەند دە بن و دەڕۆن، ڕۆژێكیش بۆ ئێمە دا بنێ، تاوەكو بێینە خزمەتت لەو عیلمەی خودا فێری كردووی ئێمەش فێر بكەی، فەرمووی: لە فلان ڕۆژ و فلا نە ڕۆژ ئا مادەبن. ئافرە تەكان كۆبوو نەوە و پێغەم بەری خودا(ﷺ) هات بۆ لا یان و ئەو زانستەی خودا پێیدابوو فێری كردن، پاشان فەرمووی: هەر یەكێك لە ئێوە پێش خۆی سێ منداڵی بمرێت بێگومان بۆی دە بن بە بەربە ست لە ئاگر، ئافرەتێك و تی: ئە گەر تەنانەت دووش بن، فەرمووی: دووش بن دووش بن دووش بن[1].

2- پێشەوا أبو داودی فەرمووده‌ناس خاوەنی پەرتۆكی (سُنن أبی داود)، دەگێڕێ تەوە دەفەرموێت: پیاوێك هەبوو گەمە و سووكایەتی بە فەرموودە دە كرد، كە دە فەرموێت: بێگومان فریشتەكان باڵی خۆیان ڕادە خەن بۆ زانستخوازان، چونكە بە كارە كەیان ڕازین. ئیتر ئەو پیاوە وەكو بێڕێزیەك بزماری لە ژێر پێڵاوە كانی دادە نا، بە حیسابی خۆی ئەویش زانستخوازە، دەیوت: بۆیە وا دەكەم تا باڵی فریشتەكان وێران بكەم. بەڵام بەهۆی ئەم بێڕێزیە هەردوو پێیەكانی دوو چاری نەخۆ شیەك هاتن، ئەو نەخۆ شیەش ئەبێتە هۆی لەدەستدان و برینەوەی هەردووكیان[2].

3- زا نای پایە بەرز إسماعیل ی كوڕی زَ ید نا سرا بوو بە(أبو إ سحاق)، و بە پێ شەوا(الجُر جاني) بە ناو بانگ بوو. سەبارەت بەم زانا یە أ بو أ حمد ی كوڕی عدی فەرموویەتی: إسماعیل شەوانە نەوەت پەڕی بە خەتێكی ڕێك و درووست دەنووسیەوە.

هەر سەبارەت بەم زانایە پێشەوا ذَهبي دەیفەرموو: من دەڵێم: إسماعیل ی كوڕی زَید دەیتوانی لە ماوەی یەك حەفتەدا(صحیح مُسلِم) هەر هەمووی بنووسێتەوە[3].

4- ابن كثیر دەفەرموێت: پێشەوا بُخاری جاری وا هەبووە لە یەك شەودا بیست جار هە ستاوەتەوە لە خەو، هەر جارە شتێكی بە خەیا ڵدا بهاتبا یە، هەڵدە ستا چراكەی هەڵدەگیرساند و شتەكەی دەنووسیەوە، پاشان چراكەی دەكوژاندەوە[4].

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(101)، وصحيح المسلم، الرقم(2633).

(2) 1000 قصة و قصة من قصص الصحابة والصالحين، هاني الحاج، ص.66.

(3) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.244.

5- سەبارەت بە پێشەوا طَبَري وتوویانە: ماوەی چل ساڵ لە هەر ڕۆژێکدا چل پەڕی نووسیوەتەوە بەمەستی سوودگەیاندن بە ئاینی ئیسلام و موسڵمانان لە پێناو خودا[1].

6- جارێکیان پرسیارێکیان ئاراستەی پێشەوا شَعبي کرد، ئەویش فەرمووی: نازانم، پێیان وت: چۆن شەرم ناکەی؟، دەڵێی: نازام لە کاتێکدا تۆ زانا و شەرع زانی خەڵکی عێراقی. فەرمووی: بەڵام فریشتەکانیش شەرمیان نەکرد کە وتیان: ﴿سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ٣٢﴾ البقرة[2].

7- سەبارەت بە پێشەوا شافِعي وتراوە: ئەو کاتی خۆی زۆر زیرەك بووە، بە شێوەیەك هەر شتێك لە لای بوترایە لە زانست دەستبەجێ لەبەری دەکرد.

بەڵام ڕۆژێکیان دوای ئەوەی هەست دەکات کە وەکو جاران ناتوانێت شت لە بەر بکات، شەکوای حاڵی خۆی دەباتە لای مامۆستاکەی(وَکیع ی کوڕی جَراح)، دەڵێت:

شَكَوت إلى وَكيعٍ سوءَ حفظي فأرشَدني إلى تَركِ المعاصي

وأخبرني بأنَّ العلم نـــــور ونـــــور الله لا يهدى للعاصي

واتە: شەکوای خۆم بردە لای(وَکیع) کە حیفز و لە بەرکردنم خراپ بووە ئەویش ڕێنموونی کردم بە وازهێنان لە تاوان پێی وتم: بەڕاستی زانست ڕۆناکی یە ڕۆناکی خوداش بە کەسی تاوانبار نادرێت.

8- سەبارەت بە پێشەوا نَوَوي.

إبن العَطّار یەکێك بوو لە قوتابیەکانی، دەفەرمویت: پێشـــەوا نَوَوي زۆر بەی کاتەکانی لە زانست بەسەر دەبرد، تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتنی بە ڕێگادا، هەروەها لە پێناو بە فیرێونەچوونی کاتە کەی ڕۆژانە تەنها یەك جەم نانی دەخوارد و یەك جاریش ئاوی دەخواردەوە لە کاتی بەرەبەیان، و میوەی نەدەخوارد، دەیوت: نەوەك جەستەم تەڕاتی زۆر بێت و ببێتە مایەی زۆر خەوتنم. خۆی فەرموویەتی: ماوەی دوو ساڵ تەنیشتەکانم لە سەر زەوی دانەناوە بۆ ڕشوودان. هەڵبەتە ئەمە هەمووی لە پێناو بەدەستهێنانی زانست بوو، هەروەها ڕۆژانە دووازدە وانەی خوێندووە لە(أصول الفِقه، علوم الحديث، النحو، المنطق، علم اللغة، الصرف، أصول الدين...) هەروەها لە بەر سەرقاڵ بوونی بە

(1) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.11، ص.31.
(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.214.
(3) المصدر السابق، ص.220.

زانست و زانیاری دە فەرموێت: کاتی نەبووە هاو سەرگیری بکات. هەروەها لە بواری نووسین ڕۆژانە سەد و شێست لاپەڕەی نووسیوەتەوە[1].

9- پێشەوا ابن الجَوزي.

ئەم زانا پایەبەرزە ئەوندە شەیدا و عاشقی زانست بووە بە شێوەیەك هیچ کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوە، دەیفەرموو: کاتێك میوانم دەهات بەخۆم زۆر قسەم نەدەکرد بۆ ئەوەی زۆر نەمێننەوە و کاتم نەگرن، هەروەها لەلای میوانەکان خۆم سەرقاڵدەکرد بە چاکردنی پێ نووس و ڕێکخستنی کاغەز و دەفتەر، هەروەها لە کاتی تێژکردن و چاکردنی پێنووسەکان پاشماوەکەی لە شوێنێکی تایبەتم هەڵدەگرت. پێشەوا(القُمّـي) دە فەرموێت: کرش و پاشماوەی پێنووسەکانی ابن الجَوزي هەمووی کۆکراویەوە یەکجار زۆر بوو، ابن الجَوزي پێش مردنی وەسیەتی کردبوو دوای مردنی بە پاشماوەی پێنووسەکانی ئاوی بۆ گەرم بکەن و تەرمەکەی پێ بشۆن، پاش مردنی هەموویان هێنا و ئاویان پێ گەرم کرد و تەرمەکەیان پێ شووشت زیادیشی کرد[2].

10- محمدی کوڕی عَبدوس.

دەربارەی ئەم پیاوە خواناس و زانستخوازە ابن اللَّبَّاد دە فەرمووێت: محمدی کوڕی عبدوس ماوەی سی ساڵ نوێژی بەیانی بە دەسنوێژی عیشای کردووە، لەم سی ساڵەدا ماوەی پازدە ساڵ بە خواپەرستی سەرقاڵ بووە پازدە ساڵیش سەرقاڵ بووە بە بەدەستهێنانی زانست و زانیاری[3].

11- خَلیل ی کوڕی أحمدی فەراهیدی یەکێك بووە لە زانا پایە بەرزەکانی سەردەمی خۆی، ئەم زانا یە زانست دۆستە ئەوندە سەرقاڵ بووە بە زانست بە شێوەیەك دەیفەرموو: گرانترین کات لەسەرم ئەو کاتەیە کە خواردن دەخۆم[4].

12- عُبَیدی کوڕی یَعیش مامۆستای بوخاری و مُسلِم بووە. عَمّار ی کوڕی رَجاء دەفەرمووێت: لە عُبَیدی کوڕی یَعیشم بیست دەیفەرموو: ماوەی سی ساڵ بە شەو

---

(1) قيمة الزمن عند العلماء، الشيخ عبدالفتاح أبو غدة، ص.127-130.
(2) المصدر السابق، ص.101-108.
(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.194.
(4) قيمة الزمن عند العلماء، الشيخ عبدالفتاح أبو غدة، ص.56-63.

بەدەستی خۆم خواردنم نەخواردووە بەهۆی سەرقاڵیم بە نووسینەوەی فەرموودە، بەڵکو خوشکەکەم پارووی بۆ دەکردم[1].

13- عبدالرحمن ی کوڕی یوسف ی کوڕی سَعید ی کوڕی خَراش. زۆربەی ژیانی خۆی لە پێناو زانست بەسەر بردووە و ئەوەندە ئازار و مەینەتی چێشتووە بە شێوەیەك، بَكری كوڕی محمد فەرموو یەتی: بیستم ابن الخَرّاش دەیفەرموو: لە پێناو زانیاری لە سەر فەرموودە پێنج جار بە ناچاری لە تێنان پەنام بردۆتە بەر خواردنەوەی میزی خۆم[2].

14- پێشەوا عبدالله ی کوڕی مُبارَك دە فەرموێت: لە چوار هەزار مامۆستا زانستم وەرگرتووە[3].

15- مامۆستا علـی قەرەداغی دە فەرموێت: کاتی خۆی کە مندالْ بووم بەهۆی بەربوونەوەم دەستم شکا، عبدالکریم ی بەیتاریان هێنا، دایکم پێی وت: دەمەوێت بە خواری بۆی هەڵبەستیەوە، عبدالکریم وتی: لەبەر چی؟ دایکم وتی بۆ ئەوەی کاروکاسبی پێ نەکرێت و ناچار بێت بخوێنێت و ببێتە زانا، عبدالکریم بەڕاستی دەستمی هەڵبەستیەوە، دوای ماوەیەك دەرکەوت دەستم خوارە، دووبارە شکاندیەوە و بەڕاستی هەڵیبەستەوە، بەڵام دیسان بەخواری دەرچوو، تا ئێستاش سەرەنجام مرازی دایکی هاتە جێ و بوو بە زانایەکی پایەبەرز[4].

(1) المصدر السابق.

(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج1، ص.244.

(3) المصدر السابق.

(4) پایزە برا، مەلا أحمدی شەریعە، ج.3، ص.11.

الوَلاءُ وَالبَراءُ

خۆشویستن و ڕقلێبوونەوە

پێناسەی الوَلاءُ وَالبَراءُ

الوَلاءُ والبَراءُ: هُما مِن أعمالِ القُلوبِ، وَلكِن تَظهَرُ مُقتَضَياتُهُ عَلى اللِّسانِ وَالجَوارِحِ، وَالوَلاءُ أَصلُهُ الحُبُّ، وَالبَراءُ أَصلُهُ البُغضُ.

والوَلاءُ لُغَةً: المَحَبَّةُ وَالنُّصرَةُ وَالقُربُ.

واصطِلاحاً: مَحَبَّةُ المؤمنينَ لأجلِ إيمانِهم ونُصرَتِهم، وَالنُّصحُ لَهَم، وإعانَتِهِم، وَما يَلحَقُ ذلكَ مِن حُقوقِ المُؤمنينَ.

والبَراءُ لُغَةً: هُوَ البُغضُ وَالتَّباعُدُ وَالخَلاصُ.

واصطِلاحاً: هُوَ بُغضُ أعداءِ اللهِ مِنَ الكُفّارِ وَالمُشرِكينَ وَالمُنافِقينَ وَعَداوَتِهم، وَالبُعدُ عنهم، وَجِهادُ الحَربِيّينَ مِنهُم بِحَسَبِ القُدرَةِ(1).

واتە: (الوَلاءُ والبَراءُ) لە کردەوە کانی دڵەکانن، بەڵام خوا ستەکانی لە سەر زمان و ئەندامەکان دەردەکەون، بنچینەی الوَلاءُ خۆشەویستیە و بنچینەی البَراءُ ڕق و کینەیە.

(الوَلاء) لە زمانەوانیدا: خۆشویستن و سەرخستن و لێ نزیك بوونە.

لە زاراوەییدا: خۆشویستنی بڕوادارانە لە بەر بڕوا کەیان و سەرخ ستنیان، و ئامۆژگاری کردن یان و یار مەتی داذ یان، و هەر شتێکیتر کە پەیوە ست بێت بە مە لە ما فەکانی بڕواداران.

(البَراء) لە زمانەوانیدا: ڕق و دووری و دەربازبوون و یەکلابوونەوەیە.

لە زاراوەی شەرعدا: ڕق لێبوو نەوەی دوژمـ ـنانی خودا لە بێ بڕوا کان و هاوبەشـدانەرەکان و دووڕووە کان و دژا یەتی کردن یان، و دوور بوون لێ یان و جەنگ کردن لەگەڵ ئەوانەی شەڕخوازن لەوان بە گوێرەی توانا.

(1) تهذيب تسهيل العقيدة الإسلامية، عبدالله بن عبدالعزيز الجبرين، ص.193.

پلە و پایە و سوودەکانی الوَلاءُ والبَراءُ لە( ) خاڵدا

1– هەر کەسێك(الوَلاءُ والبَراءُ)ی هەبێت بەڕاستی دەستی گرتووە بە ئاینی ئیسلام. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾ البقرة. واتە: هەر کەسێك بێ بڕوا بێت بە هەر پەرستراوێك جگە لە الله و بڕوا بێنێت بە الله ئەوا بێگومان بە توندی دەستی گرتووە بە دەستگیرەیەکی بە هێز، کە ئیمان وئیسلامە.

2– بەهۆی(الوَلاءُ والبَراءُ) موسڵمان لە چینی بێ بڕواکان جیا دەبێتەوە. بۆیە خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی بڕوا تان هێناوە جوولەکە وگاور مەکەن بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەوان هەندێکیان دۆستی یەکترن، و ئەوەی ئەوان بکات بە دۆستی خۆی بێگومان لەوان هەژمار دەکرێت، بەڕاستی خودا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادات.

3– (الوَلاءُ والبَراءُ) هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا و چوونە بەهەشت، خودای مەزن دەربارەی هاوەڵان بە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ المجادلة. واتە: کەسانێکت دەست ناکەوێت کە بڕوایان هەبێت بە خودا و بە ڕۆژی دوایی لە کاتێکدا دۆستایەتی بکەن لەگەڵ کەسانێك کە دژایەتی خودا و پێغەمبەرەکەیان کرد بێت هەر چەندە ئەو دوژمنانەش باوکیان بن یان کوڕ و برا و هۆزەکەیان بن، ئەوانە خودا بڕوای لە دڵیان چەسپاندووە و پشتیوانی کردوون بە گیانێك لەلایەن خۆیەوە مەبەست قورئان و ئیمانە، و دەیانخاتە بەهەشتانێك کە چەندەها ڕووبار بە ژێر درەختەکانیەوە تێدە پەڕێت بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، خودا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە پاداشتەکەی ڕازی بوون، ئا ئەمانە تاقم و حیزبی خودان، ئاگاداربن تەنها حیزبی خودا ڕزگار و سەرفرازن.

4– (الوَلاءُ والبَراءُ) یەكێكە لە واجبەكان، بۆ یە خودای گەورە فەرمووویەتی: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ۝ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ۝٥٦﴾ المائدة. واتە: بێگومان دۆست و یارمەتیدەری ئێوە تەنها خودا و پێغەمبەرەكەی و بڕوادارەكانن ئەوانەی بەڕێكی نوێژەكانیان ئەنجام دەدەن و زەكات دەدەن و بەردەوام ملكەچن بۆ خودا.

5– (الوَلاءُ والبَراءُ) بەهێزترین پەت و دەستگیری بڕوایە. پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووویەتی: {أَوْثَقُ عُرى الإيمان: الموالاةُ في الله والمُعاداةُ في الله، والحبُّ في الله والبغض في الله عَزَّ وجلَّ}[1]. واتە: بەهێزترین پەتی بڕوا: دۆستایەتیە لە پێناو خودا و دژایەتیە لە پێناو خودا و خۆشویستنە لە پێناو خودا و ڕق و كینەیە لە پێناو خودای گەورە.

6– (الوَلاءُ والبَراءُ) وەكو یەكێك لە بنچینەكانی ئاین وایە. جَریری كوڕی عبداللە(رضي الله عنه) دەفەرموێت: چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەوكاتەی كە بەیعەتی لە گەڵ هاوەڵان دەكرد، پێیم وت: ئەی پێغەمبەری خودا دەستت بێنە تا بەیعەتت پێ بدەم لەسەر هەر مەرجێك كە بۆم دادەنێی خۆت باشتر دەزانی، فەرمووی: {أبايعك على أن تعبدَ اللهَ، وتُقيمَ الصلاةَ، وتُؤتِيَ الزكاةَ، وتُناصِحَ المسلمين، وتُفارِقَ المشركين}[2]. واتە: بەیعەتت پێ دەدەم بەو مەرجەی بەندایەتی بۆ خودا بكەی، و نوێژ بكەی، و زەكات بدەی، و ئامۆژگاری موسڵمانان بكەی، و خۆت جیا بكەیەوە لە ئەهلی شیرك.

7– بەهۆی(الوَلاءُ والبَراءُ) موسڵمان هەست بە شیرینایی بڕوا دەكات لە دڵ و دەرونیەوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وجَدَ حَلاوَةَ الإيمَان: أنْ يَكونَ اللهُ ورسولُهُ أحَبَّ إليْه ممَّا سواهُمَا، ومن أَحبَّ عبداً لا يُحبُّهُ إلا للهِ، ومن يكْرهُ أنْ يعودَ في الكُفْرِ بعدَ إذْ أنْقذَهُ اللهُ كَما يكْرهُ أنْ يلْقَى في النَّارِ}[3]. واتە: سێ شت هەیە هەركەسێك تێیدا بێتەدی شیرینایی بڕوا بەدەست دێنێت: هەركەسێك خودا وپێغەمبەرەكەی لەلای خۆشەویستتر بێت لە هەموو شتێك، و هەركەسێك بەندەیەكی خۆش بوێت و خۆشەویستیەكەی تەنها بۆ خودا بێت، هەركەسێك پێی ناخۆش بێت

(1) رواه الطبراني، الرقم(11537)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(2539).
(2) سنن النسائي، الرقم(4177)، وصححه الألباني في سنن النسائي.
(3) صحيح البخاري، الرقم(21)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

بگەڕێتەوە ناو بێ بڕوایی، دوای ئەوەی خودا لەمە ڕزگاری کرد وەك چۆن پـێی ناخۆشە فڕێبدرێتە ناو ئاگر.

8- (الوَلاءُ والبَراءُ) مەرجی تەواو بوونی بڕوا یە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن أحبَّ لله، وأبغَضَ لله، وأَعْطَى لله، ومنَع لله، فقد استَكْمَلَ الإيمانَ}[1]. وا تە: هەر کەسێك خۆشەویستی لەبەر خودا بێت و ڕقلێبوونەوەی لە بەر خودا بێت و ببەخشێت لەبەر خودا و دەست بگرێتەوە لەبەر خودا ئەوا بەڕاستی بڕوای تەواو دامەزراو بووە.

9- (الوَلاءُ والبَراءُ) نیشانە و سیفەتی بڕوادارا نە. خودا فەرموو یەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ التوبة. وا تە: پـیاوان و ئافرە تانی بڕوادار هەندێکیان بۆ ئەوانی تر دۆست و پشتگیر و سەرخەرن.

(1) رواه أبو داود، الرقم(4681)، عن أبي أمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(380).

چەند نموونە و ڕووداوێك دەربارەی(الوَلاءُ والبَراءُ)

1- ولاء و براءي عبدالله ی کوڕی حُذافة(رضي الله عنه). لە ساڵی 19 کۆچی پێشەوا عُمر سوپایەکی نارد بۆ سەر ڕۆمەکان، سەرکردەی ڕۆمەکان ئەوکات پیاوێك بوو بە ناوی(هرقل)، هرقل بیستبووی کە موسڵمانەکان خاوەن بیر وبڕوا یەکی زۆر بە هێز و خۆڕاگرن، بۆیە بە سوپاکەی خۆی وتبوو: هەوڵ بدەن ئەگەر کەسێکتان بە دیل گرت بە زیندوویی بیهێنن بۆ لام، لەم جەنگە قەدەری خودا وا بوو چەند موسڵمانێك بە دیلی کەوتنە دەست ڕۆمەکان، یەکێك لە دیلەکان عبدالله ی کوڕی حُذافة بوو، ئەوەبوو عبدالله یان نارد بۆ لای هرقل ڕۆم، هرقل بە عبدالله ی وت: ئەگەر ببی بە گاور ئازادت دەکەم بەوپەڕی ڕێزەوە، عبدالله وتی: ئەمە مەحاڵە ئەگەر هەزارجار بمرم پێم خۆشترە لەوەی تۆ دەڵێی، ئەوجارە هرقل پێی وت: نیوەی دەستهەڵات و نیوەی موڵکی خۆم پێت دەبەخشم تەنها واز لە ئاینەکەت بێنە، عبدالله وتی: سوێند بەخودا ئەگەر هەموو موڵکی خۆت و هەموو موڵکی عەرەبیشم پێ بدرێت بۆ یەك چرکەش واز لە ڕێباز و ئاینی محمد ناهێنم، هرقل وتی: کەوا تە دەتکوژم، عبدالله وتی: چیت دە تەوێ بیکە. ئەوەبوو بە فەرمانی هرقل بە خاچ هەڵیان واسی و فەرمانی کرد: تەنها بە تیر لە دەست و قاچەکانی بدەن، بیترسێنن بەڵکو لە ئاینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە، کاتێك زانیان ئەمەش هەوڵێکی بێ ئاکامە، ئەوجارە مەنجەڵێکی گەورەیان هێنا پڕیان کرد لە زەیت و ئاگریان لە بن داگیرساند تا داخ بوو، پاشان دیلێکی موسڵمانیان هێنا و خستیانە ناوی لە بەر چاوی عبدالله، گۆشت و ئێسقانەکانی لەیەك جیا بوونەوە، ئەوکات داوایان لە عبدالله کرد ببێت بە گاور ئەگەر نا ئاوات لێ دەکەین، کاتێك زانیان عبدالله هەرگیز پاشگەز نابێتەوە بەرەو مەنجەڵەکەیان برد، لەو کاتەدا بینیان عبدالله دەگریێت، وایان زانی پەشیمان بووەتەوە لە ئاینەکەی، کاتێك لێیان پرسی وتی: حەزم دەکرد بە ئەندازەی ژمارەی موەکانی لاشەم گیانم هەبوونایە بۆ خودا بمبەخشیبا، هرقل پێی وت: ئەگەر سەرم ماچ بکەی ئازادت دەکەم، عبدالله وتی: باشە بەمەرجێك: هەموو ئەوانەش کە دەستگیرکراون، هرقل بەمە ڕازی بوو، ئەوەبوو ئەمەی کرد لەبەر خاتری برایەکانی، دوای گەڕانەوەیان پێشەوا عُمر زۆر خۆشحاڵ بوو، فەرمووی: پێویستە هەموومان سەری عبدالله ماچ بکەین،

هەموویان ناوچەوانی ع بدالله یان ماچ کرد، پێشەوا عُمر یە کەم کەس بوو ناو چەوانی عبدالله ی ماچ کرد(1).

2- ا بن کثیر باس دە کات، کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەر بارەی چارەنوو سی دیلەکانی(بَدر) کە ژمارە یان حەفتا کەس بوو ڕاو ێژی کرد بە أ بوبکر و عُمر، أ بوبکر بۆچوونی وابوو کە ئازاد بکرێن بە فیدیە بەڵکو لە دا هاتووش بروا بێنن، بەڵام بۆ چوونی عُمر جیاواز بوو، وتی: با بیانکوژین، فلان خزمی منە بدە دەست من تا بیکوژم و عَقیل بدەدە ست ع لی تا بیکوژێت... بۆ ئەوەی بۆ خوا بسەلمێنین کە ئێمە هەرگیز موشریکەکانمان خۆشناوێن.

هەروەها دەفەرمـــــــــوێت: هۆکاری دابەزینی ئایەتی: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ﴿٢٢﴾﴾ المجادلة. ئەوەبوو لە جەنگی بَدر أ بو عُبَیدة کە نـاوی عامری کوڕی عبدالله ی کوڕی جَرّاح بوو بابی خۆی کوشت.

وە حَمزَة و علی و عُبَیدەی کوڕی حارث: عُتبة و شَیبة و وَلیدی کوڕی عُتبة یان کوشت(2).

3- بەڕائەتی هاوەڵی بەڕێز مُصعَب ی کوڕی عُمَیر لەگەڵ أبو عَزیزی برای، کە یەکێك بوو لە دیلەکانی غەزای بَدر و هەڵگری ئاڵای قورەیشیەکان بوو دژی مو سڵمانان. کاتێك بە دیلی کەوتبووە دەستی یەکێك لە موسڵمانان مُصعَب بەلای تێپەڕی و بە مو سڵمانەکە دەڵێت: بە توندی دەستی ببەستەوە دایکی دەوڵەمەندە با بە پارە کانی ئازادی بکات، أبو عزیز بە مُصعَب دەڵێت: براکەم، بەڵام مُصعَب پێی دەڵێت: تۆ برای من نی، چونکە بێ بڕوای، بەڵکو ئەو هاوەڵە برامە چونکە موسڵمانە(3).

4- دەربــارەی ولاء و بــراءی ع بدالله ی کوڕی ع بدالله ی کوڕی أُبَي کوڕی سَلول(رضي الله عنه). جابر دەفەرموێت: ئێمە لە جەنگێکدا بووین لە گەڕا نەوەدا پیاوێکی کۆچبەر شەقێکی لە پشتیوانان یاخود قسەیەکی پێ وت، پیاوە پشتیوانەکە بانگی پشتیوانەکانی کرد، و کۆ چبەرەکە بانگی کۆ چبەرەکانی کرد، لەوکا تەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {ما بالُ دَعْوى الجاهليَّة؟}. واتە: ئەو بانگەوازەی سەردەمی نەفامی

(1) مواقف إيمانية، د. أحمد فريد، ص.152.
(2) أنظر: الأساس في التفسير، سعيد حوى، ج.10، ص.5804.
(3) مواقف إيمانية، د. أحمد فريد، ص.328.

چی یە؟ ئەاونیش هەواڵیان پێ گەیا ند. فەرمووی: {دَعوها فَإنَّها منتنةٌ}. وا تە: واز بێنن لەمە شتێکی خراپ و بۆگەنە. کاتێك عبدالله ی کوڕی اُبَي کوڕی سَلولَ ئە مەی زا نی و تی: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە ئەبێت سەربەرزەکان ڕ سواکان دەربکەن، پێشەوا عُمر فەرمووی: لێم گەڕێن با بە شمشێر لە گەردەنی بدەم، بەڵام پێغەمبەری خودا فەرمووی: {دَعْهَ، لا يُحَدّثُ النّاس أنَّ مُحَمَّداً يقتَل أَصحابَهَ}[1]. وا تە: وازی لێ بێنە با خەڵك نەڵێن محمد هاوەڵانَی خۆی دەکوژێت.

عەمری کوڕی قَتادة دەفەرموێت: کاتێك عبدالله ی کوڕی ئەمەی زا نی لە باوکی، ها تە خزمەت پێغەمبەری خودا، و تی: ئە گەر بە تەمای کو شتنی باوکمی، مۆڵەتم بدە تا بەدەستی خۆم ئەم کارە بکەم، بەڵام پێغەمبەر مۆڵەتی پێ نەدا، عِکرِمة دە فەرموێت: سەرەڕای ئەمە کاتێك سوپای موسڵمانەکان بەرەو مەدینە گەڕانەوە، عبدالله لە دەروازەی شار بە شمشێرەکەی وەستا بوو، کاتێك عبدالله ی باوکی هات بە شمشێر وە ستاندی وتی: سوێند بەخودا تا پێغەمبەری خودا مۆڵەتت نەدات هەرگیز ناهێڵم بێیتەوە ناو شاری مەدینە. ئەوەبوو پێغەمبەر مۆڵەتی پێدا[2].

5- یەکێك لە هاوسەرەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەویش دایکی بڕواداران رَمـلَةی کچی أبو سُفیان(رضي الله عنهما) نا سراوە بە أُمُّ حَبيبة. پێشەوا زوهری دە فەرمووێت: دوای ئەوەی قورەیشیەکان بەڵێننامە کەی(حُدَیبیَّة) یان لە گەڵ پێغەمبەری خودا نەبردەسەر، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا بڕیاریدا بچێت بۆ فەتحی شاری مەککەی پیرۆز، ئەوکات أبو سُفیان هێشتان موسڵمان نەبووبوو، أبو سُفیان ها تە شاری مەدینە بە مەبەستی درێژە پێدانی ئاشتەوایییەکە، بەڵام پێغەمبەری خودا ئەمەی قبوڵ نەکرد، دوای ئەوە أبو سُفیان هەستا و چووە ماڵی رَمْلَة ی کچی، ویستی لە سەر جێگا و ڕا یەخی پێغەمبەر دابنیشێت، رَملَة ڕایەخەکەی پێچایەوە و هەڵیگرت، لێنەگەڕا أبو سُفیانی باوکی لەسەری دابنیشێت، أبو سُفیان وتی: کچەکەم ئایە ئەم ڕایەخەت پێ گرینگترە لە من یان منت پێ گرینگترە؟ بۆ وا دەکەی؟ رَملَة وتی: بەڵکو ئەمە ڕا یەخی پێغەمبەری خودایە،

(1) صحيح البخاري، الرقم(652).

(2) ينظر تفسير ابن كثير، ج.4، ص.359، مواقف إمانية، د. أحمد فريد، ص.324.

تۆش له بەر ئەوەی مو شریکی كه سێكی پی سی، أ بو سُفیان و تی: بەڕا ستی دوای من خراپت بەسەر هاتووه[1].

6- ولاء و بـراءی یەكێك له ئافرەته مو سڵمانەكان. چەند كه سانێك لەوا نەی تازه موسڵمان ببوون، به ناچاری بەگەڵ بیٚ بڕواكان كەوتبوون، بەڵام كاتێك له جەنگی(بَدر) ژمارەی كەمی موسڵمانەكانیان بینی له ئیسلام پاشگەز بوونەوه، ئەم ئایه ته دەربارەی ئەوان دابەزی: ﴿إِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْ ۗ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴿٤٩﴾﴾ الأنفال. یەكێك لەوان علی كوڕی اُمَیّة بوو، پاشان بەدەستی حَبّاب ی كوڕی مُنذِر كوژرا، دوای ئەوەی دایكی علی مو سڵمان بوو پێیان وت: علی كوڕت به دەستی حَبّاب كوژراوه، له وەلاٌ مدا و تی: با سی كه سێكم بۆ مەكەن كه لەسەر بیٚ بڕوایی كوژرا بێت، خودای گەوره علی كوڕمی خەجاڵەت كرد بەهۆی لێدانەكەی حَبّاب و هەروەها حَبّابیشی بەڕێز و سەربەرز كرد بەهۆی ئەوەی له كوڕە كەی منیدا[2].

(1) الإصابة في تمييز الصحابة، العسقلاني، ج.8، ص.142، وصحابيات حول الرسول، محمود المصري، ص.220.
(2) التأريخ الإسلامي، الحميدي، ج.4، ص.153.

لا إِلهَ إلا اللهُ

یەکتاپەرستی

واتای(لا إِلهَ إلا اللهُ)

(لا إِلهَ إِلا اللهُ) بریتیە لە دوو بەش.

یەکەم: بریتیە لە(لا إله)، پێی دەوترێت(النفي)، تێیدا خەبەری(لا) محذوفە، واتە: لە ئاخاوتندا دیار نیە و سڕاوەتەوە، کە بریتیە لە وشەی(بحق)، ئەوکات دەوترێت: (لا إله بحق)، واتە: هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق کە شایەنی پەرستن بێت.

دووەم: بریتیە لە(إلا الله)، پێی دەوترێت(الإثبات)، واتە: سەلماندن و دانپێدانان بەوەی تەنها(الله) شایەنی پەرستنە.

کەواتە ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە چۆن خودای گەورە لە بەدیهێنان و لە ناوبردن و سوود و زیان و ڕزق و ڕۆزی دان بە تەنهایە لە پەرستش بە هەمان شێوە تاکو تەنهایە و ئەبێ تاکو تەنها بێت و بێ هاوبەش بێت[1].

(1) الإيمان بالله، د. علي محمد الصلابي، ص.22.

پلە و پایە و سوودەکانی شایەتمان(لا إله إلا الله) لە( ) خاڵدا

1- لە پێناو(لا إلهَ إلا اللهُ) خودای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ الأنبياء. واتە: پێش تۆ هیچ پێغەمبرێکمان نەناردووە مەگەر نیگامان بۆ ناردووە بەوەی کە بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق، جا تەنها من بپەرستن.

2- خودا وشەی شایەتمانی لە قورئاندا بە وشەی جوان و باش وەسف کردووە.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٢٤﴾ إبراهيم.

واتە: ئایە نەتبینیوە؟ خودا چۆن نموونەی هێناوە تەوە کە وتەی چاك (لا إله إلا الله) وەکو درەختێکی چاك و بەسوود وایە، ڕەگی قایم لە زەویدا داکو تابێ ولقەکانیشی بەرز بوونێتەوە بە ئاسماندا.

3- خاوەنەکەی دەپارێزێت لە دۆزەخ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {إنَّ اللهَ قدْ حرَّمَ علَى النَّارِ مَن قالَ: لا إلَهَ إلا اللهُ، يَبْتَغي بذلكَ وجْهَ اللهِ}[1]. وا تە: بێگو مان خودا حەرا می کردووە لە ئاگرکە سێك وتووبێتی: لا إله إلا الله، لە پێناو خودای پەروەردگار.

4- (لا إلهَ إلا اللهُ) بەرزترین پلە وبەشی باوەڕە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {الإيمانُ بضْعٌ وسبْعونَ، أو بضْعٌ وستُّونَ، شُعْبَةً، فأفْضَلُها قَوْلُ لا إلَهَ إلا اللهُ، وأدْناها إماطَةُ الأذَى عَنِ الطَّرِيقِ، والحَياءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإيمانِ}[2].

واتە: باوەڕ حەفتا و ئەوەندە یان شەست و ئەوەندە بەشەیە، بەرزترینیان وتنی لا إله إلا الله یە، و نزمترینیشیان لادانی ئازارە لەسەر ڕێگا، و حەیاش بەشێکە لە باوەڕ.

5- جیهادکردن داندراوە بۆ بەرز و شکۆداری(لا إله إلا الله).

---

(1) صحيح البخاري، الرقم(425)، وصحيح المسلم، الرقم(33)، عن عِتْبان بن مالك الأنصاري(رضي الله عنه).

(2) صحيح المسلم، الرقم(152).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {أُمرتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاس حتَّى يشْهَدُوا أنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رسولُ اللَّه...}[1]، واتە: فەرمانم پێ کراوە لە گەڵ خەڵك بجەنگم تا ئەوكاتەی دەڵێن: لا إله إلا الله محمد رسول الله.

6- بە هۆی شایەتمان موسڵمان بە بەر شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەكەوێت.

أبو هُرَيرَة دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا بەختەوەرتین کەس بە شەفاعەتی تۆ کێیە؟ فەرمووی: دەمزانی هیچ کەس جگە لە تۆ سەبارەت بە مە پرسیارم لێنا کات پێش تۆ، کاتێت پێداگری تۆم بینی لە سەر ئە مە، پا شان فەرمووی: {أسعدُ النَّاسِ بشفاعتي يومَ القيامة من قال لا إله إلا اللَّهُ خالصاً من نفسه}[2]. واتە: بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی دوایدا کە سێکە وتبیەتی(لا إله إلا الله) بە ئیخلاصەوە لە دەروونیەوە.

7- (لا إله إلا الله) کلیلی کردنەوەی دەرگای بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {مَن ماتَ وهو يعْلَمَ أنَّه لا إلَهَ إلا اللَّهُ، دَخَلَ الجَنَّةَ}[3]. واتە: هەر کەسێك بمرێ وبزانێت بێگومان هیچ خودایەك نیە شایستەی پەرستن بێ جگە لە الله، دەچێتە بەهەشت.

لە فەرموودەیەکی تر فەرموویەتی: {مَن كانَ آخر كَلامه لا إلهَ إلا اللهُ دَخَلَ الجنَّةَ}[4]. واتە: هەر کەسێك کۆتا وشەی(لا إله إلا الله) بێت دەچێتە بەهەشت.

8- (لا إله إلا الله) گەورەترین زیکرە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمەویەتی: {أفضلُ الذِّكْر: لا إله إلا الله، وأفضلُ الدعاء: الحمدُ لله}[5].واتە: گەورەترین زیکر بریتیە لە(لا إله إلا الله)، و باشترین دوعا بریتیە لە(الحمد لله).

9- بە وشەی(لا إله إلا الله) خودا و فریشتەکان و زانایان شاهێدیان داوە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمَۢا بِٱلْقِسْطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١٨﴾ آل عمران. واتە: خودا شاهێدی داوە

(1) البخاري، الرقم(25)، ومسلم، الرقم(22)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).
(2) البخاري، الرقم(6570).
(3) المسلم، الرقم(135)، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).
(4) سنن ابو داود، الرقم(3116)، بسند صحيح عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(5) الترمذي، الرقم(3383)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه)، وحسنه الالباني في هداية الرواة(2246).

ڕایدەگەیێنێت و بە بەڵگە دەچەسپێنێت کە بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق تەنها ئەو نەبێت، و فریشتەکانیش شایەتی دەدەن و خاوەن زانستەکانیش شاهێدی دەدەن کە خودا هەمیشە داد پەروەری ڕاگرتووە، هیچ پەرستراوێکیش بە حەق نیە تەنها خۆی نەبێت کە باڵادەستی کاربەجێییە.

10- یەکەم بنچینەی ئاینی ئیسلام(لا إله إلا الله) یە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {بُنِي الإسلامُ على خمسٍ شَهادة أن لا إلَه إلا اللهُ وأنَّ محمَّدًا رسولُ اللَّه...}[1]. واتە: ئیسلام دامەزراوە لەسەر پێنج شت: شایتمانی بە(لا إله إلا الله)، تا کۆتایی فەرموودەکە.

11- (لا إله إلا الله) تاوانەکان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما على الأرضِ أحدٌ يقولُ لا إلهَ إلا اللهُ واللهُ أكبرَ ولا حولَ ولا قوَّةَ إلا باللهِ إلا كفَّرتْ عنه خطاياه ولو كانت مثل زبد البحر}[2]. وا تە: هەرکەسێکی سەر ئەم زەویە ئەم زیکرە بکات بێگومان بۆی دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاونەکانی، ئەگەر تاونەکانی وەکو کەف دەریاش بێت.

12- (لا إله إلا الله) ئادەمیزاد لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار دەکات. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {يَخْرُجُ من النَّارِ من قالَ لا إلَهَ إلا اللَّهُ، وفي قَلْبِه وزْنُ شَعيرةٍ من خَيرٍ، ويَخرُجُ من النَّارِ من قالَ لا إلَهَ إلا اللَّهُ، وفي قَلْبِه وزْنُ بُرَّةٍ من خَيْرٍ، ويَخْرُجُ من النَّارِ من قالَ لا إلَهَ إلا اللَّهُ، وفي قَلْبِه وزْنُ ذَرَّةٍ من خَيْرٍ}[3].

واتە: هەرکەسێك بڵێ(لا إله إلا الله)، و بە ئەندازەی کێشی دەنکە جۆیەك چاکە لە دڵیدا هەبێت لە ئاگری دۆزەخ دێتە دەرەوە، وهەروەها لە ئاگر دێتە دەرەوە ئەوەی بڵێ(لا إله إلا الله)، و بە ئەندازەی دەنکە گەنمێك چاکە لە دڵیدا هەبێت، هەروەها لە ئاگر دێتە دەرەوە ئەوەی بڵێ(لا إله إلا الله)، و بە ئەندازەی گەردیلەیەك چاکەی لە دڵدا هەبێت.

13- (لا إله إلا الله) باشترینی چاکەکانە.

أبو ذری غیفاری(رضي الله عنه) دەڵێت: بە پێغەمبەری خودام وت: ئامۆژگاریم بکە، پێی وتم: {إذا عَمِلْتَ سيئةً فأتبِعْها حسنةً تَمحُها}. وا تە: هەرکات تاوانێ کت ئەنجا مدا

(1) البخاري، الرقم(4515)، ومسلم، الرقم(16)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(2) رواه احمد، الرقم(6479)، عن عبدالله عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه الحاكم و سكت عنه الذهبي.

(3) البخاري، الرقم(44)، عن انس بن مالك(رضي الله عنه).

چاکەیەکی بەدوادا بکە، تاوانەکە دەسڕێتەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئا یە(لا إله إلا الله) لە چاکەکانە؟، فەرمووی: {هي أفضَلُ الحسَنات}[1]. وا تە: ئەو لە با شترین چاکەکانە.

14- (لا إله إلا الله) یەکێکە لە خۆشەویسترین وتە لەلای خودای پەروەردیگار.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَحَبُّ الكَلام إلى الله أربَعٌ: سُبْحانَ الله، والْحَمْدُ للَّه، ولا إلَهَ إلا اللَّهُ، واللَّهُ أكْبَرُ، لا يَضُرُّكَ بأَيِّهِنَّ بَدَأْتَ}[2]. وا تە: خۆشەویسترین گوفتار لەلای خودا چوارن: سُبْحانَ الله، والْحَمْدُ للَّه، ولا إلَهَ إلا اللَّهُ، واللَّهُ أكْبَرُ، زیا نت پێنا گات بە هەر کامیان دەست پێ بکەی.

مەبەست ئەوەیە: جیاوازی نی یە هەر کامیان لەسەرەتاوە بڵێیت.

---

(1) رواه احمد، الرقم(20960)، وحسنه الأرناؤوط في تخريج المسند لشعيب(21487).

(2) المسلم، الرقم(2137)، عن سمرة بن جندب(رضي الله عنه).

چەند ڕووداو و بەسەرهاتێك دەربارەی(لا إله إلا الله)

1- جندب ی کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستەیەکی لە موسڵمانان ڕەوا نەکرد بۆ سەرکۆمەڵێکی هاوبەش پەرست، دوای بەیەك گەیشتنیان یەکێك لە بێ بڕوا کان هەرجارە و چۆن بیویستبا موسڵمانێکی دەکوشت، بەم شێوەیە توانی چەندین موسڵمان بکوژێت، دوای ئەوە أُسامَة ی کوڕی زید توانی زەفەری پێ ببات، ئەوە بوو شمشێری لە سەر سەری بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بیکوژێت، کابرا وتی: (لا إله إلا الله)، بەڵام أُسامَة کابرای کوشت، دوای ئەوەی ئەم هەواڵە گەیشـتە پێغەمبەر، بەدوای أُ سامَة یدا نارد، پـێی فەرموو: {لِمَ قَتَلْتَهُ؟}، واتە: بۆ کوشتت؟ اسامة وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو پیاوە دوای ئەوەی چەند موسڵمانی کوشت و دوای شمشێرەکەی منی بینی لە سەر سەریەتی ئەوکات وتی(لا إله إلا الله)، ئەوکات پێغەمبەر فەرمووی: {أَقَتَلْتَهُ؟}، واتە: ئایە کوشتت؟ أُسامة وتی: بەڵێ، فەرمووی: {كَيفَ تصنعُ بلا إلهَ إلا اللهَ إذا جاءتْ يومَ القيامةِ؟}، واتە: چی دەکەی بەو شایتمانیە ئەگەر هات لە ڕۆژی دوایدا، أُسامة فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا داوای لێخۆش بوونم بۆ بکە، بەڵام پێغەمبەری خودا هەر ئەمەی دووبارە دەکردەوە{كَيفَ تصنعُ بلا إلهَ إلا اللهَ إذا جاءتْ يومَ القيامةِ؟}، لە ڕیوایەتی تردا أُسامە دەڵێت: تەمەنام دەکرد دوای ئەوە موسڵمان ببام(1).

2- سعیدی کوڕی مُسَيَّب لە باوکی خۆی گێڕاویەتیەوە، فەرموویەتی: کاتێك أبو طالب کەوتە سەرەمەرگ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە پەرۆشەوە هات بۆ بینینی، بینی أبو جهل و عبدالله ی کوڕی أمية ی کوڕی مُغيرةش لەوێن ، فەرمووی: {ياعَمِ، قُلْ: لا إلهَ إلا اللهُ، كَلمةً أشهَدُ لكَ بِهَا عندَ اللهِ}، واتە: ئەی مامە بڵێ(لا إله إلا الله) تا بەو وشەیە شاهێدیت بۆ بدەم لەلای خودا. ئەوانیش پێیان دەوت: ئایا دەتەوێت لە ڕێبازی عبدالمطلب لابدەی؟ سەرەنجام وتی: أنا على ملّة عبدالمطّلب، واتە: من لەسەر ئاینی عبدالمطلب بم. بەم شێوەیە مرد. سەرەڕای ئەمەش پێغەمبەر فەرمووی: سوێند بەخودا داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم مادام خودا قەدەغەی نەکردووە، ئەوکات ئەم ئایەتە دابەزی:

﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ﴿١١٣﴾﴾ التوبة.

واتە: پێغەمبەر و بڕواداران بۆیان نیە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ بتپەرستان هەرچەندە

---

(1) المسلم، الرقم(97).

ئەوان خزمی نزیکیشیان بن، پاشان دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا زۆر بۆ مامی دڵتەنگ بوو، چونکە بڕوای نەهێنا، ئەوکات ئەم ئایەتەش دابەزی: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴿٥٦﴾﴾ القصص.

3- پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: "لە ڕۆژی دوایدا خودای بالادە ست پیاوێك جیادەکاتەوە لە ئوممەتم لە سەر سەری گشت درووستکراوەکانی نەوەت و نۆ سجلی تۆماری بۆ دەکاتەوە هەر یەکیان بە ئەندازەی بینینی چاوە، پاشان پێی دە فەرموێت: ئایە نکۆڵی لە شتێك لەمە دەکەی؟ ئایە ئەو فریشتانەی من کە ئەما نەیان نووسیوە هیچ ستەمیان لێکردووی؟ کابرا دەڵێ: نەخێر ئەی پەروەردگارم، ئەوکات خودای گەورە پێی دەفەرموێت: ئایە هیچ عوزرێکت هەیە؟ دەڵێ: نەخێر ئەی پەروەردگام، ئەوکات خودای گەورە پێی دەڵێت: بەڵێ بەڕاستی تۆ چاکەیەکت لەلامانە و ئیمڕۆ نابێت تۆ هیچ ستەمت لێ بکرێت، ئەوکات پلیتێکی بۆ دەردەهێنێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله)ی تێدا یە پێی دە فەرموێت: ئا مادەی کێشانی کردەوەکا نت بە، پیاوە کە دە ڵێ: ئەی پەروەردگارم ئەمە چیە؟ پێی دە فەرموێت: بێگومان تۆ نابێت ستەمت لێ بکرێت".

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: "ئەوکات هەموو تۆمارە کان لەلا یەکی تەرازوو دادە ندرێن و پلیتە کەش لەلایە کەی ترە، ئەوکات دە ستبەجێ لای تۆمارە کان سووك دەبێت ولای پلیتە کەش گران دەبێت، چونکە نابێت گرا نایی هەبێت بەرام بەر ناوی خودا"(1).

4- هاوەڵی بەڕێز عبدالله ی کوڕی عەمر(رضي الله عنهما) دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە پیاوێکی پێپەتی فەرموو کە بینی جوبە یەکی لە ئاوریشمی پۆ شیوە: "تۆ جل و بەرگی کە سانی بێ عەقڵت پۆ شیوە"، پا شان فەرمووی: "کاتێك نوح پێغەمبەر(عليه السلام) مردنی نزیك بوو بە کوڕەکەی خۆی وت: وە سیەت دەکەم و فەرمانت پێ دەکەم بە ئەنجامدانی دوو شت و نەکردنی دوو شت، فەرمانت پێ دەکەم بە وتنی: (لا إله إلا الله)، چونکە بێگومان هەر حەوت قاتی ئا سمان و زەوی ئە گەر لەلا یەك و لا إله الا الله لە لایەکیتر دابندرێت ئەوە بێگومان سەنگی زیاترە، هەروەها بڵێ: (سبحان الله وبحمده)، چونکە سبحان الله تسبیحاتی هەموو شتێکە و بە الحمدلله ش هەموو درووستکراوێك ڕزق

---
(1) الترمذي، الرقم(2639)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما). وصححه الالباني في سنن الترمذي.

و ڕۆژی پیَ دەدر یَت، هەروەها دوور بە لە دوو شت: هاو بەش دا نان بۆ خودا و خۆبەزلزانین[1].

5- أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەمویَت: پیَغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرمویَت: لە ڕۆژی دوا یی من ڕاوە ستاوم تەما شای ئوممەتە کەم دە کەم لەو کا تەی لە پردی سیرات دەپەڕنەوە لەو کا تەدا عیسا(العليلا) د یَت و دە فەرمویَت: ئەی محمد ئا ئه مه پیَغەمبەرانن هاتوون بۆ لات، داوا دە کەن تا داوا لە خودا ب کەی بۆ ئەوەی گ شت ئوممەتەکان لە یەك جیا بکاتەوە، جا بۆ هەر شوێنێك کە خوا خۆی ب یەویَ لە بەر ئەو دۆخەی تێیدان، لەوکاتەدا گشت بوونەوەر لە ناو ئارەقەدان، ئەو دۆخە بۆ باوەڕدار وە کو تووشبوون بە هەلاَمەت وایە، بەلاَم بۆ بێ باوەڕ وە کو ئەوە وا یە مردن دایگرتب یَت، پێغەمبەر دەفەرموێت: ئەی عیسا چاوەڕوان بە تا دەگەڕێمەوە بۆ لات، دە چیَت لە ژێر عەرشی خودا ڕادەوەستێت، دەگات بەو مەقامە و پلە و پایەی کە هیچ فریشتەیەکی هەڵبژێرداو و هیچ پێغەمبەرێك پێی نەگەیشتووە، پاشان خودای گەورە فەرمان بە جبریل دە کات و پ یَی دەڵ یَت: برۆ بۆ لای محمد و پ یَی ب لَیَ سەرت بەرز کە، داوا ب کە پ یَت دەدر یَت، و ت کا ب کە وەردەگیر یَت، پیَغەمبەر دە فەرمویَت: ئەوکات بۆ ئو ممەتم شەفاعەت دەکەم لە نەوەت و نۆ یەکیان ڕزگار دەکەم، خودای گەورە دە فەرموێت: بەم چەشنە بەردەوام خەڵك دەخەمە بەهەشت لە ئوممەتت، تەنانەت هەرکسێك ڕۆژێك وت بێ: (لا إله إلا الله) بە ئیخلاصەوە و لەڕێی مردبیَت[2].

6- ڕۆژێکیان پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هەردوو نەعلەکانی خۆی دایە دە ست أ بو هُرَیرَة پێی فەرموو: {إذْهَب بنعلي هاتَين، فمن لَقيتَ من وراء هذا الحائط يَشهدُ أنْ لا إلَه إلاّ الله مستَيقناً بها قلبُه فبشّرْه بالجنة}[3]. وا تە: ئەی أ بو هُرَیرَة بە هەردوو نەعلەکانم برۆ بەهەر یەکێك گەیشتی لە پشت ئەو دیوارە شاهیدی بدات بە(لا إله إلا الله) بە یەقینی ناو دڵی مزگێنی بەهەشتی پێبدە.

---

(1) رواه احمد، الرقم(6583)، والحاكم، الرقم(154)،. وصححه الألباني في مسند أحمد.

(2) رواه احمد، الرقم(3639)، وصححه الألباني في مسند أحمد.

(3) المسلم، الرقم(31).

(التوبه)

پێناسەی تەوبە کردن

قال سهل بن عبدالله التُستُري: التَّوبةُ تَبديلُ الحَركات المَذمومَة بِالحَركاتِ المَحمودَةِ[1].

ويقول ا بن ال قيم ا لجوزي(رحمه الله): التَّو بَةُ هي رُّ جوعُ العَ بدِ إلى الله، ومُفارقَ تُهُ لِ صِراطِ المَغضوبِ عَليهِم والضَّالينَ[2].

يقول القُرطُبي(رحمه الله): التَّوبَةُ النَّدَمُ بِالقَ لبِ، و تَركُ المَع صيَةِ في ا لحالِ، وال عَزمُ عَ لى ألاّ يَعودَ إلى مِثلِها، وأنْ يَكونَ ذلكَ حَياءً منَ اللهِ[3].

واتە: سهلی کوڕی عبدالله ی توستوری فەرموویەتی: تەوبە کردن گۆڕینەوەی کردەوە خراپەکانە بە کردەوە باشەکان.

ابن القيم ی جەوزی دە فەرمووێت: تەو بە کردن گەڕا نەوەی بەنـدەیە بۆ لای خودا و جیابوونەوە لە ڕێگای ئەوانەی تووڕەییان لێگیراوە و ئەوانەی گومڕا و سەرلێشێواون.

قورتوبی دەفەرمووێت: تەوبە کردن پەشیمان بوونەوە بە دڵ، وازهێنان لە تاوان دەستبەجێ، جارێکیتر نەگەڕێتەوە بۆ تاوان، ئەمەشیان دەبێت لە شەرمی خودا بێت.

وشەی(التوبة) لە قورئاندا بە سێ واتا هاتووە

یەکەم: بە واتای چاوپۆشی و لێبووردن(التَّجاوُز والعفُو) هاتووە، ئەوەش لەو کاتەدا بەم واتایە دێت ئەبێت پیتی(عَلَى)ی لەگەڵ بێت، خودای بەتاوانا دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ﴿٥٤﴾﴾ البقرة.

دووەم: بە واتای گەڕانەوە بۆ لای خودا(الرُّجوع والإِنا بَة) هاتووە، بە مەرجێك ئەبێت پیتی(إلى)ی لەگەڵدا بێت، خودای بالادەست دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا ﴿٨﴾﴾ التحريم.

سێیەم: بە واتای پەشێمانی لە دوای تاوان و فریو خواردن(الـ نَّدم عَـلى الزَّلَّـة) هاتووە، ئە مەیان پێویستی ذیە بە پیتی(عـلى وإلى)، خودا فەرموو یەتی: ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا ﴿١٦٠﴾﴾ البقرة.

---

(1) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.7 .

(2) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.103.

(3) الجامع لأحكام القران، القرطبي، ج.5، ص.91.

پله و پایه و سوودەکانی تەوبەکردن له(21) خالدا

1- تەوبە کردن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای بەتوانا فەرمووی یەتی: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴿٣١﴾﴾ النور. تەوبە بکەن بگەڕێنەوە بۆ لای خودا هەمووتان ئەی بڕوادارینە.

2- تەوبەکردن نیشانە و سیفەتی بڕوادارانە.

خودا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةً نَّصُوحًا﴿٨﴾﴾ التحريم.

واتە: ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا تەوبەیەکی تەواو بکەن.

3- تەوبە کردن مایەی لێخۆشبوونی خودایە لە بەندەکەی.

خودای پەروەردگار فەرمووی یەتی: ﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ﴿٨٢﴾﴾ طه. واتە: من زۆر لێخۆشبووم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ.

4- تەوبە هۆکاری سەرفرازیە لە دونیا و دوارۆژدا.

خودای گەورە فەرمووی یەتی: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴿٣١﴾﴾ النور. واتە: تەوبە بکەن بگەڕێنەوە بۆ لای خودا هەمووتان ئەی بڕوادارینە بۆ ئەوەی سەرکەتووبن لە دونیا و دوارۆژ.

5- تەوبەکاران خۆشەویستی خودان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة. واتە: بەڕاستی خودا تەوبەکارانی خۆش دەوێت.

6- بەهۆی تەوبە کردن خراپەکان دەبن بە چاکە.

خودای پاك فەرموویەتی: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلٗا صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ﴿٧٠﴾﴾ الفرقان. واتە: ئەو کەسە نەبێت کە تەوبەی کردووە و بڕوای هێناوە و کردەوەی چاك دەکات، ئەوانە خودا تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە.

7- تەوبە هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتی بەهەشت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴿٨﴾﴾ التحريم. واتە: ئەی ئەوکە سانەی بڕوا تان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا

تەوبەیەکی تەواو بکەن دڵنیابن پەروەردگارتان تاوانەکانتان دەسڕێتەوە و دەتانخا تە ناو بەهەشتانێك چەندەها ڕووبار لە ژێریان دەڕۆن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ٦٠﴾ مريم. واتە: تەنها ئەوا نە نەبن کە تەوبە دە کەن و بڕوا د ێنن و کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ئا ئەوانەن دەچنە بەهەشت و هیچ ستەمیان لیٚ ناکرێت.

8- تەوبە کردن مایەی بارینی بارانی ڕەحمەتە و مایەی هێز و توانایە.

هەروەکو خودای گەورە با سی هود پێغەمبەر(عليه السلام) دە کات، کاتێك بە گەلە کەی دەڵێت: ﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ٥٢﴾ هود. وا تە: ئەی گەلە کەم داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن دواتر بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو کات لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت بە لێزمە و هێزی تر زیاد دە کات بۆ هێزە کەتان و ڕوو وەرنەگێڕن لە بانگەوازی ئیسلام بە تاوان باری.

9- یەکێك لەو سەد و چواردە سوڕەتەکانی قوڕئانی پیرۆز بە ناوی(التَّوْبَةُ) ناونراوە کە سوڕەتی ژمارە نۆیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پلە و پایەی تەوبە لە ئیسلامدا.

10- تەوبە کردن یەکێکە لە سیفەتی تێکۆشەران لە پێناو خودا.

خودای گەورە چەند سیفەتێکی تێکۆشەران باس دەکات، دە فەرموێت: ﴿ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١١٢﴾ التوبة. لەو نۆ سیفەتانە یەکەمنیان بریتیە لە تەوبە کردن.

11- تەوبە کردن هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی بەزەیی خودا.

هەروەکو خودای پەروەردیگار فەرمووی یەتی: ﴿كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥٤﴾ الأنعام. واتە: پەروەردگارتان بەزەیی لەسەر خۆی پێویست کردووە بێگومان هەر کە سێك لە ئێوە کارێکی خراپ بکات بە نەزانی پاشان تەوبە بکات و خۆی چاك بکات ئەوە بەڕاستی خودا زۆر لێبووردەو بە بەزەییە.

12- تەوبە کردن خۆش گوزەرانیە.

خودای پەروەردگار فەرموو یەتی: ﴿وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ۝٣﴾ هود. وا تە: داوای لێبوردن بکەن لە پەروەردگارتان پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو ئەوکات دەتا نژیێنێت بە ژیانێکی چاك و خۆش تاوەکو ئەو ماوەی د یاری کراوە بۆ تان و دەبەخشێت بە هەموو خاوەن بەهرەیەك پاداشت چاکە و بەهرەی خۆی.

13- تەوبەکار باشترینە لە چینی تاوانباران.

هەروەکو پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {كلُّ ابنِ آدمَ خطّاءٌ، وخيرُ الخطّائينَ التَّوّابونَ}[1]. وا تە: نەوەی ئادەم هەموویان تاوان ئەنجام دەدەن، با شترینیان تەوبەکارانن.

14- پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ اللهَ عَزَّ وجَلَّ يبسطُ يدَهُ باللّيلِ ليتوبَ مسيءُ النَّهارِ، ويبسطُ يدَهُ بالنَّهارِ ليتوبَ مسيءُ اللّيلِ، حتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ من مغْرِبِها}[2]. واتە: بێ گومان خودای گەورە دەستی خۆی والآ دە کات بە شەو بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لە ڕۆژدا تاوانی کردووە بگەڕێتەوە، و لە ڕۆژیش دە ستی خۆی والآ دە کات بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لە شەودا تاوانی کردووە بگەڕێتەوە، ئەم کارەی خودا تا ئەو کاتەی خۆر لە خۆرئاوا هەڵدێت بەردەوامە.

15- تەوبە کردن سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

پێغەم بەری خودا فەرموو یەتی: {واللَّهِ إنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وأَتُوبُ إلَيْهِ في اليَومِ أكْثَرَ من سَبْعِينَ مَرَّةً}[3]. واتە: سوێند بە خودا من داوای لێبووردن لە خودا دکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار.

16- خودا تەوبە لە بەندە قبوڵ دەکات مادام گیان نەگەیشتبێتە گەرووی.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ اللهَ يقبلُ توبةَ العبدِ ما لم يُغَرْغِرْ}[4]. وا تە: بێگومان خودا تەوبەی بەندە قبوڵ دەکات مادام گیان نەگەیشتبێتە گەرووی.

(1) رواه الترمذي، الرقم(2499)، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه ابن باز في مجموع فتاوى بن باز، ج.2، ص.27.
(2) رواه مسلم، الرقم(2759)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه).
(3) رواه البخاري، الرقم(6307)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(4) رواه الترمذي، الرقم(3537)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

17– تەوبە موسڵمان بە تەواوی پاك دەكاتەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {النَّدم توبةٌ، والتَّائبُ من الذَّنب كمَن لا ذَنبَ لَهُ}[1]. وا تە: پەشیمانی لە تاوان تەوبەیە، ئەوەی تەوبە دەكات لە تاوان وەك ئەوە وا یە هیچ تاوانی نەبێت.

18– تەوبە كردن مایەی خۆشحاڵی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَلَّهُ أَشَدُّ فرحا بتَوْبَةِ عَبْده المُؤْمن، من رَجُلٍ في أَرْض دَوِيَّة مهْلكَة، معه راحلَتُه، عَلَيْها طَعامه وشَرابُه، فَنام فَاستيقَظَ وقَدْ ذَهبتْ، فَطَلَبَها حتَّى أَدْرَكَه العطَشُ، ثُمَّ قالَ: أَرْجعُ إلى مَكَاني الذي كُنْتُ فيه، فأنامُ حتَّى أَمُوتَ، فَوضَعَ رأْسَهُ على ساعده ليموتَ، فَاستَيقَظَ وعندَهُ راحلَتُه وعلَيها زادُه وطَعامُه وشرابُه، فَاللَّهُ أَشَدُّ فرحا بتوبة العَبْد المُؤْمن من هذا براحلَته وزادَه}[2]. واتە: خودا دڵخۆشترە بە تەوبەی بەندەی بڕواداری خۆی لە دڵخۆ شی پیاو ێك لە شوێنێكی چۆڵ لا بدات و وڵاغەكەی شی لەگەڵدا یە هەر چی خواردن و خوار نەوەی خۆی هە یە لە سەر پ شتیەتی، ئیذ جا خەوت كا تێك هەڵ سایەوە وڵاغە كەی ڕۆیشتووە، بەدوا یدا گەڕا تا تێنووی بوو، پا شان و تی: دەگەڕێمەوە ئەو شوێنەی لێی بووم، دەخەوم تا دەمرم، سەری خۆی لە سەر با سكی خۆی دادەنێت بۆ ئەوەی بمرێت، كاتێك بەخەبەر ها تەوە وڵاغە كەی لە لای بوو و هەموو زاد و خواردن و خوارنەوەی خۆی لەسەریەتی، خودا هێشتان دڵخۆ شترە بە تەو بەی بە ندەی بڕواداری خۆی لەو پیاوە بە وڵاغ و زادەكەی.

19– تەوبە كردن مایەی بەختەوەریە بۆ موسڵمان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {وإنَّ من السَّعادة أن يطولَ عمرَ العَبد ويرزقُه اللهُ الإنابةَ}[3]. واتە: بەڕاستی یەكێك لە بنەماكانی بەختەوەری ئەوە یە تە مەنی بە ندە درێژ بێت و خودا گەڕانەوەی لە تاوان پێ ببەخشێت.

20– بەهۆی تەوبە كردن مرۆڤی موسڵمان لە ستەمكاران جیا دەبێتەوە.

چونكە خودای بەتوانا فەرموویەتی: ﴿وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ الحجرات. واتە: ئەوەی تەوبە نەكات ئەوانە خۆیان ستەمكارن.

---

(1) رواه الترمذي في نوادر الأصول، ج.2، ص.349، عن أبي سعيد الخدري، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6803).

(2) رواه البخاري، الرقم(6308)، ومسلم، الرقم(2744)، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد، الرقم(11564)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه)، وحسنه المنذري في الترغيب والترهيب.

21– بەهۆی تەوبە کردنەوە دڵ پاك دەبێتەوە لە ڕەش بوون و ژەنگی تاوان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ العبدَ إذا أخطأَ خطيئةً نُكتت في قلبه نُكْتةٌ سوداء، فإذا هو نزعَ واستَغفرَ وتابَ سُقلَ قلبُهُ...}[1]. وا تە: بێگو مان هەر كاتێ بەندە تاوانێكی كرد خاڵێكی ڕەش لەسەر دڵی دروو ست دەبێت، جا ئەگەر وازی لە تاوانە كە هێنا و داوای لێبووردنی كرد و گەڕایەوە ئەو كات دڵی پاك و سپی دەبێتەوە.

(1) رواه أبو داود، الرقم(3334)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەك دەربارەی تەوبە كردن

1- نُعمانی كوڕی بَشیر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پرسیار كرا لە عُمری كوڕی خ طّاب دەربارەی تەوبەی نەصوح، فەرمووی: (التَّوبة النَّصوح أنْ يَتُوبَ الرَّجُل من العَمَلِ السَّيِّئِ، ثُمَّ لا يَعُودَ إلَيْه أبَدًا)[1]. تەوبەی نەصوح ئەوەیە پیاو تەوبە بكات لە كردەوەی خراپ پا شان هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ لای.

2- لقمان ی حەكیم بە كوڕەكەی دەڵێت: (يَا بُنَيَّ لَا تُؤَخِّرِ التَّوْبَةَ، فَإِنَّ الْمَوْتَ قَدْ يَأْتِي بَغْتَةً)[2]. واتە: ئەی كوڕەكەم تەوبە كردن دوامەخە چونكە بێگومان مردن لەناكاو دێت.

3- ع بدالله ی كوڕی ع باس(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: (كُلُّ ذَنْبٍ أَصَرَّ عَلَيْهِ الْعَبْدُ كَبِيرٌ، وَلَيْسَ بِكَبِيرٍ مَا تَابَ مِنْهُ الْعَبْدُ)[3]. واتە: هەموو تاونێك بەندە لەسەری بەردەوام بێت گەورەیە، و گەورەش نیە هەر تاوانێك بەندە تەوبەی لێ بكات.

4- ا بن ال قیم دە فەرموێت: (القَلب يَمرض كَما يَمرض البَدَنُ وشِفاؤه في التَّوبة والحِمية)[4]. واتە: دڵ ناساخ دەبێت وەكو چۆن لاشە ناساخ دەبێت، و چابوونەوەشی لە تەوبە كردن و كەم خواردن دایە.

5- دەربارەی تەوبەی نەصوح پرسیاریان لە حەسن ی بە صری كرد فەرمووی: (نَدَم بالقَلب، واستغفار باللّسان، وترْكٌ بالجوارِح، وإضمار ألّا يعود)[5]. وا تە: بە شیمان بوو نەوە بەدڵ، داوای لێبوردنكردنە بە زمان، وازهێنان بە ئەندامەكانی لەش، ئەوەی لە د ڵدا هەڵگرتبێت كە نەگەڕێتەوە بۆ سەر تاوان.

6- إبراهیم ی كوڕی أدهم دەفەرموێت: (إِنَّكَ إِنْ أَدْمَنْتَ النَّظَرَ فِي مِرْآةِ التَّوْبَةِ بَانَ لَكَ قَبِيحُ شَرِّ الْمَعْصِيَةِ)[6]. واتە: ئەگەر تۆ بەردەوام تەما شای ئاوێنەی تەوبە بكەی ئەوكات بۆت دەردەكەوێت ناشرینی خراپەی تاوان.

(1) الإمام الطبري، تفسير الطبري، ج.14، ص.198.
(2) التوبة، ابن أبي الدنيا، ص.53.
(3) المصدر السابق، ص 72 .
(4) فوائد الفوائد، ابن القيم، ص.263.
(5) زاد الميسر، ابن القيم، ج8، ص.314.
(6) التوبة، ابن أبي الدنيا، ص.47.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر تەوبە کردن

1- یەکەم تەوبەی مرۆڤــ تەوبەی باوکە ئادەم بوو(عليه السلام).

دەربارەی ئادەم و حەوا خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾﴾ البقرة. وا تە: و تمان بە ئادەم خۆت و هاو سەرەکەت لە بەهە شت نیشتەجێبن لەهەر شوێنێك حەزدەکەن بە خۆشی و فراوانی و هەرگیز نزیکی ئەم درەختە مەبن ئەگەر نا دەچنە ڕیزی ستەمکاران. هەڵبەتە دوای ئەوەی شەیتان فریوی دان، و لە درەختەکەیان خوارد، خودای گەورە لە بەهەشت دەری کردن.

بەڵام دوای ئەمە ئادەم و هاوسەرەکەی تەوبەیان کرد وتیان: ﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾ الأعراف. وا تە: ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد و ئەگەر تۆ نەمانبووریت و بەزییت پێمان نەهێتەوە بێگومان ئێمە لە زیانلێکەوتووان دەبین. سەرەنجام خودا لێیان خۆش بوو.

2- تەوبەی ئەو ئافرەتە بەس بوو بۆ حەفتا کەس.

عِمرانی کوڕی حُصَین(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموویێت: ئافرەتێکی جو هەینی دووگیان بوو لە زینا، ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، و تی: ئەی پێغەمبەری خودا دوچاری کارێك هاتووم دەمەوێت سزام بدەی، دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا دڵنیا بوو بەدوای وەلی ئەمری ئافرەتەکەی نارد، فەرمووی: {أَحْسِنْ إِلَيْهَا، فَإِذَا وَضَعَتْ فَأْتِنِي بِهَا}. واتە: لەگەڵی باش بە، ئەگەر کۆرپەکەی دانا بیهێنە بۆ لام. کابراش وای کرد، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد جل و بەگی باش داپۆشن، فەرمانی کرد بەرد باران کرا، پاشان پێغەمبەری خودا بە خۆی نوێژی لەسەر کرد، عمری کوڕی خطاب فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئا یە نو ێژ لە سەر ئافرەتێك دە کەی زینای کردووە؟ فەرمووی: {لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ لَوَسِعَتْهُمْ، وَهَلْ وَجَدْتَ تَوْبَةً أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لِلَّهِ تَعَالَى؟}[1]. وا تە: بەڕا ستی ئەو ئافرە تە تەوبە یەکی کردووە ئەگەر تەوبەکەی دابەش بکرێت لە نێوان حەفتا کەس لە خەڵکی مەدینە بە شیان دە کات، ئا یە لەمە باشتر دەبینی کەسێك بەخۆی بێت بەرەو لای خودا؟.

---

(1) صحيح المسلم، الرقم(1696).

3– تەوبە کردنی بکوژی سەد کەس.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ((لە بەنـی ئیسرائیل پیاوێك هەبوو نەوەت و نۆ کەسی کوشتبوو، پاشان بەمەستی تەوبەکردن پرسیاری لە ڕاهیبێك کرد ئا یە بۆم هە یە تەوبە بکەم؟ ئەویش وتی: نەخێر. بۆیە ئەویشی کوشت، پاشان هەمان پرسیاری لە زانایەك کرد، ئەو وتی: بەڵێ، هیچ شتێك ڕێگر نیە لە نێوان تۆو تەوبە کردندا، بەڵام لەم شوێنە بڕۆ بۆ شوێنێك کە خواپەرستی باشی لێیە و لەوێ خواپەرستی بکەو نەگەڕێیەوە بۆ ئەو شوێنەی تاوانت لێی ئەنجامداوە، پیاوەکە ڕۆیشت، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا کۆچی دوایی کرد، لەو کاتەدا فریشتەکانی ڕەحمەت و عەزاب لێیان بووە کێشە، ئەوانی ڕەحمەت دەیان وت: ئەمە تەوبەی کردووە بۆیە ئێمە دەیبەین، ئەوانیتر دەیان وت: هیچ چاکەیەکی ئەنجام نەداوە، پاشان فریشتەیەك لەسەر شێوەی ئادەمیزاد هاتە نێوانیان، دادوەری بۆ کردن وتی: نێوان هەردوو شوێنەکان، شوێنی خراپەکردن و چاکەکردن بپێون، بۆ کام شوێن نزیکتر بوو بۆ ئەوێیە، ئیتر کە پێوایان لەو شوێنە نزیکتر بوو کە بۆی دەچوو، بۆیە فریشتەکانی ڕەحمەت بردیان))[1].

4– بەهۆی تەوبەی تەوبەکارێك بارانیان بۆ باری.

لەسەردەمی پێغەمبەر موسی(عليه السلام) بەهۆی بێ بارانی دووچاری قاتی دە بن، بۆیە داوا لە موسی دەکەن کە داوا لە خودا بکات بۆیان، موسی لە گەڵ ژمـاریەکی زۆر چوونە دەرەوە بۆ داواکردنی باران لە خودا، بەڵام خودا بە موسای فەرموو: لە ناو ئێوەدا بەندەیەك هەیە ماوەی چل ساڵە دژایەتی من دەکات بە تاوان، بۆیە باران نابارێت، بانگی بکە با خۆی دەربخات، موسی فەرمووی: خودایە من بەندەیەکی لاواز و دەنگم کزە چۆن دەتوانم بە هەموویان بگەیێنم؟ خودا فەرمووی: لەتۆوە بانگکردن و لەمیش گەیاندنی دەنگە کە، موسی بانگی کرد و فەرمووی: ئەی بەندەی تاوانبار لە ناو خەڵك وەرە دەرەوە چونکە بەهۆی تۆوە بارانمان بۆ نابارێت، پیاوەکەش لەملا و لەولا ڕاما کەسی نەبینی هەڵستێت، بۆیە زانی خۆیەتی، لە خۆیەوە وتی: ئەگەر هەڵستم ڕیسوا دەبم، بۆیە تەوبەی کرد و خودای گەورەش تەوبەکەی قبوڵ کرد و بارانیش باری، موسی فەرمووی: ئەی خودایە چۆن بوو باران باری لە کاتێکدا کەس هەڵنە ستا و نەهاتە دەرەوە؟ خودا فەرمووی: بەهۆی ئەو باران نەدەباری و هەر بەهۆی ئەویشەوە باران باری، موسی

(1) البخاري، الرقم(3470)، ومسلم، الرقم(2766)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

فەرمووی: ئەو کێ یە؟ خودا فەرمووی: ئەی مو سی ئەو لە بێ فەرمانی م ندا بوو شەرمەزارم نەکرد ئایە شەرمەزاری دەکەم لە کاتێکدا ئەو گوێڕایەڵی منە؟[1].

5– تەوبە کردنی هاوەڵی بەڕێز أبو لُبابَة(رضي الله عنه).

دوای ئەوەی لە جەنگی خە ندەق خودای بەتوانا کافرە کانی لە دەوری مەدینە دوور خستەوە جبریل(عليه السلام) هاتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: تۆ چەکت دا ناوە بەڵام ئێمە چەکمان دا نەناوە، هەر ئێستا برۆ بۆ سەریان، پێغەم بەری خودا فەرمووی: مەبەستت کێ یە؟، جبریل ئاماژەی بۆ هۆزی(قورەیزە) کرد. هەڵبەت: ئەوان سەرەتا هاوپەیمان بوون لەگەڵ موسڵمانان، بەڵام لە کاتی جەنگی خەندەق پەیمانە کەیان شکاند و ناپاکیان کرد و بوون بە هاو پەیمانی قورەیشیەکان، بۆ یە پێغەم بەر بۆ یان دەرچوو، ماوەی بیست و پێنج ڕۆژ گەمارۆ یدان، دوای ئەوە ورە یان نەما و زۆر ترسان، بۆ یە پێشنیاریان کرد أبو لُبابَة بێت بۆ لایان تا ڕاو یژی لەگە ڵدا بکەن، پێغەم بەری خودا أبو لُبابَة ی بۆ ناردن، کاتێك أبو لُبابَة دۆخەکەی بینی بەزەیی هاتەوە پێیان، وتیان: تۆ چی دەڵێی؟ ئایە خۆمان بدەین بە دەست؟ أبو لُبابَة بە زمان پێی وتن بەڵێ، بە دەستیش ئاماژەی بۆ گەردەنی کرد، واتە دەکوژرێن، بەڵام هەر ئەو کات زانی ئەمە تاوان و نا پاکی کردنە بەرامبەر بە پێغەمبەری خودا، زۆر پە شیمان بوو یەوە، بەڵام ڕووی نەهات بچێتە لای پێغەمبەری خودا، ئەوە بوو لە یەکێك لە ستوونەکانی ناو مزگەوت خۆی بە ستەوە، وتی: ئەبێ بەم شێوەیە بم تا خودا تەوبەکەم قبوڵ دە کات، ئەم ئایە تە دەربارەی ئەم ڕووداوە دا بەزی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴿٢٧﴾﴾ الأنفال. واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ناپاکی مەکەن لەگەڵ خودا و پێغەم بەر، نا پاکی مە کەن لە سپاردەکانتان لە کاتێ کدا دە شزانن. کات ێك پێغەم بەری خودا بە مەی زا نی فەرمووی: ئە گەر أ بو لُبا بَة بهاتا یە بۆ لام داوای لێخۆ شبوونم بۆ دە کرد، بەڵام ئێستا ئە مەی کردووە من نایکە مەوە تاوەکو خودا تەوبەکەی قبوڵ دە کات، دوای شەش ڕۆژ خودا تەوبە کەی قبوڵ کرد و ئەم ئایە تەی دابەزاند: ﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴿١٠٢﴾﴾ التوبة.. واتە: کەسانێکیتر هەن دانیان ناوە

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج1، ص.29.

به تاوانەکانیان کردەوەی چاکیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ کردەوەیتری خراپ ئومێد وا یە خودا تەوبەیان لیٚ وەرگرێت، بەڕاستی خودا لێبوردەو میهرەبانە.

أم سَلَمَة(رضي الله عنها) فەرمووی: ئا یە بڕ چم مزگێنی پیٚ بدەم ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، فەرمووی: بەلٚێ. کاتێك مزگێنی پێدا أبو لُبابة وتی: سوێند بە خودا نابێت هیچ کەس بمکاتەوە تاوەکو پێغەمبەری خودا بە دەستی خۆی نەمکاتەوە، ئەوە بوو کاتێك پێغەمبەر دەچوو بۆ نوێژی بەیانی چووە لای و بە دەستی خۆی کردیەوە[1].

6- پیاوێك دێتە لای إبراهیمی کوڕی أدهم پێی وت: دەروونم داوای تاوانم لێدەکات ئامۆژگاریم بکە بەڵکو تەوبە بکەم، إبراهیم پێی وت: پێنج شتت بە یاد دێنمەوە:

یەکەم: ئەگەر ویستت تاوان بکەی، لە ڕزقی خودا مەخۆ، پیاوەکە وتی: ناتوانم.

دووەم: ئەگەر ویستت تاوان بکەی، لە مولکی خودا دامەنیشە، پیاوەکە وتی: ناتوانم.

سیٚیەم: لە شوێنێك تاوان بکە کە خودا نەتبینێت، پیاوەکە وتی: ناتوانم.

چوارەم: ئەکەر فریشتەی گیان کێشان هات پێی بڵیٚ: مۆڵەتم بدە تاکو تەوبە یەکی یەکجاری دەکەم و کردەوەی چاك دەکەم، پیاوەکە وتی: ناتوانم.

پێنجەم: ئەگەر فریشتەکان تۆیان برد بۆ دۆزەخ بڵیٚ: ناهێم لە گەڵتان، پیاوە کە وتی: ناتوانم. ئیتر کابرا تەوبەی کرد و بەردەوام بوو لە سەر تەوبە کەی و خواپەرستی تا لە دونیا مابوو[2].

7- تەوبە کردن و گەڕاندنەوەی مافی خەڵك.

م سید علی عبدالواحد دەفەرموێت: (لە 2012/1/6 ز بەهۆی دواکەوتنی باران لە مزگەوتی شێخ عبدالقادر لە سلێمانی باسی تەوبە و هۆکارەکانی باران نەبارینم کرد، ڕۆژی شەممە بینیمان زەرفێکیان هەڵداوەتە حەوشەکەمان، نامەیەکی تێدا بوو لەگەڵ خەناوکەیەکی زێڕ، نووسرابوو: مامۆستای بەڕێز بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا ماڵی فلان بووکیان دەگواستەوە ئەو کات ئێمە زۆر هەژار بووین زۆریش گوێمان بە حەڵاڵ و حەڕام نەدەدا، بۆیە ئەم زێڕەم دزی، ئەمڕۆش لە مزگەوت بووم کاتێك باسی تەوبەت کرد زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم بۆیە تەوبەم کرد و ئەم خەناوکەیەی دزی بووم بیست میسقاڵ زێڕ عەیار 21 بوو، ئەمڕۆش چوومە بازاڕ بیست میسقاڵ زێڕ عەیار هەژدەم کڕیەوە بایی پەنجا

(1) سيرة ابن هشام، ابن هشام، ج.3، ص.262.

(2) التوابين، ابن قدامة المقدسي، ص.169.

وەرەقە بوو، تۆش بە خێری خۆت بۆیان ببەوە با گەردەنم ئازاد کەن، دەڵێت: چووم بۆ ماڵیان و لێم پرسین بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا هیچ شتێکتان لێ ون ببوو؟ بە سەرسوڕمانەوە وتیان: بەڵێ، خەناوکەیەکمان لێ ون بوو، بەڵام دوای ئەوەی زۆر بە دوایدا گەڕاین نەمان دۆزیەوە، پێم وتن: ئەمە خۆیەتی، ئافرەتێك دزیبووی، ئێستاش تەوبەی کردووە، بۆی گێڕاونەتەوە، ئێوەش گەردەنی ئازاد کەن. ئیتر زۆر خۆش حاڵ بوون و گەردەنیان ئازاد کرد، بەڵام لە هەمووی سەیرتر لە هەمان حەفتەدا بارانێکی باش باری و دڵی هەموانی خۆش کرد[1].

---

(2) پایزە برا، ج.2، ص.9.

الإستغفار

پێناسەی(استغفار)

الاستِغفارُ لُغَةً: طلَبُ المَغفِرَة بِالمَقالِ وَالفَعالِ[1].

وَيُقالُ: اسْتَغْفَرْتُ اللهَ أي: سَأَلْتُهُ المَغْفِرَةَ، وأَصلُ الغَفْرِ التَّغْطِيَةُ والسَّتْرُ[2].

وكُلُّ شَيْءٍ سَتَرْتَهُ فَقَدْ غَفَرْتَهُ[3].

وفي الاصْطِلاحِ: عِبارةٌ عَنْ طَلَبِ المَغْفِرَةِ مِنَ اللهِ تَعالى، إِمَّا بِسُؤَالِ العَفْوِ وَعَدَمِ العِقابِ مِمّا وَقَعَ مِنَ المَعاصي[4]، وإِمَّا بَطَلَبِ الغَفْرِ والسَّتْرِ عَنِ الأَغْيارِ[5].

واته: له زمانه‌وانیدا: داواکردنی لێخۆشبوونه به گوفتار و کردار.

ده‌وترێت: داوای لێبووردنم کرد له خودا به‌واتای: داوای لێخۆشبوونم لێکرد، ئه صلی مادده‌ی(غَفْر) واته: داپۆشین و شاردنه‌وه.

هه‌ر شتێکت شارده‌وه واته: لێی خۆشبووی.

داوای لێبوودن له زاراوه‌یدا: بریتیه له داواکردنی لێخۆشبوون له خودا، جا چ به به‌خشین و سزا نه‌دان به هۆی تاوان، یان داواکردنی لێخۆشبوون داپۆشین بۆ که‌سانی تر.

---

(1) المفردات، أبو نعيم الأصبهاني، ج1، ص.609.

(2) لسان العرب، ابن منظور، ج.10، ص.91.

(3) المصدر السابق.

(4) مجمع الفائدة، الهيثمي، ج.5، ص.318.

(5) مرآة العقول، محمد باقر المجلس، ج.11، ص.306.

پلە و پایە و سوودەکانی استغفار لە( ) خاڵدا

1- استَغفار کردن جێبەجێ کردنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱسْتَغْفِرُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ۝٢٠﴾ المزمل. وا تە: داوای لێبووردن لە خودا بکەن بێگومان خودا تاوان بەخش و میهرەبانە.

2- استغفار دەبێتە هۆکاری دابەزینی بارانی رەحمەت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا۝١٠ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا۝١١﴾ نوح. واتە: داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن ئەو زۆر لێبووردەیە، بارانی ئاسمانتان بە خوڕ بۆ دەنێرێت.

3- بەهۆی استغفار موسڵمان دەبێتە خاوەن ماڵ و منداڵ.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ۝١٢﴾ نوح. وا تە: بەهۆی استغفار خودا یارمەتیتان دەدات بە ماڵ و منداڵ.

4- بەهۆی استغفار موسڵمان دەبێتە خاوەن باغ و ڕووبار.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا۝١٢﴾ نوح. واتە: بەهۆی استغفار خودا باغ و رووبارتان بۆ درووست دەکات.

5- استغفار هۆکاری دەستەبەربوونی بەزەیی خودایە.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ۝٤٦﴾ النمل. واتە: بۆچی داوای لێخۆشبوون لە خودا ناکەن بەڵکو بەزەیی پێتان بێتەوە.

6- ا ستغفار ما یەی خۆش گوزەراز یە. خودای زۆر بە سۆز فەرموو یەتی: ﴿وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى۝٣﴾ هود. واتە: داوای لێبووردن لە پەروەردگارتان بکەن پا شان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو تەو بە بکەن، ئەگەر وا بکەن خودا تاوەکو کاتێکی دیاری کراو خۆشیتان دەداتێ.

7- کردنی استغفار هۆکارێکە بۆ دووربوون لە سزای خودا.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ۝٣٣﴾ الأنفال. واتە: هەرگیز خودا سزادەری ئەوان نابێت لە کاتێدا ئەوان داوای لێبووردن بکەن.

8- کردنی استغفار هۆکارێکە بۆ هێز و توانا.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ﴿٥٢﴾﴾ هود. واتە: ئەی گەلەکەم داوای لێخۆشبوون بکەن لە پەروەردگارتان پا شان بگەڕێنەوە لای ئەو تەوبە بکەن ئەوکات لە ئاسمانەوە بارانی زۆر و پڕ بەرەکەتتان بۆ دەبارێنێت و زیاد لەو هێزەی هەتانە هێزیترتان دەداتیّ و پشت لە ئەو مەکەن بە تاوان کردن.

9- کردنی استغفار سیفەتی تەقوادارانە.

خودای مەزن باسی چەند سیفەتێکی تەقواداران دە کات، یەکێك لەوا نە، فەرموو یەتی ﴿وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ﴿١٨﴾﴾ الذاريات. واتە: تەقوادارەکان لە کاتی بەرەبەیان داوای لێخۆشبوون دەکەن.

10- ئەوانەی داوای لێخۆشبوون دەکەن لەلای خودا بەرێزن، بۆ یە خودا ستایشیان دەکات، فەرموو یەتی: ﴿وَٱلۡمُسۡتَغۡفِرِينَ بِٱلۡأَسۡحَارِ﴿١٧﴾﴾ آل عمران. وا تە: ئەوا نەی کە لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوون دەکەن.

11- داوای لێخۆشبوون مایەی لێبووردەیی و بەزەیی خودایە.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴿١١٠﴾﴾ النساء. واتە: هەر کەسێك کارێکی خراپ بکات کە زیان بە خەڵك بگەیێنێت یاخود کارێك بکات زیانی بۆ خۆی هەبێت و ببێتە ستەم لە خۆی پا شان داوای لێخۆشبوون بکات ئەوا دەبینێت کە الله زۆر لێبووردە و میهرەبانە.

12- بوونی استغفاری زۆر لە ناو لاپەڕەی کردەوەکان مایەی خۆشحاڵیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن أحبَّ أن تَسرَّه صَحيفته، فَلْيُكْثِر فيها من الاستغفار}[1]. واتە: هەر کەسێك پێی خۆشە نامەی کردەوە کانی دڵخۆشی بکات با استغفاری زۆری تێدا تۆمار بکات.

13- کردنی استغفار سوننەتی پێغەمبەرمانە(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: { واللَّه إنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وأَتُوبُ إلَيه في اليَوم أكْثَرَ من سَبْعِين مَرَّةً}[2]. واتە: سوێند بە خودا من داوای لێبووردن دەکەم لە خودا و دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو تەوبە دەکەم لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتاجار.

---

(1) رواه البيهقي، الرقم(665)، عن الزبير بن العوام(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(5955).

14- کردنی استغفار به دڵ و زمان تاوانەکان دەسڕیتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: هەر کە سێك بڵێت: (أَستَغفِرُ اللهَ العَظيمَ الّذي لا إلهَ إلّا هو الحيُّ القَيّومُ وأَتوبُ إلَيه) لێی دەبووردرێت هەرچەندە ئەگەر لە کاتی ڕووبەڕووبە نەوە لەگەڵ بێ بڕواکانیش لە جەنگدا ڕایکردبێت[1].

لە فەرموودەیەکی تری قود سیدا خودای گەورە فەرموو یەتی: (يا ابن آدم! لَو بلَغَتْ ذُنوبك عَنانَ السَّماء ثُمَّ استغفَرْتَني، غَفَرتُ لَكَ ولا أُبالي)[2]. واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئە گەر تاوانەکانت گەیشتە بەرزی ئاسمان پا شان داوای لێبوورد نت لێ کردم، لێت دە بوورم و هیچ گرنگیشی پێ نادەم.

15- خوێندنی استغفار هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت.

هەروەک پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی سید الإستغفار فەرموو یەتی: هەر کەسێك لە ڕۆژدا بە یەقین بخوێنێ، ئەگەر لە هەمان ڕۆژدا مرد دەچێتە بەهە شت، وە هەر کەسێك لە شەودا بخوێنێ و لەو شەوەدا مرد ئەو کەسە دەچێتە بەهەشت[3].

16- پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {طوبى لمَن وجَدَ في صَحيفَته استغفاراً كَثيرا}[4]. واتە: (طوبى) بۆ ئەو کەسەی لە ناو لا پەڕەی کردەوە کانی ا ستغفارێکی زۆری هەبێت. تێبینی: (طوبى): درەختێکە لە بەهەشت، یان خۆشییەکە.

17- زۆر کردنی استغفار دەبێتە کەفارەتی هەڵە و تاوەنەکانی مەجلیس.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن جلس في مجلس، فكَثُر فيه لغطُهُ، فقالَ قبل أن يقومَ من مجلسه ذلكَ}. واتە: هەر کەسێك دانیشێت لە مەجلیسێك، لەو مەجلیسە دە نگ بەرزکردنەوە و قسەی بێ سوود و هەڵە و تاوانی تێدا کرا، پێش ئەوەی لەو مەجلیسە هەڵسێت و بڕوات، بڵێت: {سُبحانَكَ اللّهمَّ وبحمدكَ، أشهدُ أن لا إلَهَ إلّا أنتَ أستغفركَ وأتوب إليكَ}. {إلّا غُفِرَ لَهُ ما كانَ في مجلسه ذلكَ}[5]. واتە: ئەم استغفار و زیکرە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی ئەو مەجلیسە.

---

(1) البخاري، الرقم(5957)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3577)، عن زيد بن حارثة(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) الترمذي، الرقم(3540)، عن أنس ابن مالك(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

3() البخاري، الرقم(6306) عن شداد بن أوس

(5) ابن ماجة، الرقم(3093)، عن عبدالله بن بسر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(6) الترمذي، الرقم(3433)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

18– کردنی استغفار دڵ پاك دەكاتەوە لە ژەنگی تاوان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {إنَّ العبدَ إذا أخطأَ خطيئةً نُكِتَتْ في قلبِه نُكْتةٌ سوداء، فإذا هو نزعَ واستغفرَ وتابَ سُقِلَ قلبُه، وإنْ عادَ زِيدَ فيها حتَّى تَعْلُوَ قلبَه، وهوَ الرَّانُ الذي ذَكَرَ اللَّهُ: ﴿كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ المطففين.}[1].

واتە: بێگومان ئەگەر بەندە تاوانێكی كرد ئەوا خاڵێكی ڕەش لە سەر دڵی دروست دەبێت، جا ئەگەر وازی لە تاوانەكە هێنا و داوای لێخۆشبوونی كرد و تەوبەی كرد دڵی پاك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر گەڕایەوە بۆ تاوان ئەوكات خاڵەكان زیاد دەبن تا دڵی دادەگرن، ئا ئەمە ئەو ژەنگەیە كە خودای گەورە باسی كردووە، واتای ئایەتەكە: نەخێر بەڵكو ژەنگی تاوان نیشتووە لەسەر دڵیان بە هۆی كردەوە خراپەكانیان.

19– بەهۆی استغفار كردن هەوڵ و تەقەلای شەیتان بێ ئاكام دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {إنَّ الشيطانَ قال: وعزَّتِكَ يا ربِّ! لَا أبرحُ أُغْوِي عبادَكَ ما دامتْ أرواحُهم في أجسادِهم، فقال الرَّبُّ: وعزَّتي وجلالي؛ لَا أزالُ أغْفِرُ لهم ما استغْفَرُوني}[2]. واتە: شەیتان وتی: سوێند بە عیزەتی تۆ ئەی پەروەردگارم! بەردەوام دەبم لە گومڕاكردنی بەندەكانت تا ئەوكاتەی گیان لە لاشەیان مابێت، پەروەردیگار فەرمووی: سوێند بە عیززەت و گەورەیی خۆم منیش بەردەوام دەبم لە لێخۆشبوونیان تا ئەوان داوای لێخۆشبوونم لێ بكەن.

20– كردنی استغفار موسڵمان دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ بە تایبەت ئافرەتان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {يا معشرَ النِّساءِ تَصدَّقْنَ، وأَكْثِرْنَ من الاستغفارِ، فإنِّي رأيتُكُنَّ أكثرَ أهلِ النَّارِ}[3]. واتە: ئەی كۆمەڵەی ئافرەتان خێر بكەن و زۆر داوای لێبووردن بكەن، چونكە من ئێوەم بینی زۆرترینی ئەهلی ئاگر بوون.

---

(1) الترمذي، الرقم(3433)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) رواه أحمد، الرقم(11237)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(1650).

(3) المسلم، الرقم(79)، عن ابن عمر(رضي الله عنها).

چەند وتەیەکی گرنگ دەربارەی استغفار

1- ابن عَطِيَّة دەفەرموێت: پێویستە لەسەر هەموو بڕوادارێك استغفار بكات بۆ پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار، چونکە ئەمە چاکەیە[1] .

2- ابن تَيمة دەيفەرموو: جاری وا هەبوو لە بابەتێك دەوەستام بۆم یەکلا نەدەبوویەوە هەزار جار استغفارم دەکرد تا دڵم لێی ئاسوودە دەبوو، دەمزانی و ئیشکالم نەدەما[2].

3- حَسَنی بەصری دەفەرموێت: زۆر استغفار بکەن لە ماڵەکانتان و لەسەر خوانەکانتان و لە ڕێگا و بانەکانتان و لە بازاڕەکانتان و لە کۆڕ و دانیشتنەکانتان، چونکە ئێوە نازانن لێبووردەیی و لێخۆشبوون کەی دادەبەزێت[3].

4- ابن كَثِير دەفەرموێت: گوفتارەکانی پێغەمبەر يَعْقوب(عليه السلام) بە منداڵەکانی فەرموو: ﴿سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ﴾ يوسف. واتە: دوایی داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەکەم لە پەروەردگارم. دوایخست تا کاتی بەرەبەیان، چونکە ئەوکات کاتێکی تایبەتە بۆ نزا و داوای لێبووردن[4].

5- عبدالله ی کوڕی عَباس(رضي الله عنهما) فەرموویەتی: دوو شت مایەی دڵنیابوون نە لە سزای خودا بۆ خەڵك، یەکێکیان: پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) کە نەماوە، ئەوەیتریان استغفار كردنە[5].

6- قتادە دەفەرموێت: بێگومان قورئان دەرد و دەرمانی ئاشنا کردووە بۆ ئێوە، دەردەکانتان تاوانەکانتانە، دەرمانەکانتانیش استغفار كردنە[6] .

(1) المحرر الوجيز، ابن عطية، ج.5، ص.116.
(2) العقود الدرية، الحافظ محمد بن عبدالهادي المقدسي، ص.21-22.
(3) رواه ابن أبي الدنيا في كتاب التوبة(158).
(4) تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، ج.1، ص.434.
(5) المصدر السابق، ج.2، ص.372.
(6) شعب الإيمان، البيهقي، الرقم(6745).

هەندێك لەو كات و شوێنانەی سوننەتە استغفار یان تێدا بكرێت

1- لە كاتی وەستان لە(عەرەفە) و هاتنەخوارەوە لە كێوەكە: خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنۡ حَيۡثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٩٩﴾ البقرة. واتە: ئەی خەڵكی مەككە ئێوەش لەگەڵ خەڵكیدابن لە عەرەفە و لە گەڵ ئەوانیش دابەزن و داوای لێخۆشبوون بكەن، بەڕاستی خودا تاوان پۆش و میهرەبانە.

2- لە دوای هەر سەركەوتنێكی ئیسلام و موسلمانان: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣﴾ النصر. واتە: ئەگەر سەركەوتنی خودا هات و مەككە ڕزگار كرا، وبینیت خەڵك پۆل پۆل دەهاتن بۆ ناو ئاینی خودا، ئەوكات تەسبیحاتی خودا بكە و استغفاری ئەو بكە، بێگومان ئەو تەوبە وەرگرە.

3- كاتی بەرەبەیان: خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَٱلۡمُسۡتَغۡفِرِينَ بِٱلۡأَسۡحَارِ ١٧﴾ آل عمران. واتە: ئەو پیاوچاكانەی لە بەرەبەیان داوای لێخۆشبوون دەكەن لە خودا. هەروەها دەربارەی سیفەتی تەقواداران دە فەرموێت: ﴿وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ١٨﴾ الذاريات. واتە: لە كاتی بەرەبەیان ئەوان داوای لێخۆشبوون دەكەن.

4- استغفار كردن بۆ مردوو دوای ناشتنی: عُثمانی كوڕی عەفّان(رضي الله عنه) دەفەرموێت: هەر كات پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ناشتنی مردوو تەواو ببوایە، لە لای گۆڕەكەی دەوەستا و دەیفەرموو: (داوای لێخۆشبوون بكەن بۆ براكەتان، داوای بۆ بكەن بەڕاست وەڵامی پرسیارەكانی ناوگۆڕ بداتەوە، بێگومان ئێستا پرسیاری لێ دەكرێت)[1].

5- استغفاری منداڵ بۆ دایك و بابی، بە تایبەت دوای مردنیان: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پیاوی وا هەیە لە بەهەشت پلەی بەرز دەكرێتەوە، دەڵێت: ئەمە چیە بەهۆی چیە؟ دەوترێت: بەهۆی استغفاری منداڵەكەتەوەیە)[2].

6- لە كاتی خۆرگیران و مانگگیران: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەركات شتێكتان بینی لەم دیاردانە پەنا ببەنە بەر زیكر و دوعا و استغفاری خودا)[3].

---

(1) أبو داود، الرقم(3221)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) ابن ماجة، الرقم(3660)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن ابن ماجة.

7– له دوای خواردن استغفار كردن بۆ خاوەن ماڵ سوننەته بڵێت: {اللهمَّ بارِكْ لهم فيما رزقتَهم، واغفِرْ لهم وارحَمْهم}[1].

8– كاتی هەستان و ڕۆیشتن له مەجليس: سوننەته بڵێی: {سُبحانَكَ اللّهمَّ وبحمدِكَ، أشهدُ أن لا إلَهَ إلا أنتَ أستغفرُكَ وأتوبُ إليكَ}[2].

9– له دوای دەستنوێژ: يەكێك له زيكرەكانی ئەوەیه سوننەته بڵێی: {سُبحانَكَ اللّهمَّ وبحمدِكَ، أشهدُ أن لا إلَهَ إلا أنتَ أستغفرُكَ وأتوبُ إليكَ}[3].

10– له كاتی كڕنووشدا: سوننەته ئەم جۆره داوای لێخۆشبوونه بكەی: {اللّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ، وجِلَّهُ، وأَوَّلَهُ وآخِرَهُ وعَلانِيَتَهُ وسِرَّهُ}[4].

11– له نێوان كڕنووشەكاندا يەكێك لەو نزا و زيكرانەی سوننەته بوترێت: {رَبِّ اغفِرْ لي، رَبِّ اغفِرْ لي}[5].

12– له دوای سەلامدانەوەی نوێژ: سوننەته سێ جار بڵێی: {أستَغْفِرُ اللهَ}[6].

13– له ڕكوعدا: سوننەته بڵێی: {سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي}[7].

14– هەموو بەيانی و ئێوارە يەك: سوننەته ئەم استغفارە بخوێنرێت، كه بە(سَيدُ الاستغفار) ناسراوە: {اللّهُمَّ أنْتَ رَبِّي لا إلَهَ إلا أنْتَ خلقتني...}تا كۆتای[8].

15– له دوای هەڵه و تاوان استغفار كردن پێویستە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ العبدَ إذا أَخطأَ خَطيئةً نُكِتَتْ في قَلبِه نُكْتَةٌ سوداء، فإذا هو نَزعَ واستَغفر وتابَ سُقِلَ قلبُهُ}[9]. واته: بێگومان هەر كاتێك ئەگەر بەنده تاوانێكی كرد ئەوا خاڵێكی

---

(3) المسلم، الرقم(912)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه).

(1) المسلم، الرقم(2042)، عن عبدالله بن بسر(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3433)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) النسائي، الرقم(952)، وصححه الألباني في سنن النسائي.

(4) المسلم، الرقم(483)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) النسائي، الرقم(1145)، وابن ماجة، الرقم(897)، عن حذيفة بن اليمان(رضي الله عنه).

(6) المسلم(519)، عن ثوبان(رضي الله عنه).

(7) البخاري، الرقم(4293)، عن عائشة(رضي الله عنها).

(8) البخاري، الرقم(6306)، عن شداد بن أوس(رضي الله عنه).

(9) الترمذي، الرقم(3433)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

ڕەش لەسەر دڵی درووست ئەبێت، جا ئەگەر وازی لە تاوانەکە هێنا و داوای لێخۆشبوونی کرد و تەوبەی کرد دڵی پاك دەبێتەوە.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی إستغفار كردن

1- استغفاری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ عائشة(رضي الله عنها) و ئوممەتەكەی.

دایكی بڕواداران عائشة دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: دەمزانی پێغەمبەری خودا چەند دڵی پاك و بێ گەردە، بۆیە جارێكیان پێم وت: دوعا یەكم بۆ بكە، فەرمووی: {اللهمَّ اغفر لعائشةَ ما تقَدَّم مِن ذَنبها وما تأَخَّر وما أَسرَّت وما أَعلَنتْ}. واتە: ئەی خودا یە لە تاوانەكانی پێشتر و دواتری عائشة خۆش ببە، هەروەها ئەو تاوانا نەی ناد یار و ئەوا نەی دیارن. ئەوجا عائشة ئەوندە پێكەنی تا سەری كەوتەوە ناو كۆشی پێغەمبەری خودا، پاشان پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {أَيَسرُّكِ دُعائي؟}. واتە: ئایە دڵخۆشت دەكات نزاكەم؟ عائشة فەرمووی: چۆن نزای تۆ دڵخۆشمَ ناكات؟ ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: {والله إنها لَدَعوتي لأُمَّتي في كُلِ صلاةٍ}(1). واتە: سوێند بە خودا ئەمە نزای منە بۆ ئوممەتەكەم لە هەموو نوێژێكدا.

2- پێشەوا قُرطبي لە تەفسیرەكەی خۆیدا دەگێڕێتەوە لە ربیعی كوڕی صبیح دەفەرموێت: جارێكیان پیاوێك هاتە خزمەت شێخ حَسَنی بەصری شەكوای كەم ئاوی و بێ بارانی كرد، حَسَنی بەصری پێی فەرموو: استغفار بكە، هەر لە هەمان كات پیاوێكیتر هات وتی: نزام بۆ بكە لە خودا بەڵكو مندالێكم پێ بدات، بەویشی وت: استغفار بكە، پیاوێكیتر هات وتی: هەژارم، بەویشی وت: استغفار بكە، یەكێكیتر هات وتی: باغ و بێستانم وشك هەڵگەڕاوە، پێی وت: استغفار بكە، لە دوای ئەوە ابن صَبیح بە حَسَنی بەصری وت: ئەوانە هەر یەكەی گرفتێكی جیاوازی هەبوو، كە چی تۆ بە یەكە یەكەیانت وت: استغفار بكە؟ حَسَنی بەصری فەرمووی: من لە خۆمەوە هیچم نەوتووە، بەڵكو خودا لە سورەتی نوح فەرموویەتی: ﴿فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ١١ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ١٢﴾ نوح.(2).

3- پێشەوا عُمری كوڕی عبدالعزیز(رحمه الله)، ئەو پیاوە بەرێزە لە وەرەع و تەقوا و خواپەرستی بە گشتی نموونەی زۆر كەم بوون. دوای مردنی خەلیفە عُمر، عبدالملكی كوڕی دەڵێت: لە خەودا بە خزمەت باوكم گەیشتم، بینیم لە ناو باغێكدا بوو، چەند

---

(1) رواه ابن حبان، الرقم(7111)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(2245).

(2) التداوي بالاستغفار، حسن بن أحمد بن حسن همام، ج.1، ص.42.

سێوێکی بەرز کردنەوە بۆ لای من، لە تەعبیرەکەدا بە مندالّم لێکدایەوە، پا شان پێم وت: باشترین کردەوە کامە بوو کە دەستت کەوتبێت؟ فەرمووی: استغفار بوو کوڕی خۆم[1].

4– مُقا تِل دە فەرموێت: (دوای ئەوەی گەلە کەی نوح(الْتَيْكُلاً) ماوەکی زۆر نوحـ یان بە درۆخستەوە بەو هۆیەوە خودای گەورە بۆ ماوەی چل ساڵ بارانی لیٚ گرتـ نەوە، ئەوەبوو ک شتوکاڵیان هەروەها ئاژە ڵەکانیان لە بەر بیٚ بارانی لە ناو چوون، و هەروەها هاوسەرەکانیان لەو ماوەیەدا نەزۆك بوون، منداڵیان نەدەبوو، چوونە لای نوح هانا یان بۆ برد، ئەویش پێی فەرموون: ﴿ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴾ نوح.[2].

5- علی کوڕی رَبیعة دەفەرموێت: جارێکیان لە خزمەت پێشەوا علی بووم ئە سپێکی هێـنا ویستی سوار بێت، کە قاچی دانایە ناو ئەو شتەی بۆ سەرکەوتنە، فەرمووی: (بسم الله). کە سەرکەوتە سەر پـشتی فەرمووی: (الحَمدُ لله)، پا شان فەرمووی: ﴿لِتَسْتَوُوا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَـٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَـٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾﴾ الزخروف. پا شان سێ جار فەرمووی: الحَمدُ لله، سێ جاریش فەرمووی: الله أكبر، پاشان فەرمووی: سبحانَك اللّهمَّ إنّي ظَلَمت نَفسي فَاغْفِرَ لي فَإنَّه لا يَغفِر الذُّنوبَ إلّا أَنت، پا شان پێ کەنی، وتم: ئەی ئەمیری بڕواداران بەچی پێدەکەنی؟ فەرمووی: پێغەمبەری خودام بینی(ﷺ) من چیم کرد ئەویش بە هەمان شێوە ئە مەی کرد، پا شان پێ کەنی، مـنیش وتم: ئەوە بە چی پێدە کەنی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بەڕا ستی پەروەردگارت سەرسامە بە بەندە کەی کاتـێك دەڵێت: ئەی پەروەردگارم لە تاوا نەکانم خۆش بە، جـگە لە تۆ کە سیتر ناتوانـێت لە تاوانەکان خۆش بێت[3].

---

(1) المنامات، ابن أبي الدنيا، ص.26.

(2) الجامع لأحكام القران، القرطبي، ج.18، ص.302.

(3) الترمذي، الرقم(3446)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(2069).

تزكية النفس

پێناسەی پاككردنەوەی دەروون

التَّزكِيَةُ في اللُّغَةِ: تَدُلُّ مادّةُ(زَكا) على النُّمُوِّ والزِّيادَةِ.

وَأَصْلُ الزَّكاة: النُّمُوُّ الحاصِلُ عَنْ بَرَكَةِ اللهِ تَعالى[1].

وَفي الاصْطِلاحِ: التَّزكِيَةُ تَعني: تَّطْهيرُ النَّفسِ مِنْ نَّزَعاتِ الشَّرِّ والإِثْمِ، وتَنْمِيَةُ فِطرَةِ الخَيْرِ فيها؛ مِمّا يُؤَدّي إلى استِقامَتِها، وبُلوغِها دَرَجَةَ الإِحْسانِ[2].

واتە: (التزكية) لە زمانەوانیدا: واتا دەبەخشێت لەسەر گەشەكردن و زیادكردن.

ئەسڵی(زكاة): بـریتیە لـەو زیادبوونەی هاتۆتە ئارا لە پیت و بەرەكەتی خودای گەورە.

هەر بۆیەش زەكات ئەو ناوەی لێندراوە، چونكە موسڵمان مافی خودای گەورە لە ماڵەكەی دەردەكات و دابەشی دەكات بەسەر هەژارەكان بە ئومێدی پڕ پیت و بەرەكەت بوونی سەروەت و سامان، یاخود بۆ پاك بوونەوەی دەروون.

تەزكیە لە زاراوەییدا: مەبەست پاككردنەوەی دەروونە لە هەموو خراپە و تاوانێك و گەشە پێكردنی شتە باشەكان لە دەرووندا كە دەبێتە هۆكارێك بۆ ڕاست و درووستبوونی دەروون و گەیشتن بە پلەی چاكە و چاكەكاری.

هەروەها لە پێناسەی(پاككردنەوەی دەروون) پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ثَلاثٌ مَن فَعلَهُنَّ فَقَدْ ذاقَ طَعمَ الإيمان}. واتە: سێ شت هەن هەر كەسێك ئەنجامیان بدات بەڕاستی تامی بڕوای چێشتووە، جا یەكێك لەوانە فەرمووی: {وأَعطى زَكاةَ مالِه طيبةً بِها نَفْسُهُ}. واتە: زەكاتی سامانەكەی بدات بە دڵ بەربوویی و دەروونێكی پاك. پیاوێك لێی پرسی وتی: دەروون پاككردنەوە چی یە؟ فەرمووی: {أَنْ يَعلَمَ انَّ اللهَ عزَّ وجلَّ معه حَيثُ كانَ}[3]. واتە: ئادەمیزاد وابزانێت كە بەڕاستی خودای گەورە لەگەڵیەتی لە هەموو كات و شوێنێك.

---

(1) المفردات، أبو نعيم الأصبهاني، ج.1، ص.381.

(2) منهج الإسلام في تزكية النفس، د. أحمد كرزون، ج.5، ص.1.

(3) أبو داود، الرقم(1582)، عن عبدالله بن معاوية الغاضري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

پلە و پایە و سوودەکانی پاككردنەوەی دەروون لە(ﷲ) خاڵدا

1- پاككردنەوەی دەروون هۆكاری سەرفرازیە لە دونیا و دوارۆژ.

خودای گەورە لە سورەتی(الشَّمس) دوای ئەوەی سوێند بە یازدە شت دە خوات، ئەوجا دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا﴾ الشمس. واتە: بێگومان سەركەوتووە ئەو كەسەی دەروونی پاك كردۆتەوە. لە ئایەتێكیتردا دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾ الأعلى. واتە: بێگومان سەرفرازە ئەو كەسەی دەروونی پاك كردۆتەوە.

2- یەكێك لە هۆكارەكانی هاتنی پێغەمبەران بریتی بوو لە دەروون پاك كردنەوە.

خودای گەورە دەربارەی موسی(عليه السلام) فەرموویەتی: ﴿ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ۝ فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ﴾ النازعات. واتە: برۆ بۆ لای فیرعەون چونكە ئەو بەڕاستی سنووری بەزاندووە، بڵێ: ئایە دەرفەتی ئەوەت هەیە دەروونت پاك بكەیتەوە؟.

هەروەها دەربارەی پێغەمبەرەكەی خۆی محمد(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ﴾ الجمعة. واتە: الله ئەو خودایەیە لە ناو نەخوێندەواران پێغەمبەرێكی لە وان نارد ئایەتەكانی ئەو دەخوێنێتەوە بەسەریاندا و دەروونیان پاك دەكاتەوە.

3- لە بەر پاككردنەوەی دەروون پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەردەوام نزای بۆ دە كرد، دەیفەرموو: {اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا}[1]. واتە: ئەی خودایە تەقوا بە دەروونم ببەخشە، پاكی بكەوە چونكە بۆ ئەمە تۆ باشترینی.

4- پاككردنەوەی دەروون هۆكاری گەیشتنە بە ناز و نیعمەتەكانی بەهەشت.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَـٰتُ ٱلْعُلَىٰ ۝ جَنَّـٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ﴾ طه. واتە: ئەو كەسەی بە بڕواداری بگەڕێتەوە لای خودای گەورە بەڕاستی كردەوەی چاكی ئەنجا مدابێت ئا ئەوا نە پلە و پایەی بەرزیان بۆ هەیە، بەهەشتی(عَدْن) ڕووبارەكان دەڕۆن بە ژێریاندا جێگای هەتا هەتاییە، ئەوە پاداشتی كەسێكە دەروونی خۆی پاككردبێتەوە.

---

(1) المسلم، الرقم(2722)، عن زيد بن أرقم(رضي الله عنه).

5- پاككردنەوەی دەروون خەڵات و فەزڵێكی خودایە بۆ بەندەكانی.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا﴾ النور. واتە: ئەگەر بەهرە و میهرەبانی خودا نەبوایە بە سەرتاندا هەرگیز كەستان پاك نەدەبوونەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ﴾ النساء. واتە: بەڵكو خودای گەورە ئەو كەسانە پاك دەكاتەوە كە خۆی ویستی لەسەر بێت.

6- بەهۆی پاككردنەوەی دەروون هەست بە تام و خۆشی بڕوا دەكرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ثَلاثٌ من فعلَهنَّ فقد طَعِمَ طعْمَ الإيمان}. واتە: سێ شت هەن هەركەسێك ئەنجامیان بدات تامی بڕوای چێشتووە. یەكێك لەوانە، فەرمووی: {وأَعْطى زَكاةَ ماله طيّبةً بها نَفسُه}[1]. واتە: زەكاتی سامانەكەی بدات بە دەروونێكی پاك و خۆشحاڵی خۆی.

(1) أبو داود، الرقم(1582)، عن عبدالله بن معاوية الغاضري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەك دەربارەی پاككردنەوەی دەروون

1- ا بن تیم یة فەرمـویەتی: (النَّفس والأعمالُ لا تَزكو حـتّى يزالَ عنَها ما يُناقضُها، ولا يَكونُ الرَّجل مُتزَكّياً إلا مع تَرك الشّر، فإنَّه يُدنّس النَّفس ويدَسيها). قال ابن قُتيبة: دَساها: أي أَخفاها بالفُجور والمعصيةَ[1]. واتە: دەروون و كردەوەكان پاك نابنەوە تاوەكو ئەو شتانە لا نەبردرێن كە پێ چەوانەی ئەوانن، پ یاو پاك نابێ تەوە تاوەكو واز لە شتە خرا پەكان نەهێنێت، چونكە خرا پەكاری دەروون پیس دە كات. ا بن قُتَیبة دە فەرمویێت: (دَسّاها) واتە: داپۆشینی دەروون بە ستەم و تاوان.

2- ا بن ال قیم دە فەرمویێت: (زَكاةُ النَّفْسِ وطَهارتُها موقوفَةٌ علَى مُحاسبَتها)[2]. وا تە: پاككردنەوەی دەروون پەیوەستە بە لێپێچینەوە لە دەروون.

3- پێشەوا أبو إسحاق ی شاتبی دە فەرمویێت: (الأَعمالُ الظَاهِرةُ في الشَّرعِ دليل على ما في الباطنِ، فإذا كانَ الظّاهر مُستقيماً حُكم على الباطن بذلكَ)[3]. واتە: كردەوە دیارەكان لە شەرعدا بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە ناو ناخدایە، بۆیە ئە گەر كردەوە ئا شكراكان ڕا ست و درووست بوون ئەوكات بە هەمان شێوە بڕیاریش لەسەر كردەوەكانی ناو ناخ دەدرێت.

---

(1) الفتاوى، ابن تيمية، ج.10، ص.629-188.
(2) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.510.
(3) الموافقات، الشاطبي، ج.1، ص.233.

چەند نموونەیەك لەسەر ژیانی دەروون پاكەكان

1- یَز یدی كوڕی حَبـ یب دەگێڕێ تەوە لە مح مدی كوڕی عەمری كوڕی عَ طاء دە فەرموێت: ك چێكمان لەدایكبوو، ناوم لێ نا(بَرَّة). وا تە: چاكەكار، زَینَب ی ك چی سَلَمَة(رضي الله عنها) پێی وتم: پێغەمبەری خودا(ﷺ) قەدەغەی كردووە لەم ناوە، م نیش ناونرابووم بەم ناوە، بەلاَّم پێغەمبەری خودا فەرمووی: {لاتزكّوا أنفسكم، الله أعلم باهل البر منكم}. واتە: خۆتان بە چاك مەزانن، خودا دەزانێت كێ ئەهلی چاكەیە، وتیان: ئەی چ ناوێكی لێ بنێین؟ فەرمووی: {سموها زينب}[1]. واتە: ناوی لێ بنێن زینب.

2- دەربارەی عُتبَەی غولام دەڵێن: دوای ئەوەی بوو بە تەوبەكار هەردەم سەرقاڵ بوو بە خواپەرستی، تەنانەت نان و ئاویشی تێر نەدەخوارد بە دڵی خۆی، دایكی پ ێی دەوت: كەمێك بەزەیی بە دەروونت بكە و پشووێك بدە، لە وەلاَّمدا دەیوت: منیش ئە مەم دەو ێت، دەیـ فەرموو: وازم لێ بێ نە با كەمێك ما ندووبم بۆ ئەوەی ماوەكی زۆر چێژوەرگرم[2].

3- أ نس(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: ڕۆژێك یان لە گەڵ پێ شەوا عُ مر دەرچووین بۆ شوێنێك، پا شان عُمر چووە ناو باخ چەیەك تەنها دیوار ێك لە نێوا نمان هەبوو، گوێم لێ بوو لە گەڵ دەروو نی خۆی دەدوا، دەیـ فەرموو: چەند گرن گی ئەی دەروون! سوێند بە الله یان ئەوەتا ئەبێت پارێزكاری بكەی لە خودا ل ێی بتر سی یانیش خودا سزات دەدات[3].

4- یەكێك لە هاوڕێیەكانی أحنَف ی كوڕی قَیس دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: جاری وا هەبوو دوای ئەوەی زۆر شەونوێژ و نزای دەكرد دەچووە لای چراكەی پەنجە یەكی خۆی دەخستە سەر ئاگرە كە تا ئەو كا تەی هە ستی دە كرد خەریكە داخ بب ێت، پا شان بە دەروونی خۆی دەوت: ئەی أحنَف بۆچی و لە پێناو چی فلان ڕۆژ ئەمەت كرد بۆ ئە مەت ئەنجامدا بۆچی ئەمەت كرد؟[4].

5- دوو پ یاوی دەروون پاك. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: پیاو ێك پار چە زەو یەكی لە پیاو ێك كڕی، ئەو پ یاوەی زەویە كەی كڕی گۆزە یەكی لە ناو زەویە كە

---

(1) صحيح المسلم، الرقم(2142).

(2) المصدر السابق.

(3) رواه أبو داود في الزهد، ص. 73، وغيره ، عن أنس(رضي الله عنه).

(4) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.508.

دۆزیەوە، زێڕی تێدابوو، بە خاوەن زەویە کەی وت: فەرموو ئە مە زێڕەکە تە وەریبگرە، چونکە من تەنها زەویە کەم لە تۆ کڕیوە، نەك زێڕ، فرۆشیارەکەش وتی: نەخێر من زەویەکە و ئەوەی تێیدایە هەمووم بە تۆ فرۆشتووە، پێغەمبەر فەرمووی: پیاوێکیان لە نێوان خۆیان کرد بە دادوەر، پێی وتن: ئا یە ئێوە مندالّتان هە یە؟ یەکێکیان وتی: من کوڕێکم هەیە، ئەوەیتریان وتی: منیش کچێکم هەیە، دادوەرەکە وتی: کچەکە لە کوڕە کە مارە بکەن و زێڕەکەشیان پێ ببەخشن[1].

6- دەروون پاکی عبدالله ی کوڕی مُبارَك.

لە یەکێك لە جەنگەکان لە کەنار ڕووبارێك عبدالله ئە سپەکەی خۆی بە ستەوە و دەستنوێژی شووشت و نوێژێکی کرد، هەر کە سەلامیدایەوە بینی ئە سپەکەی بەربووە و چوویتە ناو کشتوکالّی کەسێك، کە ئە مەی بینی زۆر نیگەران بوو، وتی: ئە سپەکەم حەرامی خوارد، بۆیە ناکرێت جارێکیتر بە سواری ئەم ئە سپە جەنگ و جیهاد بکەم، بۆیە لە قەرەبووی ئەمە ئەسپەکەی دا بە خاوەنی کێلّگەکە، پاشان ئە سپێکیتری کڕی و بە ئەو چوو بۆ جەنگ[2].

7- أسوَدی کوڕی یَزید ئەوندە خۆی ماندوو دەکرد بە خواپەرستی بە شێوەیەك، ئەوندە بە ڕۆژوو دەبوو لە ڕۆژە گەرمەکان تا لا شەی زەرد هەڵدە گەڕا، جارێکیان عَلقَمةی کوڕی قَیس پێی وت: بۆ چی ئەوەندە دەروونت ئازار دەدەی؟ فەرمووی: دەمەوێت دەروونم بەڕێز و قەدر بێت[3].

8- دەروون پاکی محمدی کوڕی سیرین.

کاتێك ابن سیرین دووچاری قەرزێکی زۆر دەبێت، بەو هۆیەوە زۆر غەمبار دەبێت دەفەرموێت: هۆکاری ئەم غەمەم بە هۆی تاوانێك بوو چل ساڵ بەر لە ئێستا تووشی بووم، پرسیان چ تاوانێك بوو؟ فەرمووی: بە پیاوێکم وت: هەی موفلیس مایە پووچ[4].

9- نموونەیەك لە دەروون پاکی سُفیان ی سەوری.

---

(1) البخاري، الرقم(3472)، ومسلم، الرقم(1721)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) تهذيب الأسماء واللغات، النووي، ج.1، ص.74.

(3) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.513.

(4) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.2، ص.171.

سُفيان ی سەوری دەفەرموێت: پێنج مانگ لە شەونوێژ بێ بەش بووم بەهۆی تاوانێك ئەنجاممدا بوو، لێیان پرسی: چ تاوانێك بوو؟، وتی: پیاوێکم بینی دەگریا، منیش لە دڵی خۆم وتم: ئەمە ڕیابازە[1].

10- دەروون پاکی أُوَیس ی قەرەنی.

أُوَیس ی قەرەنی ئەوندە خواپەرستی دەکرد و حەزی لێ بوو، بە شێوەیەك کە شەو دادەهات دەیفەرموو: ئەم شەو شەوی ڕکوعە، بۆیە شەوەکەی تا بەیانی بە سەردەبرد لە یەك ڕکاعەتدا، شەوی دووەم کە دەهات دەیفەرموو: ئەم شەو شەوی کڕنووشە. ئیتر ئەو شەویشی بە سەجدە بردن زیندوو دەکردەوە[2].

---

(5) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.2، ص.200.

(1) المصدر السابق، ج.4، ص.513.

الزُّهد- دونیانەویستن

پێناسەی دونیانەویستن

الزُّهْدُ في اللُّغّة: القِلَّةُ في شَيءٍ. ويُقالُ: رَجُلٌ زَهيدٌ، أيْ قَليلُ المَطعَمِ أوِ المالِ.

وَفي الاصطلاحِ: يقولُ ابن تَيميّة: الزُّهدُ تَركُ ما لا يَنفَعُ في الآخرَةِ.

ويَقولُ أبو سُلَيمان الدارانيُّ: هُوَ تَركُ ما يَشغُلُ عَنِ اللهِ.

وقيلَ: هُوَ استِصْغارُ الدُّنيا ومَحوُ آثارِها مِنَ القَلبِ[1].

واتە: (الزُهد) لە زمانەوانیدا: کەمی لە شتێکدا. دەوترێت: پیاوێکی زەهید واتە: کەمی لە خواردەمەنی یان کەمی لە ماڵ و سامان.

ابن تَيمِيّة دەفەرموێت: زوهد وازهێنانە لە شتێك کە سوودی نەبێت بۆ دواڕۆژ.

وأبو سُلَيمان ی دارانی دەڵێت: وازهێنانە لە شتێك کە ببێتە مایەی سەرقاڵبوون لە خودای گەورە.

ئاگاداریەکی گرنگ دەربارەی دونیانەویستن

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتەکانی خودا لە دونیا و بەدە ست هێنانی سەروەت و سامان و بازر گانی کردن هەرگیز پێ چەوانە نیە لە گەڵ دونیانەوی ستن، مادام بە شێوەیەکی ڕاست و درووست و شەرعی بێت و دوور بێت لە شتی قەدە غەکراو و ناڕەوا، نەك هەر دروو ستە بەڵکو پێوی ستە ئادەمیزاد هەوڵی بۆ بدات، بەڵام دەبێ یت لە چوارچێوەی شەرعدا بێت، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَاۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَۖ ۝٧٧﴾ القصص. واتە: بە شی خۆت بە ڕەوا یی لە دونیا فەرامۆش مەکە، و چاکە بکە لەگەڵ خەڵك هەر وەکو چۆن خودا چاکەی لەگەڵ کردووی.

هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {اليدُ العُليا خَيرٌ منَ اليَدِ السُّفلى}[2].

واتە: ئەو دەستەی دەبەخشێت باشترە لەو دەستەی داوا دەکات.

هەڵبەتە: مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە دونیا دەکاتە کێڵگە بۆ دواڕۆژی خۆی، و ئەو ئە ندازە کەمەی لە تەمەنی پێیدراوە دەیکاتە پردێك بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتی نەبڕاوەی خودا کە بەهەشتە.

---

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.250-251 .

(2) البخاري، الرقم(1427)، ومسلم، الرقم(1034)، عن حكيم بن حزام(رضي الله عنه).

چەند ئایەتێك سەبارەت بە دونیانەویستن و کەمی دونیا

1- ﴿مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ ﴿٩٦﴾﴾ النحل. واتە: ئەوەی لای ئێوەیە تەواو دەبێت، ئەوەی لای خودایە دەمێنێتەوە.

2- ﴿ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴿٢٠﴾﴾ الحديد. واتە: بزانن ژیانی ئەم دونیایە یاری و گاڵتە و خۆڕازاند نەوە و خۆ بە زل نیشاندانە لە ناوخۆتاندا و زۆر کرد نی ماڵ و دارا یی و نەوە یە، ئەوا نە هەر هەمووی وەکو بارانێکی بە پیت وایە کە ببێتە بەر هەمێکی زۆری چووتیارەکان سەرسام دە کات، پاشان وشك بێت و دەبینی زەرد هەڵگەڕاوە، پا شان ورد و خاش دبێت و دکەوێت چۆن هەمووی بیّ مایە دەبێت ژیانی دونیاش هەر وایە ژیانی دواڕۆژیش سزایەکی سەختە بۆ دونیاپەرستان، لەولاشەوە لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خودا بۆ بڕواداارانی چاکەخوازی لیّ بەهرە یە، ژیانی دونیا هیچ نیە جگە لە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەر و ئاواتێکی کەم.

3- ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٤﴾﴾ يونس. واتە: وێنەی ژیانی دونیا کە سەرەتای جوانە و دوا یی لە ناو دە چێت وەکو ئەوەیە کە باران دباریێنین بەو بارا نە گژوگیای زەوی سەوز دبێت و شاخ دکات و تێکەڵ بەیەك ببێت.

4- ﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا ﴿٤٦﴾﴾ الكهف.

واتە: ئەی پێغەمبەر بۆ جوانی و ڕەونەقی دونیا و زوو لا چوونی، نموونە بهێنەوە بۆ خەڵك بەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دامانبەزاندە خوارەوە بەهۆی ئەم ئاوە دونیا پڕ دەبێت لە گیا و سەوزی جۆراو جۆر و بە یە کدا دە چن کە چی زۆری پێنا چێت و شك دەبێتەوە دەبێتە پووش و پەڵاشی وورد و خاش و با دەیبات و شوێنەواری نامێنێت، خودای مەزن توانا و دەستهەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕوات، ماڵ و سامان و منداڵ جوانی ژیانی

دوز یان زوو له ناو ده چن، بەڵام کردەوه چاکەکان که بەرهەمه کەیان هەتا هەتا یه پاداشتیان چاکتره و ئومێدی چاکتریشی لێ دەکرێت بۆ خاوەنەکەی.

5- ﴿قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ﴾ النساء. واته: جا تۆ پێیان بڵێ: رابواردنی دونیا شتێکی زۆر کەم و بێ مانەوەیە بەڵام دوارۆژ زۆر باشتره بۆ ئەو کەسەی که تەقوادارە.

6- ﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ۝ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾ الأعلى. واته: بەڵکو ئێوه ژیانی دونیا هەڵدەبژێرن، کەچی ژیانی دوارۆژ باشتر و بەردەوامترە.

7- ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ وَرِزۡقُ رَبِّكَ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ﴾ طه. واته: تۆ چاوەکانت مەبڕه ئەو ناز و نیعمەتا نەی داومانه به تاقم و دەستەیەك له بێ بڕواکان چونکه ئەوه جوانی و ڕازاوەی ژیانی دونیا یه بۆ ئەوەی تاقیان بکەینەوه، ڕۆزی پەروەردگارت باشتر و بەردەوامترە.

8- ﴿إِنَّا جَعَلۡنَا مَا عَلَى ٱلۡأَرۡضِ زِينَةٗ لَّهَا لِنَبۡلُوَهُمۡ أَيُّهُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا ۝ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيۡهَا صَعِيدٗا جُرُزًا﴾ الكهف. واته: بەڕاستی ئێمه هەرچی لەسەر رووی زەو یدا هه یه کردوومانه به هۆی ڕازاندنەوەی بۆ ئەوەی تاقیان بکەینەوه کام یان کردەوەی با شتر ئەنجام دەدات، بەڕاستی ئەوەی له سەر زەویدا هه یه ئێمه هەمووی دەکەین به زەویەکی تەخت و وشك.

9- ﴿وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفٗا مِّن فِضَّةٖ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ۝ وَلِبُيُوتِهِمۡ أَبۡوَٰبٗا وَسُرُرًا عَلَيۡهَا يَتَّكِـُٔونَ ۝ وَزُخۡرُفٗاۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ الزخرف.
واته: خۆ ئەگەر لەبەر ئەوه نەبوایه خەڵکی هەموو دەبوون به یەکپارچه له بێ بڕوا یی و تاواد کاری وا مان ده کرد هەر که سێك بێ بڕوابوا یه به خودای بەخشندە سەقفی خانووەکانیان له زیو بوایه، هەروەها پلەکان که پێیدا سەردەکەون بۆ مان ده کردن به زیو، دەرگای زۆرمان بۆ خانوەکانیان دادەنا و تەختی زۆر تا له سەری پاڵ بده نەوه، به هەموو جۆره نەخش و نیگارێکی جوان و ڕازاوه دار و د یوار و سەقف و دەر گا و کەلو پەلی ناو ماڵەکانیانمان دەڕازا ندەوه، جا هەموو ئەوا نه بەهره و خۆشی ژیانی دونیان، بەڵام پاداشتی دوارۆژ لای پەروەردگارت بۆ پارێزکارانه.

چەند وتەیەك دەربارەی دونیانەویستن

1- ما لك ی کوڕی دی نار دەی فەرمووی: (النَّاس يقولونَ: عَنّي إنّي زاهدٌ، إنّما الزّاهدُ عمرُ بن عبدِالعزيز الّذي أَتَتْه الدُّنيا فتركَها)[1]. واتە: خەڵك بە من دەڵێن: تۆ دونیانەویستی، بەڕاستی دونیانەویستی تەواو عُمری کوڕی عبدالعزیز بوو، ئەو کە سە بوو دونیا بۆی هات کە چی ئەو پشتی لە دونیا کرد.

2- أیوب ی سەختیانی دەیفەرموو: (لَأَنْ يُخفي الرَّجل زهدَه خير مِن أَن يعلِنَه)[2]. وا تە: ئەگەر پیاو زوهدی خۆی بشارێتەوە باشترە لەوەی ئاشکرای بکات.

3- بِلال ی کوڕی سَعد دەی فەرموو: (واللهِ لَكَفى به ذَنْباً أَنَّ الله يزهِّدنا في الدُّنيا، ونَحن نَرغَب فيها)[3]. واتە: سوێند بە خودا ئەوەندە بەسە کە بە تاوان هەژمار بکرێت خودای گەورە وامان لێدەکات کە دونیا نەویست بین کەچی حەزمان لێیەتی.

4- شێخ حَ سَن ی بە صری دە فەرموێت: (إنّما الفقيه الزاهِد في الدُّنيا، البصير في دينه، المداوِم على عِبادة ربِّه)[4]. وا تە: شەرعزانی دونیانەوی ست ئەو کە سەیە ئەوەی بەر چاوڕوونی هە یە و شارەزایە لە ئاینەکە نەی، بەردەوام بێت لە سەر پەرستشی بۆ پەروەردگارەکەی.

5- إ براهیم ی کوڕی یَز یدی تەیمی دەر بارەی دونیانەوی ستنی پێ شینەی چاك دەی فەرموو: ئا یە ئێوان ئێوە و ئەوان چەند دەبێت؟ لە کاتێ کدا: (أَقبلَت عليهم الدُّنيا فَهربوا، وأَدبرت عنكُم، فَأَتْبعتَموها)[5]. واتە: دونیا ڕووی لە وان کرد ئەوان لە بەری هەڵاتن، و پشتی لە ئێوە کرد، ئێوە شوێنی کەوتن.

---

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.5، ص.458.

(2) المصدر السابق، ج.6، ص.199.

(3) شعب الايمان، البيهقي، ص.6865.

(4) المصنف، ابن أبي شيبة، ص.3588.

(5) الزهد، نعيم بن حماد، ص.551.

چەند نموونەیەك لە دونیانەویستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هاوەڵان

1- عبداللە ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) ویستی ڕایەخێك دابین بکات بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، بۆ ئەوەی لەسەر حەسیرەکەی خۆی ڕا بخات، ئەوەش لە بەر ئەوەی کاتێك عبداللە بینی چۆن حەسیرەکە کاریگەری لە سەر تەنیشتی پیرۆزی هەبووە و نەخشی حەسیر لەسەر تەنیشتی بەدیدەکرا، بەڵام پێغەمبەری خودا بەمە ڕازی نەبوو، فەرمووی: {ما لي وما للدُّنيا ، ما أنا في الدُّنيا إلا كراكبٍ استَظلَّ تحتَ شجرة ثمَّ راحَ وترَكَها}[1]. واتە: دونیا شتێك نیە من دڵم پێی خۆش بێت، نموونەی من لە گەڵ دوًنیـا وەکو سوارچاکێکە لە گەشتێکدا بۆ پشوودان لە ژێر سێبەری درەختێك ڕ شوویێك دەدات پا شان دەڕوات و بەجێی دەهێلێت. دانیشتن لە سەر حەسیر و نووستن لە سەری بەڵگە یە لە سەر دونیانەویستن و زوهدی پێغەمبەری خودا.

2- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەچێتە ماڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دەفەرموێت: بینیم پێغەمبەری خودا لەسەر حەسیرێك ئەنیشکی دابوو بالیفێکی لە بن پیل بوو، لە پێستی ئاژەڵ دروست کرابوو، سەلامم لێ کرد، پاشان چاوم بەرز کردەوە تەما شایەکی ناو ماڵەکەیم کرد سوێند بە خودا شتێکی وام نە بینی کە شایەنی تەماشـا کـردن بێت تەنها چەند پارچە پیستێك نەبێت، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا داوا لە خودا بکە بۆ ئەوەی حاڵ و وەزعی ئوممەتەکەت باش بێت، دەبینین فارس و ڕۆمەکان وەزعیان زۆر باشە، دونیا یان پێدراوە لە گەڵ ئەوەش خودا ناپەرستن، پێی فەرموو: ئا یە تۆ گومانت لە من هە یە ئەی کوڕی خەطاب؟ ئەوانە بەپێشخرا بۆیان خۆشیەکانیان لە دونیا، عُمر فەرمووی: داوای لێبووردنم بۆ بکە[2].

لە ریوایەتێکیتری بوخاری هاتووە کاتێك پێشەوا عُمر حاڵی پێغەمبەر بەم شێوەیە دەبینێت دەست دەکات بە گریان، پێغەمبەری خودا فەرمووی: چ شتێکە دەتگریێنێت؟، عمر وتی: کیسرا و قەیصەر لەم خۆشیە دان تۆش پێغەمبەری خودای، کەچی لەم دۆخە دای، هیچت نیە لە سامانی دونیا تەنها چەند کەل و پەلێکی سادە

(1) رواه ابن ماجة، الرقم(4109)، والترمذي، الرقم(2377)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(2) البخاري، الرقم(2468).

نەبێت، پێغەمبەر فەرمووی: ئەی کوڕی خَطاب؟ ئایە تۆ ڕازی نابیت بەوەی دونیا بۆ ئەوان بێت و دواڕۆژیش بۆ ئێمە بێت؟[1].

3- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) کاتێك باسی لەوە دەکرد کە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خەڵك چۆن کەوتوونەتە ناو کامەرانی و ڕەفاهیەت، دەیفەرموو: بەڕاستی پێغەمبەری خودام بینی سکی لە برسان دەهێشا دەنکە خورمایێکی خراپیش نەبوو بۆ ئەوەی خۆی پێ تێر بکات[2].

4- دونیا نەویستنی پێشەوا علی(رضي الله عنه).

عەمری کوڕی قَیس دەفەرموێت: پێشەوا علی بە جل و بەرگێك دەبیندرا بە پینەبوو، بۆیە کاتێك سەبارەت بەمە گلەییان لێ کرد، فەرمووی: من پێشەنگی بڕوادارانم، و دڵ بۆی ملکەچ دەبێت. هەروەها علی کوڕی أقمَر لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: بینیم پێشەوا علی لە بازاڕ شمشێرەکەی دەفرۆشت، دەیفەرموو: کێ ئەم شمشێرەم لێ دەکڕێت؟ سوێند بە خودا چەندین جار بەم شمشێرە بەرگریم لە ڕوخساری پێغەمبەری خودا(ﷺ) کردووە، گەر نرخی بێجامەیەك پارەم هەبوایە نەمدەفرۆشت[3].

5- أبو بُردَة دەفەرموێت: چوومە ماڵی عائشة(رضي الله عنها) بێجامەیەك و کراسێکی هێنا پیشانی ئێمەیدا، کراسەکە بە پینە بوو، سوێندی خوارد فەرمووی: کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئا ئەو دوو پارچە جلەی لەبەر بوو[4].

6- دونیانەویستنی فاطمة(رضي الله عنها).

پێشەوا علی دەفەرموێت: دەستەکانی فاطمة بەهۆی دەستاڕ قەڵشابوون، بۆیە چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) تاوەکو داوای خزمەتکارێکی لێ بکات، بەڵام لە ماڵ نەبوو، ئەوەبوو بۆ عائشةی باس کرد، کاتێك پێغەمبەری خودا هاتەوە، عائشة هەواڵەکەی پێدا، پێشەوا علی دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا هات بۆ لامان، لە کاتێکدا چووبووینە سەر جێگای خەوتن، ویستم هەستم فەرمووی: لە شوێن خۆتان بن. ئەوەبوو هات لە نێوانمان دانیشت، و من هەستم بە ساردایی پێیەکانی کرد لە سەر سینگم، فەرمووی:

(1) البخاري، الرقم(4913).
(2) المسلم، الرقم(2978).
(3) نفس المصدر.
(4) البخاري، الرقم(3108)، مسلم، الرقم(2080)، وغيرهما.

ئایه فێرتان بکه‌م شتێك باشتر له‌وه‌ی داواتان کرد له من؟ ئه گه‌ر چوونه ناو جێ گای خه‌وتن سی و چوار جار بڵێن: الله اکبر، سی وسێ جار بڵێن: سبحان الله، سی و سێ جار بڵێن: الحمد لله، ئا ئه‌مه باشتره بۆتان له خزمه‌تکار[1].

7- دونیانه‌ویستنی پێشه‌وا عُمر(رضي الله عنه).

حَ سَن ده فه‌رموێت: عُ مر و تاری هه‌ینی دا ئه‌وکا ته‌ی خه‌لیفه بوو له‌کاتێ کدا دشدا شه‌یه‌کی له به‌ردابوو دوازده پی نه‌ی پێوه بوو. هه‌روه‌ها أ نس ده فه‌رموێت: ته‌نها نێوان شانه‌کانی دشداشه‌که‌ی عُمر سێ پینه‌ی پێوه‌بوو[2].

(1) البخاري، الرقم(3705)، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه).

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.147.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئوممەتەکەی هانداوە بۆ ئەوەی ببن بە دونیانەویست

لەم چەند فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێت چۆن پێغەمبەر(ﷺ) شوێنکەوتوانی هان دەدات بۆ ئەوەی دونیا بە کەم سەیر بکەن و قەناعەتیان هەبێت بە بەشی خودا. نموونە:

1- سَهل ی کوڕی سَعدی ساعیدی(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پیاو ێك ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا کارێکم پێ بڵێ ئە گەر بیکەم خودا منی خۆش بوێت هەروەها لای خەڵکیش خۆشەویست بم، پێغەمبەری خودا پ ێی فەرموو: {ازْهَدْ في الدُّنيا يُحبُّكَ اللَّهُ وازْهَدْ فيما عِندَ النَّاسِ يُحبُّكَ النَّاس}[1]. وا تە: دونیانەویست بە خودا خۆشی دوێی و دونیای خەڵکت نەوێ لای خەڵك خۆشەویست دەبێت.

2- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ليس الغِنَى عن كَثْرَةِ العَرَضِ، ولَكِنَّ الغِنَى غِنَى النَّفْسِ}[2]. وا تە: دەوڵەمە ندی بە هەبوونی کەل وپەلی زۆر نیە، بەڵکو دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دەروونە.

3- ع بدالله ی کوڕی عُ مر(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {كُنْ في الدُّنْيا كأنَّكَ غَرِيبٌ أوْ عابِرُ سَبِيلٍ}[3]. وا تە: لە دونیادا وە کو کە سێکی نامۆ غەریب وا بە یاخود ڕێبوارێك. ع بدالله دە یوت: ئە گەر بەیانی هە ستای چاوەڕێی ئێوارە مەکە و ئەگەر گەیشتیە ئێوارە چاوەڕێی بەیانی مە کە. وا تە: بەدووری مەزانە لەو ماوەیەدا بمریت.

4- پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما ملأ ابنُ آدمَ وعاءً شرًّا من بطنه حسْبُ ابنِ آدمَ أُكلاتٌ يقمنَ صلبَه فإن كان لا بُدَّ فاعلاً فثُلُثٌ لطعامه وثلثٌ لشرابه وثلُثٌ لنفسه}[4].

واتە: هیچ شتێك خراپتر نیە بۆ نەوەی ئادەم لە پڕکردنی سکی، بۆ وەچەی ئادەم چەند پاروە نانێکی کەم بەسە ببنە مایەی خۆڕاگری، بەڵام ئەگەر هەر دەیخوارد یان پێویستی پێ بوو ئەوکات با گەدەی خۆی بکا تە سێ بەش بە شێکیان بۆ خواردن و بە شێك بۆ خواردنەوەی و بەشێك بۆ هەناسەی.

---

(1) رواه الحاكم، الرقم(7873)، والبيهقي في شعب الإيمان، الرقم(10522)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(944).

(2) البخاري، الرقم(6446)، ومسلم، الرقم(1050).

(3) البخاري، الرقم(6416).

(4) الترمذي، الرقم(2380)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(5674).

قەناعەت

پێناسەی قەناعەت

القَناعَةُ لُغَةً: بِمَعنى الرِّضا، وَ القَنوعُ بِمَعنى الرِّضا بِاليَسيرِ مِنَ العَطاء[1].

واصطِلاحاً: هِيَ الرِّضا بِما أعطى اللهُ[2].

واته: (قَناعة) له زمانەوانیدا بە واتای ڕازی بوو نه، و(قَنوع) بە وا تای ڕازی بوون بە بەخشینێکی کەم.

(قناعة) له زاراوەییدا: ڕازی بوونه بەو شتەی خودا دەیبەخشێت.

---

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.8، ص.298.

(2) مشارق الأنوار، أبو الفضل البستي، ج.2، ص.187.

پله و پایه و سوودەكانی قەناعەت له( ) خاڵدا

1- لەبەر پله و پایەی قەناعەت خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾ النحل. واته: هەر كەسێك كردەوەی چاك ئەنجام بدات له پیاو یان ئافرەت له هەمان كا تدا بڕوادار بێت ئەوا ژیانێكی پڕ قەناعەت و خۆشی پێ دەبەخشین. لێرە مەبەست له وشەی(حَياةً طَيِّبةً) زۆرێك له زانا یان وەكو پێشەوا علی كوڕی أبو طالب(رضي الله عنه)[1]، وحسَن ی بەصری[2]، و محمدی كوڕی كَعب فەرموویانە: قەناعەتە[3].

2- خودای گەورە فەرمانی كردووە: ئەگەر خواردنتان بەخشی، بیدەن بەو كەسانەی خاوەن قەناعەتن، دەفەرموێت: ﴿وَأَطْعِمُوا۟ ٱلْقَانِعَ وَٱلْمُعْتَرَّ﴾ الحج.

3- لەبەر پله و پایەی قەناعەت یەكێك له نزاكانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و بڕواداران بریتی بووە لەم نزایە: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ البقرة. هەندێك له زانا یان وەكو(النَّسَفي)[4]، وأبو حیّان[5]، فەرموویانە: (حَسَنَةً): قەناعەتە.

4- قەناعەت هۆكارێكە بۆ سەركەوتن و سەرفرازی له دونیا و دوارۆژدا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {قَدْ أَفْلَحَ مَن أَسلَم، ورزِقَ كَفَافًا، وقَنَّعه اللَّه بما آتاه}[6]. واته: بەڕاستی سەركەوتووە ئەو كەسەی موسڵمان بوو، بە قەد پێویستی خۆی ڕزق و رۆزی پێدراوە، بەو بەشەی خودا پێیداوە كردوویەتی بە خاوەن قەناعەت.

5- هەر كەسێك خاوەن قەناعەت بێت دەبێتە دونیا نەویست، هەر كەسێكیش زاهید بێت لەلایەن خودای گەورە و خەڵك خۆشەویست دەبێت. پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {ازْهَدْ في الدُّنيا يحبُّك اللَّهَ وازهَدْ فيما عندَ النَّاسِ يحبُّك النَّاس}[7]. واته: دونیا

---

(1) تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، ج.2، ص.346.
(2) جامع البيان، الطبري، ج.14، ص.351.
(3) القناعة والتعفف، ابن أبي الدنيا، ص.61.
(4) مدارك التنزيل، النسفي، ج.1، ص.172.
(5) البحر المحيط، أبو حيان الغرناطي، ج.2، ص.310.
(6) المسلم، الرقم(1054)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).
(7) ابن ماجة، الرقم(4102)، وغيره، عن سهل بن سعد(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(144).

نەویست بە خودا خۆشی دەوێی، چاوت لەو شتانە نەبێت کە لە دەستی خەڵکدایە خەڵك تۆیان خۆش دەوێت.

6- ئەو کەسەی قەناعەتی هەیە وەکو ئەوە وایە هەموو دوونیای پێدرابێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن أصبح منكم آمنًا في سربه، معافًى في جسده عندَهُ قوتُ يومه، فَكَأنَّما حيزت لَهُ الدُّنيا}[1]. واتە: هەر کەسێك لە ئێوە بەیانی بکا تەوە ئەمین بێت لە خۆی و ماڵ و مندالّی و تەندروستی باش بێت و خۆراکی هەمان ڕۆژی هەبێت، وەکو ئەوە وایە هەموو دونیای دەست کەوتبێت.

7- کامەرانی بۆ کەسێك کە خاوەن قەناعەت بێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {طُوبَى لمن هُدِيَ للإسلام، وكانَ عيشُه كَفَافًا وقَنعَ}[2]. واتە: خۆش بەختی بۆ ئەو کەسەی هیدایەت دراوە بۆ ئیسلام، و بە شی ژیانی خۆی هەیە و خاوەن قەناعەتە.

8- قەناعەت نیشانەی سوپاس گوزاریە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {وكُن قَنِعًا تَكُن أَشْكَرَ النّاسِ}[3]. وا تە: بە قەناعەت بە دەبیت بە سوپاسگوزارترینی خەڵکی.

9- عیززەت و سەربەرزی برِوادار لە قەناعەت دایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {واعلمْ أنَّ شرفَ المؤمنِ قيامُه بالليلِ، وعزَّهُ استغناؤهُ عنِ الناسِ}[4]. وا تە: بێگو مان ڕێز و شەرەف برِوادار لە شەو نوێژیدا یە، عیززەت و سەربەرزیشی لەوە دایە بە قەناعەت بێت و چاوی لە دەستی خەڵك نەبێت.

10- قەناعەت هەبوون بە بەشی خۆت هۆکاری بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ عظَمَ الجزاءِ مع عظَمِ البلاءِ، وإنَّ اللهَ تعالَى إذا أحبَّ قوما ابتلاهم، فمن رضي فله الرِّضا ومن سخط فَله السُّخطُ}[5]. وا تە: بەڕا ستی پاداشتی گەورە پەیوەستە بە تاقیکرد نەوە و بەڵای گەورە، و بیگو مان خودای گەورە

(1) الترمذي، الرقم(2346)، وغيره، عن عبدالله بن محض، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(2) رواه أحمد، الرقم(23944)، عن فضالة بن عبيد(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(3227).

(3) ابن ماجة، الرقم(4217)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(4) الطبراني في الأوسط، الرقم(4278)، عن جابر(رضي الله عنه)، وصححه السيوطي في الجامع الصغير(89).

(5) الترمذي، الرقم(2396) عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

ئەگەر قەومێکی خۆش ویست تاقیان دەکاتەوە، جا هەر کە سێك بە چارەنوو سی خۆی ڕازی بێت ئەوا ڕەزامەندی خودای بۆ هە یە و ئەوەی ڕازیش نەبێت ئەوا تووڕە بوونی خودای بۆ هەیە.

11– خاوەن قەناعەت دەوڵەمەندە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {ليس الغنى عن كَثْرَة العَرَضِ، ولَكنَّ الغنى غنى النَّفْسِ}[1]. واتە: دەوڵەمەندی لە زۆری ماڵی دونیادا نیە، بەڵكو دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دەروونە.

12– خاوەن قەناعەت دەوڵەمەندترین کەسە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) چەند ئامۆژگاریەك لە أ بو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە کات، یەکێك لەوانە پێی دەفەرموێت: {وارضَ بما قسم الله لكَ تكُن من أَغْنَى الناسِ}[2]. وا تە: ڕازی بە بەو بەشەی خودای گەورە بۆ تۆی داناوە دەبیت بە دەوڵەمەندترینی خەڵك.

13– قەناعەت یەکێك بووە لە ڕەوشت و سیفەتی هاوەڵان.

هەروەکو خودای میهرەبان دەربارەی هاوەڵان فەرموویەتی: ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ﴿٢٧٣﴾﴾ البقرة. واتە: ئەم خێرە بۆ ئەو هەژارانەیە کە دەست و پیێ بە ستراون لە ڕ یێ خودا ناتوانن بۆ ڕۆزی پە یدا کردن دەگەڕێن بە زەویدا، نەزان وا هە ست دە کات ئەوان دەوڵمە ندن بە هۆی بیێ دیازی و دە ست پان نەکردنەوەیان، لە شێوەیاندا دەیانناسی، داوای هیچ شتێك لە کەس نا کەن بە زۆر وە کو سواڵکەرانی تر.

---

(1) البخاري، الرقم(6446) ، ومسلم، الرقم(1051)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(4217)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(7833).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و زانایان دەربارەی قەناعەت

1- عبدالله ی کوڕی عەبّاس دە فەرموێت: (القَناعةَ مالٌ لا نَفاد له)[1]. واتە: قەناعەت سامانێکە نابڕێتەوە.

2- سَعدی کوڕی أبي وَقّاص(رضي الله عنه) بە کوڕەکەی دەڵێت: (إذا طَلَبت الغنى فَاطلُبه بالقَناعة؛ فَإنها مالٌ لا ينفد)[2]. واتە: ئەگەر داوای دەوڵەمەندیت کرد بە قەناعەت داوای بکە، چونکە قەناعەت سامانێکی لەبن نەهاتووە.

3- عُمری کوڕی عبدالعَزیز دە فەرموێت: (الفقْهُ الأَكبرُ القَناعَةُ وكَفُّ اللّسان)[3]. واتە: فیقهی گەورە شەریعەت زانی قەناعەتە و گرتنی زمانە لە خراپە.

4- بَکری کوڕی عبدالله ی موزەنی فەرموویەتی: (يكْفيكَ من الدُّنْيا ما قَنعْتَ به ولَوْ كَفَّ تَمْر وشَربةَ ماء وظل خَباء)[4]. واتە: ئەمە بەسە بۆ تۆ لە دونیا کە قەناعەتت پێی هەبێت: با چەنگە خورمایەك و پەرداغێك ئاو و سێبەری ڕەشماڵێك بێت.

5- أبو حاتَم فەرموویەتی: (القَناعَة تكونُ بالقَلب؛ فَمن غَني قَلبه غَنِيت يداه، ومن افْتَقر قَلبه لَم ينفعه غِناه)[5]. واتە: قەناعەت بە دڵە، هەرکە سێك دڵی دەوڵەمەند بێت دەستەکانیشی دەوڵەمەند دەبێت، هەرکە سێکیش دڵی هەژار بوو دەوڵەمەندیەکەی سوودی بۆ نابێت.

6- أبو سُلَیمان ی دارانی دە فەرموێت: لە خوشکەکەم بیستم دەیفەرموو: (الفقَراء كلُّهم أَموات إلّا من أَحياه الله تعالى بعزّ القَناعة والرضا بفَقْره)[6]. واتە: هەژارەکان گشتیان مردوون تەنها ئەوە نەبێت کە خودای گەورە زیندووی کردووە بە عیززەتی قەناعەت و بە ڕازی بوون بە هەژاریەکەی.

7- محمد ی کوڕی واسِع هەموو جارنانی ڕەقی بە ئاو دەیڕشاند و نەرمی دەکرد و دەیخوارد و دەیفەرموو: (من قَنِع بهذا لَم يَحتَج إلى أَحد)[7]. واتە: هەرکە سێك قەناعەتی بەمە هەبێت هەرگیز پێویستی بە کەس نابێت.

(1) العقد الفريد، ابن عبد ربه الأندلسي، ج.3، ص.169.
(2) تأريخ دمشق، ابن عساكر، ج.2، ص.363.
(3) أدب المجالسة وحمد اللسان، ابن عبدالبر، ص.86.
(4) القناعة والتعفف، ابن أبي الدنيا، ص.62.
(5) روضة العقلاء، ابن حبان، ص.150.
(6) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.431.
(7) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.3، ص.239.

چەند نموونە و ڕووداوێك دەربارەی قەناعەت

1- پێ شەوا عُ مر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: جارێک یان چوومە ماڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینیم لەسەر لاتەنیشت پاڵ کەوتبوو لە سەر حە سیرێك، منیش لە خزمەتی دانیشتم، تەنها دشداشەیەکی لەبەردابوو، بینیم ئاسەواری حەسیرەکە لەسەر لاشەی دیار بوو، تەماشای ناو ماڵەکەیم کرد ئەوەی بینیم تەنها هە ندێك جۆ بوو نزیکەی ڕبە یەك دەبوو لەگەڵ پێستەیەکی ئاژەڵ بە دیوار هەڵوا سرا بوو، ئیتر چاوەکانم بڕ بوون لە فرمێ سك، پ ێی وتم: چ شتێك تۆی هێ نا گر یان ئەی کوڕی خَ طاب؟، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا جا چۆن نەگریم شوێنی حەسیر لە تەنیشتت دەرچووە، و تەما شای ناو ماڵەکەت دەکەم شتێك نابینم شایانی باسکردن بێت، لە هەمان کا تدا دەبینم قەیسەر و کیسرا لە ناو ئەو هەموو خۆشیەدان و تۆش پێغەمبەر و هەڵبژێردراوی خودای، کە چی شتێك لە ماڵەکەتدا نیە، فەرمووی: ئەی کوڕی خَ طاب ئا یە تۆ ڕازی نابیت دواڕۆژ بۆ ئێمە بێت و دونیاش بۆ ئەوان؟، وتم: بەڵێ[1].

2- قەناعەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و خانەوادەکەی.

دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) بە عُروَةی کوڕی زُبَیر دە فەرموێت: ئەی کوڕی خوشکم ئێ مە جاری وا هەبوو لە شە ست ڕۆژ سێ جار مانگمان دە بینی لەو ماوە یە یەکجاریش ئاگر لە ماڵەکانی پێغەمبەری خودا هەڵنەدەکرایەوە، وتم: ئەدی بژێوی ژیانتان چی بوو؟ فەرمووی: ئاو و قو سپ، تەنها ئەوە نەبێت جاری وا هەبوو یەکێك لە دراوسێکانمان وشترێك یان ئاژەڵێکی پێدەداین، شیرەکەمان لێ دەدۆشی و سوودمان لە خوری و پاشماوەکەی دەبینی بۆ ئاگر و ڕایەخ[2].

3- قَتادَة دەفەرموێت: ئێ مە دە چووینە سەردانی أ نس ی کوڕی ما لك(رضي الله عنه) نانکەرەکەی ڕاوەستابوو، دەیوت: فەرموون ئەم ئە ستوورکە بخۆن، هەرگیز نەمزانیوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ژیانیدا ئە ستوورکێکی ئاوا نەرم و خۆ شی خواردبێت تا بە خزمەت خودای گەیشت و هەرگیز ئاژەڵێکی برژاوی لە ماڵی خۆی نەبینی[3].

---

(1) البخاري، الرقم(4913)، ومسلم، الرقم(1479).

(2) البخاري، الرقم(6459)، ومسلم، الرقم(2972).

(3) البخاري، الرقم(5421).

4- دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) كۆچی دوایی كرد و هەرگیز تێری نەخوارد لە نان و زەیت لە ڕۆژێكدا دوو جەم[1].

5- أنس(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرگیز لە سەر سفرەیەك نانی نەخواردووە، نانێكی تەنك و نەرمی نەخوارد تا كۆچی دوایی كرد[2].

6- نموونەیەك لە قەناعەتی أبو هُرَيرَة و دایكی.

أبو هُرَيرَة دەفەرموێت: جارێكیان لە برسان لە ماڵ دەرچووم چووم بۆ مزگەوت لەوێ چەند هاوەڵێكم بینی وتیان: چ شتێك تۆی هێناوە تە دەر؟ وتم برسیەتی، ئەدی ئێوە؟ وتیان: ئێمەش بە هەمان شێوە ، هەستاین چووینە ماڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، فەرمووی: {ما أَخْرَجَكُمْ هذه السّاعَة}. چ شتێك ئێوەی هێناوە تە دەر لەم كاتە؟ وتمان: برسیەتی، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا داوای كرد قاپێكی هێنا، هەندێك قەسپی لە سەر بوون، هەر یەكەو دوو دانە قەسپی پێدا، فەرمووی: {كُلُوا هاتَيْنِ التَّمرتَيْن، واشْربوا عَلَيْهما مِن الماء، فَإِنَّهُما ستجزيانِكُم يومكُم هَذا}. واتە: هەر یەكتان ئەم دوو دانە قەسپە بخۆن و ئاوی بە دوادا بخۆنەوە ئەمە بە ستانە بۆ ئەمڕۆتان. أبو هُرَيرَة دەڵێت: من قەسپێكم خوارد و ئەویتریانم لە كۆشی خۆمدا شاردەوە، بەڵام پێغەمبەری خودا كاتێك ئەمەی لە من بینی، لێی پرسیم منیش وتم: ئەمەم هەڵگرتووە بۆ دایكم، فەرمووی: {كُلْهَا فَإنَّا سَنُعْطِيكَ لَهَا تَمْرَتَيْنِ}[3]. واتە: ئەمەشیان بخۆ، بۆ دایكت دوو قەسپیتر پێ دەدەین.

7- نموونەیەك لە قەناعەتی پێشەوا أبوبكر و عُمر(رضي الله عنهم). پێشەوا عُمر دەفەرموێت: جارێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی پێكردین بۆ ماڵ بەخشین، وا ڕێككەوت ئەوكات من سەروەت و سامانێكم لەبەر دەست بوو، لە خۆمەوە وتم: ئەمڕۆ من پێش أبوبكر دەكەوم ئەگەر ڕۆژێك لێ ببەمەوە، ئەوەبوو نیوەی ماڵەكەم هێنا، پێغەمبەر فەرمووی: چیت جێهێشتووە بۆ خێزانە كەت؟، وتم: بە ئەندازەی ئەوەی هێناومە، پاشان أبوبكر هات بە هەموو سەروەت و سامانەكەی، پێی فەرموو: ئەی أبوبكر تۆ

---

(1) المسلم، الرقم(2974).

(2) البخاري، الرقم(6450).

(3) رواه ابن سعد في الطبقات، الرقم(5479).

چیت جێهێشتووە بۆ خێزانەکەت؟، وتی: خودا و پێغەمبەرە کەیم بۆ یان جێهێشتوون، وتم: جارێکیتر پێشبڕکێی لەگەڵ ناکەم بۆ هیچ شتێك[1].

8- قەناعەتی دایکی بڕواداران عائشة و أسماء(رضي الله عنهما).

عبدالله ی کوڕی زُبَیر دەفەرموێت: هەرگیز دوو ئافرەتم نەبینیون سەخیتر بن لە عائشة و أسماء، بەڵام سەخاوەتەکەیان جیاواز بوو، عائشة پارەکانی کۆ دەکردەوە تا زۆر دەبوو، وەکو دەخیلەیەك، ئەوکات دابەشی دەکرد بە سەر هەژاران، بەڵام أسماء هیچی لەلای خۆی نەدەهێشتەوە، بۆ بەیانی دەستبەجێ دەیبەخشی[2].

9- نموونەیەکیتر لە قەناعەتی هاوەڵان(رضي الله عنهم).

عبدالله ی کوڕی عُمر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جاری وا هەبوو سەرە مەڕێك بۆ ماڵی یەکێك لە هاوەڵان دەهات وەکو دیاری یان صەدەقە، ئەوانیش هەر چەند پێویستیشیان پێی هەبوو بەڵام بۆ ماڵێکیتریان دەنارد، ئەوانیش بۆ ماڵێکتریان دە نارد، بەم شێوەیە حەوت ماڵی دە کرد تا لە دوایدا دەگەڕایەوە بۆ ماڵی یەکەم و سەرەتا، هەر چەند هەمووشیان پێویستیان پێی هەبوو[3].

---

(1) الترمذي، الرقم(3675)، وغيره، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(2) أحكام النساء، ابن القيم، ص.125.

(3) ينظر: حياة الصحابة، الكاندهلوي، ج.2، ص.181.

مراقبة الله

چاودێری خودای گەورە

پێناسەی چاودێری خودای گەورە

پێ شەوا ا بن ال قیم دە فەرموێت: (المراقَبة: دوام علم العبد، وتيقُّنه باطّلاع الحقّ سبحانه وتَعالى على ظاهره وباطنه)[1]. وا تە: چاودێری: ئەوە یە زانینی بەندە بە بەردەوام و دڵنیابوونی بەوەی کە خودای پاك و بەرز ئاگاداری کردەوەکانیەتی هی دیار و نادیار.

إ براهیم ی خەوواص فەرموو یەتی: (المراقَبة: هي خُلوص السِّرِّ والعَلانية لله عَزَّ وَجَلَّ)[2].

واتە: چاودێری: بریتیە لە پاکی دڵ و کردەوەکان هەمَوو شتێک لە نهێنی و ئاشکرادا هەمووی بۆ خودا بێت.

---

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.65.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.53.

پلە و پایە و سوودەکانی چاودێری خودای گەورە لە( ) خاڵدا

1- یەکێك لە ناوە پیرۆزە کانی خودای گەورە(الرَّقیب)ە، چاودێرە بە سەر هەموو شتێکی دیار و نادیار لە هەموو کات و شـوێنێکدا، وە کو فەرمووی یەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء. واتە: بێگومان خودا چاودێرە بەسەرتانەوە.

2- هەستکردن بە چاودێری خودا ئادەمیزاد فێرە وەرع دوذیا نەویستی دە کات، بۆ نموونە: فاطِمَةی کچی عبدالمَلِك ی کوڕی مَروان، خوشکی چوار خەلیفە بوو لە هەمان کات هاوسەری خەلیفەی موسڵمانان عُمری کوڕی عبدالعَزیز بوو، ئەو ئافرەتە پێش ئەوەی هاوسەرەکەی ببێت بە خەلیفە زۆر دەوڵەمەند بوو، بە شێوەیەك سەرتاپای لا شەی بەزێڕ و گەوهەر داپۆشراو بوو، بەڵام بەهۆی ئامۆژگاریەکانی هاوسەرەکەی بوو بە یەکێك لە ئافرەتە دونیانەویستەکانی سەردەمی خۆی بە هۆی هەست کردن بە چاودێری خودای گەورە، ئیتر ئەوە بوو هەرچی هەیبوو هەمووی بەخشی بۆ(بیتُ ا لمال)، دوای مردنی هاوسەری پێیان وت: خشڵ و زێڕەکەت لە بیتُ ا لمال وەك خۆیەتی، با بۆت بێنینەوە، وتی: نامەوێت بە زیندوویی گوێڕایەڵی هاوسەرەکەم بم و بە مردووی گوێڕایەڵی نەبم [1].

3- یەکێك لە بەروبوومی هەستکردن بە چاودێری خودا ئەوە یە ئادەمیزاد بە هۆ یەوە زۆر بیری مردن دە کات. جارێکیان فُضَیل ی کوڕی عِیاض گەیشتە پیاوێك پێی وت: تەمەنت چەندە؟ وتی: شەست ساڵ، فُضَیل وتی: کەوا تە تۆ ماوەی شەست ساڵە بەرێوەی بۆ لای خودا زۆرت نەماوە پێی بگەی، پیاوە کە وتی: (إنا لله وإنا إليه راجعون)، فُضَیل پێی وت: ئایە دەزانی ئەمە مانای چیە؟ وتی: بەڵێ، واتە ئێمە بە ندەی خوداین و دە شگەڕێینەوە بۆ لای ئەو، فُضَیل پێی وت: هەر کە سێك بزانێت بە ندەی خودا یە و دەشگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ئەبێت بزانێت لەبەردەم خودا ڕادەوە ستێت، هەر کە سێکیش لەبەر دەمی بوەستێت بێگومان پرسیاری لێ دەکرێت، هەر کەسێك بزانێت پرسیاری لێ دەکرێت ئەبێ خۆی ئامادە بکات بۆ وەڵامدانەوەی، کابرا وتی: ئەدی چارە چیە؟ فُضَیل وتی: ئەو تەمەنەی ماوتە بۆ خودا تەرخانی بکە، خودای گەورەش لەوەی ڕا بردووت خۆش دەبێت [2].

---

(1) مواقف من حياة الأنبياء والصحابة والتابعين، ص.681.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.56.

4– هەستکردن بە چاودێری خودا ئادەمیزاد لە ناپاکی دەپارێزێت، دەبێتە کە سێکی ئەمین و پاك و دوور لە فرت و فێڵ، بۆ نموو نە: أ سلَم دە فەرموێت: شەوێکیان لە گەڵ پێشەوا عُمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) لە ناو مەدینە دەگەڕاین لەلای دیوار ێك وێستی کەمێك پشوو بدات ئافرەتێك بە کچەکەی دەوت: هە ستە برۆ بۆ لای ئەم شیرە و ئاوی تێبِ کە، ک چەکەش دە یوت: دایکە ئەدی نەتزانیوە عُ مر ئە مەی قەدە غە کردووە؟ دایکەکەش دەیوت: برۆ ئەم کارە بکە عُ مر لە کوێ ئا گای لە ئێمە یە، کچەکەش و تی: سوێند بە خودا چۆن دەبێ لە کاتی ئاشکرایی گوێڕایەڵی بکەم بەڵام لە کاتی پەنهانی بە قسەی نەکەم، هەرگیز شتی وا ناکەم. پێشەوا عُمر گوێی لە هەموو ئەمانە بوو، فەرمووی: ئەی أسلَم ئەم شوێنە و دەرگاکە نیشان بکە و بینا سەوە، پا شان ڕۆیشت دوای بەیانی فەرمووی: ئەی أ سلَم برۆ زانیاریم بۆ بێنە سەبارەت بەو کچ و دایکە، دوای ئەوەی زانیاریم بۆ هێنا کە زانی کچەکە بێ هاو سەرە، مندا ڵەکانی کۆکردەوە و فەرمووی: ئا یە کامتان دەتانەوێ ژن بێنن؟ ئەگەر من توانام هەبوایە بۆ ئە مە کەس پێشم نەدە کەوت، عبدالله و عبدالرحمن وتیان: ئێمە خاوەن هاوسەرین، پا شان عا صم و تی: من دە مەوێت، دوای هاوسەرگیری ئەو کچە تەقوادارە کچێکی بوو، ئەو کچەش بوو بە دایکی پێشەوا عُمری کوڕی عبدالعزیز[1].

5– چاودێری موسڵمان دەگەیێنێتە پلەی چاکە(إحسان)، کە گوزار شت دە کات لە بڕوای تەواو. بۆیە کاتێك جبریل(عليه السلام) دەربارەی چاکە پرسیار لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە کات، لە وەڵا مدا فەرمووی: **{أنْ تَعْبدَ اللَّهَ كَأنَّكَ تَراه، فإنْ لَمْ تَكُنْ تَراه فإنَّه يَراكَ}**[2]. واتە: چاکە ئەوەیە بە شێوەیەك بەندایەتی بۆ خودا بکەی وەك ئەوەی تۆ ئەو ببینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەوا بێگومان ئەو تۆ دەبینێت.

6– هەستکردن بە چاودێری خودوا وا لە موسڵمان دە کات خۆی بپارێزێت لە نەزەری حەڕام. بۆیە کاتێك دەربارەی چۆنیەتی خۆپارێزی لە تەماشاکرنی حەڕام پرسیار کرا لە شێخ جُنَید، بەچی بتوانین چاومان بگرین لە نەزەری حەڕام؟ لە وەڵا مدا فەرمووی: بە

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.203.

(2) البخاري، الرقم(4777)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

زانینت كه بێكومان بینینی خودا بۆ تۆ له پێشتره له بینینی تۆ بۆ ئەو شتەی كه تۆ سەیری دەكەی[1].

7- هەستكردن به چاودێری خودا موسڵمان دەخاته ژێر سایه و سێبەری عەرشی خودای گەوره له ڕۆژی دوایی. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {سَبْعَةٌ يظلُّهم اللَّهُ في ظلّه، يومَ لا ظلَّ إلا ظلُّه: الإمامُ العادلُ، وشابٌّ نشأَ في عبادةِ ربه، ورجلٌ قلبُه معلَّقٌ في المَساجد، ورجلان تحابَّا في الله اجتمعا عليه وتفرَّقا عليه، ورجلٌ طلبته امرأةٌ ذاتُ منصبٍ وجمال، فقال: إني أخافُ اللَّه، ورجلٌ تصدَّق بصدقة فأخفاها حتَّى لا تعلَمَ شمالُه ما تنفق يمينه، ورجلٌ ذكَرَ اللَّهَ خاليًا ففاضَتْ عيناه}[2]. واتای فەرمووده‌كه ڕوون و ئاشكرایه، خۆ ئەگەر سەرنج بدەین ئاشكرایه هەر حەوت چین ئەنجامدانی كارەكانیان تەنها له بەر هەستكردنه به چاودێری خودای گەوره.

هەروەها هەستكردن به چاودێری خودا چەندین سوودیتری هەیه، وەك بەدەستهێنانی ئیخلاص و ئەنجامدانی خواپەرستیەكان بە ڕێكی و زیادبوونی خۆشەویستی بۆ پەروەردگار و هەستكردن به تام و چێژی بڕوا و شەرمكردن له خودای بالادەست و دروستبوونی ترسی زیاتر له خودای گەوره و هەستكردنی زیاتر به گەورەیی و دەستهەلاتی پەروەردیگار، هەروەها وا له ئادەمیزاد دەكات زیاتر یادی خودا بكات به دڵ و به زمان، هەروەها موسڵمان دور دەبێت له ئەنجامدانی تاوان به ئاشكرا و له كاتی پەنهانیدا، وا له موسڵمان دەكات زیاتر بترسێت له مردن و گۆڕ و دوارۆژ، ئەوەش وا دەكات زیاتر و باشتر خۆی ئامادە بكات و توێشووی زۆر ئامادە بكات، هەروەها وا له موسڵمان دەكات كات به فیڕۆ نەدات، و چەندین سوودیتر.

---

(3) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.162.

(1) البخاري، الرقم(1423)، ومسلم، الرقم(1031)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی چاودێری

1- أبو دَرداء(رضي الله عنه) دەفەرموێت: هەر کەسێك لە ئێوە با بترسێت لەلایەن دڵی بڕواداران نەفرەتی لێ بکرێت و هەستیشی پێ نەکات، ئەگەر بێتو لە کاتی تەنهایی و پەنهانی بێ فەرمانی خودا بکات ئەوکات خودای گەورە ڕق و کینە دەخاتە دڵی بڕواداران بەرامبەر بە ئەو[1].

2- سُلَیمان ی تەمیمی دەفەرموێت: پیاو تووشی تاوان دەبێت لە پەنهانیدا بۆ بەیانی زەبوونی تاوانەکەی بەسەریەوە دیارە[2].

3- عبدالله ی کوڕی مُبارَك بە پیاوێکی فەرموو: بەردەوام هەست بە چاودێری خودا بکە، پیاوەکە وتی: چۆن چۆنی؟ فەرمووی: (کُن أَبداً کأَنَّكَ تَرى الله عَزَّ وجلَّ)[3]. واتە: هەمیشە وابزانە تۆ خودای گەورە دەبینی.

4- ابنُ مَنظور فەرموویەتی: (من راقَب الله أَحسن عملَه)[4]. واتە: هەر کەسێك خودا بە چاودێر بزانێت کردەوەی خۆی باش دەکات.

5- ابن القیم دە فەرموێت: (مَن راقَبَ اللهَ في سرِّه حَفظَهُ اللهُ في حَرَکاته في سرِّه وعَلَانیته)[5]. واتە: هەر کەسێك هەست بکات بە چاودێری خودا لە پەنهانیدا خودای گەورە بە هەموو شێوەیەك هەموو جموجۆڵی لە پەنهان و ئاشکرادا دەپارێزێت.

---

(1) جامع العلوم والحکم، ابن رجب الحنبلي، ص.162.

(3) المصدر السابق.

(3) إحیاء علوم الدین، الغزالي، ج.4، ص.397.

(4) لسان العرب، ابن منظور، ج.13، ص.115.

(5) مدارج السالکین، ابن القیم، ص.66.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی چاودێری

1- هاوەڵی بەڕێز عبداللە ی کوڕی مَ سعود دە فەرموێت: کاتی خۆی من شوانی مەڕەکانی عُقبَة ی کوڕی أبي مُعَیْط بووم، جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە گەڵ أ بو بکر(رضي الله عنه) هاتن بۆ لام، پێغەمبەری خودا پ‌ێی فەرمووم: ئەی کوڕ ئا یە هیچ شیرت لایە؟. منیش وتم: بەڵێ، بەڵام من ئەمیندارم، ئەمانە ئەمانەتن. فەرمووی: ئا یە ئاژەڵێکت لا‌ ‌یە شیری نەبێت؟ مەبەستی: نەزابێت. منیش ئاژەڵێکم لەو شێوەیەی باسی کرد بۆم هێنا، بینیم دەستی بە گوانەکانیدا هێنا، یەکسەر شیری لێها تە خوار، لە ناو بادیەکی دۆشی، پا شان خوارد یەوە و پا شان أ بوبکریش خوارد یەوە، بە گوانە کەی وت: بچۆوە سەر هەمان شێوەی جاران، ئیتر گوانە کە و شك بوو، دوای ئە مە چوومە خزمەتی پێم وت: فێرە ئەو زانستەم بکە کە لەلا تە، ئەویش دە ستێکی بە سەر سەرم داهێ نا و فەرمووی: {يرحَمَكَ الله، إنَّكَ غُلامٌ معلَّمٌ}. وا تە: ڕە حمەتی خودات لێبێ بێت بەڕاستی تۆ کوڕێکی فێرکراوی. پاش ئە مە، عبداللە دەڵێت: حەفتا سوڕەتم لە خودی پێغەمبەری خودا وەرگرت بە شێوەیەك کەس نەیدەتوانی لەم حەفتا سوڕە تە ڕکا بەریم لەگەڵ بکات[1].

2- سەبارەت بە چاودێری خودای گەورە عبداللە کوڕی عُمر(رضي الله عنهما) کۆیلەیەك تاقی دەکاتەوە.

عبداللە ی کوڕی دینار دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان لەگەڵ عبداللە کوڕی عُمر بە مەبەستی ئەنجامدانی عومرە چووینە مەککەی پیرۆز، لە ڕێگادا لە شوێنێك لاما ندا بۆ پشوودان، لە ناکاو شوانێك بە مێگەلێك ئاژەڵ لە سەرەوەی چیاکە ها تە خوار، عبداللە ویستی تاقی بکاتەوە، پێی وت: ئا یە تۆ کۆیلەی؟ شوانەکە وتی: بەڵێ، عبداللە وتی: ئاژەڵێکمان پێ نافرۆشیت؟ بە خاوەنە کەی بڵێ: گورگ خواردی، شوانەکە وتی: (فَأَينَ الله)؟. واتە: ئەدی خودا لە کوێیە؟ مەبەستی چ بە خودا بڵێم. یەکسەر عبداللە دەستی کرد بە گریان، فەرمووی: بەڵێ ڕا ستەکەی(فَأَينَ الله)؟. پا شان عبداللە ئەو کۆیلە یەی لە خاوەنەکەی کڕی و ئازادی کرد، و ئاژەڵەکانیشی لێ کڕی و پێشکە شی کرد بە شوانەکە

---

(1) رواه أحمد، الرقم(3598)، وحسنه الوادعي في صحيح دلائل النبوة، ص.130.

فەرموو: (أَعتقَكَ في الدُّنيا هذه الكَلمةُ، وَأرجو أَنْ يعتقَكَ في الآخرةَ). وا تە: ئەم و شەیە مەبەستی(فَاَين الله) یە تۆی ئَاَزاد کَرد، هیوادارم لە دواڕۆژیشداَ ئازادت بکات[1].

3- پێشەوا غەززالی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: زانایەك هەبوو چەندین قو تابی هەبوو، جارێکیان ویستی تاقیان بکا تەوە ئاخو هە ستیان چۆنە بەرام بەر بە چاودێری خودای گەورە، بۆ ئەم مەبە ستە داوای چەند باڵندە یەکی کرد، پا شان هەر باڵندە یەکی دا یە قوتابییەك لەگەڵ چەقوێك، پێی وتن: هەر یەکێك با دچێت باڵندە کەی لە شوێنێك سەر ببڕێت، بەڵام بە مەرجێك کەس نەیبینێت، ئەوە بوو پاش ماوە یەك هەموویان گەڕا نەوە و باڵندەکانیشیان سەر بڕیبوو، تەنها قوتابییەك نەبێت، مامۆستاکە لێی پرسی: بۆچی تۆش وەکو ئەوانیتر سەری باڵندەکەت نەبڕیوە؟، وتی: هیچ شوێنێکم دەست نەکەوت کە کەس نەمبینێت، چونکە لە هەر شوێنێك خودای گەورە ئاگادار مە و دەمبیـنێت. ئەوەبوو مامۆستاکەی زۆر پێی سەرسام بوو[2].

(1) صور من حياة الصحابة والتابعين، أُبو المعاطي، ج.2، ص.244 ، موسوعة الأُخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.58.
(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.397.

التَّقْـــوى

پارێزكاری

پێناسەی پارێزكاری

1- التَّقْوى: اسْمٌ مَأخوذٌ مِنَ الوِقايَةِ، وَهُوَ أَنْ يَتَّخِذَ الإنسانُ ما يَقيهِ مِن عَذابِ اللهِ. والَّذي يَقيكَ مِن عَذابِ اللهِ: فِعلُ أوامِرِ اللهِ وَاجْتِنابُ نَواهِيهِ[1]. واتە: تەقوا ناوێكە وەرگیراوە لە پاراستن، ئەوەیە ئادەمیزاد شتێك بگرێتە بەر كە بیپارێزێت لە سزای خودا. ئەو شتەی تۆ لە سزای خودا دەپارێزێت: بەجێگەیاندنی فەرمانەكانی خودا و خۆپاراستنە لە قەدەغەكراوەكان.

2- پێشەوا ع لی(رضي الله عنه) فەرموویەتی: (التَّقوى هي الخَوفُ مِن الجليلِ، والعمل بالتَّنزيلِ، والقَناعةَ بالقليلِ، والاستِعداد لِيَوم الرَّحيلِ[2]. واتە: تەقوا بریتیە لە ترسان لە خودا، و كاركردن بە قورئان و ڕازی بوون بە كەم، و خۆ ئامادەكردن بۆ مردن.

(1) شرح رياض الصالحين، ابن عثيمين، ج.1، ص.223.

(2) نداءات الرحمن لأهل الإيمان، أبوبكر الجزائري، ج.1، ص.212.

پلە و پایە و سوودەکانی پارێزکاری لە( ) خاڵدا

1- پارێزکاری بەجێگەیاندنی فەرمانی خودا یە، خۆی فەرمانی کردووە دە فەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ آل عمران. واتە: ئەی ئەوانەی بڕوا تان هێناوە تەقوای خودا بکەن بە شێوەیەك کە شیاویەتی.

2- پارێزکاری بەجێگەیاندنی وەسیەتی خودایە، خۆی وەسیەتی کردووە دە فەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾ النساء. واتە: سوێند بێت بەڕاستی ئێمە ئامۆژگاریمان کردوون ئەوانەی کە پەرتۆکیان پێدراوە تەورات و ئینجیل لە پێش ئێوەدا هەروەها ئێوەش کە تەقوای خودا بکەن.

3- پارێزکاری بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەرمانە(ﷺ) کە فەرموویەتی: {اتَّقِ الله حَيثُ ما كُنتَ}[1]. واتە: تەقوای خودا بکە لە هەر حاڵ و هەر شوێنێك بووی.

4- پارێزکاری باشترین توێشووە بۆ دوارۆژ.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۖ﴾ البقرة. واتە: توێشوو بەدەست بێنن بێگومان باشترین توێشوو پارێزکاریە.

5- پارێزکاری هۆکاری بارینی بەزەیی خودایە بۆ بەندەکان.

هەروەکو فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ الأعراف. واتە: ئەگەر خەڵکی لادێکان بڕوایان دەهێنا و پارێزکار دەبوون دەرگای بەرەکەتی ئاسمان و زەویمان بۆ دەکردنەوە.

6- پارێزکاری هۆکارێکە بۆ کەوتنە بەر بەزەیی خودا لە دوارۆژدا.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ الأعراف. واتە: بەزەیی ومیهرەبانیم هەموو شتێکی گرتۆتەوە جا لە مەودا ئەو بەزەییەم تۆمار دەکەم و بڕیار دەدەم بۆ ئەو کەسانەی پارێزکاری دەکەن.

7- پاشە ڕۆژ بۆ پارێزکارانە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ القصص.

(1) الترمذي، الرقم(1987) وقال حديث حسن، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه).

8- پارێزکاری خەڵاتێکە بۆ ئەهلی هیدایەت.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْاْ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ١٧﴾ محمد. واتە: ئەو کە سانەی ڕێنمایان وەرگرتووە خودا شارەزاییان زیاد دەکات و پارێزکاریان پێ دەبەخشێت.

9- خودا لەگەڵ پارێزکارانە.

خودا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ ١٢٨﴾ النحل.

10- بەهۆی پارێزکاریەوە دوای مردنی دایك و باوکیان منداڵەکان پارێزراو دەبن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُواْ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَٰفًا خَافُواْ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ٩﴾ النساء. واتە: باترسن ئەوانەی سەرپەرشتیارن ئەگەر لە دوای مردنیان منداڵانی بچوك و لاوازیان بەجێهێشت ئەگەر دەترسن لێیان لەناو بچن دەبا تەقوای خودایان هەبێت و قسەی ڕاست بکەن.

11- پارێزکاری هۆکاری سەرکەوتنە لە دونیا و دوارۆژ.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ٢٠٠﴾ آل عمران.

12- بەهۆی پارێزکاریەوە کردەوە چاکەکان لە دوارۆژدا پاداشتەکەی دوو هێندەیە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ ٢٨﴾ الحديد. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە پارێزکار بن و بڕوا بێنن بە پێغەمبەرەکەی دوو بەشتان پێ دەبەخشێت لە بەزەیی و بەخششی خۆی.

13- پارێزکاری هۆکارە بۆ بە گەورە ڕاگرتنی درووشمەکانی خودا.

خودا فەرموو یەتی: ﴿وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ٣٢﴾ الحج. واتە: هەر کە سێك دروو شمەکانی ئاینی خودا بە گەورە ڕاگرێت بەڕا ستی ئەوکارە نیشانەی پارێزکاری دڵەکانە.

14- بەهۆی پارێزکاریەوە ئادەمیزاد بەڕێز دەبێت لە لای خودای گەورە.

خودای باڵادەست فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ١٣﴾ الحجرات.

واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لە لای خودا تەقوادارترینتانە.

15- بەهۆی پارێزکاریەوە ئادەمیزاد لە لای خودا خۆشەویست دەبێت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ التوبة. واتە: بێگومان خودا پارێزکارانی خۆش دەوێت.

16- بەهۆی پارێزکاریەوە ئادەمیزاد فێرە زانست دەبێت.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ﴾ البقرة. وا تە: تەقوای خودا بکەن خودا فێری زانستتان دەکات.

17- بەهۆی پارێزکاریەوە کردەوەکان لەلایەن خودا قبولٚ دەبن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ المائدة. وا تە: خودا کردەوەکان تەنها لە پارێزکاران وەردەگرێت.

18- بەهۆی پارێزکاریەوە خودا کاروبارەکان ڕێك دەخات و لە تاوانەکانیش دەبوورێت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ الأحزاب. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕواتان هێناوە پارێزکاری بکەن لە خودا و قسەی ڕاست بکەن ئەو کات کردەوەکانتان ڕێك دەخات و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت.

19- بەهۆی پارێزکاریەوە بڕوادار پاریزراو دەبێت لە فێڵی دوژمنان.

خودای میهرە بان فەرموو یەتی: ﴿وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا﴾ آل عمران. واتە: ئەگەر ئارامگر و پارێزکار بن هەرگیز پیلا نی دوژمنان زیانتان پێ ناگەیێنێت.

20- پارێزکاری هۆکاری بوونەوەی دەرگای ڕزق و ڕۆزی یە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ٢ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ الطلاق. واتە: ئەوەی پارێزکاری لە خودا هەبێت خودای گەورە دەرگای خێر و خۆشی لێ دەکاتەوە و ڕزقی دەدات بە شێوەیەك خۆ شی نازانێت لەکوێوە بۆی هات.

21- قورئان بۆ پارێزکار دەبێتە مایەی هیدایەت.

خودای کەورە فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾ البقرة.

واتە: ئەم قورئانە هیچ گومانی تێدا نیە، مایەی هیدایەتە بۆ پارێزکاران.

22- بەهۆی پارێزکاریەوە کاروبارەکان ئاسان دەبن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا﴾ الطلاق.

واتە: ئەو کەسەی پارێزکاری لە خودا هەبێت خودا کاروباری بۆ ئاسان دەکات.

23- بەهۆی پارێزکاریەوە ئادەمیزاد دچێتە ڕیزی (أَوْلِياءُ اللهِ) کەسانی خودا.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ یونس. واتە: ئاگادار بن و بزانن بێگومان دۆستانی خودا نە ترسیان لەسەرە و نە غەمبار دەبن، ئەوانەن کە بڕوادار و پارێزکارن.

24- پارێزکاری هۆکارێکە بۆ پەڕینەوە لە پردی سیرات.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيّٗا﴾ مریم. واتە: هەمووتان دەبێ بەسەر ئەو پردەدا بڕۆن، چونکە خودا ئاوا بڕیاری داوە، پاشان پارێزکاران دەرباز دەکەین و ستەمکارانیش لەسەر چۆك لە ناو دۆزەخ بەجێ دەهێڵین.

25- لە دواڕۆژدا تەنها پارێزکاران نابن بە دوژمنی یەکتر.

خودا فەرموویەتی: ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۢ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ الزخرف.

وا تە: لە دواڕۆژدا گ شت دۆ ست و خۆشەویـ ستەکان دە بن بە دوژ منی یەکتر تەنها پارێزکاران نەبن.

26- پارێزکاری هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتی بەهەشت.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿تِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِي نُورِثُ مِنۡ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيّٗا﴾ مریم. واتە: بەندە پارێزکارەکان دەبنە میراتگری بەهەشت.

27- بەهۆی پارێزکاری موسڵمان لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نزیك دەبێت.

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِي الْمُتَّقُونَ، من كَانُوا وحيْثُ كَانُوا}[1].

واتە: نزیکترین کەس لە من پارێزکارەکانن هەر کێ بن و لە هەر کوێ بن.

(1) رواه ابن حبان، الرقم(647)، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في هداية الرواة(5551).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و شوێن کەوتوان دەربارەی پارێزکاری

1- ع بدالله کوڕی مَ سعود(رضي الله عنه) ده فەرموێت: ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ﴾ آل عمران: (أنْ يطَاعَ فلا يعصى، وأنْ يذْكَر فلا ينسى، وأنْ يشْكَر فلا يكْفَر)[1]. وا تە: پارێزکاری بکەن لە خودا پارێزکاریەك کە شایستەی ئەو بێت.ئەوە یە وا تای ئایەتەکە: بە شێوەیك گوێڕایەڵی بکرێت کە هەرگیز بێ فەرمانی ئەو نەکرێت، و یادی بکرێت هەرگیز لە یاد نەکرێت، و سوپا سی بکرێت و هەرگیز سپڵەیی نەکرێت لە بەرامبەری.

2- أبو الدَّرداء(رضي الله عنه) فەرموویەتی: (تَمام التَّقوى أن يتقي الله عزَّ وجلَّ العبدَ، حتى يتَّقيه في مثل مثقال ذَرَّة، حتى يترُك بعضَ ما يرى أنَّه حلالٌ خَشيةَ أن يكونَ حراماً)[2]. وا تە: پارێزکاری تەواو ئەوە یە بە ندە لە خودا بترسێت بە شێوەیەك پارێزکاری بکات لە ئەندازەی گەردیلەیەك، تەنانەت واز بێنێت لە هەندێك شتی ڕەوا لە ترسی حەڕام بوونی.

3- هە ندێك لە پێشینەکان(رحمهم الله) دە یانوت: (لا يبلُغ العبدَ حقيقةَ التَّقوى حتَّى يدع ما لا بأسَ به حَذَراً ممَّا به بأسٌ)[3]. واتە: بەندە ناگاتە پارێزکاری ڕاستەقینە تا واز لەو شتە نەهێنێت کە ئاساییە لەبەر شتی نا ئاسایی.

4- مَیمون ی کوڕی مَهران دە فەرموێت: (المتَّقي أَشَدُّ مُحاسبةَ لِنفْسه من الشَّريك الشَّحيحِ لِشَريكه)[4]. واتە: کەسی پارێزکار لێپێچینەوە لە گەڵ خۆی دە کات زیاتر لە هاوبە شی ڕەزیل بۆ هاوبەشەکەی.

5- لە کاتی سەرەمەرگدا داوای ئامۆژگاریان لە پیاوێکی تابیعی کرد، وتی: (أُوصيكم بخاتمة سورة النَّحلِ): ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ﴾ النحل. وا تە: ئامۆژگاریتان دەکەم بە کۆتایی سورەتی(النحل): بێگومان خودا لە گەڵ پارێزکارا نە و ئەوانەش کە چاکە کارن[5].

(1) رواه ابن أبي حاتم في تفسيره، ج.3، ص.772، والحاكم في المستدرك، ج.2، ص.294.
(2) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.1، ص.212.
(3) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.25.
(4) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ج.1، ص.471.
(5) المصدر السابق.

چەند نیشانە و سیفەتێکی پارێزکاران لە قورئاندا

1. يُؤمنون بالغَيب: بڕوایان هەیە بە شتە پەنهان و نادیارەکان.
2. ويقَيمونَ الصَّلَاةَ: بەوپەڕی ڕێك و پێکی نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن.
3. ومَمّا رزَقَناهُم يُنفِقونَ: لەوەی پێیان دراوە دەیبەخشن.
4. وَالّذين يؤمنونَ بما أُنزِلَ إليَكَ وما أُنزِلَ من قَبلِكَ: بڕوایان هەیە بەوەی بۆ تۆ و بۆ پێش تۆش دابەزیوە لە پەرتۆکەکان .
5. وبالآخرة هُم يوقنون: دڵنیان دواڕۆژ هەیە.
6. وآتى اَلزَّكَاةَ: زەکات دەدات.
7. والموفونَ بعهدهم إذا عاهَدوا: ئەگەر پەیمانیان دا بەجێی دەگەیێنن.
8. والصّابرين في البَأساء والضَّراء وحَين البأس: ئارامگرن لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە و لە جنگدا.
9. أُولئكَ الّذين صدَقوا: ئەوانەن کە ڕاستیان کردووە.
10. ينفقونَ في السَّراء والضَّراء: دەبەخشن لە کاتی خۆشی و ناخۆشی.
11. والكَاظمين الغيظَ: ڕقی خۆیان قووت دەدەنوە.
12. والعافينَ عن النّاس: لێبووردەن بەرامبەر خەڵك.
13. والله يُحبُّ المُحسنين: (چاکەکارن) خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت.
14. ذَكَروا اَللهَ: یادی خودا دەکەن.
15. فَاستَغفَروا لذُنوبهم: داوای لێخۆشبوونی تاوانەکانیان دەکەن.
16. ولَم يُصرّوا عَلى مَا فَعلوا: لەسەر کردەوە خراپەکانیان بەردەوام نابن.
17. يعظّمونَ شعائرَ اللهِ: درووشمەکانی خودا بەرز ڕادەگرن.
18. الّذينَ يتَّبعونَ اَلرَّسولَ: ئەوانە شوێنکەوتەی پێغەمبەرن(ﷺ).

چەند بەسەرهاتێك لەسەر پارێزكاری

1- پێشەوا أبوبكر(رضي الله عنه) خزمەتكارەكەی خواردنێكی پێدا، پا شان و تی: ئا یە دەزانی ئەو خواردنە لە كوێ هاتووە؟ أ بوبكر فەرمووی: نەخێر، و تی: كاتی خۆی من فالّچی بووم، لە كارەكە شارەزا نەبووم تەنها ئەوە نەبێت فێڵم لە خەڵك دە كرد، پێش ئێستا یەكێك پێم گەیشت و حەقی ئەو كاتی كارە كەی پ ێدام، ئەوەی ئێ ستا خواردت لەوە بوو، أبوبكر كە ئەمەی زانی زۆر پەشیمان بووەوە، دەستی لە قورگی خۆی ڕا كرد تا ئەوەی خوارد بووی هێنایەوە[1].

2- دەر بارەی عُ مری كوڕی خ طاب، ع بدالله ی كوڕی(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: باوكم هەموو جار دەیفەرموو: ئەگەر وشترێك لە كەناری فوڕات بمر ێت دەتر سم لە ڕۆژی دوایی خودا لەسەر ئەو لێپێچینەوەم لەگەڵ بكات.

هەروەها عبدالله ی كوڕی عامر دەیفەرموو: عُمری كوڕی خطابم بینی زلكە پووشێكی لە دەست بوو، دەیفەرموو: خۆزگە من ئەم زلكە پووشە بام، خۆزگە من هەر نەبوو ما یە، خۆزگە دایكم منی نەبوایە، خۆزگە من هیچ شتێك نەدەبووم، خۆزگە من وەكو شتێكی لە یادكراو بوومایە[2].

3- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: لە پێغەم بەرم بیستت(ﷺ) با سی كابرا یەكی دەكرد بە ناوی(جُرَيج)، وتی: پیاوێكی ڕاهیب بوو بەردەوام سەرقاڵی خواپەر ستی بوو لە ناو خەڵوەتگا كەی، شوانێكیش هەبوو هەموو جار مانگا كەی دەبردە خوار خەڵوەتگاكەی (جُرَيج)، ڕۆژێكیان دایكی هات بۆ لای و سێ جار بانگی كرد، ئەویش وەڵامی نەدەدایەوە، چونكە لە ناو نوێژدا بوو، دایكی شی لێی تووڕە بوو نزای لێكرد كە خودا نەیمرێنێت تا ڕوخساری ئافرەتێكی داوێن پیس دەبینێت.

نەوەی ئیسرائیلیش با سی خواپەر ستی جُرَيج یان دە كرد، لە ناویشیان ئافرەتێكی خراپ هەبوو، وتی: ئەگەر دەتانەوێت با تووشی تاوانی بكەم، ئەوەبوو چوو بۆ لای، بەڵام جورەیج هیچ گوێی پێ نەدا، بۆ یە چووە لای شوانەكە و توو شی خۆی كرد، ئافرەتەكەیان هێنا لای پادشا بە منداڵەكەوە، لە ئافرەتەكەی پرسی، ئەویش و تی: ئە مە لە جُرَيج ە، وتی: خاوەنی خەڵوەتگا كە؟ و تی: بەڵێ، پا شا و تی: بڕۆن خەڵوەتگا كەی

---

(1) البخاري، الرقم(3842)، عن عائشة(رضي الله عنها).

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.148.

خراپ بـ کەن و جورەیجیش بـ ێنن، کاتـ ێك هێنا یان پا شا و تی: ئەم ئافرە تە دەڵـ ێت: منداڵەکەی لە جُرَیج ە، جورەیج وتی: کوا منداڵەکە؟ بۆ یان هێـنا، دوای ئەوەی نو ێژێکی کرد و دەستی لە سکی منداڵەکەدا وتی: کێ باوکی تۆیە؟ منداڵەکە بە قـسە هات و و تی: باوکم فلان شوانەیە. ئەوجا خەڵکەکە داوای لێبوردنیان لە جُرَیج کرد و پا شا و تی: ئا یە ناتەوێت خەڵوەتگایەکت بۆ لە زێڕ یان زیو درووست بکەین؟ وتی: نەخێر، دە مەوێت هەر وەکو جاران بێت، پاشا وتی: کاتێك کە تۆمان هێنا بە چی پێ‌کەنی؟ و تی: زا نیم ئە مەی ڕوویدا نزای دایکم بوو[1].

4- تەقوا و پارێزکاری لە کڕین و فرۆشتندا.

لە زانا و خواناسی پایە بەرز محـمدی کوڕی مُنـکَدِر دەگێڕنەوە: لە شوێنی خۆی کە تایبەت بوو بە فرۆشتنی جۆرەها قوماش، جارێکیان کە خۆی لەوێ نابـێت، شاگردەکەی پارچەیێك قوماش کە نرخەکەی تەنها پێنج درهەم بوو بە دە دیرهەم فرۆشتی بە یەکێك، کاتێك محمد بەمەی زانی ئەوەبوو بە درێژایی ڕۆژ بە دوای کڕیارەکەدا گەڕا تا دۆزیەوە، فەرمووی: شاگردەکەم هەڵەی کردووە ئەوەی نرخی پێنج دیرهەمە بە دە دیرهەمی بە تۆ فرۆشتووە، فرۆشیارەکە وتی: جا خۆ من ڕازیم، محـمد فەرمووی: جا گەر تۆش ڕازی بیت من هەرگیز بەمە ڕازی نیم، بۆیە ئەبێت تۆش یەکێك لەم سێ بژاردانە هەڵبژێری: ئەبێ ئەمە هەڵگری بۆ خۆت کە بە دە دیرهە مە. یان پـێنج دیرهەمت بۆ دەگێڕینەوە. یانیش شتەکەمان بدەوە و پارەکە شت بـبەوە. کابرا و تی: کەوا تە پـێنج دیرهەمم پێ بدەوە، محمد یش پێنج دیرهەمی پێدا و کابرا ڕۆیـشت و هەر دە یوت: ئە مە کێ بوو؟، پێیان وت: ئەمە محمدی کوڕی مُنکَدِرە، کابرا وتی: (لا إله إلا الله) ئەمە خۆ ئەو پیاوە یە کاتێك دەکەوینە تەنگانە و گرانی بەهۆی ئەو بارانەمان بۆ دەبارێت[2].

---

(1) البخاري، الرقم(1206)، ومسلم، الرقم(2550).

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.2، ص.80.

الخوف من الله

ترسان له خودای گەورە

پێناسەی ترسان له خودای گەورە

إِنَّ الخَوفَ عِبارَةٌ: عَنْ تَأَلُّمِ القَلبِ واحْتِراقِهِ بِسَبَبِ تَوَقُّعِ مَكْروهٍ في الاسْتقبال.

واته: ترس بریتیه له دڵ هێشان و سووتان بەهۆی چاوەڕوانی کردن بۆ شتێکی نا پەسەند و ناخۆش له داهاتوودا.

بۆ نموونه که سێك تاوانێك ئەنجام بدات بەرامبەر پاد شایەك پا شان بکەوێتە دە ست پادشایەکە ئەوکات دەترسێت سزای بدات.

جاری واش هەیە بەبێ ئەنجامدانی تاوان ترسەکە هەیە ، بۆ نموونە لەخواترسان له بەر گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خودا، کاتێك دەزانێت خودای گەورە ئەوەندە بە توانا و دەسەڵاتە دەتوانێت لەیەك کاتدا هەموو جیهان وێران بکات، هیچ کەس و هیچ شتێکیش ناتوانێت ڕێگری لەمە بکات، ئەوکات ئەو کەسە هەست بە ترس دەکات له خودای گەورە[1].

یاخود:

الخَوفُ: هُوَ اضطِرابُ القَلبِ وحَرَكَتُه مِن تَذَكُّرِ المُخوفِ. واته: ترسان یاخود ترس بریتیە له ڕاچڵەکینی دڵ و لەرزینی له کاتی بیرکەوتنەوەی ئەو شتەی لێی دەترسێت. هەروەها (الخَشيَة) تایبەت ترە له(الخَوف) چونکە خشیە تایبەتە بە زانا ڕاستەقینەکان هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَـٰٓؤُا۟ ﴿٢٨﴾﴾ فاطر. واتە: بەڕاستی ئەوانەی که له خودا دەدترسن له نێو بەندەکانیدا زاناکانن[2].

---

(1) مختصر منهاج القاصدين، ابن قدامة المقدسي، ص.324.

(2) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.239-240.

پلە و پایە و سوودەکانی لە خواترسان لە( ) خاڵدا

1- لە خواترسان بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە لە لە چەندان شوێن فەرمانی کردووە کە دەبێت تەنها لە ئەو بترسین، دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ﴾ المائدة. واتە: لە مرۆڤەکان مەترسن و لە من بترسن. هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَإِيَّـٰىَ فَٱرْهَبُونِ﴾ النحل. واتە: تەنها لە من بترسن.

2- لە خوا ترسان سیفەتی بڕوادارانە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ آل عمران. واتە: لەوان مەترسن مەبەست: داروودەستەی شەیتان و بێ بڕواکانە لە من بترسن ئەگەر ئێوە بڕوادارن.

3- لە خواترسان هۆکارێکە بۆ هیدایەت وەرگرتن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ التوبة. واتە: بەڕاستی کە سێك مزگەوتەکان ئاوەدان دەکا تەوە بڕوای هێنابێت بە خودا و ڕۆژی دوایی و نوێژەکانی بە باشی ئەنجامدابێت و زەکاتی دابێت و لە کەس نەترسابێت جگە لە خودا، بەڵکو ئەوانە لەو کەسانە بن کە هیدایەت دراون.

4- لە خواترسان هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتەکانی بەهەشت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ۝ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ النازعات. واتە: و ئەوکەسەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و نەفسی خۆی قەدەغە کردبێت لە هەوەس و ئارەزووی خراپ، بێگومان بەهەشت جێگایەتی.

لە ئایەتێکیتردا دەفەرموێت: ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ﴾ الرحمن. واتە: بۆ ئەو کەسەی لە پایە و دیداری پەروەردگاری ترسابێت دوو بەهەشت هەیە.

لە ئایەتێکیتردا دوای ئەوەی باسی ناز ونیعمە تەکانی بەهە شت دە کات لە کۆتایدا دە فەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ﴾ البينة. واتە: ئەوە بۆ کەسێکە لە دونیادا ترسابێت لە پەروەردگاری خۆی.

5- لێخۆشبوونی خودا و پاداشتی گەورە بە لە خواترسان دەستدەکەوێت.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ١٢﴾ الملك. وا تە: بێگو مان ئەوا نەی لە پەنهاذ یدا لە پەروەردگاریان تر سابن لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورەیان بۆ هەیە.

6- لە خواترسان هۆکاری سەرکەوتن و ڕزگاربوونە لە سزای خودا.

خودا فەرموو یەتی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ٥٢﴾ النور. واتە: هەر کەس گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرە کەی بکات و لە خودا بترسێت و تەقوای خوای هەبێت ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانە سەرکەوتوون.

7- مرۆڤی لەخواترس دەتوانێت سوودمەند بێت لە ئامۆژگاری و یادهێنانەوە.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ١٠﴾ الأعلى. وا تە: ئەوەی لە خواترس بێت پەند و ئامۆژگاری وەردەگرێت.

8- خودا ستایشی لە خواترسان دەکات، دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا ٣٩﴾ الأحزاب. واتە: کەسانێك کە پەیامی خودا ڕادەگەیێنن و لە خودا دەترسن جگە لە الله لە کەس ناترسن، خودا بەسە بۆ چاودێری.

9- لە خواترسان سیفەتی زانایانی ڕاستەقینەن. وەک دە فەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ ٢٨﴾ فاطر. وا تە: ئەوا نەی بەڕا ستی لە خودا دەترسن لە بەندەکانی زاناکانن.

10- لە خواترسان سیفەت و نیشانەی ژیرەکا نە، هەروەک خودای گەورە چەند سیفەتێکی ژیرەکان باس دەکات جا یەکێک لەوانە دە فەرموێت: ﴿وَيَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلۡحِسَابِ ٢١﴾ الرعد. واتە: دەترسن لە پەروەردگاریان و دەترسن و لە ئەستەم و زەحمەتی حیسابیش.

11- لە خواترسان سیفەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بووە.

خودای گەورە دەربارەی پێغەبەر فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ١٥﴾ الأنعام. واتە: بڵێ بەڕاستی من دەترسم ئەگەر بێ فەرمانی پەروەردگارم بکەم لە سزای ڕۆژێکی گەورە.

12- سەرکەوتنی موسڵمانەکان بەسەر دوژمن لە دونیا پەیوەستە بە لە خواترسان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَنُسۡكِنَنَّكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ ١٤﴾ إبراهيم. واتە: بێگومان نیشتەجێتان دەکەین لە زەویدا لەدوای دوژمنەکانتان، ئەوەش بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە دەترسن لە وەستانیان لە بەردەم دەسهەڵاتی الله و دەترسن لە هەڕەشەکانی.

13- لە خواترسان مایەی ڕەزامەندی خودایە.

خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ ٨﴾ البينة. واتە: خودا لەوان ڕازی بوو و ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون به پاداشتەکەی، ئەوەش بۆ کەسێکە لە پەروەردگاری خۆی ترسابێت.

14- لە خواترسان سیفەتی فریشتەکانە.

خودای گەورە دەربارەی فریشتەکان فەرموویەتی: ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٥٠﴾ النحل. واتە: لە خودای خۆیان دەترسن کە زاڵە بە سەریاندا و هەر فەرمانێکیان پێبکرێت جێبەجێی دەکەن. لە ئایەتێکیتردا دە فەرموێت: ﴿وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ٢٨﴾ الأنبياء. واتە: ئەوان لە ترسی الله ناوێرن سەرپێچیەك بکەن.

هەروەها کێوەکانیش لە خودا دەترسن، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ ٢١﴾ الحشر. واتە: ئەگەر ئێمە ئەو قورئانە دابەزاندبایە بۆ سەر کێوێك دەتبینی ملکەچ و ورد دەبوو لە ترسی خودا.

16- بەهۆی لە خواترسان موسڵمان لە ڕۆژی دوایی دەکەوێتە ژێر سایە و سێبەری خودا. پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی حەوت چین دەکات کە دەکەونە ژێر سێبەری خودا بۆ زانیاری زیاتر: ئەو سێبەرە هی خودی خودا نیە بەڵکو سێبەرێکە درووستی دەکات، تەنها بۆ ئەو چینە موسڵمانانەیە، جا یەکێك لەوانە دە فەرموێت: {ورجل دعته

امْرأَةٌ ذَاتُ حَسَبٍ وجَمَالٍ فَقالَ: إنِّي أَخَافُ اللَّهَ}[1]. وا تە: پیاو یێك ئافرەتێكی خاوەن ڕەچەڵەک و جوان داوای خراپەی لێبكات، پیاوەكەش بڵێت: من لە خودا دەترسم.

17- هەر كەس لە دونیا لە خودا بترسێت لە دوارِۆژدا ترسی نابێت.

لە فەرموودە یەكی(القُدُ سي)دا خودای گەورە فەرموو یەتی: {وعزَّتِي وجلالي لا أجمع لعبدي أَمنين ولا خوفين، إنْ أمنني في الدُّنيا أَخَفْتُه يوم أجمعُ عبادي، وإنْ خافني في الدُّنيا أمَّنْتَه يوم أَجمعُ عبادي}[2]. واتە: سوێند بە گەورەیی و شكۆی خۆم بۆ بە ندەی خۆم كۆناكەمەوە دوو دڵنیایی و دوو ترس، ئەگەر لە دونیا لە من دڵنیابوو نەترسابوو ئەوا دەیترسێنم لەو ڕۆژەی بەندەكانم كۆ دەكەمەوە، و ئەگەر لە من ترسابێت ئەوا دڵنیای دەكەم لە ترس دووری دەخەمەوە لەو ڕۆژەی بەندەكانم كۆ دەكەمەوە.

18- لە خواترسان مایەی سەرسام بوونی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {يعجب ربُّكَ من راعي غنم، في رأس شظيَّة الجبل يؤذِّنُ بالصَّلاة ويصلّي فيقولُ اللَّهُ عزَّ وجلَّ انظروا إلى عبدي هذا يؤذِّنُ ويقيم الصَّلاةَ يخافُ منِي قد غفرتُ لعبدي، وأدخلته الجنَّةَ}[3]. وا تە: پەروەردگارت سەر سام دەبێت بە شوانەمەڕ، لە سەر لووتكەی چیادا بۆ نوێژ بانگ دەدات ونوێژ دەكات خودای گەورە دەفەرموێت: سەیری ئەم بەندەیەم بكەن بانگ دەدات و نوێژ دەكات لە من دەترسێت بێگومان من لەو بەندەیەم خۆش بووم، دەیخەمە ناو بەهەشتەوە.

19- لە خواترسان مایەی ڕزگار بوونە لە ناخۆشیەكانی دونیا و دوارِۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی سێ شت دەكات كە مایەی ڕزگاربوونن، جا یەكێك لەوا نە دەفەرموویت: {وخشيةُ الله تعالَى في السِّرِّ والعلانية}[4]. وا تە: ترسان لە خودای بەرز لە پەنهانی و ئاشكرادا.

20- پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هەموو دانیشتنێكدا داوای لە خواترسانی لە خودا دەكرد. دەیفەرموو: {اللهمَّ اقسِم لنا منْ خشيَتكَ ما تحولُ به بيننَا وبين معاصيكَ}[5].

---

(1) البخاري، الرقم(660)، ومسلم، الرقم(1031)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) رواه ابن حبان، الرقم(406)، وغيره، عن شداد بن أوس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(742).

(3) النسائي، الرقم(665)، عن عقبة بن عامر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح النسائي.

(4) رواه البزاز، الرقم(6491)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(453).

(4) الترمذي، الرقم(3502)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و پیاوچاکان دەربارەی لە خواترسان

1- عبداللە ی کوڕی ع باس(رضي الله عنهما) ده فەرموێت: (وعد الله المؤمنين الَّذين خافوا مقامه وأَدُّوا فرائضه الجنَّة)[1]. واتە: خودا بەڵێنی داوە بەو بڕوادارانەی کەوا لە مەقامی خودا ترساون و واجبەکانی خودایان بەجێ هێناوە بە بەهەشت.

2- أ حمدی کوڕی عا صم ی ئەنتاکی ده فەرموێت: (من كانَ بالله أعرفَ كانَ منه أخوفَ)[2]. واتە: هەر کەسێك زیاتر خودا بناسێت زیاتر لێی دەترسێت.

3- شێخ ح سن ی بە صری ده فەرموێت: (المؤمن من جمع إحسانا وخشية، والمنافق من جمع إساءة وأمنا)[3]. واتە: بڕوادار کەسێکە چاکە و ترسی خودا لە خۆی کۆدەکاتەوە، و کەسی دوو ڕوو خراپە و دڵنایی لە خۆی کۆ دەکاتەوە.

4- أبو سُليمان ی دارا نی فەرموو یەتی: (أصل كل خير في الدُّنيا والآخرة الخوف من الله ﷻ، وكلُّ قلب ليس فيه خوف الله فهو قلب خرب)[4]. واتە: بنچینەی هەموو چاکەیەك لە دونیا و دواڕۆژ ترسانە لە خودای بەرز و بەتوانا، هەر دڵێك ترسی خودای تێدا نەبوو ئەوا دڵێکی وێرانە.

5- أ بو القا سم الح کیم فەرموو یەتی: (من خاف من شيء هرب منه، ومن خاف من الله ﷻ هرب إليه)[5]. واتە: هەر کەسێك لە شتێك ترسا لەبەری ڕادە کات، بەڵام ئەوەی لە الله ترسا بۆ لای ئەو ڕادەکات.

6- پێ شەوا غەززالی فەرموو یەتی: (أخوف النَّاس لربه أعرفهم بنفسه وبربه)[6]. وا تە: لەخواترسترین کەس ئەو کەسەیە کە لە هەموویان زیاتر خۆی نا سیوە و پەروەردگاری خۆی ناسیوە.

7- مَ سروق ی أ جْدَع فەرموو یەتی: (كفى بالمرء علما أن يخشى الله ﷻ)[7]. وا تە: ئەوەندە زانستە بەسە بۆ کەسێك لە خودا بترسێت.

---

(1) التخويف من النار، ابن رجب الحنبلي، ص.16.

(2) البداية والنهاية، المجلد 10 / ص 271 .

(3) تفسير البغوي، ابن كثير، سورة المؤمنون الآية57.

(4) التخويف من النار، ابن رجب الحنبلي، ص.16.

(5) الرسالة القشيرية، أبو القاسم عبدالحكيم بن هوازن القشيري.

(6) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.4، ص.155.

(7) جامع بيان العلم وفضله، ابن عبدالبر القرطبي، ج.1، ص.569.

چەند بەسەرهات و نموونەیەک دەربارەی لە خواترسان

1- ترسانی جبریل لە خودای گەورە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مررتُ ليلةَ أُسْرِيَ بي بالملأ الأَعْلَى، وجبريلُ كالحِلْسِ البالي من خشية الله تعالى}[1]. واتە: لەو شەوەی شەوڕۆم پێکرا بەلای ئەهلی ئاسمانَدا ڕۆیشتم و جبریل وەکو ڕایەخێکی کۆن و دڕاو بوو لە ترسی خودای بالادەست.

2- لە خواترسانی میکائیل.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) جارێکیان لە جبریلی پرسی فەرمووی: {ما لي لا أرى ميكائيل ضاحكًا قطُّ؟ قال: ما ضحك ميكائيلُ منذُ خُلقتَ النَّارُ}[2]. واتە: بۆ چی من هەرگیز نەمبینیوە میکائیل پێبکەنێت؟ فەرمووی: لەوکاتەی ئاگری دۆزەخ درووست کراوە میکائیل پێنەکەنیوە.

3- پێغەمبەران بە گشتی لە خودا ترساون و زیاتر لە هەموو خەڵک.

خودای گەورە دەربارەی ئەوان فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾﴾ الأنبياء. واتە: ئەوان ئەوانەی باسکران لە پێغەمبەران پێشبڕکێ دەکەن لە ئەنجامدانی هەموو چاکەکان و دەپاڕانەوە لە ئێمە بە ئومێدی بەهەشت و لە ترسی دۆزەخ، و ئەوان ملکەچ بوون بۆ ئێمە لێمان دەترسان.

هەروەها فەرموو یەتی: ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُ ٱلرَّحْمَٰنِ خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۩ ﴿٥٨﴾﴾ مريم. واتە: هەرکاتێك ئایەتەکانی خودای میهرەبانیان بۆ بخوێندرێتەوە دەست بەجێ دەکەون بەڕوودا بە کڕنووش و گریان.

هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَمَا واللَّهِ إنِّي لَأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وأَتْقَاكُمْ له}[3]. واتە: سوێند بە الله من لە هەمووتان زیاتر لە خودا دەترسێم و لە هەمووانیش تەقوادارترم بۆ خودا.

4- لە خواترسانی پێشەوا أبوبکر(رضي الله عنه).

---

(1) الطبراني في المعجم الأوسط، الرقم(4679)، وغيره، عن جابر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(5864).

(2) رواه أحمد، الرقم(13343)، عن أنس(رضي الله عنه)، والحديث حسن لغيره عند الألباني في صحيح الترغيب والترهيب(3664).

(3) البخاري، الرقم(5063)، عن أنس(رضي الله عنه).

أبوبکری صدیق یەکێك بوو لە دە موژدەپێدراوەکان بە بەهەشت، لە گەڵ ئەوەشدا پیاوێکی زۆر لەخواترس بوو. ڕۆژێکیان باڵندەیەکی بینی لە سەر درەختێك بوو، وتی: خۆش بەختی بۆ تۆ ئەی باڵندە کە لە بەری ئەم درەختە دەخۆی، پاشان دەفڕی و هیچ لێپێچینەوەت لەگەڵدا ناکرێت و سزاش نادرێی، خۆزگەم بە تۆ ئەی باڵندە. هەروەها دەیفەرموو: سوێند بە خودا حەزم دەکرد درەختێك بام لەسەر لێواری ڕێگا یەك بە دەوی وشترێك بخورا بام[1]. یان دەیفەرموو: خۆزگە تاڵە موێك بام لە تەنیشتی بەندەیەکی بڕوادار[2].

5- لە خواترسانی عُمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه).

عبدالله ی کوڕی عامر دەفەرموێت: جارێکیان عُمرم بینی زڵکەکایەکی لە دەست بوو دەیفەرموو: خۆزگە ئەو زلکە بام خۆزگە درووست نەکرابام خۆزگە لەدایك نەبووما یە هیچ شتێك نەبوومایە، خۆزگە شتێکی لەبیرکراو بام[3].

6- لە خواترسانی علی کوڕی فُضیل.

الخطیب دەفەرموێت: علی کوڕی فُضیل گوێی لە ئایەتێك بوو ئەوندە پێی کاریگەر بوو بە شێوەیەك دەستبەجێ لەهۆش خۆی چوو، پاشان کۆچی دوایی کرد، إبراهیم ی کوڕی بشار دەفەرموێت: ئەو ئایەتەی علی کوڕی فُضیل بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد ئەوە بوو: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُواْ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٢٧﴾ الأنعام[4].

7- لە خواترسانی حارس ی موحاسبی.

أبو علي الدقاق دەربارەی ئەو پیاوە لەخواترسە دە فەرموێت: (إذا مَدَّ يَدَهُ إلى طَعام فيه شُبهةٌ تَحَرَّكَ على إصبعه عرقٌ، فَكانَ يَمتَنعُ منهُ)[5]. واتە: هەرکاتێك حارس دەستی بۆ خواردنێك ببردایە گوماناویبا یەکێك لە دەمارەکانی دەستی دەجوولا، بۆیە دەستبەجێ وازی لە خواردنەکە دەهێنا.

---

(1) رواه البيهقي في شعب الأيمان، الرقم(786).

(2) رواه أحمد في الزهد، الرقم(560).

(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.148.

(4) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.8، ص.446.

(5) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي السقاف، ج.1، ص.499.

8- له خواترسانی رَبیع ی کوڕی خُثَیم.

یەکێکە لە تابیعین، زۆر زانا و لەخواترس بوو، جارێکیان کچەکەی لێی دەپرسێت: بۆ وەکو خەڵك تۆش ناخەوی؟ وتی: کچم من لە ترسی مردن خەوم لێناکەوێت.

هەروەها جارێکیان لەگەڵ عبدالله ی کوڕی مسعود بەلای ئا سنگەرێك تێدە پەڕن، ربیع هەر کە بینی چۆن ئاسنەکان سوور دەکرێنەوە بە ئاگر دەستبەجێ لە هۆش خۆی چوو، دوای شەو و ڕۆژێك بەهۆش خۆی ها تەوە، بۆیە عبدالله ی کوڕی مسعود دەیفەرموو: سوێند بە الله ئەمەیە حاڵی کەسانی لەخواترس.

هەروەها وتراوە: ربیع گۆڕێکی لە ماڵی خۆی لێدابوو هەرکات هەستی بە دڵ ڕەقی بکردایە دەچووە ناوی و بەگریا نەوە دەیفەرموو: ﴿رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ۝ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا﴾ المؤمنون. واتە: ئەی پەروەردگارم بمگەڕێنەوە بۆ دونیا بەڵکو کردەوە یەکی چاك بکەم. پاشان لە ناو گۆڕەکە دەهاتە دەرەوە و بە خۆی دەوت: بێگومان گەڕا یەوە بۆ دونیا ئەی ربیع بێگومان گەڕایەوە بۆ دونیا ئەی ربیع[1].

9- لە خواترسانی حەسن ی بەصری و عُمری کوڕی عبدالعزیز(رحمهما الله). یَزیدی کوڕی حَوشَب فەرموویەتی: هیچ کسم نەبینیوە لە خواترس بێت بە ئەندازەی حەسَن ی بەصری و عُمری کوڕی عبدالعزیز، وەکو ئەوە وا بوو ئاگری دۆزەخ تەنها بۆ ئەوان درووست کرا بێت[2].

10- لە خواترسانی تابیعی بەڕێز عَمروی کوڕی عُتبة.

دەوترێت: شەوێکیان لە کاتی سەرقاڵ بوونی بە خواپەرستی شێرەك دێت دەنرێنێت، لەو کاتەدا هەموو خەڵك ڕادەکەن تەنها عَمرو نەبێت، دوای ئەوەی شێرەکە دەڕوات، لێی دەپرسن: ئایە تۆ نەترسای؟ چۆن ڕاتنەکرد؟، وتی: سوێند بە الله شەرم دەکەم لەخودا جگە لە ئەو لە شتێکیتر بترسم[3].

11- ئەو گەنجەی لە ترسی خودا کۆچی دوایی کرد لە شاری بەصرا.

ابن سماك دەفەرموێت: لەگەڵ هاوڕێیەکم چووینە بەصرا پێم وت: کوڕە گەنجێکی لێیە پێی دەڵێن: کوڕی پیرەژن، زۆر لەخواترسە، ئایە دەتەوێ سەردانەکی بکەین؟ ئەوە بوو

(1) من أخلاق الرسول، محمد بن عبدالعاطي بحيري، ص.48.
(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن،ج.1، ص.101.
(3) الزهد، أحمد بن حنبل، ص.353.

چووین بۆ لای دایکه کەی پ یێی و تین: تکا تان لیّ ده کەم لەلای ئەو با سی بەهە شت و دۆزەخ مەکەن و مەیکوژن، تەنها ئەو کوڕەم هه یه، ئیتر چووینه لای گەنجه که بینیمان پۆشاکێکی تووکنی لەبەردا یه و بەبێ دەنگی دانیشتووه و سەری خۆی نزم کردووه، کاتێك سەری بەرز کردەوه فەرمووی: ئایه هەموو خەڵك وه ستانێك قەرزدارنین؟ ئێ خۆ دەبێت ئەم وه ستانه ئەنجام بدەن، ابن سماك ده فەرمویت: منیش وتم: جا وه ستان لەبەردەم کێدا ڕەحمەتی خوات لێبێت؟ دەڵێت: هەر که ئه مەی لێ بیستم یەك هاواری گەورەی کرد و دەست بەجێ گیانی سپارد[1].

12- له خواترسانی فتحی موصلی.

جارێکیان له ڕۆژی جەژن تەما شای هه ندێك لەوا نەی کرد کەدووکەڵیان به با دەدا دەستبەجێ له هۆش خۆی چوو، دوای ئەوەی بەهۆش خۆی هاتەوه لێیان پرسی بۆ وات لێهات؟ وتی: لەبەر ئەوەی دووکەڵی ئاگری دۆزەخم بیرکەوتەوه[2].

---

(1) الجامع لشعب الايمان، البيهقي، ج.2، ص.532.

(2) تأريخ الإسلام، الذهبي، ج.8، ص.494.

الرجاء

هیواداری

پێناسەی هیواداری

الرجاءُ في اللُّغَةِ: الأمَلُ الّذي هُوَ ضِدُّ اليَأْسِ.

الرَّجاء لە زمانەوانیدا: ئەو هیوایەیە کە پێچەوانەی بێ ئومێدیە.

هەروەها (الرَّجاءُ) بە وا تای لە خواتر سانیش هاتووە، هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا﴾ نوح. واتە: بۆ ئێوە ناترسن لە خودای گەورە[1].

الرَّجاءُ في الاصطِلاحِ:

1- هُوَ تَعَلُّقُ القَلبِ بِحُصولِ مَحبوبٍ مُستقبَلاً[2].

واتە: (الرجاء) لە زاراوەییدا: پەیوەستبوونی دڵە بە بەدە ستهێنانی خۆشەویستێك لە داهاتوودا.

2- وقيلَ: هُوَ النَّظَرُ إلى سعَةِ رَحمَةِ اللهِ تعالى[3].

واتە: وتراوە: سەیرکردنی گەورەیی بەزەیی خودای میهرەبانە.

3- وقيلَ: هُوَ الثِّقَةُ بِجودِ الرَّبِّ(ﷻ)[4].

واتە: وتراوە: الرجاء بریتیە لە هەبونی متمانە بە بەخشندەی پەروەردگار.

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.14، ص.309.

(2) التعريفات، الجرجاني، ص.109.

(3) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.36-37.

(4) المصدر السابق.

پله و پایه و سوودەکانی هیواداری لە() خاڵدا

1- پێشەنگ و پێشەوایەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئەهلی رجاء و هیوادارانە.

هەروەکو خودای میهرەبان فەرموویەتی:﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا﴿٢١﴾﴾ الأحزاب. واتە: گومان لەوەدا نیە کە لە بوونی پێغەمبەری خودا پێشەنگ و چاولێکەری جوان هەیە بۆ ئەو کەسانەی بە هیوای گەیشتن بە دیداری خودا و پاداشتی ڕۆژی دوایی دەکەن و زۆر یادی خودا دەکەن.

2- خودا لە کەسی بە هیوا و تەوبەکار خۆش دەبێت.

هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴿٥٣﴾﴾ الزمر. واتە: ئەی محمد بە بە ندەکانم بڵێ ئەوا نەی کە زیادە ڕەویان کردووە لە سەر نەفسی خۆیان لە تاوان کردن و بێ فەرمانی خودا بێ ئومێد مەبن لە ڕە حمەتی خودا، بێگومان خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت، بەڕاستی خودا زۆر بەخشش و میهرەبانە.

3- هیوا و ئومێد نیشانە و سیفەتی بڕوادارانە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴿٢١٨﴾﴾ البقرة. وا تە: ئەوا نەی بڕوا یان هێناوە و ئەوانەی لە پێناو خودادا کۆچیان کرد و جەنگان ئا ئەوا نە هیوا یان هە یە بە ڕەحمەتی خودا، خوداش زۆر بەخشش و میهرەبانە.

4- هیوادارەکان خاوەن زانستن و هەرگیز وەکو نەزانەکان هەژمار ناکرێن.

خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴿٩﴾﴾ الزمر. واتە: ئایە کە سێك کە لە ساتەکانی شەودا سەرقاڵی خواپەرستنە کڕنووش دەبا و بە پێوە ئەوەستێت و نوێژ دەکات و لە سزای ڕۆژی دوا یی دەترسێت و لەهەمان کاتدا بە هیوای ڕەحمەتی خودایە، ئەی محمد بڵێ: ئا یە ئەوا نەی زانان و ئەوا نەی نەزانن وە کو یەك وان؟ نەخێر تەنها کە سانێك بیر دەکە نەوە کە خاوەن عەقڵ و هۆشن.

5- هیوا و ئومێد لە ڕەوشتی پێغەمبەرانە.

خودای گەورە دەربارەی پێغەمبەران دەفەرموێت:﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَـٰشِعِينَ﴾ الأنبياء. واتە: ئەوان پێغەمبەران چالاك و گورج و گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو چاكەیەكدا ونزای بە كۆڵیان دەكرد بە ئومێدی بەزەیی و بەهەشتی ئێمە و لەدۆزەخ و خەشمی ئێمە دەترسان، و ئەوان هەمیشە ملكەچ بوون بۆ ئێمە.

6- نزا و پاڕانەوەكان ئەبێت پەیوەست بن بە ترس و ئومێدەوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ الأعراف. واتە: بەردەوام نزا بكەن لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت.

7- بێ ئومێدی سیفەتی بێ بڕواكانە.

خودای گەورە لە چیرۆكی یَعقوب و یوسف(علیهما السلام) باس دەكات كاتێك یەعقوب بە كوڕەكانی دەڵێت: ﴿يَـٰبَنِىَّ ٱذْهَبُوا۟ فَتَحَسَّسُوا۟ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَا۟يْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَا۟يْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ يوسف. واتە: كوڕەكانم بڕۆن هەواڵی یوسف و براكەی بپرسن و هەرگیز لە میهرەبانی خودا نائومێد مەبن، بەڕاستی بێ ئومێد نابێت لە بەزەیی خودا مەگەر گەلی بێ بڕواكان نەبێت.

8- خودا كەسی بەهیوا هەرگیز بێ هیوا ناكات.

أنس ی كوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووە سەردانی گەنجێك، گەنجەكە لەسەرەمەرگدا بوو، پێی فەرموو: چۆن ڕادەبینی لە خۆت؟، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئومێدم بە خودایە و لە تاوانەكانیشم دەترسم، پێغەمبەری خودا فەرمووی: دوو شت لە دڵی هیچ بەندەیەك كۆنابنەوە لە حاڵەتێكی ئاوادا: مەگەر ئەو شتەی ئومێدی پێیەتی پێی دەدات، و دڵنیای دەداتێ لەوەی لێی دەترسێت[1].

(1) الترمذي، الرقم(983)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

چەند نموونەیەك لەسەر هیوا و ئومێدەواری

1- أ بو ذ ضر(رحمه الله) ده فەرموێت: یَز یدی کوڕی أ سوَد نەخۆش بوو، م نیش بەمەبەستی هەواڵپرسین چووم بۆ سەردانی، لە ڕێگادا گەیشتمە وا سلەی کوڕی أ سقع ئەویش بە هەمان شێوە دە چووە سەردانی یزید، بەیە کەوە چووین، وا سلە لە نزیكی دانیشت و یزیدیش هەردوو دەستی واسلەی خستە سەر ڕوخساری خۆی، واسلە پێی وت: ئایە گومانت چۆنە بە خودای گەورە؟ وتی: سوێند بە خودا گو مانم بە خودا زۆر با شە، وا سلە پێی وت: کەوابوو مزگێنیت لێ بێت من گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) دەیفەرموو: ﴿قال الله تعالى: أنا عند ظن عبدي بي إنْ ظنَّ خيراً فَلَه، وإنْ ظنَّ شرًّا فَلَه﴾[1].

واتە: خودای گەورە لە فەرموودەی قود سیدا فەرموو یەتی: من لە لای گو مانی بە ندەی خۆمم ئەگەر گومانی باش ببات بە من ئەوا هەر چاکەی بۆ دەبێت، و ئەگەر گومانی خراپ ببات بە من خراپەی چاوەڕوانە.

2- ئوم ێدی پێغەم بەر(ﷺ) بۆ گەیشتن بە(الوَ سیلَة) لە بەهە شتدا. هەروەکو دە فەرموێت: { إذا سَمِعْتُم المُؤَذّنَ، فقولوا مثْلَ ما يقولُ ثُمَّ صلُّوا علَيَّ، فإنَّه مَن صَلَّى علَيَّ صَلاةً صلَّى اللَّه عليه بِهَا عَشْرا، ثُمَّ سلُوا اللَّه لِيَ الوسيلَةَ، فإنَّها منْزِلَةٌ في الجنَّة، لا تَنْبغي إلاَّ لعبْد من عباد الله، وأَرْجو أنْ أكُونَ أنا هُو، فمَن سَأَلَ لِي الوَسِيلَةَ حلَّتْ له الشَّفاعَةُ}[2]. وا تە: هەرکات گوێتان لە بانگدەر بوو، وەکو ئەو بلێن پاشان صەڵاواتم لە سەر لێبدەن، چونکە بەڕا ستی هەرکە سێك یەك صەڵاواتم لە سەر لێبدات ئەوا خودای گەورە بەهۆی ئەو صەڵاواتە دەجار صەڵاواتی لەسەر لێدەدات، پاشان داوای وە سیلەم بۆ بکەن لە خودا، چونکە وەسیلە بەڕاستی شوێنێکە لە بەهەشت، بۆ هەموو کەس نابێت تەنها یەك بە ندە نەبێت ، ئومێد دەکەم ئەو بەندەیە من بم، هەر کە سێکیش داوای وە سیلەم بۆ بکات لە خوادی گەورە، شەفاعەتی منی بۆ حەڵال دەبێت.

3- ئومێد و هیوای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئومێدەوار بوو نیوەی خەڵکی بەهە شت لە ئوممەتەکەی ئەو بن، بەڵگەش لەسەر ئەمە: جارێکیان بە هاوەڵانی فەرموو: {أتَرضَونَ أنْ تَكُونوا ربعَ أهْلِ الجَنَّة؟}، قُلْنا: نَعم، قالَ: {أتَرضَونَ أنْ تَكُونُوا ثُلُثَ أهلِ الجَنَّة؟ }، قُلْنَا: نَعم، قالَ: {أتَرضَونَ أنْ تَكُونُوا شَطْرَ أهْلِ الجَنَّة؟}، قُلْنَا: نَعم، قالَ: {والَّذي نَفْسُ مُحَمَّد

---

(1) رواه ابن حبان، الرقم(639)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4315).

(2) المسلم، الرقم(577)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو بن العاص(رضي الله عنهما).

بيده، إنِّي لأَرْجُو أنْ تَكُونوا نصْفَ أهْلِ الجنَّة؛}[1]. وا ته: ئا يه ئێوه ڕاز ین چواریەکی بەهەشت بن؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: ئا یه ڕازین ئێوه سێ یەکی بەهه شت بن؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە هیوادارم نیوەی ئەهلی بەهەشت ئێوە بن.

4- هیوا و ئومێدی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بریتی بوو لەوەی زۆرترین خەڵك بگەن بە حەوزی کەوسەر لە ڕۆژی دوایی، هاوەڵی بەڕێز سَمُرَةی کوڕی جُنْدُب لە پێغەمبەرەوە بۆ مان دەگێڕێتەوە و تی: پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {إنَّ لكلِّ نبيٍ حوضاً، وإنَّهم يتباهَوْنَ أيُّهم أكثر واردةً، وإنِّي أرجو أنْ أكونَ أكثرهم واردةً}[2]. وا ته: هەموو پێغەمبەرێك حەوزێکی هه یه شانازی بەوە دەکەن ئاخو کامەیان زیاتر خەڵك بەرەو حەوزەکەیان دەچن، ومنیش هیوادارم لە هەموویان زیاتر خەڵك بۆ حەوزەکەی من بێن.

5- مُعاو یەی کوڕی أ بو سُفیان(رضي الله عنه) لە سەرەمەرگدا بوو پێ یان وت: ئا یە وەسیەتێك نا کەی؟، فەرمووی: خودا یە هه ڵەکانم کەم کەوە و ببوورە لە تاوا نەکانم و چاوپۆشی بکە لە نەفامی ئەوکەسەی هیوا و ئومێدی بەکەس نیە جگە لە تۆ[3].

6- هیوا و ئومێدی عبدالرحمنی سولەمی.

لەو کا تەی عبدالرحمن نەخۆش بوو عَطاءی کوڕی سائب دە فەرمووێت: چووم بۆ سەردانی عبدالرحمن، لەوێ خەڵك هاتبوون با سی بە هیوابووزیان بۆی دە کرد، ئەویش دەیفەرموو: (أَنا أَرجو ربي، وقَدْ صمت لَه ثَمانين رمضاناً)[4]. وا ته: من هیوام بە پەروەردگارمە لە کاتێکدا من هەشتا ڕەمەزان بۆ ئەو بەڕۆژوو بوومە.

7- هیوا و ئومێدی حمّادی کوڕی سَلَمة.

حماد دەیفەرموو: سوێند بە خودا ئە گەر من سەرپشك بکرێم لە نێوان موحاسەبە و لێپێچینەوەی خودای گەورە بۆ من و لە لێپێچینەوەی دایك و باوکم بۆ من ئەوا من لێپێچینەوەی خودا هەڵدەبژێرم، چونکە بێگومان خودا بۆ من میهرەبان ترە لە دایك و باوکم[5].

---

(1) البخاري، الرقم(6528)، والمسلم، الرقم(221)، وغيرهما، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2367)، وصححه الألباني بشواهده في السنة برقم(734).

(3) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.4، ص.279.

(4) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.4، ص.192.

(5) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.7، ص.108.

البكاء من خشية الله

گریان له ترسی خودا

پێشەوا نەوەوی فەرموویەتی: گریان چەندین هۆکاری هەیە، جاری وا هەیە لەبەر ترسە و جاری وا هەیە لەبەر ئێش وئازارە و جاری وا هەیە لە کەیفانە هتد.

بەڵام گریان بۆ خودا یان لە ترسی خودایە یان لە کەیفا نە بۆ خودا: (فإذا كانَ البَكاء مِن معصيةٍ فعلَها الإنسانُ فهذا البُكاءُ سببه الخَوفُ من الله عزّ وجلَّ، وإنْ كانَ بعدَ طاعةٍ فعلَها كَانَ هذا البُكاءُ شوقاً إلى الله سُبحانهُ وتَعالى)[1]. وا تە: ئەگەر گریانەکە لە بەر ئەنجا مدانی تاوانێك بوو کە مرۆڤە کە ئەنجامی دا بوو ئەم گریا نە هۆکارە کەی ترسانە لە خودای گەورە، ئەگەر گریانەکە دوای ئەنجامدانی گوێڕایەلیەك بوو بێت بۆ خودا ئەم گریا نە لە خۆشیانە بۆ لای خودای گەورە.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی گریان لە ترسی خودا

1- عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (لأَنْ أَدمعَ دمعةً مِن خشيةِ الله، أَحبُّ إلَيَّ مِن أَن أَتصدَّقَ بأَلْفِ دينـار)[2]. وا تە: ئەگەر تەنها دڵۆپێك فرمێسك بڕێژم لە ترسی خودای گەورە خۆشەویستترە لام لە بەخشینی هەزار دینار.

2- پێشەوا أبوبکر(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (مَنِ استطاعَ أَنْ يبكي فَليبكِ، ومن لَمْ يستطِع فَليتباكَ)[3]. وا تە: ئەوەی بتوانێت بگریێت با بگریێت، و ئەوەی نەیتوانی با خۆی بگریێنێت.

3- محمدی کوڕی مُنْكَدِر هەر جارەی لە ترسی خودا بگریا با هەر دوو دەستی بە فرمێسکەکانی دادەهێنا، پاشان ریشی و روخساری پێ تەڕ دە کرد و دەیفەرموو: (بلَغَني أَنَّ النّار لا تأَكُل موضِعاً مسَّتهُ الدُّموعُ)[4]. وا تە: زانیو مە ئاگری دۆزەخ ئەو شوێنە ناسووتێنێت کە فرمێسکی بەرکەوتبێت.

---

(1) شرح رياض الصالحين، ابن عثيمين، ج.2، ص.218.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، عبدالرحمن ياسر، ج.1، ص.103.

(3) الزهد، ابن المبارك، ص.42.

(4) موسوعة الأخلاق الإسلامية، ياسر عبدالرحمن، ج.3، ص.60.

پله و پایه و سوودەكانی گریان له ترسی خودا له( ) خاڵدا

1- گریان له ترسی خودا سیفەتی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بووه.

هەروەكو خودا فەرمووی یەتی: ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُ ٱلرَّحْمَـٰنِ خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۝٥٨﴾ مريم. واته: هەركات ئەگەر ئایەتەكانی خودای میهرەبانیان بۆ بخوێندرێتەوه دەستبەجێ دەكەون به ڕوودا به كڕنووش بردن و گریانەوه.

2- گریان له ترسی خودا نیشانەی بڕواداری تەواوه.

خودای گەوره با سی ئەو گاورانه مه سیحیەكان ده كات كه بەڕا ستی بڕوادێنن به پێغەمبەری خودا(ﷺ) و دەبن به بڕوادار، فەرموو یەتی: ﴿وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا۟ مِنَ ٱلْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّـٰهِدِينَ ۝٨٣﴾ المائدة. واته: ئەم جۆره گاورانه كاتێك ئایەتێك دەبیستن كه بۆ پێغەمبەر دابەزێندراوه دەبینی چاویان پڕ دەبێت له فرمێسك له سەر ئەو ڕا ستیەی زاني يان و ده ڵێن: پەروەردگارا بڕوا مان هێ نا به محمد و بەوەی بۆی دا بەزیووه لەو كەسانەمان هەژمار بكه كه شاهێدیان داوه بۆ ڕاستیەكانی ئیسلام.

3- بەهەشت یاخود دره ختی تايبەت له بەهه شت بۆ ئەو كه سەيه له ترسی خودا بگريێ. پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو يەتی: {طُوبى لِمن ملَكَ لِسانَهَ، ووسِعَهُ بيتَه، وبكَى علَى خَطِيئَتِه}[1]. واته: خێر و خۆشی بۆ ئەو كه سەی ز مانی خۆی بگرێت له خرا په، و پەيوه ست بوو به ماڵه كەی خۆی وا ته: خۆی پارا ست له تێكەڵی خەڵك له ترسی خراپەكاری، و بگرییێت لەسەر تاوانەكانی.

4- گریان له ترسی خودا هۆكارێكه بۆ ڕزگار بوون له گەرمای دوارۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی حەوت كەس دەكات له ڕۆژی دوایی دەكەو نه ژێر سايه و سێبەری خودای گەوره، جا يەكێك لەوا نه فەرموو يەتی: {ورجل ذكر اللَّه خاليا ففاضت عيناه}[2]. واته: پیاوێك یادی خودا بكه به تەنیا و له پەنهاذ يدا گريا جا فرمێسك له چاوەكانی هاته خوار.

5- دوو چاو ئاگر نايانگرێتەوه له دوارۆژدا.

(1) رواه الطبراني في الأوسط، الرقم(2340)، عن ثوبان(رضي الله عنه)، وحسنه اللباني في صحيح الجامع(3929).

(2) البخاري، الرقم(660)، ومسلم، الرقم(1031)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنهما).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {عَينان لا تَمَسُّهما النَّارُ: عَيْنٌ بكَتْ من خَشية الله، وعَيْنٌ باتَتْ تَحرس في سبيلِ الله}[1]. واتە: دوو چاو ئاگر نایانگرێتەوە لە دوارۆژدا، چاوێك گریابێت لە ترسی خودا، و چاوێك شەونخوونی كردبێت ئێشكگری لە پێناو خودا.

6- گریان لە ترسی خودا هۆكارێكە بۆ ڕزگار بوون لە دۆزەخ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لا يَلِجُ النارَ رجلٌ بكَى من خَشيَةِ الله حتى يعودَ اللبَنَ في الضَّرعِ}[2]. واتە: نا چێتە ناو ئاگری دۆزەخ كە سێك گریابێت لە ترسی خودا تاوەكو شیر دەگەڕێتەوە ناو گوان.

7- فرمێسك یەكێكە لە خۆشەویسترین شت لە لای خودای گەورە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ليس شيء أحبَّ إلى الله من قطرتَيْن وأثرين: قطرةُ دموعٍ من خشية الله، وقطرةُ دم تُهراقُ في سبيلِ الله، وأمَّا الأثران فأثرٌ في سبيلِ الله، وأثر في فريضة من فرائضِ الله ﷻ}[3]. واتە: هیچ شتێك خۆشەویستتر نیە لەلای خودا لە دوو دڵۆپ و دوو شوێنەوار: دڵۆپێك فرمێسك لە ترسی خودا و دڵۆپێك خوێن بڕژێت لە پێناو خودا، و دوو شوێنەوارەكەش یەكێكیان هەبوونی شوێنەوارێك لە سەر لاشە بەهۆی تێكۆشان لە پێناو خودا، دووەمیشیان هەبوونی شوێنەوارێك بەهۆی بەجێگەیاندنی یەكێك لە فەرزەكانی خودا.

(1) الترمذي، الرقم(1639)، عن ابن عباس(رضيالله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) الترمذي، الرقم(1633)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) الترمذي، الرقم(1669)، وغيره، عن أبي أمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

چەند نمونەو ڕووداوێک دەربارەی گریان لە ترسی خودا

1- گریانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، عبدالله ی کوڕی مَسعود دەگێرێتەوە دە فەرمویێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا پێی وتم: {اقْرَأْ عَلَيَّ القُرآنَ} ، قُلتُ: آقْرَأُ عَلَيْكَ وعَلَيْكَ أُنْزِلَ؟ قالَ: {إنِّي أُحبُّ أنْ أسْمَعَهُ من غَيري} ، فَقَرَأْتُ عليه سُورةَ النّسَاء، حتَّى بلَغْتُ: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا﴿٤١﴾﴾ النساء . قالَ:{حسبكَ الآنَ}، فالْتَفَتُّ إلَيْه، فإذا عَيْناهُ تَذْرِفان}[1] . واتە: قوڕ ئانم بە سەردا بخوێنەوە، وتم: ئا یە قوڕئان بە سەرتدا بخوێنم لەکاتێکدا قوڕ ئان بە سەر تۆدا دا بەزیوە؟، فەرمووی: من حەزدە کەم گوێبیستی قوڕ ئان بم لەکەسی ترەوە، منیش سوڕەتی(النّساء)م بەسەریدا خوێندەوە تا گەیشتمە ئایەتی: ئەبێ حاڵی ئەو خەڵکە چۆن بێت کاتێك لە هەر ئوممەتێك پێغەمبەرێك دێنین شاهیدە لەسەریان، تۆش ئەی محمد دێنین وەکو شاهید لەسەر هەمووان، عبدالله دەڵێت: پێی وتم: ئەوندە بەسە ئێستا، کە سەیرم کرد بینیم پێغەمبەری خودا چاوەکانی فرمێسکیان لێ دەهاتە خوار.

2- گریانی أبوبکر(رضي الله عنه).

عبدالله کوڕی عُمر دەفەرموێت: لە کاتی توند بوونی نەخۆشی سەرەمەرگی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێیان وت: بۆ پێش نوێژی، فەرمووی: {مُروا أبا بَكْرٍ فَلْيُصلِ بالنَّاس} قَالَتْ عَائشَةُ: إنَّ أبَا بَكْرٍ رَجُلٌ رقيقٌ، إذَا قَرأَ غَلَبَهُ البُكَاءُ، قَالَ: {مُروهُ فيُصلِ}، فَعاودَتْهُ، قَالَ: {مُروهُ فيُصلِ، إنَّكُنَّ صَواحِبُ يُوسُفَ}[2]. واتە: بە أبوبکر بڵێن با پێش نوێژی بکات بۆ خەڵك، عائشة وتی: أبوبکر پیاوێکی دڵ نەرمە هەرکات قوڕئان بخوێنێت گریان بە سەریدا زاڵ دەبێت، فەرمووی: پێی بڵێن: با نوێژ بکات، دەڵێت: دووبارەم کردەوە، فەرمووی: پێی بڵێن: با نوێژ بکات، ئێوە وەکو ئەو ئافرەتانەن کە لە گەڵ یوسف(عليه السلام) هەڵسوکەوتیان دەکرد.

3- گریانی پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) لە ترسی خودا.

---

(1) البخاري، الرقم(4763)، ومسلم، الرقم(800).

(2) البخاري، الرقم(682).

عبدالله ی کوڕی عیسی دەفەرموێت: (كَـانَ فِي وَجْـهِ عُمَـرَ بـنِ الْخَطَّـاب خَطَّـانِ أَسْوَدَانِ مِنَ الْبُكَاءِ)[1]. واتە: لە سەر ڕوخساری عُمر دوو خەتی ڕەش هەبوون بەهۆی گریانَ.

4- گریانی پێشەوا عثمان(رضي الله عنه).

پێشەوا عثمان هەر جارەی بەلای گۆڕێك بووە ستابا ئەوەندە دەگریا تاوەکو ڕیشی تەڕدەبوو، پێیان وت: یادی بەهەشت و دۆزەخ دەکەی ناگری بەڵام بە بینینی گۆڕ دەگری؟، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ القبرَ أوَّلُ منازلِ الآخرة، فإن نجا منه، فما بعده أيسر منه، وإن لم ينج منه، فما بعده أشدُّ}. واتە: بەڕاستی گۆڕ یەکەم شوێنی نیشتەجێی دواڕۆژە، ئەگەر لێی ڕزگار بوو واتە: لە ناخۆشیەکانی ناوگۆڕ ئەوا دوای ئەو هەمووی ئاسانترە، ئەگەر لێی ڕزگار نەبوو ئەوەی لە دوای ئەوە زەحمەتترە.

هەروەها دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {ما رأيتُ منظرا قطُّ إلا والقَبرُ أفظَعُ منه}[2]. واتە: هیچ دیمەنێکم نەبینیوە لە گۆڕ بەترس تر و سامناکتر بێت.

5- گریانی عبدالرحمن ی کوڕی عَوف(رضي الله عنه).

إبراهیم ی کوڕی عبدالرحمن دەفەرموێت: جارێکیان جۆرە خواردنێکیان بۆ باوکم هێنا بۆ ئەوەی نانی ئێوارە بخوات کە بەڕۆژوو بوو، هەر کە خواردنەکەی بینی دەستی کرد بە گریان، فەرمووی: مُصعَب ی کوڕی عُمَیر لە من باشتر بوو کەچی کاتی شەهید کرا لە أُحُد شتێك نەبوو لاشەکەی پێ کفن بکرێت، و جلەکانیشی بە شێوەیەك بوون ئەگەر لای سەری پێ داپۆشرابا قاچەکانی بەدیار دەکەوتن و ئەگەر پێیەکانی پێ داپۆشرابا سەری بە دیار دەکەوت، لەدوای ئەوان دونیا باوەشی بۆ ئێمە کردەوە، ئێستاش لەوە دەترسین هەر لە دونیا پادا شتی چاکەکانمان وەرگتبێت و لە دواڕۆژ پادا شتمان نەبێت، پاشان دەستی کرد بە گریان و نەیتوانی خواردنەکە بخوات[3].

6- عبدالرحمن ی کوڕی مهدی دەفەرموێت: لەگەڵ زۆر خەڵك ژیام و زۆر خەڵکم ناسی بەڵام کەسێکم نەبینی بە ئەندازەی زانای پایەدار سُفیان ی سەوری دڵ نەرم بێت، بە شێوەیەك لە کاتی شەونوێژدا لەبەر گریان لە قورئان خوێندنەکەی حاڵی نەدەبووم[4].

(1) صفة الصفوة، ابن الجوزي، ج.1، ص.148.
(2) ابن ماجة، الرقم(3461)، عن هاني مولى عثمان(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في سنن ابن ماجة.
(3) البخاري، الرقم(1275).
(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.7، ص.60.

7- تابیعی بەڕێز جَعفَری کوڕی سُلَیمان دەفەرموێت: ثابت ی بونانی لەبەر ژانی چاوی چووە لای پزیشك، پزیشکەکە پێی وت: ژانە کە بەهۆی زۆر گریا نە، بۆ یە تەنها واز لە گریان بێنە، لە وەڵامدا فەرمووی: جا ئەبێ چ خێرێك لە چاوێکدا هەبێت ئە گەر لە ترسی خودا نەگریت[1].

8- گریانی عَطاءی سولەیمی لە ترسی خودا.

عطاء یەکێك بوو لە تابیعیەکان، دەربارەی ئەو پیاوە لە خواترسە عبدالخالق ی کوڕی عبدالله ی عەبدی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لە کاتی تاریکایی شەو عطاء دە چووە سەر گۆڕستان دەیفەرموو: ئەی خەڵکی گۆڕستان ئێوە مردن ئەی هاوار لە بەر مردن، پا شان دەگریا و بە گریانەوە دەیفەرموو: ئەی خەڵکی گۆڕستان ئەوەی لە دونیا کرد تان لە گەڵ خۆتان بردتان، ئەی هاوار بۆ کردەوە، ئیتر عطاء بەم شێوەیە دەمایەوە تا بەیانی[2].

9- هاوەڵی بەڕێز سَلمان ی فارسی(رضي الله عنه) دە فەرموێت: بە سێ شت گریام، یە کەم: بە دا بڕانم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هاوەڵان(رضي الله عنهم)، دووەم: کاتێك بیردەکەمەوە لە ناخۆشی مردن و گیان کێشانم، سێیەم: کاتێك بیر دەکەمەوە لە ڕاوەستانم بەرامبەر خودای گەورە و نازانم سەرەنجامم بەهەشتە یان دۆزەخ[3].

10- یَزیدی کوڕی أباب فەرموویەتی: جارێکیان لە خەودا بە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەیشتم و سورەتی(هود)م بۆی خوێندەوە، هەڵبە تە دەر بارەی سورەتی هود پێغەمبەر فەرموویەتی: {شيَّبتْنِي هودٌ، والواقِعةُ، والمُرسَلاتُ، وعمَّ يتَساءلُونَ، وإذَا الشَّمْسُ كُوِّرتْ}[4]. واتە: سورەتی هود و الواقعة و المرسلات و النباء و التكوير منیان پیرکرد.

لەبەر ئەوەی ئەم سورەتا نە زۆر باسی لەناوچوونی گەلانیان تێدا باسکراوە و زۆر باسی ئازار و مەینەتی و ناخۆشیەکانی دوارۆژیان تێدا باس کراوە، یَزید دە فەرموێت: کاتێك سورەتکەم تەواو کرد پێی وتم: {يا يزيدُ، هذا القرآنُ فَأَين البكاء؟}[5]. وا تە: ئەی یَزید ئەمە قورئانەکەیە، ئەی کوا گریانەکە؟.

11- گریانی أبو هُرَيرَةَ(رضي الله عنه).

---

(2) بگە بە کاروانی صالحان، م. عمر توفيق الخطاط، ص.38.

(3) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.6، ص.223.

(4) المصدر السابق، ج.1، ص.207.

(5) الترمذي، الرقم(3297)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(1) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، ج.3، ص.51.

کاتێك أبو هُرَيرَة لەسەرەمەرگدابوو دەگریا، لێیان پرسی: بۆ چی دەگـری؟ فەرمووی: من بۆ دونیای ئێوە ناگریم، بەڵکو بۆ دووری گەشت و کەمی توێشووم دە گریم، بێگومان من بەیانی لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدام، بەڵام نازانم بەرەو کامیان دەبردرێم[1].

12– گریانی عبدالله ی کوڕی رَواحة(رضي الله عنه).

جارێکیان عبدالله دەستی کرد بە گریان هاوسەرکەشی لە گەڵی گریا، لە هاوسەرەکەی پرسی: بۆ دەگری؟ وتی: بینیم دەگری منیش لەبەر گریانی تۆ گریام، عبدالله وتی: من بۆ ئەوە دەگریم زانیومە ئەبێ بەسەر ئاگری دۆزەخدا بڕۆم لە دواڕۆژدا، بەڵام هەواڵی ئەوەم پێ نەدراوە ئاخۆ دەرباز دەبم یان نا[2].

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.352.

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.103.

التوكل على الله

پشتبەستن بە خودای گەورە

پێناسەی (التوكل)

زانایان بە چەند شێوەیەك پێناسەیان كردووە:

1- پێشەوا جورجانی فەرموو یەتی: التَّوَكُّل: هُوَ الثِّقَةُ بِما عِندَ اللهِ والیَأسُ عَمّا في أيدي النّاسِ[1].

واتە: تَوَكُّل بریتیە لە هەبوونی متمانە بەوەی لای خودایە و ئومێد نەبوون بەوەی لە دەستی خەڵك دایە.

2- پێشەوا أحمد(رحمه الله) فەرموویەتی: التَّوَكُّلُ عَمَلُ القَلبِ. واتە: تَوَكُّل كردەوەی دڵە.

وا تە: نە پەیوە ندی بە كردەوەی زمانەوە یە و نە پەیوە ندی بە كردەوەی ئەندامەكانەوە هەیە[2].

2- التوكُّلُ: هُوَ انطِراحُ القَلبِ بَينَ يَدَيِ الرَّبِّ، كَانطِراحِ المَيِّتِ بَينَ يَدَي الغا سِلِ يُقَلِّبُهُ كَيفَ يَشاءُ[3].

واتە: تَوَكُّل بریتیە لە دانانی دڵ لە نێوان دە ستەكانی پەروەردگار وە كو مردوو لە نێوان دەستەكانی مردووشۆر بە ئارەزووی خۆی هەرگێڕ و وەرگێڕی پێدەكات.

(1) من أخلاق الرسول ﷺ، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.17.

(2) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.292.

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.62.

پلە و پایە و سوودەکانی پشتبەستن بە خودای گەورە لە( ) خاڵدا

1- یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە(الوَكيل)ە.

2- یەکێك لە ناوەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) (المُتَوَكِّل)ە.

3- پشتبەستن بە خودای گەورە بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە، لە بەر ئەوەی خۆی لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی کردووە بە پشت بەستن بە خۆی .

4- پشت بەستن بە الله نیشانەی بڕواداریە.

تاك و تەنیا فەرموو یەتی: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ٢٣﴾ المائدة. وا تە: پشت ببەستن بە الله ئەگەر ئێوە بڕوادارن.

5- ئەوکەسەی پشت بە خودا دەبەستێت خودای گەورە خۆشی دەوێت، فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ١٥٩﴾ آل عمران. واتە: بێگومان خودا ئەوکەسانەی خۆش دو یت کە پشت دەبەستن بە خودا.

6- بەندایەتی بۆ خودا پەیوەستە بە پشت بەستن بە خودا.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ١٢٣﴾ هود. وا تە: جا کەوا بوو الله بپەرستە و پشت بەو ببەستە.

7- سەرکەوتن لە هەموو کاروبارێك پەیوەستە بە تَوَکُّل.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ١٥٩﴾ آل عمران. وا تە: هەرکات ویستت بڕیاری کارێك بدەی پشت بە خودا ببەستە.

8- پشت بەستن بە خودا هۆکاری سەرکەوتنە بەسەر دوژمندا.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡۖ وَإِن يَخۡذُلۡكُمۡ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ١٦٠﴾ آل عمران. وا تە: ئەگەر خودای گەورە سەرتان بخات ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت سەرکەوێت بە سەرتاندا، و ئەگەر پشتتان بەربدات کێ هەیە سەرتان بخات؟ دە با ئەوا نەی بڕوادارن هەر پ شت بە خودا ببەستن.

9- لە کاتی ناخۆشیدا پشت بەستن بە الله باشترین چەکە بۆ بەرگە گرتن.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴿٥١﴾﴾ التوبة. واتە: ئەی محمد بڵێ: هیچمان تووش نابێت مەگەر ئەوەی خودا نووسیویەتی بۆ مان و ئەو زاتە هەمیشە یار و پشتیوانمانە، دە با بڕواداران هەر پشت بە الله ببەستن.

10– شەیتان ناتوانێت سەرکەوێت بەسەر ئەوکەسانەی پشت بە خودا دەبەستن.

خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَـٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴿٩٩﴾﴾ النحل. واتە: شەیتان هەرگیز دەستهەڵاتی نیە بە سەر بڕوادارا ندا و ئەوا نەی پست بە الله دەبەستن.

11– کاتێك بڕوادار لەسەر حەقە و خەڵکیش پشتی تێدە کەن و دژی دەوە ستن پشت بەستن باشترین چەکە بۆی.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴿١٢٩﴾﴾ التوبة. واتە: هەر کات ئەو خەڵکە پشتیان تێکردی بڵێ خودا بەسە بۆ من، جگە لە ئەو هیچ خودایەك نیە کە شایستەی پەرستن بێت، پشتم بە ئەو بەستووە.

12– بەهۆی تَوکّل بڕوادار پلە و پایە و لێخۆشبوونی خودا بەدەست دێنێت.

هەروەکو خودای گەورە با سی چەند ڕەو شتێکی بڕوادار دە کات، یەکێك لەوا نە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴿٢﴾﴾ الأنفال. واتە: پشت بەستن لەسەر پەروەردگاریان دەکەن، جا لە کۆتایی ئایەتەکاندا دەفەرموێت: ﴿لَّهُمْ دَرَجَـٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴿٤﴾﴾ الأنفال. واتە: بۆیان هەیە لە لایەن پەروەردگاریان چەندین پلە و پا یە و لێخۆشبوون و ڕزق و ڕۆزی و چاك.

13– تَوکّل هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی.

هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿۞ وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ﴿٦١﴾﴾ الأنفال. واتە: ئەگەر دوژمنان حەزیان لە ئاشتەوایی بوو تۆش ئامادەبە بۆ ئاشتی و پشت بە الله ببەستە.

14– بۆ ئەنجامدانی چاکسازی تَوکّل لە هەموو شتێك پێویستترە.

خودای گەورە دەربارەی پێغەمبەر شُعَیب(عليه السلام) فەرموویەتی: ﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ٨٨﴾ هود. واتە: من بە پێی توانام تەنها چاکسازیم مەبەستە، سەرکەوتنم هەر بە دەستی خودایە، پشتم بە ئەو بەستووە و بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە.

15- پشت بەستن بە خودا هۆکارێکە بۆ ڕزق و ڕۆزی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَو أنَّكُم تَتوكّلونَ عَلَى الله حقَّ توكُّله؛ لَرزَقَكُم كَما يرزُقُ الطَّيرَ: تَغدُوا خِماصا وتَروح بِطاناً}[1]. واتە: ئەگەر ئێوە پشت ببەستن بە خودا بەڕاستی ئەوا بێگومان ڕزقتان دەدات هەروەکو چۆن ڕزقی باڵندە دەدات: بەیانیان دەچێتە دەرەوە بە برسییێتی و سکی بەتاڵ و ئێوارەش بە سکی پڕ دەگەڕێتەوە.

16- پشت بەستن بە خودا هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت بە بێ حیساب.

بۆیە کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: لە ئوممەتم حەفتا هەزار کەس بە بێ حیساب دەچنە بەهەشت، هاوەڵان لێیان پرسی: ئەمانە کێن؟ فەرمووی: {هُمُ الَّذينَ لا يَستَرقُونَ، ولَا يَتطَيَّرونَ، ولَا يَكْتَوونَ، وعلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ}[2]. واتە: ئەوان ئەوکەسانەن کە داوای نووشتە ناکەن و بەخت گرەوەیی ناکەن و بە داخکردن چارەسەری خۆیان ناکەن، و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

---

(1) الترمذي، الرقم(2344)، وغيره، عن عمر بن الخطاب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في مشكاة المصابيح(5229).

(2) البخاري، الرقم(5705)، عن عبدالله ابن عباس(رضي الله عنهما).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پێشینە دەربارەی تَوَکُّل

1- پێشەوا عمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (إنَّ المتوكِّل الّذي يلقي حبةً في الأرضِ ويتوكَّل على الله)[1]. واتە: بەڕاستی ئەوکەسەی پشت دەبەستێت بە خودا ئەوکەسەیە کە دانەوێڵەیەك دەخاتە ناخی زەویدا و پشتیش بە خودا دەبەستێت.

2- سَعیدی کوڕی جُبَیر(رحمه الله) فەرموویەتی: (التَّوكُّل على الله جماعُ الإيمان)[2]. واتە: پشت بەستن بە خودای گەورە کۆکەرەوەی بڕوایە.

مەبەست ئەوەیە: هەموو بڕوا لە ناو تَوکُّل دا دەبیندرێتەوە.

3- ابن القیم(رحمه الله) دە فەرموێت: (ولو توكَّل العبدُ على الله حقَّ توكُّله في إزالَة جبلٍ عن مكانه، وكانَ مأموراً بإزالَته لأزالَه)[3]. واتە: ئەگەر بەندە بەڕاستی پشتی بە خودا بەست بۆ لابردنی چیایەك لە شوێنی خۆی، لە کاتێکدا فەرمانپێکراو بوو بە لابردنی لای دەبات.

4- هەندێك لە سەلەف(رحمهم الله) وتوویانە: خودای گەورە بۆ هەر کردەوەیەك پاداشتی هاو شێوەی کردەوەکەی بۆ دا ناوە، بەڵام بۆ ئەوکەسەی پشت بە خودا دەبەستێت کیفایەتی خۆی بۆ دا ناوە، فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ ﴾ الطلاق[4]. واتە: ئەوەی پشت بە الله ببەستێت ئەو زاتەی بەسە.

5- پێشەوا غەززالی(رحمه الله) فەرموویەتی: (التَّوكُّل منزلَةٌ من منازل الدّين ومقام من مقامات الموقنين، بل هو من معالي درجات المقرَّبين)[5]. واتە: تَوَکُّل پایەیە کە لە پایەکانی ئاین و پێگەیەکە لە پێگەکانی ئەهلی یەقین، بەڵکو ئەو یەکێکە لە بەرزترین پلەکانی ئەوانەی زۆر نزیکن لە خودا.

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.64.
(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.5، ص.189.
(3) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.1، ص.81.
(4) بدائع الفوائد، ابن القيم، المجلد 2 / ص 465 .
(5) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.113.

چەند ڕوداوێك لەسەر تَوكُّل

1- تَوكُّل ی پێغەمبەر إبراهیم(عليه السلام).

ئەو کاتەی پێغەمبەر إبراهیم هەستا بە شکاندنی بتەکانی گەلەکەی هەر کە زانیان ئەو ئەوکارەی کردووە بڕیاریاندا بە توندترین شێوە سزای بدەن، کە بریتیبوو لە سووتاندن بە زیندوویی، لەو کاتە ناخۆشەدا قسەی سەر زاری إبراهیم بریتیبوو لە(حسبِي الله و نعم الوكيل)، دوای ئەوەی جبریل هات بۆ لای و پێی وت: چیت پێویستە؟ إبراهیم فەرمووی: پێویستم بە تۆ نیە بەڵکو پێویستم تەنها بە خودایە، بەڵێ ئەو بڕوا و پشتبەستنە بوو بە خودا کاتێك فڕێیاندایە ناو ئاگرەکە خودای بالادەست فەرمووی: ﴿قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ﴿٦٩﴾﴾ الأنبياء[1]. واتە: ئێمە وتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر إبراهیم.

2- تَوكُّل ی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا پشتبەستن بە الله باشترین چەکی پێغەمبەر بوو، بۆ نموونە: لە جەنگی چاڵەکە(الخَندَق) لەگەڵ هاوەڵان بەردەوام دەیان وت: (حسبنا الله و نعم الوكيل)، عبدالله ی کوڕی عَبّاس دەیفەرموو: (حَسبنا اللَّه ونعم الوكيل، قالَها إبراهيم عليه السلام حين أُلْقِي في النَّار، وقالَهَا مُحَمَّدٌ(ﷺ) حين قالوا: ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴿١٧٣﴾﴾ آل عمران)[2]. واتە: حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ابراهیم(علیه السلام) ئەمەی گوت کاتێك خستیانە ناو ئاگر، وە محمد وای وت کاتێك پێیان وت: خەڵکی بێ بڕوا خۆیان بۆ ئێوە کۆ کردۆتەوە، لێیان بترسن، بەڵام ئەوان بڕوایان زیاتر دامەزرا و وتیان: حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ.

3- جابر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە مەبەستی پشوودان چووە ژێر سێبەری درەختێك و خەوت، شمشێرەکەشی بە درەختەکە هەڵواسی بوو، لەوکاتەدا یەکێك لە بێ بڕواکان بە ناوی(غَورَث ی کوڕی حارِث) ویستی پێغەمبەری خودا بکوژێت، ئەوەبوو شمشێرەکەی لەسەر سەری پێغەمبەر ڕاگرت و وتی: کێ هەیە بتپارێزێت لە من؟ فەرمووی: {الله}، شمشێرەکە لە دەستی کەوتە خوار، پاشان

---

(1) تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، ج.5، ص.2324.

(2) البخاري، الرقم(4563)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

پێغەمبەرشم شێرەرکەی هەڵگرتەوە و فەرمووی:{مَن يَمنَعكَ مني}. وا تە: کێ تۆ دەپارێزێت لە دەست من؟ وتی: کە سێکی چاکتر بە لە من، پَێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: شاهێدی دەدەی کە هیچ خوایەك نیە بە حەق بۆ پەرستن مەگەر الله نەبێت، و منیش پێغەمبەری ئەوم. وتی: نەخێر، بەڵام پەیمانت پیّ دەدەم هەگیز دژی تۆ نەجەنگم، و لەگەڵ گەلێکیش نابم دژی تۆ بجەنگن، ئیتر ئەوەبوو پێغەمبەری خودا ڕێگای پێدا بڕوات، پاش ئەوەی غَورث گەڕایەوە بۆ لای گەلە کەی خۆی پێی وتن: من بۆ لای ئێوە هاتووم لەلایەن باشترین کەس کە محمدە(1).

4- تَوَكُّل ی پێشەوا علی(رضي الله عنه) لەسەر خودای گەورە.

یَحیی ی کوڕی مُرّة دەڵێت: شەوان کاتێك پێشەوا علی دەچووە مزگەوت ئێمە پا سەوانیمان دە کرد، جارێک یان لەخۆبووبووەوە ها تە لا مان و فەرمووی: بۆ لێرە دانیشتوون؟ وتمان: بۆ ئەوەی پارێزگاری لە تۆ بکەین، فەرموی: دەتا نەوێ لە ئەهلی ئاسمان یان لە ئەهلی زەوی؟ وتمان لە ئەهلی زەوی، فەرمووی: بێگومان هیچ شتێك لە زەوی ڕوونادات تا لە ئاسمان بڕیاری بۆ نەدرێت، و هیچ کە سێك نیە مەگەر دوو فریشتە لەگەڵی نەبن بۆ بەرگری لێکردنیان تاوەکو ئەو کاتەی قەدەری خودا دێت بەجێیدێڵن بۆ قەدەری خودا، خودای گەورە دەمپارێزێت تا ئەو کاتەی ئەجەلم دێت، و بێگومان هیچ کەس تامی بڕواداری ناکات تا ئەو کاتەی دڵنیا نەبێت لەوەی هیچ شتێك بەسەری نایێت تا بڕیاری بۆ نەدرێت(2).

5- جارێکیان کۆمەڵێك لە زانستخوازان کە یەکێك لەوان پێشەوا(أحمَدی کوڕی حَنبَل) بوو(رحمهم الله)، خۆیان ئامادە کردبوو بە مەبەستی چوون بۆ ئەنجادانی فەریزەی حەج، هەموویان بە زاد و زەخیرەوە ئامادە ببوون، بەڵام پێشەوا أحمد تەنها لە یەکێك لە قوتابیەکانی گومانی هەبوو بۆ دڵنیابوون، کاتێك پرسیاری لێ کرد: بۆ تۆ هیچت ئامادە نەکردووە لە خواردن؟ وتی: من پشتم بە الله بەستووە، پێشەوا أحمد وتی: ئایە لە گەڵ کارواندا نیت؟ وتی: بەڵێ، پێشەوا أحمد وتی: (أَنتَ مُتَوكِّل عَلَى القافلَة)(3). وا تە: کەوا تە تۆ پشتت بەستووە لەسەر کاروانەکە.

---

(1) رواه أحمد، الرقم(14929).

(2) قصص عظماء الإسلام، محمد الحسيني، ص.52.

(3) مواقف عبر، محمد محمد داود، ص.9.

6- پیاوێك به سواری و شترەكەی ها تە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا واز لە و شترەكەم بێنم پشت بە خوا ببەستم؟ پێغەمبەر فەرمووی: {اعقلْها وتوكّلْ}[1]. واتە: وشترەكەت ببەستە وە پشت بە خودا ببەستە.

7- جارێكیان پیاوێك هاتە خزمەت پێشەوا أحمدی كوڕی حَنبَل(رحمه الله)، پرسیارێكی ئاراستە كرد سەبارەت بە پیاوێك لە ماڵ دانیشتبوو دەڵێت: هیچ كار نا كەم تا ئەوكا تەی ڕزق و ڕۆزیم بۆ دێت، پێشەوا فەرمووی: ئەو پیاوە زۆر نەزا نە، چونكە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {جُعِلَ رِزقي تحتَ ظلّ رُمْحي}[2]. وا تە: ڕزق و ڕۆزی من پەیوەست كراوە بە ژێر سێبەری ڕمەكەم.

8- یەكێك لە خواپەر ست و زاهیدەكانی سەردەمی خۆی(إبراهيم الخَوّاص) بوو، هەركاتێك ویستبای بچێت بۆ سەفەر دەرزی و داوەك و مەتەرەك لە ئاو و مقە سێكی لەگەڵ خۆی دەبرد، یەكێك لە هاوەڵانی خۆی پێی وت: بۆ ئەم هەموو شتانە لەگەڵ خۆت هەڵدەگری ئەی باوكی إسحاق؟ خۆ تۆ پیاوێكی زۆر دونیانەویستی، وتی: ئەم شتانە دژی تَوَكّل نین چونكە خودا شتگەلێكی لەسەر ئێمە فەرز كردووە، مرۆڤی هەژار تەنها جل وبەرگێكی پێیە جاری وا هەیە لە وانەیە بدرێت، خۆ ئەگەر دەرزی و داو لای نەبێت پێی بدروێتەوە ئەوكات عەورە تی بەدیار دە كەوێت و نوێژە كەی بەتاڵ دەبێتەوە، و ئەگەر دۆلكە یەك لە ئاو لای نەبێت ئەوكات ناتوانێت بۆ نوێژ دە ستوێژ هەڵگرێت، و ئەگەر مقە سێك لای نەبێت ناتوانێت سمێڵەكانی كورت بكات كە ئەمەش فەرمانی پێغەمبەرە(ﷺ)[3].

9- عەمر خالید كە یەكێكە لە بانگخوازە كانی ئیسلام لە وڵاتی میصرە، دەڵێت: ڕۆژێكیان پرسیارم لە شۆفێری تەكسیەك كرد، ئایە سەیرترین شت كە بینیبێتت لە ژیانی شۆفێری چی بووە؟، وتی: من(45) ساڵە شۆفێری تەكسیم، سەیرترین ڕوداو لە تەمەنی لاویم: سەردەمێك زۆر هەژار بووم، سەرەڕای ئەمە نەخۆشیش بووم، جارێكیان بۆ منداڵەكان وسەردانی دكتۆر پێویستیم بە(20) جونەیهی بوو، بۆیە هاوسەرەكەم چووە لای دراوسێیەكمان بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، منیش سواری تەكسی بووم، ئەم

(1) رواه ابن حبان، الرقم(731)، عن عمرو بن أمية(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(4809).
(2) ذكره البخاري معلّقا، كتاب الجهاد والسير، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).
(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.65.

فەرموودەی خۆشەویستمانم بیرکەوتەوە کە دەفەرمویێت: ئەگەر ئێوە پشت ببە ستن بە خودا بەڕا ستی ئەوا بێگو مان ڕزق تان دەدات هەروەکو چۆن ڕز قی باڵ ندە دەدات: بەیانیان دە چێتە دەرەوە بە سکی بەتاڵ و بر سییێتی و ئ ێوارەش بە سکی پڕ دەگەڕێ تەوە[1]. بۆ یە م نیش وتم: (تَوَكَّلتُ عَلَى الله)، ئەو ڕۆژە تا نز یك خۆر ئاوابوون هیچم دەست نەکەوت خەریك بوو بێ ئومیدبم، لە پڕ شۆفێری تەکسیەك ڕایگرتم و تی: سەیارەم پەکی کەوت، تۆ ئەم نەفەرە خێرا بیگەیێنە فڕۆکەخا نە، دەڵێت: کە گەیشتین کابرا وتی: حەقی تۆ چەندە؟ وتم: (20) جونەیهی، کابرا وتی: تۆ زۆر یارمەتیت دام بۆ یە ئەم سەد جونەیە بۆ تۆ، منیش لە خۆشیان گریام، پرسیاری لێ کردم، م نیش وەزعی خۆمم بۆ باس کرد، کابرا وتی: مادام وایە من هەزار جونەیهی ترم لایە بۆ خ ێر دام نا بوو ئەویشی پێدام.

(1) الترمذي، الرقم(2344)، والبهقي في شعب الأيمان، الرقم(1212)، عن عمر بن الخطاب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في مشكاة المصابيح.

الصبر

ئارامگرتن

پێناسەی ئارامگرتن

الصَّبْرُ فِي اللُّغَةِ: الحَبْسُ وَالكَفُّ.

وفِي الشَّرْعِ: حَبْسُ النَّفْسِ عَنِ الجَزَعِ وَالتَّسَخُّطِ، وَحَبْسُ اللِّسانِ عَنِ الشَّكْوى، وَحَبْسُ الجَوارِحِ عَنِ التَّشْويش.

وَهُوَ عَلى ثَلاثَةِ أنواعٍ: 1- صَبْرٌ عَلى طاعَةِ اللهِ تَعالى. 2- وَصَبْرٌ عَنْ مَعْصيَةِ اللهِ تعالى. 3- وَصَبْرٌ عَلى امْتِحانِ اللهِ تعالى[1].

واتە: ئارامگرتن لە زمانەوانیدا: بەندکردن و خۆگریە.

و لە شەریعەتدا: بەندکردنی نەفسە لە هاوار و هەڵچوون و بەندکردنی زمانە لە دەربڕینی ناڕەزایی و بەندکردنی ئەندامەکانە لە هەموو خراپە و نالەباریەك.

و ئارامگرتن سێ جۆرە: 1- ئارامگرتن لە سەر گوێڕا یەڵی بۆ خودای گەورە. 2- ئارامگرتن لە سەر بێ فەرمانی نەکردنی خودای گەورە. 3- ئارامگرتن لە سەر تاقیکردنەوەی خودای گەورە.

---

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.305 .

پلە و پایە و سوودەکانی ئارامگرتن لە( ) خاڵدا

1- ئارامگرتن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە لە قورئاندا لە چەندان شوێن فەرمانی کردووە بە بڕواداران کە ئارامگر بن، باشترین شتیش بۆ بڕواداران جێبەجێکردنی فەرمانی خودایە.

2- خودا ئارامگرانی خۆش دەو ێن. دە فەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ آل عمران.

3- خودا لەگەڵ ئارامگران دایە. دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ البقرة.

4- ئارامگرتن هۆکاری سەرکەوتنە. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ آل عمران. واتە: ئەی ئەوانەی بڕوا تان هێناوە ئارام بگرن و ئارامگرتن بە سەر خۆتا ندا بهێنن لە سەنگەردا نەبەزن و لە خودا بترسن ئومێد وایە ئەوکات سەرکەوتووبن.

5- بەهۆی ئارامگرتن موسڵمان دەچێتە ڕیزی پیاوچاکان.

خودای گەورە دەربارەی پێغەمبەر أیّوب(عليه السلام) فەرموویەتی: ﴿إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ ص. وا تە: بەڕا ستی ئێمە ئەومان بینی ئارامگر بوو، بەندەیەکی چاك بوو بێگومان تەوبەکار و دڵی تەنها لەلای خودا بوو.

6- ئارامگرتن هۆکاری گەیشتنە بە ناز و نیعمەتەکانی بەهەشت.

خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةً وَحَرِيرًا﴾ الإنسان. واتە: خودا پاداشتی دانەوە بە هۆی ئەو شتەی ئارامیان لەسەر گرت بە بەهەشت و ئاوریشم.

7- بە هۆی ئارامگرتن موسڵمان لە پیلانی دوژمن پارێزراو دەبێت.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا﴾ آل عمران. واتە: ئەگەر ئارامگر و تەقواداربن پیلانی ئەوان دوژمنان زیاد تان پێ ناگەیێنێت.

8- بەهۆی ئارامگرتن موسڵمان بە بەر صلاوات و بەزەیی خودای گەورە دە کەوێت و دەچێتە ڕیزی ئەهلی هیدایەت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ١٥٧﴾ البقرة. واتە: ئەی محمد موژدە بدە بە ئارامگران، ئەوانەی ئەگەر نارحەتیان بەسەر بێت دەڵێن: ئێمە موڵکی خوداین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، ئا ئەم ئارامگرانە لێخۆشبوون و بەزەیی خودا لەسەریانە، ئەوانە ڕێنمایی کراون بۆ ڕێگەی ڕاست.

9- خواپەرستی بەبێ ئارامگرتن ئەستەمە، بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ ٦٥﴾ مريم. واتە: خودای ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بیپەرستە و ئارام بگرە لەسەر پەرستنی.

10- ئارامگرتن سیفەتی ڕاستگۆ و تەقواداران و چاکەکارانە.

خودای گەورە چەند سیفەتێکی ئەوان باس دەکات جا یەکێك لەوانە دەفەرموێت: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ١٧٧﴾ البقرة. واتە: ئەوانەی ئارامگر و خۆڕاگرن لە کاتی نەبوونی و برسیەتی و لە کاتی نەخۆشی و لە کاتی جەنگدا، ئا ئەوانە ڕاستگۆن و ئەوانە تەقوادارن.

11- ئارامگرتن ڕەوشت و سیفەتی گشت پێغەمبەران بووە(عليهم الصلاة والسلام).

خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ ٣٤﴾ الأنعام. واتە: بەڕاستی زۆر لە پێغەمبەرانی پێش تۆ بە درۆ خرانەوە ئەوانیش بە ئارام و خۆڕاگربوون لە سەر ئەمە و زۆر ئازاریان چەشت تا سەرەنجام لە لایەن ئێمەوە سەرکەوتن و یارمەتییان پێ گەیشت.

12- ئەوانەی ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە ئارامگرتن هەرگیز زەرەرمەند نابن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ العصر. واتە: سوێند بێت بە کات، بێگومان ئادەمیزاد لە زیاندایە، تەنها ئەوانە نەبن کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە و ئامۆژگاری یەکتریان کرد کە پابەندی حەق بن و ئامۆژگاری یەکتریان کرد بە ئارمگرتن.

13- پاداشتی ئارامگران زۆر گەورەیە.

خودای گەورە باسی ڕەوشت و سیفەتی چەند جۆرە کە سێك دە کات، یەکێك لەوا نە دەفەرموێت: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ﴾ الأحزاب. واتە: پیاوان و ئافرە تانی ئارمگر. لە کۆتایی ئایەتەکەدا فەرمووی: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ الأحزاب. واتە: خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوان لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورە.

14- پاداشتی ئارامگران بێ ژمارەیە.

خودا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ الزمر. وا تە: بەڕاستی ئارامگران پاداشتیان دەدرێتەوە بە بێ هەژمارە.

15- لە کاتی جەنگ بەهۆی ئارامگرتن یەك موسڵمان بەرامبەر دەکەسی بێ بروا یە، و دەتوانێت سەرکەوتووبێت.

خودا فەرموویەتی: ﴿إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ﴾ الأنفال. واتە: ئەگەر لە ئێوە بیست کەسی ئارمگر هەبن سەردەکەون بەسەر دوو سەد کەس.

16- ئەوانەی لە دوزیادا ئارامگربووبن، فریشتەکان لە ناو بەهەشت سەلامیان لێ دەکەن. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ﴾ الرعد. وا تە: کاتێك بڕوادارە کان لە ناو بەهەشتن لە هەموو دەروازەکان فریشتەکان دەچنە ژوور و سەلامیان لێ دە کەن و پێیان دەڵێن: ئەمە بە هۆی ئارامگریتان بوو لە دونیا، ئای جێگەیەکی چەند خۆشتان بۆ خۆ تان مسۆگەر کرد.

17- ئارامگرتن کۆتایی بە خەم و پەژارە دێنێت.

هەروەکو یوسف پێغەمبەر(عليه السلام) دوای نارە حەتی و لێکدابڕانێکی زۆر لە گەڵ باوکی بەیەك شاد دەبن، خودای گەورە لەسەر زاری ئەو دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ يوسف. واتە: بێگومان هەر کە سێك پارێزکاری بکات و ئارامبگرێت خودا هەرگیز پاداشتی چاکەکاران بە فیرۆ نادات.

18- بڕواداری ئارامگر باشترە لە بڕواداری بێ ئارام.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: { المؤمنُ الذي يُخالطُ الناسَ ويَصبرُ على أذاهُمْ، أفضلُ من المؤمنِ الذي لا يُخالطُ النّاسَ ولا يَصبرُ على أذاهُم}(1). وا تە: ئەو بڕوادارەی

(1) رواه أحمد، الرقم(5022)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6651).

تێکەڵ بە خەڵك دەبێت و ئارام دەگرێت لە سەر ئازارەکانیان با شترە لەو بڕوادارەی تێکەڵ بە خەڵك نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ئازارەکانیان.

19- ئارامگرتن باشترین بەخششی خودایە بۆ بەندەکانی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وما أُعْطِي أحَدٌ عَطَاءً خَيْراً وأَوْسَعَ من الصَّبْرِ}[1].

واتە: هیچ کەسێك شتێکی پێنەدراوە باشتر و فراوانتر بێت لە ئارامگرتن.

20- ئارامگرتن ڕۆناکیە بۆ دوارۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الصّبْرُ ضياءٌ}[2]. واتە: ئارامگرتن ڕوناکیە.

(1) البخاري، الرقم(1469)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(223)، وغيره، عن أبي مالك الأشعري(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی ئارامگرتن

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (إنَّ أَفْضَل عَيْش أَدْرَكْنَاه بالصَّبْر، ولَو أَنَّ الصَّبر كَانَ من الرِّجال كَانَ كَرِيمًا)[1]. واتە: بە هۆی ئارامگرتن ئێمە گەیشتین بە باشترین ژیان و گوزەران، ئەگەر ئارامگرتن لە پیاواندا هەبێت بەڕێز دەبێت.

2- پێشەوا عەلی(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (ألا إنَّ الصَّبر مِن الْإيمَان بمَنزلَة الرَّأْس مِنَ الْجَسَد)[2]. واتە: بزانن بێگومان ئارامگرتن لە بڕوادا وەکو پێگەی سەرە لە جەستەدا.

3- عُمری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) دەفەرموێت: خودای گەورە نیعمەتێکی خۆی لە هەر بەندەیەکی وەرگرتبێت ئەگەر ئارامی پێدابێت ئەوا باشترین قەرەبووکردنە[3].

4- ابن القیِّم فەرموویەتی: (الإيمَانُ نِصفَان: نِصف صبر، ونِصف شكر)[4]. واتە: بڕوا دوو بەشە: نیوەی ئارامگرتنە، و نیوەکەیتری سوپاسگوزاریە.

5- مَیمون ی کوڕی مَهران فەرموویەتی: (الصَّبر صبرَان: الصَّبر عَلَى المصيبَة حسن، وأَفْضَل من ذَلِكَ الصَّبر عَنِ المعاصي)[5]. واتە: ئارامگرتن دوو بەشە: ئارامگرتن لە سەر موسیبەت باش و جوانە، بەڵام لەو باشتر ئارامگرتنە لەسەر نەکردنی تاوان.

6- پێشەوا شەعبی دەفەرموێت: شُرَیح دەیفەرموو: ئەگەر موسیبەتێکم بە سەر بێت چوار جار سوپاسی خودا دەکەم: 1- سوپاسی خودا دەکەم دەڵێم: چاکبوو لە مە گەورەتر نەبوو. 2- سوپاسی خودا دەکەم کە ئارامی پێداوم. 3- سوپاسی خودا دەکەم یارمەتی داوم بڵێم (إِنَّا لله وإنَّا إلَيه راجِعونَ)، بە مەش پاداشت وەردەگرم. 4- سوپاسی خودا دەکەم کە موسیبەتەکە لە ئاینم نەبوو[6].

7- ابن القیم دەفەرموێت: خودای گەورە لە قورئاندا سێ شتی بە (الجمیل) جوانی ناوبردووە: أ/ ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ۝١٨﴾ يوسف. ب/ ﴿فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ۝٨٥﴾ الحجر. ج/ ﴿وَٱهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا۝١٠﴾ المزمل[7].

---

(1) الصبر والثواب عليه، ابن أبي الدنيا، ص.6.
(2) المصدر السابق، ص.22.
(3) المصدر السابق، ص.23-30.
(4) زاد المعاد، ابن القيم، ج.4، ص.301.
(5) الصبر والثواب عليه، ابن أبي الدنيا، ص.29.
(6) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.4، ص.105.
(7) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.308.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر ئارامگرتن

1- ئارامگرتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر برسیەتی و هەژاری.

أبو هُرَيرَة دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا لە ماڵ دەرچوو، لە شوێنێك بوو أبوبکری صدیق هات بۆ لای، فەرمووی: {ما جاءَ بكَ يا أبابَكرٍ؟}. واتە: چی وای لێکردی بێیت؟ وتی: ویستم بە دیدارت شاد ببم و ڕوخسارت ببینم و سەلامت لیّ بکەم. پا شان عُمریش هات، هەمان پرسیاری لە عُمر کرد، وتی: بەهۆی برسیەتی. پێغەمبەری خودا فەرمووی: منیش بە هەمان شێوە. پاشان چوون بۆ ماڵی(أبو الهَيثَم) ئەویش لە ماڵ نەبوو، لە هاوسەرەکەیان پرسی، وتی: چووە ئاومان بۆ بێنێت، لەو کاتدا أبوالهَيثَم هاتەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو، وتی: بە دایك و باوکم بە فیدات بم ئەی پێغەمبەری خودا، ئینجا ئەوانی لەگەڵ خۆی برد بۆ ناو باخچەکەی و چەند چۆرە قەسپێکی بۆ هێنان لەگەڵ ئاوی سارد، پا شان پێغەمبەری خودا فەرمووی: سوێند بە خودا ئەوە لەو نیعمەتانەیە کە لە دوارۆژدا لێپێچینەوەی لە سەرە. پا شان أبو الهیپم ویستی بچێت ئاژەڵێکیان بۆ سەربڕێت، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {لاتَذْبَحَنَّ ذاتَ دُرٍّ}. واتە: ئاژەڵێك سەر نەبڕیت کە شیردەر بێت. ئەوەبوو ئاژەڵێکی دوو ساڵەی بۆیان سەربڕی، و بەیەکەوە خواردیان[1].

2- ئارامگرتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر خواپەرستی.

دایکی بڕواداران عائِشة(رضي الله عنها) دەفەرموێت: جاری وا هەبوو پێغەمبەری خودا بە مەبەستی خواپەرستی لە شەو هەڵدە ستایەوە ئەوە ندە بە پێوە دەما یەوە تا قاچەکانی سڕ دەبوون و دەئاوسان، پێم دەوت: بۆ وا لە خۆت دەکەی لە کاتێکدا خودای گەورە لە تاوانەکانی ڕا بردوو و داهاتووت خۆش بووە، دەیفەرموو: {أَفَلا أَكونُ عَبْداً شَكوراً}[2]. واتە: ئایە من نەبمە بەندەیەکی سوپاسگوزار.

3- ئارامگرتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر ئێش و ئازاری جەستە لەوکاتەی کە نەخۆش دەکەوێت.

عبداللە ی کوڕی مَسعود دەڵێت: لەوکاتەی کە پێغەمبەری خودا لە نەخۆشی سەرەمەرگدا بوو، چوومە خزمەتی، پێم وت: تۆ تایەکی زۆر توند و بەهێزت لێیە،

---

(1) المسلم، الرقم(2038).

(2) البخاري، الرقم(4837).

فەرمووی: {إنِّي أُوعَكُ كَما يوعَكُ رَجُلان منْكُم}. واتە: بێگومان تایەکم لێیە بە قەد تای دوو پیاو لە ئێوە. وتم: کەوا تە پاداشتەکە شت دوو بەرام بەرە؟ فەرمـــووی: ▯ بەڵێ▯.

پاشان فەرمووی: {ما من مُسْلِم يُصيبه أذًى؛ مَرَضٌ فَما سواهُ، إلاّ حَطّ اللَّهُ له سَيِّئاته، كَما تَحُطُّ الشَّجَرَةُ ورقَها}[1]. واتە: هەر موسڵمانێك دووچاری هەر نەخۆشیەك بدبێت بێگومان خودای گەورە تاوا نەکانی لێ هەڵدەوەرێنێت هەروەکو چۆن درەخت گەڵاکانی هەڵدەوەرێنێت.

4- ئارامگرتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر ئازار و نەخۆشی.

عُروَة ی کوڕی زُبَير دەفەرموێت: لە عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عا صم پر سی وتم: پێم بڵێ ناخۆشترین شت چی بوو هاوبەش پەرستەکان ئەنجامیاندا بەرام بەر پێغەم بەری خودا؟ فەرمووی: جارێکیان پێغەمبەری خودا لە حیجری کەعبە سەرقاڵی نوێژ کردن بوو، لەو کا تەدا عُقْبَة ی کوڕی أ بی مُعَیْط هێرشی کردە سەری و پەلاماریدا، جلەکانی لە گەردەنی پێغەمبەری خست زۆر بە توندی ڕایکێشا، لەو کا تەدا پێشەوا أ بوبکر هات و پیلی گرت و لێی دوورخستەوە، پاشان فەرمووی: ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۝٢٨﴾ غافر. واتە: ئایە پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت: الله پەروەردگارمە و لە هەمان کا تدا لەلایەن پەروەردگارتان هاتووە بە چەندان بەڵگە و موعجیزە[2].

هەروەها لە جەنگی(أُحُد) ددانی دە شکێت و ڕوخساری زامدار دەبێت، پێشەوا علی ئاوی دەهێنا و فاطمەش بە ئاوەکە ڕوخساری لە خوێنە کە پاك دە کردەوە، پا شان بە خۆڵەمێشی حەسیر خوێنەکەی بۆ وەستاند، پاشان فەرمووی: {اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ علَى قَوْمٍ فَعَلُوا بنَبيِّه}. وا تە: خودای گەورە زۆر تووڕە بوو لە گەلێك ئاوا یانَ بە سەرً پێغەمبەرەکەی هێناوە. سەرەڕای ئە مەش دەی فەرموو: {اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِقَومي فَإنَّهُم لا يعْلَمونَ}[3].

5- ئارامگرتن لە سەر لەدەستدانی منداڵ.

---

(1) البخاري، الرقم(5660)، ومسلم، الرقم(2571).

(2) البخاري، الرقم(3856).

(3) البخاري، الرقم(3477)، ومسلم، الرقم(1792)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

أ نس ى كورِى ما لك ده فەرمويّت: أ بو طَلْ حَة م ندالّيّكى هەبوو، دواى ماوه يەك له نەخۆشكەوتنى وەفاتى كرد، له كاتيّكدا أبو طَلْحَة له گەشت بوو، بەلاّم أُمُّ سُليم دايكى منداڵەكه ئەم ئافره ته بڕوا بەهيّزه هەڵده ستيّت به شوو شتن و كفن كرد نى منداڵەكه، دواى ئەوەى أبو طَلْحَة گەڕايەوه بۆ ماڵ، پرسيارى تەندرووستى منداڵەكه دەكات، ئەويش پيّى دەڵيّت: دەروونى له ئيّستادا زۆر هيّوره، ئوم يّدەوارم باش پ شوويدابىّ ، أ بو طَلْحَة وايزانى منداڵكه خەوتووه، بۆ بەيانى دواى ئەوەى خۆى شوو شت، كاتيّك ويستى دەر بچيّت، ئەو كات به شيّوەيەكى گونجاو هەواڵى مەرگى منداڵەكەى پيّگەيا ند، دواى ئەوەى أبو طَلْحَة دەچيّته مزگەوت و هەواڵەكەى به هەمان شيّوه به پيّغەم بەرى خودا ڕاگەيا ند، پيّغەمبەرى خودا نزاى خيّرى بۆ كردن و فەرمووى:{لَعلَّ اللهُ أَنْ يُبارِكَ لَكُما في لَيْلَتِكُما}. واته: ئومێد وايه خودا بەرەكەت بخاته نيّوانتان له شەوەكەتاندا. پياويّك له پ شتيوانان وتى: دواى ئەمه نۆ له منداڵەكانيانم بينى كه هەموو قورئانيان لەبەر بوو[1].

6- پيّغەمبەر أ يّوب(عليه السلام) يەكێكه لەو پيّغەمبەرا نەى ناو يان له قورئا ندا هاتووه، و خاوەنى ماڵ و م ندالّيّكى زۆر بووه، خوداى گەوره دوو چارى تاقيكردنەوه يەكى زۆر گەورەى كرد به لەده ستدانى گ شت سەروەت و سامانى و گ شت منداڵەكانى شى، كه چوارده منداڵى هەبوون، سەرەڕاى ئەمه دووچارى نەخۆشيەك بوو كەس له دەورووبەرى نەما، جگه له هاوسەرەكەى نەبيّت، دواى هەژده ساڵ نەخۆش كەوتنى شەرمى دە كرد داواى شيفا ب كات، بەڵكو دەي فەرموو: ﴿أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ الأنبياء. واته: بەڕاستى من زيان و ئازار و نەخۆ شى دوو چارم بووه و تۆش ميهرەبانترينى ميهرەبانانى.

خوداى گەوره دەفەرمويّت: ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ﴾ الأنبياء. واته: جا ئيّمەش نزاكەيمان گيرا كرد و لا مان برد ئەو زيان و ئازار و نەخۆشيەى هەيبوو، و هەموو ماڵ و م نداليّمان پىّ بەخ شيەوه و ئەو ندەيتريش لەگەڵياندا. سەرەنجاميش بەهۆى ئارمگرتنى له سەر ئەم ناخۆ شيه، خوداى گەوره به يەكيّك له باشترين بەنده ناوى تۆمار كرد وەكو خۆى دەفەرمويّت: ﴿إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ

(1) البخاري، الرقم(169)، ومسلم، (124).

﴿نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ ص. واتە: بەڕاستی ئێمە بینیمان ئارامگربوو، بەندە یەكی زۆر باش بوو بێگومان ئەو تەوبەكار و دڵی تەنها لە لای خودا بوو.

7– ئارامگرتن لەسەر لە دەستدانی ئاندامێكی جەستە.

كاتێك بەهۆی نەخۆشیەك پەنجەیەكی دەستی هاوسەری فَتحي موصلی دەبڕدرێت، لەو كاتەدا بینیان پێدەكەنێت، وتیان: لەجیاتی پەرۆشی دەبینین پێدە كەنیت، و تی: (حلَاوةُ أَجْرِها أَنْستْني مرارةَ قَطْعها)[1]. واتە: شیرینی پاداشتەكەی تاڵی بڕینەكەی لە بیر بردمەوە.

(1) الوصايا المنبرية من وصايا الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ج.1، ص.387.

الشكر

سوپاسگوزاری

پێناسەی سوپاسگوزاری

وشەی (الشكر) بە چەند جۆر پێناسە کراوە:

1- الشُّكرُ: هُوَ الإعتِرافُ بِنِعمَةِ المُنعِمِ عَلى وَجهِ الخُضوعِ.

واتە: سوپاس گوزاری بریتیە لە داننان بە نیعمەتی خاوەن نیعمەت بە ملکەچبوون.

2- الشُّكرُ: هُوَ الثَّناءُ عَلى المُحسِنِ بِذِكرِ إحسانِهِ.

واتە: ستایش کردنە لەسەر چاکەکار بە باسکردنی چاکەکانی.

3- الشُّكرُ: هُوَ إظهارُ النِّعمَةِ وَنَشرِها.

واتە: بەدەرخستنی ناز و نیعمەت و بڵاوکردنەوەی.

4- الشُّكرُ: هُوَ عُكوفُ القَلبِ عَلى مَحَبَّةِ المُنعِمِ وَالجَوارِحِ عَلى طاعَتِهِ وَجَرَيانِ اللِّسانِ بِذِكرِهِ وَالثَّناءِ عَلَيهِ.

واتە: مانەوەی دڵ لە سەر خۆشەویستی بۆ خاوەن نیعمەت و بەردەوام بوونی ئەندامەکان لەسەر گوێڕایەڵی کردنی و بەردەوام یادکردنی بە زمان و ستایش کردنی[1].

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.334.

پله و پایەکانی سوپاس کردنی خودای گەورە لە( ) خاڵدا

1- سوپاس کرد نی خودا بەجێگەیا ندنی فەرمانی خودا یە، خودای گەورە لە چەند شوێنێك فەرمانی کردووە بە سوپاس کردن، فەرموویەتی: ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِى﴾ لقمان.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَٱشْكُرُواْ لِى وَلَا تَكْفُرُونِ﴾ البقرة.

2- یەکێك لە ناوە جوا نەکانی خودا(الـ شَّکور)ە. ئە مەش بەڵگە یە لە سەر پا یە و گەورەیی شکر کردن.

3- سوپاس کرد نی خودا یەکێ کە لە ڕەو شتە بەرزەکانی پێغەم بەران(علیهم الصلاة والسلام). خودای میهرەبان دەربارەی پێغەم بەر نوح(ﷺ) دە فەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا﴾ الإسراء. واتە: بەڕاستی ئەو بەندەیەکی زۆر سوپاسگوزار بوو.

هەروەها دەربارەی إبراهیم پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ﴾ النحل.

واتە: سوپاسگوزار بوو لەبەرامبەر ناز و نیعمەتەکانی خودا.

هەروەها پێغەمبەری ئێمەش محمد(ﷺ) دەیفەرموو: {أَفَلا أَكونُ عَبداً شَكوراً}[1]. وا تە: ئایە بەندەیەکی سوپاس گوزار نەبم؟.

4- یەکێك لە سیفەت و ڕەوشتی بڕواداران سوپاس کردنە.

هەروەکو خودای گەورە بە بڕواداران دە فەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ البقرة. وا تە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بخۆن لەو خواردەمەنیە پاکا نەی بە ئێوە مان داوە وە کو ڕۆزی سوپاسی خودا بکەن ئەگەر ئێوە بەڕاستی ئەو دەپەرستن.

5- سوپاس کردنی خودا هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لە سزای خودا.

هەروەکو خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ﴾ النساء. وا تە: ئا یە خودا چ ئی شێکی هە یە بە سزادانی ئ ێوە؟ ئە گەر سوپاسگوزار بن و بڕوا بێنن.

6- سوپاس کردنی خودا ڕزق و ڕۆزی زیاد دەکات.

(1) البخاري، الرقم(1130)، ومسلم، الرقم(79)، عن عائشة(رضي الله عنها).

هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾إبراهـيم. واتە: ئەگەر ئێوە سوپاسگوزار بن بۆتان زیاد دەکەم.

7- سوپاس کردن مایەی ڕەزامەندی خودایە.

هەروەکو خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ الزمـر. واتە: ئەگەر سوپاسگوزار بن لێتان رازی دەبێت.

8- بەهۆی زۆر سوپاس کردنی خودا موسڵمان دەبێتە بەندەی تایبەتی خودا، چونکە ئەوانەی زۆر سوپاسی خودا دەکەن زۆر کەمن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ﴾ سبأ. واتە: کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن.

9- هەرچی چاکە و سوودی سوپاسگوزاریە هەمووی تەنها بۆ خاوەنەکەیەتی.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ﴾ لقمان.

10- پاداشتی سوپاسگوزاری لای خودایە هەر ئەو بە خۆی پاداشتەکە دەداتەوە.

هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ آل عمران. واتە: لە داهاتوویەکی نزیکدا خودا پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە.

11- دەر بارەی سوپا سگوزاری، خودای گەورە خەڵکی کردۆ تە دوو بەش، فەرموویەتی: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ الإنسان. واتە: بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان ڕێنموونی کرد بۆ ڕێگای باش و خراپ، جا یان سوپا سگوزارە یان ناشوکوری دەکات.

12- سوپاس کرد نی خودا بەجێگەیا ندنی فەرمان و وە سیەتی پێغەم بەری خودایە(ﷺ)، کاتێ بە مُعاذی کوڕی جَبَل(رضي الله عنه) دە فەرموێت: {يا معاذُ، والله إنّي لأحبُّكَ، والله إنّي لأحبُّك، فقالَ: أوصيكَ يا معاذُ لا تدَعنَّ في دُبُرِ كلِّ صلاة تقولُ: اللّهمَّ أعنِّي على ذكْرِكَ، وشُكْرِكَ، وحُسنِ عبادتك}[1]. واتە: ئەی مُعاذ سوێند بەخودا بەڕا ستی من تۆم زۆر خۆش دەوێت، بەخودا بەڕاستی من تۆم زۆر خۆش دەویێت، وە سیەتت لێ

(1) رواه أبو داود، الرقم(1522)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(7969).

دەكەم ئەی مُعاذ نەكەی واز بهێنیت لە دوای هەموو نو یژێك بڵێ: ئەی خودا یە یار مەتیم بدە لەسەر ئەنجامدانی زیكر و شوكر و پەرستنێكی جوانی تۆ بكەم.

13- سوپاس كردنی خودا پلە و پاداشتی ڕۆژووی هەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الطّاعِمُ الشّاكِرُ بمَنزِلَةِ الصّائِمِ الصّابِرِ}[1]. واتە: ئەو كەسەی خواردن دەخوات و سوپاسگوزارە لە پلەی ڕۆژووگری ئارامگردایە.

14- سوپاس كردنی خودا هۆكاری ڕزگاربوونە لە ناخۆشی و ئافاتەكانی دونیا.

خودای باڵادەست با سی لەناو چوونی گەلە كەی لوط پێغەمبەر(عليه السلام) دە كات پا شان دەفەرموێت: ﴿إِلَّآ ءَالَ لُوطٍۖ نَّجَّيۡنَٰهُم بِسَحَرٖ ٣٤ نِّعۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي مَن شَكَرَ ٣٥﴾ القمر. واتە: تەنها ماڵ و مندا ڵە موسڵمانەكەی لوط نەبێت لە بەرەبەیانێكدا ڕزگارمان كرن، ئەو ڕزگار كردنەشیان نیعمەت بوو لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەوان، ئێمە ئاوا پاداشتی هەركەسێك دەدەینەوە كە سوپاسگوزاری نیعمەتەكان بكات.

(1) الترمذي، الرقم(2486)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و زانایان دەربارەی سوپاسگوزاری

1- پێشەوا علی(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (إنَّ النِّعمةَ موصولَةٌ بالشُّكْرِ، والشُّكْرُ متعلّقٌ بالْمزيد)[1]. واتە: ناز ونیعمەت پەیوەستە بە سوپاس کردن، و سوپاس کردنیش پەیوەستە بە زیادبوونی نیعمەتەکان.

2- عبداللهی کوڕی مسعود(رضي الله عنه) فەرمووەیەتی: (الإيمانُ نصفان: نصف صبر ونصف شكر)[2]. واتە: بڕوا دوو بەشە بەشێکیان ئارامگرتنە و بەشێکیان سوپاسگوزاریە. هەر لەبەر ئەوەشە خودای گەورە سەبر و شوکری بەیەکەوە کۆ کردۆتەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ إبراهيم.

3- مطرفی کوڕی عبدالله دەفەرموێت: (لَأَنْ أُعافى فأشكرَ أَحبُّ إليَّ من أن أُبتلَى فأَصْبر)[3]. واتە: خۆشیەکم بەسەر بێت و سوپاسگوزار بم پێم خۆشترە لەوەی ناخۆشیەکم بەسەر بێت و ئارام بگرم.

4- ابن منظور دەفەرموێت: (الشُّكرُ: عرفانُ الإحسان ونَشْره)[4]. واتە: شوکور بریتیە لە زانینی چاکە و بڵاوکردنەوەی چاکەکاری.

5- ابن القیم فەرمووەیەتی: ئیسلام بنیات نراوە لەسەر دوو بنچینە: زیکر و شوکر، خودای گەورە فەرمووەیەتی ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ﴾ البقرة[5].

6- السّعدي دەفەرموێت: هەرکەسێك شوکری خودا نەکات نا شتوانێت بەندایەتی بکات، بۆیە خودای گەورە فەرمووەیەتی: ﴿وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ البقرة. واتە: سوپاسی خودا بکەن ئەگەر ئێوە ئەو دەپەرستن بە تایبەت[6].

7- عُمری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: (تذاكَروا النِّعَم، فإنَّ من ذَكَرَها شكَرَها)[7]. واتە: یادی نیعمەتەکانی خودا بکەن، هەرکەسێك یادی نیعمەتەکان بکات ئەوا سوپاسگوزاری کردن.

---

(1) رواه البيهقي في شعب الايمان، الرقم(4214).
(2) عدة الصابرين وذخيرة الشاكرين، ابن القيم، ص.108.
(3) رواه أحمد في الزهد، الرقم(196).
(4) لسان العرب، ابن منظور، ج.4، ص.423.
(5) القواعد، ابن القيم، ص.128.
(6) تفسير السعدي، السعدي، ص.81.

چەند ڕووداو و نموونەیەك لەسەر سوپاس كردن

1- پێغەمبەر سُلَیمان (ﷺ) یەكێك بوو لەوانەی كە خودای گەورە زۆر نیعمەتی لەگەڵ كردبوو، یەكێك لەوانە تێگەیشتن و زانینی زمانی هەموو ئاژەڵ و باڵندەكان بوو، ڕۆژێكیان بە لەشكرێكی زۆرەوە بە دۆڵێكدا تێدەپەڕی، كە بە دۆڵی مێروولە ناوبراوە لە قورئاندا ، لەو كاتەدا سُلَیمان(ﷺ) گوێی لە دەنگی مێروولەیەك بوو دەیوت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴿١٨﴾﴾ النمل.

واتە: ئەی مێروولەكان بڕۆنەوە ناو ماڵەكانتان نەوەك سُلَیمان و لەشكرەكەی پێتان لێبنێن و بتانشكێنن لە كاتێكدا ئەوان هەستی پێ نا كەن، ﴿فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوۡلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴿١٩﴾﴾ النمل. واتە: ئیدی جا سُلیمان بە سەر سوڕمانەوە زەردەخەنە یەكی كرد بە قسەی مێروولە كە وتی: ئەی پەروەردگارم دەرفەتم بدە و ڕامبێنە كە سوپاسی ئەو ناز و نیعمەتانەت بكەم كە ڕێشتووتە بە سەر من و دایك و باوكمدا و ڕامبێنە تا كردەوەی چاك ئەنجام بدەم كە تۆ پێی ڕازی دەبیت و بە بەزەیی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاكەكانت.

2- جارێكیان(هُدهُد) كە بە(پەپو سُلیمان) مەشهورە، هاتە لای سُلیمان(ﷺ) هەواڵی پێدا كە لە مەملەكەتی(سَبَأ) خەڵكێك هە یە جگە لە خودا خۆر دەپەرستن، ئەوە بوو سُلیمان بە نامەیەك بانگی كردن بۆ یەكتاپەرستی، ئەوانیش هەموویان گوێڕایەڵ بوون و موسڵمان بوون، سُلیمان داوای لە یاریدەدەرانی كرد بۆ ئەوەی تەختی پادشاكە كە ئافرەتێك بوو بۆی بهێنن و ئامادەی بكەن، ئەوەبوو یەك لە ئامادەبووان توانی بە ئەندازەی تەنها چاوتروكانێك تەختەكە ئامادە بكات، كاتێك سُلیمان ئەمەی بینی ڕووی كردە پەروەردگاری وتی: ﴿هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ﴿٤٠﴾﴾ النمل.

واتە: ئەمە هەمووی لە فەزڵ و بەهرە و بەخششی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بكاتەوە ئاخۆ سوپاسگوزاری(ئەم نیعمەتە) دەكەم یان پێنەزان و سپڵە دەبم.

3- سوپاسگوزاری پێغەمبەری خودا(ﷺ).

---

(1) المجالسة وجواهر العلم، أبو بكر الدينوري، ج.6، ص.53، الرقم(2363).

دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا شەوان هەڵدەستا بۆ شەونوێژ ئەوندە دەما یەوە بە شێوەیەك پێیەكانی دەئاوسان جارێكیان پێم وت: ئەی پێغەمبەری خودا بۆ ئاوا دەكەی لە كاتێكدا خودای گەورە لە تاوانەكانی ڕابردوو و داهاتووت خۆش بووە؟ لەوەڵا مدا فەرمووی: {أفلا أكونُ عبداً شَكوراً؟}[1]. واتە: بۆچی بەندەیەكی سوپاسگوزار نەبم؟.

هەروەها أبوبكرة نَفیع ی كوڕی الحارث دە فەرموێت: (كانَ رسولُ الله إذا جاءه أمر سرور أو بُشّر به خَرَّ ساجداً شاكراً لربِّه)[2]. واتە: هەر كاتێك پێغەمبەری خودا هەواڵی شتێكی خۆشی پێبگەیبا یان مزگێنیەكی پێ بدرابا دەست بەجێ دەكەوتە كوڕنووش بردن و دەربڕینی سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگاری خۆی.

4- پیاوێكی هەژار بۆ شەكوای خۆی دەچێتە لای حەكیمێك، حەكیمەكەش پێی دەڵێت: ئایە حەزدەكەی كوێر بیت بەرامبەر دە هەزار دیرهەم؟ هەژارەكە وتی: نەخێر. پێی فەرموو: ئایە حەزدەكەی دە هەزار دیرهەم وەرگری لە بەرامبەر گوێچكەكانت؟، وتی: نەخێر. پێی فەرموو: ئایە ئامادەی دەست و پێیەكانت بگۆڕیتەوە بە بیست هەزار دیرهەم؟ وتی: نەخێر. پێی فەرموو: ئەی ئامادەی بەرامبەر عەقڵت دە هەزار دیرهەم وەرگریت؟ وتی: نەخێر. ئینجا حەكیمەكە فەرمووی: تۆ چۆن شەرم ناكەی لە خودا لە كاتێكدا تەنها ئەوندە نیعمەتە بایی پەنجا هەزار دیرهەم دەبێت كە پێی داویت. ئەوەبوو هەژارەكە تەوبەی كرد و تا لە ژیاندا مابوو سوپاسگوزار بوو[3].

---

(1) البخاري، الرقم(1130)، ومسلم، الرقم(79).

(2) رواه أبو داود، الرقم(2774)، وغيره، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة(1151).

(3) قصص في الشكر، محمد محمود القاضي، ص.15.

القرآن

پێناسەی قورئانی پیرۆز

القرآنُ لغةً: مصْدَرُ(قَرَأَ) بِمَعْنى(تَلا). أو: وَصْفٌ عَلى وَزْنِ فُعْلان، مُشْتَقٌّ مِنَ القَرْءِ بِمعنى الجَمْعِ.

واصطلاحاً: القُرآنُ كَلامُ اللهِ المُنَزَّلُ عَلى نَبِيِّهِ مُحَمَّدٍ(ﷺ)، المُعْجَزُ بِلَفْظِهِ المُتَعَبَّدُ بِتِلاوَتِهِ، المَكْتوبُ في المَصاحِفِ، المَنْقولُ بِالتَّواتُرِ[1].

واتە: قورئان لە زمانەوانیدا لە چاوگی وشەی(قرأ) یە بە واتای خوێندیەوە.

یان: قورئان وەسفێکە لەسەر وەزنی(فُعلان)ە، وەرگیراوە لە وشەی(القُرء) بە واتای کۆ واتە: هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە.

لە زاراوەی شەرعدا: قورئان گوتەی خودایە دابەزێندراوە بە سەر پێغەمبەرەکەی خۆی محمد(ﷺ)، بە وشەکانی تەحەددای هەموو کەسێك دەکات و کەس ناتوانێت وەکو ئەو بێنێت، خوێندەوەی خواپەرستیە، لە پەڕاوگەکان نووسراوەتەوە، بە شێوەیەکی ڕێك ودرووست گواستراوەتەوە.

(1) الإيمان بالقران الكريم، علي الصلابي، ص.16.

پلە و پایە و سوودەکانی قورئان و قورئان خوێندنەوە لە( ) خاڵدا

1- قورئان خوێن باشترین کەسە.

هاوەڵی بەڕێز عثمان ی کوڕی عفّان(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {خَيْرُكُم مَنْ تعلَّم القُرآنَ وعلَّمهُ}[1].

واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە خۆی فێری قورئان دەکات و خەڵکیش فێر دەکات.

2- قورئان تکاکارە بۆ خاوەنەکەی لە دوارۆژدا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {اقْرؤوا القُرآنَ فإنَّه يأتي يومَ القيامةِ شفيعاً لأصْحابه}[2].

واتە: قورئان بخوێنن چونکە بێگومان قورئان لە ڕۆژی دوایی دێت تکا کارە بۆ خاوەنەکەی.

3- خوێندنی هەر پیتێکی قورئان دەخێری هەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من قرأ حرفاً من كتاب الله فَلَه به حسنةٌ، والحسنةُ بعشرِ أمثالها، لا أقولُ(الم) حرفٌ ولكن(ألفٌ) حرفٌ و(لام) حرفٌ و(ميم) حرفٌ}[3].

واتە: هەر کەسێك یەك پیت لە قورئان بخوێنێت چاکەیەکی بۆ هەیە، و چاکەش یەك بە دەیە، ناڵێم(الم) یەك پیتە بەڵکو ئەلیف پیتێکە و لام پیتێکە و میم پیتێکە.

4- فریشتەکان لە کۆڕی قورئان خوێندندا بەشداردەبن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما اجتمعَ قومٌ في بيت من بيوت الله يتلونَ كتابَ الله ، ويتدارسونه فيما بينهم إلا نزلَت عليهم السَّكينةُ، وغشيتهمُ الرَّحمةُ، وحفَّتهم الملائكةُ، وذكرهم اللهُ فيمن عندهُ}[4].

واتە: هەر گەلێك کۆببێتەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خودا قورئان بخوێنن و خۆیان فێر بکەن ئەوکات بێگومان دڵنەوایی بە سەریاندا دێت و بەزەیی خودا دایان دەپۆشێت و فریشتەکان لە دەوریان دەبن و خودا باسیان دەکات لەلای ئەوانەی لای خۆیەتی.

---

(1) البخاري، الرقم(5027)، وغيره.

(2) المسلم، الرقم(804)، عن أبي أمامة الباهلي(رضي الله عنه).

(3) الترمذي، الرقم(2910)، وغيره، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(4) المسلم، الرقم(2699)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

5- قورِئان خوێن له دوارِۆژدا پلەی زۆر بەرزە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی يەتی: {يُقالُ لصاحبِ القرآن اقرأ وارتَقِ ورتّل كما كنتَ ترتّلُ في الدُّنيا فإنّ منزلَكَ عندَ آخرِ آية تقرؤُها}[1].

وا تە: بە خاوەنی قورِ ئان دەوتر ێت: بخوێنەوە و لە پ لەكانی بەهەشت سەركەوە هەروەكو چۆن لە دونیا دەتخوێندەوە، چونكە شوێنی تۆ لەلای كۆتا ئایەتە كە دەیخوێنیتەوە.

6- خوێندنی قورِئان مایەی رِوناكیە بۆ خاوەنەكەی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی يەتی: {عَليكَ بتِلاوة القُرآن، فإنَّهُ نور لَكَ في الأرضِ، وذُخر لَكَ في السَّماءِ}[2].

واتە: قورِئان بخوێنەوە چونكە بۆ تۆ دەبێتە رِوناكی لە زەویدا و دەبێتە توێشوو لە ئاسماندا.

7- قورِئان خوێن وەكو میوەیەك وایە بۆن و تامی خۆش بێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَثَلُ المُؤمنِ الذي يَقْرَأُ القُرآنَ، مَثَلُ الأُتْرجَّة، ريحُها طَيِّبٌ وطَعْمُها طَيِّبٌ}[3]. واتە: نموونەی برِواداری وەكو بیێ وایە میوەیە كە وە كو هەرمێ یە، بۆنی خۆشە و تامیشی خۆشە.

8- خوێندنی قورِئان بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴿٤﴾﴾ المزمل. واتە: قورِئان بە رِێك و پێكی بخوێنەوە.

9- گوێ گرتن بۆ قورِئان مایەی بەزەیی خودایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٢٠٤﴾﴾ الأعراف. واتە: هەر كات قورِئان خوێندرا گوێی بۆ رِا گرن و بێ دە نگ بن، ئومێد وایە خودا بەزەیی پێتان بێتەوە.

---

(1) رواه أبو داود، الرقم(1464)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، حسن صحيح عند الألباني في سنن أبي داود.

(2) رواه ابن حبان، الرقم(361)، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه)، وقال الألباني حديث حسن لغيره في صحيح الترغيب(1422).

(3) البخاري، الرقم(5427)، ومسلم، الرقم(797)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه).

10– قورئان خوێنی کارامە لەگەڵ فریشتەکان دایە.

هەروەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {الماهر بالقرآن مع السفرة الكرام البررة، والذي يقرؤه ويتعتع فيه وهو عليه شاقٌ له أجران}[1].

واتە: کەسی کارامە لە قورئاندا لە خوێندن و تێگەیشتن و کارپێکردنی لە گەڵ فریشتە بەڕێز و چاکەکان دایە، ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێت و لە سەر زمانی گرانە چاك نایزانێت و دەڕ بڕینی پیتەکانی بە ئەستەمەوە دەری دەبڕێت دوو پاداشتی بۆ هەیە پاداشتی خوێندن و پاداشتی ماندوو بوونی.

11– مرۆڤ بەهۆی قورئان پایەدار و بەرز دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {إنَّ اللَّهَ يرفَعُ بهذا الكتابِ أقْواماً، ويضعُ به آخرين}[2]. واتە: بێگومان خودای گەورە گەلانێك بەرز دەکاتەوە بە هۆی ئەم قورئانە، هەندێکیش بە هۆی ئەوەوە نزم دەکات.

12– خوێندنەوەی سورەتی(البقرة) شەیتان لە ماڵ دەردەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لا تجعَلُوا بيوتَكُم مقابر، إنَّ الشَّيطانَ ينفرُ من البيْتِ الذي تُقْرأُ فيه سُورةُ البَقَرة}[3]. واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان چونکە بێگومان شەیتان لەو ماڵە ڕادەکات کە سورەتی بەقەڕەی تێیدا دەخوێندرێت.

13– هەڵگری قورئان لای خودا زۆر بەڕێزە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ من إجلال اللَّه إكرامَ ذي الشَّيبة المسلم، وحاملِ القرآن غير الغالي فيه والجافي عنهُ، وإكرامَ ذي السُّلطان المقسط}[4]. واتە: بێگومان لە پلە بەرز کردنی خودا ئەوەیە ڕێزگرتنی موسڵمانی پیر و ڕێزگرتنی هەڵگری قورئان لە بەرکردن و کارپێکردنیەتی زیدەڕۆ نەبێت و کەمتەرخەم نەبێت، و ڕێزی کاربەدەستی دادپەروەر.

14– بەهۆی لەبەرکردنی دە ئایەتی سەرەتای سورەتی(الكهف) موسڵمان پارێزراو دەبێت لە فیتنەی دەججال.

---

(1) البخاري، الرقم(4937)، ومسلم، الرقم(798)، وغيرهما، عن عائشة(رضي الله عنها).

(2) المسلم، الرقم(817)، عن عمر بن الخطاب(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(780)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) رواه أبو داود، الرقم(4843)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من حَفظَ عَشْرَ آياتٍ من أوَّل سُورة الكَهْف عُصِمَ من الدَّجَّال}[1].

15- سورەتێکی کورت و پاداشتێکی یەکجار گەورە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أَيَعجز أحدُكُم أنْ يَقْرأَ في لَيلَة ثُلُثَ القُرْآن؟ قالوا: وكيف يَقْرأُ ثُلُثَ القُرْآن؟ قالَ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ الإخلاص. تَعْدِلُ ثُلُثَ القُرْآن}[2]. واتە: ئایە یەکێك لە ئێوە ناتوانێت لە شەوێکدا سێیەکی قورئان بخوێنێت؟ وتیان: چۆن یەکێك دەتوانێت سێیەکی قورئان بخوێنێت؟ فەرمووی: (قل هو الله أحد) سێیەکی قورئانە.

16- قورئان مایەی ڕێنماییە بۆ تەقواداران.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾ البقرة. واتە: ئا ئەم پەرتۆکە قورئان هیچ گومانی تێدا نیە، ڕێ نیشاندەرە بۆ تەقواداران.

17- قورئان مایەی ڕزگار بوونە لە سزای ناوگۆڕ.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: {إنَّ سورةً من القرآن ثلاثونَ آيةً شفعت لرجلٍ حتَّى غُفر لَهُ وهي سورةُ تَبَارَكَ الّذي بيده الْمُلْك}[3]. واتە: سورەتێك لە قورئاندا سی ئایەتە تکای کرد بۆ پیاوێك تا لێی بووردرا مەبەست ناو گۆڕە، ئەویش سورەتی(تبارك الذي بيده الملك)ە.

18- ئەو دوو سورەتانەی لە قورئاندا هاوێنەیان نیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {أَلَمْ تَرَ آياتٍ أُنْزلَت اللَّيْلَةَ لَمْ يُرَ مثْلُهُنَّ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ الفلق، و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ الناس}[4].

واتە: ئایا نەتبینیوە ئەم شەو چەند ئایەتێك دابەزیون هاوێنەیان نیە، بریتین لە(قل أعوذ برب الفلق) و(قل أعوذ برب الناس).

19- بەهۆی ئایەتی کورسی موسڵمان دەچێتە بەهەشت.

---

(1) المسلم، الرقم(809)، وغيره، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه).
(2) المسلم، الرقم(811)، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه).
(3) الترمذي، الرقم(2891)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الأرناؤوط في تخريج المسند لشعيب(7975).
(4) المسلم، الرقم(814)، وغيره، عن عقبة بن عامر(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَن قرأَ آيةَ الكُرسيِّ دُبُرَ كلِّ صلاة مكتوبة، لم يمنَعْه من دخول الجنَّة إلاّ الموتُ}[1]. واتە: هەر کەسێك ئایەتی کوسی بخوێنێت لە دوای هەموو نوێژە فەرزەکان هیچ شێك قەدەغەی ناکات لە چوونە بەهەشت تەنها مردن نەبێت.

20- قورئان شیفا و بەزەییە بۆ بڕواداران. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴿٨٢﴾﴾ الإسراء.

21- قورئان هاو وێنەی نەبووە و نا شبێت. خودای پەروەردگار فەرمووەیەتی: ﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴿٨٨﴾﴾ الإسراء. واتە: تۆ بڵێ: ئەگەر مرۆڤەکان و جنۆکەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن وێنەی بێنن هەرچەندە لە ناو خۆشیاندا پشتگیری یەکتری بکەن.

22- حەسادەت(ئیرەیی) بردن درووستە بە قورئان خوێن.

پێغەمبەر(ﷺ) دە فەرموێت: حەسادەت بردن دروست نیە تەنها بە دوو کەس نەبێت یەکێک لەوانە{ورجل آتاهُ الله القُرآنَ فَهو يقوم به آناء الليلِ وآناء النهار}[2]. واتە: کەسێك خودای گەورە فێربوونی قورئانی پێداوە لە شەو و ڕۆژدا هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی.

23- ئەهلی قورئان ئەهلی تایبەت و خۆشەویستی خودای گەورەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووەیەتی: {إنَّ لله أهلِينَ من الناس}، قالوا: من هم يا رسولَ الله؟ قال: {أهل القرآن هُم أهل الله وخَاصَّته}[3]. واتە: بێگومان خودای گەورە دۆست و وەلی هەن لە ناو خەڵکدا، وتیان: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، فەرمووی: ئەهلی قورئان، ئەوان ئەهلی خودای گەورەن و تایبەتی ئەون.

24- بەهۆی خوێندنی دە ئایەت لە شەونوێژ موسڵمان لە بێ ئاگاکان هەژمار ناکرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من قامَ بعشْر آيات لَمْ يُكتَبْ من الغافلينَ}[4].

---

(1) رواه الطبراني في الكبير، الرقم(7532)، وغيره، عن أبي أمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6464).

(2) البخاري، الرقم(5025)، ومسلم، الرقم(815)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(3) ابن ماجة، الرقم(215)، وغيره، عن أنس بن مالك(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(4) رواه أبو داود(1398)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

وتەی چەند هاوەڵێك سەبارەت بە قورئان

1- پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب(رضي الله عنه) بە أبو موسی ئەشعەری دەفەرموێت: (ذَكِّرنا رَبَّنا، فَيقرأُ عِندَهُ القُرآنَ)[1]. واتە: پەروەردگارمان بە بیر بێنەوە، ئەویش قورئانی لەلای دەخوێندەوە.

2- عبدالله ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (إِنَّ هَذِهِ الْقُلُوبَ أَوْعِيَةٌ فَاشْغَلُوهَا بِالْقُرْآنِ، وَلَا تَشْغَلُوهَا بِغَيْرِه)[2]. واتە: بێگومان ئەو دڵانە زەرفانێکن بە قورئان سەرقاڵیان بکەن، جگە لەو بە شتێتر سەرقاڵیان مەکەن.

3- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: هەر ماڵێك قورئانی تێدا بخوێندرێت فراوان دەبێت، بە خاوخێزان و خێر و بەرەکەتی زۆر دەبێت، فریشتەکانیش لەو ماڵە ئامادە دەبن، و جنۆکە و شەیتانەکانیش دەردەچن لەو ماڵە[3].

4- عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (عَلَيْكُم بِالقُرْآنِ فَتَعلَّمُوهُ وعَلّموهُ أولادَكُم، فإنَّكُم عَنهُ تُسأَلونَ، وبهِ تُجزونَ، وكَفى بهِ واعظًا لِمَنْ عَقَلَ)[4]. واتە: وەسیەت بێت لەگەڵ قورئاندا بن خۆتان فێری قورئان بکەن و منداڵەکانتانیش فێر بکەن، چونکە بەڕاستی ئێوە بەرپرسیارن بەرامبەر بە قورئان، و بە قورئان پاداشتتان دەدرێتەوە، و قورئان بەسە بۆ ئامۆژگاری وپەند وەرگرتن بۆ کەسی ژیر.

5- حسن ی کوڕی علی کوڕی أبو طالب(رضي الله عنهما) دەفەرموێت: (من أَراد عِلْم الأَوَّلين والآخِرين فَلْيثور القرآنَ). واتە: هەر کەسێك زانستی سەرەتا و کۆتایی مەبەستە با لە قورئان بکۆڵێتەوە و لێی ورد ببێتەوە[5].

6- پێشەوا عُثمان ی کوڕی عفان(رضي الله عنه) دەیفەرمو: (لَو طَهرت قُلُوبنا ما شَبعَتْ مِنْ كَلَامِ رَبِّنا)[6]. واتە: ئەگەر دڵەکانمان پاك بان هەرگیز تێر نەدەبوون لە فەرموودەی پەروەردگارمان.

---

(1) التبيان في آداب حملة القران، النووي، ص.114.
(2) المصنف، ابن ابي شيبة، ج.10، ص.24.
(3) المصدر السابق، ص.27.
(4) فضائل القرآن، القاسم بن سلام، ص.242.
(5) البرهان في علوم القرآن، الزركشي، ج.1، ص.8.
(6) رواه البيهقي في شعب الإيمان. الرقم(2149).

چەند ڕووداو و بەسەرهاتێك لە ژیانی هەڵگرانی قورئان

1- هاوەڵی بەڕێز أُسَیدی كوڕی حُضَیر(رضي الله عنه) یەكێك بوو لە ڕشتیوانان و لەو دوازدە كە سەی بە شداربوون لە پەیمانی عەقە بەی یە كەم، پێغەم بەری خودا(ﷺ) دەربارەی أُسید فەرموویەتی: {نعم الرَّجل أُسَیْدُ بن حضَیْر}[1]. وا تە: پیاوێكی زۆر با شە أُ سَیدی كوڕی حُ ضَیْر. ئەو هاوە ڵە بەڕێزە دە فەرموێت: شەوێكیان لە شەونوێژدا سوڕەتی(البقرة)م دەخوێند ئەسپەكەم لەولاوە بەستابوو، لە ناكاو دەستی كرد بە حیلە و جوولە، كاتێك لە قوڕ ئان خوێندن وە ستام بینیم ئە سپەكە وە ستا سێ جار بەم شێوەیە، پاشان یحیی ی كوڕم كە لە نزیك ئە سپەكە خەوتبوو كەمێك دوورم خستەوە نەوەك ئەسپەكە ئازاری پێ بگەیێنێت، ئا لەو كاتەدا سەرم بەرز كردەوە بۆ ئا سمان شتێكی وەك هەورێكی پڕ لە شێوەی ڕۆناكی چرام بینی بەرەو ئا سمان دە چوو، كە بەیانی هات بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە، ئەویش پێی فەرموو: {تلكَ المَلائكَةُ دَنَتْ لصَوْتكَ، ولو قَرأْتَ لَأَصْبحَتْ ینظُر النَّاس إلَیها، لا تَتَواری منهم}[2]. واَ تە: ئەوا نە فریشتە بوون نزیك ببوو نەوە لە بەر دەنگی تۆ، ئە گەر بەردەوام بوویتا یە لە قوڕ ئان خوێند نەوە بەیانیەكەی هەموو خەڵك تەماشایان دەكرد و وون نەدەبوون لەبەر چاویان.

2- قورئان ئەبێت لە پێشەوە بێت.

لە جەنگی تەبووك ئالای هۆزی مالك ی كوڕی نَجّار لەلای عەمّارەی كوڕی حَزم(رضي الله عنه) بوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لێی وەرگرتەوە و دایە دە ستی زَید ی كوڕی ثا بِت، كە نووسەری وە حی بوو، عەمّارە وتی: ئەی پێغەم بەری خودا ئا یە شتێكت پێگەیشتووە دەربارەی من؟ فەرمووی: نەخێر، بەڵام زید لە تۆ زیاتر قورئانی لا یە، قورئانیش ئەبێت لە پێشەوە بێت[3].

3- هِشام ی كوڕی عُروەی كوڕی زُبَیری كوڕی عَوّام(رضي الله عنهم) دەفەرموێت: باوكم فەرمووی: جارێكیان چووم بۆ سەردانی أ سماءی كچی أ بوبكر(رضي الله عنهما)، بینیم وا نوێژ دەكات، گوێم لێبوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە و دووبارەی دەكردەوە: ﴿فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ٢٧﴾ الطور. واتە: ئەوەتا خودا مینەتی هێنا بەسەرماندا و

(1) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(337)، وغیره، عن أبي هریرة(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(5018)، ومسلم، الرقم(796)، وغیرهما.
(3) مواقف وعبر، محمد محمد داود، ص.838.

له سزای دۆزەخ ئێمەی پاراست. دەفەرموێت: بەردەوام پەنای دەگرت بە خودا لە ئاگر ماوەیەکی زۆر وەستام بەڵام ئەو هەر بەو شێوەیە بوو، پاشان بە جێم هێشت و چووم بۆ بازاڕ و گەڕامەوە بینیم ئەو هەروەکو خۆی بەردەوام بوو[1].

4- أ بو صالح دەگێڕ تەوە، دە فەرموێت: جارێک یان لە سەردەمی خیلا فەتی أ بوبکر (رضي الله عنه) هەندێك لە خەڵکی یەمەن هاتنە شاری مەدینە، کاتێك گوێیان لە خوێندنی قورئان بوو هەر هەموویان دەستیان کرد بە گر یان، پێ شەوا أ بوبکر کە ئەم دیمە نەی بینیی زۆر بە داخەوە فەرمووی: ئێمەش کاتی خۆی ئاوا بووین بەڵام پاشان د ڵەکان ڕ ەق بوون[2].

5- ئەو پیاوەی بە کوێری تەنها قورئانی دەبینی.

أبو مُعاوية الأسَد(رحمه الله) یەکێك بوو لە هەڵگران و دۆستی قورئان، دۆ ستێکی نزیکی سُفیان ی سەوری و إبْراهيم ی کوڕی أدْهَم بوو، دەربارەی ئەو پ یاوە خوانا سە پێ شەوا ا لذهبي دە فەرموێت: و تراوە کاتێك أ بو مُعاو یة چاوەکانی لە دە ستدابوون هیچ نەدەبینی، بەڵام هەرکاتێك وی ستبای قورئان بخوێنێت لە سەر مُصحف قورئان چاوەکانی دەیانبینی[3].

6- هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی ع بدالله ی ئەن صاری(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە، دەفەرموێت: جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەرچووین لە شوێنێك لاما ندا بە مەبەستی پ شوودان، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {من رجلان يكْلَآنا في لَيلَتِنا هذه من عَدُونا؟}. واتە: کێ هەیە ئەم شەو پارێزگاریمان لێ بکات لە دوژمن، پیاوێك لە کۆ چبەران و پیاوێك لە پشتیوانان وتیان: ئێمە دەتپارێزین، هەردووکیان چوونە ئەوسەری دۆڵەکە بە نۆرە ئێ شکگریان دە کرد، سەرەتا پ شتیوانەکە بوو بە پا سەوان و دە ستی کرد بە شەونوێژ و قورئان خوێندن، لەوکاتەدا بێ بڕوایەک هات و سێ تیری لێدا، کە چی ئەو هەر بەردەوام بوو لە قورئان خوێندنەکەی، دوای ئەوە چووە ڕ کوع و کڕنووش، پا شان نۆرەی ئەوەیتر هات، کاتێك زانی هاوڕێکەی بریندارکراوە، و تی: خودا بتبوورێت بۆ زوو بانگت نەکردم؟ وتی: چونکە سەرقاڵ بووم بە قورئان خوێندن، حەزم نەکرد بیپچڕێنم،

(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.2، ص.55.
(2) المصدر السابق، ج.1، ص.33-34.
(3) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.238.

سوێند به خودا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووا یە بەڵێنمان بە پێغەمبەر دا بوو پارێزگاری لێ بکەین گیانی خۆشم لەسەر دانابا وازم لە قورئان خوێندنەکەم نەدەهێنا[1].

7- شێخ جُنَید یەکێك بوو لە خوانا سان و دوزیا نەویست و شەیدایانی قورئان. دەربارەی ئەم پیاوە أبوبکری عەتەوی دەفەرموێت: لە کاتی سەرەمەرگدا من لەلای شێخ جُنید بووم، بینیم لە کۆتایی ختم کردنی قورئان بوو، هەر کە تەواوی کرد یەکسەر لەسەرەتای قورئان دەستی پێکردەوە، حەفتا ئایەتی لە سورەتی(البقرة)ی خوێند، پاشان گیانی سپارد[2].

8- دەربارەی پێشەوا شافیعی(رحمه الله).

پێشەوا ربیع دەفەرموێت: شافیعی لە هەر مانگێك سێ جار قورئانی ختم دەکرد، لە مانگی ڕەمەزانیش شێست ختمی دەکرد[3].

9- أحمدی کوڕی محمدی کوڕی مسروق دەفەرموێت: لە(الحماني)م بیست دەیفەرموو: کاتێك أبوبکری کوڕی عَیّاش لە سەرەمەرگدا بوو خوشکەکەی بۆی دەگریا، ئەویش بە خوشکەکەی دەوت: بۆ دەگری؟ تەماشای ئەم زاویەی ماڵ بکە براکەت ئا لەو زاویەیە هەژدە هەزار خەتمی کردووە[4].

10- حسینی کوڕی عەمر دەفەرموێت: کاتێك عبداللهی کوڕی إدریس لە سەرەمەرگدا بوو کچەکەی بۆی دەگریا، عبدالله لە هۆش خۆی چوو بوو، کاتێك بە هۆش خۆی هاتەوە فەرمووی: ئەی کچی خۆم بۆ من مەگری، ئا لەو ماڵەدا چوار هەزار جار هەموو قورئانم ختم کردووە[5].

11- بَهْزی کوڕی حکیم دەفەرموێت: زِرارةی کوڕی أوْفی لە مزگەوتی هۆزی قُشیر پێشنوێژی بۆ کردین، لە قورئان خوێندنەکەیدا گەیشتە ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ۝٨ فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ۝٩﴾ المدثر. لەوکاتەدا

(1) مواقف إيمانية، د. أحمد فريد، ص.423.
(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.238.
(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.69.
(4) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.109.
(5) المصدر السابق، ص.112.

زِرارة بەلادا کەوت، و خەلکیش نوێژە کەیان بڕی و پەلاماریا ندا و بیذ یان کۆ چی دوا یی کردووە، ئیتر هەڵمانگرت و بردمانەوە بۆ ماڵێ[1].

12- مُعَمَّری مُؤَذِّن دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: جارێکیان دوای نوێژی عی شا سُلیمان ی تەیمی(رحمه الله) لە تەنیشت من نوێژی دابەست، گوێم لێ بوو دە ستی کرد بە خوێ ندنی سورەتی(الملك)، کاتێك گەیشتە ئایەتی: ﴿فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ٢٧﴾ الملك . ئیتر هەر ئەمەی دووبارە دەکردەوە، تا مزگەوت چۆل بوو، پاشان منیش ڕۆیشتم، بۆ بەیانی هاتمەوە مزگەوت بینیم ئەو هەر لە شوێنی خۆیەتی و هەمان ئایەتی دووبارە دەکردەوە[2].

13- دەر بارەی پێ شەوا أ بو حنی فة(رحمه الله) قا سم ی کوڕی مَ عن دەگێڕێ تەوە، دە فەرموێت: شەوێکیان بی نیم أ بو حنی فة نو ێژ دە کات، گوێم لێ بوو ئەم ئایە تەی دەخوێندەوە ﴿بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ ٤٦﴾ القمر. هەر ئە مەی دووبارە دەکردەوە و دەگریا تا بانگی بەیانی[3].

14- قاسم ی کوڕی أیوب دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: جارێکیان گوێم لە سعیدی کوڕی جُبیر بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە و دووبارەی دە کردەوە ﴿وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ٢٨١﴾ البقرة. بیست و قسور جار ئەمەی دووبارە دەکردەوە[4].

15- محمدی کوڕی کَعب ی قُر ظي دەیفەرموو: ئە گەر لە سەرەتای شەو تا بەیانی سورەتی(الزلز لة والقار عة) بخوێنم و دووبارە یان بکە مەوە لەلام خۆشەوی ستترە لە خوێندنی هەموو قورئان بە ناڕێکی و بێ لێڕامان و بیر کردنەوە[5].

---

(1) بگە بە کاروانی صالحان، م. عمر توفیق، ص.53.

(2) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.3، ص.30.

(3) سير أعلام النبلاء، الذهبي،ج.6، ص.401.

(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.128.

(5) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.3 ص.348.

16– عُروةی كوڕی زُبَیری كوڕی عَوّام(رضي الله عنهم) هەموو ڕۆژێك حەوت جُزء و ذیوی لە قورِئان دەخوێند بە بەردەوامی، تەنها یەك ڕۆژ نەبێت، ئەویش ئەو كاتە بوو لە شام بەهۆی نەخۆشیەك یەكێك لە قاچەكانی لێكرایەوە[1].

17– دوای مردنی عەمری كوڕی عُتبةی كوڕی فَرقَد هەندێك لە هاوڕێكانی چوونە سەردانی خوشكەكەی، تا سەبارەت بەو پیاوە چاكە هەندێك شتیان بۆ باس بكات، خوشكەكەی وتی: یەكێك لە شتەكانی شەوێكیان لە شەونوێژدا سەرەتای سورەتی(غافر)ی خوێند تا گەییشتە﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ ۚ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ﴿١٨﴾﴾ غافر. ئەوەبوو تا بەیانی دووبارەی كردەوە نەیتوانی لێی تێپەڕێت[2].

18– نُعمانی كوڕی ثابت أبو حنيفة(رحمه الله) ئەوندە شەیدای خوێندنەوەی قورئان بووە تەنانەت لەو شوێنەی كە تێیدا كۆچی دوایی كردووە حەوت هەزار جار هەموو قورئانی پیرۆزی ختم كردووە، هەروەها لێی دەگێڕنەوە: هەر جارەی سورەتی(الزلزلة)ی بخوێندبایە پێستی گرژ دەبوو و دەلەرزی و ڕیشی خۆی دەگرت و دەیفەرموو: ئەی ئەو كەسەی بە ئەندازەی میسقالە زەرەیەك لە چاكە و خراپە بە بەندەكان دەدەیتەوە بەندەی خۆت نُعمان لە ئاگر بپارێزە و بیخەرە بەر بەزەیی خۆت، ئەی ئەوكەسەی لە هەموو كەس بە بەزەیی تری[3].

(1) صور من حياة التابعين، د. عبدالرحمن رأفت الباشا، ص.42.
(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.72.
(3) موسوعة الأخلق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.191.

الذكر

پێناسەی یادی خودا

الذِّكــرُ لُغَــةً: حفْظُ الشَّيء.

واصطَلاحــاً: ضِدُّ النِّسْيانِ، وَهُوَ حُضورُ صُورَةِ المَذْكورِ في القَلْبِ[1].

واتە: زیکر لە زمانەوانیدا: بریتیە لە پاراستنی شت.

و لە زاراوەی شەرعدا: پێ چەوانەی لەبیر چوونەوەیە، و ئا مادەبوونی وێ نەی یادکراوەکەیە لە ناو دڵدا.

هەروەها مەبەست لە زیکر لێرەدا دوو شتە:

یەکەم: واتای گشتی یە، ئەویش هەموو پەرستشێك لەخۆ دەگرێت، وەك: نو یژ و ڕۆژوو و حەج و عومرە و زەکات هتد، چونکە هەر یەکێك لە مانە کە ئەنجام دەدرێت لە پێناو گوێڕایەلی و عیبادەت و یادی خودا دەکرێت.

دووەم: مەبەست لە زیکر بریتیە لە واتای تایبەت کە زیکرە و یادی خودا یە بە دڵ و زمان، کە لە قورئاندا یان لە فەرموودە درووستەکان هاتبن، هەروەها ئەو زیکرا نەی لە ئیسلامدا شوێن و کاتی تایبەتیان بۆ داندراوە و دیاری کراوە، زۆر بە خێرترن لە وانیتر.

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.212.

پله و پایه و سوودەکانی یادی خودا لە( ) خاڵدا

1– یادی خودا بەجێگەیاندی فەرمانی خودایە. لە بەر ئەوەی خودای گەورە فەرمانی کردووە بە بڕواداران کە یادی بکەن فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ٤١﴾ الأحزاب. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە زۆر یادی خودا بکەن.

2– هەرکەسێك یادی خودا بکات خواش یادی دەکات. خۆی دەفەرموێت: ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ١٥٢﴾ البقرة. واتە: یادی من بکەن منیش یادی ئێوە دەکەم.

3– بە یادی خودا دڵەکان ئاسوودە و ئارام دەبن. خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ الرعد. واتە: بزانن بەهۆی یادی خودا د ڵەکان ئا سوودە و سەقامگیر دەبن.

4– بەهۆی یادی خودا ئادەمیزاد دەگاتە پلەی ژیرەکان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٩١﴾ آل عمران. واتە: بەڕاستی لە درووستکرنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەو و ڕۆژ بەڵگە هەن بۆ هۆشمەندەکان، ئەوانەی یادی خودا دەکەن بە پێوە و بە دانیشتن و لە سەر تەنیشت و بیر دەکەنەوە لە درووستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، دە ڵێن: پەروەردگاری ئێمە ئەمانەت بەخۆڕایی درووست نەکردوون پاکو بێگەردی بۆ تۆ خودایە بمانپارێزە لە سزای ئاگر.

5– ئەوانەی یادی خودا دەکەن ئەوکەسانەن کە دەتوانن پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکەنە پێشەنگی خۆیان. هەوەکو خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ٢١﴾ الأحزاب. وا تە: بێگومان بۆ ئێوە هەیە لە پێغەمبەری خودا پێشەنگی باش بە تایبەت بۆ ئەوکەسەی ئومێدی دواڕۆژی هەبێت و زۆریش یادی خودای کردبێت.

6– یادکردنی خودا هۆ کاری لێخۆ شبوون و پادا شتێکی گەورە یە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمٗا ٣٥﴾ الأحزاب. وا تە: ئەو پ یاو و ئافرەتا نەی زۆر یادی خودا دە کەن، خودا لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورەی بۆ ئامادەکردوون.

7– یادی خودا هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن بەرامبەر بێ بڕوا کان لە جەنگ. خودای پەروەردیگار فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٤٥﴾ الأنفال. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێناوە هەر کات بەرەنگاری چینێکی دوژمنان بوونەوە خۆڕاگرین و زۆر یادی خودا بکەن بە ئومێدی ئەوەی سەرکەوتووبن.

8– سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ لە زۆر یادکردنی خودا دا یە. خودای پەروەردیگار فەرموویەتی: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ١٠﴾ الجمعة. واتە: زۆر یادی خودا بکەن بە ئومێدی ئەوەی سەرفراز و سەرکەوتووبن.

9– یادی خودا لە هەموو شتێك گەورەترە. خودای پەروەردیگار فەرموو یەتی: ﴿وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ ٤٥﴾ العنكبوت. واتە: یادی خودا گەورەترینە.

10– نوێژ کە کۆڵەگە و بنچینەیەکی ئیسلامە لە پێناو یادی خودا ئەنجام دەدرێت. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ١٤﴾ طه. واتە: بە چاکی نوێژ ئەنجام بدە تا منت بێتەوە یاد.

11– یادی خودا خۆشەویسترینی کردەوەکانە لەلای خودا. مُعاذی کوڕی جَبَل (رضي الله عنه) دەفەرموێت: لە پێغەمبەرم (ﷺ) پرسی، خۆشەویسترین کردەوە لەلای خودا کامە یە؟ فەرمووی: {أن تموتَ، ولسانُك رَطْبٌ من ذكرِ الله}[1]. واتە: تا دەمریت هەردەم زمانت با تەڕبێت بە یادی خودا.

12– یادی خودا هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی بەزەیی خودا.

---

(1) رواه ابن حبان، الرقم(818)، وصححه الألباني في سنن ابن حبان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَا يَقْعُدُ قَوْمٌ يَذْكُرُونَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا حَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَنَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ}(1). واتە: هەر گەلێك دابنیشن یادی خودا بکەن ئەوا فریشتەکان لە دەوریان کۆدەبنەوە و بەزەیی خودا دایاندەپۆشێت و ئارامی بەسەریاندا دێتەخوار و خودا لەلای ئەوا نەی لای خۆی با سیان دەکات.

13- یادی خودا تاوانەکان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن قال: سُبْحانَ اللَّهِ وبِحَمْدِهِ، في يَومٍ مِائَةَ مَرَّةٍ؛ حُطَّتْ خَطاياهُ وإنْ كانَتْ مِثْلَ زَبَدِ البَحْرِ}(2). واتە: هەرکەسێك بڵێت: (سبحان الله وبحمده) لە ڕۆژێکدا سەد جار تاوانەکانی هەڵدەوەرێن ئەگەر بەقەد کەفی دەریاش بن.

14- یادی خودا باشترە لە بەخشینی زێڕ و زیو.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أَلَا أُنَبِّئُكُم بِخَيْرِ أعمالِكُم، وأَزْكاها عندَ مَلِيكِكُم، وأَرفعِها في دَرَجاتِكُم، وخيرٍ لكم من إنْفاقِ الذَّهَبِ والوَرِقِ، وخيرٍ لكم من أن تَلْقَوا عَدُوَّكم، فتَضرِبُوا أعناقَهم، ويَضرِبُوا أعناقَكُم؟}!، قالوا: بلَى، قال: {ذِكْرُ اللهِ}(3). واتە: ئایا پێتان بڵێم بە باشترین کردەوەکانتان، و پاکترینیان لەلای پاشای ئێوە، و بەرزترینیان لە نێو پلە و پایەی ئێوەدا، و باشتر بۆ ئێوە لە بەخشینی زێڕ و زیو، و باشتر بۆ ئێوە لەوەی بگەن بە دوژمنەکانتان، لە بێ بڕوا کان لە گەردەنتان بدەن و ئێوەش لە گەردەنیان بدەن، وتیان: بەڵێ. فەرمووی: یادی خودای گەورەیە.

15- یادی خودا کردن و نەکردنی وەکو ژیان و مردن وایە.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَثَلُ الذي يَذْكُرُ رَبَّهُ والذي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ والمَيِّتِ}. واتە: نموونەی ئەوکەسەی یادی پەروەردگاری دەکات و ئەوکەسەش کە نایکات وەکو زیندوو و مردوو وایە.

16- خۆشەویسترین ئاخاوتن لەلای خودا بریتیە لە یادی خودا.

---

(1) المسلم، الرقم(2700)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(6405)، ومسلم، الرقم(2691)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) الترمذي، الرقم(3388)، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أحبُّ الكلام إلى الله أنْ يقولَ العبدُ: سبحانَ الله و بحمده}[1]. وا تە: خۆشــەویز سترین ئا خاوتن لە لای خودا کە بە ندە بیلّ یّت: (سُبحانَ اللهِ وبِحمدِهِ).

17- دارخورماکانی بەهەشت بە یادی خودا دەستدەکەون.

هەروەکو پێغەم بەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَن قالَ: سبّحانَ الله وبِحَمدِه غُرِسَتْ لَهَ نَخْلَةٌ في الجنَّةِ}[2]. واتە: هەر کەسێك بلّێت(سبحان الله وبحمده) ئەوا دار خورمـایەکی لە بەهەشت بۆ دەچێندرێت.

18- بەهۆی یادی خودا پاداشتی حەج و عومرەیەك بۆ موسڵمان دەنووسرێت.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَن صلَّى الغَداةَ في جَماعَةٍ، ثُمَّ قَعدَ يذْكُرُ اللهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمس، ثُمَّ صلَّى رِكْعتَين؛ كانَتْ لَهُ كَأَجرِ حجَّة وعُمرَة، تامَّة تامَّة تامَّة}[3]. واتە: هەر کەسێك نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ بکات، پا شان دابنیًشێت و یادی خودا بکات تاوەکو ڕۆژهەڵات، پاشان دوو ڕەکەعات نوێژ بکات پاداشتی بۆ هەیە بە ئە ندازەی حەج و عومرەیەکی تواو تەواو تەواو.

19- یادی خودا هۆکاری ڕزگاربوونە لە سزای خودا .

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَا عَمِلَ ابنُ آدمَ عَملًا أَنْجَى لَهُ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ}[4]. واتە: ئادەمیزاد هیچ کردەوەیەك ئەنجام نادات بۆ ڕزگاربوون لە سزای خودا لە زیکر و یادی خودا باشتر بێت.

20- یادی خودا گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) بە أ بو مو سای ئە شعەری(رضي الله عنه) فەرموو: {ألَا أدلُكَ على كَلمة هي كَنْز من كُنُوز الجَنَّة؟ لا حولَ ولَا قُوَّة إلَّا باللَّه}[5]. وا تە: ئا یە وشەیەکت پیشان بدەم، ئەو گەنجینەیە کە لە گەنجینەکانی بەهە شت(لا حول ولا قوة إلا بالله).

21- یادی خودا تەرازووی چاکەکان گران دەکات.

---

(1) المسلم، الرقم(2731)، عن أبي ذر(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3375)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1539).

(3) الترمذي، الرقم(586)، وغيره، عن أنس بن مالك(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(464).

(4) الترمذي، الرقم(3377)، وغيره، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(5) البخاري، الرقم(6384)، ومسلم، الرقم(2704)، وغيرهما.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی یەتی: {كَلمتان خَفيفَتان علَى اللّسان، ثَقيلَتان في الميزان، حَبيبَتان إلى الرَّحْمَن: سُبْحانَ اللَّه وبَحَمْده، سُبْحانَ اللهَ العظيم}[1]. وا تە: دوو وشە هەن لەسەر زمان سووکن، لە ناو تەرازوودا گرانن، لەلای خودا خۆشەویستن، بریتین لە (سُبْحانَ اللَّه وبَحَمْده، سُبْحانَ اللَّه العظَيم).

22- یادی خودا خەم و پەژارە لا دەبات.

هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی یەتی: {إذا أصاب أحدَكم غَمٌّ أو كَربٌ فلْيقُل}. وا تە: ئە گەر یەکێك لە ئێوە دوو چاری خەمێك یان ناخۆشییێك هات با بڵێ: {اللهَ الله ربِّي لا أُشرِكُ به شيئا}[2].

23- یادی خودا مایەی دووربوونەوەیە لە سزا و پەشێمانی لە ڕۆژی دواییدا.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما جلَس قومٌ مجلسا لم يذكروا الله فيه ولم يُصلُّوا على نبيِّهم إلا كان عليهم ترةٌ فإن شاء عذَّبَهم وإن شاء غفَر لهم}[3]. وا تە: هەر گەلێك دابنیشن لە دانیشتنگەیەکدا یادی خودا نە کەن و دروود لە سەر پێغەمبەرە کەیان لێنەدەن گومانی تێدانیە ئەو دانیشتنەیان بۆ دەبێتە مایەی پە شیمانی، جا ئە گەر خودا بیەوێ سزایان دەدات و ئەگەر بیەوێ لێیان دەبوورێت.

24- یادی خودا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە شەفاعەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ). هەروەکو دەفەرموێت: { أسْعَدُ النَّاس بشَفَاعَتِي يومَ القيامَة، مَن قالَ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، خَالصًا من قَلْبه، أوْ نَفْسه}[4]. واتە: بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە دوارِۆژدا کەسێکە وتبێتی: (لا إله إلا الله) بە ئیخلاصەوە لە ناخی دڵ یان دەروونیدا.

25- ئەوکەسەی یادی خودا دەکات، خودا لەگەڵی دەبێت.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی خودای پەروەردگار دە فەرموێت: {أنَا مع عبدي إذا هو ذَكَرني وتحرَّكت بي شفتاه}[5]. واتە: من لەگەڵ بەندەی خۆمم کاتێك یادی من دەکات و لەبەر من لێوەکانی دەجووڵێن.

26- یادی خودا بە پەنهانی خاوەنەکەی دەباتە ژێر سێبەری عەرشی خودا.

---

(1) البخاري، الرقم(6406)، ومسلم، الرقم(2694)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) ابن حبان، الرقم(864)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2755).

(3) الترمذي، الرقم(3380)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(4) البخاري، الرقم(99)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) ابن حبان، الرقم(3073)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في سنن ابن حبان.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {سبعةٌ يظلُّهم اللَّهُ تَعالَى في ظلّه يومَ لا ظلَّ إلا ظلُّه} فذكر منها{ورجل ذَكَر اللَّهَ خَاليًا، فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ}[1]. وا تە: حەفت کەس خودا سێبەریان لێدەکات بە سێبەری خۆی سێبەری عەرش لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك ن یە ج گە لە سێبەری ئەو، یەکێك لەوا نەی کە با سی کرد: کە سێکە یادی خودای کردبێت لە تەنهایی، جا چاوەکانی فرمێسکیان ڕێشتبێت.

چەند وتەیەکی جوان دەربارەی یادی خودا

1- ا بن تیم یة(رحمه الله) دەر بارەی یادی خودا دە فەرموێت : (الذِّكْر لِلْقَلْب مِثْل الماء لِلسَّمك، فَكَيف يكونُ حالُ السَّمك إذا فارقَ الماء)[2]. واتە: یادی خودا بۆ دڵ وەکو ئاو وا یە بۆ ماسی، دەبێت حاڵی ماسی چۆن بێت ئەگەر لە ئاو جیا ببێتەوە.

2- ابن القيم(رحمه الله) دەفەرموێت: (إنَّ مدمن الذِّكْر يدخل الجنَّة وهو يضحك)[3]. وا تە: بێگومان ئەو کەسەی بەردەوام یادی خودا دەکات بە پێکەنینەوە دەچێتە بەهەشت.

3- أبو الدرداء(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (إنَّ لكُلِّ شيءٍ جلاءً، وإنَّ جلاءَ القُلُوب ذِكْرُ الله عزَّ وجلَّ)[4]. وا تە: هەموو شتێك پاك کەرەوەی هە یە، و بێگو مان پاك کەرەوەی دڵەکانیش یادی خودایە.

---

(1) البخاري، الرقم(1423)، ومسلم، الرقم(1031)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) الوابل الصيب، ابن القيم، ص.42.
(3) المصدر السابق، ص.178.
(4) رواه البيهقي في شعب الإيمان، ج.2، ص.63.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر یادی خودا

1- پێغەمبەر یونس(عليه السلام) یەکێکە لەو پێغەمبەرانە کە ناویان لە قورئاندا هاتووە، خودای گەورە بۆ خەڵکی نەینەوای ڕەوانە کرد بوو، بەڵام دوای هەوڵدانێکی زۆر وای گومان برد کە تازە ئەو خەڵکە کەسیان بڕوا ناهێنن، بۆیە بێ ئەوەی خودا فەرمانی پێ بکات گەلەکەی جێهێشت و بە تووڕەییەوە ڕۆیشت، سواری کەشتیەك بوو، زۆری پێنە چوو زریانێکی بەهێز هەڵی کرد، ئەوانیش بۆ سووك بوونی کە شتیەکە وتیان: ئەمە بەهۆی تاوانی یەکێك لەسەرنشینەکانە بۆیە بڕیاریاندا بە ئەنجا مدانی تیروپشك، سێ جار دووبارەیان کردەوە هەر ناوی یونس پێغەمبەر دەردە چوو، ئەوە بوو فڕێیاندایە ناو دەریا، پاشان نەهەنگێك یونس ی قووتدا، بەڵام دوای ئەوەی پێغەمبەر یونس زانی هێشتا زیندووە گوێی لێبوو لە ژێر دەریا هەموو شتێك یادی خودا دەکات، بۆیە ئەویش: ﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ الأنبياء. واتە: لە ناو تاریکیەکاندا هاواری کرد: ئەی خودایە بەڕاستی هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە، بێگومان من لە ستەمکارانم، وئێمەش نزا و هاواری ئەومان گیراو کرد و لە غەم وخەفەت ڕزگارمان کرد، هەروەها بڕوادارانیش بە هەمان شێوە ڕزگار دەکەین.

2- عکرمة لە دەربارەی أبو هُرَیرَة دەفەرموێت: (كَانَ أَبو هريرة يُسَبّحُ كُلَّ يومٍ ثِنْتَي عَشْرَةَ أَلْفَ تَسْبِيحة، ويقول: أُسَبّح عَلَى قَدْرِ ذَنْبِي)(1). واتە: أبو هُرَیرَة هەموو ڕۆژێك دوازدە هەزار تەسبیحاتێ دەکرد، دەیفەرموو: بە ئەندازەی تاوانەکانم تەسبیحات دەکەم.

3- جارێکیان هەژارە کۆچەریەکان لەگەڵ پێشەوا عمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) دەڕۆیشتن وتیان: خۆزگە دەمانزانی باشترین ماڵ و سامان کامەیە؟ عمر فەرمووی: ئەگەر دەتانەوێت بۆتان لە پێغەمبەر(ﷺ) دەپرسم، کاتێك لێی پرسی فەرمووی: {لِيَتَّخِذْ أحدُكم قَلْبا شاكرا، ولسانًا ذاكرًا، وزَوجةً تُعينُه على أمْرِ الآخرة}(2). واتە: با هەر یەکێك لە ئێوە دڵێکی سوپاسگوزاری هەبێت، زمانێکی هەبێت زۆر یادی خودای پێ بکات، وهاوسەرێکی بڕواداری هەبێت یارمەتی بدات بۆ کاروباری دوارۆژی.

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.351.

(2) ابن ماجة، الرقم(1856)، وأحمد، الرقم(22437)، عن ثوبان(رضي الله عنه)، وحسنه الأرناؤوط في تخريج المسند لشعيب(22437).

4- أبو سعيدى خودرى(رضي الله عنه) دە فەرمویّت: مُعاویة لە ناو مزگەوت کۆمەڵە کەسێکی بینی دانیشتبوون، فەرمووی: ئێوە بۆ لێرە دانیشتوون؟ وتیان: یادی خودا دەکەین! فەرمووی: ئایە تەنها بۆ ئەم مەبەستە دانیشتوون؟، وتیان: بەڵێ، فەرمووی: ڕۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەلای کۆمەڵێك لە هاوەڵان تێپەڕی، فەرمووی: "ئەوە بۆ چی لێرە دانیشتوون؟" وتیان: بە مەبەستی یادکردنی خودا، سوپاس کردنی کە ئێمەی ڕێنمایی کرد بۆ ئاینی ئیسلام، بەهۆی ئەم دینە پیرۆزە منەتی بەسەر ئێمەدا کردووە، فەرمووی: "واتە ئێوە تەنها لەبەر ئەمە لێرە دانیشتوون؟"، وتیان: بەڵێ، خودا ئاگادارە تەنها بۆ ئەم مەبەستە دانیشتووین، فەرمووی: "من سوێندم نەداون بۆ ئەوەی تۆمەتبارتان بکەم، جُبریل بۆ لام هات و هەواڵی ئەوەی پێدام: {أَنَّ اللهَ يباهي بكُمُ المَلائكَةَ}[1]. واتە: بەڕاستی خودا لەلای فریشتەکان ستایشی ئێوە دەکات.

5- ثابِت(رضي الله عنه) دە فەرمویّت: سَلْمانی فارس لە گەڵ کۆمەڵێك یادی خودا یان دەکرد، بەڵام کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەلایاندا تێپەڕی هەموویان لە یادی خودا ڕاوەستان، فەرمووی: ئێوە چیتان دەوت؟ دەڵێت وتمان: یادی خودامان دەکرد، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {فَإِنِّي رَأَيْتُ الرَّحْمَةَ تَنْزِلُ عَلَيْكُمْ، فَأَحْبَبْتُ أَنْ أُشارِكَكُم فيها}[2]. واتە: بەڕاستی من بینیم ڕەحمەت بەسەرتاندا دەباری، بۆیە منیش پێم خۆش بوو لەگەڵتان هاوبەش بم.

پاشان پێغەمبەری خودا فەرمووی: {الحَمْدُ لله الذي جَعَلَ في أُمَّتي مَنْ أُمِرْتُ أَنْ أَصبرَ معهم، وَذلكَ قَوْلُهُ تَعالى: ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ ﴿٢٨﴾﴾ الكهف}. واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی لە ئوممەتم کە سانێکی داناوە کە فەرمانم پێکراوە لەگەڵ ئەوان ئارامگر و خۆڕاگر بم، ئا ئەمەیە فەرموودەی خودای گەورە کە دە فەرمویّت: خۆت ڕاگرە لە گەڵ ئەوانەی لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە بەیانیان و ئێواران کە مەبەستیان ڕەزامەندی خودایە.

---

(1) المسلم، الرقم(4869)، وغيره.

(2) رواه الحاكم في المستدرك، ج.1، ص.210، وأحمد في الزهد، وقال الحاكم: حديث صحيح.

6- مُعلّى كوڕی زیاد(رحمه الله) دەفەرموێت: پیاوێك بە شێخ حـسن ی بە صری وت: (یا أبا سعيدَ أَشْكو إلَيكَ قَساوةَ قَلْبي، قالَ: أَدّبهُ بالذّكْر)[1]. واتە: ئەی باوکی سعید شەکوای دڵ ڕەقیم بۆ لای تۆ هێناوە، ئەویش فەرمووی: بە یادی خودا ڕایبهێنە و پەروەردەی بکە.

7- عبدالرحمن ی کوڕی یزیدی کوڕی جابر(رحمهم الله) دە فەرموێت: بە عُمَیری کوڕی هانیم وت: دەبینم زمانت هەرگیز ماندوو نابێت لە یادی خودا، ئایە لە ڕۆژێکدا چەند جار یادی دەکەی؟ فەرمووی: ئەگەر پەنجەکانم هەڵە نەکەن لە ڕۆژێکدا سەد هەزار[2].

8- جارێکیان پیاوێك ها تە خزمەت أ بو مـسلم ی خەوەلانی(رحمه الله) پـێی وت: ئەی باوکی مسلم ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی: لە ژێر هەموو درەختێك و هەموو بەردێك یادی خودا بکە، کابرا وتی: دەمەوێت زیاتر ئامۆژگاریم بکەی، فەرمووی: ئەوە ندە یادی خودا بکە تا هەندێك خەڵك وابزانن شێت بووی[3].

9- ئەو پیاوەی لە دوای مردنیش پەنجەکانی دەجوولان.

یەکێك لە زانا گەورەکانی شام خالدی مَعدان بوو. پێشەوا ذهبي دە فەرموێت: خالید یەکێك بوو لە شەرع زا نەکان و تابیعینەکان، حەفتا هاوەڵی بینیوە، بە خزمەتیان گەیشتووە، عبدةی کچی دەڵێت: هەرکات خالید دەچووە سەر جێگای خۆی بەردەوام بە یادی خودا سەرقاڵ دەبوو زۆر حەزی دەکرد زوو بمرێت، بەڵکو بە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هاوەڵان بگات، ناوی دەهێنان و دەیفەرموو ئەوانە کەس و کاری منن، بۆیە دڵم بۆیان جۆش و خرۆشە، داوای لە خودا دە کرد و دەیفەرموو: (فَعَجِّلْ رَبِّ قَبْضِي إِلَيْكَ)، واتە: پەروەردگارم زوو گیانم بکێشە بۆ لای خۆت. دوای کۆچی دوایی ئەو پیاوە خواناسە سَلَمة ی کوڕی شَبیب دەربارەی خالدی کوڕی مَعدان دە فەرموێت: خالد هەموو ڕۆژێك چل هەزار جار تە سبیحات و یادی خودای دە کرد جگە لە قورئان خوێندنی ڕۆژانەی، دەڵێت: کاتێك خالد کۆچی دوایی کرد، لە سەر تەختەکەی دا ندرا بۆ ئەوەی بیشۆن، پەنجەکانی کە یادی خودای پێ دەکرد بەردەوام دەجوولان[4].

10- وَرْقاءی کوڕی عُمر(رحمه الله) یەکێك بوو لە زانا و خواناسەکانی سەردەمی خۆی.

1() بگە بە کاروانی صالحان، م. عمر تؤفیق خطاط، ص. 20.

(1) بگە بە کاروانی صالحان، م. عمر تؤفیق خطاط، ص.20.

(2) الجامع لشعب الإيمان، البيهقي، ج.2، ص.202.

(3) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.4، ص.540.

إسماعیل ی كوڕی عمر كه به أبو مُنذِر ناسرا بوو، دەربارەی ورقاء دە فەرمویێت: ئەو كاتەی ورقاء لەسەرەمەرگدا بوو چووین بۆ سەرەدانی، بینیمان ورقاء به یادی خودا سەرقاڵە، به كوڕەكەی دە وت: لە جیاتی من وەڵامی سەلامی ئەو خەڵكە بدەوە بۆ ئەوەی لە یادی خودا بێ ئاگا نەبم[1].

11- ئەو پیاوەی لە یادی خودا وەكو فریشتەكان وابوو.

پێشەوا ذهبي(رحمه الله) دەربارەی شێخ معروف ی كەرخی دە فەرمویێت: كابرا یەك سمێڵەكانی بۆ شێخ معروف كورت دە كرد، بەڵام شێخ معروف بەردەوام بوو لە یادی خودا، بۆیە كابرا پێی وت: بەم شێوەیە چۆن دە تزانم سمێڵت كورت بكەم؟ فەرمووی: (أَنت تَعمل وأنا أعمل)[2]. واتە: تۆ كاری خۆت دەكەی و منیش كاری خۆم دەكەم.

12- ابن سیرین یەكێك بوو لە تابیعین، دەربارەی ئەو پیاوە بەڕێزە ابن كثیر(رحمه الله) دەیفەرمویێت: زۆر جار ابن سیرین لە ناوەڕاستی ڕۆژ دە چوە بازاڕ زۆر زیكری دە كرد، دەفەرموو: (إنَّما ساعةُ غَفْلَة النّاس)[3]. واتە: ئێستا كاتی بێ ئاگایی خەڵكە.

13- نافع(رَحمه الله) دەگێڕێتەوە لە عبدالله ی كوڕی عمر دەڵێت: لە سەردەمی قات و قڕی پێغەمبەری خودا(ﷺ) سوپایەكی نارد بۆ شوێنێك، پیاوێك یان لەگە ڵدا بوو ناوی(حُدَیر) بوو، پێغەمبەری خودا بە خواردن یارمەتی دان، بەڵام حُدَیری لە بیری چوو، حُدَیریش لە دواوە هەر یادی خودای دە كرد و دە یوت: ئە مە باشترین زاد و زەخیرە یە، لەم كاتەدا خودای گەورە بەهۆی جبریل پێغەمبەری لە مە ئاگادار كردەوە، پاشان پێغەمبەری خودا بە یەكێك لە هاوەڵان هەندێك خواردنی بۆ نارد و پێی فەرموو: سەلامی لێ بكە و پێی بڵێ لە یادمان چووبوو، بەڵام خودای گەورە جبریل ی نارد و ئێمەی ئاگاداركردەوە، حُدَیریش زۆر سوپاسی خودای كرد و سەلاواتی لێدا لە بەر ئەوەی خودا لەسەرەوەی ئاسمانەكان و عەرش لە یادی بووە، دەیوت: خودا یە داوات لێ دەكەم چۆن تۆ منت لە یاد نەكرد منیش وا لێبكەی هەرگیز تۆ لە یاد نە كەم، كاتێك قاسیدەكە گەڕا یەوە ئەمەی بۆ پێغەمبەری خودا باس كرد، پێغەمبەری خودا بە

(4) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.236.

(1) المصدر السابق، ص.237.

(2) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.9، ص.47.

قاسیدەکەی فەرمووی: ئەگەر ئەوکات سەرت بەرز بکردایە بۆ ئاسمان قسەکانی حُذَیرت دەبینی وەکو ڕوناکی پڕشنگدار بوون لە نێوان ئاسمان و زەوی[1].

(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.377.

الدعاء

نزا و پاڕانەوە

پێناسەی(نزا-پاڕانەوە)

الدُّعاءُ: هُوَ السُّؤالُ بجَلْبِ النَّفعِ، ودَفْعِ الضُّرِّ[1].

ويقولُ الخَطّابي الدُّعاءُ: هُوَ استدعاءُ العَبدِ رَبَّهُ عَزَّ وجَلَّ العِنايَةَ، وَاستِمدادُهُ مِنهُ المَعونَةَ[2].

ويقول رسول الله(ﷺ): {الدُّعاء هو العبادَةُ}[3].

واتە: نزا بریتیە لە داواکردن بۆ دەستەبەرکردنی سوود و لابردنی زیان.

پێشەوا خەطابی دەفەرموێت: نزا بریتیە لە پاڕانەوەی بەندە لە پەروەردگاری بۆ چاودێری و داوای یارمەتی لەو دەکات.

هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: دوعا خواپەرستیە.

(1) تفسير المنير، الزُّحيلي، ج.24، ص.151.

(2) المصدر السابق، ج.5، ص.106.

(3) الترمذي، الرقم(2969)، وغيره، عن النعمان بن بشير(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

پلە و پایە و سوودەکانی دوعا و پاڕانەوە لە خودای گەورە لە( ) خاڵدا

1- دوعا کردن بەجێگەیاندی فەرمانی خودایە.

خودای باڵادە ست فەرمووویەتی: ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ﴾ الأعراف. وا تە: بپاڕێنەوە لە پەروەردگارتان.

2- بەهۆی دوعاکانمان خودای گەورە داواکاریەکانمان دێنیتە دی.

هەروەکو فەرمووویەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ﴾ البقرة. واتە: ئەی محمد ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان لێکردی دەربارەی من ئەوا بێگومان من نزیکم، وەڵامی داوای داواکار دەدەمەوە ئەگەر داوام لیَ بکات.

3- دوعا و پاڕانەوە مایەی ڕزگاربوونە لە ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکان.

وەکو یونس پێغەمبەر(عليه السلام) کاتێك لە ناو دەریا و سگی نەهەنگ هاواری بۆ خودا برد وتی: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ الأنبياء. واتە: هیچ خودایەك نیە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم، ئێمەش بەهانا یەوە چووین و ڕزگارمان کرد، لەو غەم و پەژارەی کە تێی کەوتبوو، بەو شێوەیەش ئیما نداران ڕزگار دەکەین.

4- خودا لەگەڵ داواکارە کاتێك دوعا دەکات.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: خودای تاك و تەنها دە فەرموێت: {أنا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدي بي، وأنا معهُ إذا دَعاني}[1]. وا تە: من لە لای بەندە کەمم بە گوێرەی گومانەکەی، وَ من لەگەڵی دەبم کاتێك داوام لێدەکات.

5- هیچ شتێك بە قەدە دوعا و پاڕانەوە بەرێز نیە لەلای خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {ليس شيء أكْرم على الله تعالى منَ الدُّعاء}[2]. واتە: هیچ شتێك بەرێزتر نیە لەلای خودای گەورە بە قەدە دوعا.

6- دوعا و پاڕانەوە خۆی پەرستشە.

---

(1) البخاري، الرقم(7405)، ومسلم، الرقم(2675)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3370)، وغيره، عن أبي هريرة (رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی یەتی: {الدُّعاء هو العبادةُ}. ثُمَّ قرأ ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴿٦٠﴾﴾ غافر.[1] واتە: دوعا پەرستشە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: پەروەردگارتان فەرموویەتی دوعا بکەن وەڵامتان دەدەمەوە، ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانن لە پەرستنی من دەیانخەمە ناو دۆزەخ بە سەرشۆڕییەوە.

7- هیچ دوعایەکی باش بە فیڕۆ ناڕوات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما من مسلم يدعو بدعوة ليس فيها إثمٌ، ولا قطيعةُ رحمٍ؛ إلا أعطاه بها إحدى ثلاثَ: إما أن يُعجِّلَ له دعوتَه، وإما أن يدَّخرَها له في الآخرة، وإما أن يصرِفَ عنه من السُّوءِ مثلَها}[2]. واتە: هەر موسڵمانێك دوعایەك بکات تاوان و پچڕانی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت ئیللا خودا بە هۆی ئەو دوعا یەکێك لەم سێ شتانەی پێ دەبەخشێت: یان ئەوەتە خودا دوعاکەی پێش دە خات گیراو دەبێت، یان بۆی هەڵدەگرێت بۆ ڕۆژی دوایی، یان بەڵا و ناخۆشیەکی لەسەر لادەبات بە ئەندازەی دوعاکەی.

8- کاتێك موسڵمان بەوپەڕی ملکەچی دوعا دەکات خودا شەرمی لێ دەکات.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی یەتی: { إنَّ اللَّهَ حيِيٌّ كريمٌ يستحي إذا رفعَ الرَّجلُ إليه يديْه أن يردَّهما صفرًا خائبتينِ}[3]. واتە: بەڕاستی خودا بە شەرم و بەڕێزە شەرم دەکات ئەگەر پیاو دەستەکانی بەرز بکاتەوە مەستی لە کاتی دوعا کردن بە بەتاڵی بیانگەڕێنێتەوە بە بێ بەشی.

9- دوعا قەدەری ناخۆش لادەبات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی یەتی: {لا يزيدُ في العمرِ إلا البرُّ، ولا يردُّ القدرَ إلا الدُّعاء}[4]. واتە: هیچ شتێك لە تەمەن زیاد ناکات تەنها چاکە نەبێت، هیچ شتێك قەدەر ناگێڕێتەوە تەنها دوعا نەبێت.

10- هەر کەسێك دوعا نەکات و لە خودا نەپاڕێتەوە خودا لێی توورەدەبێت.

---

(1) الترمذي، الرقم(2969)، وغيره، عن النعمان بن بشير(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) رواه احمد، الرقم(11133)، وغيره، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في مشكاة المصابيح(2199).

(3) الترمذي، الرقم(3556)، وغيره، عن سلمان الفارسي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(4) ابن ماجة، الرقم(73)، عن ثوبان(رضي الله عنه)، وصححه الالباني في سنن ابن ماجة.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {من لم يسأل الله يغضبْ عليه}[1]. واتە: هەر کە سێك داوا لە خودا نەکات لێی تووڕە دەبێت.

11- دوعا و پاڕانەوە لە دوای مردنیش سوودی هەیە و قبوڵە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووویەتی: {إذا مات الإنسانُ انقطع عنه عملُه إلا من ثلاثة: إلا من صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له}[2]. واتە: هەرکات مرۆڤ مرد کردەوەکانی دەپچڕێن تەنها لە سێ شت نەبێت: خێرێکی بەردەوام، یان زانستێکی سوود بەخش، یان منداڵێکی باش دوعای بۆ بکات.

12- دوعا بکەی بۆ کەسێك لە پەنهاندا فریشتە دوعات بۆ دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما من عبد مسلم يدعو لأخيه بظهر الغيب، إلا قال الملك: ولك بمثل}[3]. واتە: هەر بەندەیەکی موسڵمان دوعا بکات بە پەنهانی بۆ برای خۆی ئەوا بێگومان فریشتەیەك دەڵێت: ئەمە بەهەمان شێوە بۆ تۆش.

13- دوعاکردن وەسیەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) بۆ ئوممەتەکەی.

پێغەمبەر فەرموویەتی: {الدُّعاء ينفع مما نزل ومما لم ينزلْ، فعليكم بالدُّعاء عباد الله}[4]. واتە: بێگومان دوعاکردن سوودی هەیە بۆ ئەوەی دابەزیوە و ئەوەی کە دانەبەزیوە، بۆیە وەسیەت بێت لێتان دوعا بکەن ئەی بەندەکانی خودا.

---

(1) الترمذي، الرقم(3373)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(2) المسلم، الرقم(1631)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(2732)، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه).

(4) الترمذي، الرقم(3548)، وغيره، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(1634).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی دوعا

1– پێشەوا عەمری کوڕی خەطاب(رضي الله عنه) دەفەرموێت: من خەمی دوعا قبوڵ بوونم نیە، چونکە خودا بەڵێنی قبوڵکردنی داوە، بەڵکو خەمی دوعاکەمە، چونکە هەر کات دوعا مەرجەکانی لێ هاتە دی قبوڵ بوونیشی لەگەڵدایە[1].

2– أبو الدرداء(رضي الله عنه) فەرموویەتی: لە ڕۆژە خۆشەکان دوعا و داوا لە خودا بکە بە ئومێدی ئەوەی خودای گەورە لە ڕۆژە ناخۆشەکان قبوڵیان بکات[2].

3– أبو ذری غیفاری(رضي الله عنه) دەفەرموێت: دوعاکردن ئەوەندەی بەسە چاکەی لەگەڵدابێت وەکو خواردن پێویستی بە خوێیە[3].

4– سُفیانی کوڕی عُیَینَة دەفەرموێت: با کەسێك لە دێوەوازنەهێنێت لە دوعاکردن بەهۆی زانینی کەم و کوڕیەکانیەوە لە نەفسی خۆی، ئەوەتا خودای گەورە وەڵامی دوعای خراپترین درووستکراوەکانی خۆی داوەوە شەیتان کاتێك وتی: مۆڵەتم بدە و مەمرێنە تا ڕۆژی زیندووبوونەوە خودای گەورە داواکەی قابوڵ کرد[4].

5– عبدالواحدی کوڕی زید(رحمه الله) دەیفەرموو: گیرا بوونی دوعا پەیوەستە بە دڵسۆزی و ئیخلاصەوە، جیاکەرەوەیەك نیە لە نێوانیاندا[5].

6– محەمەدی کوڕی مُنکدِر فەرموویەتی: بێگومان سەردەمێك بەسەر خەڵکیدا دێت کەس تێیدا ڕزگار نابێت مەگەر کەسێك دوعا بکات وەکو دوعای خنکاوێك[6].

---

(1) اقتضاء الصراط المستقيم، ابن تيمية، ج.2، ص.706.
(2) رواه أحمد في الزهد، الرقم(135)، وأبو نعيم في الحلية، ج.1، ص.225.
(3) رواه ابن أبي شيبة، ج.7، ص.40.
(4) الوصايا المنبرية، محمد بن العاطي البحيري، ج.1، ص.13.
(5) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.6، ص.162.
(6) المصدر السابق، ج.3، ص.151.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی دوعا

1- فُ ضالة ی کوڕی عُبَ یدِ(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: جارێک یان پێغەمبەری خودا (ﷺ) دانیشتبوو، لەو کاتەدا پیاوێك ها تە ژوور و نو ێژێکی کرد، پا شان دوعای کرد وتی: خودایە بمببورەو بەزەییت پێمدا بێ تەوە. پێغەم بەری خودا فەرمووی: {عَجلتَ أيُّها المصلّي، إذا صلَّيتَ فقعَدتَ فاحْمَد اللَّهَ بما هو أَهْلُهُ، وصلِّ عليَّ ثمَّ ادعُهُ}. قالَ: ثمَّ صَلَّى رجلٌ آخرُ بعدَ ذلكَ فحمِدَ اللَّهَ وصلَّى علَى النَّبيِّ(ﷺ)، فقالَ النَّبيُّ: {أيُّها المصلّي ادعُ تُجَب}[1]. واتە: پەلەت کَرد ئەیَ نوێژخوێن، هەر کات نو ێژت کرد و دانیشتیت سەرەتا سوپاسی خودا بکە بەو شێوەیەی کە شایەنیەتی و صەلاوات لە سەر من لێبدە پا شان دوعا بکە، فُضالة دەڵێت: پاش ئەمە پیاوێکیتر نوێژی کرد و پاشان سوپاسی خودای کرد و صەلاواتی لەسەر پێغەمبەردا، ئەوکاتە پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئەی نوێژخوێن دو عا بکە وەڵامت دەدرێتەوە.

2- جارێکیان إبراهیم ی کوڕی أدهم بە بازاڕی بەصرا تێدەپەڕێت، لەوکاتەدا خەڵك لە دەوری کۆدەبنەوەو پێی دەڵێن: بۆچی ئێمە دوعا دەکەین و وەڵامما ن بۆ نیە؟ فەرمووی: چونکە دڵەکانتان مردووە بە دە شت: خوداتان ناسی و ماف ئەوتان جێبەجێ نەکرد، وا گومانتان برد کە پێغەم بەرتان خۆ شدەوێت و واز تان هێنا لە ڕێبازە کەی، و قورئاذ تان خوێند و کار تان پێ نەکرد، ناز ونیعمە تەکانی خودا تان خوارد و سوپا سگوزار نەبوون، وتتان شەیتان دوژمنە و سەرپێچیتان لێی نەکرد، وت تان: بەهە شت ڕا ستە و کار تان بۆ نەکرد، وتتان : ئاگر دۆزەخ ڕا ستە و ڕا تان نەکرد لە بەری، وت تان: مردن ڕا ستە و خۆتان بۆی ئامادە نەکرد، لە خەو هەڵستان سەرقاڵی عەیبی خەڵکی بوون و عەیبەکانی خۆتان لەیادکرد، و مردووەکانتان ناشت و پەندتان لێیان وەرنەگرت[2].

3- دوعای دایك.

یەکێك لە زانا و خواناسان پێشەوا(البخاري) یە(رحمه الله).

هەر لەسەردەمی منداڵیەوە بەقەدەری خودا ڕۆشنایی چاوەکانی لە دەست ئەدات، پاش ئەوە دایکی زۆر بۆی پەرۆش دەبێت، بۆ یە بەردەوام بە گریا نەوە بۆی دەپاڕێ تەوە لە خودا کە بینایی چاوەکانی بۆ بگێڕێتەوە، دوای ماوەیەك شەوێکیان لە خەودا بە خز مەت

---

(1) رواه أبو داود، الرقم(1481)، والترمذي، الرقم(3476)، وغيرهما، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) السلسلة الذهبية، محمود المصري، ج.3، ص.526.

پێغەمبەر إ براهیم(عليه السلام) دە گات، إ براهیم پ ێی دەڵ ێت: ئەی ئافرەت خودای گەورە چاوەکانی کوڕەکەتی چاککردوونەتەوە بە هۆی ئەو هەموو نووزە و گریان و دوعاکا نت، دایکی بوخاری دەڵێت: کاتێك بەیانی هەستامەوە بینیم کوڕە کەم محمد کە نا سراوە بە بوخاری چاوەکانی چاك بوونەتەوە[1].

4- دوعای ستەم دیدەیەك.

هِ شام ی کوڕی عُروَة ی کوڕی زُ بَیری کوڕی عَوّام(رضي الله عنهم) لە باوک یەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئافرەت یێك هەبوو بە ناوی(أرْوى کچی أُوَیس)، ئەم ئافرە تە پارچە زەویەکی هەبوو کەوتبووە تەنیشت زەوی سعیدی کوڕی زید، بە تۆمەت و درۆ وتی: سعید هەندێك لە زەویەکەی منی بۆ خۆی دا گیر کردووە، بۆ ئەم مەبە ستە چووە لای مروان ی کوڕی حَکَم و شکایەتی لە سەر سعید تۆمار کرد، سعید فەرمووی: چۆن دەکرێت من ئەمە بکەم لە کاتێکدا گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بووە فەرموویەتی: {مَن اقْتَطَعَ شبرا من الأرضِ ظُلْما، طَوَّقَهُ اللهُ إيَّاه يوم القيامَة من سَبْعِ أَرَضينَ}. واتە: هەر کە سێك بستێك زَەویَ بە ستەم داگیر ب کات، خودای گەورە لە دوارِۆژداَ تا حەوت چین هەمان شوێن دەکاتە ملوانکە لە گەردەنی. دوای ئەوەی زەویەکە بوو بە هی ئافرەتە کە سعید دوعای کرد و فەرمووی: ئەی خودایە ئەگەر درۆ دە کات کوێری ب کەی و بیکوژی لە ناو زەویەکەی. پاش ماوەیەك هەردوو چاوی کوێر بوون و کەوتە ناو چاڵێك لە ناو زەویە کە و مرد[2].

5- دوعاکردن پیاوی خۆی دەوێت.

جارێک یان پێ شەوا ع مر(رضي الله عنه) لە گەڵ چەند هاوەڵ ێك چوون بۆ سەردانی نەخۆشێك، پێشەوا عمر دوعای بۆ کرد، سورِ ەتی(الفاتحة)ی لە سەر خوێند و نەخۆ شەکە شیفای بۆ هات، دوای ماوەیەك ئەوا نەی لە گەڵ پێ شەوا ع مر بوون چوون بۆ سەردانی نەخۆشێکیتر، هەرچەندی دوعایان بۆ کرد و فاتیحەیان بە سەردا خوێ ند دوعا کەیان گیرا نەبوو، بۆیە بەسەر سامبوونەوە وتیان: عمر هەمان دوعا و هەمان ئەم ئایەتا نەی خوێ ند وەڵامی درایەوە کەچی دوعاکانی ئێمە کاریگەریان نەبوو، لەو کا تەدا نەخۆ شەکە پ ێی وتن: ئەم دوعایە و ئەو فاتیحەیە هەمان دوعاو فاتیحەن بەڵام کوا عُمر؟[3].

(1) خوانی روح، مەلا أحمدی شەریعە، چاپی سییەم، ص.481.
(2) البخاري، الرقم(3195)، ومسلم، الرقم(1612)، عن عائشة(رضي الله عنها).
(3) مواقف وعبر، محمد محمد داود، ص.554.

6- قُتَيبَةى كوڕى مُسلم(رحمه الله) يەكێك بوو لە سەركردە ناودارەكانى ئيسلام و چەندين شار و وڵات لەسەر دەستى ئەو فەتح كران، لە فەتحى صين پێش ئەوەى بەڕێ بكەوێت بۆ دڵنيابوون لە لايەنى دەروونى و ڕوحى موجاهيدەكان، پياوێكى نارد بۆ ناو مزگەوت، كە پياوەكە گەڕايەوە بە قُتَيبَة ى وت: محمد ى كوڕى واسع م بينى كە يەكێكە لە تابيعين پەنجەى بەرز كرد بۆوە و دوعاى دەكرد، قُتَيبَة فەرمووى: ئەو پەنجەى تۆ باسى دەكەى لەلاى من خۆشەويسترە لە هەزار ئەسپ[1].

7- دوعاى پێشەوا أحمدى كوڕى حَنبل(رحمه الله) بۆ نەخۆشێك.

عَبّاس ى دورى دەفەرموێت: دراوسێيەكمان هەبوو ناوى علی كوڕى أبو فزارة بوو، دايكى نەخۆش بوو نزيكەى بيست ساڵ لە سەر جێگا كەوتبوو، علي دەفەرموێت: ڕۆژێكيان دايكم پێى وتم: بڕۆ بۆ لاى پێشەوا أحمدى كوڕى حَنبل و پێى بڵێ با دوعام بۆ بكات، دەڵێت: منيش چووم بۆ ماڵى پێشەوا أحمد و لە دەرگا مدا، لەوكاتەدا پێشەوا أحمد لە نزيك دەرگاكە بوو فەرمووى: ئەمە كێ يە؟ وتم: من پياوێكم دايكم نەخۆشە و لە سەر جێگا كەوتووە، منى ناردووە بۆ لاى تۆ تا دوعاى بۆ بكەى، علي دەڵێت: قسەكانيم بيست قسەى پياوێكى تووڕەبوو، فەرمووى: (نحن أحوج أن تدعو الله لنا). واتە: ئێمە زياتر پێويستيمان بە دوعاى ئەوە. على دەڵێت: منيش گەڕامەوە بۆ ماڵ، لەوكاتەدا ئافرەتێكى بەساڵاچووم بينى لە ماڵى پێشەوا أحمد هاتە دەرەوە، پێى وتم: پێشەوا أحمدم بينى دوعاى بۆ دايكت دەكرد، كاتێك گەيشتمەوە ماڵ لە دەرگا مدا بينيم دايكم شيفاى بۆ هاتووە و بە پێيەكانى خۆى هاتووە دەرگاى بۆ كردمەوە[2].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.267.

(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.11، ص.211.

ئادابەكانی دوعا و پاڕانەوە

1) دوعاكردن بە دەستنوێژەوە.
2) دوعاكردن بەرەو قیبلە.
3) سوپاس و ستایشی خودا پێش دوعاكردن.
4) صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەرەتا و كۆتای دوعا.
5) دەست بەرزكردنەوە.
6) دان پێدانان بە تاوان و ستەم كردن لە خۆی.
7) زۆر پێداگری و دوبارە و سیٚ بارە كردنەوەی دوعا.
8) پەلە نەكردن لە دوعا كردن.
9) دوعاكردن بە ئومێدەوە.
10) دەنگ بەرز نەكردنەوە.
11) دوعاكردن بە ملكەچی و گەردەنكەچی.
12) داواكردن لە خودا بە ناوە جوانەكان و سیفەتە بەرزەكانی خودا.
13) داواكردن لە خودا بەو كردەوە چاكانەی بە ئیخلاصەوە ئەنجام دراون.
14) ئامادەبوونی بیر و هۆش و دڵ لەلای دوعا.
15) خۆپاراسن لە خواردن و خواردنەوەی شتی حەرام و ناڕەوا.
16) داواكردن لە خودا لە كاتی خۆشی و ناخۆشیەكان.
17) داواكردنی شتی گەورە و گران بەها لە خودای گەورە.
18) ستەم نەكردن و گێڕانەوەی مافی خەڵك.
19) دوعاكار ئەبێت سەرەتا دوعا بۆ خۆی بكات ئەوسا بۆ كەسانیتر.
20) هەڵبژاردنی باشترین دوعا، كە ئەوانیش بریتین لەو دوعایانەی: لە قورئان و فەرموودە ڕاستەكان هاتوون.
21) راستەوخۆ داواكردن لە خودا.
22) دووركەوتنەوە لە تاوان بە گشتی.
23) دوعاكردن بەوپەڕی دڵسۆزی و ئیخلاصەوە.
24) بۆ دوعاكردن هەڵبژاردنی ئەوكاتانەی كە دوعایان تێدا گیرایە.

صەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەری خودا(ﷺ)

پێناسەی صەلاوات

الصلاة في اللغة : الدُّعاءُ. يُقالُ: صلّى عَليه، أي دَعا لَهُ.

الصَّلاةُ مِنَ اللهِ بِمَعنى: الرَّحمَةُ وَالرِّضوانُ، ومِنَ المَلائِكَةِ: الدُّعاءُ وَالا ستِغْفارُ، وَمِنَ الأُ مَّةِ: دُعاءٌ وَتَعظيمٌ لِلنَّبِيِّ(ﷺ).

(صلاة) له زمانەوانیدا: نزا وپاڕانەوەیە. دەوترێت: صلی علیه، واته نزای بۆ کرد.

لەلایەن خودای گەورەوە بە وا تای: میهرە بانی و ڕازیبوو نە، و لەلا یەن فریشتەکانەوە بە واتای نزا و داوای لێخۆشبوونە، و لەلایەن ئوممەتەوە بە وا تای پاڕانەوە یە و ڕێزلێنا نە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ)[1].

(1) التفسير المنير، د. وهبة الزُّحيلي، ج.22، ص.94.

پلە و پایە و سوودی سلاوات لەسەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە( ) خاڵدا

1– سەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) نیشانەی بڕواداریە.

لەبەر ئەوەی خودای گەورە بۆ سەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەرەکەی بانگی بڕواداران دەکات و دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ الأحزاب.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئێوەش سەلات و سەلامی لەسەر لێبدەن.

2– سەلاوات لێدان لە سەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەجێگەیاندنی فەرمانی خودا یە، گرنگترین شتیش لەلایەن خودا بەجێگەیاندنی فەرمانی ئەوە لەلایەن بەندە، لەبەر ئەوەی بە(فِعْلُ الأَمْر) خودای گەورە فەرمانی کردووە بە سەلاوات لێدان لە سەر پێغەمبەر فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ الأحزاب.

3– سەلاواتی خودا و فریشتەکان لەسەر پێغەمبەر خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لە سەر پلە و پایە و گەورەیی سەلاوات بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

4– ئەوەی یەك سەلاوات لێبدات خودای گەورە دە جار سەلاواتی لە سەر لێدەدات لەسەر ئەوکەسە، واتە بە دە قات پاداشتی دەداتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {من صلى علي صلاة صلى الله عليه بها عشرا}[1].

واتە: هەر کەسێك یەك سەلاواتم لەسەر لێبدات بەهۆی ئەو سەلاواتە خودای گەورە دە سەلاواتی لەسەر لێ دەدات بەواتای دە خێری بۆ دەنووسێت.

5– بەهۆی سەلاوات موسڵمان دووچاری حەسرەت و پەشێمانی نابێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما جلس قوم مجلسا لم يذكروا الله فيه ولم يصلوا على نبيهم إلا كان عليهم ترة فإن شاء عذبهم وإن شاء غفر لهم}[2]. واتە: هەر کەلێك کۆببنەوە لە شوێنێك یادی خودا نەکەن و سەلاوات لێنەدەن لە سەر پێغەمبەرەکەیان ئیللا دەبێتە مایەی پەشێمانی جا ئەگەر حەزبکات سزایان دەدات و ئەگەر حەزبکات لێیان دەبوورێت.

6– بە بێ سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا ماڵەکان دەبن بە گۆڕستان.

(1) المسلم، الرقم(408)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3380)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه) وصححه الألباني في سنن الترمذي.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لا تجعلوا بيوتَكُم قبورا، ولا تجعلوا قَبري عيدًا، وصلُّوا عليَّ فإنَّ صلاتَكُم تبلغُني حيثُ كنتم}[1].

واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، و گۆڕی منیش مەکەن بە شتێك وە کو جەژن، و سەلاواتم لەسەر لێبدەن بێ گومان سەلاواتەکانتان بە من دەگەن لەهەر شوێنێك بن.

7- بەهۆی زۆر سەڵاوات لێدان موسڵمان نزیك دبێتەوە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {أَولَى النَّاسِ بِي يومَ القيامةَ أكثرُهم علَيَّ صلاةً}[2]. وا تە: نزیکترین کەس لە من لە دوارۆژدا ئەو کەسەیە کە زۆرترین سەلاواتی لەسەر من لێدابێت.

8- بەهۆی سەڵاوات لێدان موسڵمان لە چینی ڕەزیلان حیساب ناکرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {البخيلُ الَّذي مَن ذُكِرتُ عندَهُ فلم يصلِّ عليَّ}[3].

واتە: ڕەزیل ئەو کەسەیە کە باسی منی لە لای دەکرێت و سەلاواتم لەسەر لێ نادات.

9- سەلاوات تاوان دەسڕێتەوە و پلەی موسڵمان بەرز دەکاتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن صلَّى علَيَّ صلاةً واحدةً، صلَّى اللهُ عليه عَشْرَ صلَواتٍ، وحَطَّ عنه عَشْرَ خطيئاتٍ، ورفَع له عَشْرَ درجاتٍ}[4].

واتە: هەر کەسێك یەك سەلاواتم لەسەر لێ بدات خودای میهربان دە سەڵاواتی لە سەر لێ دەدات و دە تاوانی لێ هە ڵدەوەرێنێت، بەم سەڵاواتەش دە پلەی بۆ بەرز دەبێتەوە.

10- بەهۆی سەلاوات ناوی سەلاوات لێدەر دەچێتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {أكثِروا الصَّلاةَ علَيَّ، فإنَّ اللهَ وكَل بي ملَكًا عندَ قبري، فإذا صلَّى علَيَّ رجلٌ من أُمَّتي قال لي ذلك المَلَكُ: يا محمَّدُ إنَّ فُلانَ بنَ فلانٍ صلَّى علَيكَ السَّاعةَ}. واتە: زۆر سەلاواتم لەسەر لێبدەن، بێگومان خودای گەورە فریشتەیەکی تایبەت کردووە بە من لەلای گۆڕەکەم، هەرکات کەسێک لە ئوممەتە کەم سەلاواتم لە سەر لێ بدات ئەو فریشتەیە دەڵێت: ئەی محمد فلانی کوڕی فلان سەلاواتی لە سەر تۆ لێدا هەر ئێستا.

---

(1) رواه أبو داود، الرقم(2042)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه) وصححه الألباني في صحيح الجامع(7226).

(2) الترمذي، الرقم، الرقم(484)، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(1668).

(3) النسائي في السنن الكبرى، الرقم(9885)، وغيره، عن علي بن ابي طالب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي(3546).

(4) رواه أحمد، الرقم(11587)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في الأدب المفرد(643).

11- سەلاوات لێدان هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە شەفاعەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرمووی: {إذا سَمِعتم المُؤَذِّنَ، فَقُولوا مثْلَ ما يَقولُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فإنَّه مَن صلَّى عَلَيَّ صلاةً صلَّى اللَّهُ عليه بها عَشْرا، ثُمَّ سَلُوا اللَّهَ لي الوسيلَةَ، فإنَّها مَنْزِلَةٌ في الجَنَّة، لا تَنْبَغي إلاّ لعَبْد من عباد الله، وأَرْجو أنْ أكُونَ أنا هُوَ، فمن سأَلَ لي الوسيلَةَ حلَّتْ لَه الشَّفاعَةُ}(1). واتە: هەرکات گوێتان لە بانگبێژ بوو ئێوەش وەکو ئەو بلێنەوە، پاشان سەلاواتم لەسەر لێ بدەن، بێگومان هەر کەسێك یەك سەلاواتم لە سەر لێ بدات خودای گەورە دە سلەلاواتی لە سەر لێ دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن لە خودا، بەڕاستی وەسیلە شوێنێکە لە بەهەشت، تەنها بۆ بەندەیەکە لە بەندەکانی خودا، ئومێد دەکەم من ئەو بەندەیە بم، هەر کەسێك داوای وەسیلەم بۆ بکات شەفاعەت بۆ ئەو ڕەوا دەبێت.

12- سەلاوات لێدەر بە بەر سەلاواتی فریشتەکان دەکەوێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {ما من مُسلم يصلّي عليَّ إلاّ صلَّت عليه الملائكةُ ما صلَّى عليَّ فليُقلَّ العبدُ من ذلكَ أو ليُكثرْ}(2). واتە: هەر موسڵمانێك سەلاواتم لە سەر لێبدات بێگومان فریشتەکانیش سەلاواتی لە سەر لێ دەدەن مادام سەلاواتم لە سەر لێ دەدات، کەواتە بەندە با سەرپشك بێت: سەلاوات کەم لێ بدات یان با زۆر سەلاوات لێ بدات.

(1) المسلم، الرقم(577)، عن عبدالله بن عمرو بن العاص(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(748)، عن عامر بن ربيعة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی سەڵاوات

1- هاوەڵی بەڕێز أُبَي كوڕی كَعْب(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: (قُلت يا رسولَ الله! إني أُكثِر الصلاةَ عليك، فكم أجعل لك من صلاتي؟ فقال: {ما شئتَ}، قلت: الربع؟ قال: {ما شئتَ، فإن زدتَ فهو خير لَكَ}، قلت: النصف؟ قال: {ما شئتَ، فإن زدتَ فهو خير لَكَ}، قلت: فالثُّلُثَين؟ قال: {ما شئتَ، فإن زدتَ فهو خير لَكَ}، قلت: أجعل لك صلاتي كلَّها؟ قال: {إذًا تُكْفَى همَّك، ويُكَفَّر لَكَ ذَنبُكَ}[1]. واتە: بە پێغەمبەری خودام(ﷺ) وت: من زۆر سەلاواتت لە سەر لێدەدەم، ئایە چەندی تەرخان بکەم بۆ سەلاوات؟ فەرمووی: هەر چەندی حەز دەکەی. وتم: چارەگەکی چۆنە؟ فەرمووی: هەرچەندی حەز دەکەی، و ئەگەر زیاتر بێت باشترە. وتم: نیوەی چۆنە؟ فەرمووی: هەر چەندی حەز دەکەی، و ئەگەر زیاتر بێت باشترە. وتم: دوو سێ یەکی چۆنە؟ فەرمووی: هەرچەندی حەز دەکەی، و ئەگەر زیاتر بێت باشترە. وتم: هەموو سەلاواتم بۆ تۆ تەرخان دەکەم، فەرمووی: کەوا تە ئەمە بەسە بۆ نەمانی خەمەکانت و سڕینەوەی تاوانەکانت.

2- أبو هريرة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە سەر مینبەر کەوت ئینجا فەرموویەتی: {آمينَ، آمينَ، آمينَ}. پێی وترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوە چیت دەوت؟ فەرمووی: جبریل پێی وتم: سووك و ڕیسوابێت ئەوکەسەی بگاتە دایك و باوکی کە پیر بوون یان یەکێك لە هەردووکیان و نەبێتە هۆی چوونە بەهەشتی چاکەیان لەگەڵ نەکات یان خراپەیان لەگەڵ بکات. منیش وتم: {آمين}. پاشان وتی: سووك و ڕیسوابێت ئەوکەسەی بگاتە مانگی ڕەمەزان و نەبێتە هۆی لێبووردنی تاوانەکانی چاکەی تێدا نەکات یان خراپە بکات. منیش وتم: {آمين}. پاشان وتی: سووك و ڕیسوابێت ئەوکەسەی ناوی تۆی لەلا بێت و سەلاواتت لەسەر لێنەدات. منیش وتم: {آمين}[2].

3- سەلاواتی پێشەوا شافیعی(رحمه الله).

أبو بەیانی ئەصبەهانی دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێکیان لە خەوبەخەزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیشتم، پێم وت: ئەی پێغەمبەری خودا محمدی إدریسی شافیعی کوڕی مامت هیچ شتێکی تایبەتت بۆی کردووە؟ فەرمووی: □ بەڵێ، داوام لە

---

(1) الترمذي، الرقم(2457)، وقال: حسن صحيح.

(2) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(646)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

خودا کرد کە موحاسەبەی نەکات. أبو بیان دەڵێت: پێم وت: ئە مە بەهۆی چییە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: چونکە شافیعی بە شێوەیەك سەلاواتم لە سەر لێ دەدات هیچ کەس بەم شێوەیە سەلاواتی لە سەر لێ نەداوم. پێم وت: ئە مە چ جۆرە سەلاواتێکە؟ فەرمووی: دەڵێت: {اللهم صل على محمد عدد ما ذكره الذاكرون وصل عليه كلما غفل عنه الغافلون}[1].

4- یەکێك لە زاهیدەکانی سەردەمی خۆی ناوی أبوبکری شیبلی بوو(رحمه الله)، ساڵی 247 کۆچی لە دایك بووە، دوای مرد نی یەکێك لە دراو سێیەکانی أ بوبکر دراو سێیەکەی دێتە خەون دەفەرموێت: لە ئەحواڵیم پرسی، وتی: دوای مردنم دووچاری شتی زۆر گەورە و ناخۆش بووم، ئەمەش هەر لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەم بوو لەگەڵ دوو فریشتەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، ئەوەبوو زمانم تێك ئاڵا، پاشان دوو فریشتە هاتن یەکێکیان ویستی ئەشکەنجەم بدات بەڵام لە ناکاو کەسێکی زۆر جوان هات هەرگیز کە سی وا جوانم نەبینی بوو، هاتە نێوان من و فریشتەکان پێم وت: تۆ کێی؟ و تی: من ئەو فریشتەیەم خودا منی درووست کردووە و تایبەتم بە فریاکەوتنی ئەوانەی زۆر سەلاوات لە سەر محمد لێ دەدەن، و تۆ یەکێکی لەوان، ئێستاش بە ئیزنی خودا ڕزگارت دەکەم لە هەموو ئەو دڵتەنگیانە و لە سزای ئاگر و جێت ناهێڵم تا دەتگەیذ مە ناو بەهە شت بە ڕە حمەتی خودای گەورە[2].

5- عبدالواحدی کوڕی زید(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێکیان لە گە شتی حەج پیاوێك بوو بە هاوڕێمان، بەردەوام سەرقاڵ بوو بە سەلاوات لێدان، بۆیە منیش لێم پرسی: هۆکاری ئە مە چییە؟ وتی: شتێکی زۆر سەیرم بینیوە سەبارەت بە سەلاوات، وتی: جارێکیان لەگەڵ باوکم دەچووین بۆ شاری مەککە، لە ڕێگا لە شوێنێك خەوتم لە نا کاو دەنگێك پێی وتم: فلان هە ستە خودا باوکی تۆی مراند و ڕوخساریشی ڕەش بووە، لەوکاتەدا بە ترسەوە ڕا چڵەکیم بینیم باوکم ڕاکشاوە و ڕوخساریشی داپۆشراوە بە پارچە پەڕۆکێك، پەڕۆکەکەم لابرد بینیم مردووە و ڕوخساریشی ڕەش بووە، بەم دیمە نە سامناکە زۆر ترسام، بۆیە نەم دەزانی چی بکەم، پاشان خۆشم نەمزانی چۆن خەوتمەوە لەو خەوەدا بینیم هەشت کەسی ڕوخسار ڕەش هاتن هەر یەکێکیان ئاسنێکی پێبوو،

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.170.

(2) السلسلة الذهبية، محمود المصري، ج.3، ص.52.

چواریان هاتنه لای سەری و چوارەکەیتریان هاتنه لای قاچەکانی، ویستیان ئه شکەنجەی بدەن، بەڵام له ناکاو پیاوێکی ڕوخسار جوان و نوورانی هات و ئەوانی وەلانا و دە ستێکی بەسەر ڕوخساری باوکم داهێنا، دەستبەجێ ڕوخساری سپی بوو یەوە، لێیم پرسی: تۆ کێی؟ وتی: من محمدم پێغەمبەری خودام(ﷺ)، وتم: چۆن بەم شێوەیە فریای باوکم کەوتی؟ فەرمووی: ڕاستە باوکت بەرامبەر نەفسی خراپ بوو، بەڵام زۆر سەلاواتی لە سەر من لێدەدا، کابرا دەڵێت: کە هەستامەوە بینیم ڕوخساری باوکم سپی بووتەوە، بۆیە دوای ئەوەی باوکم بە خاك سپارد لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستا من بەردەوام سەلاوات لێ دەدەم[1].

6- چۆن سەلاواتت لەسەر لێ بدەین ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

عبدالرحمن ی کوڕی أبو ليلى(رحمه الله) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێکیان كَعْب ی کوڕی عُجْرة پێم گەیشت و پێی وتم: ئایە دە تەوێت دیاریەکت پێشکەش بکەم کە له پێغەمبەری خودام بیستووە؟ وتم: بەڵێ، پێشکە شم بکە دیاریە کە، فەرمووی: لە پێغەمبەرمان پرسی: وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا خودای گەورە ئێمەی فێرکردووە کە چۆن سەلام لە تۆ بکەین، مەبەستی ئەوەبوو دەڵێین السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، بەلام ئەی چۆن سەڵاوات لێ بدەین لە سەر تۆ و أهلُ البيت؟ فەرمووی: بڵێن: {اللهُمَّ صَلِّ علَى مُحَمَّد وعلَى آل مُحَمَّد، كما صَلَّيْتَ علَى إبراهيم وعلَى آل إبراهيم؛ إنَّكَ حَميدٌ مَجيدٌ، اللهُمَّ بارِكْ علَى مُحَمَّد وعلَى آل مُحَمَّد، كما بارَكْتَ علَى إبراهيم وعلَى آل إبراهيم؛ إنَّكَ حَميدٌ مَجيدٌ}[2].

---

(1) السلسلة الذهبية، محمود المصري، ج.3، ص.53.

(2) البخاري، الرقم(3370).

الطهارة

پاك و خاوێنی

پێناسەی پاك و خاوێنی

الطَّهارةُ لغةً: النَّظا فةُ والخُلوصُ من الأوْساخِ والأدناسِ الحِسِّيَّةِ، كالأنْجاسِ مِن البَولِ وغيره، والمعنَوِيَّةِ: كَالعُيوبِ والمَعاصي.

الطَّهارة شرعاً: رفْعُ ما يَمْنَعُ الصّلاةَ من حَدَثٍ أو نَجاسَةٍ بِالماءِ أو غَيرِهِ، أو رَفْعِ حُكْمِهِ بِالتّرابِ[1].

واتە: وشەی(الطهارة) لە زمانەوانیدا بریتیە لە پاك و خاوێنی و پاکبوونەوە لە پیسی، جا چ دیار و هەستپێکراو بێت وەکو پیسی میز یان شتیتر، یاخود پیسیەکە نادیار بێت وەکو کەموو کوری تاوان.

(الطهارة) لە شەرعدا بریتیە لە لابردنی هەر شتێك کە نوێژکردنی پێوە قەدەغە بێت، لە بێدەستنوێژی یان لابردنی پیسی بە ئاو یان جگە لە ئاو، یان لابردنی حوکمەکەی بە خۆڵ.

(1) صحيح فقه السنة، كمال السيد سالم، ج.1، ص.70.

پلە و پایە و سوودەکانی پاک و خاوێنی لە( ) خاڵدا

1- خودای گەورە کەسانی پاکی خۆش دەوێت. خودای پەروەردیگار فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ﴾ البقرة. واتە: بەڕاستی خودای گەورە تەوبەکارانی خۆش دەوێت و ئەوانەشی خۆش دوێت کە ناخ و دەرەوەیان پاك دەکەنەوە.

2- بۆ گەورەترین خوداپەرستی کە نوێژە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە شوشتنی ئەندامەکانی لاشە، دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوا نەی باوەڕ تان هێ ناوە ئە گەر هە ستان بۆ نو یژ ڕوخ سارتان ب شۆن و دە ستەکانتانیش تا پ شت ئانیشك و سەرتان مە سح ب کەن و پێیەکانتان بشۆن گۆزینگیشی لەگەڵدا بێت.

3- لە کاتی جەنابەتدا خودا فەرمانی کردووە بە خۆشو شتن، دە فەرموویێت: ﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبًا فَٱطَّهَّرُواْۚ﴾ المائـدة. واتە: ئە گەر جەنابە تدار بوون خۆ تان پاك بکە نەوە بە شووشتن.

4- لەبەر گرنگی پاك وخاوێنی خودای پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر(ﷺ) کردوە بە پاك ڕاگرتنی جل وبەرگی، دە فەرموێت: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ﴾ المـدثر. واتە: پۆ شاکت خاوێن بکەوە.

5- بە دەسنوێژەوە نەبێت نابێت کەس دەست بدات لە قورئان، دە فەرموێت: ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ﴾ الواقعة. واتە: نابێت دەست بدات لە قورئان تەنها ئەو کەسانە نەبن کە پاکن لە کوفر و جەنابەت و بێ دەسنوێژی.

6- یەکێك لە هۆکار و مەبەستەکانی باران بارین بۆ پاککرد نەوەی شتەکانە. خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا﴾ الفرقان. واتە: ناردومانە تە خوارەوە لە ئاسمان ئاوێکی پاککەرەوە.

7- ئەو شتانەی ئەخورێن بە فەرمانی خودا ئەبێ پاك بن.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ ۝٥٧﴾ البقرة. واتە: بخۆن لە شتە پاکەکان لەو ڕزق و ڕۆزیەی بە ئێوەمان داوە.

8- هەموو مو سڵمانێك لە حەوت ڕۆژ لا یەنی کەم جار یك ئەبێ خۆی د شوات، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {حقٌّ على كُلِّ مُسْلِم، أنْ يَغْتَسِلَ في كُلِّ سَبْعَةِ أيَّامٍ يَوْماً يَغْسِلُ فيه رَأسَهُ وجَسَدَهُ}[1]. واتە: پێویستە لە سەر هەموو مو سڵمانێك لەهەر حەفتەیەکدا جارێک سەرو لاشەی خۆی بشوا.

9- پاك و خاوێنی لە ڕێباز و سوننەتی ئاینی ئیسلامە.

هەروەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {عَشْرٌ مِنَ الفِطْرَة: قَصُّ الشارِب، وإعْفاءُ اللحيَة، والسِّواكُ، واسْتِنْشاقُ الماء، وقَصُّ الأظْفار، وغَسْلُ البَرَاجِم، ونَتْفُ الإبِط، وحلْقُ العَانَة، وانْتِقَاصُ الماء}. واتە: دە شت سوننەت و بنچینەن لە ئاینی ئیسلام بۆ مو سڵمان: سمێڵ کورت کردن، ڕیش هێشتنەوە، سیواك کردن، ئاو لە لووت وەردان، نینۆك کردن، شوشتنی نێوان پە نجەکان، لابرد نی موە کانی بن پ یل، لابرد نی موە کانی دەوروبەری عەورەت، وتارەت کردن، ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت: دە یەمینم لەیاد چوو وا بزانم ئاو لە دەم وەردان بوو[2].

10- دە ستوێژ کە ما یەی پاکی ئەندامەکا نە ذ یوەی بروا یە. پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الطُّهور شَطْرُ الإيمان}[3]. واتە: دەستنوێژ نیوەی باوەڕە.

11- لە ئاینی ئیسلام لە چەندین کات خۆشوشتن واجبە، یان سوننەتە، بۆ نموونە:

1- پاش ئیحتیلام بوون لەشگرانی بە هۆی خەونێك واجبە.

2- دوای جووت بوون واجبە.

3- دوای هاتنەوەی(مەنی) بەهەر هۆکارێك بێت واجبە.

4- دوای مردن واجبە.

5- دوای پاك بوونەوەی ئافرەت لە سووڕی مانگانە(الحيض) واجبە.

6- دوای پاك بوونەوەی ئافرەت لە خوێنی منداڵبوون(النفاس) واجبە.

---

(1) البخاري، الرقم(896)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(261)، عن عائشة(رضي الله عنها).

(3) المسلم، الرقم(223)، عن ابي مالك الأشعري(رضي الله عنه).

7- خۆشوشتن له ڕۆژی هەینی سوننەته، هەندێك به واجبیان داناوه.

8- دوای موسڵمان بوونی کەسێکی بێ بڕوا، هەندێکیان به واجبی دەزانن.

9- ئەو کەسەی مردووشۆره، هەندێکیان به واجبی دەزانن.

10- خۆشوشتن له ڕۆژانی جەژن، سوننەته.

11- خۆشوشتن بۆ نوێژه بارانه، سوننەته.

12- خۆشوشتن بۆ نوێژی ڕۆژگیران و مانگگیران، سوننەته.

13- خۆشوشتن له کاتی ئیحڕام بەستن بۆ حەج و عومڕه، سوننەته.

14- خۆشوشتنی شێت دوای چاکبوونەوەی، سوننەته.

15- کەسی بێ هۆش دوای به هۆش خۆهاتنەوەی، سوننەته.

16- خۆشوشتن بۆ وەستان له عەڕەفه، سوننەته.

17- خۆشوشتن بۆ مانەوه له موزدەلیفه، سوننەته.

18- خۆشوشتن بۆ مانەوه له مینا، بۆ ڕەجمی شەیتان، سوننەته.

19- خۆشوشتن بۆ ئەنجامدانی تەوافی کەعبەی پیرۆز، سوننەته.

20- خۆشوشتن بۆ ئەنجامدانی سەفا و مەڕوه، سوننەته.

21- خۆشوشتن بۆ چوونه ناو شاری مەدینەی مونەووەره. سوننەته.

چەند ڕووداوێك دەربارەی پاك و خاوێنی

1- بە هۆی پاككردنەوەی مزگەوت گەیشتە ناز و نیعمەتی بەهەشت.

هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئافرەتێكی ڕەش پێست هەبوو هەمووجار ناو مزگەوتی خاوێن دەكردەوە، دوای دیارنەمانی ماوە یەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەواڵی پرسی، پێیان وت: ئەو كۆچی دوا یی كردووە، فەرمووی: {أفَلا كنْتم آذَنْتموني؟}، واتە: ئەی بۆ ئێوە منتان ئاگادار نەكردەوە؟ أ بو هُرَيرَة دەڵێت: وەك بڵێی بە كەمیان دەزا نی، بۆ یە ئاگاداریان نەكردەوە، پا شان فەرمووی: {دلُّوني علَى قَبْرِها}، واتە: گۆڕەكەیم پێ نیشان بدەن، ئەوانیش پیشانیاندا، ئەوە بوو پێغەمبەری خودا نوێژی لەسەر كرد، پاشان فەرمووی: { إنَّ هذه القُبور مَمْلُوءةٌ ظُلْمَةً علَى أَهْلِها، وإنَّ اللَّهَ عَزَّ وجَلَّ يُنوِّرُها لَهم بصَلَاتي عليهم}[1]، وا تە: بەڕا ستی ئەو گۆڕا نە پڕن لە تاریكی بۆ خاوەنەكانیان خودای گەورە بۆیان ڕوناك دەكات بە هۆی نوێژ كردنی من لەسەریان.

لە ڕیوایەتی تردا پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوای ئەوەی نوێژی جەنازەی لە سەر كرد لای گۆڕەكەی فەرمووی: {إنِّي رأيتُها في الجنَّةِ تَلْتَقِطُ القَذَى من المَسجِد}[2]، واتە: بێگو مان ئەو ئافرەتەم بینی لە ناو بەهەشت بە هۆی هەڵگرتنەوەی شتی پیس لە ناو مزگەوت.

2- جابر ی كوڕی عبداللە(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەها تە سەردانمان لە ماڵەكانمان، جارێكیان پیاوێكی بینی سەر و پرچی لەو پەڕی ئاڵۆزی و بێ سەروبەریدا بوو، فەرمووی: { أما كان يَجِدُ هذا ما يُسَكِّنُ به شَعْرَه؟}، واتە: ئا یە ئەو پیاوە شتێكی دە ست نەدە كەوت بۆ ئەوەی سەر وپرچی خۆی پێ ڕێك بخات؟ پا شان پیاوێكیتری بینی جل وبرگێكی پیس و چڵكنی لە بەردابوو، فەرمووی: {أما كان هذا يجِدُ ماءً يغْسِلُ به ثوبَه}[3]، وا تە: ئا یە ئەو پیاوە ئاوی دە ست نەدە كەوت بۆ ئەوەی جل وبەرگەكەی پێ بشوشتایە.

3- هاوەڵی بەڕێز أ بو هُرَ يرە(رضي الله عنه) دە فەموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { وإذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ من نَوْمِه فَلْيَغْسِلْ يَدَهُ قَبْلَ أنْ يُدْخِلَهَا في وَضُوئِه؛ فإنَّ

(1) المسلم، الرقم(956).
(2) رواه الطبراني، الرقم(11607)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).
(3) رواه أبو داود، الرقم(4062)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(493).

أَحَدَكُمْ لا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ}[1]، واته: ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە خەو بە خە بەرهات با دەستی بشوات پێش ئەوەی دەستی بخا تە ناو دەستشۆرەکە، چونکە هەر یەکێك لە ئێوە نازانێت لە کاتی خەودا دەستی لە کوێ ماوەتەوە.

دەگێڕنەوە: جارێکیان کابرایەك ڕەخنەی لەم فەرموودەیە گرت، دەیوت: من باش دەزانم دە ستەکانم لە کوێن، ئەوەی بۆ چیە؟ ئیتر بەم شێوەیە پێداگری دە کرد لە سەر بۆچوونەکەی خۆی، تا شەوێکیان دەخەوێت بەیانی کە بەخە بەر هات بینی دە ستی لە نێوان لینگیەتی و پەنجەیەکیشی لە ناو کۆمی خۆی ناوە، ئیتر کە ئەمەی بینی ئەوکات دانی نا بە هەڵەی خۆی[2].

(4) البخاري، الرقم(162)، ومسلم، الرقم(237).

(1) موقع الألوكة الشرعية.

الوضوء

دەستنوێژ

پێناسەی دەستنوێژ

الوُضوءُ لغةً: معناه الحُسْنُ والنَّظافَةُ.

شـــرعاً: هو استِعْمالُ الماءِ في أعْضاءٍ مَخْصوصَةٍ، وهِي الوَجْه واليَدانِ...، بِكَيْفِيّةٍ مَخْصوصَةٍ[1].

واتە: دەستنوێژ لە زمانەوانیدا: بە واتای باشی و پاکی دێت.

لە شەرعدا: بریتیە لە بەکارهێنانی ئاو لە چەند ئەندامێکی تایبەت ئەوانیش: ڕوخسار و هەردوو دەست هتد، بە شێوەیەکی تایبەت.

(1) الفقه على المذاهب الأربعة، عبدالرحمن الجزيري، ج.1، ص.42.

پلە و پایە و سوودەکانی دەستنوێژ لە( ) خاڵدا

1- دەستنوێژ گرتن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودای پەروەردگارە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ ٦﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە هەر کات ویستتان هەستن بۆ نوێژ سەرەتا ڕوخ سارتان بشۆن ئیز جا دەستەکانتان لە گەڵ ئەنیشکەکانتان پا شان دەستی تەڕ بێنن بەسەر سەرتان پاسان پێیەکانتان بە گۆزینگەکانەوە.

2- دەستنوێژ نیشانە و سیفەتی بڕوادارە. لەبەر ئەوەی خودای گەورە تەنها فەرمان بە بڕواداران دەکات بە هەڵگرتنی دەستنوێژ لە سورەتی(المائدة)، لە ئایەتی ڕابردوودا.

3- دە ستنوێژ ن یوەی بڕوا یە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الطُّهور شطْرُ الإيمان}[1]، واتە: دەستنوێژ(پاك و خاوێنی) نیوەی بڕوایە.

4- دەستنوێژ هۆکارێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: { ما منكم من أحد يتوضَّأُ فيسبغُ الوضوءَ ثمَّ يقولُ أشهدُ أن لا إلَه إلا اللهُ وحدَه لا شريكَ لَه و أشهدُ أنَّ محمَّدًا عبدُه ورسولُه إلا فُتحتْ لَه أبوابُ الجنَّة الثَّمانيةُ يدخل من أيِّها شاء}[2]. واتە: هەر کەسێك لە ئێوە دەستنوێژێکی ڕێك هەڵگرێتَ پا شان بڵێ: (أَشهدُ أن لا إلَه إلاَّ اللَّهُ وحدَه لا شريكَ لَه و أشهدُ أنَّ محمَّدًا عبدُه ورسولُه) ئەوە هەر هەشت دەرگای بەهە شتی بۆ دەکرێتەوە لە کامیان بیەوێ دە چێتە ژوورەوە.

5- ئەندامەکانی دەستنوێژ درەوشاوە دەبن لە ڕۆژی دوایدا. هەر وە کو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أَنْتم الغرُّ المحجَّلُونَ يَومَ القيامةَ من إسْباغِ الوُضُوء، فَمَن اسْتَطاعَ منكمْ فَلْيُطل غُرَّتَهُ وتَحجيلَهُ}[3]، وا تە: ئێوە لە دواڕۆژدا ڕوخ سار و دە ست و با سك و پێیەکانتانَ سپی و درەوشاوەن جا هەر یەکێك لە ئێوە ئە گەر بتوانێت با لە سنووری دیاریکراو زیاتر تەڕبکات.

(1) المسلم، الرقم(223)، وغيره، عن ابي مالك الأشعري(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(234)، عن عمر بن الخطاب(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(136)، ومسلم، الرقم(246)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

6- دەستنوێژ تاوانەکان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {مَن تَوضَّأَ نَحْوَ وضُوئي هذا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعتَيْنِ لا يُحَدِّثُ فيهما نَفْسَهُ، غَفَرَ اللَّهُ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِه}[1]، واتە: هەرکەسێك دەستنوێژ هەڵگرێت وەکو دەستنوێژی من، پاشان دوو ڕکاعەت نوێژ بکات بیر و هەستی تەنها لە لای نوێژەکە بێت، خودای گەورە لە تاوانەکانی ڕابردووی خۆش دەبێت.

7- تاوانە بچووکەکان لەگەڵ ئاوی دەستنوێژ دەڕۆن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {إذَا تَوضَّأَ العَبْدُ المُسْلِم، أَوِ المُؤْمن، فَغَسَلَ وجْهَهُ خَرَجَ من وجْهِه كُلُّ خَطِيئَة نَظَرَ إلَيْهَا بعَيْنَيْه مع الماء، أَوْ مع آخرِ قَطْرِ الماء، فَإِذَا غَسَلَ يدَيْه خَرَجَ من يدَيْه كُلُّ خَطِيئَة كَانَ بَطَشَتْهَا يدَاهُ مع الماء، أَوْ مع آخرِ قَطْرِ الماء، فَإِذَا غَسَلَ رجْلَيْه خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَة مَشَتْهَا رجْلاَهُ مع الماء، أَوْ مع آخرِ قَطْرِ الماء، حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا من الذُّنوب}[2]، واتە: ئەگەر بەندەی موسڵمان یان بڕوادار دەستنوێژی هەڵگرت هەر تاوانێك بە چاو ئەنجامی دابێت دەردەچێت لە ڕوخساری لەگەڵ ئاو، یان کۆتا دڵۆپەی ئاو، هەرکە دەستەکانی شوشت هەر تاوانێك بە دەست ئەنجامی دابێت دەردەچێت لە دەستەکانی لەگەڵ ئاو، یان کۆتا دڵۆپەی ئاو، هەرکە پێیەکانی شوشت هەر تاوانێك بە پێ ئەنجامی داوە لەگەڵ ئاو یان لەگەڵ کۆتا دڵۆپەی ئاو دەردەچێت، تا وای لێدێت پاك دەبێتەوە لە تاوان.

8- دەستنوێژ پلەی موسڵمان بەرز دەکاتەوە لە ڕۆژی دوایی.

هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: {ألا أدُلُّكُم علَى ما يَمحو اللَّهُ به الخَطايا ويرفعُ به الدَّرجات}، واتە: ئایە پێتان بڵێم بە چی خودای گەورە تاوانەکان دەسڕێتەوە و بەهۆیەوە پلەکان بەرز دەکاتەوە، هاوەڵان وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوکات پێغەمبەر باسی سێ شتی کرد، یەکێك لەوانە وتی: {إسباغُ الوضوء علَى المَكاره}[3]، واتە: دەستنوێژی ڕێك و پوخت هەرچەند بەزەحمەت و ئازاریش بێت. وەکو دەستنوێژ لە کاتی سەرما و ناساخیدا.

---

(1) البخاري، الرقم(159)، ومسلم، الرقم(226)، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(244)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(251)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

9- فریشته دوعا دەكات بۆ خاوەن دەسنوێژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویت: {مـن باتَ طَـاهراً باتَ في شـعَاره ملَـكٌ، لا يَسْتيقظُ ساعةً من الليل إلا قال المَلَكُ: اللهمَّ اغفرْ لعَبْدكَ فلاناً، فإنَّه باتَ طَاهراً}[1]، واته: هەر كەس بەدەستنوێژ بخەوێت يەكێك لە فريشتەكان لە گەڵی دەبێت هەرجارێك بەخەبەر بێتەوە فريشتەكە دەفەرموێت: خودايە لە فلان بە ندەی خۆت خۆش ببە، چونكە بە پاكی خەوت.

10- نوێژ كە كۆڵەگەی ئاينی ئیسلامە پەیوەستە بە هەبوونی دەستنوێژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویت: { لا يقبـلُ اللهُ صـلاةَ أحـدكُم إذا أحـدَث حـتَّى يتوضَّأ}[2]، واتە: كە سێك لە ئێوە نوێژە كەی لێی وەرناگیرێت ئە گەر دە سنوێژی شكا تاوەكو دەستنوێژ هەڵنەگرێتەوە.

11- بەهۆی دەستنوێژ دوعا و پاڕانەوەكان گیرا دەبن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویت: {ما من مسلم يَبيتُ على ذكْر طاهرا فيتعارَّ من الليلِ فيسألُ اللهَ خيراً من الدنيا والآخرة إلا أعطاه إياه}[3]، وا تە: هەر مو سڵمانێك بە دەستنوێژ لەسەر یادی خودا بخەوێت لە شەودا بەخە بەر بێتەوە داوای شتی چاكی دونیاو و دوارۆژ لە خودا بكات بێ گومان خودای گەورە پێی دەدات.

12- بازنە زێڕینەكانی بەهەشت بە دەستنوێژ دەستەبەر دەبن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویت: {تَبلُغُ الحلْيةُ من المؤمنِ حيث يبلُغَ الوضوء}[4]، واتە: زێڕ بە بڕوادار دەگات بە ئەندازەی شوێنی دەستنوێژ لە دەست و باسكدا.

13- دەستنوێژ گرێی شەیتان دەكاتەوە لەسەری موسڵمان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویت: { يَعْقدُ الشَّيْطَانُ علَى قَافيَة رَأْسِ أَحَدكُمْ إذَا هو نَامَ ثَلاثَ عُقَد يَضْربُ كُلَّ عُقْدَة عَلَيْك لَيْلٌ طَويلٌ، فَارْقُدْ فإن اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ، انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فإنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فإنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فأصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ وإلَّا أصْبَحَ

(1) رواه البيهقي، الرقم(2780)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(597).
(2) البخاري، الرقم(6554)، ومسلم، الرقم(225)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) ابو داود، الرقم(5042)، وغيره، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(4) المسلم، الرقم(250)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ}[1]، واته: كاتێك یەكێك له ئێوه خەوت شەیتان سێ گرێ له پا شه سەری دەدات، دەڵێت: شەوێكی درێژت له پێشه، بخەوه، ئەمه له سەر هەموو گرێیەكان دەدات، جا ئەگەر بەخەبەرهات و یادی خودای كرد ئەوكات یەكێك له گرێیەكان دەبێتەوه و ئەگەر دەستنوێژی هەڵگرت گرێیەكی تریش ئەبێتەوه، و ئەگەر نوێژی كرد گرێی سێیەمیش ئەبێتەوه، ئەوكات به لاشەیەكی گورج و گۆڵ و دەروونێكی پاك بەیانیه كەی ئەكاتەوه، و ئەگەر وانەبوو به دەروونێكی پیس و لاشەیەكی تەوەزەل(گران) بەیانیه كەی ئەكاتەوه.

(1) البخاري، الرقم(1091)، ومسلم، الرقم(774)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەك دەربارەی دەستنوێژ

1- پێشەوا الشِّبْلي(رحمه الله) دە فەرمووێت: (الوُضوء و الصَّلاةُ مِنْ أعظَم ما يتَحرزُ به منَ الجِن و يستدفَعُ شَرُّهُمْ)[1]. وا تە : دە ستنوێژ ونو ێژ گەورەترین شتَن بۆ ئەوەی بە هَۆَی ئەوَان مرۆڤـ پارێزراو بێت لە جنۆکە و بەرگری کردن لە شەڕ و خراپەی ئەوان.

2- سەلەفی صالح دەستنوێژیان بە ڕوناکی هەژمار دە کرد، دە یان وت: (الوضوء على الوضوء نَور على نورِ)[2]. وا تە: دە ستنوێژ هەلگرتن لە سەر دە ستنوێژ ڕوناکی یە لە سەر ڕوناکی.

3- پێشەوا عمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) لە کاتی سەرەمەرگدا وە سیەتی ع بداللە ی کوڕی دە کرد و دەی فەرموو: ئەی کوڕی خۆم، پێوی ستە لە سەرت ڕەو شت و نیشانەکانی بڕوا جێبەجێ بکەی، عبداللە فەرمووی: بریتین لە چی؟ فەرمووی: (الصوم في شدّة الحرِ أيا م الصيف، وقتلِ الأعداء بالسيف، والصبر على المصيبة، وإسباغُ الوضوء في اليوم الَشاَتي، وتَعجيلُ الصَّلاَة في يوم الغيم، وتَرك ردْغَة الخَبال)[3]. وا تە: بەڕۆژوو بوون لەَ ڕۆژا نیَ گەرمی هاوی ندا، و جَەنگ َ کردنَ لە گەلْ دوَژمنا َندا بە شم شێر، و ئارامگرتن لە سەر موسیبەت، و دەستنوێژی چاك لە ڕۆژێکی زستاناویدا، ئەنجامدانی نوێژ لە کاتی خۆی لە ڕۆژێکی تەم و مژاویدا، و وازهێنان لە خواردنەوەی ئارەق.

(1) آكام المرجان في أحكام الجان، محمد بن عبد الله الشبلي الدمشقي الحنفي، ص.131.

(2) الترغيب والترهيب، المنذري، ج.1، ص.(223).

(3) رواه ابن سعد في الطبقات الكبرى.

چەند ڕووداوێك دەربارەی دەستنوێژ

1- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای گۆڕستان، دوای سەلام کردن لە مردووەکان، فەرمـــــووی: {وددْتُ أنَّا قدْ رأينا إخْواننا} قالوا: أولَسْنا إخْوانَكَ؟ يا رَسولَ الله، قالَ: {أنتمْ أصْحابِي وإخْوانُنا الـذين لَمْ يأْتُوا بعْدُ} فقالوا: كيفَ تَعرِفُ منِ لَمْ يَأْت بعْدُ من أُمَّتكَ؟ يا رسولَ الله، فقالَ: {أرأَيْتَ لَو أنَّ رجلًا له خَيلٌ غُرٌّ مُحَجَّلَةٌ بيْنَ ظَهْري خَيْلٍ دُهْمٍ بُهْمٍ، ألا يعْرِفُ خَيْلَهُ؟} قالوا: بلَى يا رسولَ الله، قالَ: {فإنَّهُم يأْتُونَ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنَ الوضُوءِ، وأنا فَرَطُهُم عَلَى الحَوضِ}[1]، واتە: حەزم دەکرد براکانمان بدیتایە، وتیان: ئەی ئێمە برای تۆ نین ئەی پێغەمبەری خدوا، وتی: ئێوە هاوەڵی منن براکانمان ئەوانەن هێشتان نەهاتوون، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن یەکێك لە ئوممەتت ئەناسیەوە کە نەتبینیوە؟ فەرمووی: ئەرێ ئە گەر کە سێك ئە سپێکی نی شانەداری هەبێت بە قانی سپی لە ناو ئە سپی ڕەش، ئا یا ئە سپەکەی خۆی ناناسێتەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ، فەرمووی: بێگومان ئەوان لە ڕۆژی دوایی دێن ئەندامەکانی دەستنوێژیان سپی دەدرەوشێتەوە و منیش بۆ سەر حەوزی کەوسەر پێشیان دەکەوم تا ئاویان پێ بدەم.

2- دەگێڕنەوە جارێکیان پێشەوا عثمانی گوڕی عفان(رضي الله عنه) داوای ئاوی کرد، ئاویان بۆ هێنا و دەستنوێژی هەڵگرت، پاشان پێکەنی و بە هاوەڵانی فەرموو: ئا یا ناپرسن بە چی پێکەنیم؟ وتیان: بە چی پێکەنیت ئەی ئەمیری بڕواداران؟ فەرمووی: پێغەمبەری خودام بینی(ﷺ) دەستنوێژی هەڵگرت وەکو دەستنوێژەکەی من، پاشان پێکەنی و فەرمووی: {ألَا تَسألوني ما أضحكَني؟} فقالوا: ما أضحكَك يا رسولَ الله؟ قال: {إنَّ العبدَ إذا دعا بوضوء فغسلَ وجهه، حطَّ اللهُ عنه كلَّ خطيئة أصابَها بوجهه، فإذَا غسلَ ذراعيه كان كذلك، وإنْ مَسحَ برأسه كان كذلك، وإذا طهَّر قدمَيه كان كذلك}[2]، واتە: بۆچی لێم ناپرسن، چی بووەتە هۆی پێکەنینم؟ وتیان: چ شتێك وای لێ کردی پێبکەنی؟ فەرمووی: بێگومان بەندە هەرکات داوای ئاوی کرد بۆ دەستنوێژ ئینجا ڕوخساری شوشت خودای گەورە هەموو ئەو تاوانانەی لێی هەڵدەوەرێنێت کە بە ڕوخسار ئەنجامیداون، و هەرکە باسکەکانی شوشتن بە هەمان شێوە، بە هەمان شێوە

---

(1) المسلم، الرقم(249).

(2) رواه البزازفي الكشف، الرقم(271).

كه سەری مەسح كرد، و بەهەمان شێوە كە با سكەكانی شو شت، و بە هەمان شێوە كە پێیەكانی پاك كردنەوە.

3- هاوەڵی بەڕێز عبدالله ی كوڕی عەمری كوڕی عاص(رضي الله عنهما) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: أنَّ النَّبيَّ(ﷺ) مرَّ بسَعد وَهوَ يتوضَّأُ، فقالَ: {ما هذا السَّرفُ يا سَعدُ؟}، قالَ: أفي الوضوءِ سَرفٌ؟ قالَ: {نعَم، وإن كُنتَ على نَهْرٍ جارٍ}[1]. واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە لای سعد تێپەڕی، لەو كاتە سعد سەرقاڵی هەڵگرتنی دەستنوێژ بوو، دیارە سعد زیاتر لە ئەندازەی پێویست ئاوی بۆ دەستنوێژی بە كار دەهێنا، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: ئەو هەموو ئیسرافە چییە ئەی سعد؟ وتی: ئایە لە دەستنوێژدا ئیسراف هەیە؟ پێی وت: بەڵێ، ئەگەر لەسەر ڕووبارێكی ئاو لەبەر ڕۆیشتووش بیت.

4- محمدی كوڕی زیاد دەگێڕێتەوە، دەڵێت: جارێك یان أبو هُرَیرَەم بینی بەلای خەڵكێك تێدە پەڕی، خەڵكە كە لە شوێنی دەستنوێژ سەرقاڵ بوون بە هەڵگرتنی دەستنوێژ، أبو هُرَيرَة پێی فەرموون: (أحسِنوا الوضوء يرحَمكُم الله، ألَم تَسمعوا ما قَالَ رسولُ الله(ﷺ) {ويلٌ لِلأَعقابِ مِن النَّارِ}[2]. واتە: دەستنوێژتان ڕێك و پێك بكەن ڕەحمەتی خواتان لێبێت، مەگەر نەتان بیستووە: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: سزای ئاگر بۆ پاژنە پێیەكان، هەڵبەتە مەبەست لەمە ئەوەیە ئەگەر باش تەڕی نەكەن یان ئاو هەمووی نەگرێتەوە.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(425)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني فس السلسلة الصحيحة(3292).

(2) البخاري، الرقم(165)، ومسلم، الرقم(242)، وغيرهما، عن ابي هريرة وغيره(رضي الله عنه).

السواك

پێناسەی سیواك

السواك: استعمالُ عودٍ أو نَحْوِهِ في الأسْنانِ، لإذهابِ التَّغَيُّرِ وَنَحْوِهِ[1].

واتە: سیواك بریتیە لە بەكارهێنانی دارێك یان شتێكی هاوشێوەی دار لە سەر ددا نەكان بە مەبەستی لابردنی گۆڕانی بۆنی دەم یان شتێكی هاوشێوەی ئەو، وەكو تامی ناو دەم.

هەروەها سیواك یەكێكە لە سوننەتەكانی فیترەتی پاكی مرۆڤی بڕوادار، لە لای هەر چوار مەزهەبی سەرەكی.

پلە و پایە و سوودەكانی سیواك لە( ) خاڵدا

1- لەبەر پلە و پایەی سیواك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لولَا أنْ أشُقَّ علَى أُمَّتِي أوْ علَى النَّاسِ لَأَمَرْتُهُم بالسِّوَاكِ مع كُلِّ صلَاة}[2]، واتە: ئەگەر لەبەر بارگرانی نەبووا یە لەسەر ئوممەتم یان لەسەر خەڵكی فەرمانم پێدەكردن بە سیواك كردن لە گەڵ هەموو نوێژێك.

2- لەبەر گرنگی سیواك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لولَا أنْ أشُقَّ علَى أُمَّتِي أوْ علَى النَّاسِ لَأَمَرْتُهُم بالسِّوَاكِ عندَ كُلِ وُضوء}[3]، واتە: ئەگەر لە بەر بارگرانی نەبووا یە لەسەر ئوممەتم یان لەسەر خەڵكی فەرمانم پێدەكردن بە سیواك كردن لە گەڵ هەموو دەسنوێژێك.

3- سیواك پاككەرەوەی دەمە و مایەی ڕەزامەندی پەروەردگارە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {السِّواكُ مطهَرةٌ للفمِ مَرضاةٌ للرَّبِّ}[4]، واتە: سیواك پاككەرەوەیە بۆ دەم و هۆكارێكە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا.

4- سیواك یەكێكە لە فیترەتی پاكی ئیسلام.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {عَشْرٌ من الفطْرَة}، واتە: دە شت لە بنچینەو فیترەتی پاكی ئیسلامن، جا یەكێك لەوانە فەرمووی: {السِّوَاك}[5]، واتە: سیواكە.

---

(1) المجموع، النووي، ج.1، ص.270.

(2) البخاري، الرقم(887)، ومسلم، الرقم(252)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(31) معلقا، ومالك (214)، واحمد(9928)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) النسائي، الرقم(5)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألألباني في هداية الرواة(365).

(4) المسلم، الرقم(261)، عن عائشة(رضي الله عنها).

5- بەهۆی سیواك كردن فریشتەیەكی تایبەت هەیە نزیك دەكەوێتەوە لە موسڵمان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إذا قام الرجل يتوضأ ليلا أو نهارا فأحسن الوضوء واستنّ، ثمّ قام فصلّى أطاف به الملك ودنا منه؛ حتى يضع فاه على فيه، فما يقرأ إلا في فيه، وإذا لم يستنّ أطاف به، ولا يضع فاه على فيه}[1]، واتە: ئەگەر پیاو هەستا دەستنوێژێكی پوختی هەڵگرت، شەو بێت یان رۆژ سیواكی بەكار هێنا، پاشان هەستا نوێژی كرد ئەوكات فریشتەیەك لە دەوریدا دەسوورێتەوە و لێی نزیك دەبێت تا وەكو دەمی لە سەر دەمی دادەنێت، ئەوكات هەر شتێك لە قورئان بخوێنێتەوە ئەچێتە ناو دەمی فریشتەكەوە، بەڵام ئەگەر سیواك نەكات ئەوكات فریشتەكە تەنها لە دەوری دەسوورێتەوە و دەمی ناخاتە سەر دەمی ئەو.

6- لەبەر پلە وپایەی سیواك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أُمرتُ بالسّواك حتى ظننت أنّه سينزل فيه قرآن}[2]، واتە: فەرمانم پێكراوە بە سیواك، تاوەكو وامزانی لە سەر سیواك ئایەت لە قورئان دادەبەزێت لە باسی سیواك.

7- لە بەر گرنگی سیواك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أُمرتُ بالسّواك حتى خشيت أنْ أدرد}[3]، واتە: فەرمانم پێكراوە بە سیواك بە شێوەیەك مەترسی ئەوەم هەبوو بە هۆی زۆر سیواك كردن ددانەكانم لەناو بچن.

(1) رواه البزاز، في كشف الأستار، الرقم(496)، وغيره، عن علي بن ابي طالب(رضي الله عنه)، وصححه الألأباني في صحيح الجامع(723).

(2) رواه احمد في مسنده، ج.1، ص.237، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه احمد شاكر في شرحه على المسند.

(3) البزاز، الرقم(6952)، عن انس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(1375).

چەند وتەیەك دەبارەی سیواك

1- پێشەوا ابن القیم دەفەرموێت: سیواك كردن : 1- بۆنی ناو دەم خۆش دە كات. 2- پدوەكان بەهێزدەكات. 3- بەڵغەم ناهێڵێت. 4- چاو ڕۆشەن دە كات. 5- ددان دەپارێزێت. 6- گەدە تەندرووست دەكات. 7- دەنگ ساف دەكات. 8- یارمەتی دەرە بۆ هەرەس بوونی خواردن. 9- ڕێڕەوی قسەكردن باش دە كات. 10- وزە بەخشە بۆ قورِئان خوێندن و زیكر و نوێژكردن. 11- خەورِەوێنە. 12- مایەی ڕەزامەندی خودایە. 13- فریشتەكان پێی سەرسامن. 14- مایەی بەدەستهێنانی چاكەیەكی زۆرە[1].

2- الصَّنْعاني(رحمه الله) دەگێڕێتەوە لە خاوەنی(البَدْرُ المُنیرُ)، فەرمووویەتی: زیاتر لە سەد فەرموودە هەیە دەربارەی سیواك، بەڕاستی مایەی سەرسورِمانە، سوننەتێك ئەو هەموو فەرموودەیەی لەسەر بێت كەچی زۆر لە خەڵكی پشتگوێیان خستووە، بەڵكو زۆر لە زانایان فەرامۆشیان كردووە، ئەمە عەیب و شوورەییەكی گەورەیە[2].

3- ابن عثیمین(رحمه الله) دەفەرموێت: (السِّواكُ سُنَّةٌ للصائمِ كَغَيْرِه في أوّل النَّهار وآخره)[3]، واتە: سیواك كردن سوننەتە بۆ كەسی بەڕۆژوو هەروەكو چۆن سوننەتە بۆ كەسی بێ ڕۆژوو لەسەرەتای ڕۆژ و كۆتایی ڕۆژ. مەبەست ئەوەیە هەموو كاتێك سوننەتە سیواك كردن.

---

(1) زاد المعاد، ابن القيم، تحقيق شعيب الأرنؤوط و عبدالقادر الأرنؤوط، ج.4، ص.223.

(2) سبل السلام، الصنعاني، ج.1، ص.72.

(3) مجموع الفتاوى، ابن تيمية، ج.19، ص.228.

هەندێك كاتی تایبەت بە سیواك كردن

1- كاتی هەستانەوە لە خەو، حُذَیفَةی كوڕی الیَمان(رضي الله عنه) دە فەرمووێت: (كانَ النّبِيُّ إذا قامَ من اللَّيْلِ يشوصُ فاهُ بالسّواك)[1]. واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر لە شەو هەستابایە بە سیواك دەمی خۆی پاك دەكردەوە.

2- لە ناو خەڵكدا، أبو موسی الأشعري(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینیم سیواكی لەدەستی دایە و سیواك دەكات لە ناو دەمی بوو و دەیفەرموو(أع أع)، مەبەست لەمە ئەوە بوو پێغەمبەری خودا سیواكی لە ناو دەمی بوو دەنگێكی لێوە دەهات وەكو دەنگی كەسێك كە بیەوێ بڕشێتەوە[2].

3- كاتی چوونەوە ماڵ: عائیشة دایكی بڕواداران(رضي الله عنها) دە فەرموێت: (كانَ رسولُ الله (ﷺ) إذا دَخَلَ بيتَهُ بَدَأَ بالسّواك)[3]. وا تە: پێغەم بەری خودا(ﷺ) هەر كات بچووبایەوە بۆ ماڵی خۆی سەرەتا سیواكی دەكرد.

4- لە كاتی دەستنوێژ هەڵگرتن: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لولَا أنْ أشُقَّ علَى أُمَّتي لَأَمَرْتُهُمْ بالسّواك عندَ كُلِ وضُوء}[4]. واتە: ئەگەر لەبەر بارگرانی نەبووایە لەسەر ئوممەتم فەرمانم پێدەكردن بە سیواك كردن لەگەڵ هەموو دەسنوێژێك.

5- لە كاتی هەموو نوێژێكی وا جب و سوننەت: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لولَا أنْ أشقَّ علَى أُمَّتي أوْ علَى النَّاسِ لَأَمَرْتُهُمْ بالسّواك مع كُلِّ صَلَاة}[5]، وا تە: ئە گەر لەبەر بارگرانی نەبووایە لەسەر ئوممەتم یان لەسەر خەڵكی فەرمانم پ ێدەكردن بە سیواك كردن لەگەڵ هەموو نوێژێك.

6- لە كاتی قوڕ ئان خوێ ندن: پێ شەوا ع لی فەرموو یەتی: (إنَّ أفواهَكُم طُرقٌ للقرآن فطيّبوها بالسّواك)[6]. واتە: دەمەكانتان ڕێگان بۆ قوڕئان، پاكیان بكەنەوە بە سیواك.

7- بۆ نوێژی هەینی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {غُسلُ يومِ الجمُعَة علَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ، وسواكٌ، ويَمَسُّ منَ الطّيبِ ما قَدَرَ عليه}[7]، واتە: خۆشوشتن لە ڕۆژی هەینی لە سەر

(1) البخاري، الرقم(245)، ومسلم(255).
(2) البخاري، الرقم(244)، ومسلم(254).
(3) المسلم، الرقم(253)، وغيره.
(4) البخاري، الرقم(1934).
(5) البخاري، الرقم(887)، ومسلم(252)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(6) ابن ماجة، الرقم(239)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

هەموو کە سێکی بالغە(خۆی نا سی بێت)، هەروەها سیواک کردن، بەکارهێنانی بۆنی خۆش بە پێی توانا.

8- پێش ئەنجامدانی شەونوێژ: حذیفة کوڕی یەمان(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (كانَ رسولُ الله (ﷺ) إذَا قَامَ منَ الليْلِ يَشُوصُ فَاهُ بالسِّوَاكِ)[1]، واتە: هەر کات پێغەمبەری خودا هەستابایە بۆ نوێژی(التَهجد)[2]، سیواکی لە دەمی وەردەدا و پاکی دەکردەوە.

(1) المسلم، الرقم(846)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(889)، عن حذيفة بن اليمان(رضي الله عنه).

(3) التَّهجُّد: بریتیە لەو نوێژانەی دوای خەوتن و هەستانەوە لە خەو ئەنجام دەدرێن.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی سیواك

1- دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: یەكێك لە نیعمەتەكانی خودا بەسەر من ئەوە بوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ماڵی من و نۆرەی من و لە نێوان كۆش وگەردەنم بوو كە كۆچی دوایی كرد، هەروەها خودای گەورە تف و تەڕاتی دەمی منی تێكەڵ كرد بە تف و تەڕاتی دەمی پێغەمبەری خودا لە كاتی سەرەمەرگیدا عبدالحمن ی برام هاتە ژوورەوە سیواكی لە دەست بوو منیش لەو كاتدا خۆم خستبووە بەر پشتی پێغەمبەری خودا بینیم پێغەمبەر تەماشای سیواكەكە دەكات، زانیم حەزی لە سیواكە، بۆیە پێم وت: سیواكەكەت بۆ وەرگرم لێی؟ پێغەمبەری خودا بە سەر ئاماژەی كرد بەڵێ، سیواكەكەم لە ناو دەمی دانا، زانیم بۆی ئەستەمە، وتم: دەتەوێ بۆت نەرم بكەم؟ ئاماژەی كرد بەڵێ، بە دەمی خۆم بۆم نەرم كردەوە، ئەو كات بەكاری هێنا[1].

2- عبدالله ی كوڕی عباس(رضي الله عنهما) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) مامەوە، بینیم لە بەشی ئەم ئایەتەی سوڕەتی آل عمران ی خوێند:﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ١٩٠﴾ آل عمران، تا گەیشتە ﴿فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٩١﴾ آل عمران. پاشان گەڕایەوە ماڵ سیواكی كرد و دەستنوێژی هەڵگرت، پاشان نوێژی كرد، پاشان لەسەر تەنیشت پاڵكەوت، پاشان هەستا و چووە دەرێ تەماشای ئاسمانی كرد و ئایەتەكەی دووبارە خوێندەوە، پاشان هاتەوە ژوورەوە سیواكی كرد و دەسنوێژی هەڵگرت، پاشان نوێژی كرد[2].

3- ابن مسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێكیان لە سەر درەختی(الأراك)[3] بووم، بەمەبەستی لێكردنەوەی سیواكێك بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، هەڵبەتە قاچاكانی باریك بوون، كاتێك بای لێی دەدا قاچەكانی بەدیار دەكەوتن، ئیتر خەڵكیش پێدەكەنین، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {ما يُضْحِكُكُمْ؟}، واتە: بەچی پێدەكەنن؟ وتیان: بە باریكی قاچكانی عبدالله، فەرمووی: {والذي نَفْسِي بيده لَهُما أثْقَلُ في الميزان من أُحُد}[4]، واتە: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە قاچەكانی لەناو تەرازوو لە كێوی(أحد) گرانترن.

---

(1) البخاري، الرقم(4449)، ومسلم(2443).

(2) المسلم، الرقم(256).

(3) ئەو درەختەیە كە دار سیواك لێی دروست دەكرێت.

(4) رواه ابو يعلى، الرقم(5310)، وغيره، وحسنه الألباني في إرواء الغليل، ج.1، ص.104.

الأذان

بانگ

پێناسەی بانگ

الأذانُ لُغةً: الإعلامُ[1].

واتە: بانگ لە زمانەوانیدا ڕاگەیاندنە.

اصْطِلاحاً: التَّعَبُّدُ لله بِذِكْرٍ مَخْصوصٍ بَعْدَ دُخولِ وَقْتِ الصّلاةِ لِلإعْلامِ بِها[2].

واتە: بانگ لە شەرعدا ئەوە یە کرد نی پەرستشە بۆ خودا بە زیکرێکی تایبەت دوای هاتنی کاتی نوێژ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە هاتنی کاتی نوێژ.

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.9، ص.3.

(2) الشرح الممتع، ابن عثيمين، ج.2، ص.40.

پله و پایه و سوودەکانی(بانگ) و بانگدەر له( ) خاڵدا

1- له سەردەمی پێغەمبەری خودا(ﷺ) له هەر گوند و شارێك بانگ بدرایە غەزا و هێرش کردنه سەر ئەم شوێنه قەدەغە بوو.

أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: ئەگەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ سەر گەلێك فەرمانی پێکردباین بۆ غەزا، چاوەڕوانمان دەکرد تا بەیانی سەرنجی ئەدا ئەگەر گوێی له بانگدان ببا و بیبیستبا وازی لێ دەهێنان و ئەگەر گوێی له بانگ نەبووایە هێرشی دەکردە سەری[1].

2- ئەگەر دوو کەسیش بن سوننەته بانگ بدەن له کاتی نوێژ.

دوو کەس هاتنه لای پێغەمبەر(ﷺ) ویستیان گەشت بکەن، پێغەمبەر پێی فەرموون: {إذَا أنْتما خَرَجْتما، فأذّنَا، ثُمَّ أقِيما، ثمَّ لِيَؤُمَّكُما أكْبرُكُما}[2]. واته: ئەگەر ئێوە دەرچوون، بانگ بدەن، پاشان قامەت بکەن، پاشان کامەتان گەورەتر بوو با پێش نوێژی بکات.

3- شەیتان لەبەر دەنگی بانگ ڕادەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {إذَا نُودِيَ للصَّلَاة أدْبَر الشَّيْطَانُ، وله ضُراطٌ، حتَّى لا يسمع التَّأْذين، فَإِذَا قَضى النّداء أقْبَل، حتَّى إِذَا ثُوِّب بالصَّلَاة أدبَرَ}[3].

واته: ئەگەر بانگدرا بۆ نوێژ شەیتان پشت هەڵ دەکات، با یەکی لێ دەرئەچێت بۆ ئەوەی گوێی له بانگ نەبێت، جا هەر کاتێك بانگ تەواو بوو دەگەڕێتەوە، تا کاتی قامەت کردن دیسان ڕادەکاتەوە.

4- له ڕۆژی دوایی بانگدەر ملی: بەژنی له هەموو کەس درێژترە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {الْمُؤَذّنونَ أطولُ الناسِ أعناقاً يومَ القيامة}[4]، واته: بانگدەرەکان له هەموو کەس ملیان درێژترە.

5- لەبەر پله و پایەی بانگ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَو يعلَم النَّاس ما في النّدَاء والصَّفّ الأوَّل، ثُمَّ لَمْ يجِدُوا إلّا أنْ يسْتَهِموا عليه لَاسْتَهَمُوا}[5]، واته: ئەگەر خەڵك

---

(1) البخاري، الرقم(610)، ومسلم(383).

(2) البخاري، الرقم(630)، ومسلم(674).

(3) المسلم، الرقم(389). عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) المسلم، الرقم(387)، عن معاوية(رضي الله عنه).

(5) البخاري، الرقم(2689)، ومسلم(437)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

بزانن چ خێر و بێرێك هه یه له بانگدان و ڕێزی یه كه‌م، پا شان بۆ ئه مه هیچ ده ست نه‌كه‌وتایه ته‌نها تیر وپشك نه‌بێ له‌سه‌ری ئه‌وه تیر وپشكیان ده‌كرد.

6- له ده‌رباره‌ی پاداشتی بانگده‌ر پێغه‌م به‌ری خودا(ﷺ) فه‌رموو یه‌تی: {المؤذّنُ يغفر له مدى صوته، وأجره مثل من صلّى معه}[1]. وا ته: باز گده‌ر به ئه ندازه‌ی ده‌ن گی لێخۆشبوونی بۆ هه‌یه، پاداشتیشی وه‌كو پاداشتی ئه‌و كه سه‌یه كه نو ێژی له‌گه ڵدا كردبێت.

7- هه‌موو شتێك شاهێدی به چاكه ده‌ده‌ن بۆ بانگده‌ر.

پێغه‌مبه‌ری خودا(ﷺ) به أ بو سعیدی خودری فه‌رموو: {إنّي أراكَ تُحبُّ الغنَمَ والباديةَ، فإذا كُنْتَ في غنَمكَ وباديتك، فأذّنْتَ بالصَّلاة، فارفَعْ صوتَك بالنّداء، فإنَّه لا يسمعُ مدَى صَوْت المُؤَذّن جنٌّ ولا إنْسٌ ولا شيء إلاّ شَهدَ لَهَ يوم القيامَة}[2]. واَ ته: من وا ده‌تبینم تۆ مه‌ڕوماڵات وَ چۆله‌وانیت خۆشده‌وێت، بۆیه هه‌ر كاتێك له‌لای مه‌ڕه‌كانت یان چۆله‌وانی بووی بانگده بۆ نو ێژ ده‌نگت به‌رز بكه‌وه، چونكه هیچ شتێك ذ یه گوێی له ده‌ن گی بانگده‌ر ببێت جنۆكه یان ئاده‌میزاد یان هه‌ر شتێك ئیللا له ڕۆژی دوا یی شاهێدی ده‌دات بۆ بانگده‌ر.

8- بانگده‌ر له ئاگری دۆزه‌خ ڕزگاری ده‌بێت.

أنس(رضي الله عنه) ده‌فه‌رموێت: پێغه‌م به‌ری خودا(ﷺ) گوێی له شوانێك بوو بانگی ده‌دا، كاتێك وتی : (أشهدَ أنْ لا إله إلا الله)، فه‌رمووی: خَرَجْتَ منَ النَّارِ[3]. وا ته: له ئاگر هاتیه ده‌ره‌وه واته: ڕزگار بووی.

9- بانگدان هۆكارێكه بۆ چوونه به‌هه‌شت.

پێغه‌م به‌ری خودا(ﷺ) فه‌رموو یه‌تی: {من أذّنَ ثنتي عشرةَ سنةً، وجبَتْ لَه الجنَّةُ}[4].
واته: هه‌ر كه‌سێك ماوه‌ی دوازده ساڵ بانگ بدات به‌هه‌شت بۆ ئه‌و مسۆگه‌ر ده‌بێت.

---

(1) رواه الطبراني، الرقم(7827)، عن أبي امامة(رضي الله عنه)، وصححه المنذري في الترغيب والترهيب(7942).
(2) البخاري، الرقم(3296).
(3) المسلم، الرقم(382).
(4) ابن ماجة، الرقم(728)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

له فەرموودەیەکی تردا، أ بو هُرَیرَةَ(رضي الله عنه) دەڵێت: جارێکیان بیلال بانگیدا، کاتێك تەواو بوو، پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {من قالَ مثل هذا یقینًا دخل الجنَّةَ}[1].

واتە: هەر کەسێك وەکو ئەمە بلێت بە یەقین(لە ناخی دڵەوە) دەچێتە بەهەشت.

10- پادا شتی هەر بانگ یك شه ست چاکەیە. پێغەم بەری خودا(ﷺ) لە دەر بارەی بانگدەر فەرموویەتی: {وکُتب لَه بتأذینه في کلِ مرةٍ ستُّونَ حسنةً}[2].

واتە: بۆی دەنووسرێت بە هەر بانگێك لە هەموو جارێك شەست چاکە.

11- خودای پەروەردگار سەرسام دەبێت بە بانگی بانگدەر.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دەربارەی بانگدەر فەرموو یەتی: {یعجب ربُّك من راعي غنم في رأسِ شَظیة بجبلٍ یؤذنُ للصلاة ویصلي فیقولُ اللهُ عزَّ وجلَّ: انظروا إلى عبدي هذا یؤذّنُ ویقیم الصلاةَ یخافُ مني قد غفرتَ لعبدي وأدخلتَه الجنَّةَ}[3]، وا تە: پەروەردگاری تۆ سەرسامە بە شوانێك لە سەر چیایەك بانگ دەدات و نو یژ دە کات، خودا دە فەرموێت: سەیری بەندەم بکەن بانگ دەدات و نوێژ دەکات لە ترسی من، منیش لێی خۆش بووم و دەیبەمە بەهەشت.

12- کەسێك بانگ بدات لە شوێنێك بە تەنیابێت و نو یژ بکات، فریشتەکان نو یژ لە دوای ئەو دەکەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دەربارەی بانگدەر فەرموو یەتی: {إذا کان الرجلُ بأرض قيٍ، فحانت الصلاةُ، فلیتوضأْ، فإن لم یجد ماءً فلْیتیمَّم، فإن أقام، صلَّی معه ملَکاه، وإنْ أذَّنَ و أَقام، صَلَّی خَلفَه من جنود الله ما لا یرى طَرفاه}[4]، واتە: ئە گەر پ یاو لە شوێنێکی چۆل بوو کاتی نوێژ هات، با دە ستنوێژ هەلگرێت، ئە گەر ئاوی دە ستنەکەوت با تە یەممو م بکات، جا ئەگەر قامەتی کرد دوو فریشتەکانی سەر شانی نو یژی لە گەڵ دە کەن، ئە گەر بانگیدا و قامەتیشی کرد ئەو کات زۆر لە دوای ئەو نو یژ دە کەن لە فریشتەکان کە ئەو نایان بینێت.

---

(1) النسائي، الرقم(674)، وعبدالله بن أحمد في الزوائد(8624)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(728)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(44).

(3) ابو داود، الرقم(1203)، عن عقبة بن عامر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(4) رواه الطبراني، الرقم(6120)، وغيره، عن سلمان الفارسي(رضي الله عنه)، وصححه المنذري في الترغيب والترهيب(249).

13- بانگدەر ئەمیندارە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوعای بۆ کردووە، فەرموویەتی: {الإمامُ ضامنٌ والمؤذّنُ مؤتَمَن اللهم أَرشد الأئمَّةَ واغْفِرْ لِلْمؤذّنين}[1]، واتە: ئیمام زامینە لە کەم وکورتی نوێژی مەئموومەکان و بانگدەریش ئەمیندارە لە هاتنی کاتی نوێژ، خودایە ئیمامەکان ڕێنمایی بکە و خۆش بە لە بانگدەرەکان.

14- دوای بانگ نزاکان گیرا دەبن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الدُّعاء بيْنَ الأَذان والإقامة مستَجاب، فَادْعوا}[2]، واتە: دوعا کردن لە نێوان بانگ و قامەتدا گیرا دەبێت، جا دوعا بکەن.

15- وەڵامدانەوەی بانگ هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە شەفاعەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دە فەرموێت: {إذا سَمِعتم المُؤذّن فَقولوا مِثل ما يقولُ، ثُمَّ صلوا اللهَ لي الوسيلَةَ فإنّها درَجةٌ في الجنَّة لا تَنْبغي إلا لِعَبد من عباد الله، وأَرجو أنْ أَكونَ أَنا ذلِكَ العبدُ، فَمَن سأَلَ الله لي الوسيلَةَ حلّتْ عليه شَفاعتي يومَ القيامة}[3]، واتە: هەر کات گوێتان لە بانگدەر بوو ئێوەش وەکو ئەو بڵێنەوە، پاشان داوای(وەسیلە)م بۆ بکەن لە خودا: ئەو پلەیە کە لە بەهەشت تەنها بۆ بەندەیەکە لە بەندەکانی خودا، منیش ئومێدەوارم من ئەو بەندەیە بم، جا هەر کەسێك داوای وەسیلەم بۆ بکات لە خودا ئەوە شەفاعەتی منی بۆ ڕەوا دەبێت لە ڕۆژی دواییدا.

16- بانگ تاوانەکان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: { من قالَ حينَ يسمعُ المؤذّنَ وأنا أشهدُ أن لا إلَهَ إلا اللَّهُ وحدَهُ لا شريكَ لَهُ وأشهدُ أنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُهُ رضيتُ باللَّهِ ربًّا وبالإسلامِ دينًا وبمحمَّد نبيًّا غُفِرَ لَهُ ذنبهُ}[4]، واتە: هەر کەسێك کاتی گوێی لە بانگدەر بوو بڵێت: (وأَنا أشهد أن لاَ إلَهَ إلاّ اللَّهُ وحدَهُ لا شريكَ لَهُ وأشهدُ أنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُهُ رضيتُ باللَّهِ ربًّا وبالإسلامِ دينًا وبمحمَّد نبيًّا)، تاوانەکانی دەسڕێنەوە.

17- هەندێك لە زانا کان فەرموویانە ئەم ئایەتە مەبەستی بانگدەرەکانە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ فصلت.

(1) ابو داود، الرقم(517)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الالباني في سنن أبي داود.

(2) أبو داود، الرقم(512)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه السيوطي في الجامع الصغير(4244).

(3) المسلم، الرقم(384)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما).

(4) ابن ماجة، الرقم(595)، عن سعد بن أبي وقاص(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن لبن ماجة.

چەند وتەیەكی هاوەڵان و زانایان دەربارەی بانگ

1- پێشەوا عُمری كوڕی خطاب(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (لَوْ كُنْتُ أُطيقُ الْأَذَانَ مَعَ الْخِلِّيفَى لَأَذَّنْتُ)[1]. واتە: ئەگەر توانام هەبوایە لەگەڵ خەلیفایەتیم بانگم دەدا.

2- پێشەوا حَسَن(رحمه الله) فەرمویەتی: (المؤَذِنُ المحْتَسِبُ أَوّلُ مَنْ يُكْسَى)[2].

واتە: بانگدەری لە پێناو خودا یەكەم كەسە پۆشتە دەكرێت مەبەست لە دوارۆژە.

3- عبدالله ی كوڕی مسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (لو كُنْتُ مؤذّنًا ما بالَيت أَلّا أَحج ولا أَغْزو)[3]. واتە: ئەگەر من بانگدەر بوومایە باكم نەدەبوو لە حەج و جیهادكرن.

4- نووي دەفەرموێت: زانایان لە فەلسەفەی بانگ چوار حیكمەتیان باس كردووە.

أ إظْهارُ شَعَائِرِ الإِسْلَامِ: ئاشكرا كردنی دروشمەكانی ئیسلام.

ب إِظْهارُ كَلِمَةِ التَّوْحيدِ: ئاشكرا كردنی وشەی یەكتاپەرستی.

ج إعْلامٌ بِدُخولِ وَقْتِ الصَّلاةِ: ئاگاداریەكە بۆ هاتنی كاتی نوێژ.

د الدُّعاءُ إِلى الصَّلاةِ: بانگكردنە بۆ نوێژ[4].

5- پێشەوا خطابي دە فەرموێت: (إنَّ الأذانَ شِعار الإسلام وأنّه لا يَجوزُ تَرْكُه، ولَو أَنَّ أَهل بلَدٍ اجتمعوا على تَركه كانَ لِلسُّلْطان قِتالُهُم عليه)[5]. واتە: بانگ دروشمی ئیسلامە درووست نیە وازهێنان لێی، ئەگەر خەڵكی شارێك كۆبوونەوە لە سەر وازاهێنان لە بانگ ئەوە بۆ كاربەدەستی موسڵمانان هەیە شەڕیان لەگەڵدا بكات.

6- پێشەوا قرطبي(رحمه الله) دە فەرموێت: (الأذانُ على قِلَّة أَلْفاظه مشْتَمِل على مَسائِلِ العقيدة)[6]، بانگ لەگەڵ ئەوەی وشەكانی كەمن بەڵام هەموو بابەتەكانی عەقیدەی لە خۆ گرتووە.

---

(1) مصنف بن أبي شيبة، كتاب الأذان والإقامة، ابن أبي شيبة، الرقم(2329).

(2) المصدر السابق، الرقم(2324).

(3) المصدر السابق، ص.370- 378.

(4) شرح النووي، ابن عثيمين، ج.4، ص.77.

(5) فتح الباري، العسقلاني، ج.2، ص.90.

(6) فتح الباري، العسقلاني، ج.2، ص.77.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی بانگ

1- عبدالله ی کوڕی عمر(رضي الله عنهما) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: کاتێك موسڵمانەکان بۆ مەدینە کۆچیان کرد وکۆبوونەوە، کە سێك نەبوو بانگ بدات، ڕۆژێکیان کۆبوونەوە، دەربارەی چۆنیەتی بانگدان بۆ نوێژ وتووێژیان کرد، هەندێکیان وتیان: دەبا وەکو گاورەکان ئامێرێك کە پێی دەوترێت(ناقوس) بەکاربێنین، هەندێکیتر وتیان: بەڵکو ئامێرێك بەکاربێنین کە پێی دەوترێت(بوق) بۆ نوێژەکانمان وەکو چۆن جوولەکەکان شاخێکی ئاژەڵ بەکار دێنن، پێشەوا عمر(رضي الله عنه) فەرمووی: ئایە یەکێك نانێرن تا بچێت بانگ بدات؟ ئەو کات پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {يا بِلالُ قُم فَنادِ بالصَّلاة}(1)، واتە: ئەی بلال هەستە بۆ نوێژ بانگ بدە.

2- جارێکیان عبدالله ی کوڕی زید(رضي الله عنه) بانگدانی لە خەودا بینی، بۆ بەیانی بۆ پێغەمبەری خودای(ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {إنَّها لَرُؤيا حَقٌّ إنْ شاءَ الله}، واتە: بەڕاستی خەونێکی ڕاستە و بێگومانە ئەگەر خودا حەزبکات. پاشان بە عبدالله ی فەموو: {هەستە برۆ لەگەڵ بلال ئەوەی لە خەودا بینیوتە پێی بڵێ با بە هەمان شێوە بانگ بدات، چونکە بلال دەنگی بەرزو خۆشترە لە دەنگی تۆ}، عبدالله دەفەرموێت: لەگەڵ بلال چووم بەهەمان شێوە پێیم دەوت، ئەویش بانگیدا، کاتێك عمر لەماڵەکەی گوێی لێ بوو هات فەرمووی: سوێند بەو خوایەی تۆی ناردووە بە حەق ئەی پێغەمبەری خودا منیش بە هەمان شێوە لە خەودا بینیم. پێغەمبەری خودا فەرمووی {الحمدُ لله}(2).

3- هاوەڵی بەڕێز بلال ی کوڕی رَباح(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: جارێکیان بۆ نوێژی بەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بە مەبەستی ئەوەی بانگی بکەم بۆ نوێژ، لەو کاتەدا پێیان وتم: پێغەمبەری خودا خەوتووە، ئەوەبوو بلال فەرمووی: (الصلاة خير من النَّوم، الصلاةُ خيرٌ من النَّوم)، واتە: نوێژ باشترە لە خەوتن نوێژ باشترە لە خەوتن. ئیتر دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا بە خەبەر هات، ئەمەی لە بلال بیست، دانی بەوەنا و پێی ڕازی بوو، بۆیە تا ئێستاش ئەمە لە بانگی بەیانی دەوترێت(3).

---

(1) البخاري، الرقم(604)، ومسلم(377).

(2) ابو داود، الرقم(499)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) ابن ماجة، الرقم(716)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

4- عامری کوڕی عبدالله ی کوڕی زُبَیْری کوڕی عَوَّام(رضي الله عنهم) یەکێکە لە گەورە تابعینەکان، لەسەرەمەرگدا بوو کاتێك گوێی لە بانگدەر بوو بانگی مەغریبی دەدا، بەو کەسانەی لە دەوری بوون وتی: دەستم بگرن بمبەن بۆ مزگەوت، پێیان وت: تۆ نەخۆش و دەردەداری و عوزرت هە یە، لە وەڵا مدا فەرمووی: (أَسْمَعُ داعي الله فَلا أُجيبهُ؟)، وا تە: گوێم لە بانگی خودا دێت وەڵام نەدە مەوە، دە ستیان گرت و بردیا نە مزگەوت لە دوای ئیمام نوێژی دابەست، یەك ڕکاعەتی ئەنجامدا لە ناو نوێژ وەفاتی کرد[1].

5- مامۆستا مەلا أ حمدی شەریعە(خودا پایە بەرزی دکات) لە پەرتۆکی(پایزە برا)، باسی پیاوێك دەکات لە کوردستان بە ناوی حاجی کەمال، زۆر پیاوێکی خواناس و دیندار بوو، زۆر حەزی لە چوونە مزگەوت و نوێژی بە کۆمەڵ بوو، هەروەها زۆر حەزی لە بانگدان بوو لەگەڵ ئەوەش دەنگێکی زۆر خۆش و زوڵالی هەبوو.

ئەوە بوو دواجار کە بانگیدا گەیشتە(أشْهدَ أنْ لا إله إلا الله) دەستبەجێ وەفاتی کرد، بە بەر ئەو وتەی زانایان کەوت کە وتوویا نە: (من عاش على شَيءٍ مَاتَ عَلَيْه). وا تە: کە سێك لەسەر چ شتێك بژییێت لەسەر ئەو شتە دەمرێت.

هەروەها لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بە بەر ئەو فەرموودەیە دەکەوێت: {يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلى ما ماتَ عَلَيهِ}[2]. وا تە: زیندوو دەکرێتەوە هەموو بەندە یەك لە سەر ئەوەی کە لەسەری مردووە[3].

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.3، ص.220.
(2) المسلم، الرقم(2878)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه).
(3) احمد شریعەتی، پایزە برا، ج.3، ص.34.

الصلوات المفروضة

نوێژە فەرزەکان

پێناسەی نوێژ

الصَّلاةُ لُغَةً: الدُّعاءُ.

واصْطِلاحاً: التَّعَبُّدُ للهِ تَعالى بِأَقْوالٍ وَأَفْعالٍ مَعْلومَةٍ، مُفْتَتَحَةٍ بِالتَّكْبيرِ، مُخْتَتَمَةٍ بِالتَّسْليمِ، مَعَ النِّيَّةِ، بِشَرائِطَ مَخْصوصَةٍ[1].

واتە: وشەی(الصلاة) لە زمانەوانیدا بە واتای دوعا و پاڕانەوە دێت هەروەکو لە قورئانیشدا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ﴾ التوبة. واتە: دوعایان بۆ بکە.

هەروەها بە واتای بەزەیی خودا بۆ بەندەکانی دێت.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُصَلِّي عَلَيۡكُمۡ﴾ الأحزاب. واتە: ئەو ئەو خودایەیە کە بەزەیی خۆی دەنێرێت بەسەرتاندا.

لە زاراوەی شەریعەتدا: وشەی(الصلاة): پەرستشێکە بۆ خودایە بە چەند گوفتار و ڕەفتارێکی دیار و زانراو، بە(الله اکبر)ی إحرام دەست پێدەکات، بە سەلامدانەوە کۆتایی دێت، لەگەڵ نیەت هێنان، بە چەند مەرجێکی تایبەت.

(1) صحيح فقه السنة، كمال السيد سالم، ج.1، ص.220.

پلە و پایە و سوودەکانی نوێژ لە( ) خاڵدا

1- نوێژکردن بەجێگەیاندی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ﴾ البقرة. وا تە: پارێزگاری لە ئەنجامدانی نوێژەکاندا بکەن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا﴾ النساء. بەڕاستی نوێژ لەسەر بڕواداران فەرزە لە کاتی دیاریکراودا.

هەروەها لە چەندین شوێن فەرموو یەتی: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ البقرة. وا تە: نوێژەکانتان بە چاکی و پوختی ئەنجام بدەن.

2- دووەم پایەی ئاینی ئیسلامە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {بُنِيَ الإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةَ أنْ لا إِلَهَ إلا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّه، وإقَامِ الصَّلَاة، وإيتَاء الزَّكَاة، والحَجِّ، وصَوْمِ رمَضَانَ}[1]، وا تە: ئاینی ئیسلام لە سەر پێنج شت بونیاتنراوە: شایتمان و نوێژ کردن و زەکات دان و حەج کردن و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

3- نوێژ هۆکاری گەیشتنی موسڵمانە بە مەبەستەکانی.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾ البقرة. واتە: بۆ گەیشتن بە مەبەست پەنا ببنە بەر ئارامگرتن و نوێژ.

4- نوێژ کۆڵەگە و ڕاگری ئاینی ئیسلامە.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {رأسُ الأمرِ الإسلام، وعمودُه الصَّلاةُ، وذروةُ سَنامه الجهادُ}[2]، وا تە: ئیسلام سەری هەموو شتێکە، کۆڵەگەکە شی نوێژە، لووتکەی هەرە بەرزی ئیسلامیش جیهادکردنە لە ڕێگەی خودا.

5- هەموو پایە و پەرستشەکان لە سەر زەوی واجب کراون، بەڵام تا کە پەرستش لەسەرووی ئاسمانەکان واجب کرا بێت لەسەر موسڵمانان نوێژە، هەروەك فەرموودەکە لە

---

(1) البخاري، الرقم(8)، ومسلم(16)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(2) الترمذي، الرقم(2616)، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

صحیحی مسلم دا به درێژی باسی کردووه[1]، که ئەمەش خۆی له خۆیدا بەڵگە یه له سەر پله و پایه و گەورەیی نوێژ.

6- له کاتی دڵ تەنگی و تەنگانه نوێژ هۆکارێکه بۆ دڵ خۆشکردن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) له کاتی دڵتەنگی به بیلالی دەفەرموو: {يا بلالُ أقِمِ الصَّلاةَ، أرِحْنا بها}[2]، واته: ئەی بیلال قامەت بکه بۆ نوێژدابەستن، دڵمان به نوێژ خۆش بکه.

7- نوێژ هۆکارێکه بۆ گەیشتنی خاوەنەکەی به بەهەشتی فیردەوس.

خودای پەروەردگار له سەرەتای سورەتی(المؤمنون) چەند هۆکارێك باس دەکات بۆ گەیشتن به فیردەوس، یەکێك لەوانه: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ۝٩﴾ المؤمنون.
واته: ئەوانەی که لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن.

8- نوێژ موسڵمان دوور دەخاتەوه له تاوان.

خودای گەوره دە فەرمویێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِۗ۝٤٥﴾العنكبوت. واته: نوێژ بکه، بێگومان نوێژ ڕێگری له کاری ناشرین و ناپەسەند دەکات.

9- فریشتەکان ئامادەی نوێژ دەبن لەگەڵ نوێژخوێنان بۆ ئەوەی شاهێدیان بۆ بدەن لەلای خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرمویێت: {يتعاقَبونَ فيكُمْ ملائكةٌ بالليْلِ وملائكةٌ بالنَّهارِ، ويجْتَمِعونَ في صلاةِ الفجْرِ وصلاةِ العصْرِ، ثُمَّ يعرجُ الذين باتُوا فيكُمْ، فيسألُهُمْ وهو أعلَم بهِمْ: كيفَ تركْتُم عبادي؟ فيقولونَ: تركْناهُم وهُم يصلُّونَ، وأتيْناهُم وهُم يصلُّونَ}[3].

واته: چەند فریشتەیەك بەدوای ئ‌یەون به شەو و چەندێکیش به ڕۆژ، کۆدەبنەوە له نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر، پاشان ئەوانەی به شەو له لاتان مابوونەوه بەرز دەبنەوه، پەروەردگاریان لێیان دەپرسێت لەکاتێدا ئەو لەوان زاناترە بەوان، چۆن بەندەکانی منتان جێهێشتن؟ دەڵێن: که جێمانهێشتن نوێژیان دەکرد، چووینەوه لایان هەر نوێژیان دەکرد.

10- نوێژ تاوانەکان دەسڕێتەوه.

---

(1) المسلم، الرقم(162)، عن انس(رضي الله عنه).

(2) ابو داود، الرقم(4985)، عن سالم بن أبي الجعد(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) البخاري، الرقم(7486)، ومسلم(1047)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

خودای پەروەردیگار دە فەرمویێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ﴾ هود. واتە: نوێژ ئەنجام بدە لەم سەر و ئەو سەری ڕۆژدا وە لە بەشێك لە شەودا، چونكە بێگومان كردەوە چاكەكان كردەوە خراپەكان لادەبەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا ئا ماژەی بەوە كردووە، بۆ نموو نە فەرموو یەتی: {ما من امرئ مسلم تحضُره صلاةٌ مكتوبةٌ، فيُحسنُ وُضوءها وخُشوعَها ورُكوعَها، إلا كا نت كفارةً لما قبلَها من الذنوب، ما لم تُؤْتَ كبيرةٌ، وذلكَ الدَّهر كلّه}[1]، وا تە: هەر مرۆڤێكی موسلمان نوێژێكی وا جب بێتە پێشی، ئەنجامی بدات بە دە ستنوێژ و ملكەچی و ڕكوعێكی ڕێك، ئەوە بێگومان دەبێتە لابەری تاوانەكانی پێش ئەم نوێژە، ئەگەر تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابن، ئەمەشیان بە درێژایی كاتە.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: {أَرَأَيْتُم لو أنَّ نَهْرًا بباب أَحدكُم يغتسلُ منه كُلَّ يوم خَمس مرَّات، هل يبقَى من درنه شيءٌ؟ قالوا: لا يبقَى من درنه شيءٌ، قالَ: فَذلكَ مثل الصَّلَوات الخمسِ، يَمْحو اللَّهُ بهنَّ الخَطَايا}[2]، واتە: ئایا ئێوە سەرنجتان نەداوە ئەگەر ڕووبارێك بەلای دەرگای یەكێكتان دابێت لەم ڕووبارەدا ڕۆژانە پێنج جار خۆی بشوات، هیچ چڵكی لەسەر دەمێنێت؟ وتیان: نەخێر، فەرمووی: پێنج نوێژە فەرزەكانیش بە هەمان شێوەن، خودای گەورە بە هۆی نوێژەكان تاوانەكان دەسڕێتەوە.

هەروەها لە فەرموودە یەكی تردا دە فەرموێت: {الصَّلَواتُ الخمسُ، والْجُمعَةُ إلى الجمعَة، ورمضَانُ إلى رمضَانَ، مُكَفِّراتٌ ما بينَهُنَّ إذَا اجْتنب الكَبَائرَ}[3]، وا تە: پێنج نوێژەكان و هەینی بۆ هەینی و ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، تاوانی نێوان خۆیان دە سڕنەوە ئەگەر كەسەكە خۆی بپارێزێت لە تاوانە گەورەكان.

11– دوو ڕكعەت نوێژ لە هەموو دونیا باشترە.

أبو هُرَيرَةَ(رضي الله عنه) دفەرموێت: جارێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە لای گۆڕێكدا تێپەڕی، فەرمووی: {من صاحبُ هذا القَبْرِ؟}، وا تە: ئەو كەسەی لەم گۆڕەدا یە كێیە؟

---

(1) المسلم، الرقم(228)، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(528)، ومسلم(667)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(233)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

وتیان: فلانە کە سەیە، فەرمووی: {رَكْعتان أحَبُّ إلى هذا من بقيَّة دُنياكُمْ}[1]، واتە: دوو ڕکاعەت نوێژ خۆشەویستترە لەلای ئەمە لە هەموو دونیای ئێوە.

12- نوێژ کۆتا وەسیەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو.

پێشەوا علی(رضي الله عنه) دەفەرموێت: کۆتا وشەی پێغەمبەر ئەوە بوو دەیفەرموو: {الصَّلاةَ الصَّلاةَ}[2]، واتە: پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن.

14- نوێژ وتووێژە لەگەڵ پەروەردگار.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {إذا كان أحدُكم في الصلاة فإنَّه يناجي ربَّه}[3]، واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە نوێژدا بوو ئەوە بەڕاستی لەگەڵ پەروەردگاری خۆی دەدوێت.

15- نوێژ مایەی ڕوناکیە بۆ دڵی بڕوادار لە دونیا و دوارۆژدا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الصَّلاةُ نور}[4]، واتە: نوێژ مایەی ڕوناکیە.

16- نوێژ بەڵگە و مایەی ڕزگاریە بۆ خاوەنەکەی لە دوارۆژدا.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {من حافَظَ عَليها كانَتْ لَهَ نورا وبرُهْاناً ونَجاةً يومَ القيامَة}، واتە: هەر کەسێك پارێزگاری لە نوێژ بکات بۆی دەبێتە ڕوناکی و بەڵگە و ڕزگار بوون لە دوارۆژدا.

17- لەبەر پلە و پایەی نوێژ لەلایەن زۆرێك لە زانیان، ئەوەی نوێژ نەکات بە بێ بڕوا هەژمار دەکرێت. یەکێك لە بەڵگەکانیان ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {العَهدُ الذي بيننا وبينهم الصَّلاةُ، فمن تركَها فقد كَفر}[5]، واتە: ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمە و ئەوان(بێ بڕواکان) دا هەیە نوێژە، هەر کەسێك وازی لێهێنا بێ بڕوا بووە.

18- لە بەر گرنگی نوێژ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {صلُّوا كَما رأَيتَموني أُصلّي}[6]، واتە: نوێژ بکەن هەر وەکو چۆن منتان بینی نوێژ دەکەم.

---

(1) رواه الطبراني، الرقم(920)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3518).
(2) أبو داود، الرقم(5156)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(3) البخاري، الرقم(1214)، عن أنس بن مالك(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(223)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(5) الترمذي، الرقم(2621)، عن بريدة الأسلمي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(6) البخاري، الرقم(631)، ومسلم(674)، عن مالك بن الحويرث(رضي الله عنه).

19- فریشتەکان دوعا بۆ نوێژخوێن دەکەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {المَلائكَةُ تُصلّي علَى أحَدِكُمْ ما دامَ في مُصَلّاهُ الّذي صَلَّى فيه، مَا لَمْ يُحْدِثْ، تقول: اللّهُمَّ اغْفر لَه، اللّهُمَّ ارْحَمْهُ}[1]، وا تە: فريشتەكان دو عا دەكەن بۆ هەر يەكێك لە ئێوە تا لە شوێنی نوێژەکە یدا بێت ئەو شوێنەی نو ێژی لێ کردوە، مادام بێ دەستنوێژ نەبووە، دەڵێن: خودایە لێی خۆ شبە خودا یە بەزەییت پ ێدا بێتەوە.

20- نوێژ یەکێکە لە خۆشەویسترین کردەوەکان لەلای پەروەردگار.

ع بدالله ی کوڕی م سعود(رضي الله عنه) دە فەرموێت: سەبارەت بە خۆشەوی سترین کردەوە لە لایەن خودا پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، فەرمووی: {الصَّلاةُ علَى وقْتها}، واتە: نوێژ کردن لە کاتی خۆی، وتم: چیتر؟ فورمووی: بِرُّ الوالدَيْنِ، واتە: چاکە لەگەڵ دایك و باوك، وتم: چیتر، فەرمووی: الجهادُ في سَبيلِ اللَّهِ[2]، واتە: جیهاد لە پێناو خودا.

21- نوێژ نیشانە و سیفەتی تەقوادارانە.

خودای گەورە لەسەرەتای سورەتی(البقره) چەند سیفەتێکی تەقواداران باس دە کات، یەکێك لەو سیفەتانە دەفەرموێت: ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ البقرة. وا تە: ئەوا نەی بەو پەڕی ڕێکی نوێژ ئەنجام دەدەن.

22- بەجێگەیاندنی نوێژ، کارپێکردنی، خاوەنەکەی بريء دە کات لە جوولە کە و گاورەکان، چونکە بە لایەنی کەم نوێژخوێن لە شەو و ڕۆژێکدا (17) جار داوا لە خودا دەکات کە لە سەر ڕێگا و ڕێبازی ئەوان حیسابی نەکات، کە دەڵێت: ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ الفاتحة. واتە: مەمخەرە سەر ڕێبازی ئەوا نەی خە شم وقیذ یان لێگیراوە جولەکە، و ئەوانەش کە گومڕا و سەرگەردان بوون کە گاورەکانن.

23- نوێژ وەکو گلێنەی چاوە بۆ بڕوادار.

بۆ یە پێغەم بەری خودا(ﷺ) دەڤ فەرموو: {وجُعلَت قُرَّةُ عَيني في الصَّلاة}[3]، وا تە: چاورۆنی و دڵخۆشیم خراوەتە ناو نوێژ.

---

(1) البخاري، الرقم(434)، وغيره، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(5917)، ومسلم(85).

(3) النسائي، الرقم(3939)، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن النسائي.

24- به نوێژ موسڵمان دەگاتە پلە و پایەی ڕاستگۆیان و شەهیدان.

عەمری کوڕی مُرَّەی جوهەنی(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پیاوێك ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئایە ئەگەر من شایەتمانی بێنم و پێنج نوێژەکانم بکەم و زەکات بدەم و مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو ببم و شەوانیشی بە خوا پەرستی ببەمە سەر، من لە گەڵ کامە چین هەژمار دەکرێم؟ پێغەمبەر فەرمووی: {من الصّدّيقين والشُّهداء}[1]. واتە: لە ڕیزی ڕاستگۆیان و شەهیدانی.

25- نوێژ لە هەموو کاروبارێکی دونیا گرنگترە.

أ سْوَدی کوڕی یَزید(رضي الله عنه) دەڵێت: لە عائشەم پرسی(رضي الله عنها): ئایا پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ماڵەوە چی دەکرد؟ فەرمووی: (كانَ يكونُ في مِهْنَة أهْله، فَإذَا حَضَرت الصَّلَاةُ خَرَجَ إلى الصَّلَاة)[2]، واتە: بە ئیش و کاری خێزانەکەی خەریك دەبوو، هەرکاتێکیش کاتی نوێژ دەهات دەردەچوو بۆ لای نوێژ.

26- هەر ماڵێك نوێژی تێدا نەکرێت وەکو گۆڕستان وایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {صلُّوا في بيوتكُم، ولا تتَّخذوها قُبوراً}[3]، واتە: لە ماڵەکانتان نوێژ [4] ئەنجام بدەن مەیکەن بە گۆڕستان.

27- نوێژ موسڵمان دەپارێزێت لە شپرزەبوون و چرووکی.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا ١٩ إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا ٢٠ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلْخَيْرُ مَنُوعًا ٢١ إِلَّا ٱلْمُصَلِّينَ ٢٢ ٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَآئِمُونَ ٢٣﴾ المعارج.
واتە: بەڕاستی مرۆڤ، کە دروستکراوە شپرزەیە و چرووکە، کاتێك تووشی ناخۆشی دەبێت بێزارە، کاتێك تووشی خێر و خۆشی دەبێت دەستی دەنوقێنێت، تەنها نوێژخوێنان نەبن، ئەوانەی بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان.

28- لە کاتی ڕوودانی دیاردە سروشتیەکان سوننەتە موسڵمانان پەنا ببەن بۆ نوێژکردن، وەکو خۆر گیران یان مانگ گیران.

---

(1) ابن خزيمة، الرقم(2212)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح ابن خزيمة.
(2) البخاري، الرقم(6039).
(3) النسائي، الرقم(1597)، وصححه الألباني في سنن النسائي.
(4) مەبەست لەو نوێژە نوێژی سوننەتە، نەک هی فەرز.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:{إنَّ الشَّمسَ والْقَمرَ آيتانِ مِن آيَاتِ اللهِ، لا يَنْكَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ، وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُمَا فَادْعُوا اللَّهَ وصَلُّوا حتَّى يَنْجَلِي}[1]، واتە: بێگومان خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خودا، بۆ مردن و ژیانی هیچ کەس ناگیرێن، ئەگەر بینیتان گیرابوون بپاڕێنەوە لە خودا و نوێژ بکەن تاوەکو دەبنەوە.

29- نوێژ کۆتا بەردی بناغەی ئاینی ئیسلامە.

هاوەڵی بەڕێز أبو أُمامة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {لَتُنْقَضَنَّ عُرى الإسلامِ عُروةً عُروةً، فكُلَّما انتقضَت عُروةٌ تَشبَّثَ النَّاسُ بالتي تليها، فأوَّلُهنَّ نَقضًا الحُكمُ، وآخِرهنَّ الصَّلاةُ}[2]، واتە: بێگومان گرێکانی ئیسلام گرێ گرێ دەکرێنەوە، هەرکات گرێیەك کرایەوە خەڵکی پەنا بۆ گرێیەکی تر دەبەن دەستی پێوە دەگرن، یەکەم گرێ کە دەکرێتەوە حوکمڕانیە و کۆتا گرێشیان نوێژە.

30- نوێژ یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی ئوممەت بەسەر دوژمنەکانی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {إنما يَنْصرُ اللهُ هذه الأمةَ بِضَعيفِها بدعوتِهم وصلاتِهم وإخْلاصِهم}[3]، واتە: بێگومان خودا ئەم ئوممەتە سەردەخات بەهۆی بێ دەسەڵاتەکان بە دوعاکانیان و نوێژەکانیان و نیازپاکیان.

31- وشەی(صلوات) پێنج جار بە ئەندازەی ژمارەی پێنج نوێژە فەرزەکان و وشەی (فرض) 17 جار بە ئەندازەی ژمارەی ڕکاعەتەکانی نوێژە فەرزەکان لە شەو و ڕۆژێك لە قورئاندا هاتوون.

32- خوای گەورە شانازی بە نوێژخوێنان دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {هذا ربُّكُم قَدْ فَتَحَ بابًا مِن أبوابِ السَّماءِ يُباهي بِكُم، يقولُ: انْظُروا إلى عبادي قَدْ قَضَوا فَريضَةً وهُم ينتَظِرونَ أُخْرى}[4]، واتە: موژدە تان لێبێت ئەمە پەروەردگارتانە یەکێك لە دەرگاکانی کردۆتەوە، لەلای فریشتەکان شانازی بە ئێوە دەکات و دەفەرموێ: تەماشای بەندەکانم بکەن یەکێك لە نوێژە فەرزەکانیان بەجێ گەیاند و چاوەڕوانی نوێژێکیترن.

---

(1) البخاري، الرقم(1060)، ومسلم(904)، عن المغيرة بن شعبة(رضي الله عنه).
(2) رواه احمد، الرقم(2216)، وغيره، وصححه الألباني في مسند أحمد.
(3) النسائي، الرقم(3178)، وصححه الألباني في سنن النسائي.
(4) ابن ماجة، الرقم(801)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

وتەی چەند پێشەوایەك سەبارەت بە نوێژ

1- **پێشەوا علی**(رضي الله عنه) **دەفەرموێت:** (مَنْ تَرَكَ صَلاةً واحدةً مُتَعَمِّداً فَقَدْ بَرِيءَ من الله وبَرِيءَ الله مِنْهُ)[1]، **واتە: هەر کەسێك یەك نوێژ نەکات بە ئەنقەست لەَ خودا بەریەَ و خوَداش بەریەَ لە ئەو.**

2- **پێشەوا عمر**(رضي الله عنه) **دە فەرموێت:** (لا إِسْلاَمَ لِمَنْ لَمْ يُصَلِّ)[2]، **ئەوەی نوێژ نەکات موسڵمانی تەواو نیە.**

3- **ابن القیم دەفەرموێت:** (إذا قَامَ العبدَ في الصَّلاة غار مِنّه الشَّيطانُ، فَإنَّه قَدْ قامَ في أعْظَمِ مَقام وأَقْرَبِه وأَغْيظه للشَّيطان)[3]، **واتە: هەرکاتێك بەندە ئامادەی نوێژ بوو شەیتان ئیرە یی پێ دە باَت، چوَنکە بەڕاَستی لە گەورەترین و نزیکترین پلە وە ستاوە و دەبێتە ما یەی تووڕە کردنی شەیتان.**

4- **عبدالله ی کوری مسعود**(رضي الله عنه) **دە فەرموێت:** (من لَمْ يصلِ فَلا دين لَه)[4]، **واتە: ئەوی نوێژ نەکات ئاینی نیە.**

5- **عبدالله ی کوڕی عمر**(رضي الله عنهما) **دەفەرموێت:** (والصلَوات الخَمس عَمود الدينِ لا يَقْبَلُ الله الإيمانَ إلّا بالصَّلاة)[5]، **واتە: پێنج نوێژە فەرزە کە کۆڵەگەی ئاینی ئیسلامن و خودای گەورە ئیمانَ وەرنَاگرێت بەبێ نوێژ.**

6- **ابو الدرداء**(رضي الله عنه) **دەفەرموێت:** (لا إيمانَ لِمن لا صلاةَ لَه)[6]، **واتە: بڕوای نیە ئەوەی نوێژی نەبێت.**

---

(1) تعظيم قدر الصلاة، المزوري، ج.2، ص.897.
(2) المصدر السابق، ص.897.
(3) الوابل الصيب، ابن القيم، ص.59.
(4) رواه البيهقي، الرقم(6291)، والطبراني(8942).
(5) صحيح وصايا الرسول، ج.1، ص.24.
(6) المصدر السابق، ص.23.

چەند ڕووداوێك دەربارەی نوێژ

1- هەموو نوێژهەموو نوێژێک بە نوێژ هەژمار ناکرێت، هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَةَ(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، دەفەرمووێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) هاتە ناو مزگەوت، پیاوێکیش هات و نوێژێکی کرد، پاشان ها تە لای پێغەمبەری خودا و سەلامی لێ کرد، پێغەمبەری خودا وەڵامی داوە، پاشان لە دوای چەند جارێك بیذیی نوێژە کەی زۆر بە خراپی و ناڕێکی ئەنجامدا، پێی وت: {اْرجعْ فَصَلِّ، فإنَّكَ لَمَّ تُصَلِ}، واتە: بگەڕێوە نوێژەکەت دووبارە بکەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکردووە، پیاوەکە چوو وەکو جاری یەکەم نوێژی کرد و ها تەوە خزمەت پێغەمبەری خودا سەلامی کرد و ئەویش وەڵامیدا یەوە، دیسان پێی وت: {اْرجعْ فَصَلِّ، فإنَّكَ لَمَّ تُصَلِ}، سێ جار ئەمەی پێ فەرموو، پا شان کابرا وتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە بە پێغەمبەرایەتی من جگە لەمە جوانتر نازانم، بۆیە داوات لێ دەکەم فێرمکە، ئینجا پێغەمبەری خودا بەوپەڕی ڕێك وپێکی کابرای فێرە نوێژ کرد...[1].

2- نوێژکردنی عبدالله ی کوڕی زُبَیر(رضي الله عنهما) چۆن بوو؟.

پێ شەوا مُجا هد(رحمه الله) دە فەرموێت: (كانَ ابن الزُّبير إذا قامَ في الصَّلاة كأنَّهُ عودٌ من الخشوعِ)[2]. واتە: عبدالله ی کوڕی زبیر کاتێك لە نوێژ ڕادەوە ستا ئەوە ندە بە ملکە چی دەمایەوە وەکو دارێك وابوو نەدەجووڵا.

3- یحیی ی کوڕی مُعین(رحمه الله) دەفەرموێت: ڕۆژێکیان مُعَلّی کوڕی مَنْصور نوێژی دەکرد، لەو کاتەدا شانەی زەرگەتە□زەردەوا لە□ کەوتە سەرسەری وازی لە نوێژە کەی نەهێنا، بەڵکو یەك ئاوڕیشی نەدایەوە تا نوێژەکەی تەواوکرد، تەماشامان کرد سەری زۆر ئەستوور ببوو لەبەر پێوەدانی زەرگەتەکان[3].

4- ئایا دەزانی لە نوێژدا بەرامبەر کێ دەوەستی؟.

ع بدالرحمن ی کوڕی حَ فْص(رحمه الله) دە فەرموێت: (كانَ عَلَيُّ بن الحَسين إذا تَوضَّأ يصفَرُّ)، وا تە: ع لي کوڕی حُ سَین هەرکاتێك دە ستنوێژی هەڵگرتبا یە ڕەنگی زەرد

(1) البخاري، الرقم(757)، ومسلم(397).

(2) رواه ابن أبي شيبة، الرقم(7245).

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.296.

هەڵدەگەڕا، لێی دەپرسن بۆ ئاوا بەسەرت دێت؟ دەیفەرموو: (تَدرونَ بين يدَي من أُريدَ أَنْ أَقوم)[1]، واتە: ئایا دەزانن من دەمەوێت لەبەر دەستی کێ بوەستم؟.

5- پێشەوا عُمری کوڕی خەطاب(رضي الله عنه) ئەوندە عاشق و شەیدای نوێژ بوو تەنانەت ئەوکاتەی لە هۆش خۆی چووبوو لە سەرەمەرگدا بەهۆی لێدانەکەی نەیاندەتوانی بەهۆشی بهێننەوە، بۆیە یەکێك لە ئامادەبووان وتی: تەنها بە یادخستنەوەی نوێژدەتوانن بەهۆشخۆی بهێننەوە، بۆیە پێیان وت: (الصَّلاةُ يا أمير المؤمنين)، واتە: نوێژ! ئەی گەورەی بڕواداران، لەگەڵ بیستنی ئەمە دەستبەجێ بەهۆش خۆی هاتەوە، فەرمووی: ئەوکەسەی واز لە نوێژ بێنێ هیچ بەشی لە ئیسلامدا نیە، پاشان نوێژەکەی کرد و لە هەمان کات خوێن لە برینەکەی دەڕۆیشت[2].

6- ماوەڵی بەڕێز أَنَس ی کوڕی مالِك(رضي الله عنه) هەرجارێك فەتحی شاری(تُسْتُر)ی وەبیرهاتبا دەگریا. توستور: ئەو شارەبوو کە موسڵمانەکان ماوەی یەك ساڵ و نیو گەمارۆیاندا تاوەکو فەتح کردا، لە ڕۆژی فەتحی شارەکە موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك نەیانتوانی نوێژی بەیانی ئەنجام بدەن، بۆیە أَنَس دەیفەرموو: ئەم شارە بووە هۆی لەدەستچوونی نوێژی بەیانیم، دیفەرموو: ئەگەر هەموو دونیا پێم ببەخشرابا لام خۆشەویستتر نەبوو لەم نوێژە[3].

7- جارێکیان پیاوێك بینی حاتَم ی ئەصەم(رحمه الله) زۆر بەخشوع و ملکەچی نوێژ دەکات، بۆیە کابرا زۆر پێی سەرسام بوو، وتی: ئەی حاتَم تۆ چۆن نوێژدەکەی؟ حاتَم لە وەڵامدا وتی: هەر کات بمەوێ نوێژبکەم سەرەتا دەستنوێژێکی پوخت و ڕێك هەڵدەگرم، پاشان دێمە ئەو شوێنەی کە دەمەوێ نوێژی لێ ئەنجام بدەم و دادەنیشم هەتا ئەو کاتەی گشت ئەندامەکانم ئامادە دەبن بۆ نوێژ، پاشان هەڵدەستم بۆ نوێژ بە شێوەیەك کەعبەی پیرۆز دێنمە بەرچاوم، و پردی سیراتیش ئەخەمە ژێر پێیەکانم، و بەهەشتیش ئەخەمە لای ڕاستم، و دۆزەخیش ئەخەمە لای چەپم، و فریشتەی گیان کێشانیش ئەخەمە پشتی سەرم، گومانیشم لەوە نیە کە خودا وا تەماشام دەکات، ئەو کات دەست ئەکەم بە وتنی الله اکبر بەو پەڕی دڵنیایی، پاشان دەست ئەکەم بە

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.66.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.115.

(3) المصدر السابق، ص.147.

خوێندنی قورئان به تەرتیل، هەروەها بەو پەڕی تەوازوع ئه چمه ڕکوع و به ملکه چی کڕنووش ئه بەم، ئا بەم شێوەیه له هەموو نوێژه کەم، پا شان وادە کەم هەمووی به ئیخلاسەوه بێت، پاشان که له نوێژ دەبمەوه نازانم ئاخۆ خودای گەورە لێی وەرگرتووم یان نا[1].

8- سەبارەت به عبدالرحمن ی کوڕی أسود(رحمه الله).

ابن اسحاق دەگێڕێتەوه، دەفەرموێت: جارێکیان له کاتی مەوسیمی حەج عبدالرحمن هات بۆ لامان لەگەڵ ئەوەی قاچێکی له کار کەوتبوو، بینیمان شەوێکیان لەسەر یەك قاچ تا بەیانی له نوێژ به پێوه وەستا بوو[2].

9- ئەو پیاوەی به هۆی نوێژەوه بووه موسڵمان.

چەند ساڵێك بەر له ئێستا له شارۆچکەی هەریر برا یەکی موسڵمان به تەلەفۆن پێی وتم: له یەکێك له کۆمپانیاکان له دەڤەری هەریر پیاوێکمان لەگەڵدا یه ئه یەوێت ببێت به موسڵمان. بۆ ئەو مەبەسته تۆمان دەستنیشان کردووه بۆ ئەوەی لەلای تۆ موسڵمان بوونی خۆی ڕابگەیێنێت، منیش کاتێکم بۆ دیار کردن، پیاوەکه لەگەڵ هاوڕێکانی هات، منیش چەند پرسیارێکم ئاراسته کرد:

أ/ ئایا پێشتر لەسەر کامه ئاین بوویت؟.

وتی: من پێشتر وەکو مەزهەب و دیانەت بووزی بووم، بەڵام ئاینی نه سرانی گاورە کانم پێ با شتر بوو بۆ یه ماوەیه که بووم به گاور، ئێستاش دوای ئەوەی ئاینی حەق و ڕاستەقینەم دۆزیتەوه که ئیسلامه دەمەوێت ببم به موسڵمان.

ب/ وتم: ئایا به ئارەزووی خۆته؟. وتی: به دڵنیایەوه بەڵێ.

ج/ پێیم وت: ئایا چ شتێك کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو بۆ ئەوەی ئەم بڕیاره بدەی؟.

وتی: تاکه شتێك که کاری تێکردبم نوێژ بوو، چونکه ئەم جۆره خواپەرستیه جوان و ڕێکه له هیچ ئاینێکدا نیه.

ئەوه بوو له مزگەوتی کاکەی جام چی موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و لەگەڵ ئێمه وتی: (أشْهدَ أنْ لا إله إلا الله و أشْهدُ أنَّ مُحَمّداً رسولُ الله)[3].

---

(1) مواقف وعبر، د. محمد محمد داود، ص.93.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.239.

الصلوات المسنونة

نوێژه سوننەتەكان

پێناسەی نوێژی سوننەت

نوێژی سوننەت لە شەرعدا چەند ناوێكی هەیە، بۆ نموونە:

1- التَّطَوُّعُ: كردنی گوێڕایەڵییەكە بۆ ئەنجادانی خواپەرستیەكی نا واجب.

2- النّافِلَةُ: لە زمانەوانیدا بە واتای شتی زیاد دێت، واتە: بە شتێك دەوترێت كە نە فەرز بێت و نە واجب.

3- المَسْنونَةُ: وەكو(السُّنَنُ المؤَكّدَةُ) واتە: ئەو سوننەتانەی زۆر بە خێرن یان(السُّنَنُ الرَّواتِبُ) واتە: ئەو نوێژە سوننەتانەی پەیوەستن بە پێش نوێژ و دوای نوێژەكان، ئەوانیش ئەو نوێژانەن پێغەمبەر لەسەریان بەردەوام بووە.

4- المَنْدوبَةُ: ئەو نوێژە سوننەتانەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەندێك جار ئەنجامی داون هەندێك جار ئەنجامی نەداون، وەكو دوو ڕكاعەت پێش نوێژی مەغریب و عیشا و دوو ڕكاعەت یان چوار ڕكاعەت پێش نوێژی عەسر، ئەمانە پاداشتیان كەمترە لوانەیتر.

هەروەها نوێژە سوننەتەكان بە گشتی دەبن بە دوو بەش:

أ/ بەشێكیان ئەو نوێژە سوننەتانەن كە بە كۆمەڵ ئەنجام نادرێن، بەڵكو بە تەنیا دەكرێن وەكو نوێژە سوننەتەكانی پێش نوێژ و پاش نوێژە فەرزەكان، ونوێژی چێشتە نوێژ (چێشتەنگاو)، سوننەتی دەستنوێژ و نوێژی سەلامی مزگەوت و شەو نوێژ و نوێژی تەسبیح.

ب/ بەشێكیتریان بە كۆمەڵ ئەنجام ئەدرێن، وەكو نوێژی جەژنەكان، ڕۆژگیران و مانگ گیران، و نوێژە بارانە، و نوێژی تەراویح، و نوێژی ویتر لە ڕەمەزاندا[1].

---

(3) نووسەر.

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.2، ص.1055.

پله و پایه و سوودەکانی نوێژە سوننەتەکان لە( ) خاڵدا

1- بە هۆی ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان خودای گەورە ماڵێکت بۆ درووست دەکات لە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرمووێت: {ما من عبدٍ مُسلمٍ يُصلّي لله تعالى في كُلِ يومٍ ثِنْتَي عَشرةَ رَكْعةً تَطوُّعًا غَيرَ فريضة إلّا بنىٰ اللهُ تعالى لَهُ بيتاً في الجَنَّة}[1]، واتە: هەر بەندەیەکی موسڵمان لە هەموو ڕۆژێك دوازدە ڕەکعەت نوێژ بکات لە نوێژە سوننەتەکان جگە لە فەرزەکان بۆ خودای پەروەردگار ئەوا بێگومان خوای گەورە لە بەهەشت ماڵێکی بۆ درووست دەکات.

ئەو نوێژانەش بریتین لە چوار ڕەکعات پێش نوێژی نیوەڕۆ، دوو ڕەکعات دوای نیوەڕۆ، دوو ڕەکعات دوای نوێژی مەغریب، دوو ڕەکعات دوای نوێژی عیشا، دوو ڕەکعات پێش نوێژی بەیانی.

2- دوو ڕەکعات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی باشترە لە دونیا و ئەوەی لە دونیاش دایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {رَكْعتا الفَجرِ خَيرٌ مِن الدُّنيا وما فيها}[2]، لە ریوایەتێکیتری مُسلم دا هاتووە: {لهما أَحبُّ إليَّ من الدُّنيا جَميعا}، واتە: دوو ڕەکعەتی پێش نوێژی بەیان خۆشەویسترن لە لای من لە هەموو دونیا.

أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە فەرمووێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕەکعەتی یەکەم سورەتی(الکافرون)ی دەخوێندەوە، لە ڕەکعەتی دووەمیش سورەتی(الإخلاص)ی دەخوێندەوە[3].

3- سوننەتەکانی پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ خاوەنەکەی دەپارێزن لە ئاگری دۆزەخ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {من صلّى قبل الظهر أربعاً وبعدها أربعا حرَّمه الله على النارِ}[4]، واتە: هەر کەسێك پێش نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕەکعات و دوای نوێژی

(1) المسلم، الرقم(728)، وغيره، عن أم حبيبة رملة بنت أبي سفيان(رضي الله عنهما).
(2) المسلم، الرقم(729)، والترمذي(416)، عن عائشة(رضي الله عنها).
(3) المسلم، الرقم(1687)، عن عائشة(رضي الله عنها).
(4) الترمذي، الرقم(427)، والنسائي(1811)، عن أم حبيبة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في صحيح الترمذي.

نیوەڕۆش چوار ڕەکەعات بکات خودای گەورە ئەوکەسە قەدەغە دەکات لە ئاگری دۆزەخ.

4- پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای بەزەیی خودای کردووە بۆ کەسێك چوار ڕەکعەت نوێژی سوننەت ئەنجام بدات پێش نوێژی عەسر، دەفەرموێت: {رحمَ اللهُ امرءاً صلَّى قَبلَ العصرِ أربعاً}[1]، واتە: ڕەحمەتی خودا لەوکەسەی پێش ئەنجامدانی نوێژی عەسر چوار ڕەکەعات سوننەت دەکات.

5- نوێژە سوننەتەکان کەم وکورتی نوێژە فەڕزەکان پڕ دەکەنەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {إنَّ أوَّلَ ما يُحاسبُ بهِ العبدُ يومَ القيامة من عَمَله صَلاتُه، فإن صَلَحتْ فقدْ أفلَحَ وأَنجَح، وإن فَسَدَتْ فقدْ خابَ وخَسِر، فإنِ انْتَقَصَ مِن فَريضته شيءٌ قالَ الرَّبُّ تَبارَكَ وتَعالى: انْظُروا هل لِعبْدي من تَطَوُّعٍ، فيُكَمَّلُ بها ما انْتَقَص مِن الفَريضَة، ثُمَّ يكونُ سائرُ عَمَله على ذلك}[2]، واتە: یەکەم شت کە بەندە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەری نوێژەکانیەتی، جا ئەگەر نوێژەکانی درووست بوون ئەوە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر نوێژەکانیشی تەواو نەبوون ئەوە تێچوو و زەرەرمەند دەبێت، جا ئەگەر لە نوێژە فەڕزەکانی کەم و کورتی هەبوون، خودای گەورە دەفەرموێت: تەماشاکەن ئایا بەندەکەم نوێژی سوننەتی هەبووە؟ بۆ ئەوەی بەوان کەم وکورتی نوێژە فەڕزەکانی بۆ پڕ بکەینەوە، پاشان هەموو کردەوەکانی لەسەر ئەمە پەیوەستن.

6- یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان شەونوێژە، کە چەندین فەرموودە هەیە دەربارەی سوود وپ لەویا یەی، یەکێك لەو فەرموودانە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {عليكُم بقيامِ الليلِ، فإنَّه دأبُ الصَّالحين قبلكُم، وإنَّ قيامَ الليلِ قُربةٌ إلى الله، ومَنهاةٌ عن الإثم، وتَكْفيرٌ للسَّيِّئات، ومَطرَدةٌ للدَّاءِ عن الجسد}[3]، واتە: شەونوێژ بکەن، چونکە بەڕاستی شەونوێژ پیشە و دابونەریتی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە، هۆکاری نزیکبوونەوەتانە لە خودای گەورە، ڕێگریتان لێدەکات لە کردنی تاوان، تاوانەکان دەسڕێتەوە، دەرد و نەخۆشیەکان دەردەکات لە لاشە.

---

(1) أبو داود، الرقم(1271)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وحسنه الالباني في سنن الأبي داود.

(2) الترمذي، الرقم(413)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) الترمذي، الرقم(112)، بلال بن رباح(رضي الله عنه)، وضعفه الألباني في سنن الترمذي.

7- دەر بارەی گەورەیی شەونوێژ، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووە یەتی: {وأَفْضَلُ الصَّلاة بَعْدَ الفَرِيضَة صَلاةُ اللَّيلِ}[1]، وا تە: گەورەترین و بەخێرترین نوێژ دوای نوێژە فەرزەکان شەونوێژە.

8- یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان نوێژی ویترە، دەر بارەی پـ لە ویا یەی ئەم سوننەتە چەندین فەرمودە هەن، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووە یەتی: {يا أَهلَ القُرآن، أَوتروا؛ فإنَّ اللهَ وترٌ يُحِبُّ الوترَ}[2]، واتە: ئەی ئەهلی قورئان نوێژی ویتر بکەن، چونکە بێگومان خودای گەورە تاکە و تاکیشی خۆش دەوێت.

9- ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەوە هۆکارێکە بۆ پڕ خێربوونی ماڵەکان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووە یەتی: {إذا قَضَى أَحَدُكُم الصَّلاةَ في مَسْجده، فَلْيَجعَلْ لبيته نَصيبا من صَلاته، فإنَّ اللَّهَ جاعلٌ في بيته من صَلاته خَيْرًا}[3]، واتە: ئەگەر یەکێکتان لە مزگەوت نوێژی فەرزی کرد با بەشێك لە نوێژەکەی نوێژی سوننەت لە ماڵ کەی بکات، چونکە بە هۆی نوێژە سوننەتەکان خودای گەورە خێر و بێر دەخاتە ماڵەکەی.

10- هەر ماڵێك نوێژی سوننەتی تێدا نەکرێت وەکو گۆڕستان وایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووە یەتی: {صلُّوا في بيوتكُم، ولا تتَّخذوها قُبوراً}[4]، وا تە: نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەکانتان بکەن، ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان.

11- دوو ڕەکعەت نوێژی ڕۆژهەڵات(صلاة الضحى) بەرامبەر(360) چاکەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووە یەتی: {يُصبح عَلَى كُلِّ سُلَامَى من أَحدكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحة صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْميدَة صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْليلَة صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبيرَة صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بالمَعروف صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنِ المُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ من ذَلكَ رَكْعتَانِ يركَعُهمَا مِنَ الضُّحى}[5]، وا تە: هەموو ڕۆژێك لە بری هەر جومگەیەکی لەشتان خێرێك هەیە وەکو سوپاس گوزاریەك کە سەلامەتی کردوون، بە وتنی(سبحان الله) یەك خێرتان بۆ دەنووسرێت، بە هەر(الحمد الله) یەك خێر، بە هەر(لا إله إلا الله) یەك خێرێك، بە هەر(الله اكبر)یێک خێرێك، و فەرمان کردن

(1) المسلم، الرقم(1163)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) رواه ابن خزيمة، الرقم(1067)، وغيره، عن علي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في الجامع الصحيح(7860).
(3) المسلم، الرقم(778)، عن جابر(رضي الله عنه).
(4) البخاري، الرقم(1187)، ومسلم(777)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه).
(5) المسلم، الرقم(720)، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه).

به چاکەیەك و ڕێگریکردن لە خراپەیەك بە هەمان شێوە، جا لەبری ئەما نەگشتی ئەنجامدانی دوو ڕەكعەت نوێژی ڕۆژهەڵات، هەروەها پێی دەوترێت(نوێژی چێشتان).

12– دەربارەی پلە و پایە و سوودەکانی نوێژی ڕۆژهەڵات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَنْ صلّى الضُّحى أربعا وقبل الأولَى أربعا بني لَهُ بيتٌ في الجنة}[1]، واتە: هەرکەسێك چوار ڕەكعەت نوێژی ڕۆژهەڵات بکات، و چوار ڕەكعەتیش سوننەتی پێش نوێژی نیوەڕۆ بکات ماڵێکی لە بەهەشت بۆ درووست دەکرێت.

13– نوێژی ڕۆژهەڵات سیفەت و نیشانەی تەوبەکارانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لا يحافظُ علَى صلاة الضُّحى إلا أوَّابٌ}[2]، واتە: پارێزگاری لە نوێژی ڕۆژهەڵات ناکات تەنها کەسی تەوبەکار نەبێت.

14– یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان دوو ڕەكعەت نوێژی ئیستیخارەیە. ئەم نوێژە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت ئەگەر موسڵمانێك بەتەمای ئەنجامدانی کارێکی ڕێگەپێدراوی شەرعی بێت، بەو مەبەستەی ئەگەر خێری دونیا و دوارۆژی تێدا بێت خوای گەورە بۆی ئاسان بکات و بە نسیبی بکات، ئەگەر نا خوای گەورە لێی دووربخاتەوە، چونکە هەر خودا دەزانێت چاکە و خراپە لە چی دایە بۆ مرۆڤ، جا لە بەرپلە و پایەی ئەم نوێژە و گرنگیەکەی هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (كان رسولُ الله (ﷺ) يُعلّمنا الاستخارةَ كما يعلّمنا السُّورةَ من القُرآن)[3].

واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمەی فێری ئیستیخارە دەکرد بۆ گشت کاروبارێك هەروەکو چۆن سورەتێکی لە قورئانی پیرۆز فێردەکردین.

15– پلە و پایەی دوو ڕەكعەت سوننەتی دەستنوێژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {ما من أحَد يتوضَّأُ فيُحسن الوضوءَ ويصلّي ركعَتين يقبل بقلبه ووجهه عليهما إلا وجبت لَه الجنَّةُ}[4].

(1) الطبراني، الرقم(4753)، عن أبي موسى الأشعري، وحسّنه الألباني في المعجم الكبير للطبراني.
(2) ابن خزيمة، الرقم(1224)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه) ، وحسَّنه الألباني في سنن ابن خزيمة.
(3) البخاري، الرقم(1116).
(4) المسلم، الرقم(234) عن عقبة بن عامر(رضي الله عنه).

واتە: هەر کە سێك دە ستنوێژ هەڵگرێت دە ستنوێژەکەش بە پوختی هەڵگرێت و دوو ڕەکعەت نوێژ بکات بە دڵ ولا شەی بیر و هۆ شی لەلای نوێژ و دە ستنوێژەکە بێت بێگومان بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەرە.

16- یەکێکیتر لە نوێژە سوننەتەکان دوو ڕەکعەت نوێژی تەوبە یە، دەربارەی پلە و پایەی ئەو نوێژە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {ما من عبد يذنبُ ذنبًا، فيُحسن الطُّهور، ثمَّ يقومُ فيُصلّي ركْعتين، ثمَّ يستغفرُ اللَّهَ، إلا غفرَ اللَّهُ لَهُ}[1]، واَ تە: هەر بەندە یەك تووشی تاوانێك بوو، پاشان دەسنوێژێکی ڕێك و پێکی هەڵگرێت، پا شان دوو ڕەکعەت بکات، پاشان داوای لێخۆشیوون بکات لە خودای گەورە، ئەوە بێگومان خودای گەورە لێی خۆش دەبێت، پاشان پێغەمبەری خودا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ﴿١٣٥﴾﴾ آل عمران.

واتە: ئەوانەش کە تاوانێك ئەنجام دەدەن، یان ستەم لەخۆیان دە کەن، یادی خودا دەکەن، ئەوسا داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن...

17- بە هۆی ئەنجامدانی سوننەتەکان موسڵمان لە خودای گەورە نزیك دەبێتەوە.

خودای پەروەردگار لە فەرموودەیەکی قودسیدا فەرموو یەتی: {وما يَزالُ عَبْدي يتقَرَّبُ إلَيَّ بالنَّوافِلِ حتَّى أُحبَّهُ}[2].

واتە: بەندەم بە هۆی ئەنجامدانی سوننەتەکان بەردەوام لێم نزیك دەبێتەوە تا خۆ شم دەوێت.

(1) أبو داود، الرقم(1521)، عن علي بن ابي طالب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(2) البخاري، الرقم(6502)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

هەروەها چەند نوێژێکیتری سوننەت هەنە :

هەموویان بەسوودن و خاوەن پلە و پایەن، نامەوێ لێرە به درێژی باسیان بکەم تەنها ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەم:

- نوێژی تەڕاویح لە مانگی ڕەمەزان.
- نوێژی هەردوو جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان.
- نوێژی خۆرگیران و مانگ کیران.
- نوێژی داواکردنی باران.
- دوو ڕەکەعات سوننەتی گەڕانەوە لە گەشت.
- نوێژی لە ماڵ دەرچوون و هاتنەوە بۆ ماڵ.
- ئەنجامدانی نوێژێك پێش ئەوەی بکوژرێت.
- دوو ڕەکەعەت نوێژ پێش نوێژی مەغریب و عیشا.
- دوو ڕەکەعەت یان چوار ڕەکەعەت دوای نوێژی هەینی.
- نوێژی تەسبیح(صلاة التسبيح).

چەند ڕووداوێك سەبارەت بە ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەكان

1- هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، دە فەرموێت: ڕۆژێكیان دوای نوێژی بەیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە بیلالی حەبە شی فەرموو: {يا بلَالُ، حَدِّثْني بأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَه في الإسْلَامِ؛ فإنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بيْنَ يَدَيَّ في الجَنَّةِ}. وا تە: ئەی بیلال پێم بڵێ باشترین و ئومێدەوارترین كردەوە لە ئیسلامدا ئەنجامت دابێت كا مە كردەوە یە؟، چونكە من لە پێش خۆم لە بەهەشت گوێم لە خشپەی نەعلەكانت بوو. بیلال وتی: هیچ كردەوە یەكم ئەنجام نەداوە ئومێدەوارتر بێت لەلام لەوەی هەر كاتێك دە ستنوێژم هەڵگرتبێت بە پێی توانا جا چ لە ڕۆژ بێت یان لە شەو بێت نوێژی سوننەتی دە ستنوێژم بەم دەستنوێژە ئەنجامداوە[1].

2- نُعمان ی كوڕی سالم دەگێڕێتەوە لە عَمروی كوڕی أُوَیس لە عنبسەی كوڕی أ بو سُفیان(رحمهم الله) دەگێڕێ تەوە، دە فەرموێت: كاتێك عنبسة لە سەرەمەرگدا بوو، فەرمووی: لە دایكی بڕواداران ڕَملەی كچی أ بو سُفیان كە بە أُمّ حبیبة(رضي الله عنهما) ناسراو بوو بیستم فەرمووی: لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بیستم دەیفەرموو: {مَن صلَّى اثنتي عشْرةَ ركعةً في يومٍ وليلةٍ بُنِيَ لَه بهِنَّ بيتٌ في الجنَّةِ}[2]، واتە: هەر كەسێك لە شەو و ڕۆژێكدا دوازدە ڕەكعەت نوێژی سوننەت بكات ماڵێكی لە بەهەشت بۆ درووست دەكرێت.

ئێ جا أم حبیبة دەڵێت: هەرگیز وازم لەم سوننەتانە نەهێناوە لەو ڕۆژەی لە پێغەمبەری خودام بیستووە.

عنبسة دەڵێت: هەرگیز وازم لەم سوننەتانە نەهێناوە لەو ڕۆژەی لە أم حبیبة م بیستووە.

عَمروی كوڕی أُویس ی سەقەفی دەڵێت: منیش وازم لەم سوننەتانە نەهێناوە لەو ڕۆژەی ئەمەم لە عنبسة بیست.

نُعمان ی كوڕی سالم دەڵێت: منیش وازم لەم سوننەتانە نەهێناوە لەو ڕۆژەی ئەمەم لە عَمروی كوڕی أُویس بیست.

---

(1) البخاري، الرقم(1149).

(2) المسلم، الرقم(728).

الخشوع في الصلاة

ملكەچی لە نوێژدا

الخُشوعُ في اللُّغَةِ: الانْخِفاضُ والانْكِسارُ، قال الله تعالى: ﴿وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ١٠٨﴾ طه.

وا تە: خ شوع لە بن چینەی زمانەواز یدا نزم بوون و شکاندنەوەیە، خودای بەرز فەرموویەتی: لە ڕۆژی دواییدا دەنگەکان نزم دە بن لە بەر خودا تەنها دەنگی هەنا سە نەبێت هیچیتر نا بیستیت.

پێشەوا مُجاهِد(رحمه الله) لە پێناسەی خُشوعدا فەرموو یەتی: (الخُشوعَ غَضُّ البَصَرِ وخفْض الجناحِ)[1]، واتە: خشوع پاراستنی چاوە لە قەدەغەکراو و نزمی و ملکەچی ئەندامەکانە.

شیخ الا سلام ا بن تیم یە دە فەرموێت: (الخَشوع يتضَمَّن معنَيَيْن، أحدَهُما: التَّواضع والذُّلُّ، والثّاني: السُّكونُ والاطْمئْنانُ)[2]، واتە: خوشوع دوو واتا لەخۆ دەگرێت، یە کەمیان: خۆ بە کەم گرتن و زەلیل بوون بۆ خوا، دووەمیان: جێگیربوون و دڵ ئارامی و دامەزران.

زانا یان کۆکن لە سەر ئەوەی(أَنَّ الخُشوعَ مَحَلُّه القَلْب وثَمَرَته تَظْهر علَى الجوارِحِ)[3]، وا تە: بێگو مان خ شوع شوێنەکەی بریتیە لە ناو دڵ سوود و بەروبوومەکە شی لە سەر ئەندامەکانی لاشە دیاردەبێت.

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.91.

(2) مجموع الفتاوى، ابن تيمية، ط.3- 2005، ج.7، ص.28.

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.91.

پله و پایه و سوودەکانی خشوع له نوێژدا له( ) خاڵدا

1- نوێژکردن که یەکێکه له بنچینەکانی ئاینی ئیسلام و کۆڵەگەی ئاینه زۆر قورس و زەحمەته، بەڵام به هۆی خشوع ئاسان و سووك دەبێت و تام و چێژێکی تایبەتی هەیه بۆ دڵ و دەروونی بڕوادار.

هەروەکو خودای پەروەردگار فەرمووی یەتی: ﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ﴾ البقرة. واته: بێگومان نوێژ گەورە و گرانه تەنها له سەر ئەوانه نەبێت که خاوەن خشوعن.

2- خشوع یەکێکه له نیشانەکانی مرۆڤی بڕواداری سەرکەوتوو.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ﴾ المؤمنون. واته: بەڕاستی بڕواداران سەرفرازن ئەوانەی له ناو نوێژەکانیان به خشوع و ملکەچن.

3- یەکێك له سیفەتی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) بریتی بووه له خشوع.

خودای پەروەردگار دەر بارەی پێغەمبەران دە فەرموێت: ﴿وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ﴾ الأنبياء. واته: ئەوان بۆ ئێمه خاوەن خشوع بوون.

4- یەکێك لەوانەی خاوەن پاداشتی گەورەن ئەوانەن که خاوەن خشوعن له پیاوان و ئافرەتان.

خودای پەروەردگار دە فەرموێت: ﴿وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ﴾ الأحزاب . وا تە: ئەوانەی خاوەن خشوعن له پیاوان و ئافرە تان، پا شان دە فەرموێت: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ الأحزاب. وا تە: خودای گەورە لێخۆ شبوون و پادا شتێکی گەورەی بۆ ئامادە کردوون.

5- هەر کەسێك نوێژەکانی به خشوع ئەنجام بدات خودا لێی خۆش دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {خمسُ صلوات افترَضهُنَّ الله عزَّ وجلَّ، من أحسنَ وضوءهنَّ، وصلاهُنَّ لوقتهِنَّ، وأتمَّ ركوعهنَّ وسجودهنَّ، وخشوعَهنَّ، كان له على الله عهدٌ أن يغفِرَ له، ومن لَمْ يفعل، فليس له على الله عهدٌ، إن شاء غفَر

لهَ، وإن شاء عذّبه}[1]، واته: خودا پێنج نوێژی واجب كردوون، هەر كەسێك دە سنوێژێكی پو خت هەڵگرێـت بۆ ئەو نوێژا نە، نو ێژەكان لە كاتی خۆ یان ئەنجام بدات، و كڕنووشەكانی بە ڕێكی ئەنجام بدات و ڕكوعەكانی بە ڕێكی ئەنجام بدات، نو ێژەكان بە خشوع ئەنجام بدات، ئەوە پەیما نە لە سەر خودا كە لێی خۆش بێت، هەر كە سێك وا نەكات، ئەوە هیچ پەیمانێكی نیە لەسەر خودا، ئە گەر حەز بكات لێی خۆش دەبێت، و ئەگەر حەز بكات سزای دەدات.

6- ئەنجامدانی نوێژی بە خشوع تاوانەكان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما من امرئ مسلم تحضره صلاةٌ مكتوبةٌ، فيحسن وضوءها وخشوعها وركوعها، إلا كانت كفارةً لما قبلها من الذّنوب، ما لم تُؤتَ كبيرةٌ، وذلك الدّهر كُلّه}[2]، وا تە: هەر مرۆڤێ كی مو سڵمان نو ێژێكی فەرز بۆی ئا مادەبوو، دە ستنوێژێكی ڕ ێك و پو خت هەڵگرێت و بە خ شوعەوە نوێژە كە ئەنجام بدات و ڕكوعەكانی ڕ ێك بكات، ئەوە بێگو مان ئەو نو ێژە بۆی دەبێ تە كەفارەتی تاوا نەكانی بەمەرجێك تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت، ئەمەش بۆ گشت كاتێكە.

7- ئەنجادانی نوێژ بە خشوع مایەی چوونە بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما من أَحد يَتوضَّأُ فَيحسن الوضوءَ ويُصلّي ركعتين يُقبل بقلبه و وجهه عليهما إلّا وجبتْ لَهَ الجَنَّةُ}[3]، وا تە: هەر كە سێك دە ستنوێژێكی ڕ ێك وپێك هەڵكرێت و دوو ڕەكعەت نوێژ ئەنجام بدات دڵی لەلای نوێژەكە بێت و چاویشی هەر لەسەر شوێنی سوجدە بێت، وا تە بە ئیخلاص و بە خ شوع، ئەوە بەهە شت بۆ ئەو مسۆگەرە.

8- لە بەر گرنگی خ شوع پێغەم بەری خودا(ﷺ) لە ڕكو عدا دەیفەرموو: {اللهُمَّ لكَ ركعْتُ، وبكَ آمنْتُ، ولَكَ أسلَمْتُ، خشَعَ لكَ سَمْعي وبصري، ومُخّي، وعَظْمي وعَصَبي}[4]، واتە: ئەی خودایە بۆ تۆ ڕكوعم برد، باوەڕم بە تۆ هێنا، و بۆ تۆ موسڵمان بووم، گوێم و چاوم و موخم و ئێسقانم و دەمارەكانم هەمووی بۆ تۆ ملكەچ و خاشیعن.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(1401)، وغيره، عن عبادة بن الصامت(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.
(2) المسلم، الرقم(228)، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).
(3) المسلم، الرقم(234)، وغيره، عن عقبة بن عامر(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(771)، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی خشوع

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوی وا هەیە لە ناو ئیسلامدا پیر دەبێت کەچی یەك نوێژی بە تەواوی بۆ خودا ئەنجام نەداوە، وتیان: چۆن؟ فەرمووی: (لا يتمُّ خشوعها وتَواضعها وإقْبالُه عَلى الله عزَّ وجلّ)[1]، واتە: چونکە خشوعەکەی لە نوێژ تەواو نە کردووە و ملکەچی نەبووە و ڕوو لە خودا کردنیشی بە هەمان شێوە بۆ خودا تەواو نەبووە.

2- مُعاذی کوڕی جَبل(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (من عرفَ مَنْ عَلى يَمينه ومَن على شماله وهوَ في الصَّلاة مُتَعمّداً فلا صلاةَ لَهُ)[2]، واتە: هەر کەسێك بزانێت ئەوەی لای ڕاستەی کَێیەَ و لای چەپەیَ کێیە لەوکاتەی لە ناو نوێژدایە بە ئەنقەست ئەوا نوێژەکەی تەواو نیە.

3- عبداللە ی کوڕی مسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (مادُمْتَ في صَلاة فأنْتَ تَقْرع بابَ الملك ومن قَرع الباب يفْتح لَه)[3]، واتە: مادام تۆ لە ناو نوێژدای ئەوە تۆ لە دەرگای پادشا اَللّە دەدەیت، هەر کەسێکیش لە دەرگای بادشا بدات دەرگای بۆ دەکرێتەوە.

4- سَعیدی کوڕی جُبیر(رحمه الله) دەفەرموێت: ماوەی چل ساڵە لە ناو نوێژدا نەمزانیوە کێیە ئەوەی لە ڕاستە و چەپمە لەو کاتەی لە عبداللە ی کوڕی عباسم بیست دەیفەرموو: خشوع لە نوێژدا ئەوەیە کە نەزانی ئەوەی لە ڕاست و چەپتە کێیە[4].

5- حسن ی کوڕی عطیة دەفەرموێت: (إنَّ الرَّجلين لَيكونان في الصلاة، مناكبهما جَميعا، وإنّ ما بين صلاتيهما كما بين السَّماء والأرض)، واتە: جاری وا هەیە دوو کەس لە تەنیشت یەکتر نوێژ دەکەن بە شێوەیەك شانیان بە شانی یەکترەوە ناوە، بەڵام بێگومان جیاوازی نوێژەکانیان بە ئەندازەی نێوان ئاسمان و زەوی وایە.

لێیان پرسی چۆن؟ فەرمووی: (وذلك أنَّ أحدَهما مقبل بقلبه على الله عزَّ وجلَّ، والآخر ساه غافل في صلاته)[5]، واتە: یەکێکیان بە دڵ لە گەڵ خودایە بە خشوع ئەنجامی دەدات، و ئەوەیتریان زۆر بێ ئاگایە لە نوێژەکەی.

---

(1) قوت القلوب في معاملة المحبوب، ابو طالب المكي، ج.2، ص.170.

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.160.

(3) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.1، ص.130.

(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.93.

6- ا بن ع بّاس ده فه‌رموێت: (كعتان مقْتَصدتان في تَفَكَّر خير من قيام ليلة بلا قَلب)[1]، وا ته: ئه‌نجا مدانی دوو ره‌كه عه‌ت نو ێژ به ڕێكی و بیر و هۆش با شتره له ئه‌نجادانی شه‌ونوێژی شه‌وێكی ته‌واوی بێ ئاگا.

چه‌ند هۆكارێكی خشوع له نوێژدا

1- ده‌ستنوێژ هه‌ڵگرتن به ڕێك و پێكی و داواكردن له خودا بۆ خشوع.

2- دانانی به‌ربه‌ست(سوتره) له پیش خۆت.

3- وا هه‌ستكردن كه ئه‌م نوێژه كۆتا نوێژه له دونیا.

4- خوێندنه‌وه‌ی قوڕئان به ته‌رتیل و تێگه‌یشتن له مانای نوێژ به گشتی.

5- بیركردنه‌وه له پله و پایه‌ی نوێژ به خشوع و له مردن و هاتنی له ناكاو.

6- ته‌ماشاكردنی شوێنی كڕنووش و ده‌ستگرتن له‌سه‌ر سینگ و به ملكه‌چی.

7- به دڵ و زمان په‌ناگرتن به خودا له شه‌یتان.

8- بیر كردنه‌وه له‌وه‌ی كه نوێژ گفتوگۆیه له‌گه‌ڵ خودا.

9- ئه‌نجامدانی نوێژ وه‌كو نوێژی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ).

10- نه‌بوونی هه‌ر شتێك كه مایه‌ی سه‌رقاڵی بێت له شوێنی نوێژ.

11- ئه‌نجامدانی گشت نوێژه سوننه‌ته‌كان و گشت سوننه‌ته‌كانی نوێژ.

12- برسی نه‌بوون و سه‌رما و گه‌رما نه‌بوون و خه‌و نه‌هاتن و ماندوو نه‌بوون.

13- زۆر سه‌رقاڵ نه‌بوون به دونیا و خوێنده‌وه‌ی ژیاننامه‌ی ئه‌هلی خشوع.

14- سیواك كردن پێش ئه‌نجامدانی نوێژ و به‌كارهێنانی بۆنی خۆش.

15- پۆشینی جل وبه‌رگی جوان و پاك و خاوێن و شه‌رعی.

16- زوو ئاماده‌بوون له مزگه‌وت بۆ نوێژی جه‌ماعه‌ت و په‌له نه‌كردن له ناو نوێژ.

17- ئه‌نجامدانی سه‌جده‌ی تیلاوه.

18- هه‌ستكردن و دڵنیابوون له‌وه‌ی كه خودا ده‌یبینێت.

19- هه‌بوونی ئیخلاص و دڵسۆزی له ناخی دڵ.

---

(5) المصدر السابق، ج.1، ص.94.

(1) تفسير القران العظيم، ابن كثير، ج.2، ص.185.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی خشوع لە نوێژدا

1– جارێکیان پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) پیاوێکی بینی لە ناو نوێژدا سەر و گەردەنی زۆر شۆڕ کردبوەیەوە، پێی فەرموو: ئەی کابرا سەر و گەردەنت بەرز کەوە و فەرمووی: (ليس الخشوع في الرقاب، إنما الخشوع في القلوب)[1]. واتە: ملکەچی لە گەردەندا نیە، بەڵکو لە دڵدایە.

2– جارێکیان سَعیدی کوڕی مُسیّب(رحمه الله) پیاوێکی بینی لە ناو نوێژدا دەستی لە ڕیشی دەدا، فەرمووی: (لَو خشعَ قَلْبُ هذا لَخَشعَت جوارحه)[2]، واتە: ئەگەر ئەو پیاوە دڵەکەی خشوع و ملکەچ بوایە ئەوە ئەندامەکانیشی خشوع وملکەچ دەبوون.

3– عبدالله ی کوڕی عمر(رضي الله عنهما) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: جارێکیان لە نوێژی بەیانی گوێم لێبوو پێشەوا عمر(رضي الله عنه) سوڕەتی یوسفی دەخوێند کاتی گەیشتە ئەم ئایەتە: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ یوسف. عبدالله دەڵێت: من لە کۆتا سەف بووم گوێم لە گریان و نرکەی دەبوو[3].

4– لە عامری کوڕی قَیسیان پرسی: ئایا تۆ لە ناو نوێژدا سەهو ناکەی؟ فەرمووی: (أَو حديثٌ أَحبُّ إليَّ مِن القرآن حتى أَشتَغِل بِه، هيهاتَ، مناجاتُ الحبيبِ تستغرِقُ الإحساس)[4]، واتە: ئایا گوفتارێك لە قورئان خۆشترە هەیە تا پێی سەرقاڵ بم، ئەمە مەحاڵە، چونکە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویست هەموو هەستێك دادەگرێت.

5– سَعیدی کوڕی عُبید(رحمه الله) دەفەرموێت: سَعیدی کوڕی جُبَیر پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەکرد، جارێکیان ئەو ئایەتەی خوێندەوە لە ناو نوێژدا کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسۡحَبُونَ ٧١ فِي ٱلۡحَمِيمِ ثُمَّ فِي ٱلنَّارِ يُسۡجَرُونَ ٧٢﴾ غافر. واتە: کاتێك زنجیر و تەوقیان لە گەردەن دایە پێی ڕادەکێشرێن لە ناو ئاوی زۆر گەرمدا پاشان لە دۆزەخدا دەسووتێندرێن. سَعید زۆر بە خشوع و کاریگەر دەیخوێند تا سەرەنجام بەربوویەوە و لە هۆش خۆی چوو[5].

---

(1) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.3، ص.296. مدارج السالكين، ابن القيم، ج.1، ص.521.

(2) رواه ابن ابي شيبة، وعبدالرزاق في مصنفيهما، وابن المبارك في كتاب الزهد، الرقم(1188).

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.94.

(4) بدائع الفوائد، ابن القيم، ج.3، ص. 753.

(5) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.93.

6- أبو نوح ی ئەنصاری(رحمە اللە) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: جارێکیان ئاگر لە ماڵی علي کوڕی حُسین بەربوو، لەو کاتەدا عل سەرقاڵی نوێژ کردن بوو لە ماڵە کەی خۆی، لە کڕنوو شدا بوو، خەڵك کۆببوو نەوە و بانگ یان دە کرد، دە یان وت: ئەی نەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداربە ئەمە ئاگرە ئاگر لە ماڵت بەربووە، ئیتر عل سەری لە کڕنووش بەرزنەکردەوە تا ئەو کاتەی ئاگرەکە کوژا یەوە، دوا یی لێ یان پر سی: چی وای لێ کردی ئاگات لە ئاگرەکە نەبێت؟ فەرمووی: (ألهتني النار الأخرى). وا تە: ئاگرێکیتر کە ئـاگری دۆزەخە وای لێکردم ئاگام لەم ئاگرە نەمێنێت[1].

مەبەست لێرە ئەوەیە: ئەوندە بە خشوع چووبووە ناو نوێژ ئاگای لەوە نەبوو کە ئاگر لە ماڵی بەربووە، تەنانەت ئاگای لە خەڵکەکەش نەبووە کە لەوێ کۆببوو نەوە و بانگ یان دەکرد.

7- مُسلِم ی کوڕی یَسار(رحمە اللە) یەکێك بوو لە زاناکانی سەردەمی خۆی و تابیعی بوو ئەوندە بە خشوع نوێژی دە کرد هەرگیز ئاوڕی نەدەدا یەوە تەنا نەت بە چاوەکانی شی، تەنها بیری لە لای نوێژەکە دە بوو، کاتێک دەگەڕا یەوە ماڵ هاو سەر و مندا ڵەکانی بێ دە نگ دە بوون، بەڵام کە دە چووە ناو نو ێژ ئەوکات دە ستیان دە کر بە قـ سەکردن، دەیانزانی ئەو کا تەی مُـسلم لە نوێژدا یە ئا گای لە هیچ نابێت. هەروەها دەگێڕنەوە: جارێکیان لە ناو مزگەوت سەرقاڵ بوو بە نو ێژکردن لەو کا تەدا بە شێکی مزگەوتە کە ڕووخا خەڵك هەموو ڕایان کرد ئەو تەنانەت ئاوڕیشی نەدایەوە، تا بزانێت ئەمە چی بوو.

8- هاوەڵی بەڕێز ع بداللە ی کوڕی زُ بیر(رضي الله عنهما) ئەو ندە بە خـشوع نو ێژی دەکرد وەکو دارێکی چەسپاو دەوەستا.

وەکو یَحیی کوڕی وَثبان(رحمە اللە) دەگێڕێتەوە، دە فەرموێت: (انَّ ابن الزُّبير، كانَ يسجدَ حتَّى تنزِلُ العصافير على ظَهره لا تَحسبه إلّا جذْم حائط)[2]، وا تە: کوڕی زُ بیر دە چووە سوجدە ئەوەندە دەمایەوە بەشێوەیەك چۆلەکەکان لەسەر پـ شتی دەنیـشتن وایا ندەزانی ئەمە لقە دارێکی ناو پەرژینێکە.

---

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، یاسر عبدالرحمن، ج.1، ص .93.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.765.

هەروەها مُسلم ی کوڕی نیاق مەککی(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێکیان عبدالله ڕکوعێکی برد منیش سوره تی البقرة و آل عمران و النساء و المائدةم خوێندەوە ئەو هێشتان سەری بەرز نەکردبوویەوە لە ڕکوع[1].

9- أبو بکری کوڕی عیاش دە فەرموێت: (لە أبو إسحاق السبیعي م بیست دەیفەرموو: نوێژم لەدەست چوو لەبەر ئەوەی زۆر لاواز و بێ توانا بووم، ئێستا ئێسقانم لاواز بوون، ناتوانم زۆر خۆم ڕابگرم، بۆیە ئێستا لە نوێژێك تەنها دەتوانم سورەتی البقرة و آل عمران بخوێنم)[2].

10- دەگێڕنەوە: جارێکیان حاتم الأصم(رحمه الله) لە نوێژی عەسر پێشنوێژی دەکرد بۆ خەڵك، کاتێك سەلامیدایەوە بینی کەس لە دوای نەماوە، بیستی لە دەرەوە دەنگی خەڵك دێت، بۆیە چووە دەرەوە بە خەڵکەکەی فەرموو: باشە تازە ئێوە لە دوای من نوێژتان نەکرد؟ خەڵکەکە وتیان: بەڵێ، ئەی ئیمام، بەڵام یەکێك لە کۆڵەگەکانی مزگەوت بەربووەوە، ئێمەش ترساین مزگەوتەکە بکەوێت، بۆیە ڕامان کردە دەرەوە، مەگەر ئاگات لێ نەبوو؟ فەرمووی: نەخێر، من لە ناو نوێژ بووم، بۆیە زۆر پێی سەرسام بوون، پێیان وت: تۆ چۆن نوێژ دەکەی؟ فەرمووی: من سەرەتا دەستنوێژەکی باش هەڵدەگرم، پاشان هەموو بیر و هۆشم لەلای خۆم کۆ دەکەمەوە، ئینجا نوێژ دادەبەستم، پاشان دونیا دەخەمە پشتەوەم، پاشان بە تەرتیل قورئان دەخوێنم، پاشان بە خشوع ڕکوع دەبەم، و بەو پەڕی ملکەچی کڕنووش دەبەم، و بەهەشت لەلای ڕاستم و دۆزەخیش لەلای چەپم دادەنێم و پردی سیراتیش ئەخەمە ژێر پێیەکانم، و کەعبەی پیرۆزیش ئەخەمە نێوان هەردوو برۆیەکانم و فریشتەی گیانکێشانیش لە دوای خۆم دادەنێم بۆ ئەوەی وا بزانم ئەمە کۆتا نوێژمە لە دونیا ئەنجامی دەدەم، سەرەڕای ئەمانەش ئیخلاصیش بەگەر ئەدەم هەر لەسەرەتای نیەتم، پاشان لە خۆمەوە دەڵێم: نازانم ئاخۆ خودا لێی قبوڵ کردوومە یان نا؟[3].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.767.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.97.

(3) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبونعيم الأصبهاني، ج.8، ص.74-75.

صلاة الجماعة

نوێژی بە کۆمەڵ

واتای نوێژی بە کۆمەڵ

الجَماعةُ: هِيَ الارْتِباطُ الحاصِلُ بَيْنَ صَلاةِ الإمامِ والمأمومِ[1]. واتە: نوێژی بە کۆمەڵ بریتیە لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان نوێژی ئیمام و مەئموم.

المَقْصودُ بِصَلاةِ الجَماعَةِ: فِعْلُ الصَّلاةِ في جَماعَةٍ[2]. واتە: مەبەست بە نوێژی بە کۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵ.

مێژووی دامەزراندنی نوێژی بە کۆمەڵ

دوای واجب بوونی نوێژ، پێغەمبەری خودا(ﷺ) تا ئەو کاتەی لە زێدی خۆی لە شاری مەککەی پیرۆز بوو لە ماڵەکەی خۆی و هاوەڵانیش بە هەمان شێوە بە تەنیا نوێژیان دەکرد، لەبەر ئەوەی لەلایەن قورەیشیەکان فشارێکی زۆریان لەسەر بوو.

بەڵام دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا لە گەڵ هاوەڵان شاری مەککەیان بەجێهێشت، کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە پێغەمبەری خودا ئەوکات نوێژی بە کۆمەڵی دامەزراند[3].

---

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.2، ص.1165.

(2) صحيح فقه السنة، كمال السيد سالم، ج.1، ص.504.

(3) مغني المحتاج، الخطيب الشربيني، ج.1، ص.229.

پلە و پایە و سوودەکانی نوێژی بە کۆمەڵ لە( ) خاڵدا

1– ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

لەبەر ئەوەی خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴿٤٣﴾﴾ البقـرة. واتە: نوێژ بکەن لەگەڵ نوێژخوێنان.

2– ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ بیست وحەفت پلە پاداشتی زیاترە لە نوێژی بە تەنیا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {صَلاَةُ الجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلاَةَ الفَذِّ بِسَبْعٍ وعِشْرِينَ دَرَجَةً}[1]، واتە: نوێژی بە کۆمەڵ بە(27) پلە پاداشتی زیاترە لە نوێژی بە تەنیا.

3– ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ پاداشتی شەو نوێژیشی لەگەڵدایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن صَلَّى العشَاءَ في جَمَاعَة فَكَأَنَّمَا قَامَ نصْفَ اللَّيْلِ، ومَن صَلَّى الصُّبْحَ في جَمَاعَة فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ}[2]، واتە: هەرکەسێك نوێژی عیشا بە کۆمەڵ بکات وەکو ئەوە وایە تا نیوەی شەو شەونوێژی کردبێت، هەرکەسێك نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ کردبێت وەکو ئەوە وایە شەو هەمووی شەونوێژی کردبێت.

4– بە هۆی نوێژی بە کۆمەڵ موسڵمان دووردەبێت لە ئاگری دۆزەخ و دووڕوویی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن صلَّى لله أربعينَ يوماً في جماعة، يُدْرِكُ التَّكْبيرَةَ الأُولَى، كُتبَتْ له براءتان: براءَةٌ من النارِ، و براءةٌ من النِّفَاقِ}[3]، واتە: هەرکەسێك چل ڕۆژ بۆ خودا نوێژ بکات بە(اللّٰه أكبر)ی سەرەتای نوێژ ڕابگات بۆی دەنووسرێت: دوو بەرائەت: بەرییە لە ئاگر، و بەرییە لە دووڕوویی.

5– نوێژی بە کۆمەڵ موسڵمان پاك دەکاتەوە لە تاوان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن توضأَ فأسبغَ الوُضوءَ، ثُمَّ مَشَى إلى صلاة مكتوبة، فصلاَّها مع الإمام غُفِرَ له ذنبه}[4]، واتە: هەرکەسێك دەستنوێژێکی ڕێك و پێك هەڵگرێت، پاشان بڕوات بۆ ئەنجامدانی نوێژێکی فەرز، ئینجا لەگەڵ ئیمام نوێژەکە بکات، تاوانەکانی دێنە سڕینەوە.

(1) البخاري، الرقم(645)، ومسلم(650)، وغيرهما، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(2) المسلم، الرقم(656)، وغيره، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).

(3) الترمذي، الرقم(241)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع، الرقم(6365).

(4) المسلم، الرقم(300)، وغيره، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).

6- نوێژی بە کۆمەڵ پاداشتی وەکو پاداشتی حەج وایە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووییەتی: {مَن خرجَ من بيته متطهّراً إلى صلاة مكتوبة، فأجْرُه كأجرِ الحاجّ المُحرِم}[1]، واتە: هەرکەسێك لە ماڵ دەرچێت بە دەستنوێژەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژی فەرز پاداشتەکەی وەکو ئەو حاجیەیە کە لە ژێر ئیحرامدایە.

هەروەها لە فەرموودەیەکیتردا، دەفەرمویێت: {من صلى الفجرَ في جماعة، ثم قَعَد يذْكُر اللهَ حتى تَطْلُعَ الشمسُ، ثم صلى ركعتين، كانت له كأجر حَجَّة وعُمْرَة تامَّة، تامَّة، تامَّة}[2]، واتە: هەرکەسێك نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ بکات، پاشان دانیشێت یادی خودا بکات تا ڕۆژ هەڵدێت، پاشان دوو ڕەکعەت نوێژ بکات، پاداشتی بۆ هەیە وەکو پاداشتی حەج و عومرەیەکی تەواو تەواو تەواو.

7- نوێژی بە کۆمەڵ هۆکارێکە بۆ بەزەیی خودا و نزای فریشتەکان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {إنَّ اللّهَ وملائكتَهُ يصلُّونَ على الصَّفّ الأوَّل}[3]، واتە: بێگومان خودا میهرەبانی خۆی دادە بەزێنێت و فریشتەکانیش داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەوانەی لە ڕیزی یەکەم نوێژ دەکەن.

8- ئەو کەسەی ئەهلی جەماعەت بێت بە جەماعەتیش ڕا نەگات پاداشتی جەماعەتی بۆ دەنووسرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمویێت: {مَن توضأَ، فأحسنَ وضوءه، ثم خرجَ إلى المسجد، فوجدَ الناس قد صلَّوا؛ أَعْطاه اللهُ مثل أَجْرِ من صلَّى وحَضَر، لا ينْقُص ذلك من أَجْره شيئاً}[4]، واتە: هەرکەسێك دەستنوێژێکی ڕێك و پێك هەڵگرێت پاشان بڕوات بۆ مزگەوت، بینی خەڵك نوێژیان کردووە، خودای گەورە هەمان پاداشتی ئەوەی دەداتێ کە نوێژی بە کۆمەڵی کردبوو و ئامادەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی کەم بکاتەوە.

9- نوێژی بە کۆمەڵ موسڵمان دەپارێزێت لە پیلانەکانی شەیتان.

---

(1) أبو داود، الرقم(558)، عن أبي أمامة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(675).

(2) الترمذي، الرقم(586)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6346).

(3) ابن ماجة، الرقم(823)، عن البراء بن عازب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(4) أبو داود، الرقم(564)، والنسائي(855)، وأحمد(8947)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن النسائي(854).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {ما من ثلاثة في قرية ولا بدو لا تقامَ فيهم الصَّلاةُ إلّا قد استَحوذَ عليهمُ الشَّيطانُ، فعليكُم بالجماعة؛ فإنّما يأكل الذِّئبُ من الغنَم القاصيةَ}[1]، واتە: لە هەر گوندێك یان دەشتێك ئەگەر تەنها سێ کەسیش بن نوێژی بە کۆمەڵ نە کەن ئەوکات شەیتان زاڵ دەبێت بە سەریاندا، کەوابوو دە ست بە نوێژی بە کۆمەڵ بگرن، چونکە گورگ مەڕی لە مێگەڵ دابڕاو دەخوات.

10- نوێژی بە کۆمەڵ بەبێ کەم و کورتی هەژمار دەکرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {يَصلُّونَ لَكُمْ، فإنْ أصابُوا فَلَكُمْ، وإنْ أخْطَؤُوا فلَكُم وعليهم}[2]، واتە: ئیمامەکان پێشنوێژیتان بۆ دەکەن، ئەگەر پێکایان پادا شتی تەواو بۆ ئێوە یە، و ئە گەر هە ڵەیان کرد پادا شتی تەواو بۆ ئێوە یە و نا تەواویە کەش لە سەر ئەوانە مەبەست لە ئیمامەکانە.

11- ئەو کەسەی ئەهلی جەماعەتە بە بەر ئەو هەڕە شەیەی پێغەمبەر(ﷺ) نا کەوێت، کە دە فەرموێت: { لقَدْ هَمَمْتُ أنْ آمرَ بالصَّلاة فتُقام، ثُمَّ أُخالفَ إلى منازل قَومْ لا يَشْهَدُونَ الصَّلاةَ، فَأُحَرقَ عليهم}[3]. وا تە: ویستم بۆ نوێژ کردن فەرمان بە یەکێك بکەم کە نوێژەکە بکەن، پاشان لەگەڵ چەند کەسێك بچم بۆ ماڵی ئەوانەی ئا مادە نابن بۆ نوێژ، ماڵەکانیان بەسەردا بسووتێنم.

12- وتنی ئامین لەگەڵ ئیمام هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إذَا أمَّن الإمَامُ، فأمنُوا، فإنَّه مَن وافقَ تَأْمينُهُ تأْمين المَلَائكَة غُفر له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبه}[4]. واتە: هەر کات ئیمام وتی: ئامین، ئێوەش وا بڵێن، ئە گەر و تەی هەر کە سێك ئامین هاو کات بوو لە گەڵ و تەی فریشتەکان تاوا نە ڕابردووەکانی تەمەنی دەسڕدرێتەوە.

13- ڕێزی یەکەمی نوێژی بە کۆمەڵ کەس نازانێت پاداشتەکەی چەندە.

---

(1) النسائي، الرقم(847)، وغيره، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن النسائي.
(2) البخاري، الرقم(694)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(2420)، ومسلم(651)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(4) البخاري، الرقم(780)، ومسلم(410)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَـوْ يَعلَـمُ النَّاسُ ما في النّدَاءِ وَالصَّـفّ الأوَّل، ثُمَّ لَمْ يَجدُوا إِلاّ أَنْ يَسْتَهِمُوا عليه لاَسْتَهموا}[1]. واتە: ئەگەر خەڵك بیانزانیبایە چ پاداشتێك هە یە لە بانگ و ڕیزی یەکەم، پاشان بە دەستیان نەکەوتبایە تەنها لە ڕێی تیروپشك نەبێت، تیروپشکیان لەسەر دەکرد.

14- بە هۆی نوێژی بە کۆمەڵ کۆشك و تەلارەکانی بەهەشت دەستەبەر دەبن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن سَـدَّ فُرجَـةً بَـنى الله لَـهُ بيتـا في الجنَّـة ورفَعَـه الله بِها درجةً}[2]. واتە: هەر کسێك لە ڕیزی نوێژی بە کۆ مەڵ کەلێنێك پڕ بکا تەوە خودا ماڵێکی لە بەهەشت بۆ دروست دەکات و پلەکەشی بەرز دەکاتەوە.

15- ڕیزی نوێژی بە کۆمەڵ هاوشێوەی ڕیزی فریشتەکانە.

هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی سَمُرة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ لا مان، فەرمووی: {ألا تَصُفُّونَ كما تَصفُّ الملائكةُ عندَ ربِّها}، قال: قلنا: وكيفَ تَصُـفُّ الملائكـةُ عنـدَ رَبهـا، قـالَ: {يتِمُّـونَ الصُّـفوفَ الأولَ ويتراصُّـونَ في الصَّـفّ}[3]. وا تە: بۆچی ئێوەش ڕیزنابن وەکو چۆن فریشتەکان لەلای پەروەردگاریان ڕ یز دە بن، و تمان: ئەی پێغەمبەری خودا فریشتەکان چۆن لەلای پەروەردگار ڕ یز دە بن؟ فەرمووی: ڕیزەکانی یەکەم تەواو دەکەن ڕاست و ڕێك دەوەستن لە ڕیزدا.

---

(1) البخاري، الرقم(615)، ومسلم(437)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) أخرجه المالي في الأمالي، ج.2، ص.36، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(515).

(3) ابن ماجة، الرقم(818)، وغيره، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

چەند وتەیەكی هاوەڵان و سەلەف لەسەر نوێژی بە كۆمەڵ

1- عبداللە ی كوڕی عُمر(رضي الله عنهما) دەیفەرموو: (كُنّا إذا فَقَدْنا الرَّجلَ من الفَجْر والعشاء أَسأْنا به الظَّنَّ)[1]. واتە: ئێمە ئەگەر كەسێكمان لە نوێژی بەیانی و عیشا لە بەر چاوَ وون ببا گوَمانی خراپمان پیَ دەبرد لە دووڕوویی.

2- إبراهیم ی تەمیمی دەفەرموێت: (إذا رأیت الرَّجل یتهاونُ بالتَّكْبیرة الأولی فَاغْسِل یدیك مِنه)[2]. واتە: ئەگەر كەسێكت بینی كەمتەرخەم بوو لە پێڕاگەیشتنی بە(اللە اكبر)ی سەرەتای نوێژ ئەوا دەستی لیَ بشۆ، مەبەست ئەوەیە ئەو كەسە فەوتاوە.

3- سُفیان ی كوڕی عُیینە(رحمە الله) دە فەرموێت: (إنَّ مِن تَوقیر الصَّلاة أَنْ تأتي قَبل الإقامة)[3]. واتە: بەڕاستی ڕێزگرتنی نوێژ ئەوەیە پێش قامەت كردن تۆ ئامادەبیت.

4- دەربارەی كەسێك شەوان شەونوێژ دەكات و ڕۆژیش بەڕۆژوو دەبێت، بەڵام: (لا یشْهدُ جمعةً ولا جماعةً)، واتە: نە ئامادەی نوێژی هەینی دەبێت و نە ئامادەی نوێژی بە كۆمەڵیش دەبێت. پرسیاریان لە عبداللە ی كوڕی عباس كرد، فەرمووی: (هو في النَّار)[4]. واتە: ئەو لە ئاگر دایە.

5- عبداللە ی كوڕی مەسعود(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (إنَّ رسولَ الله(ﷺ) علَّمنا سُنَنَ الهُدَی، وإنَّ من سُنن الهُدی الصَّلاة في المسْجد الذي یؤَذَّنُ فیه)[5]. واتە: بێگومان پێغەمبەری خودا ئێمەیَ فێرە ڕێگا كانی هیدا یەت كَرد، یەكێك لَە ڕێگا كانی هیدا یەت بریتیە لە ئەنجامدانی نوێژ لەو مزگەوتەی كە بانگی لیَ دەدرێت.

6- أنس ی كوڕی مالك(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (وكانَ أَحَدُنا یُلْزِقُ مَنْكَبَهُ بمَنْكب صَاحبه، وقَدَمَهُ بقدمه)[6]. واتە: هەر یەكێك لە ئێمە لە نوێژی بە كۆمەڵ شانَ بە شانَی هاوڕێكەی وەدەنا وَ پێی بە پێی هاوڕێكەی تەنیشتی وەدەنا.

---

(1) ابن خزیمة، ج.2، ص.371، والحاكم، ج.1، ص.211، وصححه.
(2) حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء، أبو نعیم الأصبهاني، ج.4، ص.215.
(3) المصدر السابق، ج.7، ص.258.
(4) في ظلال المنابر، الخطابي، ص.22.
(5) المسلم، الرقم(654)، وغیره.
(6) البخاري، الرقم(725)، ومسلم(434).

7– ابو سُليمان ی دارانی دەفەرموێت: (لَا يَفُوتَ أَحدٌ صَلَاةَ الْجَماعَة إلّا بذَنْب أَذْنَبَه)[1]. واته: هیچ كەسێك نوێژی بە كۆمەڵ لەدە ست نادات مە گەر بە هۆیَ تاوانێكً نەبێت كە ئەنجامی داوە.

8– أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (لَأَنْ تَمْلأَ أُذُنُ ابْنِ آدمَ رصاصًا مذَابًا خيرٌ لَهُ منْ أَنْ يسمعَ الأذانَ ثُمَّ لَا يُجِيبَ)[2]. واته: ئەگەر گوێی ئادەمیزاد پڕ ببێت لە مزی تواو با شترە بۆی لەوەی گوێی لە بانگ بێت پاشان وەڵام نەداتەوە و نەچێت بۆ نوێژی بە كۆمەڵ.

9– مد مد ی كوڕی وا سع(رحمه الله) فەموو یەتی: (ما بقي في الدُّنيا ألذُّه إلّا الصَّلاةَ في الجَماعَة ولقاءُ الإخْوان)[3]. واته: شتێك لە دونیا نەماوە تام و چێژی لیّ ببینم تەنها نو ێژی بە كۆمەڵ و شادبوون بە دیداری برایان نەبێت.

---

(1) مغني المحتاج، الخطيب الشربيني، ج.1، ص.229.

(2) إتحاف السادة المتقين شرح إحياء علوم الدين، محمد بن محمد الزبيدي، ج.3، ص.16.

(3) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.6، ص.291.

چەند نموونە و ڕووداوێك لەسەر نوێژی بە كۆمەڵ

1- سەبارەت بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەر چەند بڵێین و بنووسین زمان وپێنووس لە ئاستی ئەو شەرمەزارە لەبەر ئەوەی خۆی بەم شێوەیە خەڵكی ها ندابێت بۆ نو ێژی بە كۆمەڵ و ئەوەندە باسی پلە وپایەی نو ێژی بە كۆمەڵی كردبێت، دە بێ بەخۆی چۆن بووبێت؟ بۆ نموونە كاتێك دەربارەی پێغەمبەری خودا پرسیار لە دایكی بڕواداران عائشة دەكرێت: ئایە پێغەمبەری خودا چۆن بوو؟ كاتێك لە ماڵەوە بوو، فەرمووی: (كانَ يكونُ في مهْنَة أهْله، فَإذَا حَضرَت الصَّلَاةُ خَرَجَ إلى الصَّلَاة)[1]، وا تە: ئەو لە ناو ماڵ یارمەتی خێزانی دەدَا لە كاروباری ناو ماڵ، هەر كە كاتی نوێژیش دەهات بەرەو نوێژ دەچوو.

هەروەها عائشة دە فەرموێت: كاتێك پێغەمبەری خودا لە نەخۆشی سەرەمەرگدابوو چوار ڕۆژ پێش كۆچی دوا یی بۆ نو ێژی مەغریب چوو بۆ مزگەوت پێشنوێژی كرد و سورە تی المُرسلات ی خوێندەوە، بەڵام هەر چەند هەوڵ یدا بچێت بۆ نو ێژی عیشا نەیتوانی، چەند جار هەستا و لە هۆش خۆی دە چوو، هەرجارەی بەهۆش خۆی دەهاتەوە دەیفەرموو: {أصلّى النَّاس؟}، واتە: ئایا خەڵك نوێژیان كردووە؟ ئێمەش دە مان وت: نەخێر، ئەوان چاوەڕێی تۆن. ئەوجا بە فەرمانی ئەو أبوبكری صدیق پێشنوێژی بۆ كردن[2].

2- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) لە ناو نوێژی بەیانی لە مزگەوت شەهید كرا.

عَمروی كوڕی میمون دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: من لە پشت عُمر بووم تەنها عبدالله ی كوڕی عباس(رضي الله عنهما) لە نێوانمان بوو ئەو ڕۆژەی كە شەهیدیان كرد، لە نو ێژی بەیانی هەمووجار كە دە هات بۆ مزگەوت بۆ نو ێژ بە ن ێوان ڕیزەكا ندا دەڕۆیشت، دەیفەرموو: (استووا) ڕاست ڕاوەستن، كاتێك هەمووانی ڕێكدەخست ئەوكات بە پێش دەكەوت و نوێژی دادەبەست، ئەو ڕۆژە سورەتی(یوسُف یاخود النحل)ی دەخوێندەوە كاتێك لێیدرا و شەهید كرا[3].

3- پێشەوا علی(رضي الله عنه) لە ڕێگای مزگەوت بوو دە چوو بۆ ئەنجا مدانی نو ێژی بەیانی بە كۆمەڵ شەهید كرا.

---

(1) البخاري، الرقم(676).

(2) الرحيق المختوم، المباركفوري، ص.428.

(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.150.

زانایان فەرموویانە: لە مانگی ڕەمەزان لە ڕۆژی هەینی بوو کاتێك دەیویست بچێت بۆ نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ، کەسێك بە ناوی عبدالرحمن ی کوڕی مَلْجَم هێرشی کردە سەر بە خەنجەر لێیدا و بریندار‌ی کرد، لە ڕۆژی یەك شەممە بە هۆی سەختی برینەکەی کۆچی دوایی کرد[1].

4- جارێک یان پێ شەوا عُمر(رضي الله عنه) بە هۆی سەرقاڵبوونی بە باخ چەکەی نـوێژێکی بە کۆمەڵی لە دەست دەچێت، دەفەرموێت: جا ئەو باخ چەیەم بۆ چیە ببێتە مایەی لەدەستدانی نوێژێکی بە کۆمەڵ، بۆیە باخەکەی هەموو بەخشی لە پێناو خودای گەورە[2].

5- یحیی کوڕی عَیّاش(رحمه الله) ماوەی بیست ساڵ نەیهێشت بۆ یەکجاریش نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ لە دەستی بچێت[3].

6- عثمان ی کوڕی حَکیم دەگێڕێتەوە، دەڵێت: سَعیدی کوڕی مُسَیَّب بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەسەر یەک بە الله اکبری سەرەتای نوێژدابەستن ڕاگەیشتووە، پشتی یەك کەسی نەبینیوە، چونکە هەموو جار هەر لە ڕیزی پێشەوە بووە[4].

7- وَکیع ی کوڕی جَرّاح دەڵێت: سَلْمان ی کوڕی مَهْران(رحمه الله) نزیکەی حەفتا ساڵ الله اکبری سەرەتای نوێژدابەستنی لەدەست نەداوە[5].

8- عامری کوڕی عبدالله ی کوڕی زُبَیر لە کاتی سەرەمەرگدا گوێی لە بانگ بوو، فەرمووی: بمبەن بۆ مزگەوت، پێیان وت: تۆ نەخۆشی عوزرت هەیە، فەرمووی: گوێم لە(حي على الصلاة) بێت چۆن دەتوانم لە ماڵ بم و نەچم. بەهەر حاڵ بردیان بۆ مزگەوت لە نوێژی مەغریب لە ڕەکعەتی یەکەم کۆچی دوایی کرد[6].

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.174.
(2) رياض الصالحين، النووي، ج.2، ص.80.
(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.148.
(4) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.2، ص.163.
(5) المصدر السابق، ج.5، ص.49.
(6) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.132.

9- ربیع ی كوڕی خثیم یەكێك بوو لە تابعین، نیوەی لاشەی تووشی ئیفلیجی هاتبوو، كەچی بەردەوام بوو لە نوێژی بە كۆمەڵ، پێیان دەوت: خۆ تۆ مۆڵە تدراوی، دەیفەرموو: وایە، بەڵام گوێم لە بانگبێژە كە دەڵێت: (حي على الفلاح) چۆن نەچم؟[1].

10- إبراهیم ی كەینەعی(رحمه الله) دەڵێت: حاتم ی حەملانی(رحمه الله) ماوەی چل ساڵ پێشنوێژی دەكرد، لە یەك نوێژیش دوانەكەوت، لە هەموو ئەو ماوەیەدا تەنها شەش جار سەهووی كرد، هەر شەش جاریش سەجدەی سەهووی برد، و لە هەموو نوێژەكانیش دەگریا، و لە ناو نوێژیش كۆچی دوایی كرد[2].

11- عبدالله ی كوڕی أم مكتوم(رضي الله عنه) هاوەڵی نابینا دە فەرموێت: جارێكیان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ)م وت: من كە سێكی نابینام و ماڵیشم لە مزگەوت دوورە و كە سێكی شایستە شم نیە دەستم بگرێت، ئایە بۆم هەیە لە ماڵە كەم نوێژ بكەم؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: {هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ؟}، واتە: گوێت لە بانگ دەبێت؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: {لا أَجِدُ لَكَ رُخْصَةً}[3]، واتە: نابینم هیچ مۆڵەت بۆ تۆ هەبێت.

12- لە سەردەمی جێنشینی عُمری كوڕی خطاب بەیانیەك سُلیمان ی كوڕی أبی حَثْمَة ئامادەی نوێژی بە كۆمەڵ نەبوو، ماڵەكەشی لە نێوان بازاڕ و مزگەوتی مەدینە بوو، لە ڕێگای بازاڕ پێشەوا عمر شیفای دایكی سُلیمانی بینی، لێی پرسی: چۆن بوو ئەو بەیانیە سُلیمان لە نوێژی بەیانی ئامادە نەبوو؟ وتی: سُلیمان ئەم شەو هەر سەرقاڵ بوو بە شەونوێژ، بۆیە بەخەبەر نەهات، پێشەوا عمر فەرمووی: ئەگەر نوێژی بەیانی بە كۆمەڵ بكەم لام خۆشەویستترە لەوەی شەو تا بەیانی شەونوێژ بكەم[4].

13- لەسەردەمی منداڵیدا جارێكیان عُمری كڕی عبدالعزیز بە هۆی سەرقاڵ بوون بە داهێنان و ڕێكخستنی پرچی سەری نەیتوانی لە نوێژی بەیانی بە كۆمەڵ ئامادەبێت، بۆیە كاتێك مامۆستاكەی ئەمەی زانی فەرمووی: كەواتە قژ داهێنان لای تۆ خۆشەویستتر بوو لە نوێژی بەیانی بە كۆمەڵ، ئەوە بوو هەواڵیدا بە باوكی عُمر، باوكیشی بڕیاریدا كە ئەبێت سەری بتراشێت[5].

---

(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.114.
(2) مسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1،ص.144.
(3) ابو داود، الرقم(552)، وابن ماجة(792)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(4) الموطأ، عن يحيى الليثي، الإمام مالك، ج.1، ص.131.
(5) عمر بن عبدالعزيز، الصلابي، ص.18.

14– پێشەوا مزنی(رحمه الله) قوتابی پێشەوا شافیعی بوو، زۆر ئەهلی جەما عەت بوو، بۆیە ئەگەر هەرجارێك نوێژێكی بە كۆمەڵی لەدەست بچووبا وەكو قەرەبوو كرد نەوە(25) جار هەمان نوێژی دەكردەوە[1].

15– حاتم ی الأصم(رحمه الله) دەڵێت: جارێكیان نو ێژێكی بە كۆ مەڵم لە دەستچوو، تەنها پێشەوا بوخاری هاتە پرسەكەم دڵی دامەوە، خۆ ئەگەر مندالێكم بمردبا یە زیاتر لە دەهەزار كەس ئامادەی پرسەكەم دەبوون، چونكە موسیبەتی دین لەلای خەڵك بچووكترە لە موسیبەتی دونیا[2].

16– دەر بارەی پێ شینە چاكەكان(رحمهم الله) و تراوە: ئە گەر یەكێكیان تەكبیرەی ئیحرامی لەدەست بچووبایە ماوەی سێ ڕۆژ پرسەی دادەنا، ئە گەر یەكێك یەك نو ێژی بە كۆمەڵی لەدەست بچووبایە یەك حەفتە پر سەی دادە نا، دە یان وت: ئە مە مو سیبەتی دوارۆژە بەسەرمان هاتووە[3].

17– حارث ی كوڕی سنان شەوی زاوایەتی هات بۆ جەماعەتی نو ێژی بەیانی، پێ یان وت: چۆن بووكی یەك شەوەت بەجێهێشتووە لەبەر نوێژی بە كۆمەڵ؟ فەرمووی: (والله إنَّ امرأةً تَمنعني من صلاة الصُّبحِ في جَماعة لامرأةُ سوء)[4]، واتە: سوێند بە الله ئافرەتێك قەدەغەم بكات لە نوێژی بەیانی بە كۆمەڵ بێگومان ئافرەتێكی خراپە.

---

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.12، ص.492.

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.149.

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1،ص.149.

(4) حياة الصحابة، الكاندهلوي، ج.3، ص.353.

هـــەینی

پلە و پایە و سوودەکانی ڕۆژی هەینی و نوێژی هەینی لە(ﷺ) خاڵدا

1- ڕۆژی هەینی ناوی یەکێکە لە سورە تەکانی قورئانی پیرۆز، کە بریتیە لە سورەتی ژمارە(62).

2- ڕۆژی هەینی گەورەترین ڕۆژە لە لای خودای گەورە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌ەتی: {يومَ الجمعةَ سيِّدُ الأيّام}[1]. واتە: ڕۆژی هەینی گەورەی هەموو ڕۆژەکانە.

3- باشترین ڕۆژ ڕۆژی هەینیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌ەتی: {خيرُ يوم طلعَتْ عليه الشمس يومُ الجمعةَ فيه خُلقَ آدَمُ، وفيه أُدْخلَ الجنَّةَ، وفيه أُخْرِجَ منهَا}[2]. واتە: باشترین ڕۆژ کە خۆری تێدا دەرکەوتبێت ڕۆژی هەینیە، لەو ڕۆژەدا باوکە ئادەم دروست کرا، تێیدا چووە ناو بەهەشت و تێیدا دەرکرا.

4- ڕۆژی هەینی تاوانەکان دەسرێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌ەتی: {الصَّلَواتُ الخَمْس، والجُمْعَةُ إلى الجمعَة، ورمضَانُ إلى رمضَانَ، مُكَفِّراتٌ ما بينهُنَّ إذَا اجتنبَ الكَبائرُ}[3]. واتە: پێنج نوێژەکان و هەینی بۆ هەینی و ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان دەبنە مایەی سڕینەوەی تاوانەکان لە نێوانیان ئەگەر دوور بکەوێتەوە لە تاوانە گەورەکان.

5- لە ڕۆژی هەینی نزا و پاڕانەوەکان وەرگیراون.

أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: لە باسی ڕۆژی هەینیدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: { فيه ساعةُ لا يوافِقُها عبدٌ مسلمٌ وهو قائمٌ يصلّي يسألُ اللهَ شيئا إلا أعطاهُ إياه}[4]. واتە: لە ڕۆژی هەینی کاتێك هەیە هەر بەندەیەکی موسڵمان لەو کاتەدا سەرقاڵ بێت بە نوێژ داوا لە خودا بکات بۆ هەر شتێك بێگومان پێی دەدات.

6- بە هۆی چوون بۆ نوێژی هەینی قاچەکان پارێزراو دە بن لە دۆزەخ. يَزيدى کوڕی باوکی مَريَم دەفەرموێت: بۆ نوێژی هەینی دە چووم، لە ڕێگا عَبا يَةى کوڕی رِفا عَة پێم

---

(1) ابن ماجة، الرقم(1084)، عن أبي لبابة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح ابن خزيمة.

(2) المسلم، الرقم(854)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(233)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) البخاري، الرقم(935)، ومسلم(852)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

گەیشت، پێی وتم: موژدەت لێبێت، چونکە هەنگاوەکانت لە ڕێگەی خودان، گوێم لە أ بو عَبْس بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِي سبيلِ اللَّه حَرَّمَهُ اللَّه علَى النَّارِ}[1]. وا تە: هەر کە سێك لە پێ ناو خودا قا چەکانی تۆزاوی ببن قاچەکانی قەدەغەکراو دەبن لە ئاگر.

7- هەینی خەڵاتی خودایە بۆ ئوممەتی ئیسلام.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: { أضَلَّ اللَّهُ عَنِ الجمُعَةِ مَن كانَ قَبْلَنا، فَكانَ لِلْيَهُود يَوْمُ السَّبْت، وكانَ للنَّصارى يَومُ الأحَد، فَجاءَ اللَّهُ بنا فَهَدانَا اللَّهُ لِيوم الجمُعَةِ}[2]. وَا تە: سەبارەت بە ڕۆژی هەینی خودای گەورە سەری لە ئەوا نەی پێش ئێمە شێواند، ڕۆژی شەممە بو بە هی جوولەکەکان، ڕۆژی یەك شەممە بوو بە هی گاورە کان، پا شان خودا ئێمەی هێنا و ڕێنموونی کردین بۆ ڕۆژی هەینی.

8- لە ڕۆژی هەینی دروود و سەلامەکان دەگەن بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) .

پێغەم بەری خودا فەرمو یەتی: { فأكْثِرُوا عليَّ مِنَ الصَّلاةِ فيه فإنَّ صلاتَكُم معروضةٌ عليَّ}، قالُوا: يا رسولَ اللَّهِ وكَيفَ تُعرضُ صلَاتُنا عليكَ وقد أرمتَ، فَقالَ: {إنَّ اللَّه عزَّ وجلَّ حرَّمَ علَى الأرضِ أجسادَ الأنبياءِ}[3]. وا تە: زۆر سەڵاواتم لە سەر لێ بدەن تێدا، چونکە بێگومان سەڵاواتەکانتان پیشانم دەدرێن. وتیان: چۆن سەڵاواتەکانمان پیشانت دەدرێن لە کاتێکدا تۆ بوویتەوە خۆڵ؟ فەرمووی: بێگومان خودای گەورە و بەرز خواردنی لا شەی پێغەمبەرانی لە زەوی قەدەغە کردووە.

9- نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ لە ڕۆژی هەینی گەورەترین نوێژە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ أفضلَ الصَّلواتِ عندَ اللَّهِ: صلاةُ الصُّبحِ يومَ الجمعةِ في جَماعةٍ}[4]. واتە: پایەدارترین نوێژ لە لای خودای گەورە نوێژی بەیانی ڕۆژی هەینیە بە کۆمەڵ.

10- هەر موسڵمانێك لە شەو و ڕۆژی هەینیدا بمرێت ڕزگار دەبێت لە سزای ناو گۆڕ.

---

(1) البخاري، الرقم(907)، وغيره.

(2) المسلم، الرقم(856)، عن أبي هريرة وحذيفة(رضي الله عنهما).

(3) أبو داود، الرقم(1047)، عن أوس بن أبي أوس(رضي الله عنه).

(4) رواه البيهقي في شعب الإيمان، الرقم(3045)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(1119).

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: { ما من مسلم يموتُ يومَ الجمعة أو ليلةَ الجمعة إلّا وقاهُ اللهُ فتنةَ القبر}[1]. واتە: هەر موسڵمانێك لە ڕۆژی هەینی یان شەوی هەینی بمرێت بێگومان خودای گەورە دەیپارێزێت لە سزای ناو گۆڕ.

11- خوێندنی سورەتی(الكَهْف) لە ڕۆژی هەینی مایەی ڕوناكیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من قرأ سورةَ(الكهف) في يوم الجمعة أضاء له من النورِ ما بين الجمعَتَين}[2]. واتە: هەر كەسێك لە ڕوژی هەینی سورەتی الكَهف بخوێنێتەوە تا ڕۆژی هەینییێكیتر بۆی دەبێتە مایەی ڕوناكی لە دونیا و دوارۆژدا.

12- ئەوەی زوو بچێت بۆ نوێژی هەینی پاداشتێكی زۆر گەورە بەدەست دێنێت.

جگە لەمەش فریشتەكان ناوی لە لاپەڕەیەك تۆمار دەكەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: { إذَا كانَ يومُ الجُمُعَة وقفَت المَلَائكَةُ علَى باب المَسْجد يَكْتُبونَ الأوَّل فَالأوَّلَ، ومثَل المهَجرِ كَمَثل الذي يهْدي بدَنَةً، ثُمَّ كَالذي يهْدي بقَرَةً، ثُمَّ كَبْشًا، ثُمَّ دَجَاجَةً، ثُمَّ بيْضَةً، فَإذَا خرَجَ الإمَام طَووا صحُفَهُم، ويستمعونَ الذِّكْرَ}[3]. واتە: كاتێك ڕۆژی هەینی دادێت فریشتەكان لە سەر دەرگای مزگەوت دەوەستن ناوی یەكەم كەس دەنووسن پاشان ئەوەی لە دوای وی، نموونەی ئەوەی زوو دەچێت وەكو ئەوە وایە و شترێكی بەخشیبێت، پاشان ئەوەی لە دوای ئەو دەچێت وەكو ئەوە وایە مانگایەكی بەخشیبێت، پاشان ئەوەی لە دوای ئەو دەچێت وەكو ئەوە وایە مریشكێكی بەخشیبێت، پاشان ئەوەی لە دوای ئەو دەچێت وەكو ئەوە وایە هێلكەیەكی بەخشیبێت، جا ئەگەر ئیمام دەركەوت ئەوانیش پەڕەكانیان دەپێچنەوە و گوێ دەگرن لە زیكر و ئامۆژگاری.

13- پاداشتی هەرە گەورە لە ڕۆژی هەینیدایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {من غَسَّل يومَ الجمعة واغتسل وبكَّر وابتكرَ ومشى ولم يَركبْ ودنا من الإمام واستمع ولم يلْغُ كان له بكلِّ خطوةٍ عملَ سنة أجرُ صيامها وقيامها}[4]. واتە: هەر كەسێك لە ڕۆژی هەینی سەر و لاشەی خۆی بشوات و زوو بچێت

(1) الترمذي، الرقم(1074)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه الألألباني في هداية الرواة(1316).

(2) البيهقي، الرقم(6209)، وغيره، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6470).

(3) البخاري، الرقم(929)، ومسلم(850)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) رواه أحمد، الرقم(1008)، وغيره، عن أوس بن أبي أوس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي(496).

بۆ نوێژی هەینی و بە پیادە بڕوات و لە ئیمام نزیك ببیتەوە و گوێ بگرێت و قسە نەکات، ئەو کات بە هەر هەنگاوێك پاداشتی یەك ساڵ بەڕۆژوو بوون و شەونوێژی بۆ هەیە.

14- لە ڕۆژی هەینی دونیا وێران دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {فيه النَّفخةُ، وفيه الصَّعقةُ}(1). واتە: فووی دونیا وێرانکەر، و مردنی هەموو خەڵکی تێیدا ڕوو دەدات.

15- ڕۆژی هەینی جەژنی موسڵمانانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە باسی ڕۆژی هەینیدا فەرموویەتی: {إنَّ هذا يومَ جعله الله عيداً للمسلمين،فمن جاء إلى الجمعة فلْيغْتَسلْ، وإن كان طيبٌ فليمَسَّ منه، وعليكم بالسِّواك}(2). واتە: بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکە خودای گەورە کردوویەتی بە جەژنی موسڵمانان، جا هەر کەسێك هات بۆ نوێژی هەینی با خۆی بشوات و ئەگەر بۆنی خۆشی هەبوو با بە کاری بێنێت، هەروەها سیواکیش بەکاربێنن.

16- ئەنجامدانی نوێژی هەینی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودای باڵادەستە.

خودای بەرز و بەتوانا فەرمانی بە بڕواداران کردووە بە چن بۆ نوێژی هەینی، دەفەرمووێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴿٩﴾﴾ الجمعة.

(1) أبو داود، الرقم(1047)، عن أوس بن أبي أوس(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(1098)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(2258).

چەند ڕووداوێك سەبارەت بە ڕۆژی هەینی

1- جابری کوڕی عبداللە دە فەرموێت: ڕۆژی هەینی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و تاری دەخوێندەوە، لەو کاتەدا کاروانێك لە چەندەها وشتر پێك هاتبوو، ها تە مەدینە، جۆرە ها کەل و پەلی لە خۆ گرتبوو، ئیتر خەڵکەکە هەر کە ئەمەیان زانی هەموویان ڕا یان کرد بۆ لای کاروانەکە، تەنها دوازدە کەس مایەوە لەگەڵ پێغەمبەری خودا، ئەوەبوو ئەوکات ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا﴾ الجمعة[1].

ئەهلی تەفسیر دەڵێن: سەردەمێك بوو نرخی شتوومەك بەرز ببوویەوە لە شاری مەدینە، بۆیە خەڵکە کە دووچاری برسییەتی ببوونەوە، لەو کا تەدا کاروانە کەی دِحْیَەی کوڕی خَلیفَەی کەلبی لە شام گەڕایەوە بۆ مەدینە بە دمبك لێدان، بۆ ئەوەی خەڵك پێی بزانن، لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خودا لە مزگەوت و تاری دەخوێندەوە، ئەوەبوو خەڵکە کە هەموویان ڕایان کرد بەرەو کاروانەکە چوون، تەنها دوازدە کەس نەبێت، أبوبکر و عمر لەم دوازدە کەسانە بوون، پا شان پێغەمبەری خودا فەرمووی: {والذي نفسي بيده لو تتابعتُم حتَّى لا يبقى منكم أحدٌ لَسالَ لكم الوادي نارا}[2]. واتە: سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە ئەگەر هەمووتان بە دوای یەکتردا بچووبان تا کەستان لێرە نەمابانا، ئەوا ئەم دۆڵە پڕ لە ئاگر بۆتان دەهاتە خوار.

2- پێشەوا نیسابوري(رحمه الله) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: لە سەردەمی سەلەف خەڵك لە دوای بەیانی بەرێ دە کەوتن بۆ مزگەوت، بە تایبەت لە ڕۆژانی هەینیدا، ئەوەندە زوو دەچوون، دونیا هێشتان تاریك بوو، بۆیە بە چرا دەچوون[3].

3- عبداللە ی کوڕی عُمر(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: جارێك یان لە ڕۆژی هەینی پێشەوا عُمر لەسەر مینبەر وتاری دەدا، و لەو کاتەدا یەکێك لە هاوەڵان ها تە ژوورەوە، عُمر بانگی کرد پێی فەرموو: ئەمەچ کاتێکە ئێستا تۆ هاتووی؟ کابرا و تی: ئیمرۆ زۆر سەرقاڵ بووم، هەر کە گوێم لە بانگ بوو دە ستنوێژم هەڵگرت و هاتم، عُمر فەرمووی: هەروەها خۆشت باش دەزانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی کردووە بە خۆشووشتن[4].

---

(1) البخاري، الرقم(936)، ومسلم(863)، وغيرهما.

(2) تفسير المنير، الزُّحيلي، ج.28، ص.196.

(3) رواه ابن حبان في صحيحه، الرقم(6877)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه).

(4) المسلم، الرقم(845).

السجدة

كڕنووش

پێناسەی كڕنووش

السَّجْدَةُ لغةً: التَّطامُنُ والمَيْلُ، وقيلَ: الخُضوعُ والتَّذَلُّلُ.

وشَـــــرْعاً: مُباشَرَةُ بَعضِ جَبْهَتِهِ مُصَلاهُ، أَوْ وَضْعُ جَميعِ الجَبْهَةِ[1].

واته: كڕنووش له زمانەوانیدا بريتيه له جێگیر بوون و بەلادا چوون. و و تراوه: ته سليم بوون و ملكەچبوونه.

له شەرعدا: گەیاندنی بەشێك یان هەموو ناوچەوانی به شوێنی نوێژ لێكردن.

وتراوه: كڕنووشی تەواو بريتيه له دانانی نێوچەوان و هەردوو بەری دە ست□ ناو لەپ□ و هەردوو چۆك و هەردوو پەنجەگەورەكانی پێی به زەوی به مەبەستی ملكه چی بەرام بەر گەورەیی خودا.

(1) مغني المحتاج، الخطيب الشربيني، ج.1، ص.168.

پلە و پایەکانی کڕنووش بردن بۆ خودای گەورە لە( ) خاڵدا

1- بەجێگەیا ندنی فەرمانی خودا یە، خودای گەورە لە چەندین شوێن لە قورئا ندا فەرمانی بە مرۆ ڤەکان کردووە بە کڕ نووش بردن، دە فەرمویێت: ﴿فَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ وَٱعْبُدُواْ۩﴾ النجم. واتە: کڕنووش بۆ خودا ببەن و بیپەرستن.

2- کڕنووش بردن بۆ خودا نیشانەی بڕواداریە.

خودای گەورە لە قورئاندا فەرمان بە بڕواداران دەکات بە کڕنووش بردن، دە فەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرْكَعُواْ وَٱسْجُدُواْ﴾ الحج.

3- کڕ نووش بردن بۆ خودا با شترین هۆ کارە بۆ نز یك بوو نەوە لە پەروەردگار، دەفەرموێت: ﴿وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب۩﴾ العلق. واتە: کڕنووش ببە و لە خودا نزیك ببەوە.

4- کڕنووش بردن بۆ خودا باشترین شتە بۆ دڵخۆش بوون لە کاتی نارِحەتی، بۆیە کاتی دڵتەنگ بوونی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەهۆی قسە نارەوا کانی بیٚ برِوا کان خودای گەورە فەرمانی پێدەکات بە کڕنووش بردن فەرمـوویەتی: ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ۝ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ الحجر. واتە: سوێند بێت ئێمە دەزانین تۆ دڵت تەنگ دەبێت بەهۆی قسەی بیٚ برِواکان، بۆیە لە هەموو کاتێك تەسبیحاتی پەروەردگارت بکە و لە ڕیزی کڕنووشبەران بە.

5- تەواویی نوێژ پەیوەستە بە تەواویی و ڕێکی کڕنووش بردن.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {لا صلاةَ لِمن لا يقيم صلبَهُ في الرُّكوعِ والسُّجود}[1]. وا تە: نوێژی درووست نیە ئەو کەسەی پشتی خۆی ڕاست و ڕێك نەکات لە ڕکوع و سوجدەدا.

6- لەبەر پلە و پایەی کڕنووش یەکێك لە(114) سورِە تەکانی قورِ ئانی پیرۆز بە ناوی سورِەتی(السَّجدة)یە، کە بریتیە لە سورِەتی ژمارە(32) لە قورِئاندا.

7- بە کڕنووش بردن برِوادار و دووڕوو لە یەك جیادەبنەوە.

(1) ابن ماجة، وغيره، عن علي بن شيبان رحمه الله وهو مختلف في صحبته، وصححه الألباني.

وەک دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ ٤٢﴾ القلم. واتە: لە ڕۆژێك کە بەر ئەژنۆ دەرئە کەوێت، و بانگ دە کرێن بۆ کڕنووش بردن ناتوانن.

هەرچی دووڕوو بێت لە لە ڕۆژی دوایی ناتوانێت وەکو بڕواداران کڕنووش ببات بۆ خودا.

8- هەموو شتێك کڕنووش دەبات بۆ خودا.

خودای پەروەردیگار فەرموویەتی: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسۡجُدُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ ١٨﴾ الحج. واتە: ئایا نەتبینی کە بەڕاستی کڕنووش بۆ خودا دە بات ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدا یە، خۆر و مانگ و ئە ستێرەکان و چیاکان و درە خت و گیانلەبەرەکان و زۆرێکیش لە خەڵکی...

9- بەهۆی پلە و پایەی کڕنووش بردن، بە ئەندازەی ناوەکانی خودا وا تە (99) جار وشەی(سَجــدة) بە هەموو وشە و واتا داتاشراوەکانیەوە لە قورئاندا هاتووە[1].

10- کڕنوش بردن بۆ خودا یەکێکە لە نیشانە و سیفەتی بەندە چاکەکانی خودا.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا ٦٤﴾ الفرقان. واتە: ئەوانەی شەو تا بەیانی ڕوو بە پەروەردگاری خۆیان کڕنووش دەبەن و وەستاون.

11- کڕنووش بردن بۆ خودا نیشانە و دیارترین درووشمی تەوبەکارانە.

بۆیە کاتێك جادووکارەکانی سەردەمی فیرعەون تەوبە دەکەن، یەکەم شت کە ئەنجامی دەدەن کڕنووش بردنە بۆ خودای گەورە، دە فەرموێت: ﴿فَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ٤٦ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٧﴾ الشعراء. واتە: جادووکارە کان یەکسەر کڕنووشیان برد، وتیان: بڕوامان هێنا بە پەروەردگاری جیهانیان.

12- لە کاتی کڕنووش بردن نزاکان گیرا دەبن.

(1) خوانی روح، م أحمد شەریعەتی، ط.3، ص.23.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {أَقْرَبُ ما يَكونُ العَبْدُ من ربِّه، وهو ساجدٌ، فأَكْثرُوا الدُّعاء}[1]. واتە: لە کاتی کڕنووش برد ندا بەندە لە هەموو کاتەکان لە پەروەردگاری نزیکترە، کەواتە زۆر نزا بکەن مەبەست: لە ناو کڕنووشدا.

13- کڕنووش بردن بۆ خودا تاوانەکان دەسڕێتەوە و پلەی بڕوادار بەرز دەکا تەوە، بۆیە کاتێك ثوبان(رضي الله عنه) پرسیار لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکات ئایا مرۆڤ- بەچ شتێك خودا دەیباتە بەهەشت، یان خۆشەویسترین کردەوە لەلای خودا چیە؟ فەرمووی: {عَلَيْكَ بكَثْرَة السُّجود لله، فإنَّكَ لا تَسْجُدُ لله سَجْدَةً، إلا رفَعكَ اللَّهُ بها دَرَجَةً، وحطَّ عَنْكَ بها خَطيئَةً}[2]. واتە: زۆر کڕنووش بۆ خودا بەرە، چونکە بێگومان بەهۆی هەر کڕنوو شێکت بۆ خودا، خودای گەورە پلەیێکت بەرز دەکاتەوە و تاوانێکت دەسڕێتەوە.

14- بەهۆی کڕ نووش بردن بڕوادار دەبێ تە دۆ ستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بەهەشت.

بۆیە کاتێك پێغەمبەری خودا بە رَبيعَة ی کوڕی کَعْب دەفەرموێت: {سل}، واتە: داوا بکە. ئەویش دەڵێت: (أسألُك مرافقتَك في الجنَّة) . وا تە: داوات لیّ دە کەم ببم بە هاوڕێت لە بەهەشت، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {فأَعِنِّي علَى نَفْسكَ بكَثْرَة السُّجُود}[3]. وا تە: بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیم بدە بۆ خۆت زۆر کڕنووش ببە.

15- ئاگری دۆزەخ شوێنی کڕنووش ناسووتێنێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {فكلُّ ابن آدم تأكُلُه النَّار إلا أثَر السُّجُود}[4].

16- یەك کڕنووش بردن بۆ خودا باشترە لە هەموو دونیا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {والَّذي نَفْسي بيَده، لَيُوشكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فيكُمُ ابن مريم حكَما عَدْلاً، فَيَكْسر الصَّليبَ، ويقْتل الخنزير، ويضَع الجزيَةَ، ويفيضَ المَالُ حتَّى لا يَقْبَلَهُ أَحَدٌ، حتَّى تَكُونَ السَّجْدَةُ الوَاحدَةُ خَيْرًا من الدُّنْيَا وما فيها}[5]. وا تە: سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، نزیکە کوڕی مەریەم وەکو دادوەرێکی داد پەروەر دا بەزێت

(1) المسلم، الرقم(488)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) المسلم، الرقم(488)، وغيره، عن معدان بن أبي طلحة(رحمه الله).
(3) المسلم، الرقم(489).
(4) البخاري، الرقم(806)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(5) البخاري، الرقم(3448)، ومسلم، الرقم(155)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

بۆ لاتان، خاچ دەشکێنێت، و بەراز دەکوژێت، سەرانە ناهێلێت، ماڵ زۆر دەبێت کەس وەری ناگرێت، تاوەکو دوذ یا وایلیدێت کوڕنوو شێك با شترە لە دوذ یا و هەر چی لە ناویەتی.

17- کڕنووش کەموکڕیەکانی نوێژ پڕ دەکاتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {إذا شَكَّ أحَدُكُم في صَلاته، فَلَمْ يَدْر كَمْ صَلّى ثَلاثاً أمْ أربعا، فَلْيَطْرِح الشَّكَّ ولْيَبْنِ علَى ما اسْتَيقَن، ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْن قَبلَ أنْ يُسلّم، فإنْ كانَ صلّى خَمْسا شَفعن له صلاتَه، وإنْ كانَ صلّى إتْماما لأَرْبعٍ كانَتا تَرْغيما للشَّيْطان}[1]. وا تە: ئەگەر یەکێك کەوتە گومان لە نوێژەکەیدا نەیدەزانی سێ یان چوار ڕەکعاتی کردووە، با گومانەکەی لاببات بە یەقینەکەی تەواوی بکات، پا شان با دوو کڕنووش ببات پێش سەلام دانەوە، جا ئەگەر پێنج ڕەکعاتی کردبوو کڕنووشەکان بۆی دەکەنە چووت وا تە: بۆی هەژمار دەکات بە شەش ڕە کەعات، دوا نی بە سوننەت هەژمار دەکرێت، ئە گەر نوێژکرنە کەی تەواو کەری چوارەم بوو ئەوە دەبێ تە سەر شۆڕکەر و ڕیسـواکەری شەیتان.

18- کڕنووش بردن بۆ خودا شەیتان دەگریێنێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {إذا قرأَ ابنُ آدمَ السَّجْدَةَ فَسجَدَ، اعْتَزلَ الشَّيْطَانُ يبكي، يقولُ: يا ويلَه أُمرَ ابنُ آدمَ بالسُّجود فسجدَ، فَلَهُ الجنةُ، وأُمرتُ بالسُّجود فَعصَيْتُ فَلي النارُ}[2]. واتە: هەر کاتێك ئادەمیزاد ئایەتی کڕنووشی خوێندەوە و کڕنووشی برد، شەیتان کەنارگیر دەبێت دەگریت، دەڵێت: سزا بۆ خۆم ئادەمیزاد فەرمانی پێکرا کڕنووشی برد بەهەشت بۆ ئەوە، و منیش فەرمانم پێکرا کڕنووشم نەبرد ئاگر بۆ منە.

19- لە قورئانی پیرۆز(34) جار وشەی(سجده) کڕنووش بۆ ژیرە کان هاتووە بە ئەندازەی کڕنووشەکانی ناو نوێژە فەرزەکان لە شەو و ڕۆژێکدا.

---

(1) المسلم، الرقم(571)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(81)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەك لە وتەكانی هاوەڵان و زانایان دەربارەی كڕنووش

1- هاوەڵی بەڕێز أ بو ا لدرداء(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (لَولا ثَلاثٌ ما أَحببت البقاء، ساعةً: ظَمأ الهواجرِ، والسُّجود في اللّيلِ، ومجالَسة أَقْوام ينتقون جيدَ الكَلام كَما ينْتقي أَطايب الثَّمرِ)[1]. وا تە: لە بەر سیٚ شت نەبوا یە حەزم نەدەكرد بمێنمەوە لە دونیا، ساتی: تێنوێتی كا تە گەرمەكان مەبەستی لە تێنوێتی ڕۆژووە، كڕنووش بردن لە شەودا، دانیشتن لەگەڵ كەسانێك وتەی ڕێك وباش هەڵدەبژێرن هەروەك چۆن یەكێكیان باشترین میوە هەڵدەبژێرێت.

2- مَسروق دەفەرموێت: (ما من الدُّنيا شَيءٌ آسى علَيه إلّا السُّجودَ للَّه عَزَّ وجَلَّ)[2]. واتە: لە دونیادا شتێك نیە لەدەستدانیَ مایەی نیگەرانی بێت تەنها كڕنووش بردن بۆ خودای گەورە نەبێت.

3- ا بن ر جب دە فەرموێت: (السجود هو أَعظَم ما يظهر فيه ذُلُّ العبد لربّه عزَّ وجلَّ)[3]. وا تە: كڕنووش بردن بۆ خودا گەورەترین شتە كە ملكە چی بە ندە بەدیاردەخات بۆ پەروەردگاری. چونكە بەرزترین و گرنگترین ئەندامی لەشی خۆی كە ناوچەوانە دادەنێتە سەر زەوی بۆ خودای گەورە.

4- زانا یان فەرموویا نە كڕنووش بردن بۆ خودا هۆكارێكە بۆ بەزەیی خودا بۆ بەندەكەی، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُواْ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا۩٦٠﴾ الفرقان. واتە: كاتێك پێیان دەوترێت: كڕنووش ببەن بۆ خودای بەخشندە ئەوان دەڵێن: بەخشندە كیٚ یە؟ ئایا كڕنووش دببەین بۆ ئەو كەسەی تۆ فەرمانمان پیٚ دەكەی، بەم جۆرە زیاتر پشت هەڵدەكەن.

---

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.2، ص.349.

(2) نزهة الفضلاء في تهذيب سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.1، ص.333.

(3) مجموعة رسائل، ابن رجب الحنبلي.

چەند نموونەیەك لە ژیانی پێغەمبەران(علیهم الصلاة و السلام) و هاوەڵان و پیاوچاكان سەبارەت بە كڕنووش بردنیان بۆ خودای گەورە

1- پێغەمبەران(علیهم السلام) بە گشتی هیوا و ئاواتیان كڕنووش بردن بووە بۆ خودا لە سورەتی مریم دوای ئەوەی با سی چەند پێغەمبەرێـک دە كات، لە كۆتایدا دە فەرمویێت: ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَٰنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۩ ٥٨﴾ مریم. وا تە: ئەگەر ئایەتەكانی خودایان بەسەر دا بخوێندرابا دەستبەجێ دەكەوتنە كڕنووش بردن و دەگریان.

2- حذیفةی كوڕی یَمان(رضي الله عنه) دە فەرمویێت: جارێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە یەك ڕەكعەتدا سورەتی(البقرة و آل عمران و النساء)ی خوێندەوە، پاشان ڕ كوعی برد وتی: {سبحانَ ربِّي العظيم}. پا شان چووە ڕ كوع هەر ئەوەی دووبارە دە كردەوە، بە ئەندازەی وەستانی بە پێوە لە ڕكوع ما یەوە، ئەوجا هەڵسایەوە و فەرمووی: {سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، ربَّنا ولَكَ الحمدُ}.. پا شان نزیكەی بە ئە ندازەی ڕ كوع ما یەوە، پاَ شان كَڕنوو شی برد و فەرمووی: {سبحانَ ربِّي الأعْلى}. دەڵێت: لەم كڕنوو شەدا ئەوە ندە مایەوە نزیك بوو لە ئەندازەی مانەوەی بە پێوە[1].

3- هاوەڵان(رضي الله عنهم)، ئەوە ندە بە سە خودای گەورە ستایشیان دە كات كە دە فەرمویێت: ﴿تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا ۖ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ۚ ٢٩﴾ الفتح. واتە: دەیان بینیت بەردەوام لە ڕ كوع و كڕنووش بردن دا بوون مەبە ستیان فەزل و ڕەزامە ندی خودا یە، نیشانە لە ناو چەوانیان د یارە بەهۆی كڕنووش بردنیان.

4- ابو نوح ی ئەنصاری(رحمه الله) دەڵێت: ڕۆژێكیان ئاگر لە ماڵی علی كوڕی حُسین بەربوو، لەو كاتەدا ئەو لە كڕنوو شدا بوو، دوای كوژا نەوەی ئاگرە كە لێیان پرسی، لە وەڵامدا فەرمووی: ئاگام لەم ئاگرە نەبوو چونكە ئاگرێكیتر منی سەرقاڵ كردبوو[2].

---

(1) المسلم، الرقم(772).

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2 ص.67.

5- أعمَش ده فه‌رموێت: (كانَ إبراهيم التَّميمي إذا سجدَ كَأَنَّهُ جُزْمٌ الحائط ينزلُ على ظَهره العصافير)[1]. وا ته: هه‌ر كات إ براهيم ده چووه كڕ نووش وه كو لـ قه‌دارَی ناو د یوار پ‌ه‌رژین دەمایەوە بە شێوەیەك چۆلەكەكان لەسەر پشتی دەنیشتن.

6- دەربارەی سوفیانی ثوری: علی كوڕی فُضَیل ده فه‌رموێت: (رأَيت الثّوريَّ في الحرم بعدَ المغرِب صلّى، ثمَّ سجد سجدةً فلَم يرفَع حتى نُودي بالعشاء)[2]. وا ته: سه‌وریم بینی له حه‌ڕ ه‌می مه‌ككه‌دا دوای نوێژی مه‌غریب نو ێژێكی كرد، پا شان كڕنوو شێكی برد سه‌ری به‌رز نه‌كرده‌وه تا بانگی عیشا درا.

7- كۆچی دوایی كرد له كڕنووشدا.

یه‌كێك له بانگخوازانی وڵاتی سعودیه به ناوی فیصل ی مه‌تعانی(رحمه الله)، دانیشتووی شاری ڕیاز بوو، له‌و كا ته‌ی ته مه‌نی سی ساڵ بوو به مه‌به ستی ئه‌نجا مدانی عـومڕه گه‌شت ده كات بۆ شاری مه‌ككه‌ی پیرۆز، به‌ڵام به قه‌ده‌ری خودا پا سه‌كه دووچاری ڕووداوی هاتووچۆ ده‌بێت و گڕده‌گرێت، به هه‌ر حاڵ دوای گه‌یشتنی ڕ ێیاوانی هاتوو چۆ بینیان ئه‌و بانگخوازه له سه‌ره‌مه‌رگدایه و هه‌ر ده‌ڵێت: قیبله له كام لا یه؟ ئه‌وانیش پ ێی ده‌ڵێن، ده ستبه‌جێ ڕوو ده‌كا ته قیبله و ده چێته كڕنووش، هه‌ر له كڕنووشدا گیانی سپارد[3].

8- دەربارەی كڕنووشی فریشته‌كان.

أبو ذری غیفاری(رضي الله عنه) ده‌فه‌رموێت: پێغه‌مبه‌ری خودا(ﷺ) به ئێمه‌ی فه‌رموو: {إنّي أرَى ما لا ترونْ، وأَسمَعُ ما لا تَسمَعون !إنَّ السَّماءَ أطَتْ، وحقَّ لها أن تَئِطَّ؛ ما فيها موضعُ أربَعِ أصابعَ إلاّ وملَكٌ واضعٌ جبهتَه ساجدًا لله}[4]. وا ته: به‌ڕا ستی ئه‌وه‌ی من ده‌یبینم ئێوه نایبینن و ئه‌وه‌ی من ده‌یبیستم ئێوه نایبیستن، ئاسمان چیڕه‌ی لێوه دێت و مافی خۆیه‌تی ئه‌و چیڕه‌ی لێوه بێت، چونكه شوێنی چوار په‌نجه نیه له ئا سمان مه‌گه‌ر فریشته‌یه‌ك ناوچه‌وانی خۆی دانه‌نابێت له كڕنووشدایه بۆ خودا.

(1) صلاح الأمة، أبو التراب سيد حسن بن عبدالله العفاني، ج.2، ص.293.
(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.6، ص.644.
(3) ئەندازیار عثمان، زەردە خەنەی هیوا، ص.21.
(4) الترمذي، الرقم(2312)، وحسنه الألباني في السلسة الصحيحة(1722).

9- دەربارەی علی کوڕی عبداللە ی کوڕی عبّاس کە یەکێکە لە تابعین، أوزا عي و ع لي کوڕی جم لة(رحمهما الله) فەرموویا نە: (كانَ عَليُّ بنُ عبدالله بن عَبّاس يسجدُ كُلَّ يوم أَلْفَ سَجدَة)[1]. وا تە: ع لی کوڕی ع بداللە ی کوڕی ع باس ڕۆژێ هەزار کڕنوو شی دە برد بۆ خودای گەورە.

10- صفوان ی کوڕی سلیم(رحمه الله) کە یەکێکە لە تابعین، ئەو پ یاوە خوانا سە بە شێوەیەك خواپەر ستی دە کرد سُلیمانی کوڕی سالم دەڵ ێت: صفوان لە هاوی ندا لە ژوورەوە شەونوێژی دەکرد بۆ ئەوەی لە گەرما خەوی لیَ نەکەوێت، لە زستانیشدا لە سەر بانی ماڵەکەیان بۆ ئەوەی لەسەرما خەوی لێنەکەوێت.

ئەو پیاوە بەڕێزە تا لە ژیاندا بوو تەنیشتەکانی لەسەر زەوی دانەنان بۆ پشوودان.

مُحمدی کوڕی مَن صور(رحمه الله) دە فەرموێت: خەڵکی مەدي نە دە یان وت: بەهۆی زۆر کڕنووش بردن ناوچەوانی صفوان ئاسەوار و نیشانەی پێوە دیاربوو[2].

11- مُرّةی کوڕی شَراحیلی هەمدانی یەکێك بوو لە خوا ناس و خواپەر ستەکان، بە شێوەیەك لە شەو و ڕۆژێکدا شەش سەد ڕەکعەتی دەکرد.

حارث ی غە نەوی(رحمه الله) دە فەرموێت: (هە مدانی) ئەو ندە کڕنوو شی دە برد تاوای لێ هاتبوو ناو چەوانی خوار ب بوو بەهۆی خۆڵی ژ ێر ناو چەوانی، دوای مر نی یەکێك لە خزمەکانی لە خەونیدا بینی ناو چەوانی وە کو ئە ستێرەیەکی پڕ شنگدار دەدرەو شایەوە، دەڵ ێت: پ ێیم وت: ئە مە چیە لە ڕوخ سارت بەدی دە کەم؟ فەرمووی: ناو چەوانم بە زەرفێکی نوور داپۆشرا بۆ ئەوەی خۆڵ کاریگەری تێنەکات[3].

12- دەر بارەی مو سای کوڕی أ بو عائ شة(رحمه الله) جر یر ی کوڕی عبدالحم ید دەفەرموێت: ئەو کاتەی موسام بینی بە بینینی ئەو خودای گەورەم بیرکەو تەوە، بەهۆی زۆر کڕنووش بردنی بۆ خودا لە نێوان چاوەکانی شوێنەواری کڕنووشی لیَ دیار بوو[4].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.76.

(2) المصدر السابق، ص.105.

(3) المصدر السابق، ج.3، ص.21.

(4) المصدر السابق، ص.78.

المسجد

مزگەوت

پێناسەی مزگەوت

المَسْجِدُ اصطِلاحاِ: المَكانُ الذي أُعِدَّ لِلصَّلاةِ فيهِ عَلى الدّوامِ[1]. واتە: وشەی المسجد: لە زاراوی شەرعدا ئەو شوێنەیە کە ئامادە کراوە بۆ نوێژکردن لێی بە بەردەوامی.

وأصْلُ المَسْجِدِ شَرعاً: كُلُّ مَوضِعٍ مِنَ الأرضِ يُسْجَدُ لله فيه[2]. لِحَديثِ جابِرٍ(رضي الله عنه) عن النَّبيِّ(ﷺ): {وجُعِلَتْ لي الأرضُ مَسْجِداً وطَهُوراً، وأَيُّما رَجُلٍ من أُمَّتي أدْرَكَتْهُ الصَّلاةُ فَلْيُصَلِ}[3]. واتە: ئەسڵی(المسجد) لە شەرعدا: بە هەموو شوێنێك دەوترێت لە زەویدا کە کڕنووشی لێبەردرێت بۆ خودا. لە بەر فەرموویدەی جابر کە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) گێڕاویەتیەوە، فەرموویەتی: زەویم بۆ گێڕدراوە بە مزگەوت، پاککەرەوە، هەر کەسێك لە ئوممەتم کاتی نوێژی پێگەیشت با نوێژ بکات.

بۆ پێی دەوترێت(مَسجِدٌ) بۆ پێی ناوترێت(مَرْكعٌ)؟

پێشەوا زَرْكَشي(رحمه الله) دە فەرمویێت: (ولَما كانَ السُّجودَ أَشْرَفَ أَفعال الصَّلاة لِقُرب العَبد مِن ربّه اشْتَقَّ اسم المَكان مِنْهُ فقيل مسجِدٌ، ولَمْ يقولوا مركع)[4]، واتە: لە بەر ئەوەی سوجدە پایەدارترین کردەوەکانی نوێژە بەهۆی نزیکبوونی بەندە لە پەروەردگاری خۆی بۆیە ناوی شوێنی لێ وەرگیراوە، وترا: مَسْجِد، واتە: شوێنی کڕنووش، نەیان وت: مَرْكع واتە: شوێنی ركوع.

(1) معجم لغة الفقهاء، د. حمد رواس، ص.397.

(2) إعلام الساجد بأحكام المساجد، الزركشي، ص.27.

(3) البخاري، الرقم(438)، ومسلم(521).

(4) إعلام الساجد بأحكام المساجد، الزركشي، ص.58.

پلە و پایە و سوودەکانی مزگەوت لە(□□) خاڵدا

1- درووستکردنی مزگەوت نیشانەی باوەڕە.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَعۡمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ التوبة. واتە: بەراستی کەسێک مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان دەکا تەوە کە بڕوای هێنابێت بە خودا و بە ڕۆژی دوای.

2- بە هۆی پەیوەندی هەبوون لەگەڵ مزگەوت موسڵمان پاك دەبێتەوە لەلای خودا و خۆشەویست دەبێت.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿فِيهِ رِجَالٞ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُطَّهِّرِينَ﴾ التوبة. واتە: چەند کەسانێکی مەرد لە مزگەوتدا هەن حەز دە کەن خۆ یان پاك ڕابگرن لە دەروون و ڕواڵەتدا، خودا ئەوانەی خۆش دەوێت کە خۆیان پاك ڕادەگرن.

3- لەبەر پایەداری و پیرۆزی مزگەوت خودای گەورە فەرمانی کردووە بە خۆ جوان و ڕێککردن لە کاتی چوونمان بۆ مزگەوت.

دەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾ الأعراف. واتە: ئەی ئادەمیزاد پۆشاکی جوان و ڕازاوتان بپۆشن هەرکات چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژ.

4- لەبەر پلە و پایەی مزگەوت خودای گەورە مزگەوتەکانی وە کو مولکی تایبەت بە خۆی لە قورئاندا باس کردووە.

دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ﴾ الجن. واتە: مزگەوتەکان تایبەت هی خودان.

5- لەبەر گەورەیی و پێگەی مزگەوت ئەو کەسەی ڕێگری لێ بکات یان هەوڵی وێران کردنی بدات ستەمکارترین کەسە لەلایەن خودای پەروەردگار.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآۚ﴾ البقرة. واتە: ئەبێ کێ لەو کەسە ستەمکارتر بێت کە ڕێگری لە مزگەوتەکان کردبێت کە ناوی خودایان تێدا ببرێت و هەوڵی داوە بۆ وێران کردنیان.

6- بە هۆی هەبوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مزگەوت موسڵمان دووچاری گەرمای دوارۆژ نابێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌یەتی: حەوت کەس خودا سێبەریان لێ دەکات لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری ئەو، جا یەکێك لەوانە: {ورجل قَلْبُه معلّقٌ بالمَساجد}[1]، واتە: کەسێك دڵی هەڵواسراوە و پەیوەستە بە مزگەوتەکان.

7- بە هۆی هاتووچۆی موسڵمان بۆ مزگەوت خودای گەورە خانوو و شوێنی تایبەت بۆی دابین دەکات لە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَن غَدَا إلى المَسْجد أَو رَاح، أعَدَّ اللّهُ له نُزُلَهُ من الجَنَّة كُلَّما غَدَا أوْ راح}[2]، واتە: هەرکەسێك هاتووچۆی مزگەوت بکات بە هۆی هەر هاتووچونێك خودا شوێنێکی لەبەهەشت بۆی ئامادە دەکات.

8- مزگەوتەکان خۆشەویسترین شوێنن لەلای خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {أَحبُّ البلَاد إلى الله مَسَاجدُهَا}[3]، واتە: خۆشەویسترین شوێن لای خودا مزگەوتەکانیەتی.

9- گەورەیی پاداشتی دروستکردنی مزگەوت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {من بنَى مسْجداً، يبْتَغي به وجه الله، بنَى اللّه له بيتا في الجَنَّة}[4]، واتە: هەرکەسێك مزگەوتێك درووست بکات، بە مەبەستی خودا لە خۆی ڕازی بکات، خودای گەورە خانوێکی بۆ درووست دەکات لە بەهەشتدا.

10- پلە وپایەی پاککردنەوەی مزگەوت.

أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: ئافرەتێکی ڕەشپێست هەموو جار مزگەوتی پاك دەکردەوە، دوای دیارنەمانی ماوەیەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەواڵی پرسی، پێیان وت: کۆچی دوایی کردووە، فەرمووی: {فَهَلاّ آذَنْتمُونِي}. واتە: جا خۆزگە منتان بانگ بکردایە. پاشان چووە سەر گۆڕەکەی نوێژی لەسەر کرد[5].

11- بە هۆی چوونە مزگەوت لە تاریکیدا دواڕۆژی خاوەنەکەی ڕۆشنا دەبێت.

---

(1) البخاري، الرقم(660)، ومسلم(1031)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(662)، ومسلم(669)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) المسلم، الرقم(671)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(4) البخاري، الرقم(450)، ومسلم(533)، وغيرهما، عن عثمان بن عفان(رضي الله عنه).
(5) البخاري، الرقم(458)، ومسلم(956)، وغيرهما.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {بشّرِ المشّائينَ في الظُّلمِ إلى المساجد بالنُّورِ التّامِّ يومَ القيامة}[1]. واتە: مژدە بدە ئەو کە سانەی لە تاریکیەکا ندا دە چن بۆ مزگەوتەکان بە ڕۆناکی تەواو لە دواڕۆژدا.

12- چوون بۆ مزگەوت تاوان دەسڕێتەوە و پلەی خاوەنەکەی بەرز دەکاتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَنْ تَطَهَّرَ في بيتْه ثُمَّ مشى إلى بيت مِن بيوت الله، ليقْضي فريضَةً مِنْ فرائضِ الله، كانتْ خطواتُه إحداهما تحطُّ خطيئَةً، والأخرى ترفَعُ درجةً}[2]. واتە: هەر کەسێك لە ماڵ دەستنوێژ هەڵگرێت، پا شان بەرەو یەکێك لە ماڵەکانی خودا بڕوات بۆ ئەنجامدانی فەرزێك لە فەرزەکانی خودا ئەوە هەنگاوەکانی یەکێکیان دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوانێك، ئەوەیتر دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی پلەیێك.

13- چوون بۆ مزگەوت هۆکارێکە بۆ ڕزق و ڕۆزی و چوونە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {ثلاثةٌ كلُّهم ضامنٌ علَى الله إنْ عاش رُزق وكُفي وإنْ مات أدخَلهُ اللهُ الجنَّةَ: مَن دخَل بيتَه فسلَّم فهو ضامنٌ على الله ومَن خرَج إلى المسجد فهو ضامنٌ على الله ومَن خرج في سبيل الله فهو ضامنٌ على الله}[3]. وا تە: خودا زەما نەتی ڕزق و ڕۆزی و چوونە بەهەشت دە کات بۆ سێ کەس، هەر کە سێك دەچێتەوە ماڵ و سەلام بکات، وە کەسێك لە ماڵ دەردەچێت بۆ مزگەوت، وە کە سێك دەردەچێت بۆ تێکۆشان لە پێناو خودا.

14- کۆبوونەوە لە مزگەوت بە مەبەستی قورئان خوێندن مایەی بەزەیی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {وما اجْتَمع قَوْمٌ في بَيْت من بيُوت الله، يَتْلُونَ كتَابَ الله، ويَتَدارسُونه بينَهم؛ إلا نَزَلَتْ عليهم السَّكينَةُ، وغَشيتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحفَّتْهُمُ المَلائكَةُ، وذَكَرَهُمُ اللَّهُ فيمن عنْدَهُ}[4]. واتە: هەر گەلێك کۆ ببێتەوە لە یەکێك لە ماڵەکانی خودا قورئان بخوێننەوە، دیراسەی بکەن لە نێوان خۆیاندا، ئیللا ئارامی و دڵنەوایی بە سەریاندا دێت و بەزەیی خودا دا یان دەپۆشێت و فریشتەکان دەوریان ئەدەن و خودای گەورە باسیان دەکات لە لای ئەوانەی لە لای خۆیەتی.

(1) أبو داود، الرقم(561)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(2) المسلم، الرقم(666)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) أبو داود، الرقم(2494)، وابن حبان وصححه، عن أبي أُمامة الباهلي(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(2966)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

15- مزگەوت ماڵی تەقوادارانە و هۆکارێکە بۆ پەڕینەوە لە پردی سیڕات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {المسجدُ بيتُ كلِ تقيٍ، وتكفَّل اللهُ لمَن كان المسجدُ بيتَهُ بالرُّوحِ والرَّحمة، والجَوازِ على الصِّراط إلى رضوان الله، إلى الجنَّة}[1].

واتە: مزگەوت ماڵی هەموو تەقوادارێکە، هەر کەس مزگەوت بکات بە ماڵی خۆی پەیوەندی زۆر لە گەڵ مزگەوت، خودا کەفالەتی دەکات بە ئاسوودەیی و بەزەیی و دەربازبوون لە پردی سیڕات بەرەو ڕەزامەندی خودا، بۆ بەهەشت.

16- ئاوەدانکەرەوەی مزگەوت دراوسێی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {إنَّ اللهَ لَيُنادي يومَ القيامة: أين جيراني، أين جيراني؟ قال: فتقولُ الملائكةُ: ربَّنا! ومن ينبغي أنْ يُجَاوِرَكَ؟ فيقولُ: أين عُمَّارُ المَساجد؟}[2].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە بانگ دەکات کوانێن دراوسێکانم؟ کوانێن دراوسێکانم؟ فریشتەکان دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان کێ پێویستە دراوسێی تۆ بێت؟ خودا دەفەرموێت: کوانێن ئەوانەی ئاوەدانکەرەوەی مزگەوتەکانن.

17- تف کردن لە ناو مزگەوت بە تاوان هەژمار دەکرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {البُزَاقُ في المَسْجد خَطيئَةٌ وكَفَّارَتُهَا دَفْنُهَا}[3]. واتە: تف کردن لە مزگەوت تاوانە و کەفارەتەکەشی لابردنیەتی.

18- سەبارەت بە ڕاگرتنی گەورەیی و پیرۆزیی مزگەوت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من سَمِعَ رجلًا يَنْشُدُ ضالَّةً في المَسْجد فَلْيَقُلْ: لا ردَّها اللَّهُ عليك فإنَّ المَساجدَ لَمْ تُبْنَ لهذا}[4]. واتە: هەر کەسێك گوێی لە کەسێك بوو بانگەوازی بۆ شتێکی ونبوویی دەکرد لە ناو مزگەوت با بلێت: خودا بۆتی نەگەڕێنێتەوە، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەمە دروست نەکراون.

19- خودای گەورە زۆر خۆشحاڵە بە ئەهلی مزگەوت.

---

(1) رواه الطبراني، الرقم(6143)، وغيره، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه).

(2) رواه أحمد، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2728).

(3) البخاري، الرقم(415)، ومسلم(552)، وغيرهما، عن أنس(رضي الله عنه).

(4) المسلم، الرقم(568)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {ما توطّن رَجل مسلمٌ المساجدَ للصَّلاة والذّكرِ إلا تَبَشْبش الله لَهَ كَما يتبشْبشُ أَهلُ الغائب بغائبهم إذا قَدم علَيهم}[1].

واتە: هەرکەسێ کەسێکی موسڵمان مزگەوتەکان بکاتە شوێنی نیشتەجێی خۆی (بۆ خواپەرستی) ئیللا خودای گەورە پێی خۆشحاڵ دەبێت هەروەك چۆن خۆشحاڵ دەبێت خانەوادەی کەسێکی ونبوو کاتێك ئەو کەسە بگەڕێتەوە بۆ لایان.

20- فریشتەکان هەردەم هاوڕێن بۆ ئەهلی مزگەوت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {إنَّ للمَساجد أوتاداً، الملائكةُ جلَسَاؤُهَم، إنْ غابوا يَفتَقدونَهم، وإنْ مرِضوا عادوهم، وإنْ كانوا في حاجَة أعانوهم}[2].

واتە: مزگەوتەکان کەسانێکیان هەنە وەکو کۆڵەگەن بۆ مزگەوت، فریشتەکان دۆستی مەجلیسیانن، ئەگەر دیارنەمێنن بەدوایاندا دەگەڕێن، ئەگەر نەخۆش بکەون سەردانیان دەکەن، ئەگەر ئیشیان هەبێت یارمەتیان دەدەن.

21- بەهۆی زیکری چوونە ناو مزگەوت موسڵمان پارێزراو دەبێت لە شەیتان.

عبدالله ی کوڕی عُمر(رضي الله عنهما) دەفەرموێت: هەرکات پێغەمبەری خودا(ﷺ) بچووبایە ناو مزگەوت دەیفەرموو: { أعوذُ بالله العظيم وبوجهه الكريم وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم}. وە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا فەرمووی: {فإذا قالَ ذلك قال الشيطانُ: حُفظَ مني سائر اليوم}[3].

واتە: هەر کەسێ ئەمەی وت، شەیتان دەڵێت: ئەو کەسە لە من پارێزراو بوو بە درێژایی ئەو ڕۆژە.

22- لە بەرپلە و پایە و گرنگی مزگەوت، دەبینین دوای کۆچکردنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە شاری مەککە بۆ شاری مەدینە یەکەم کار کە پێی هەستا دروستکردنی مزگەوت بوو[4].

(1) ابن ماجة، الرقم(800)، وأحمد(8350)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(2) رواه أحمد، الرقم(418)، وغيره، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(3401).

(3) أبو داود، الرقم(466)، والبيهقي(68)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(4) البخاري، الرقم(3932)، عن أنس(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی زانایان دەربارەی مزگەوت

1- سعیدی کوڕی مُسَیَّب(رحمه الله) دە فەرموێت: (مَنْ جَلَسَ في الْمَسْجِد فَإِنَّهُ يُجَالِس رَبَّهُ، فَحقُّه أَنْ لا يقولَ إلّا خيرًا)[1].

واتە: هەر کەسێك لە مزگەوت دانیشێت وەکو ئەوە وا یە لە خزمەت خودا بێت، حەق وایە جگە لە قسەی باش هیچیتر نەڵێت.

2- عَطاءی کوڕی یَسار(رحمه الله) ئەگەر یەکێکی بدیتبایە خەریکی کڕین و فرۆشتنە لە مزگەوت، پێی دەوت: (عَلَيْكَ بسوق الدُّنْيا، فَإِنَّ هذا سُوقُ الآخرَة)[2].

واتە: بڕۆ بۆ بازاڕی دونیا بۆ خۆت، چونکە ئێرە بازاڕی دواڕۆژە.

3- ما لك ی کوڕی دینار(رحمه الله) بە هاوڕێکانی دەوت: (يا إِخْوتاه بحقٍ أَقولُ لَكُم لَولا البولُ ما خرجت مِن المسجد)[3].

واتە: ئەی برایانم بە ڕاستی پێتان دە ڵێم: ئە گەر لە بەر میزکردن نەبوا یە هەرگیز لە مزگەوت نەدەچوومە دەرەوە.

4- مِسْعَری کوڕی کِدام(رحمه الله) دە فەرموێت: (لَولا أُمي لَما فارقْت المسجدَ إلّا لما لابُدَّ مِنْه)[4].

واتە: ئەگەر لەبەر دایکم نەبوایە کە پێویستی بە منە هەرگیز مزگەوتم جێنەدەهێشت، مەگەر بۆ کاروباری پێویست.

5- عبدالله ی کوڕی عباس(رضي الله عنهما) دەیفەرموو: (المساجدُ بيوتُ اللّه في الأَرْضِ، تُضيء لأَهْلِ السَّماء كَما تُضيء نُجُومُ السَّماء لأَهْلِ الأَرْضِ)[5].

واتە: مزگەوتەکان ماڵی خودان لەسەر زەوی، ڕۆشناکەرەوەن بۆ ئەهلی ئا سمان هەر وەکو چۆن ئەستێرەکانی ئاسمان ڕۆشنایی بەخشن بۆ خەڵکی سەر زەوی.

6- ربیع ی کوڕی خیثم دەیفەرموو: (ئەوە ندە دڵم خۆش نابێت بە هاو سەرەکەم بەقەد دڵخۆشبوونم بە دەنگی چۆلەکەکانی مزگەوت)[6].

---

(1) رياض الصالحين في الخطب المنبرية، شعبان عليوة ابو السعود، ج.2، ص.319.
(2) المصدر السابق، ج.2، ص.320.
(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.192.
(4) المصدر السابق، ص.86.
(5) الجامع لأحكام القران، القرطبي، ج.15، ص.270.
(6) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.144.

چەند نموونەیەك لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)
و هاوەڵان وپیاوچاكان لەسەر پەیوەست و پابەندبوونیان بە مزگەوت

1- پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوندە دڵی پەیوەست بوو بە مزگەوت بە شێوەیەك هەموو كات بیر و هۆشی هەر لای مزگەوت بوو، هەر بۆیەش دوای كۆچكردن و گەیشتنی بە شاری مەدینە یەكەم شت كە بیری لێكردەوە درووستكردنی مزگەوت بوو، لە یەكەم ڕۆژ دەستیان كرد بە درووست كردنی مزگەوتی(قُباء)، خۆشی یەكێك بوو لە بەشداربووان لەگەڵ هاوەڵان و بە دەمیش هانی دەدان، دەیفەرموو: {اللَّهُمَّ إنَّه لا خَيْرَ إلاّ خَيْرَ الآخرةَ، فانْصُر الأنْصارَ والمُهاجرةَ}(1). واتە: ئەی خودایە هیچ شتێكی باش نیە تەنها چاكەی دوارِۆژ نەبێت، سەریان بخەی پشتیوانان و كۆچبەران.

2- أبو بكری صدیق(رضي الله عنه) ئەوندە شەیدای مزگەوت بوو بە جۆرێك نەیدەتوانی بێی مزگەوت بژیت، بۆیە كاتێك لە شاری مەككە ڕێگری لێ دەكرێت لەلایەن بێ بڕواكان لە مزگەوت، هەڵدەستێت بە درووستكردنی مزگەوتێك لەماڵی خۆی(2).

3- عُمری كوڕی خطاب(رضي الله عنه) لە ناو مزگەوت لە نوێژی بەیانی شەهید كرا(3).

4- علی كوڕی أبو طالب(رضي الله عنه) لە ڕێگای مزگەوت دەچوو بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی شەهید كرا(4).

5- عبدالله ی كوڕی زُبیر(رضي الله عنه) ئەوندە پەیوەست بوو بو مزگەوت بە شێوەیەك نازناوی(حمامة المسجد) كۆتری مزگەوتی لێندرابوو(5).

6- أُبي كوڕی كَعب(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پیاوێكی ئەنصاری هەبوو لە شاری مەدینە وا نازانم هیچ كەس بە ئەندازەی ئەو ماڵی لە مزگەوت دوورتر با، سەرەڕای ئەمە هەموو نوێژەكان لە مزگەوت ئامادە دەبوو، جارێكیان پێیان وت: بۆ گوێدرێژێك ناكڕیت؟ بۆ ئەوەی لە كاتی گەرما بە سواری بێی، وتی: من خۆم حەزناكەم ماڵم لە تەنیشت مزگەوت بێت، بۆ ئەوەی لە هاتن و گەڕانەوەم بە هەنگاوەكانم خێرم بۆ

---

(1) البخاري، الرقم(3932)، عن أنس(رضي الله عنه).
(2) نفس الرواية.
(3) لە باسی نوێژی بە كۆمەل باسمان كرد.
(4) لە باسی نوێژی بە كۆمەل باسمان كرد.
(5) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.389.

بنووسرێت، کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمەی زانی پێی فەرموو: {قَدْ جَمَعَ اللَّهُ لَكَ ذَلكَ كُلَّهُ}[1]. واتە: بێگومان خودای گەورە هەمووی بۆ تۆ کۆکردۆتەوە.

7- میراتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە مزگەوت دەستدەکەوێت.

ڕۆژێکیان هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) بینی خەڵك زۆر سەرقاڵە بە کاروباری دونیا، بۆیە بانگی کرد، فەرمووی: ئەی خەڵکینە میراتی پێغەمبەری خودا وا دابەش دەکرێت، ئێوە بۆ ناچن بەشی خۆتان وەرگرن؟ خەڵکەکەش چوون بۆ مزگەوت زۆر بە خێرایی، أبو هُرَيرَةش ڕاوەستا تا خەڵکەکە گەڕایەوە، پێی فەرموون: ها چیتانە؟ وتیان: ئێمە چووین بۆ مزگەوت، بەڵام هیچ شتێکمان نەبینی لەوێ دابەش بکرێت، ئەویش فەرمووی: ئایە ئێوە لە مزگەوت کەستان نەبینی، وتیان: بەڵێ هەندێ خەڵکمان دیت سەرقاڵ بوون بە نوێژکردن و هەندێکیان قورئانیان دەخوێندەوە و هەندێکیان سەرقاڵ بوون بە دەرس و دیراسە لە باسی حەڵاڵ و حەرام، ئەو کات أبو هُرَيرَة پێی فەرموون: هاوار بۆ ئێوە، مەگەر نازانن ئا ئەمەیە میراتی پێغەمبەری خودا[2].

8- عطاءی کوڕی سائب دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێکیان چووین بۆ سەردانی عبدالرحمن ی سولەمی لەو کاتەی کە لە سەرەمەرگدا بوو، بینیمان وا لە ناو مزگەوتە، پێمان وت: بگەڕێوە بۆ ماڵ بۆ سەر جێگات ئەوێ بۆ تۆ نەرمترە، وتی: فلان پێی ڕاگەیاندم کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ، مَا لَمْ يُحْدِثْ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَه، اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ، لَا يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاة مَا دَامت الصَّلَاةُ تَحْبِسُهُ، لَا يَمْنَعهُ أَنْ يَنْقَلِبَ إِلَى أَهْلِه إِلَّا الصَّلَاةُ}[3].

واتە: فریشتەکان نزا بۆ یەکێك لە ئێوە دەکەن مادام ئەو لە شوێنی نوێژە کەی مابێتەوە، ئەگەر دەستنوێژەکەی نە شکابێت، دەڵێن: ئەی خودایە لێی خۆشبە، ئەی خودایە بەزەییت پێدابێتەوە، یەکێك لە ئێوە لە ناو نوێژە مادام نوێژ ئەوی ڕاگرتووە، هیچ شتێك ڕێگەی لێنەگرتووە کە بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی تەنها نوێژ نەبێت.

9- أبو عَلقمة ی موزەنی(رحمه الله) دەڵێت: صَفوان ی کوڕی سلیم ی زوهری زۆربەی کاتەکانی تەمەنی هەر لە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو، جا دەڵێت: (فإذا أراد

(1) المسلم، الرقم(663).

(2) رواه الطبراني بإسناد حسن، وهو حسن موقوف عند الألباني في صحيح الترغيب(83).

(3) البخاري، الرقم(659)، ومسلم(649). عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

أنْ يَخرج بكى وقالَ أخشى أنْ لا أعود إلَيه)[1]. واته: ئه گەر بیویستبا ب چێته دەرەوە له مزگەوت دەگریا و دەیوت: دەترسم نەگەڕێمەوە بۆ مزگەوت.

10- ابن جُرَیج ده فەرموێت: (كانَ الْمَسْجدُ فراشَ عَطَاء بن أبي رباحٍ عشْرين سَنَةً)[2]. واتە: ماوەی بیست ساڵ مزگەوت جێگەی حەوانەوەی عطاءی کوڕی أبي رباح بوو.

11- سعیدی کوڕی منصور دەگێڕێتەوە له أبو عبیدەی کوڕی جرّاح(رضي الله عنه)، ده فەرموێت: جارێک یان أبو عبیدة بەڵغەمێکی له مزگەوت ڕشت بوو له یەکێك له شەوەکان و له یادیشی چوو بوو دەفنی بکات، دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ دێتەوە یادی، بۆیه دەستبەجێ به مه شخەڵێك ئاگر دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوت، دەگەڕێت تا دەیدۆزێتەوە، پاشان دەفنی دەکات، پاشان فەرمووی: (الحمدُ لله الّذي لَمْ يكتبْ عليَّ خطيئةً اللّيلَةَ)[3]. واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی ئەم شەو تاوانێکی لەسەرم نەنووسی.

12- عبدالرحمن ی عامر ده فەرموێت: له ربیع ی کوڕی یزیدم بیست دەیفەرموو: ماوەی چل ساڵ پێش ئەوەی بانگدەر بانگی نیوەڕۆ بدات من له مزگەوت ئامادە بووم مەگەر له سەفەر بوو بم یان نەخۆش کەوتبم[4].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، 105.

(2) المصدر السابق، ج.2، ص.212.

(3) فتح الباري، العسقلاني، ج.1، ص.610.

(4) شعب الإيمان، البيهقي، ج.2، ص.79.

الإعتكاف

ئیعتیکاف

پێناسەی ئیعتیکاف

الإعْتِكافُ في اللُّغةِ: الاحْتِباسُ[1]. أو اللُّبْثُ ومُلازَمَةُ الشَّيءِ، أو المدَّوامُ عَلَيْهِ خَيْراً كانَ أو شَرّاً[2].

شَرْعـــاً:

1- الاعتِكاف: هو اللُّبْثُ في المَسْجِدِ الَّذي تُقامُ فيهِ الجَماعَةُ مَعَ الصَّوْمِ ونيَّةِ الاعْتِكافِ.

2- الاعتِكاف: هو اللُّبْثُ في المَسْجِدِ مِنْ شَخصٍ مَخْصوصٍ بنِيَّةٍ.

3- الاعتِكاف: هو لُزومُ المَسْجِدِ لطاعةِ اللهِ عَلى صِفةٍ مَخصوصَةٍ مِنْ مُسْلِمٍ عاقِلٍ وَلَوْ مُمَيزاً، طاهِرٌ مما يوجِبُ غُسلاً، أَقَلُّهُ ساعَةٌ[3].

ئیعتیکاف لە زمانەوانیدا: بەند کردن، یان مانەوە و پەیوەست بوون بە شتێك، یان بەردەوام بوون لەسەری، جا ئەو شتە باش بێت یان خراپ.

لە شەرعدا: بریتیە لە مانەوە لەو مزگەوتەی کەوا نوێژی بە کۆمەڵی تێدا دەکرێت لەگەڵ بە ڕۆژووبوونی کەسەکە و هەبوونی نیازی مانەوە.

ئیعتیکاف: بریتیە لە مانەوە لە مزگەوت لەلایەن کەسێکی تایبەت بە نیازێك.

ئیعتیکاف: بریتیە لە مانەوە لە مزگەوت بە مەبەستی خواپەرستی بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن موسڵمانێکی ژیر بێت و ئەگەرچی مندالێکی تێگە شتی و شارەزا بێت وچاکە وخراپە لەیەک جیابکاتەوە، و پاك لە هەر شتێك کە شوشتن پێویست بکات، لایەنی کەمی ساتێکە.

(1) مختار الصحاح، محمد بن ابي بكر الرازي، ص.449.

(2) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.3، ص.1749.

(3) المصدر السابق، ص.1750.

سەبارەت بە ئیعتیکاف

پێشەوا زوهری(رحمه الله) دەفەرموێت: سەرم سوڕماوە لە خەڵکانێك چۆن واز دەهێنن لە ئیعتیکاف، لە کاتێکدا زۆر شت هەبوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەندێك جار دەیکرد و هەندێك جار وازی لێ دەهێنا، کەچی هەرگیز وازی لە ئیعتیکاف نەهێناوە[(1)].

عائشەی دایکی بڕواداران(رضي الله عنها) دەفەرموێت: سوننەت وایە بۆ ئەو کەسەی لە ئیعتیکاف دایە (أن لا يعودَ مريضًا ولا يشهدَ جنازةً ولا يمسَّ امرأةً ولا يباشرها ولا يخرجَ لحاجة إلاَّ لما لا بدَّ منه)[(2)]. واتە: سەردانی نەخۆش نەکات و ئامادەی ناشتنی جەنازە نەبێت و دەست لە ئافرەت نەدات و تخوونی نەکەوێت و نە چێتە دەرەوە مەگەر بۆ شتێکی پێویست نەبێت.

چەند ئایەتێك و فەرموودەیەکی پیرۆز لەسەر پلە و پایەی ئیعتیکاف

1- ﴿وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ١٢٥﴾ البقرة. واتە: یادی ئەو وەختە بکەوە کە بە إبراهیم و إسماعیل مان وت: خانووی من کەعبەی پیرۆزە پاك بکەنەوە بۆ ئەوانەی بە دەوریدا دەسووڕێنەوە و بۆ ئەوانەی ئەمێننەوە بۆ خواپەرستی و بۆ ئەوانەی لە ڕکوع و سجوددان بۆ خودا گەورە.

2- ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَٰجِدِ ١٨٧﴾ البقرة. واتە: لە کاتی ئیعتیکاف و گۆشەنشینتان لە ناو مزگەوتەکاندا مەڕۆنە لای هاوسەرەکانتان بۆ جووت بوون.

3- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ٱلَّذِى جَعَلْنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلْعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلْبَادِ ٢٥﴾ الحج. واتە: بەڕاستی ئەوانەی کافربوون و ڕێگا لە خەڵك دەگرن لەوەی ڕێگای خودا بگرنە بەر ناهێڵن بڕۆن لە مزگەوتی حەرەمی مەککەدا خواپەرستی بکەن چ بۆ ئەوانەی تێیدا دەمێننەوە و چ ئەوانەی ڕێیان تێ دەکەوێت.

---

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.3، ص.1751.

(2) ابو داود، الرقم(2473)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

4- عائشةى دايكى بڕواداران(رضي الله عنها) ده فەرموێت: (أنَّ النبيَّ(ﷺ) كانَ يَعتَكِفُ العَشْرَ الأواخِرَ من رمَضَانَ، حتَّى توفّاه اللَّهُ عَزَّ وجَلَّ، ثُمَّ اعتَكَفَ أَزْوَاجهُ مِن بعْده)[1]. واتە: پێغەمبەری خودا ئیعتیکافی دەکرد لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان، تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد، پاشان هاوسەرەکانی ئیعتیکافیان کرد لە دوای ئەو.

5- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: بە پێغەمبەرم وت(ﷺ): من لە سەر خۆم نەزر کردووە شەوێك ئیعتیکاف بکەم لە حەرەمی مەککە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {أَوْفِ بنَذْرِكَ}[2]. واتە: نەزرەکەت بەجێ بگەیێنە.

6- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (كانَ النبيُّ (ﷺ) يَعْتَكِفُ في كُلِّ رمضَانَ عَشَرَةَ أيَّام، فَلَمَّا كانَ العَامُ الذي قُبِضَ فيه اعْتَكَفَ عشْرِين يَوْماً)[3]. واتە: پێغەمبەری خودا لە هەموو ڕەمەزانێکدا دە ڕۆژ ئیعتیکافی دەکرد، بەڵام ئەو ساڵەی کە تێیدا کۆچی دوایی کرد بیست ڕۆژ ئیعتیکافی کرد.

7- عائشةى دايكى بڕواداران(رضي الله عنها) ده فەرموێت: (كانَ النبيُّ(ﷺ) يُصْغِي إليَّ رأْسَهُ وهو مُجَاوِرٌ في المَسْجد، فَأُرَجِّلُهُ وأَنَا حَائِضٌ)[4]. واتە: ئەو کاتەی پێغەمبەری خودا لە مزگەوت لە ئیعتیکافدا بوو سەری خۆی دەهێنا دەرەوە بۆ لای من بۆم ڕێك دەخست لە کاتێ کدا من لە سووڕی مانگا نەدا بووم. لە ڕیوا یەتێکیتری بو خاری و مو سلیم دا دفەرموێت: کاتێك سەری دەهێنایە دەر بۆ لام من سەرم بۆی دەشوشت.

(1) البخاري، الرقم(2026)، ومسلم(1172).
(2) البخاري، الرقم(2032)، ومسلم(1656).
(3) البخاري، الرقم(2044).
(4) البخاري، الرقم(2028)، ومسلم(297).

شەونوێژ

پێناسەی شەونوێژ

شەرعزانەکان لە پێناسەی شەونوێژ(صَلاةُ اللَّيل) یاخود(قِيامُ اللَّيل) فەرموویانە: (قيام الليل) بریتیە لە هەستانەوە و وەستانی موسڵمان لە شەودا بە مەبەستی خواپەرستی وەکو نزاکردن و یادی خودا و ئەنجامداتی نوێژ کە پێی دەوترێت شەونوێژ.

وتوویانە: (قيام الليل) بریتیە لە زیندووکردنەوەی شەو بە خواپەرستی، جا چ بە شەونوێژ کردن بێت یان بە سەڵاوات و زیکر و قورئان خوێندن بێت، بەم شێوەیەش (قيام الليل) گشتگیرترە لە (صلاة الليل) شەونوێژ.

مەرج نیە گشت شەوەکە زیندوو بکرێتەوە بە خواپەرستی، بەڵکو بە چەند ساتێکیش دەبێت.

کاتی شەونوێژ لە دوای نوێژی عیشا دەست پێدەکات تاکو کاتی نوێژی بەیانی، هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {إذا طلَع الفَجر فقَدْ ذَهَب كلُّ صلاة اللَّيلِ}[1]. واتە: ئەگەر کاتی نوێژی بەیانی هات کاتی هەموو نوێژی شەو کۆتایی هات.

هەروەها شەونوێژ دوو رەکعەت دوو رەکعەت ئەنجام دەدرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {صَلاةُ اللَّيْلِ مَثْنى مَثْنى}[2].

هەروەها باشترین کات بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ لە بەشی کۆتایی شەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {فَإنَّ صَلاةَ آخرِ اللَّيْلِ مَشْهودَةٌ، وَذلكَ أَفْضَلُ}[3]. واتە: بێگومان ئەو نوێژەی لە بەشی کۆتایی شەو دەکرێت فریشتەکان ئامادە دەبن، و ئەمەش باشترینە.

---

(1) الترمذي، الرقم(469)، وغيره، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني فس نن الترمذي.

(2) البخاري، الرقم(990)، ومسلم(749)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

(3) رواه مسلم، الرقم(755)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه).

پلە و پایە و سوودەکانی شەونوێژ لە( ) خاڵدا

1- هیچ کەس جگە لە خودا پاداشتی شەونوێژ نازانێت بەتەواوی.

خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴿١٧﴾﴾ السجدة. واتە: هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز ونیعمەتی جۆراو جۆر کە چاوەکان پێی گەش دەبنەوە بە دیتنی شاد دەبن لە پاداشتی کردەوەی چاك کە ئەنجامیان داوە.

2- شەونوێژ نیشانەی تەقوادارانە.

خودای گەورە لە نیشانە و سیفتەکانی تەقواداران فەرموویەتی: ﴿كَانُواْ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ﴿١٧﴾﴾ الذاريات. واتە: لە شەودا کەم دە خەوتن چونکە بە شەونوێژ سەرقاڵ بوون.

3- بەهۆی شەونوێژ موسڵمان دەچێتە ڕێزی(عباد الرحمن).

خودای گەورە لە مەدح و ستایشی ئەوا ندا دە فەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا﴿٦٤﴾﴾ الفرقان. واتە: ئەوانەن لە شەوەکان بە کڕنووش و وە ستان لە نوێژدا بۆ پەروەردگاریان دەمێننەوە تا بەیانی لە پەرستشدان.

4- ئەوانەی شەونوێژ دەکەن جیاواز و تایبەتن لەلایەن خودای گەورە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ﴿٩﴾﴾ الزمر. واتە: ئایا کەسێك لە ساتەکانی شەودا سەرقاڵە بە خواپەرستی کڕنووش دەبا و بە پێوە دەوەستێت نوێژ دەکات لە سزای دواڕۆژ دەترسێت و بەهیوای ڕەحمەتی پەروەردگاریەتی، وەکو کەسێکی کافر و بێ بڕوا وایە؟ دیارە نەخێر تۆ بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن وەکو یەك وان؟ دیارە نەخێر تەنها کە سانێك بیر دەکەنەوە کە خاوەن ژیر و هۆش بن.

5- ئەنجامدانی شەونوێژ هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز ونیعمەتەکانی بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {يا أيُّها النَّاس أَفْشوا السَّلام، وأَطعموا الطَّعام، وصلوا الأرحام، وصلُّوا باللَّيل، والنَّاس نيام، تدخلوا الجنَّةَ بسلام}[1]. واتە: ئەی خەڵکینە سەلام بڵاو بکەوە و خواردن ببەخشن و پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیێنن، نوێژ بکەن بە شەو لە کاتێدا خەڵك خەوتوون، دەچنە بەهەشت بە سەلامەتی.

6- بەهۆی شەونوێژ گرێیەکانی شەیتان دەبنەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی یەتی: {يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هو نَامَ ثَلَاثَ عُقَدٍ يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ، فَإِن اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ، انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ}[2]. واتە: هەرکات یەکێك لە ئێوە خەوت شەیتان سێ گرێ لە پشتی سەری دەدات، لە هەرگرێیەك دەڵێت: لە شەوێکی درێژ بخەوە، بەڵام ئەگەر هەستایەوە یادی خودای کرد گرێیەك دەبێتەوە، و ئەگەر دەسنوێژی هەڵگرت گرێیەك دەبێتەوە، ئەگەر نوێژی کرد گرێیەك دەبێتەوە، ئەوکات چالاك و دەروون پاك دەبێت، ئەگەر وانەکات دەروون پیس و تەمبەڵ دەبێت.

7- جگە لە نوێژە فەرزەکان شەونوێژ لە هەموو نوێژێکیتر گەورەترە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَفضَلُ الصَّلاة بَعْدَ الفَرِيضة صَلاةُ اللَّيلِ}[3]. واتە: پلەدارترین نوێژ دوای نوێژی فەرز شەونێژە.

8- بەهۆی شەونوێژ موسڵمان پارێزراو دەبێت لە میزی شەیتان.

عبدالله ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: لەلای پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی پیاوێك کرا شەو تا بەیانی خەوتووە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {ذَاكَ رجل بالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْه}[4]. واتە: ئەم پیاوە شەیتان میزی لە گوێیەکانی کردووە.

9- شەونوێژ مایەی شەرەف و ڕێزە بۆ بڕواردار.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(2648)، عن عبدالله بن سلام(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(2) البخاري، الرقم(1142)، ومسلم(776)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(1163)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) البخاري، الرقم(1144)، ومسلم(774)، وغيرهما.

سَهل ی کوڕی سَعد(رضي الله عنه) ده فەرموویٚت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: جبریل هاتە لام چەند شتێکی پێ وتم یەکێک لەوانە فەرموی: {واعلم أنَّ شرفَ المؤمنِ قيامه بالیلِ}[1].

10- شەونوێژ موسڵمان لە کاری ناڕەوا دوور دەخاتەوە.

أبو هُريره(رضي الله عنه) دەفەرموێت: کەسێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) و تی: (إنَّ فلاناً يُصلّي باللّيل، فإذا أَصبحَ سرقَ). واتە: فلانەکەس شەوان شەونوێژ دە کات، کە بەیانی بوویەوە دزی دکات. پێغەمبەری خودا فەرمووی: {إنَّه سينهاه ما يقولُ}[2]. وا تە: بێگومان ئەوکەسە لەمەودوا شەونوێژەکەی قەدەغەی دەکات لەوەی تۆ باسی دەکەی.

11- بەهۆی شەونوێژ کۆشك و تەلارە بێ وێنەکان دەست دەکەون.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ في الجنة غُرَفًا يُرى ظَاهرُها من باطنها، وباطنُها من ظَاهرِها}. وا تە: بەڕا ستی لە ناو بەهە شت ژووری واهە یە لە دەرەوە ناوەوەی دەبیندرێت و لە ناوەوە ژوورەوەی دەبیندرێت أبو مالك ی ئەشعەری فەرمووی: ئە مە بۆ کێیە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: {لمنْ أَطَابَ الكَلامَ، وأَطْعمَ الطَّعَامَ، وباتَ قائماً والناسُ نيامٌ}[3]. واتە: بۆ ئەو کەسەیە کە قسەکانی باش و جوان بکات، و خواردن بداتَ، و شەو بە خەبەر بێت شەونوێژ بکات لە کاتێکدا خەڵك خەوتوون.

12- بەهۆی شەونوێژ موسڵمان بەر نزای پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکەوێت.

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {رحمَ اللهُ رجلاً قامَ من اللّيلِ فصلّى وأيقَظَ امرأتَه فصَلَّتْ، فإن أبتْ نضحَ في وجهها الماءَ، ورحمَ اللهُ امرأةً قامتْ من اللّيلِ فصلّتْ وأيقظتْ زوجها فَصلّى، فإن أبى نضحتْ في وجهه الماءَ}[4]. واتە: ڕەحمەتی خودا لە پیاوێك بێت لە شەو هەڵدەستێت و نوێژ دەکات و هاوسەرەکەی بە خەبەر دێنێت و ئەویش نوێژ دە کات، ئەگەر هەڵنەستا ئاو لە ڕوخساری دەڕشنێت، ڕەحمەتی خودا لە ئافرەتێك بێت لە شەو هەڵدەستێت و نوێژ دە کات، و هاو سەرەکەی بە خە بەر دێنێت و ئەویش نو ێژ دە کات، ئەگەر هەڵنەستا ئاو لە ڕوخساری دەڕشنێت.

---

(1) الطبراني، الرقم(485)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(831).

(2) رواه أحمد، الرقم(9777)، وغيره، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(3482).

(3) رواه أحمد، الرقم(6615)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(946).

(4) أبو داود، الرقم(1450)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3494).

13- بەهۆی شەونوێژ موسڵمان دەچێتە ڕیزی پیاوچاکان.

عبدالله ی کوڕی عمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: هەر کەسێك خەونێکی بدیتبوا یە، بۆ پێغەمبەری خودای(ﷺ) دەگێڕایەوە، منیش حەزم دە کرد خەونێك ببینم، تا سەرەنجام شەوێکیان خەونێکم بینی لە خەونەکە مدا دوو فریشتە بەرەو ئاگری دۆزەخ مذیان برد، منیش زۆر دەترسام هەر نزام دەکرد، پاشان فریشتەیەکیتر هات و وتی: ئەی عبدالله تۆ ناچیتە ئاگر کە بەخە بەر هاتم خەونە کەم بۆ حَفْصة گێڕا یەوە، ئەویش بۆ پێغەمبەری خودای گێڕایەوە، پاشان پێغەمبەری خودا فەرمووی: {نِعْمَ الرَّجُلُ عبدُ اللَّه، لو كانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ}. واتە: باشترین پیاو عبدالله یە ئەگەر لە شەودا شەو نوێژ بکات.

سالمی کوڕی عبدالله(رحمه الله) دە فەرموێت: پاش ئە مە عبدالله شەوان زۆر کەم دەخەوت، هەردەم سەرقاڵ بوو بە شەونوێژ(1).

14- بەهۆی شەونوێژ مرۆڤی بڕوادار لە ڕیزی ئەوکەسانە هەژماردەکرێت کە زۆر یادی خودایان کردووە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن استَيقظَ من اللَّيلِ وأيقظَ امرأتَهُ فصلَّيا ركعتَينِ جميعًا كُتبا من الذَّاكرينَ اللَّهَ كثيرًا والذَّاكراتِ}(2). واتە: ئەگەر پیاو لە خەو هەڵستاوە و هاوسەرەکەی بەخەبەر هێنا و بەیەکەوە دوو ڕەکعەت نوێژیان کرد ئەوە لەوانە هەژمار دەکرێن کە زۆر یادی خودایان کردووە.

15- بەهۆی شەونوێژ موسڵمان لە خودا نزیك دەبێتەوە.

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {عليكم بقيام الليلِ فإنَّه دأبُ الصالحينَ قبلكمْ، وقربةٌ إلى الله تعالى، ومنهاةٌ عنِ الإثمِ، وتكفيرٌ للسيئات، ومطردةٌ للداء عَنِ الجسد}(3). واتە: شەونوێژ بکەن چونکە دابونەریتی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە، و هۆکاری نزیکبوونەوەیە لە خودا، و هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانە، و لابەری نەخۆشیە لە لەش.

(1) البخاري، الرقم(1121).

(2) أبو داود، الرقم(1451)، عن ابي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) الترمذي، الرقم(3549)، عن جابر(رضي الله عنه)، وصححه السيوطي في جامع الصغير(5555).

چەند وتەیەکی زانیان دەربارەی شەونوێژ

1- پێشەوا ئەوزاعی دەربارەی شەونوێژ فەرموویەتی: (من أَطالَ قِيام اللَّيلِ هوَّنَ الله علَيه الوقوفَ يَوم القيامة) [1].

واتە: هەر کەسێك لە شەونوێژدا زۆر بمێنێتەوە خودای گەورە ڕاوە ستانی بۆ ئا سان دەکات لە دوارِۆژدا.

2- علی کوڕی بَکّار فەرموویەتی: (منذُ أَربعين سَنَةَ ما أَحزنَني شَيء سِوى طُلوع الفَجرِ)[2].

واتە: ماوەی چل ساڵە هیچ شتێك منی دڵتەنگ نەکرووە تەنها هەڵاتنی فەجری بەیانی نەبێت. مەبەست: زۆر حەزی لە شەو بوو.

3- حَ سَنی بە صری(رحمه الله) فەرموو یەتی: جاری وا هەیە بە ندەی خودا بێ بەش دەبێت لە شەونوێژ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێك[3].

4- أ بو سُليمانی دارا نی دەیفەرموو: (لَولا اللَّيل لَما أَحببت البقاء في الدُّنيا)[4]. وا تە: ئەگەر لەبەر شەو نەبوایە حەزم نەدەکرد لە دونیا بمێنمەوە.

5- ا بن المُن كدر(رحمه الله) فەرموو یەتی: (ما بَقي مِنْ لَذّات الدُّنيا إلا ثَلاثٌ: قيامُ اللَّيْلِ، ولَقاءُ الإخوان، وصَلاةُ الجَماعَة)[5]. واتە: هیچ شتێك تامی نەماوە لە دونیا تەنها سێ شت نەبێت: زیندوو ڕا گرتنی شەو بە شەونوێژ و د یدار و گەیشتن بە برا یان و نو یژی بە کۆمەڵ.

6- إبراهیمی کوڕی أدهَم فەرموو یەتی: (لَو يعلَم المُلوكُ وأبناءُ المُلوك ما نَحْن فيه من النَّعيم لَجَالَدونا عليها بالسُّيوف)[6]. وا تە: ئە گەر پادشـاکان و کوڕە پادشـاکان زانیبا یان بەو خۆشەیەی ئێمە تێیداین ئەگەر بە شمشێریش بوایە لێیان دەستاندین.

---

(1) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.7، ص.119.

(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.313.

(3) المجالسة وجواهر العلم، أبو بكر الدينوري، ج.2، ص.262.

(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.110.

(5) رياض الصالحين الخطب المنبرية، الشيخ عليوة أبو السعود إسماعيل، ج.2، ص.605.

(6) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.7، ص.371.

چەند ڕووداو و بەسەرهاتێك دەربارەی شەونوێژ

1- دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دە فەرموێت: (أنَّ نَبِيَّ اللَّهِ(ﷺ) كانَ يَقُومُ من اللَّيْلِ حتَّى تتفطَّرَ قَدَمَاهُ، فَقالَتْ عائِشَةُ: لِمَ تَصْنَعُ هذا يا رَسولَ اللَّهِ، وَقَدْ غَفَرَ اللَّهُ لكَ ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِكَ وما تَأَخَّرَ؟). وا تە: پێغەمبەری خودا لە شەودا هەڵدە ستا بە شێوەیەك شەونوێژی دەكرد تا پێیەكانی دەئاوسان، عائشة پێی وت: بۆ وا دە كەی لەكاتێدا خودا لە تاوا نەكانی ڕا بردوو و دا هاتووت خۆش بووە، فەرمووی: {أفلا أُحبُّ أنْ أكُونَ عَبْداً شَكُورا}[1]. واتە: ئایا نابێت حەزبكەم ببم بە بەندەیەكی سوپاسگوزار.

2- عبداللە ی كوڕی مە سعود(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (صَلَّيْتُ مع رَسولِ الله(ﷺ)، فأطَالَ حتَّى هَمَمْتُ بأَمْرِ سَوْءٍ، قلنا: وما هَمَمْتَ به؟ قالَ: هَمَمْتُ أنْ أَجْلِسَ وأَدَعَهُ)[2]. وا تە: شەوێكیان لە گەڵ پێغەمبەری خودا نوێژم كرد ئەوە ندە درێژەی پێدا تاوەكو ویستم شتێكی خراپ بكەم، وتمان: بەتەمای چی بووی؟ وتی: ویستم دابنیشم و وازی لێ بێنم.

3- سەبارەت بە عُمری كوڕی خطاب(رضي الله عنه) هەندێك لە هاوەڵان كە دە یان بینی پێ شەوا عُ مر بە ڕۆژ زۆر ما ندوو و سەرقاڵە بە كارو باری مو سڵمانان شەوانیش بە شەونوێژ، ئەمەیان پێ وت، لە وەڵا مدا فەرمووی: (إذَا نِمْتُ بالنَّهار ضَيَّعتُ رعيَّتِي، وإِذَا نِمْتُ باللَّيْلِ ضَيَّعتُ نَفْسي)[3]. واتە: ئەگەر بە ڕۆژ بخەوم ئەوكەسانەی لە ژێر دەسەڵاتی مندان مافیان بزر دەكەم، ئەگەر بە شەو بخەوم خۆم بزر دەكەم.

4- یەكێك لە خواپەرستەكانی سەردەمی خۆی بِشْری كوڕی حارث بوو زۆر شەونوێژی دەكرد، جارێكیان پێیان وت: بۆ ساتێك پشوو نادەی لە شەو؟ فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو ندە شەونوێژی دە كرد، تاوەكو پێ یەكانی دەئاو سان لە گەڵ ئەوە شدا خودای گەورە لە تاوا نەكانی ڕا بردوو و دا هاتووی خۆش ببوو، من چۆن بخەوم؟ لە كاتێكدا نازانم خودا تەنانەت لەیەك تاوانیشم خۆش بووە ![4].

---

(1) البخاري، الرقم(4837)، ومسلم(1174).

(2) البخاري، الرقم(1135)، ومسلم(773).

(3) مواقف وعبر، محمد محمد داود، ص.254.

(4) قيام الليل والمناجاة عند السحر، سلامة محمد ابو الكمال، ص.109.

5- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) شەوان تا نیوەی شەو شەونوێژی دەکرد، پاشان هاوسەر و منداڵەکانیشی هەڵدەستاندەوە، دەیفەرموو: هەستن نوێژ بکەن، ئینجا ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿وَأۡمُرۡ أَهۡلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصۡطَبِرۡ عَلَيۡهَاۖ﴾ طه[1].

6- زانای پایەدار سُفیانی سەوری دەفەرموێت: ماوەی پێنج مانگ لە شەونوێژ بێبەش بووم بە هۆی تاوانێك ئەنجامم دا بوو، وتیان: چ تاوانێك بوو؟ فەرمووی: پیاوێکم بینی دەگریا، منیش وتم: ئەمە ڕیابازە[2].

7- محمدی کوڕی فُضَیل(رحمهما الله) دەفەرموێت: باوکم بۆی گێڕاینەوە، فەرمووی: ئافرەتێکی تەقوادار هەبوو بە ناوی مُعاذة العدویة هەر کە وەرزی زستان دەهات جل و بەرگی تەنکی هاوینەی دەپۆشی، بۆ ئەوەی سەرمای ببێت و خەوی نەهێت بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ[3].

8- مُغیرة(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێکیان مالکی کوڕی أنَس‌م بینی شەونوێژی دەکرد، دوای تەواوکردنی فاتیحە سورەتی التکاثری خوێندەوە تاوەکو گەیشتە کۆتا ئایەت: ﴿ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ﴾ التكاثر. دەستی کرد بە گریان، هەر ئەمەی دووبارە دەکردەوە، پاشان بەهۆی ئەوەی کارێکی گرینگم هەبوو لە یادم چوو بوو بۆیە لەبەر کارە کەم لەوێ ڕۆیشتم، بەڵام ئەو تا بەیانی هەر بەم شێوەیە بوو، ئەوە بوو چوومەوە ماڵ دەستنوێژم هەڵگرت و هاتم بۆ مزگەوت، بینیم لە مزگەوت دانیشتووە خەڵکیش لە دەوروبەری دانیشتوون، کاتێك تەماشای ڕوخسارم دەکرد نوور و ڕۆناکی لێی دەدرەوشایەوە[4].

9- أبو عِصمة ی بەیهەقی(رحمه الله) دەفەرموێت: شەوێکیان لە ماڵی پێشەوا أحمدی کوڕی حَنبل مامەوە هەندێك ئاوی هێنا و لەلای منی دانا، ئەوکات من قوتابی بووم لە زانستە شەرعیەکان، بەیانی تەماشای ئاوەکەی کرد وەکو خۆی بوو، کە زانی دەستنوێژی پێ نەشووراوە بەسەرسوڕمانەوە فەرمووی: (سبحانَ الله، رجلٌ يطلُبُ العِلْمَ،

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.115.
(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.311.
(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.19.
(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.111.

ولا يَكونُ لَهُ وِردٌ باللّيلِ!)[1]. واته: پاك و نەزا هەت بۆ الله، پیاوێك زاد ستخواز بێت و له شەودا هیچ ویردێکی نەبێت لە شەو نوێژ.

10- مَنْصوری کوڕی مُعْتَمِر(رحمه الله) یەکێکه له تابعین و له زانا پایه بەرزەکان، دەربارەی ئەو پیاوه بەڕێزه عَلاءی کوڕی سالم دەفەرموێت: مَنْصور بە شەو لە سەر بانی ماڵی خۆی شەونوێژی دەکرد بە درێژایی شەو، دوای وەفات کردنی مندالێکی دراوسێیان بە دایکی خۆی دەڵێت: (الجذْعُ الّذي في سَطْحِ آل فُلان لَيْس أراه قالتْ: يا بنيَّ لَيس ذاكَ بِجِذْعٍ، ذَاكَ منْصور وقَدْ مات)[2]. واته: ئەو درەختەی لەسەر بانی ماڵی فلان بوو ئێستا نایبینم، دایکی وتی: ئەی ڕۆڵەکەم ئەمە درەخت نەبوو، بەڵکو ئەوە مَنصور بوو، ئەو ئێستا نەماوە کۆچی دوایی کردووە.

11- عَلاءی کوڕی زیاد شەوان شەونوێژی دەکرد و قورئانی دەخوێندەوە، شەوێکیان هەست بە لەشگرانی دەکات و زۆر خەوی دێت، بۆیە بە هاوسەرەکەی دەڵێت: کەمێك دەخەوم، سەعات ئەوەندە بانگم بکە، لە هەمان کاتی دیارکراو بانگی دەکات، ئەویش دەڵێت: لێمگەڕێ با کەمێکیتریش بخەوم، علاء دەفەرموێت: خەوتمەوە، لە خەودا یەکێك هات و پێشەوەی پرچی منی ڕاکێشا وتی: هەستە یادی خودا بکە خوداش یادت دەکات، لەوکاتەدا علاء بە ترسەوە هەڵدەستێت و دەبینێت پێشەوەی پرچی بە قیتی وەستاوە، هەڵبەتە تا لە ژیان مابوو پرچەکەی هەر بە قیتی مایەوە[3].

12- محمدی کوڕی مُنکدِر ئەگەر یەك شەو شەونوێژی لەدەست بچووبایە بە هۆی خەو لە تۆڵەی ئەمە یەك ساڵ بەشەو نەدەخەوت[4].

13- أبو سُلیمان(رحمه الله) دەفەرموێت: هیچ کەسم نەبینیوە هەست بە خشوع و ترسی خودا بکرێت لە ڕوخساری بە ئەندازەی حەسەنی کوڕی صالح، شەوێکیان لە کاتی ئەنجامدانی شەونوێژ ویستی سورەتی(النَّبأ) بخوێنێت بە تەواوی، بەڵام تا بەیانی نەیتوانی تەواوی بکات، سەرەنجام لە هۆش خۆی چوو[5].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.339.

(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.6، ص.131.

(3) الزهد، احمد بن حنبل، ص.255.

(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.178.

(5) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.295.

14- فُضَیلی کوڕی عِیاض(رحمه الله) دەیفەرموو: هەرکات خۆر ئاوا دەبێت خۆشحاڵ دەبم بە تاریکیەکەی، چونکە لەگەڵ پەروەردگارم خەلوەت و گۆشەگیری دەکەم، هەر کاتێکیش خۆر هەڵدێت عادز و غەمبار دەبم چونکە خەڵك دێنە لام و سەردانم دەکەن، ئەبێت لەگەڵیاندا بم[1].

15- عبدالعزیزی کوڕی داود هەر کاتێك تاریکایی شەو بهاتایە دەچووە سەر جێگای نووستنی و دەستی بە سەر ڕایەخەکە دادەهێنا و دەیفەرموو: (إنَّكَ لَلَيِّنٌ واللهِ إنَّ فِي الجَنَّةِ لَأَلْيَن مِنكَ)[2]. واتە: بێگومان تۆ نەرمی بەڵام سوێند بە الله لە ناو بەهەشت لە تۆ نەرمتر هەیە. پاشان هەڵدەستا بۆ شەونوێژ تا بەیانی.

16- عیسای کوڕی عەمر(رحمه الله) دەفەرموێت: عەمری کوڕی عُتبة شەوان بە سواری ئەسپەکەی دەچووە سەردانی گۆڕستان، دەیفەرموو: ئەی خەڵکی گۆڕستان ئێستا نامەی کردەوەکانتان پێچراوەتەوە و ناتوانن هیچ بکەن، پاشان دەستی دەکرد بە شەونوێژ تا بەیانی[3].

17- زَیدی کوڕی حارث لەگەڵ دوو کوڕەکەی شەویان دابەشی سێ دەکرد، کاتێك زید بەشی خۆی تەواو دەکرد بە شەونوێژ بانگی عبدالرحمن ی کوڕی دەکرد، ئەگەر هەڵنەستابایە ئەوکات بەشی ئەویشی بۆ خۆی دادەنا، پاشان بانگی ئەوەکەی تری دەکرد، ئەگەر ئەویش هەڵنەستابایە ئەوکات بەشەکەی ئەویشی بۆ خۆی دادەنا، تا بەیانی شەونوێژی دەکرد[4].

18- یەکێك لە ئافرەتە خواپەرستەکان بە درێژایی شەو هەر شەونوێژی دەکرد، بۆیە کاتێك گلەیی لێ دەکەن لەم بارەیەوە، فەرمووی: (كَفَى بطول الرُّقْدَة في القَبور رقاداً). واتە: بەسە زۆر خەوتن و ڕاکشان لە ناو گۆڕەکان[5].

---

(1) المصدر السابق، ص.313.

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.355.

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.116.

(4) سير أعلام النبلاء، ابن القيم، ج.3، ص.324.

(5) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.324.

الزكاة

زەكات

پێناسەی زەكات

الزَّكاةُ لُغَة: مَصْدَرُ زَكا الشيءُ، إذا نَما وزادَ. فَالزَّكاةُ : هِيَ البَرَكَةُ وَالنَماءُ وَالطَّهارَةُ وَالصَّلاحُ.

وَالزَّكاةُ شَرْعًا: حِصَّةٌ مُقَدَّرَةٌ، مِنْ مالٍ مَخْصوصٍ، فِي وَقْتٍ مَخْصوصٍ، يُصْرَفُ فِي جِهاتٍ مَخْصُوصَةٍ.

وَسُمِّيَتْ هَذِهِ الحِصَّةُ المُخْرَجَةُ مِنَ المالِ زَكاةً، لأَنَّها تَزيدُ فِي المالِ الَّذي أُخرِجَت مِنْهُ وَتُوَفِّرُهُ فِي المَعْنى، وَتَقيهِ الآفاتَ، وَلأنّها تُزَكِّي نَفسَ المُتَصَدِّقِ، كما قال تعالى: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ التوبة[1].

واتە: زەكات لە زمانەوانیدا: چاوگی(شتەكە زۆر بوو)ە، ئەگەر گەشە بكات و زۆر بێت، جا بەم واتایە زەكات: پیرۆزی و گەشەكردن و پاكی و چاكیە.

زەكات لە شەریعەتدا: بەشێكی ئەندازە كراوە، لە ماڵ و سامانێكی تایبەت، لە كاتێكی تایبەت، خەرج دەكرێت بۆ چەند لایەن و كەسانێكی تایبەت.

جا ئەو بەشەی لە ماڵەكە دەردەهێندرێت پێی دەوترێت زەكات، چونكە ئەو ماڵەی لێی دەركراوە زیاد دەكات و زۆری دەكات لە واتادا، و دەیپارێزێت لە هەموو ڕووداوێكی لە ناوبەر، هەروەها زەكات دەروونی زەكاتدەر پاك دەكاتەوە، هەروەكو خودای بەرز فەرموویەتی: وەربگرە لە ماڵییان هەندێك زەكات و خێر، بەهۆیەوە پاكیان دەكەیتەوە لە تاوان، دڵ و دەروونیان پاك دەكەیتەوە لە خراپە بەم ماڵبەخشینە.

(1) صحيح فقه السنة، كمال بن السيد سالم، ج.2، ص.5.

پله و پایه و سوودەکانی زەکات دان لە(□□) خاڵدا

1- زەکات دان بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای بەرز لە قورئاندا لە چەندین شوێن فەرمانی کردووە، دە فەرموێت: ﴿وَءَاتُـواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ البقرة. واتە: زەکات بدەن.

2- نوێژ کە کۆڵەگەی ئاینی ئیسلامە دەبینین لە زۆربەی شوێنەکان لە قورئانی پیرۆز خودای پەروەردگار زەکاتی لەگەڵ نوێژ باس کردووە و پێکەوە گرێیداون، بۆ نموونە لە زۆربەی شوێنەکان فەرمووێەتی: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ البقرة. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پلە و پایەی زەکات.

3- زەکات دان دەبێتە مایەی پاکبوونەی موسڵمان لە تاوان و پاکبوونەوەی دڵ.

خودای گەورە فەرمووێەتی: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ التوبة. واتە: وەربگرە لە ماڵییان هەندێك زەکات وخێر، بەهۆیەوە پاکیان دەکەیتەوە لە تاوان، و دڵ و دەروونیان پاك دەکەیتەوە لە خراپە بەم ماڵبەخشینە.

هەڵبەتە: لێرە مەبەست لە صەدەقە زەکاتی واجبە و هەموو جۆرە ماڵ بەخشینێکە لە پێناو خودای تاك و تەنها.

4- زەکات دان نیشانە و سیفەتی تەقوادارانە.

خودای میهرەبان لە سورەتی(الذاريات) باسی چەند سیفەتێکی تەقواداران دەکات، جا یەکێك لەو سیفەتانە دەفەرموێت: ﴿وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ﴾ الذاريات. واتە: لە ماڵ و دارایییان بەشی هەژار و نەداریان تەرخان کردبوو.

5- زەکاتدەر لە ڕۆژی دوایيدا نە دەترسێت و نە دڵتەنگ دەبێت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ البقرة. واتە: ئەوانەی بڕوایان هێنا و کردەوەی چاکیان کرد و بەرێکی نوێژیان کرد و زەکاتیان دا بۆیان هەیە پاداشت لەلایەن پەروەردگاریان و نەترسیان لەسەرە و نە غەمباریش دەبن.

6- پاداشتی زەکات دان ئەوەندە گەورەیە هەر خودا بەخۆی دەزانێت چەندە.

خودای بێ هاوتا ده فەرموێت: ﴿وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَۚ وَٱلۡمُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أُوْلَٰٓئِكَ سَنُؤۡتِيهِمۡ أَجۡرًا عَظِيمًا ١٦٢﴾ النساء. واته: ئەوانەی بە ڕێکی نوێژیان کردووه و زەکاتیان داوه و بڕوایان هێناوه بە خودا و بە ڕۆژی دوا یی، ئەما نەن پاداشتێکی گەورەیان پێ دەبەخشرێت.

7- زەکات دان سیفەتی بڕوادارانه و مایەی بەزەیی خودایه.

خودای بالأدەست فەرموو یەتی: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ ٧١﴾ التوبة. وا تە: پیاو و ئافرە تانی بڕوادار هە ندێکیان یار مەتی دەر و خۆشەویستی هە ندیکی تر یانن فەرمان دە کەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خرا پە و بەڕێکی نو ێژەکانیان دە کەن و زە کات دەدەن و گوێڕا یەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئەمانە لە داهاتوویێکی نزیکدا خودا ڕەحمیان پێدەکات.

8- زەکات دان یەکێکە لە پایەکانی ئاینی ئیسلام.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {بُنِيَ الإسْلَامُ علَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، وإقَامِ الصَّلَاةِ، وإيتَاءِ الزَّكَاةِ، وصَومِ رَمَضَانَ، وحجِ البَيت}[1]. وا تە: ئیسلام بنیات نراوه لەسەر پێنج شت: شایەمانیَ بە وتنی (لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ مُحَمَّدٌ رَسولُ اللَّهِ)، نوێژکردن، زەکات دان، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، حەج کردن.

9- زەکاتدەر لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ڕاستگۆ و شەهیدانه.

عەمری کوڕی مُرَّةی جوهەنی(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك لە قو ضاعە یەکان ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) و تی: من شاهێدی دەدەم هیچ خودا یەك ن یە شاي ستەی پەرستن بێت جگە لە الله، تۆش پێغەمبەری خودای و پێج نو ێژەکان دە کەم و ڕە مەزان بە ڕۆژوو دەبم و شەوەکانی شی بەخواپەر ستی زیندوو دەکە مەوە و زە کاتیش دەدەم، ئا یە من لە کێ هەژمار دە کرێم؟ پێغەم بەر فەرموو یەتی: ￼ لە ڕا ستگۆیان و شەهیدانی￼[2].

(1) البخاري، الرقم(8)، ومسلم(16)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

(2) ابن حبان(3438)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1003).

10- زەكات دان هۆكارێكە بۆ هەستكردن بە تام و چێژ و خۆشی ئیمان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: "سێ شت هەن هەر كەسێك بیان كات بەڕاستی تامی بڕوای چێشتوە"، جا یەكێك لەوانەی باسی كرد ئەوە بوو فەرمووی: "كەسێك زەكاتی ماڵی خۆی بدات بە دڵ و دەروونێك كە پڕە لە خۆشحاڵیەوە"[1].

11- زەكات دان هۆكارێكە بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتی بەهەشت.

أبو أیوبی ئەنصاری(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك بە پێغەمبەری خودای(ﷺ) وت: كردەوە یەكم پێ بڵێ بەهۆی ئەو كردەوە یە بچمە بەهەشت، پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: " خودا بپەرستە، هاوبەشی بۆ بڕیار مەدە، نوێژ بكە، زەكات بدە، پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیێنە"[2].

12- زەكات دان هۆكارێكە بۆ گەیشتن بە خۆشترین شوێن لە بەهەشت كە فیردەوسە.

خودای باڵادەست چەند سیفەتێكی ئەهلی فیردەوس باس دەكات، یەكێك لەوانە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ٤﴾ المؤمنون. واتە: ئەوانەی لە ماڵی خۆیان زەكات دەدەن.

(1) أبو داود، الرقم(1582)، وغیره، عن عبدالله بن معاویة الغاضري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(2) البخاري، الرقم(1332)، ومسلم(13).

چەند ڕووداوێك لەسەر زەكات

1- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە پیاوێكی دە شتەكی ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا دەمەوێ بۆ كارێك ڕێنماییم بكەی ئەگەر بیكەم بچمە بەهەشت، فەرمووی: { تعبدُ اللَّهَ لا تُشْرِكُ به شيئًا، وتُقيمُ الصَّلاةَ المَكْتوبةَ، وتُؤَدِّي الزَّكاةَ المَفْروضةَ، وتَصومُ رمضانَ}. واتە: خودا بپەرستە هاوبەشی بۆ بڕیارمەدە، نوێژ بكە، زەكاتی واجب بدە، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرە. پیاوە كە وتی: سوێند بێت بەوەی گیانی منی بەدە ستە لە مە زیاتر نا كەم، كاتێك ڕۆیشت پێغەمبەری خودا فەرمووی: {من سرَّه أنْ ينظُرَ إلى رَجُلٍ من أهْلِ الجنَّة، فَلْيَنْظُرْ إلى هذا}[1]. واتە: هەركەسێك پێی خۆشە تەماشای كەسێكی ئەهلی بەهەشت بكات با تەماشای ئەمە بكات.

2- جارێكیان ئافرەتێك كچێكی لە گەڵ دا بوو ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دوو بازنی گەورە و ئەستوور لە دەستی كچەكەی دابوون، پێغەمبەر كاتێك ئەمەی بینی، پێی فەرموو: ئایە زەكاتی ئەما نە دەدەی؟. وتی: نەخێر. فەرمووی: ئا یە حەزدە كەی خودای گەورە بەهۆی ئەو دوو بازنانە لە ڕۆژی دوا یی دوو بازنەی لە ئاگرت لە دە ست بكات؟. ئافرەتەكە دوو بازنەكەی داكەناندن و بە پێغەمبەری دان و تی: ئەما نە با بۆ خودا بن[2].

3- أبو هُرَيرَة دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: كاتێك پێشەوا أبوبكری صدیق كرا خەلیفە، خەڵكێك ویستیان زەكات نەدەن، أبوبكر كە ئەمەی زانی فەرمووی: سوێند بە خودا جەنگ لە گەڵ ئەوا نە دەكەم كە نوێژ و زەكات لێك جیا دەكەنەوە، چونكە بێگومان زەكات مافی ماڵ و سامانە، سوێند بە خودا ئەگەر تەنیا تاكە بزنێك یان ئەو پەتەی وشتریان پێی دەبەستەوە بۆ پێغەمبەریان دەهێنا ئێستا نەیدەن ئەوا تا مادەم جەنگیان لەگەڵدا بكەم[3].

4- ثَوبان(رضي الله عنه) دەفەرموێت: كاتێك ئایەتی : ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ﴾ التوبة. دابەزی، ئێمە لە سەفەرێك بووین لە گەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، هەندێك لە هاوەڵان وتیان: ئەمە دەربارەی زێڕ و زیو دابەزیوە، خۆزگە بمانزانییایە چ ماڵ

---

(1) البخاري، الرقم(1397)، ومسلم(15).

(2) أبو داود، الرقم(1563)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(768).

(3) البخاري، الرقم(1400)، وغيره.

و سامانێك باشتره پاشەكەوتی بكەین؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: {أفضلُه لسانٌ ذاكر، وقلبٌ شاكرٌ، وزَوجةٌ مؤمنةٌ تعينُه على إيمانه}[1]. وا تە: با شترینیان زمانێ كە یادی خودا دە كات و دلێ كی سوپا سگوزار و هاو سەرێكی بڕوادار كە یار مەتی هاو سەرەكەی بدات لەسەر بڕواكەی.

(2) الترمذي، الرقم(3094)، وغيره، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

الصدقة

بەخشین

پێناسەی بەخشین

الصَّدَقَةُ اصطِلاحاً: العَطِيَّةُ الَّتي يَنْبَغي بِها الثَّوابُ عِنْدَ اللهِ[1].

الصَّدَقَة: لە زاراوەی شەرعدا: بەخشینێکە کە مەبەستی لە پێدانی بەدەستهێنانی پاداشتە لە لای خودا.

قالَ الأصفهاني: الصَّدَقَةُ ما يُخْرِجُهُ الإنسانُ مِنْ مالِهِ عَلى وَجْهِ القُرْبَة[2].

واتە: ئەو شتەیە کە مرۆڤ، دەریدەکات لە ماڵ و سامانی خۆی بە مەبەستی نزیک بوونەوە لە خودای گەورە.

(1) التعريفات، الجرجاني، ص.173.

(2) مفردات ألفاظ القرآن، أبو نعيم الأصبهاني، ص.480.

پلە و پایە و سوودەکانی ماڵبەخشین لە( ) خاڵدا

1- بەخشین بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم﴾ المنافقون. واتە: ببەخشن لەو ڕزق و ڕۆزیەی بە ئێوەمان بەخشیوە.

2- ئەو کەسەی دەبەخشێت دووچاری پەشێمانی و خەفەت نابێت دوای مردن، بەڵام ئەوەی نەبەخشێت پەشێمان دەبێتەوە: ﴿فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ المنافقون. واتە: دەڵێت: ئەی پەروەردگارم خۆزگە کەمێکیتر مۆڵەتت پێ بدابام تا خێر و چاکەم بکردایە و بچوومایە ڕیزی چاکەکاران.

3- بەخشین سیفەتی تەقوادارانە و ئەنجامەکەشی چوونە بەهەشتە.

خودای بەرز فەرموویەتی: ﴿۞وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ آل عمران. واتە: پێشبڕکێ بکەن تا دەگەنە لێخۆشبوونێك لەلایەن پەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانایيە کەی بە قەد ئاسمانەکان و زەوی یە ئامادە کراوە بۆ تەقواداران، ئەوجا چەند سیفەتێکی تەقواداران باس دەکات یەکێك لەوانە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ آل عمران. واتە: ئەوانەی دەبەخشن لە کاتی خۆشی و هەرزانی و ناخۆشی و گرانی.

4- بەهۆی بەخشین موسڵمان دووچاری ترس و دڵتەنگی قیامەت نابێت.

خودا فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتۡبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنّٗا وَلَآ أَذٗى لَّهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ البقرة. واتە: ئەوانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن لە پێناو خودا پاشان هیچ منەتێك ناکەن و هیچ ئازارێك ناگەیێنن ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە و هیچ ترس لە سەریان نیە لە دوارۆژدا و خەفەت بار نین بۆ بەجێهێشتنی دونیا.

5- بەخشین ڕێگای چاکەکاری ئاسان دەکات.

خودای بەخشندە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ۝ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ۝ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ الليل. واتە: ئەوەی ماڵ و سامانی بەخشی و لە خودا ترسا، بڕواشی بە پاداشتی خودا کرد بوو، ئەوە ئێمە ڕێگای چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین.

6- بەهۆی بەخشین موسڵمان دەگاتە پلەی چاکەکاران.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ﴾ آل عمران.

واتە: هەرگیز ئێوە ناگەن بە چاکە تاوەکو هەندێک لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێن نەیبەخشن.

7- بەخشین موسڵمان لە ئاگر دەپارێزێت.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {اتَّقُوا النَّارَ ولو بشقَّة تَمْرَة، فمن لَمْ يَجِدْ شقَّة تَمْرَة فَبِكَلمَة طَيِّبَة}[1]. واتە: خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن ئەگەر بە لەتە قە سپێکیش بێت، ئەوەی لەتە قەسپێکیشی دەست نەکەوت با بە قسەی خۆش بیکات.

8- بەخشین تاوان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الصدقةُ تُطفيءُ الخطيئةَ كما يطفيءُ الماء النار}[2].

واتە: خێرکردن تاوان دەسڕێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

9- خێرخواز لە دەرگای(صدقة) دەچێتە بەهەشت.

دەربارەی ئەوانەی لە دەرگا کانی بەهە شت دە چنە ژوورەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ومن كانَ من أهْلِ الصَّدَقَة، دُعي من بابِ الصَّدَقَة}[3]. وا تە: ئەوکە سەی خێرخواز بێت بانگ دەکرێت بۆ بەهەشت لە دەرگای خێر و بەخشین.

10- ئەوکەسەی بە پەنهانی دەبەخشێت دەکەوێتە ژێر سایە و سێبەری خودا.

أ بو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیست دەی فەرموو: حەوت کەس خودا دەیان خاتە بەر سێبەری خۆی لەو ڕۆژەی جگە لە سێبەری ئەو هیچ سێبەرێکیتر نیە. جا یەکێك لەو حەوت کە سانە فەرمووی: {ورَجُلٌ تَصدَّقَ بصَدَقة فأخْفَاها حتَّى لا تَعلَم شِمَالُهُ ما تُنفِقُ يَمِينُهُ}[4]. وا تە: پیاو ێك خێرێکی کرد و شاردیەوە بۆ ئەوەی دەستی چەپی نەزانێت دەستی ڕاستی چی دەبەخشێت.

11- ئەوکەسەی ماڵ دەبەخشێت فریشتە نزای چاکی بۆ دەکات.

---

(1) البخاري، الرقم(3595)، ومسلم(1016)، عن عدي بن حاتم(رضي الله عنه).

(2) رواه أحمد، الرقم(15284)، وغيره، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(866).

(3) البخاري، الرقم(1897)، ومسلم(1027)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

(4) البخاري، الرقم(660)، ومسلم(1031)، وغيرهما.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {ما من يوم يصبح العباد فيه، إلا ملكان ينزلان، فيقول أحدهما: اللهم أعط منفقا خلفا، ويقول الآخر: اللهم أعط ممسكا تلفا}[1]. واتە: ذيە ڕۆژێك بەندەكان بەیانی بكەنەوە مەگەر دوو فریشتە دادە بەزن، یەكێكیان دەڵێت: ئەی خودایە ئەو كە سەی دەبەخشێت بۆی قەرەبوو بكە یەوە، و ئەوەیتریش دەڵێت: ئەی خودایە ئەوەی نابەخشێت ماڵی لەناو ببە.

12- ئەو ماڵەی دەبەخشرێت دەمێنێتەوە و ئەوەیتر لەناودەچێت.

خودای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ﴾ النحل.

واتە: ئەوەی لای ئێوەیە تەواو دەبێت، و ئەوەی لای خودایە دەمێنێ.

13- بەخشین بە پەنهانی باشترین هۆكارە بۆ سڕینەوەی تاوانەكان.

خودا فەرموو یەتی: ﴿إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾ البقرة.

واتە: ئەگەر بەخشینەكانتان ئاشكرا بكەن ئەوە زۆر باشە، و ئەگەر بە پەنهانی بیكەن و بیدەن بە هەژارەكان ئەوە باشترە بۆ ئێوە، و هەروەها تاوانەكانتان دەسڕێتەوە.

14- ماڵ بە بەخشین كەم نابێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما نقص مالٌ من صدقة}[2].

15- هەر كەسێك ماڵ ببەخشێت خودای گەورە بەخۆی پێی دەبەخشێتەوە.

هەروەكو لە فەرموودە یەكی قود سی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: خودای گەورە دەفەرموێت: {يا ابن آدم أنفق أنفق عليك}[3]. واتە: ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە منیش پێت دەبەخشم.

16- خێری بەردەوام دوای مردنیش بڕانەوەی نیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث}. واتە: ئەگەر نەوەی ئادەم مرد كردەوە كانی دەپچڕێن تەنها لە سێ شت نەبێت. جا یەكێك لەمانە فەرمووی: {صدقة جارية}[4].

---

(1) البخاري، الرقم(1442)، ومسلم(1010)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2325)، وأحمد(18060)، عن أبي كبشة الأنصاري(رضي الله عنه)، والحديث صحيح لغيره عند الألباني في صحيح الترغيب(869).

(3) البخاري، الرقم(4684) ومسلم(933)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی زانایان و پیاوچاکان سەبارەت بە بەخشین

1- عُمری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) دە فەرمویێت: (الصَّلاة تُبَلِّغُك نِصف الطَّرِيق، والصَّوم يُبلِّغُكَ باب الملك، والصَّدَقَة تُدْخِلُكَ عليه)[1]. وا تە: نو یژ دەتگەیەنیّ تە ذ یوەی ڕیّ گا، و ڕۆژووش دەتگەیەنیّتە بەر دەرگای پادشا الله(ﷻ)، و بەخشینیش دەتباتە لای پادشا.

2- لقمان ی حکیم بە کوڕە کەی فەرموو: (إذا أَخطَأت خطيئة فأَعط الصَّدَقَة)[2]. وا تە: هەرکات تاوانێکت کرد خێرێك بکە.

3- یحیی کوڕی مُعاذ فەرمووی یەتی: (ما أَعرفُ حبَّةً تَزنُ جبالَ الدُّنيا إلّا من الصَّدقَة)[3]. واتە: نەمزانیوە هیچ دەنکێك کێشی هەبێت وەکو چیاکانی دوذیا تەنها دەذکی بەخشین نەبێت.

4- ع بدالعزیزی کوڕی داود(رحمه الله) دە فەرمویێت: و تراوە: سیّ شت خەزێ نەکانی بەهەشتن(كتْمانُ المرَضِ وكِتْمانُ الصَّدَقَة وكِتْمانُ المصائب)[4]. واتە: شاردنەوەی نەخۆ شی و شاردنەوەی بەخشین و شاردنەوەی موسیبەت.

5- عُمری کوڕی خَطاب(رضي الله عنه) دەفەرمویێت: (إنَّ الأعْمالَ تَباهت، فَقالَت الصَّدقة: أَنا أفضلُكُم)[5]. واتە: کردەوکان شانازیان بەسەر یەکترەوە کرد، بەخشین وتی: من لە هەمووتان باشترم.

---

(1) المسلم، الرقم(1631)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.306.

(3) المصدر السابق، ص.307.

(4) المصدر السابق.

(5) المصدر السابق.

(6) المصدر السابق.

چەند ڕووداوێك دەربارەی بەخشین لە پێناو خودا

1- هاوەڵی بەڕێز سَهْلی کوڕی سَعْد(رضي الله عنه) دە فەرموێت: ئافرەتێك ها تە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرگێکی پێبوو وتی: ئە مەم دروو ست کردووە بۆ تۆ. پێغەمبەریش پێویستی پیّ بوو، بۆیە لێی وەرگرت لە بەر خۆی کرد، یەکێك لە هاوەڵان ئەمەی لەبەر پێغەمبەر بینی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە چەند جوانە بیدە بە من تا خۆمی پیّ پۆ شتە ب کەم، پێغەم بەری خودا فەرمووی: بەڵێ، دوای ڕۆیی شتنی پێغەمبەری خودا لەویّ هاوەڵان گلەیان لیّ کرد و پێیان وت: کارێکی باشت نەکرد، خۆت بینیت پێغەمبەری خودا لە پێویستیان ئەمەی لەو ئافرەتە وەرگرت، کەچی تۆش ئە مەت لە پێغەم بەر داوا کرد، لە کاتێ کدا تۆ باش دەزا نی پێغەم بەری خودا داوای کەس ناگەڕێنێتەوە، ئەم پیاوە وتی: من بە هیوای بەرەکەتم لەم بەرگە، لەو کاتەی پێغەم بەری خودا لەبەرخۆی کرد ئومێد دەکەم بەو بەرگە کفن بکرێم[1].

2- هاوەڵی بەڕێز أنس ی کوڕی مالك دە فەرموێت: أبوطلحةی ئەنصاری(رضي الله عنه) لە مەدینە خاوەنی زۆرترین دارخورما بوو، خۆشەویستترین ماڵیش بەلای ئەو بریتی بوو لە بیرێك کە ناوی(بَيْرَحاءُ) بوو لە ناو باخچەکە بوو، چونکە بەرامبەر مزگەوتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو، پێغەمبەری خودا دەچوو ئاوی لیّ دە خواردەوە، کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ﴾ آل عمران. وا تە: ئێوە هەرگیز بە خێر و چاکە ناگەن تا نەیبەخشن هەندێك لەو دارایەی کە خۆ شتان دەوێت. ئەوکات أبوطلحة هەستا و چوو بۆ خزمەت پێغەمبەری خودا، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا خودای گەورە فەرموو یەتی: ئێوە بە خێر نا گەن تا ئەوەی خۆشەویستە لەلاتان نەیبەخشن، و خۆشەویسترین ماڵی منیش بریتیە لە(بَيْرَحاءُ) ئەوم کردە خێر بۆ خودا، ئومێدەکەم ببێتە توێشوو بۆم لای خودا، ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەی خودا بۆت دیار دەکات تێیدا بیبەخشە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: بەڕا ستی ماڵێکی پڕ لە قازانجە بەڕاستی ماڵێکی پڕ لە قازانجە، ئەوەی وتت بیستم، من بە باشی دەزانم بە سەر خزمانت دابەشی بکەی. أبوطلحة وتی: کەوا تە وای لیّ دە کەم. ئەوەبوو دابە شی کرد بە سەر خزمە نزیکەکان[2].

---

(1) البخاري، الرقم(6036).

(2) البخاري، الرقم(1461)، ومسلم(998).

3– أنس ی كوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك بە پێغەمبەری خودای وت: فلانە كەس دارخورمایەكی هەیە و منیش بۆ جیاكرد نەوەی باخە كەم دە مەوێت دیوارێك درووست بكەم، بەڵام یەكێك لە دارخورما كانی ئەو بوویتە بەربەست، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە پیاوەكەی فەرموو: پێی بدە بە دارخورمایەك لە بەهەشت، پیاوەكە وتی: نەخێر، أبو الدحداح پێی وت: باخچەكەمت دەدەمێ كە(600) دارخورمای تێدا یە، پاشان أبو دحداح هاتە لای پێغەمبەری خودا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا دارخورما كەم لە پیاوەكە كڕی بە بە باخچەكەی خۆم، ئێستا دەتوانی دارخورماكە بدەی بە یەتیمەكە. پێغەمبەری خودا فەرمووی: چەند هێشووی گەورە و سەنگین لە بەهەشتدا بۆ أبو الدحداح هەیە. پاشان أبو الدحداح گەڕا یەوە بە هاوسەرەكەی وت: وەرە دەرەوە لە باخچەكە چونكە من فرۆشتوومە بە دارخورمایەك لە بەهەشت، هاوسەرەكەی وتی: بەڕاستی مامەڵەكە پڕ قازانج بوو[1].

4– هەوری تایبەت و پیاو چاكەكە. أبو هُرَیرَة دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: جارێكیان پیاوێك لە زەوییێكی فراواندا وەستا بوو لە ناكاو گوێی لە دەنگێك بوو لە ناو گەوارە هەورێك دەیوت ئەی هەور بڕۆ باخچەی فلانە كەسە ئاوبدە، ئیتر هەورەكە بەرەو شوێنەكە چوو ئاوەكەی خۆی بە سەر زەویەكەدا باراند، دوایی بارینی بارانەكە پیاوەكە چوو بەرەو ئەوێ، بینی پیاوێك خەریكی ئاودێرییە، پێی وت: ناوت چییە؟ وتی: فلان، ئەو ناوەی كە لە ناو هەورەكەی بیستبوو. پێی وت: بۆ چی لە ناوم دەپرسی؟ وتی: من گوێم لە دەنگێك بوو لە ناو هەورەكە دەیوت بڕۆ باخچەی فلانە كەسە ئاوبدە، كە ناوی تۆ بوو، تۆ چ كارێك دەكەی؟ وتی: كە تۆ ئەم قسەیەت كرد من سەیری بەروبوومی باخچەكەم دەكەم، سێیەكی دەبەخشم، و خۆم و خێزانەكەم دە خۆین لە سێیەكەكەیتری، و سێیەكەكەیتریش دەگەڕێنمەوە بۆ پێداویستی باخچەكە[2].

5– هەمووی ماوە تەنها پیلەكەی نەبێت.

دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێكیان ئاژەڵێكمان سەربڕی و دابەشمان كرد، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: لە ئاژەڵەكە چی ماوە؟، عائشة دەڵێت: وتم: هیچ نەماوە تەنها پیلەكەی نەبێت. بەلام پێغەمبەری خودا

(1) رواه أحمد، ج3، ص.296، وغيره، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة6 / 1131.
(2) المسلم، الرقم(2984).

فەرمووی: هەمووی ماوە تەنها پیلەکەی نەبێت، ئەوجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ﴾ النحل. واتە: ئەوەی لای ئێوە یە نامێنێت، و ئەوەی لای خودایە ئەوەی بۆ خودا بەخشیوتانە دەمێنێت.

6- ئەو پیاوەی چۆن هاتە دونیا بە هەمان شێوەش لە دونیا دەرچوو.

عباسی موری دَهقان(رحمه الله) دەفەرموێت: هیچ کەسێك لە دونیا دەرنە چووە هەروەك چۆن هاتۆتە دونیا تەنها بِشْری کوڕی حارِث نەبێت، کاتێك لە نەخۆشی سەرەمەرگدابوو پیاوێکی هەژار هاتە لای و داوای یارمەتی لێ کرد، بشر تەنها کراسەکەی بەر خۆی هەبوو، یەکسەر دایناو پێشکەشی هەژارەکەی کرد، کراسێکی بە ئەمانەت وەرگرت، پاشان بەم کراسە کۆچی دوایی کرد[1].

7- چاکە یەك بە دە یە. عبداللە ی کوڕی محمد(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێک یان هەژارێك داوای یارمەتی لە پێشەوا علی کرد ئەویش بە حسن یان حسین ی فەرموو: بڕۆ بە دایکت بڵێ شەش دیرهەممان هەیە یا یەکیانم بۆ بنێرێت، کاتێك چوو و گەڕایەوە وتی: دایکم فەرمووی: تەنها شەش دیرهەممان هە یە بۆ کڕینی ئاردت داناوە، پێشەوا علی فەرمووی: بڕوای هیچ بەندەیەك دامەزراو نابێت تا متمانەی زیاتر بەوە نەبێت کە لە لای خودا یە لە وەی لە دەستی خۆمانە، ئەوجا فەرمووی: بڕۆ پێی بڵێ با هەر شەش دیرهەمەکەم بۆ بنێرێت، ئەوەبوو هەر شەش دیرهەمەکەی بە هەژارەکە بەخشی، کەمێك دوای ئەوە پیاوێك بەوێ داهات وشترێکی پێبوو بۆ فرۆشتن، پێشەوا علی پێی فەرموو: دەیفرۆشی؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ بە(140) دیرهەم. ئەویش لێی کڕی و فەرمووی: هەر لەوێ بیبەستەوە، دواتر پارەکەت بۆ دابین دەکەم. دواتر پێشەوا علی و شترەکەی فرۆشتەوە بە(200) دیرهەم، پارەی پیاوەکەی بۆ نارد و(60) دیرهەمیشی بردەوە بۆ فاطمەی هاوسەری، فاطمة فەرمووی: ئەم شێست دیرهەمە چییە؟ فرمووی: ئەمە ئەو پەیمانەیە کە خودای گەورە بە ئێمەی داوە لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کە دەفەرموێت: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ الأنعام. واتە: ئەوەی چاکەیەك بهێنێت مەبەست لە ڕۆژی دواییە ئەوە بۆی هەیە پاداشتی دە ئەوەندەی چاکەکەی[2].

---

(1) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.234.

(2) حياة الصحابة، الكاندهلوي، ج.1، ص.318.

8- جارێکیان پێشەوا عمر داوای لە هەندێ لە وانەی جێگای متمانەن لە شاری حِمْص کرد ناوی هەژارەکانتان بنێرن بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەم، ئەوانیش چەند ناوێکیان بۆ نارد، یەکێك لەناوەکان بریتی بوو لە ناوی سعیدی کوڕی عامر(رضي الله عنه)، عمر فەرمووی: ئەمە کێیە؟ وتیان: ئەمیرمانە. فەرمووی: ئەمیری ئێوە یەکێکە لە هەژارەکان؟ وتیان: بەڵێ، سوێند بە خودا جاری وا هەیە چەندین ڕۆژ ئاگر لەماڵە کەی هەڵناکرێت. عمر ئەوەندە گریا تا ڕیشی تەڕ بوو بە فرمێسکەکانی، پاشان هەزار دیناری بۆ نارد، پێی فەرموون: سەلامی منی پێ بگەیێنن با ئەمە بۆ خۆی خەرج بکات. کاتێك سعید پارەکەی پێ گەیشت لە خۆی دوورخستەوە و فەرمووی: (إنا لله وإنا إليه راجعون). وەك ئەوەی موسیبەتێکی گەورەی بەسەرهاتبێت، لەوکاتەدا هاوسەرەکەی بە سەرسوڕمانەوە هات وتی: ئەوە چی ڕوویداوە؟ ئایە پێشەوا عمر کۆچی دوایی کردووە؟ سعید فەرمووی: نەخێر، موسیبەتەکە لە مەش گەورەترە، هاوسەرەکەی وتی: ئایە موسڵمانان تووشی کارەساتێك هاتوون؟ فەرمووی: لە مەش گەورەترە، وتی: ئەبێ چ شتێك لەمە گەورەتر بێت؟ سعید وتی: ئێستا دونیا لێم هاتووەتە ژوورەوە بۆ ئەوەی دواڕۆژم وێران بکات و فیتنەیەك هاتووتە ماڵم. هاوسەرەکەی وتی: دەی کەواتە خۆتی لێ ڕزگار بکە. هەڵبەت: هاوسەرەکەی سعید نەیزانی بوو پارە یان بۆ هاتووە، سعید پێی وت: ئایە یارمەتیم دەدەی؟ وتی: بەڵێ، ئەوجا سعید پارەکەی هێنا و فەرمووی: وەرە با لەجیاتی شتومەکی دونیای پێ بکڕین با بە قەرزی بدەین بە خودا. ئەوە بوو هەموو پارەکەی بەسەر هەژاران دابەش کرد(1).

9- سەبارەت بە دایکی بڕواداران عائشە(رضي الله عنها).

أُم ذرة دەڵێت: جارێکیان عبدالله ی کوڕی زُبیر دوو گوش پارەی بۆ عائشة نارد، نزیکەی سەد و هەشتا دینار بوو، کە پارەکەی بە دەست گەیشت دانیشت و هەر هەمووی دابەش کرد بە سەر هەژارەکان، کە ئێوارە داهات یەك دیرهەم لە لای نەمابوو، بانگی أُم ذرةی کرد فەرمووی: شتێك بێنە بۆ ئەوەی ڕۆژووە کەمی پێ بشکێنم، أُم ذرةش کەمێك نان و زەیتی بۆ هێنا، پێی وت: ئایە نەدەبوو تەنها دیرهەمێکت جێ بهێشتایەوە بە گۆشتمان دابا؟ فەرمووی: لێم مەگرە ئەگەر بە بیرت هێنابام وام دەکرد(2).

---

(1) صور إيمانية من حياة الصحابة والتابعين، مصطفي محمد أبو المعاطي، ص.135.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.29.

10- مالیکی داری دەفەرموێت: جارێکیان عمری کوڕی خطاب چوار سەد دینـاری لە ناو کیسەیەك دا نا و بە خزمەتکارێکی فەرموو: بڕۆ ئەمە بدە بۆ أبو عُبَیدَةی کوڕی جَرّاح(رضي الله عنه) لەوێ کەمێك چاوەڕێ بکە بزانە چی لە پارەکە دەکات، پارەکەی برد وتی: پێشەوای بڕواداران ئەمەی بۆ ناردووی تا بۆ پێداویستیەکانت خەرج بکەی. بینی أبو عُبیدة بانگی کەنیزەیەکی کرد و فەرمووی: بڕۆ ئەم حەوت دینارە بۆ فلان و ئەمە بۆ فلان، بەم شێوەیە هەمووی بەخشی، پاشان خزمەتکارەکە گەڕایەوە بۆ لای پێشەوا عُمر و هەواڵەکەی پێ گەیاند، ئەوجارە بە هەمان شێوە کیسەیەکی نارد بۆ مُعاذی کوڕی جبل ئەویش بە هەمان شێوە هەمووی بەخشی، هاوسەرەکەی هات وتی: سوێن بەخودا ئێمەش هەژارین شتێکیش بدە بە ئێمە، معاذ دەستی برد بۆ ناو کیسەکە تەنها دوو دیناری تێدا مابوو، دای بە هاوسەرەکەی. پاشان خزمەتکارەکە گەڕایەوە و هەواڵەکەی بە پێشەوا عمر گەیاند. پێشەوا عمر فەرمووی: بەڕاستی ئەوان بران بۆ یەکتر و یارمەتی دانی یەکتر و زۆر خۆشحاڵ بووم بەم هەڵوێستەیان[1].

11- بەخشینی مال دەبێتە شیفا بۆ نەخۆش.

لە سلێمانی پیاوێك دوو چاری نەخۆشیەك دەبێت، دوای ئەوەی بێ هیوا بوو لە چارەسەر لە کوردستان دەچێتە بەغدا، دوای چەند پشکنینێك پێی دەڵێن تۆ پێویستت بە نەشتەرگەریە، بەڵام ڕێژەی سەرکەوتن لە نەشتەرگەریەکە زۆر کەمە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی بە تەواوی خۆی ئامادە بکات،ماڵەوەشیان زۆر دڵتەنگ دەبن، بۆیە دەچێت بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی هەندێك گۆشت بکڕێت، دەبینێت ئافرەتێك بەدوای ئێسکەکان دەگەڕێت، ئەویش لە قەسابەکە دەپرسێت، قەسابەکە پێی وت: دایکە یەتیمە زۆر هەژارە، کابرای نەخۆش سێ کیلۆ گۆشتی بۆ دەکڕێت و سەد هەزار دیناریشی دەداتێ، ئەمە لە ساڵانی نەوەتەکان بوو، و هەروەها پێی دەڵێت: هەموو سەرەمانگان بڕێك پارەت بۆ لە لای ئەم قەسابە دادەنێم، تەنها دوعام بۆ بکە نەخۆشم، ئەویش پڕ بە دڵ دوعای بۆ دەکات، دوای دەچێتەوە بۆ بەغدا پێش نەشتەرگەری پشکنینی بۆ دەکەن، پێی دەڵێن: بە گوێرەی پشکنینە نوێیەکان تۆ نەخۆشیەکەت نەماوە، پیاوە نەخۆشەکە بە سەلامەتی و بەبێ نەشتەرگەری دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ[2].

---

(1) المصدر السابق، ج.1، ص.254.

(2) سی خەلاتی رەمەزان، د. سیروان، ص.44.

12- مامۆستا فاتیح دارا غایی له ساڵی(2006) ڕووداوێك دەگێڕێتەوە دەڵێت: له بەندیخانە گەنجێکمان لەگەڵ بوو، وتی: من شوفێری تەکسی بووم جارێکیان پیاوێك دەستی لیّ ڕاگرتم وتم: چ کارەی و بۆ کویّ دە چی، دەبینم له بەرگریان قسەی بۆ نەدەکرا، بەهەر حاڵ وتی: ئێمه زۆر هەژارین، تەنانەت هیچ شتێك له ماڵمان شك نا بەم، ئیمڕۆ هاتوومەتە دەرەوە بۆ کارێك، بەڵام هیچ کارێکیشم دە ستنەکەوت و نازانم بە چ ڕوویێك بچمەوە بۆ ماڵ و لای منداڵەکانم، وتی: منیش له بازاڕ له شوێنێك سەیارەکەمم ڕاگرت و یەك فەردە شەکر و یەك فەردە برنج و یەك تەنەکە ڕوون و چەند پێداویستی ترم کڕی و بارم کرد، هەرکە گەیشتینە ماڵی هەژارەکە بینیم منداڵەکان بەرەو ڕوومان هاتن، منیش سندوقی سەیارەکەم کردەوە وتم: ئەم شتانە هەمووی بۆ ئێوە یە، وەرن دایبەزێنن، دەڵێت: سوێند بەخودا منداڵەکان ئەوندە خۆشحاڵ بوون بە شێوەیەك سەیارەکەم و تەنانەت تا یەی سەیارەکە شیان ماچ دە کرد. وتی: کەمێك دوای ئەوە مامەڵەیەکم بۆ ڕێککەوت و کردم پەنجا هەزار دیناری سویسری ئەوکات قازانجم کرد کە هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەوها بە ئاسانی ئەو پارە زۆرە بە دەست بێنم[1].

(1) پایزە برا، مەلا أحمدی شەریعە، ص.1، ص.152.

الصوم

ڕۆژوو

پێناسەی ڕۆژوو

الصَّومُ لُغةً: الإمساكُ وَالكَفُّ عَنِ الشِّيْءِ.

واتە: ڕۆژوو لە زمانەوانیدا: بریتیە لە وازهێنان و خۆگرتن لە شتێک.

بۆ یە کاتێك قسە نا کات پێی دە لێن: (صام عن الكلام). واتە: خۆی گرتووە لە قسەکردن.

هەر بۆیە خودای گەورە کاتێك باسی مریم دەکات لەسەر زاری ئەو دە فەرموێت: ﴿إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا ﴿٢٦﴾﴾ مريم. واتە: من لەسەر خۆم نەزر کردووە قسەنەکرن بۆ خودا.

هەروەها کاتێك خۆر دێتە ناوەڕاستی ئاسمان کاتی نیوەڕۆ هەست دەکەی خۆر لە ڕۆیشتن وەستاوە، بۆ یە عەرەب وتویانە: (صام النهارُ)، واتە: خۆر لە ڕۆیشتندا وەستاوە.

الصَّومُ شَرعاً: هُوَ الإمْساكُ نَهاراً عَنِ المُفطِراتِ بِنِيَّةٍ مِنْ أَهلِهِ مِنْ طُلوعِ الفَجْرِ إلى غُروبِ الشَّمسِ[1].

واتە: ڕۆژوو لە شەرعدا: بریتیە لە خۆگرتن لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە بە نیازی بەرۆژووبوون لە لایەن ئەو کەسەی کە شایستەی ڕۆژووگرتنە، لە بەرەبەیان تا ئاوابوونی خۆر.

---

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.3، ص.1616.

پلە و پایە و سوودەکانی ڕۆژوو لە( ) خاڵدا

1- بە ڕۆژووبوون بەجێگەیاندنی فەرمانی خودای بەرزە.

خودا فەرمانی کردووە به ڕۆژوو گرتن، فەرموو یەتی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ ۝١٨٥﴾ البقرة. واتە: هەر یەکێك لە ئێوە ئامادەی مانگی ڕەمەزان بوو با بە ڕۆژوو بێت.

2- بە ڕۆژووبوون نیشانە و سیفەتی کەسی بڕوادارە.

خودای گەورە بۆ بەرۆژووبوون تەنها بانگی بڕواداران دە کان، دە فەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ۝١٨٣﴾ البقرة. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێناوە ڕۆژوو لەسەرتان فەرزکراوە.

3- ڕۆژووگرتن دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی خودای گەورە لە ڕۆژووگر.

هەروەکو خودا فەرموو یەتی: ﴿وَٱلصَّـٰٓئِمِينَ وَٱلصَّـٰٓئِمَـٰتِ ۝٣٥﴾ الأحزاب. وا تە: پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژووگر. لە کۆتایی ئایەتەکەدا دە فەرموێت: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًا ۝٣٥﴾ الأحزاب. وا تە: خودا بۆ ئەوان لێخۆ شبوون و پادا شتێکی گەورەی ئامادەکردووە.

4- ڕۆژوو هۆکارێکە بۆ درووستبوون و بەدەستهێنانی تەقوا.

کاتێك خودای باڵادەست باسی واجب بوونی ڕۆژوو دەکات لەسەر بڕواداران لە کۆ تایی ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ۝١٨٣﴾ البقرة. واتە: بۆ ئەوەی ببن بە تەقوادار.

5- ڕۆژوو چوارەمین بنچینەی ئیسلامە.

کاتێك جبر یل(عليه السلام) پر سیاری ئیـسلام لە پێغەمـبەری خودا(ﷺ) دە کات لە وەڵا مدا فەرمووی: {الإسلام أنْ تشهدَ أنْ لا إلَهَ إلا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رسولُ الله، وتُقيمَ الصَّلاةَ، وتُؤتِيَ الزَّكاةَ، وتَصومَ رمضانَ، وتَحُجَّ البيْتَ إن استَطَعْتَ إليْه سبيلًا}(1). وا تە: ئی سلام بریتـ یە لەوەی کە شایەدی بدەی کە هیچ خودایەك نیە بە حەق جگە لە الله و مح مد پێغەمـبەری الله یە، نوێژ بکەی، و زە کات بدەی، ڕە مەزانیش بە ڕۆژوو بـیت، و حەج بـکەی ئە گەر توانات هەبوو.

6- دەرگایەکی تایبەت ئامادەکراوە بۆ ڕۆژووگران بۆ چوونە ناو بەهەشت.

---

(1) المسلم، الرقم(8)، عن عمر بن الخطاب(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ في الجَنَّة بَابًا يُقَالُ لَه: الرَّيَّانُ، يَدْخُلُ منه الصَّائمُونَ يَومَ القيَامَة، لا يَدْخُلُ منه أحَدٌ غَيرُهم، يُقَالُ: أينَ الصَّائمُونَ؟ فَيَقُومُونَ، لا يَدْخُلُ منه أحَدٌ غَيرُهم، فَإذَا دَخَلُوا أُغْلقَ فَلَم يَدْخُلْ منه أحَدٌ}[1]. واتە: لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی دەوترێت(ڕەیان) لەوێوە ڕۆژووگران دەچنە ژوورەوە لە ڕۆژی دوایدا، جگە لەوان کەسێکیتر لەوێوە ناچێتە ژوورەوە، پێیان دەوترێت: کوانێن ڕۆژووگران؟ هەڵدەستنەوە، جگە لەوان کەسێکیتر لەوێوە ناچێتە ژوورەوە، کاتێك چوونە ژوورەوە دەرگاکە دادەخرێت پاشان کەسێکیتر تێیدا ناچێتە ژوورەوە.

7- ڕۆژوو تکا دەکات بۆ خاوەنەکەی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الصيامُ والقرآنُ يشْفَعَان للعبد، يقولُ الصيامُ: أَيْ ربِّ! إني منعتُه الطعامَ والشهواتِ بالنهارِ، فشَفِّعْني فيه، ويقولُ القرآنُ: منعتُه النومَ بالليلِ، فشَفِّعْني فيه؛ فيشْفَعَان}[2]. واتە: ڕۆژوو و قورئان لە ڕۆژی دواییدا تکا دەکەن بۆ بەندە، ڕۆژوو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم من خواردن و ئارەزووەکانم لێ قەدەغەکرد، بمکە تکاکار بۆی، قورئانیش دەڵێت: بەشەو خەوم لێ قەدەغەکرد، بمکە تکاکار بۆی، هەردووکیان تکا دەکەن.

8- بەهۆی ڕۆژوو موسڵمان لە ئاگری دۆزەخ دوور دەکەوێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما من عبد يصوم يوماً في سبيل اللَّه(ﷻ)، إلا بعَّدَ اللَّه بذلك اليوم وجهه عن النَّار، سبعين خريفاً}[3]. واتە: هیچ بەندەیەك نییە ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت لە پێناو خودا ئیلا خودا بەهۆی ئەو ڕۆژووە ڕوخساری دوور دەخاتەوە لە ئاگر بە ئەندازەی حەفتا پایز.

9- ڕۆژوو مایەی خۆشحاڵی یە بۆ خاوەنەکەی لە دونیا و دوارۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {للصَّائم فَرْحَتان يَفْرَحُهما: إذَا أفْطَرَ فَرِحَ، وإذَا لَقيَ ربَّهُ فَرِحَ بصَوْمه}[4]. واتە: بۆ ڕۆژووان دوو خۆشی هەن پێیان دڵخۆش دەبێت: کاتێك بەربانگ دەکاتەوە بە بەربانگەکەی دڵخۆش دەبێت، کاتێك بە خزمەت پەروەردگاری دەگات دڵخۆش دەبێت بە ڕۆژووەکەی.

---

(1) البخاري، الرقم(1896) ومسلم(1152)، عن سهل بن سعد(رضي الله عنه).

(2) رواه أحمد، الرقم(6626)، والطبراني(14672)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3882).

(3) البخاري، الرقم(2840)، ومسلم(1153)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(4) البخاري، الرقم(1904)، ومسلم(1151)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

10- ڕۆژوو یەکێکە لە دەرگاکانی خێر و چاکە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە مُعاذی فەرموو: {ألا أدلُكَ على أبواب الخير؟}. واتە: ڕێنمایت بکەم بۆ دەرگاکانی چاکە؟ جا یەکێك لەو شتای با سی کرد فەرمووی: الصَّوم جُنَّةٌ[1]. واتە: ڕۆژوو قاڵغانێکە بۆ ئەوەی موسڵمان خۆی پێ ڕزگار بکات لە ئاگر.

11- ڕۆژوو هۆکارێکە بۆ گیرابوونی دوعا و پاڕانەوەکان.

سێ کەس نزایان گیرایە، یەکێك لەوانە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ودعوةُ الصَّائم حتَّى يفطِر}[2]. واتە: دوعای ڕۆژووان تا بەربانگ دەکاتەوە.

12- ڕۆژوو هاوویێنەی نی یە.

أبو أمامة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: بە پێغەمبەری خودام وت(ﷺ): فەرمانم پێ بکە بە کردەوەیەك، فەرمووی: {علَيك بالصَّوم فإنَّه لا عِدْلَ لَه}[3]. واتە: دەست بە ڕۆژووەوە بگرە، بەراستی ئەو هاوێنەی نی یە. دوای ئەمە ئەو هاوەڵە بەڕێزە هەرگیز بە ڕۆژ دوکەڵ لە ماڵی نەدەبیندرا، چونکە بەردەوام بە ڕۆژوو دەبوو.

13- ڕۆژوو تاوانەکان دەسڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من صام رمضانَ إيمانًا واحْتسابًا غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِه}[4]. واتە: هەر کەسێك ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت بە بڕوایێکی تەواو و ئومێدیشی بە پاداشت هەبێت تاوانەکانی ڕابردووی دێتە سڕینەوە.

14- ڕۆژوو خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە لە تاوان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووەتی: {يا معْشَر الشَّباب، مَنِ اسْتَطَاعَ منْكُم الباءةَ فَلْيَتزوَّج، فإنَّه أَغَضُّ للْبصر، وأَحْصنُ للْفرْج، ومن لَمْ يستطع فَعليه بالصَّوْم، فإنَّه له وجاء}. واتە: ئەی کۆمەڵەی گەنجان هەر یەکێك لە ئێوە توانای هەبوو با هاوسەرگیری بکات، چونکە هۆکارێکە بۆ پاراستنی چاو و داوێن، ئەوەی توانا شی نەبێت با بەڕۆژوو بێت، چونکە بێگومان ڕۆژوو ئارەزووی تاوان لادەبات و دەیپارێزێت.

15- پاداشتی ڕۆژوو تەنها لای خودایە و کەس نایزانێت.

---

(1) الترمذي، الرقم(2616)، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) البيهقي، الرقم(6619)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(3032).

(3) النسائي، الرقم(2223)، وصححه الألباني في صحيح النسائي.

(4) البخاري، الرقم(1901)، ومسلم(759)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

أ بو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: خودای گەورە دە فەرموێت: (كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَه، إلاَّ الصِّيَامَ؛ فإنَّه لِي، وأنَا أجْزِي بِه)[1]. واتە: هەموو کردەوەکانی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی تەنها ڕۆژوو نەبێت، ئەو بۆ منە، منیش پاداشتی دەدەمەوە.

16– هەر کەسێك لە کاتی بەڕۆژوو بووندا بمرێت دەچێتە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {مَن صَامَ يوما ابْتِغاءَ وجْهِ اللهِ خُتِمَ لَهُ بِه دَخَلَ الجَنَّةَ}[2]. واتە: هەر کەسێك یەك ڕۆژ بەڕۆژوو بێت لە پێناو خودا و بمرێت بە زمانی بە ڕۆژوو دەچێتە بەهەشت.

17– ڕۆژووی عەرەفە تاوانی دوو ساڵ دەسڕێتەوە.

کاتێك پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بارەی ڕۆژووی عەرەفە، فەرمووی: {يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ وَالْبَاقِيَةَ}[3]. واتە: تاوانی ساڵی ڕابردوو و داهاتوو دەسڕێتەوە.

18– ڕۆژووی عاشوراء تاوانی ساڵێك دەسڕێتەوە.

کاتێك پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بارەی ڕۆژووی عاشوراء، فەرمووی: {يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ}[4]. واتە: تاوانی ساڵێکی ڕابردوو دەسڕێتەوە.

19– گەورەیی شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {مَن صامَ رَمَضانَ ثُمَّ أتْبَعَهُ سِتًّا مِن شَوَّالٍ، كانَ كَصِيامِ الدَّهْرِ}[5]. واتە: هەرکەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت پاشان شەش ڕۆژ لە شەوال بە ڕۆژوو بێت وەك ئەوە وایە ساڵ هەمووی بە ڕۆژوو بووبێت.

20– گەورەیی ڕۆژووی دووشەممە و پێنج شەممە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {تُعرضُ الأعمالُ يومَ الإثنينِ والخَميسِ فأُحبُّ أن يُعرضَ عَملي وأنا صائِمٌ}[6]. واتە: کردەوەکان لە ڕۆژی دوو شەممان و پێنج شەممان

(1) البخاري، الرقم(1805)، ومسلم(1151).
(2) رواه أحمد، الرقم(391)، وغيره، عن حذيفة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(985).
(3) المسلم، الرقم(1162)، وغيره، عن أبي قتادة(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(1162)، وغيره، عن أبي قتادة(رضي الله عنه).
(5) المسلم، الرقم(1164)، وغيره، عن أبي أيوب(رضي الله عنه).
(6) رواه أحمد، الرقم(8343)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه ابن الملقن في البدر المنير، ج.5، ص.755.

پیشان دەدرێن مەبەست پیشانی خودا دەدرێن منیش حەزدە کەم کاتێك کردەوە کانم پیشان دەدرێن بە ڕۆژوو بم.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و شوێنکەوتوان دەربارەی ڕۆژوو

1- پێشەوا علی(رضي الله عنه) هەموو جار لە کۆتا شەوی ڕەمەزان دەیفەرموو: (يا لَيت شِعري من هذا المقبولُ فنُهَنّيه، ومن هذا المحروم فنُعَزّيه)[1]. واتە: خۆزگە دەمزانی ڕەمەزان لە کێ قبوڵ کراوە بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لێ بکەین، و کێ یە ئەوەی بێ بەش بووە بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لێ بکەین.

2- وتیانە بِشری حافی(رحمه الله): خەڵك هە یە لە ڕەمەزاندا بەڕۆژ بەڕۆژوو دە بن و بەشەو شەو نخوونی دەکەن بە پەرستش بەڵام دوای ڕەمەزان وازدێنن، فەرمووی: (بِئس القوم قوم لا يعرفونَ الله إلا في رمضانَ)[2]. واتە: خراپترین خەڵك خەڵکانێکن خودای گەورە ناناسن تەنها لە ڕەمەزاندا نەبێت.

3- مُعَلى کوڕی الفَضْل(رحمه الله) لە بارەی پێشینەی چاك دە فەرموێت: (كَانُوا يدْعونَ الله تَعالى سِتَّةَ أَشْهرٍ أَنْ يبلّغهم رمضانَ، ويدْعونه سِتَّةَ أَشْهرٍ أَنْ يتقَبَّل مِنْهم)[3]. واتە: شەش مانگ نزایان دەکرد لە خودا کە بیانگەیێنێتە ڕەمەزان، و شەش مانگیش داوایان لێ دەکرد کە لێیان قبول بکات.

4- وَهْبی کوڕی وَرد لە ڕۆژی جەژن کەسانێکی بینی پێدەکەنین، فەرمووی: (إنْ كَانَ هؤلاءِ تقَبّل منهم صيامهم فما هذا فعل الشّاكرين وإن كان لم يتقبل منهم صيامهم فما هذا فعل الخائفين)[4]. واتە: ئەگەر ئەمانە ڕۆژووەکانیان وەرگیراون ئەمە کاری سوپاس گوزاران نییە، ئەگەر ڕۆژوەکانیشیان وەرنەگیراون ئەمە کاری لەخواترسان نییە.

5- أبو ذر(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (يا أَيُّها النّاس إِنّي لَكُم ناصِح، إني علَيكُم شَفيق، صلُّوا في ظلام اللّيلِ لِوحشة القبور، صوموا في الدُّنيا لِحر يوم النُّشور، و تَصدَّقوا مخافة يوم عسير لعظام الأُمور)[5]. واتە: ئەی خەڵکینە من ئامۆژگاریکارم بۆ ئێوە، من بەزەییم دێتەوە بە ئێوە، لە تاریکی شەو نوێژ بکەن بۆ تەنیایی ناو گۆڕ، و ڕۆژوو بگرن لە دونیا بۆ گەرمای دوارۆژ، و ببەخشن لە ترسی ڕۆژێکی بەرتەنگ لەبەر گەورەیی ڕووداوەکان.

---

(1) لطائف المعارف، ابن رجب الحنبلي، ص.148.

(2) مفتاح الأفكار للتأهب لدار القرار، الشيخ عبدالعزيز السلمان، ج.2، ص.283.

(3) لطائف المعارف، ابن رجب الحنبلي، ص.148.

(4) المصدر السابق، ص.209.

(5) تأريخ دمشق، ابن عساكر، ج.66، ص.214.

چەند ڕووداوێك لەسەر ڕۆژوو

1- عبدالله ی کوڕی عباس(رضي الله عنهما) دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەستەیەکی لە هاوەڵان ڕەوانە کرد بۆ شوێنێك، لە ڕێگای دەریا، أبو موسای کردە ئەمیریان، لە شەوێکی تاریکدا لە ناکاو گوێیان لە دەنگێك بوو، پێی وتن: ئەی ئەوانەی لەسەر کەشتیەکەن کەشتیەکەتان ڕاگرن تا هەواڵێکتان پێ بدەم، خودا چۆن بڕیارێکی داوە. أبو موسی فەرمووی: دە پێمان بڵێ. وتی: بێگومان خودای گەورە لەلایەن خۆی بڕیاری داوە هەرکەسێك خۆی تێنوو بکات لە ڕۆژێکی گەرم بەهۆی ڕۆژوو گرتن خودا ئاوی پێ دەدات و ناهێڵێت تێنوو بێت لەو ڕۆژەی کە خەڵك تێنوویەتی[1].

2- جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا، داوای مۆڵەتی بۆ دوو ئافرەت کرد، بە حیساب هەردووکیان بەڕۆژوو بوون، پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەردوو ئافرەتەکەی بانگ کرد و داوای قاپێکی بەتاڵیشی کرد، پاشان فەرمانی پێکردن کە خۆیان بڕشێننەوە کاتێك بەزۆر خۆیان ڕشاندەوە، ڕشانەوەکە کێم و خوێنی ڕەش بوو، بۆیە ئەم دیمەنە هاوەڵانی زۆر سەرسام کرد، پاشان پێغەمبەر فەرمووی: {إنَّ هاتين صامتا عما أَحلَّ الله، وأَفطَرتا علَى ما حرَّم الله عزَّ وجلَّ علَيهما، جلَستْ إحداهُما إلى الأُخرى؛ فَجعلَتا يأكُلان لحوم النَّاسِ}[2]. واتە: ئەمانە هەردووکیان بە شتی حەڵال بەڕۆژوو بوون و بە شتی حەڕام ڕۆژووەکەیان شکاندووە، یەکێکیان لای ئەوەیتر دانیشتووە و گۆشتی خەڵکیان دەخوارد مەبەست غەیبەتە.

3- زانای پایە بەرز أبو عەمروی شەعبی دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: مَسْروقی کوڕی عبدالرحمن لە ڕۆژێکی زۆر گەرم لە وەرزی هاویندا بەڕۆژوو بوو، لە هۆش خۆی چوو، بۆیە کچەکەی بەزەیی پێدا هاتەوە پێی وت: باوکەگیان دەبینم زۆر نارەحەتی بۆیە داوات لێ دەکەم ڕۆژووەکەت بشکێنە، دەبینی دونیا زۆر گەرمە، لەو کاتەدا سەیری کچەکەی کرد، پێی وت: مەبەستت چیە لەمە؟ کچەکەش وتی: بەزەییم پێتدا دێتەوە، پاشان پێی وت: کچی خۆم من زیاتر بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە، بۆیە وا لە نەفسم دەکەم

(1) رواه البزاز باسناد حسن(1039)، انظر الترغيب والترهيب، ج.2، ص.12.
(2) رواه أحمد، ج.5، ص.431، عن عبيد مولى رسول الله (ﷺ).

تا له ڕۆژی دواییدا دووچاری ناڕه حه‌تی گه‌وره‌تر نه‌بێت له ڕۆژێکدا که ئه‌ندازه که‌ی په‌نجا هه‌زار ساڵه[1].

4- أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) ده فه‌رموێت: أ بو طلحة له دوای کۆ چی دوا یی پێغه‌مبه‌ری خودا(ﷺ) تا له ژیاندا مابوو هه‌موو ڕۆژ ێك به‌ڕۆژوو ده بوو جـگه له ڕۆژا نی قه‌ده‌غه‌کراو یان نه‌خۆش بکه‌وتایه[2].

5- وه‌زیره دڵسۆزه‌که‌ی عمری کوڕی عبدالعزیز که ناوی رجاءی کوڕی حَیْوَة(رحمه الله) بوو ده‌ڵێت: أ بو أُما مة ی باهیلی و هاو سه‌ره‌که‌ی و خزمه‌تکاره که‌ی هه‌رده‌م به‌ڕۆژوو بوون، ئه‌گه‌ر به ڕۆژ ئاگرێك یان دووکه‌ڵێك له ماڵیان ببیندرا یه ئه‌وه خه‌ڵك ده یانزانی میوانیان هاتووه[3].

6- أ بو الأ حْوص ده‌ڵ یت: زا نای ناودار إ براهیم ی نه خه‌عی که‌نیزه یه‌کی زۆر خواپه‌رستی هه‌بوو، ده‌ڵێت: کامه ڕۆژ زۆر گه‌رم بوایه ئه‌و به‌ڕۆژوو ده‌بوو، لێ یان پر سی: بۆ وا ده که‌ی؟ ده یوت: چونکه هه‌ر شتێك نرخه که‌ی هه‌رزان ب یت هه‌موو که سێك ده‌تواتێت بیکڕێت[4].

7- إسحاقی کوڕی خَف(رحمه الله) ده فه‌رموێت: زا نای خوا ناس عه‌مری کوڕی قیس بیـست ساڵ ڕۆژووی گر تووه ته‌نا نه‌ت خێزانه‌که‌ی شی پێ یان نه‌زاني یه‌وه که به‌ڕۆژووه، چونکه کاتێك ده‌چوو بۆ سه‌ر کاره‌که‌ی خواردنی له‌گه‌ڵ خۆی ده‌برد و ده‌یبه‌خشی[5].

8- سعیدی کوڕی عُروبة ده‌ڵێت: ساڵێکیان حَجّاجی کوڕی یوسفی سه‌قه‌فی له سه‌فه‌ری حه‌جدا له نێوان مه‌ککه و مه‌دینه بۆ پشوودان له‌سه‌ر کانیه‌ك لایدا و داوای خواردنی کرد، پاشان به پاسه‌وانه‌که‌ی وت: بڕۆ که‌سێکم بۆ بدۆزه‌وه تا له‌گه‌ڵمدا نان بخوات و هه ندێك پرسیاریشی لێ بکه‌م، ئه‌وانیش عه‌ره‌بێکی ده شته‌کیان بۆ دۆزیه‌وه و هێنا یان بۆ لای حَجّاج پێی وت: بڕۆ ده‌سته‌کانت بشۆره و نانم له گه‌ڵ بخۆ، کابرا وتی: ناخۆم چونکه که‌سێکیتر ده‌عوه‌تی کردووم که زۆر له تۆ باشتره، حَجّاج وتی: ئه‌و که‌سه کێ یه؟ کابرا وتی: خودای گه‌وره‌یه، بۆ ڕۆژوو ده‌عوه‌تی کردم، منیش چووم بۆ داواکاریه که‌ی، حَجّاج

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.16.
(2) المصدر السابق، ص.146.
(3) المصدر السابق، ص.272.
(4) المصدر السابق، ص.248.
(5) المصدر السابق، ج.2، ص.281.

وتی: چۆن لەم ڕۆژە گەرمەیە بەڕۆژوو دەبی؟ کابرا وتی: بەڕۆژوو دەبم بۆ ڕۆژێك لەم ڕۆژە گەرمترە، حَجّاج وتی: ئەمڕۆ لەبەر من ڕۆژووە کەت بشکێنە و سبەینێ بیگرەوە، کابرا وتی: جا تۆ دەتوانی کەفالەتی سبەینێم بکەیت کە دەمێنم؟ حَجّاج وتی: ئەوە لە دەستهەڵاتی مندا نییە، کابرا وتی: ئەی چۆن بۆ دورێك نزیکێکم لەدەست دەدەیت؟ حَجّاج وتی: وەرە بیخۆ خواردنەکە زۆر بەتامە، کابرا وتی: نە تۆ و نە چێشت لێنەرەکەت بە لەزەتیان نەکردووە، بەڵکو لەش ساغی خۆشی کردووە[1].

9- ئەو پیاوەی بەهۆی زۆر بەڕۆژوو بوون زمانی سووتابوو.

عبدالرحمن ی کوڕی أسود(رحمه الله) یەکێك بووە لە خواپەرستەکانی سەردەمی خۆی، مێژوونووسان لێی دەگێڕنەوە: ئەو پیاوە ئەوەندە بەڕۆژوو دەبوو هەرچەندە گەرماش بووایە تا بەهۆی زۆر بەڕۆژوو بوون زمانی سووتابوو. هەروەها لە کاتی سەرەمەرگ دەگریا، کاتێك لێی دەپرسن سەبارەت بەهۆکاری گریانەکەی، فەرمووی: تەنها لە پەرۆشی نوێژ و ڕۆژوو دەگریم. بەردەوام قورئانی دەخوێند تا کۆچی دوایی کرد[2].

10- یەکێك لە زانا پایەبەرزەکانی سەردەمی خۆی بریتیە لە عبدالملك ی کوڕی قریب، بە ئەصمەعی ناسراوە، دەفەرموێت: من لە شاری مەککە بەهۆی هاتنی مانگی ڕەمەزان دەرچووم بۆ شاری طائف، بە مەبەستی ئەوەی بە ڕۆژوو بم، و لە گەرمای مەککەش ڕزگار بم، لە ڕێگادا گەیشتم بە پیاوێکی دەشتەکی، پێم وت: دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟ وتی: دەمەوێ بچمە شاری مەککەی پیرۆز بۆ ئەوەی مانگی ڕەمەزان لە وێ بەڕۆژوو بم، وتم: مەگەر لە گەرما ناترسی؟ وتی: دەمەوێ لەگەرما ڕابکەم گەرمای دۆزەخ[3].

11- إبراهیم ی کوڕی هانی بەڕۆژوو بوو کە مرد.

أبو بکری کوڕی زیاد(رحمه الله) دەفەرموێت: کاتی مردنی إبراهیم من لە لای ئامادەبووم فەرمووی: زۆر تێنووم، کوڕەکەی هەندێك ئاوی بۆ هێنا، فەرمووی: ئایە ڕۆژ ئاوا بووە؟ پێی وت: نەخێر، ئاوەکەی گەڕاندەوە و ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ ۝٦١ أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ ۝٦٢﴾ الصافات. پاشان کۆچی دوایی کرد[4].

(1) بگه به كاروانی صالحان، م. عمر توفيق الخطاط، ص.89.
(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.239.
(3) الكامل في اللغة والأدب، أبو العباس المبرد، ج.1، ص.163.
(4) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.13، ص.18.

شەوی قەدرد

واتای شەوی قەدرد

شەوی قەدر یەکێکە لە دەشەوەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، دیاریش نەکراوە کامەیانە، تەنها ئەوە نەبێت پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاماژەی بۆ شەوە تاکەکان کردووە لە دە شەوەکان، فەرموو یەتی: {فَالْتَمسُوهَا في العَشْرِ الأوَاخر، والتَمسُوهَا في كُلِ وتْرِ}[1].

واتە: جا دەستی پێوە بگرن و هەوڵی بۆ بدەن لە دە شەوەکانی کۆ تایی، دە ستی پ ێوە بگرن و هەوڵی بۆ بدەن لە شەوە تاکەکان.

هەروەها شەوێکی تاي بەت و زۆر گەورە یە لەلا یەن خودای گەورە، لەو شەوەدا قوڕ ئانی پیرۆز لە(لَوحُ المَح فوظ)وە دا بەزیوە بۆ ئا سمانی یە کەم، لەوێشــەوە بە ماوەی(23) ساڵ هەمووی بۆ سەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) دابەزی.

هەروەها و شەی(القدر) چاوگە لە زمانەواز یدا بە وا تای(تَ قديرُ ال شَّيء). وا تە: چارەنووسی شت و ئەندازەکردنی شتەکە.

وشەی(القدر) لە شەرعدا: (فَهُوَ ما يُقَدِّرُهُ اللهُ مِن القَ ضاءِ وَيَحكُمُ بِهِ مِنَ الأُ مور). وا تە: بریتیە لەو شتەی خودای گەورە ئەندازەی د یار دە کات لە قەزا و بڕیاردان لە سەری لە کاروبارەکاندا[2].

(1) البخاري، الرقم(2027)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) النهاية في غريب الحديث والأثر، محمد الجزري – ابن الأثير، ج.4، ص.22.

پله و پایه و سوودەکانی شەوی قەدر له( ) خاڵدا

1– دابەزینی قورئان له شەوی قەدر گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پله و پایەی ئەوشەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَـٰهُ فِى لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١﴾ القدر. واتە: ئێمە دامانبەزاندووە قورئان له شەوی قەدر.

2– بەکارهێنانی(ئامرازی پر سیار) کە دە فەرمویت: ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ۝٢﴾ القدر. واتە: تۆ چوزانی شەوی قەدر چ پله و پا یەکی هە یە. ئەوە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەم شەوە.

3– پاداشتی ئەو شەوە باشترە لە پاداشتی خواپەرستی هەزار مانگ.

خودای میهرەبان دەفەرمویت: ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ۝٣﴾ القدر.

4– دا بەزینی ژمارە یەکی زۆر لە فرێ شتەکان بە سەرکردایەتی فرێ شتەی وەحی جُبریل(دروودی خودای لەسەر بێت) لەم شەوەدا بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەم شەوە.

خودای میهرەبان دە فەرمویت: ﴿تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا ۝٤﴾ القدر. وا تە: فریشتەکان و جبریل دادەبەزن لەو شەوەدا.

5– شەوی قەدر فریشتەکان دادەبەزن بۆ ڕێکخستنی هەر کاروبارێك بە فەرمانی خودا.

خودای باڵادەست دەفەرمویت:﴿بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ۝٤﴾ القدر. وا تە: لە سەر مۆڵەتی پەروەردگاریان بە جۆرەها فەرمان و کار.

6– لە شەوی قەدر خودا بڕیار لەسەر شتی سەلامەت و خۆش و باش دەدات تا بەیانی.

خودای گەورە دەفەرمویت: ﴿سَلَـٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ۝٥﴾ القدر. واتە: ئەو شەوە ئاشتی و میهرەبانیە تا بەرەبەیان.

7– یەکێك لە سورەتەکانی قورئان بە ناوی(القدر) کە سورەتی ژمارە(98)ە، بەڵگە یە لەسەر گەورەیی ئەم شەوە.

8– سێ جار دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی(ليلة القدر) لەو سورەتە کورتەدا خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکیترە لەسەر گەورەیی ئەم شەوە.

9– خودای تاك و تەنیا ئەو شەوەی بە پیرۆز داناوە.

خودای گەورە دەفەرمویت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَـٰهُ فِى لَيۡلَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ ۝٣﴾ الدخان. واتە: بەڕا ستی ئێمە ئەو قورئانەمان لە شەوێکی پیرۆزدا ناردۆتە خوارەوە کە شەوی قەدرە.

10– له شەوەی قەدر هەموو شتەكان وەكو ئەجەل و ڕزق و ڕۆزی هتد، له یەك جیا دەكرێتەوە و بۆ ماوەی ساڵێك دیار دەكرێت.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴿٤﴾﴾ الدخان. واتە: لەو شەوەدا كە شەوی قەدرە هەر كارێك كە حیكمەتی تێدا بێت بەش بەش دەكرێت.

11– زیندوو كردنەوەی شەوی قەدر بە خواپەرستی مایەی سڕینەوەی تاوانەكانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن قامَ ليلةَ القدرِ إيمانًا واحتساباً غُفِر لَهَ ما تقدَّمَ من ذنبه}[1]. واتە: هەر كەسێك شەوی قەدر بە خواپەرستی زیندوو بكاتەوە بە بڕوایێكی تەواو بە پلە وپایەی ئەو شەوە و بە ئومێدیش بێت بە وەرگرتنی پاداشتەكەی ئەوە تاوانەكانی پێشووی دەسڕدرێتەوە.

12– زیندوو كردنەوەی شەوانی قەدر زیندوو كردنەوەی سوننەتی پێغەمبەرە(ﷺ).

عائشة دەفەرموێت: هەر كات دە شەوی كۆتایی ڕەمەزان دەهات پێغەمبەری خودا شەوی بەخواپەرستی زیندوو دەكردەوە و خێزانەكانی خۆی بە خەبەر دەهێنا نەوە و وازی لە هاوسەرەكانی دەهێنا و زۆر خۆی ماندوو دەكرد بە خواپەرستی[2].

13– زیندوو كردنەوەی شەوانی قەدر وەسیەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {تَحرَّوا ليلةَ القَدْرِ في العَشْرِ الأواخرِ من رمضانَ}[3].

واتە: داوای شەوی قەدر بكەن و بیگرن لە دە ڕۆژەكانی كۆتایی ڕەمەزان.

14– أنس(رضي الله عنه) دەفەرموێت: كاتێ ڕەمەزان دەهات پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: {إنَّ هذا الشَّهرَ قَد حضركُم وفيهِ ليلةٌ خيرٌ من ألفِ شَهْرٍ مَن حُرِمَهَا فقد حُرِمَ الخيرَ كُلَّهُ ولا يُحرَم خيرَها إلَّا محرومٌ}[4]. واتە: ئەو مانگە هات بۆ لاتان، شەوێكی تێدایە با شترە پاداشتەكەی لە هەزار مانگ، هەر كەس لێی بێ بەش بوو ئەوا بێگومان لە هەموو خێرەكە بێ بەش بووە، لە خێرەكەی بێ بەش نابێت تەنها ئەو كەسە نەبێت كە بێ بەشە.

(1) البخاري، الرقم(1901)، ومسلم(760)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) المسلم، الرقم(1174).
(3) البخاري، الرقم(2020)، ومسلم(1169)، عن عائشة(رضي الله عنها).
(4) ابن ماجة، الرقم(1341)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(2247).

چەند وتەیەکی زانایان دەربارەی شەوی قەدر

1- سُفیانی سەوری(رحمه الله) دە فەرموێت: لە پێشەوا مُجا هد پێم گەیشتووە کە فەرموویەتی دەربارەی تەفسیری: ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣﴾ القدر. مەبەست ئەوە یە: کردەوە کانی شەوی قەدر: ڕۆژوو و زیندوو کردنەوە کەی، با شترە لە هەزار مانگ[1].

2- پێشەوا مالك(رحمه الله) دە فەرموێت: دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) درێژی تە مەنی گەلانی پێشووی زا نی وە کو بلاێی بۆ ئەنجا مدانی کردەوەی چاکی تە مەنی ئوممەتەکەی زۆر بە کورت زانی، بۆیە خودای میهرەبان وەکو خەلاتێك شەوی قەدری پێ بەخشی[2].

3- پێشەوا شەعبی دە فەرموێت: شەوی قەدر وە کو ڕۆژە کەی وا یە و ڕۆژەکە شی وەکو شەوەکەی وایە[3].

4- پێشەوا فراء فەرموویەتی: لە شەوی قەدردا خودای گەورە هیچ شتێك بڕیاری لەسەر نادات تەنها بەختەوەری و خۆشی نیعمەتەکان نەبێت[4].

---

(1) جامع البيان في تأويل القرآن، الطبري، ج.30، ص.259.

(2) الموطأ، الإمام مالك، كتاب الإعتكاف، ج.1، ص.321.

(3) التفسير المنير، الزُّحيلي، ج.30، ص.338.

(4) المصدر السابق.

چەند ڕووداوێك دەربارەی گەورەیی شەوی قەدر

1- لە پێشەوا مُجاهد(رحمه الله) ڕیوایەت کراوە: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی پیاوێکی کرد لە بەنی ئیسرائیل، ئەو پیاوە ماوەی هەزار مانگ چەکی هەڵگرت و لە پێناو خودا جەنگی کرد، دەفەرموێت: ئەو کات موسڵمانەکان کە ئەمەیان بیست زۆر پێی سەرسام بوون، دەفەرموێت: دوای ئەمە خودا سورەتی(القدر)ی دابەزاند[1].

2- لە علی کوڕی عەمر(رحمه الله) گێڕدراوەتەوە: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی چوار پیاوی کرد لە بەنی ئیسرائیل، ئەو چوار پیاوانە ماوەی هەشتا ساڵ خواپەرستیان کرد بەبێ ئەوەی بە ئەندازەی چاوتورکانێك بێ فەرمانی خودا بکەن، ئەوانیش بریتی بوون لە أیّوب و زکَریا و حَزقیلی کوڕی عَجوز و یُوشَعی کوڕی نون، ئیتر هاوەڵان زۆر پێی سەرسام بوون، لەو کاتەدا جُبریل(عليه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئەی محمد ئوممەتەکەت سەرسامە بە پەرستشی هەشتا ساڵی ئەو خواپەرستانە و ئەنجامنەدانی هیچ تاوانێك لەو ماوەیەدا، ئەوتا خودای گەورە لە مەی باشتر ناردەخوارەوە، ئەو کات سورەتی(القدر)ی بۆ خوێندەوە و فەرمووی: ئەمە باشترە لەوەی تۆ و ئوممەتەکەت پێی سەرسامن. ئەو کات پێغەمبەری خودا زۆر خۆشحاڵ بوو لەگەڵ هاوەڵانی[2].

3- دەربارەی شەوی قەدر: جارێکیان دایکی بڕواداران عائیشە(رضي الله عنها) پرسیاری لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد وتی: ئەگەر گەیشتم بە شەوی قەدر چ نزایێك بکەم؟ فەرمووی: بڵێ {اللّهمَّ إنَّكَ عفوٌّ تُحبُّ العفُو فاعفُ عنِّي}[3]. واتە: ئەی خودایە بەڕاستی تۆ زۆر لێبوردەی و لێبوردنت خۆش دەوێت، سا بمبوورە.

(1) تفسير القران العظيم، ابن كثير، ج.8، ص.3817.

(2) تفسير القران العظيم، ابن كثير، ج.8، ص.3818.

(3) الترمذي، الرقم(3513)، وغيره، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(3337).

الحج والعمرة

پێناسەی حەج و عومرە

الحَجُّ لغة: القَصْدُ مُطلَقاً.

وشرعـــــاً: قَصْدُ الكَعبَةِ لأداءِ أفْعالٍ مَخصُوصَةٍ، أو زِيارَةِ مَكانٍ مَخصوصٍ، في زَمَنٍ مَخصُوصٍ، بِفِعلٍ مَخصوصٍ.

العُمْرَةُ لغةً: الزِّيارَةُ.

وفي الشرع: قَصدُ الكَعبَةِ لِلنُّسُكِ، وهُوَ الطَّوافُ والسَّعْيُ[1].

واتە: حەج لە زمانەوانیدا: مەبەستە بە گشتی.

لە شەرعدا: مەبەست کەعبەیە بۆ ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی تایبەت، یان زیارەتی شوێنێکی تایبەت (کە کەعبە و عەرەفە یە) بە تایبەت، لە کاتێکی تایبەت (لە مانگەکانی حەج کە بریتین لە مانگی شەوال و ذوالقعدة و ذوالحجة) و بە کردەوەی تایبەت (ئەنجامدانی گشت ڕوکنەکان بە نیەتی حەج لە شوێنە دیارکراوەکان).

عومرە لە زمانەوانیدا: زیارەت و سەردانە.

لە شەرعدا واتە: مەبەستی کەعبە بکەی بۆ ئەنجامدانی دروشمەکان، ئەویش تەواف و سەعیە.

---

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.3، ص.2064.

پله و پایه و سوودەكانی حەج و عومرە لە( ) خائڵدا

1- حەج كردن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای باڵادەست فەرمانی كردووە بە ئەنجامدانی حەج و فەرموویەتی: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ آل عمران. واتە: بۆ خودا هەیە بە سەر ئادەمیزادەوە حەج كردنی ئەو ماڵە هەر كەسێك توانای گەیشتنی هەبێت.

هەروەها ئەنجا مدانی عـومرەش بە هەمان شێوە بەجێگەیا ندنی فەرمانی خودا یە، لەبەر ئەوەی عـومرەش بە هەمان شێوەی حەج فەرمانی پێ كراوە، فەرموویەتی: ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ البقرة. واتە: كاتێك ئیحرامتان بە ست بۆ حەج یان بۆ عومرە پێویستە تەواویان بكەن، لە خۆتانەوە دەرمەچوون لێیان.

2- حەج كردن پێنجەمین بنچینەی ئیسلامە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ئیسلام لە سەر پێنج شت بونیات نراوە، جا یەكێك لەوانە: وحجُّ البيت[1]. واتە: ئەنجامدانی حەج.

3- حەج كردن یەكێكە لە گەورەترین كردەوە لەلای خودای گەورە.

أبو هُرَيرَة دەفەرموێت: پرسیاركرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئا یە گەورەترین كردەوە كامە یە؟ فەرمووی: بڕوا بوون بە خودا و پێغەمبەرەكەی، وتیان: پاش ئە مە؟ فەرمووی: جیهاد لە پێناو خودا، وتیان: پاش ئە مە؟ فەرمووی: ئەنجا مدانی حەج بە چاكی[2].

4- حەج كردن پاداشتەكەی بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {والحجُّ المَبْرور ليس له جَزَاءٌ إلا الجَنَّةُ}[3]. واتە: ئەنجامدانی حەج بە باشی پاداشتەكەی تەنها بەهەشتە.

5- بەهۆی حەج كردن بڕوادار پاك دەبێتەوە لە تاوان.

أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: {مَن حَجَّ لله فلَم يرفُث، ولَم يفسق، رجع كيوم ولَدَتْه أُمُّه}[4]. واتە: هەركەسێ بۆ

(1) البخاري، الرقم(8)، ومسلم(16)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).
(2) البخاري، الرقم(1519)، ومسلم(83).
(3) البخاري، الرقم(1773)، ومسلم(1349)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).
(4) البخاري، الرقم(1521)، ومسلم(1350).

ڕەزامەندی خودا حەج بکا و لەکاتی حەج کردندا پارێز بکات لە کەیف کردن لەگەڵ هاوسەرەکەی، قسەی پڕو پووچ نەکات، ئەوە دەگەڕێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کە لەدایك بووە، لە تاوان پاك دەبێتەوە.

6- پاداشتی حەج بۆ ئافرەت وەکو پاداشتی جیهاد وایە.

کاتێك دایکی بڕواداران عائیشە(رضي الله عنها) بە پێغەمبەری خودای(ﷺ) فەرموو: ئێمە وا دەبینین کە جیهاد کردن با شترینی کردەوەکا نە، ئا یە ئێمەش نە چین بۆ جیهاد؟ فەرمووی: {لَا، لَكِنَّ أفْضَلَ الجهَادِ حجٌّ مبْرُورٌ}[1]. واتە: نەخێر، بەڵکو گەورەترین جیهاد حەجێکی تەواوە.

7- حەج کردن هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما من يَوم أكْثَر من أنْ يُعتق اللَّهُ فيه عَبْدًا من النَّار، من يوم عَرَفَةَ}[2]. واتە: لە هیچ ڕۆژێك خودای گەورە بەندەی خۆی ئاوا بە زۆری لە ئاگری دۆزەخ ئازاد ناکات وەکو ڕۆژی عەرەفە.

8- ئەنجامدانی عومرەش بە هەمان شێوەی حەج تاوان دەسرێتەوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {العمرةُ إلى العمرةِ كفَّارةٌ لما بيْنهُمَا}[3]. وا تە: ئەنجا مدانی عومرە تا عومرە یەکیتر دەبێ تە ما یەی سڕینەوەی تاوانەکانی بەینی هەردووکیان.

9- حەج و عومرە بڕوادار لە هەژاری ڕزگاردەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {تابعوا بينَ الحجِّ والعمرة، فإنَّهما ينفيان الفقرَ والذُّنوبَ، كما ينفي الْكِيرُ خبثَ الحديد والذَّهبَ والفضَّة}[4]. وا تە: بەردەوام بن لە سەر ئەنجامدانی حەج و عومرە، ئەوان هەژاری و تاوان لادەبەن هەروەکو چۆن کوورە خرا پی و خرتوخواری ئاسن و زێڕ و زیو لادەبات.

10- حاجی و عومرەکار میوانی خودان، هەروەها دوعاکانیان قبوڵ دەبن.

---

(1) البخاري، الرقم(1520).
(2) المسلم، الرقم(1348)، عن عائشة(رضي الله عنها).
(3) البخاري، الرقم(1773)، ومسلم(1349)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(4) الترمذي، الرقم(810)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(2900).

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الحجَّاج والعمَّار وفدُ الله، إنْ دَعَوهَ أَجابَهم، وإنْ استغفَروهُ غَفَر لَهم}[1] واتە: حاجیەکان و عومرەکاران شاندی خودان، ئەگەر داوای لیّ بکەن وەلاّمیان دەداتەوە، و ئەگەر داوای لێبووردنی لیّ بکەن لێیان دەبووریّت.

11- ئەنجامدانی عومرە لە رەمەزاندا وەك حەجێك وایە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرمووبەتی: {فإنَّ عُمْرَةً في رَمَضَانَ تَقْضي حَجَّةً مَعي}[2]. وا تە: ئەنجامدانی عومرە لە رەمەزاندا وەکو ئەوە وایە حەجێکت لەگەڵ من کردبێت.

12- مردن لە حەج یان عومرە یان لە رێگای حەج و عومرە پاداشتی تایبەتی هەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من خرج حاجًّا فمات كُتب له أجر الحاجّ إلى يوم القيامة، ومن خرج معتمراً فمات كُتب له أجر المعتمر إلى يوم القيامة}[3]. واتە: هەر کە سێك لە ماڵ دەربچێت بە مەبەستی حەج کردن پاشان بمرێت پاداشتی حەجی بۆ دەنووسرێت تا رۆژی دوایی، هەر کەسێك لە ماڵ دەربچێت بە مەبەستی عومرە کردن پا شان بمرێت پاداشتی عومرەی بۆ دەنووسرێت تا رۆژی دوایی.

13- رەجمی شەیتان دەبێتە رۆناکی بۆ خاوەنەکەی لە دوارۆژ.

ابن عباس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {إذا رميتَ الجمارَ كان لك نورا يوم القيامة}[4]. واتە: ئەگەر رەجمی شەیتانت کرد بۆت دەبێتە رووناکی لە دوارۆژ.

14- بەردە رەشەکە دەبێتە شاهێد.

عبدالله ی کوری عباس دەفەرموویت پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {والله لَيبعثنَّه الله يوم القيامة، له عينان يُبصِر بهما، ولسانٌ ينطِق به، يشْهدُ علَى من استلمه بحقّ}[5]. واتە: سوێند بە خوا خودا بەردە رەشەکە زیندوو دەکا تەوە، لە رۆژی دوایدا دوو چاوی هە یە پێی دەبینێت، زمانێکی هە یە قسەی پیّ دە کات، شاهێدی بۆ ئەو کە سە دەدات کە بەراستی و دڵسۆزی دەستی لێداوە.

15- بەهۆی سەرتاشین یان کورت کردن بە بەر نزای پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکەوێت.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(2892)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(709).

(2) البخاري، الرقم(1863)، ومسلم(1256)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

(3) رواه أبو يعلى، الرقم(6357) وغيره، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(5253).

(4) رواه البزاز، الرقم(113)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(2515).

(5) الترمذي، الرقم(961)، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(7098).

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِينَ. قَالُوا: وَلِلْمُقَصِّرِينَ، قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِينَ. قَالُوا: وَلِلْمُقَصِّرِينَ، قَالَهَا ثَلَاثًا، قَالَ: وَلِلْمُقَصِّرِينَ}[1]. واتە: خودایە لە وانە خۆشبە کە سەریان دەتاشن، وتیان: ئەدی ئەوانی کورتی دەکەن؟ فەرمووی: خودا یە لە وانە خۆشبە کە سەریان دەتاشن. سێ جار وای وت لە جاری چوارەم فەرمووی: لە وانەش کە کورتی دەکەن.

(1) البخاري، الرقم(1641)، ومسلم(1302)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی هاوەڵان دەربارەی حەج و عومرە

1- شَقیقی کوڕی سَلَمَة(رحمه الله) دەفەرموێت: ویستم بچم بۆ حەج لە عبدالله ی کوڕی مسعودم پرسی دەربارەی حەج، فەرمووی: (إنْ تَكُنْ نيَّتكَ صادقةً وأَصلُ نفقتك طيِّبةً، وصرفَ عنكَ الشَّيطانُ حتَّى تفرُغَ من عقْد حجك، عدْت من سيئاتكَ كيوم ولَدَتْكَ أمُّكَ)[1]. واتە: ئەگەر مەبەستت ڕاست بێت و پارە و خواردنت حەڵاڵ بێت و شەیتان لێت دوور بێت تا کۆتایی دێنی بە پرۆسەی حەج، لە تاوانەکانت دەگەڕێیەوە وەکو ئەو ڕۆژەی دایکت تۆی بوو.

2- عبدالله ی کوڕی زُبَیر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (التَّلبيةَ زينةَ الحجِ)[2]. واتە: وتنی: (لبیك اللهم لبیك) جوانی حەجە.

3- عبدالله ی کوڕی عَباس(رضي الله عنه) فەرموویەتی: (الطَّوافُ حولَ البيْت مثْلُ الصَّلاَة، إلاَّ أنَّكُم تتكَلَّمونَ فيه، فمن تكَلَّمْ فيه فلاَ يتكَلَّمنَّ إلاَّ بخيْر)[3]. واتە: سوڕان بە دەوری کەعبە وەکو نوێژ وایە، تەنها ئێوە قسەی تێدا دەکەن، جا هەرکەسێك قسەی تێدا کرد با قسە نەکات تەنها بە چاکە نەبێت.

4- پێشەوا عُمر فەرموویەتی: (من ماتَ وهو موسرٌ لَمْ يَحُجَّ، فلْيمتْ علَى أيِّ حال شاءَ، يهوديًّا أَوْ نَصرانيًّا)[4]. واتە: هەرکەس بمرێ و دەوڵمەند بێت بەبێ عوزر حەج نەکات چۆن دەیەوێ با بمرێت، بە جوولەکەیی یان گاوری.

(1) رواه الفاكهي في أخبار مكة، عن يحي بن عثمان(رحمه الله).

(2) رواه أبي شيبة، عن منصور بن ابي أسود(رحمه الله).

(4) الترمذي، الرقم(960)، وغيره، جاء مرفوعا وموقوفا على ابن عباس(رضي الله عنهما).

(5) مصنف بن أبي شيبة(306/3)، ورجاله ثقات.

چەند ڕووداوێك سەبارەت بە حەج و عومرە

1- هاوەڵی بەڕێز عبداللە ی کوڕی عباس(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: پیاوێك لە سەر كێوی عەرەفە لە گەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕاوەستابوو لە ناكاو لە و شترەكەی كەوتە خوارەوە و ملی شكا و مرد، یا شان پێغەمبەری خودا فەرمووی: {اغسلوهُ بماء وسدر، وكَفّنوهُ بثوبيه، ولا تُخَمّروا رأسَهُ، ولا تُحَنّطوهُ، فَإنّهُ يبعثُ يومَ القيامة مُلَبّياً}[1]. واتە: بە ئاو و سیدر بیشۆن، بە دوو بەرگە كەی پارچەكانی ئیحرام كفنی بكەن، سەری دامەپۆشن و بۆنی لێ مەدەن، چونكە بێگومان بە وتنی(لبيك اللهم لبيك) لە ڕۆژی دوایی زیندوو دەبێتەوە.

2- یەكێك لە زانا پایە بەرزەكانی سەردەمی خۆی حافظ البرزالي بوو، خاوەنی (التأريخ والمعجم الكبير)ە، هەر جارێك ئەم ڕووداوەی بیر بكەوتایەوە كە باس لەو پیاوە دەكات كە لەسەر وشترەكەی كەوتە خوار لە عەرەفە دەستبەجێ دەگریا، تا سەرەنجام ئەم زانایە بەخۆی لە ژێر بەرگی ئیحرام دابوو كۆچی دوایی كرد[2].

3- ڕوومەتی بە كەعبەی پیرۆز وەنا و كۆچی دوایی كرد.

عبدالعزیزی كوڕی أبو داود(رحمه الله) دە فەرموێت: جارێكیان كۆمەڵێك موسڵمان بە مەبەستی حەج كردن چوون بۆ شاری مەككەی پیرۆز، ئافرەتێكیان لەگەڵدا بوو، ئەوە ندە پەرۆش بوو بۆ ئەوێ لە ڕێگا زوو زوو دەیوت: كوا ماڵی پەروەردگارم؟ ئەوانیش پێیان دەوت: ئارامت هەبێت زۆری نەماوە پەلە مەكە، كاتێك لە دوورەوە مەككە بە دیاركەوت، پێیان وت: ئا ئەمەیە ماڵی پەروەردگارت، ئایا ئێستا دەیبینی؟ ئەوەبوو ئەم ئافرەتە لە خۆشیان زۆر بە خێرایی بەرەو كەعبە ڕایكرد، كاتێك گەیشتە لای كەعبە ڕوومەتی خۆی بە كەعبەوە نووساند، سوێند بە خودا سەری هەڵنەبڕی تا گیانی سپارد[3].

4- محمدی كوڕی علی دەفەرموێت: حسن ی كوڕی علی(رضي الله عنهما) بیست جار لە شاری مەدینە چووە بۆ شاری مەككە، پازدە جار بە مەبەستی ئەنجامدانی حەج بوو وە دەیفەرموو: من شەرم دەكەم لە پەروەردگارم بە دیداری شاد بم لە كاتێكدا هیچ جار بە پیادە نەچووم بۆ ماڵەكەی ئەو[4].

---

(1) البخاري، الرقم(1268)، ومسلم(1206).

(2) مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، موسوعة الأخلاق الإسلامية، ج.1، ص.371.

(3) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.4، ص.335.

(4) المصدر السابق، ج.1، ص.385.

5- سەبارەت بە پێشەوا حُسین ی کوڕی پێشەوا علی(رضي الله عنهما) عبدالله ی کوڕی عُبیدی کوڕی عُمیر فەرموویەتی: پێشەوا حُسین(25) جار بە پیادە حەجی کردووە[1].

6- ابن شوذب(رحمه الله) دەفەرموێت: کاتێك پێشەوا طاووس ی یەمانی کۆچی دوایی کرد لە شاری مەککە ساڵی سەد و پەنجای کۆچی بوو گوێم لە خەڵك بوو دە یان وت: ڕەحمەتی خودا لە طاووس چل حەجی کردووە[2].

7- دەربارەی گەورەی تابیعییان سعیدی کوڕی مُسَیّب(رحمه الله) عبدالرحمن ی کوڕی حرملة فەرموویەتی: لە سعیدم بیست دەیفەرموو: تا ئێستا(40) حەجم کردووە[3].

8- سعیدی کوڕی جُبَیر(رحمه الله) یەکێك بوو لە با شترینی تابیعیيان، دەربارەی ئەو پیاوە خوانا سە هلال کوڕی خباب دە فەرموێت: سعید ی کوڕی جُبیر ساڵێ دوو جار ئیحرامی دەبەست، جارێکیان بۆ حەج و جارێکیان بۆ عومرە[4].

9- نافع(رحمه الله) دە فەرموێت: لە گەڵ عبدالله ی کوڕی عُمر(رضي الله عنهما) سی و قسور جار سەفەری حەج و عومرەم کردووە[5].

10- عبدالله ی کوڕی وهب لە تەمەنی خۆی ساڵی دەکردە سێ بەش، بە شێکیان بۆ ئێ شککری و تێکۆ شان لە پێ ناو خودا، و بە شێکیان بۆ خز مەت کرد نی خەڵك بە زانستەکەی، و بە شەکەیتری بۆ ئەنجا مدانی حەج، لێی دەگێڕنەوە کە: سی و شەش حەجی کردووە[6].

11- عبدالله ی کوڕی عباس(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: هەر شتێکی دونیام لە دەست چووبێت بۆی پەرۆش نەبووم، تەنها بۆ ئەوە نەبێت تا پیر بووم جارێك بە پیادە حەجم نەکرد، گوێ بگرە لە فەرموودەی خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ﴾ الحج. واتە: دێن بۆ لات بە پیادە و بە سواری هەموو وشترێکی لاواز[7].

---

(1) المصدر السابق، ص.387.
(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.370.
(3) المصدر السابق، ص.370.
(4) المصدر السابق.
(5) المصدر السابق، ص.369.
(6) المصدر السابق، ص.370.
(7) شعب الإيمان، البيهقي، ج.7، ص.537.

12– علي كوڕی مُوَفَّق كه یه‌كێكه له زانا و خوانا سه‌كانی سه‌رده‌می خۆی به أبو الحسن ناسراو بوو، له ته‌مه‌نی خۆی(60) جار حه‌جی كردووه، ده فه‌رموێت: دوای ئه‌وه جارێكیان له‌لای كه‌عبه‌ی پیرۆز له ناو ئه‌و شوێنه‌ی كه به‌(حیجر) مه شهوره دانیشتبووم، بیرم له‌وه ده كرده‌وه ئاخۆ ئه‌بێ حه جه‌كانم قبولْ بووبن؟ یا شان خه‌وتم، له خه‌ودا یه‌كێك پێی وتم: (هل تَدعو إلى بيتكَ إلا منْ تُحب؟). واته: ئایه تۆ كه‌سێك بۆ ماڵی خۆت ده‌عوه‌ت ده‌كه‌ی مه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه نه‌بێت كه خۆشت ده‌وێت؟ ده فه‌رموێت: به‌خه به‌ر هاتم زۆر دڵخۆش بووم[1].

13– أبو إسحاق ده‌فه‌رموێت: أسودی كوڕی یَزید(80) حه‌ج و عومره‌ی كردووه[2].

14– أبو طاهیری كوڕی سلمة ده‌فه‌رموێت: له ابن المُقرىء الحافظم بیست(رحمه الله) ده‌یفه‌رموو: (استَلَمت الحجر في لَيلَة مائةً وخَمسين مرَّةً)[3]. واته: له یه‌ك شه‌و (150) جار ده‌ستم له‌(الحَجَرُ الأسْوَد) داوه.

15– چوون بۆ حه‌ج به پایسكل.

محمد علي بهاء الدين خه‌ڵكی(شیشان)ه، پیاوێكی زۆر هه‌ژار بوو، هیوایه‌تی ئه‌وه‌بوو حه‌ج بكات، دایكیشی كۆچی دوایی كرد، ساڵی(2006) محمد علی ئه‌وكات(62) ساڵ بوو، شه‌وێكیان له خه‌ودا به خزمه‌ت دایكی خۆی گه‌یشت، دایكی پێی ده‌ڵێت: منیش هیوایه‌تمه تۆ بچی بۆ حه‌ج ئه‌گه‌ر به پایسكلیش بێت، محمد بۆ هێنانه‌دی ئاواتی خۆی و دایكی بڕیاریدا بچێت بۆ حه‌ج، ئه‌وه بوو به پایسكله‌كه‌ی به‌ڕێكه‌وت، چه‌ندین وڵاتی بڕی وه‌كو(ئازه‌ربایجان و جۆرجیا و ئێران و ئه‌رمینیا و توركیا و عه‌ممان)، نزیكه‌ی (11) یازده هه‌زار كیلۆ مه‌تری بڕی، له‌م گه‌شته‌دا ناڕه‌حه‌تی زۆری بینی، بۆ نموونه جاری وا هه‌بوو ماوه‌ی سێ ڕۆژ به بێ خواردن ماوه‌ته‌وه، به‌ڵام وه‌كو كه‌ڕامه‌تێك باڵنده‌یه‌ك ناوكه گوێزی بۆ به‌رده‌داته‌وه و ده‌یخوات، محمد ده‌ڵێت: له ژیانمدا هه‌رگیز شتی وا خۆشم نه‌خواردووه و هیچ خواردنێك وه‌كو ئه‌وه تێری نه‌كردووم، هه‌روه‌ها له یه‌كێك له شاخه‌كانی توركیا

(1) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.2، ص.351.
(2) المصدر السابق، ج.1، ص.369.
(3) المصدر السابق، ج.1، ص.371.

دوو گورگ هێرشی بۆ دێنن بەڵام بە ئیرادەی بەهێز و بە ئارامی و پاڕانەوەی لە خودا توانی بەسەر هەموو ئەمانەدا سەرکەوێت و حەجەکەی بکات[1].

16– لە گەشتی عومرە لە شاری مەککە کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی(2014) لەگەڵ چەند خزم و دۆستێك گەشتێکی عومرەمان ئەنجامدا، هەر یەك لە ئێمە چەندین ئاوا تمان هەبوو، یەکێك لە هاوڕێی گە شتەکەمان ئافرەتێك بوو بە ناوی(هۆری عبدالله رشید)، خەڵکی گوندی(بەنۆکە)ی سەر بە شارۆچکەی خەلیفان بوو، هەموو ئاواتی ئەوەبوو حەزی دەکرد لەوێ بمرێت، بۆیە دەی وت: هەوڵ دەدەم هەموو ساڵێك بێم بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە بەڵکو لێرە بمرم، هەرچەندە قەدەری خودا وابوو لە گەڵ ئێمە بە سەلامەتی گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڵام ساڵی دوا تر گە شتێکی تری ئەنجا مدا، ئەمجارەیان ئاواتە کەی ها تە دی، ئەوەبوو لە شاری مەککەی پیرۆز لە ناو نوێژ لە سوجدەدا کۆچی دوا یی کرد و هەر لەوێ نا شتیان، دوای ئەوە مو سڵمانێك لە گو ندی خەلان خەون دەبینێت دەڵێت: لە خەودا دوو گۆڕ یان پیشاندام لە تەنیشت یەکتربوون هەر یەکەی دەسکە ئاوێکی سازگاریان لەلای کێلی سەریان دەردە هات، کاتێك پرسیارم کرد وت یان: ئەما نە یەکێکیان گۆڕی(عائشەی دایکی بڕوادارا نە(رضي الله عنها)، و ئەوەیتریشیان گۆڕی ئافرەتەکەی بەنۆکەیە کە لەمەککە کۆچی دوایی کرد[2].

---

(1) هیممەت بەرزی، ئەندازیار: عثمان، ط.2، ص. 22.

(2) نووسەر.

شاری مەککە و مزگەوتی حەڕام

پلە و پایەی شاری مەککە و مزگەوتی حەڕام لە( ) خاڵدا

1- شاری مەککەی پیرۆز ئەو شارەیە کە خودای گەورە سوێندی پێ خواردووە دەفەرمووێت: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ۝١﴾ البلد. واتە: سوێند بەم شارە کە مەککەیە.

2- لەقوڕئاندا خودای گەورە ناوی لەم شارە ناوە بە(البلد الأمين) فەرموویەتی: ﴿وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ۝٣﴾ التين.

3- کەعبەی پیرۆز یەکەم ماڵ بووە بۆ خواپەرستی بە پیرۆزیشی داناوا، خودا فەرمووویەتی: ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيۡتٖ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكٗا۝٩٦﴾ آل عمران. واتە: بێگومان یەکەم ماڵ دروستکرابێت بۆ خواپەرستی ئەو ماڵەیە کە لە شاری مەککەدایە کە زۆر پیرۆزە.

أبو ذر(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: دەربارەی یەکەم مزکەوت لەسەر زەوی پرسیارم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد، فەرمووی: {المَسجِدُ الحرام}. وتم: ئەدی دوای ئەو؟ فەرمووی: {المَسجِدُ الأَقْصى}. وتم: ئەدی ماوەی نێوانیان چەند بوو؟ فەرمووی: {أربعون عاماً}[1]. واتە: چل ساڵ.

4- خودای گەورە شاری مەککەی بە(أم القرى) ناوبردووە، واتە: ئەو شوێنەی هەموو شار و لادێکان لە خۆ دەگرێت خەڵك ڕووی تێدە کەن، خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا۝٧﴾ الشورى. واتە: بۆ ئەوەی(ام القرى) شاری مەککە و دەوروبەری ئاگادار بکەیتەوە.

5- کەعبەی پیرۆز لە شاری مەککەیە، تاکە ڕووگەی هەموو موسڵمانانە لە سەر زەوی، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥ۝١٥٠﴾ البقرة. واتە: لەهەر کوێ بوون لە کاتی نوێژکردندا ڕووتان بەرەو مزگەوتی(حَرام) وەرچەرخێنن.

6- شوێنی دابەزینی سەرەتای وەحیە، زیاتر لە(80) سورەت لە مەککە دابەزیوە.

7- مایەی هیدایەتە بۆ جیهانیان. فەرموویەتی: ﴿وَهُدٗى لِّلۡعَٰلَمِينَ۝٩٦﴾ آل عمران.

---

(1) البخاري الرقم(3366)، ومسلم(520).

8- چەندین نیشانە هەن لەوێ کە بەڵگەن لە سەر پلە و پایەی ئەم شوێنە، یەکێك لەوانە بریتیە لە مەقامی إبراهیم(عليه السلام) خودای بێ هاو تا فەرمووییەتی: ﴿فِيهِ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ مَّقَامُ إِبۡرَٰهِيمَۖ﴾ آل عمران.

9- هەرکەس بچێتە ناو حەرەمی مەککە پارێزراو دەبێت، خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنٗاۗ﴾ آل عمران.

10- کەعبەی پیرۆز ئەو شوێنەیە کە بە دەستی دوو پێغەمبەری پایە بەرز دروو ست کراوە کە بریتین لە إبراهیم و إسماعیل(عليهما السلام)، خودا فەرموو یەتی: ﴿وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ﴾ البقرة. واتە: بیر بکەرەوە ئەو کاتەی إبراهیم پایەکانی کەعبەی بەرز دەکردەوە لەگەڵ إسماعیل.

11- یەکێك لە ناوە کانی کەعبەی پیرۆز(البَيْتُ العَتيق)ە، واتە: ئەو ماڵەی خودای گەورە ئازادی کردووە لە خراپ کردنی لەلایەن ستەمکاران وەك چۆن لە دەست(أبرهة)ی ڕزگار کرد، فەرموویەتی: ﴿وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾ الحج.

12- شاری مەککەی پیرۆز شوێنی لە دایکبوونی پێغەمبەرە(ﷺ)، هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾ البلد.

13- یەك نوێژ لە مزگەوتی حەرەمی مەککە بە سەد هەزار نوێژە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {صلاةٌ في مسجدي هذا خيرٌ من ألف صلاة في ما سواه إلا المسجدَ الحرامَ، وصلاةٌ في المسجد الحرام أفضلُ مَن مائة صلاة في مسجَدي هذا}[1]. واتە: ئەنجا مدانی یەك نوێژ لە مزگەوتەکەم باشترە لە هەزار نوێژ کە لەم مزگەوتە نەبێت تەنها مزگەوتی حەرام نەبێت، و هەر نوێژێك لە مزگەوتی حەرام باشترە لە سەد نوێژ لە مزگەوتەکەم.

14- شاری مەککە خاوەنی سەرچاوەی ئاوی زەمزەمە، کە باشترین و پیرۆزترین ئاوە لەسەر زەوی. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {خَيرُ ماء على وجه الأرضِ ماءُ زَمزَمَ، فيه طعامٌ من الطُّعمِ، وشفاءٌ من السُّقْمِ}[2]. واتە: باشترین ئاو لە سەر ڕووی زەوی ئاوی زەمزەمە، شوێنی خواردن دەگرێتەوە و شیفایە بۆ نەخۆشیەکان.

---

(1) البخاري، الرقم(1190)، ومسلم(1394)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الطبراني، الرقم(1167)، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3322).

15- لە ناو کەعبەدا بەردەڕەشەکەی بەهەشت هەیە. دەربارەی ئەو بەردە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {واللهِ ليبعثنَّه اللهُ يومَ القيامة، له عينان يبصرُ بهما، ولسانٌ ينطقَ به، يشهدُ علَى مَن استلمه بحقٍّ}[1]. واتە: سوێند بە اللە خودا زیندووی دەکاتەوە لە ڕۆژی دواییدا دوو چاوی هەیە بێی دەبینێت، زمانێکی هەیە قسەی پێ دەکات، شاهێدی بۆ ئەو کەسە دەدات کە بەڕاستی و دڵسۆزی دەستی لێداوە.

16- شاری مەکە کە باشترین و خۆشەویسترین شارە لە لای خودا. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: { واللَّه إنَّـك لخـيرُ أرضِ اللَّه، وأحـبُّ أرضِ اللَّه إلى اللَّه، ولـولا أنِّي أُخرجتُ منك ما خرجتُ}[2]. واتە: سوێند بە خودا ئەی مەککە تۆ باشترین زەوی لە لای خودا و خۆشەویسترین زەوی لە لای خودا، و ئەگەر من لە تۆ دەربەدەر نەکرابام هەرگیز دەرنەدەکەوتم لە تۆ.

17- شاری مەکە کە قەدەغە یە تێیدا بڕین و هەڵکەندنی دار و پووش و گژوگیا و ڕاوکردن و کوشتنی نێچیر و کوشتن و جەنگ و هەڵگرتنەوەی شتی وون بوو، مەگەر بە مەبەستی بە خاوەنکردنەوەی بێت، ئەم قەدەغەکردنەش تا ڕۆژی دوایە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {إنَّ هذا البلَدَ حرَّمهَ اللَّهُ يومَ خلَقَ السَّمواتِ والأرضَ، فَهو حرام بحُرْمَةِ اللَّهِ إلى يَومِ القيَامَةِ}[3]. واتە: ئەم شارە خودا قەدەغەی کردووە لەو ڕۆژەی ئاسمانەکان و زەوی درووست کرد و قەدەغە کراوە بە قەدەغەی خودا تا ڕۆژی دوایی.

18- دەججال ناتوانێ بچێتە مەککە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووییەتی: {ليسَ من بلَدٍ إلاّ سَيَطَؤُهُ الدَّجَّالُ، إلاّ مَكّةَ والمَدِينَةَ؛ ليس له من نقَابِهَا نَقْبٌ إلاّ عليه المَلاَئكَةُ صَافّينَ يَحْرسونَهَا}[4]. واتە: هیچ شارێك نامێنێت كە دەججال نەیگاتێ، تەنها شاری مەککە و مەدینە نەبێت، هیچ ڕێگا یەك نیە مەگەر فریشتەکان پۆل پۆل وەستاون لە سەری و دەیپارێزن.

(1) الترمذي، الرقم(961)، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(7098).

(2) الترمذي، الرقم(3925)، عن عبدالله بن عدي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) البخاري، الرقم(1834)، ومسلم(1353)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

(4) البخاري، الرقم(1881)، ومسلم(2943)، عن أنس(رضي الله عنه).

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی شاری مەككە و كەعبەی پیرۆز

1- پێشەوا یَحْیای كوڕی شَرَفی نەواوی(رحمه الله) دەفەرموێت: كاتی خۆی دەربارەی هۆكاری تەواف خەلَك بە دەوری كەعبەی پیرۆز پرسیاریان لە علی كوڕی حُسین كرد، ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾ البقرة. فەرمووی: ئەوكات فریشتەكان وا یان زانی بەهۆی پر سیاركردنیان خودا یان تووڕە كردووە، بۆ یە بەردەوام بە دەوری عەرِ شی خودا دەسووڕانەوە، ئەوەبوو خودای گەورە ویستی(البیت المعمور) درووست بكات بۆ یان بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە بە دەوریدا تەواف بكات، پا شان فەرمانی بە فریشتەكان كرد بە درووستكردنی كەعبە لە سەر زەوی بۆ ئەوەی مرۆڤیش بە دەوریدا تەواف بكات(1).

2- دوای ئەوەی پێغەمبەر إبراهیم(عليه السلام) لە شام كۆچ دەكات لەگەڵ هاجَری هاوسەری و إسماعیل ی كوڕی كە ئەو كات منداڵێكی ساوا بوو، كاتێك دەگا تە مەملە كەتی حیجاز، شوێنی مەككەی پیرۆز بە فەرمانی خودا هاوسەر و منداڵە كەی لەوێ بەجێ دێلێت، لە شوێنێك كە پێی دەوترا(ثنية) ڕادەوەستێت و ڕوودەكاتە شوێنی كەعبە دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَآ إِنِّيٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِيٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾﴾ ابراهیم. واتە:ئەی پەروەردگارمان من هەندێك لە ڕۆڵەكانم نیشتەجێ كرد لە شوێنێكی بێ كشتوكاڵ لای ماڵە پیرۆز و ڕێزلێگیراوە كەت ئەی پەروەردگارمان تا بە چاكی نوێژ بەجێ بێنن بەڵكو دڵی خەڵكانێك وا لێبكەیت سۆزیان بدێت بۆ لا یان و لە هەموو میوەیەكیش ڕزقیان بدە بەڵكو سوپاسگوزار بن.

دوای ئەوەی ئاویان پێنامێنێت خاتوو(هاجَر) لە تاوی كوڕە كەی حەوت جار دە چێتە سەر(صەفا و مەڕوە) بە ئومێدی دۆزینەوەی كەسانێك یارمەتی بدەن، پا شان بە فەرمانی خودا جبریل(عليه السلام) بە پاژنەی پێی لە زەوی دەدات و ئاوی زە مزەم هە ڵدەقوڵێت، دوای ئەوەی بە نزاكەی إبراهیم بە فەرمانی خودا خەڵكێك ڕوو لەوێ دە كەن و ئاوەدانی پە یدا

(1) نهاية الأرب في فنون الأدب، أحمد النويري، ص.299.

دەبێت، و إسماعیل گەورە دەبێت و إبراهیم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە فەرمانی خودا دەست بکەن بە بونیات نانی بەیت، خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ البقرة[1].

3– نۆژەنکردنەوەی کەعبەی پیرۆز لە لا یەن(قورەیش). بینای کەعبە لە سەر دە می إبراهیم(عليه السلام) بەرزیەکەی لە سەرووی بەژنێك دە بوو، سەقفیشی نەبوو سەرەڕای ئە مە بەردەکانی دیوارەکەی بەوشکی داندرابوون واتە: بە بێ قوڕ و گەچ بەو هۆیەوە بە هۆی لافاو و باران بەشێکی لەباریەك چووبوو، بۆیە بڕیاریاندا هەمووی بڕووخێنن و سەرلەنوێ درووستی بکەنەوە، بەڵام هەر چەند دە یانکرد نەدەوێران ئەم کارە بکەن نەوەك خودا لێیان تووڕە بێت، ئەوەبوو وَلیدی کوڕی مُغیرة وتی: من سەرەتا دە ست پێدە کەم، تەورەکەی بەدەست گرت و وتی: خودایە ئێمە لەم کارە مەبە ستمان خراپە نیە بەڵکو مەبە ستمان چاکەیە، ئەوەبوو بە شێکی ڕووخا ند و خەڵکە کەش ماوەی شەو و ڕۆژێك چاوەڕێیان کرد، دەیان وت: ئەگەر وَلید شتێکی بە سەرهات؟ ئەوکات وازی لێ دێنین با وەکو خۆی بێت، و ئەگەر هیچیشی لێ نەهات دیارە خودای گەورە بەم کارە ڕازیە، ئیتر ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دوا تر بینیان وَلید سەلامەتە، بۆ یە هەموویان بە شداریان کرد لە خراپکردنی، پاشان بڕیاریاندا بە ماڵی حەلاڵ نوێژەنی بکەنەوە، شایانی با سە یەکێك لە بەشداربووان پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ)، ئەوکات تە مەنی(35) ساڵ بوو، ئەم ڕووداوە پێنج ساڵ پێش پێغەمبەراتی بوو، کاتێك دیوارەکەیان تا شوێنی بەردە کە تەواو کرد لەسەر دانانی بەردە ڕە شەکە بووە کێشە لە نێوانیان، هەر هۆزێك دەیویست خۆی بەردەکە لە شوێنی خۆی دابنێت و شانازیەکە بۆ ئەو بێت، لەسەر ئەمە خەریك بوو ببێتە جەنگ لە نێوانیان، بەڵام باوکی أُمَيَّةی کوڕی مُغیرة پێشنیاری کرد بۆیان وتی: کێ یە کەم کەس بۆ ناو حەرەمی مزگەوت ها تە ژوورەوە با ببێتە دادوەر بۆ چارە سەری ئەم کێشەیە، دوای ئەوەی هەموویان بەمە ڕازی بوون بینیان محمد(ﷺ) یە کەم کە سە ها تە ژوورەوە، بۆیە وتیان: ئەمەیە محمدی ئەمین، ئیتر دوای ئەوەی بابەتەکەیان بۆ باس کرد فەرمووی: پار چە پەڕۆکێك بێنن، کاتێك بۆ یان هێنا بەردە کەی خستە سەری و فەرمووی با هەر هۆزێك لایێکی پەڕۆکەکە بگرێت و بەرزی بکاتەوە، ئەوانیش وا یان کرد، بە شێوەیەك بەرزیان کردەوە تا گەیشتە شوێنی بەردەکە، ئەوجا پێغەمبەر بە دە ستی

(1) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.1، ص.146.

خۆی بەردەڕە شەکەی هەڵگرت و لە ناو دیوارە کەی دا نا، پا شان بە شی سەرەوەی دیوارەکەیان تەواو کرد، دەرگاکە شیان بە شێوەیەك لە زەوی بەرزتر کرد کە هەموو کەس نەتوانێت بچێتە ژوورەوە مەگەر بە ویستی خۆ یان نەبێت، پا شان سەقفێکیان بۆ درووست کرد لە ژوورەوەش(6) کۆڵەگەی داریان بۆ دانا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پارە و سامانەی حەڵاڵ کۆیان کردبوویەوە بۆ بونیات نا نەوەی کەعبە بە شی نەکرد، بۆ یە ئەو بە شەی ئێستا بە حیجری إسماعیل نا سراوە خ ستیانە دەرەوەی کەعبە و د یوارێکی نەوییان لە دەوری درووست کرد، بۆ ئەوەی بەڵگە بێت کە ئەویش بە کەعبە هەژماردەکرێت[1].

4– بەسەرهاتی(أصحاب الفیل).

مێژوو نووسان دە ڵێن: لە یەمەن پادشایەکی زۆردار هەبوو، لەبنەڕە تدا خەڵکی (حەبەشە) بوو، ناوی(أَبْرَهَة) بوو، بە مەبەستی دوورخستنەوەی خەڵك لە کەعبەی پیرۆز لە شاری(صنعاء) هە ستا بە درووستکردنی کەنیسەیەك بە ناوی(القُلَیس) بۆ ئەوەی لەجیاتی کەعبە خەڵك ئەوێ بە پیرۆز بزانن و ڕوو لەوێ بکەن، بۆ ئەو مەبەستە سوێندی خوارد دەبێت بچێت کەعبە بڕووخێنێت، بۆیە جەیشێکی گەورەی ئامادەکرد لە گەڵ فیلی زۆر گەورە، هەر چەندە لە ڕێگادا خەڵکانێك بەرەنگاریان بوونەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، سوپای أبرهة بەردەوام بوو تا گەیشتە ناوچەی(طائف)، لەوێش خەڵکێکیتری بەگەڵ کەوت، بەردەوام بوو تا گەیشتە شوێنێك پێی دەوترێت: (المُغَمَّس) لە نزیك مەککەی پیرۆز،(عبدالمطلب) ئەو کات گەورەی مەککە بوو، (200) وشتری لەلای سوپای أبرهة بردرابوون، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی وشترەکانی چووە لای أبرهة، أبرهة پێی وت: وامزانی هاتووی پارێزگاری لە کەعبە بکەی کە چی داوای وشترەکانت دە کەی!، عبدالمطلب دەیزانی ناتوانێت بەرنگاری سوپاکە ببێتەوە، بۆیە وتی: من خاوەنی وشترەکانم ئەو ماڵەش خاوەنێکی هەیە دەیپارێزێت، أبرهة وتی: برۆ وشترەکانت ببە و کەسیش ناتوانێت من بوەستێنێت، دوای ئەوە أبرهة ویستی بە فیلەکە یەوە بەرێکەوێت بۆ کەعبە بەڵام هەرچەند هەوڵیاندا فیلەکە بە فەرمانی خودا نەدەڕۆییشت، پا شان خودای گەورە ئەو سوپایەی بەردباران کرد لە ئاسمانەوە بە هۆی جۆرە باڵندەیەك کە ناسراوە بە(أبابیل)، هەموویانی لە ناوبرد، ئەم سورەتەش دەربارەی ئەوان دا بەزیوە کە

(1) السيرة النبوية، الصلابي، ج.1، ص.84.

دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١﴾ الفيـل. تا كۆتایی. ئەو ڕووداوەش هاوکات بوو لەگەڵ ساڵی لەدایکبوونی پێغەمبەری خودا(ﷺ)[1].

---

(1) السيرة النبوية، الصلابي، ج.1، ص.50.

شاری مەدینە

پلە و پایە و سوودەکانی شاری مەدینە لە(ﷺ) خاڵدا

1- شارێکی پڕ بەرەکەتە بەهۆی نزای پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {اللهمَّ بارِكْ لَنا في مَدينتنا}[1]. واتە: خودایە پیت و بەرەکەت بۆ ئێمە بخە شارەکەمان.

2- دەججاڵ و ترسی دەججاڵ ناگاتە ناو شاری مەدینە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { لَا يَدْخُلُ المَدِينَةَ رُعْبُ المَسِيحِ الدَّجَّالِ، لَهَا يَومَئذٍ سَبْعَةُ أبْوَابٍ، علَى كُلِّ بَابٍ مَلَكَانِ}[2]. واتە: ترسی دەججاڵ ناچێتە ناو مەدینەوە، ئەوکات حەوت دەرگای هەیە، لەسەر هەر دەرگایەک دوو فریشتە هەیە.

3- شاری باوەڕو باوەڕدارانە پێغەمبەری خودا یە(ﷺ)، فەرموویەتی: {إنَّ الإيمَانَ لَيَأْرِزُ إلى المَدِينَةِ كما تَأْرِزُ الحَيَّةُ إلى جُحْرِهَا}[3]. واتە: بێگومان باوەڕ روو دەکاتە شاری مەدینە هەروەک چۆن مار روو دەکاتە کونەکەی خۆی.

4- هەر کەسێک خراپە و فێڵ بکات لە خەڵکی مەدینە لەناو دەچێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { مَن أَرَادَ أَهْلَهَا بِسُوءٍ، أَذَابَهُ اللَّهُ كما يَذُوبُ المِلْحُ في المَاءِ}[4]. واتە: هەر کەسێک بیەوێت خراپە بکات لەگەڵ خەڵکی مەدینە خودای باڵادەست دەیتاوێنێتەوە لە ناوی دەبات هەروەک چۆن خوێ لە ناو ئاو دەتاوێتەوە.

5- هەرکەس لە شاری مەدینە بمرێت بەر شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەوێت.

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: { من استطاع أن يموتَ بالمدينة فليمت بها فإني أشفعُ لمن يموتُ بها}[5]. واتە: هەر کەسێک بتوانێت لە مەدینە بمرێت با لەوێ بمرێت، چونکە بێگومان من شەفاعەت بۆ ئەو کەسە دەکەم کە لەوێ دەمرێت.

6- شاری مەدینە تاوانبارەکان جیا دەکاتەوە لە باوەڕدارەکان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّهَا طَيِّبَةُ، تَنْفِي الذُّنُوبَ كما تَنْفِي النَّارُ خَبَثَ الفِضَّةِ}[6]. واتە:

(1) المسلم، الرقم(1374)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(1879)، عن ابي بكرة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(1777)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(1387)، وغيره، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).
(5) الترمذي، الرقم(3917)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(6) البخاري، الرقم(3824)، ومسلم(1383)، عن زيد بن ثابت(رضي الله عنه).

شاری مەدینە پاکە، تاوانبارەکان دەردەکات و جیایان دەکاتەوە هەروك چۆن ئاگر ژە نگ و ژواری زیو جیادەکاتەوە.

7- ئەنجامدانی یەك نوێژ لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) با شترە لە ئەنجا مدانی هەزار نوێژ.

پێغەمبەری خودا فەرمووویەتی: {صلاةٌ في مسجدي هذا خيرٌ من ألف صلاة في ما سواه إلا المسجدَ الحرامَ}[1]. واتە: ئەنجامدانی یەك نوێژ لەم مزگەوتەیەم باشتره لە ئەنجا مدانی هەزار نوێژ لە هەر شوێنێکی تر جگە لەم مزگەوتە تەنها لە مزگەوتی حەرام نەبێت لە مەککەی پیرۆز.

8- یەکێك لە شوێنە هەرە پیرۆزەکان لە شاری مەدینە ڕەوزەی پیرۆزە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما بيْنَ بيتِي ومنْبرِي روضةٌ من رياضِ الجنَّة}[2]. وا تە: ذ یوان ماڵەکەم ئێ ستا گۆڕە کەی تێدا یە و مینبەرە کەم باخ چەیەکە لە باخ چەکانی بەهەشت.

9- ئەنجامدانی یەك نوێژ لە مزگەوتی(قُباء) پاداشتی یەك عومرەی هەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {من تطَهَّر في بيته، ثمَّ أتى مسجدَ قباء، فصلَّى فيه صلاةً، كانَ لَهُ كأَجرِ عُمْرة}[3]. وا تە: هەر کە سێك لە ماڵی خۆی دە ستنوێژ هەڵگرێت، پاشان بێتە مزگەوتی قُباء، نوێژێکی تێدا ئەنجام بدات، پاداشتی عومرەیەکی بۆ هەیە.

10- شاری مەدینە هاوشێوەی شاری مەککەی پیرۆز بە(حەرەم) دا ندراوە، جەنگ و ڕاو کردن و دار و درەخت بڕین بە بێ هۆ و خوێن ڕشتن و چەك هەڵگرتن تێیدا قەدەغەیە، جگە لەمە ئەنجا مدانی بیدعە یەك یان تاوانێکی گەورە ئەوا خاوەنە کەی بەر نەفرەتی خودا دەکەوێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {المَدِينَةُ حَرَمٌ من كَذَا إلى كَذَا، لا يُقْطَعُ شَجَرُها، ولَا يُحْدَثُ فيها حَدَثٌ، مَن أحْدَثَ حَدَثًا فَعليه لَعْنَةُ اللَّهِ والمَلَائِكَةِ والنَّاسِ أجْمَعِينَ}[4]. واتە: شاری مەدینە حەرەمە لە فلان شوێن تا فلان شوێن نابێ درەختەکانی ببڕدرێن و نابێ تاوان و

(1) البخاري، الرقم(1190)، ومسلم(1394)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(1888)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) ابن ماجة، الرقم(1168)، وغيره، عن سهل بن حنيف(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.
(4) البخاري، الرقم(1867)، ومسلم(1366)، عن أنس(رضي الله عنه).

بیدعەی تێدا ئەنجام بدرێت، هەر کەسێك وا بكات نەفرەتی خودا و فریشتەكان و خەڵكی لەسەر بێت.

11- هەر کەسێك ئارام بگرێت لەسەر ناخۆشیوكانی مەدینە بەر شەفاعەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەكەوێت. پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {لَا يَصْبِرُ عَلَى لَأْوَاءِ الْمَدِينَةِ وَشِدَّتِهَا أَحَدٌ مِنْ أُمَّتِي، إِلَّا كُنْتُ لَهُ شَفِيعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، أَوْ شَهِيدًا}[1]. واتە: نیە کەسێك لەَ ئوَ ممەتیَ من ئارَام بگرێتَ لەسەر برسیەَتی شاریَ مەَدینە و ئەستەمەكانی مەگەر من بۆی تكا كارم لە ڕۆژی دواییدا، یان شاهێدم.

12- مزگەوتی پێغەمبەری خودا یەكێكە لەو سێ مزگەوتانەی درووستە بە مەبەستی پیرۆزی سەردانی بكەی. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لا تُشَدُّ الرِّحالُ إلا إلى ثلاثة مساجدَ: المسجد الحرام، ومسجدي هذا، والمسجد الأقصى}[2]. واتە: درووست نیە گەشتَ كردن بە مەبەستَی پیرۆزی تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت، مزگەوتی حەڕام لە مەككە، مزگەوتەكەی خۆم، مزگەوتی ئەقسا لە فەلەستین.

(1) المسلم، الرقم(1378)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(1189)، ومسلم(1397)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

شاری مەدینە لە چەند دێڕێکدا

- شاری مەدینە یەکەم پایتەختی دەوڵەتی موسڵمانانە.
- دوای شاری مەککە پیرۆزترین شارە و شوێنە لە ئیسلام.
- شوێنی دابەزینی جبریل و بەشێکی زۆری قورئانە.
- پێش ئیسلام پێی دەوترا: (یثرب)، پاش هاتنی ئیسلام بوو بە: مدينة الرَّسول(ﷺ)، هەروەها پێی دەوترێت: (المدينة المنورة).
- شوێنی حەوانەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد.
- گۆڕی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و پێشەوا أبوبکر و عمر و عثمان و چەندین هاوەڵی تری لێیە.
- شاری پڕ شتیوانانە(الأنصار)، باوەشی حەوا نەوەی کردەوە بۆ کۆچبەرەکان (المُهاجِرين).
- نزیکەی(1500) ساڵ پێش هاتنی ئیسلام ئەم شارە بونیاتنراوە.
- جگە لەم شوێنانەی باسمان کرد چەندین شوێنی تری لێیە، وەکو: مزگەوتی(قُباء)، کە یەکەم مزگەوت بووە دروست کرابێت لە ئیسلامدا، هەروەها مزگەوتی(قِبلَتين)، و گۆڕستانی(بَقيع)، و گۆڕستانی شەهیدەکانی أُحد، و ڕەوزەی پیرۆز و باخچەکانی خورمای عەجوە.

مزگەوتی ئەقصا

سوود و پلە و پایەی مزگەوتی(الأقصى) لە( ) خاڵدا

1- مزگەوتی ئەقصا ناوی لە قورئان تۆمارکراوە، شوێنی شەوڕۆی پێغەمبەرە(ﷺ).

خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ١﴾ الإسراء. واتە: پاك و بێ گەردی بۆ الله لە شەودا شەوڕۆی کرد بە بەندەکەی خۆی محمد(ﷺ) لە مزگەوتی حەڕام لە مەککەی پیرۆز بۆ مزگەوتی ئەقصا لە فەلەستین.

2- مزگەوتی ئەقصا خودای گەورە بەرەکەت داری کردووە.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ ١﴾ الإسراء. واتە: ئەو مزگەوتەی دەورووبەرەکەیمان پیرۆز کردووە.

3- پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی تێدا کردووە. وەك لە باسی ئیسرا و میعراج فەرموویەتی: {ثُمَّ دَخَلتُ المَسجِدَ فَصَلَّيتُ فيه ركعتَين، ثُمَّ خَرجتُ}[1]. واتە: پاشان چوومە ناو مزگەوتەکە مزگەوتی ئەقصا دوو ڕەکعەت نوێژم تێیدا کرد، پاشان هاتمە دەرەوە.

4- (بيت المقدس) یەکەم ڕووگەی موسڵمانان بووە. بَرّاءی کوڕی عازب(رضي الله عنه) دەفەرموێت: دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە ماوەی(16) یان (17) مانگ لە کاتی نوێژەکان ڕووی لە(بیت المقدس) دە کرد، لە گەڵ ئەوەش حەزی دەکرد کەعبەی پیرۆز ببێتە ڕووگەیان[2].

5- (بیت المقدس) شوێنێکی دڵڕفێنە. هەروەکو خودای گەورە باسی دە کات: ﴿وَجَعَلۡنَا ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةٗ وَءَاوَيۡنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبۡوَةٖ ذَاتِ قَرَارٖ وَمَعِينٖ ٥٠﴾ المؤمنون. واتە: هەروەها عیسای کوڕی مَرْيَم(عليهما السلام) و دایکیمان کرد بە بەڵگە موعجیزە و هەردووکیان مان دانا لە شوێنێکی بڵند بیت المقدس کە خاوەنی هەموو هۆیەکی حەسانەوە و کانیاوە.

(1) المسلم، الرقم(162)، عن أنس بن مالك(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(40).

6- (بيت المقدس) شوێنی کۆبوونەوەی هەموو خەڵکە دوای زیندووبوونەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱسۡتَمِعۡ يَوۡمَ يُنَادِ ٱلۡمُنَادِ مِن مَّكَانٖ قَرِيبٖ ۝٤١﴾ ق. واتە: گوێ بگرە لەو ڕۆژەی بانگدەرێك بانگ دەدات لە شوێنێکی نزیك□كە بیت المقدس□.

7- مزگەوتی(أقصى) یەکێکە لەو سێ مزگەوتە پیرۆزانەی جیهان کە سوننەتە سەردانیکردنیان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {لا تُشَدُّ الرِّحالُ إلاّ إلى ثلاثة مساجدَ: المسجد الحرام، ومسجدي هذا، والمسجد الأقصى}[1]. واتە: درووست نیە گەشت کردن□ بە مەبەستی پیرۆزی□ تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت، مزگەوتی حەرام□ لە مەککە□، مزگەوتەکەی خۆم و مزگەوتی ئەقسا.

8- مزگەوتی أقصا دووەم مزگەوتە کە درووست کراوە. أبو ذر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد یەکەم مزگەوت درووست کرابێت لە سەر زەوی کامەیە؟ فەرمووی: □مزگەوتی حەرامە□لە مەککە□□. وتم: ئەدی لە دوای ئەو؟ فەرمووی: □مزگەوتی ئەقصا یە□. وتم: نێوانیان چەند بوو؟ فەرمووی: □چل ساڵ□[2].

9- یەك نوێژ لە مزگەوتی ئەقصا بە(500) نوێژە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {فَضلُ الصَّلاة في المسجد الحرام علَى غيره مائةُ ألف صلاة، وفي مَسجدي ألفُ صلاة، وفي مَسجد بيتَ المَقدس خَمسمائة صلاة}[3]. واتە: ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوتی حەرام□ لە مەککە□ باشترە لە سەد هەزار نوێژ، لە مزگەوتی من بە هەزار نوێژ، لە مزگەوتی ئەقصا بە پێنج سەد نوێژ.

10- مزگەوتی ئەقصا مایەی سڕانەوەی تاوانەکانە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: { لمّا فرغ سُليمانُ بن داودَ عليهما السَّلامُ من بناء بيت المقدس سألَ اللهَ عزَّ وجلَّ ثلاثًا: أن يؤتيَه حُكمًا يصادفُ حُكمَه، ومُلكًا لا ينبغي لأحدَ من بَعده، وأنَّه لا يأتي هذا المسجدَ أحدٌ لا يُريدُ إلا الصَّلاةَ فيه إلا خرج من ذنوبه كيوم ولدَتْه أمُّه فقال رسولُ الله(ﷺ): أما اثنتيْنِ فقد أُعطيهما وأرجو أن يكونَ قد أُعْطيَ الثَّالثةَ}[4]. واتە: دوای ئەوەی سُلیمان(عليه السلام) لە خۆ بووەوە لە درووستکردنی بیتَ المقدس داوای سێ شتی لە خودا

---

(1) البخاري، الرقم(1189)، ومسلم(1397)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(3425)، ومسلم(520).

(3) البيهقي، الرقم(1821)، وغيره، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4211).

(4) ابن ماجة، الرقم(1164)، وغيره، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

کرد: حوکم و بڕیارێك هاوتا بێت لەگەڵ حوکمی ئەو، واتە: هەڵە نەکات و بیپێکێت، مولك و سامانێك لە دوای ئەو هاوشێوەی بە کەس نەدرێت، و هیچ کەسێك نێت بۆ ئەم مزگەوتە تەنها مەبەستی نوێژ کردن بێت مەگەر لە تاوانەکان دەربچێت پاك ببێتەوە وەکو چۆن لە دایك دەبێت، فەرمووی: دووانی پێدراوە، و ئومێد دەکەم سێیەمیشی پێدرابێت.

11- (بیت المقدس) و دەورووبەری شوێنی حەشری بوونەوەرانە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {هو أرضُ المحشرِ والمنشَرِ}[1].

12- دەربارەی(بیت المقدس) و پلە و پایەی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وليأتينَّ على النَّاسِ زمانٌ ولقَيْدُ سوط أو قال: قوسِ الرَّجلِ حَيثُ يرى منه بيتَ المقدسِ؛ خيرٌ له أو أحبَّ إليه من الدُّنيا جميعًا}[2]. واتە: سەردەمێك دێت بە سەر خەڵکدا بە ئەندازەی شوێنی قامچییەك یان کەوانەی پیاو بە شێوەیەك تێیدا(بیت المقدس) ببینێت باشترە بۆی یان خۆشەویستترە لەلای لە هەموو دونیا.

---

(1) البيهقي في شعب الإيمان، ج.6، ص.42، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1179).
(2) المصدر السابق.

چەند بەسەرهاتێک دەربارەی(بيت المقدس)

1- دوای شــەوڕۆی پــێغەری خــودا(ﷺ) بــۆ بەیــانیەکەی کــاتێ ئەم هەواڵەی بە بــێ باوەڕەکــانی مەکــکە ڕاگەیانــد بە درۆیــان خســتەوە بە تایبەت أبو جهل خەڵکی کۆکردەوە، وتی ئەی محمد ئێستا هەواڵەکە بەو خەڵکە ڕاگەیەنە: پێغەمبەری خودا فەرموی (إنـي أسـري بـي الليلـة) واتە: ئەمشــەو مــن شــەوڕۆم پێکــرا. أبــو جهــل بــۆ کــوێ. پێغەمــبەری خــودا فەرمـوی (إلـى بيـت المقـدس) واتە: بەرەو(بيـت المقـدس) خەڵکەکە وتیـان لەگەڵ ئەوەش بەیــانیەکەی لەلای ئــێمە بــووی فەرمــووی بەڵــێ ئینجــا داوایان لێکرد کە وەسفی مزگەوتی ئەقسا بکات خودای گەورە بە هـۆی جبــریلەوە شــێوەی بیــت المقدســی پیشــانی پێغەمــبەردا ئەویــش بــۆ خەڵــکەکەی وەســف کــرد لەگەل ئەوەی دانیــان نــا بە وەســفەکەی بەلاَم باوەریشیان نەدەهێنا[1].

2- دەربارەی عبدالله ی کوری عەمر دەگێرنەوە.

هەمـوو جـار لە مەملەکەتـی حیجـاز دەچـوە فەلەسـتین دەچـوە مزگەوتـی ئەقســا و نــوێژی تێــدا دەکــرد، ئــاوی لەوێ نەدەخــواردەوە بە ئومێــدی ئەوەی بە بەر دوعــای پێغەمــبەر ســـلیمان(ﷺ) بــکەوێ و خـــودا لە گوناهەکانی خۆش ببێ[2].

3- فەتح کردنی قودس لەلایەن پێشەوا عومەری کوڕی خەتـاب(ﷺ) أبـو جعفری کوڕی جریر لە سەیفی کوڕی عـومەر دەگێـڕێتەوە دەفەرمـووێ: لەسەردەمی خیلافەتی پێشەوا عـومەر لە سـالی 15ک دوای فەتـح کردنـی دیمەشـق لە لایەن موسـلمانەکان بە سـەرکردایەتی أبــو عبیــدەی کــوری جراح، أبو عبيده بە هۆی پەیامێکەوە خەلکی شاری قودسی بانگ کرد بـۆ ئەوەی ببن بە موسلمان یاخود ئەبێ جزیە بدەن یـاخود ئەبـێ خۆیـان بـۆ جەنگ یەک لای بکەنەوە، ئەوانیش بە پەیامەکەی ڕازی نەبوون، بـۆیە أبـو عبیـدە سـعیدی کـوری زیـدی کـردە جێنشـینی خـۆی لەسـەر دیمەشـق،

1() رواه الطبراني في المعجم الكبير،ص. 167، وغيره عن ابن عباس.
2() الفتاوى، ج.27، ص.258.

بەخۆی و سوپایەک بەڕێکەوتن بۆ فەلەستین، وە(بیت المقدس) یان گەمارۆدا دوای ماوەیەک خەلکی قودس ناچاربوون داوای سولحیان کرد بە مەرجێک پێشەوا عومەر خۆی بێت بۆ لایان، أبو عبيدة بە نامەیەک ئەو پێشنیارەی ئەوانی بە پێشەوا عومەر ڕاگەیاند ئەویش ڕاوێژی بە هەر یەکێک لە عوسمانی کوڕی عفان و علی کوڕی أبو طالب کرد بۆ ئەو داوایە پێشەوا عوسمان وای بە چاک زانی نەچێت چونکە ئەوان زۆر لەمە کەمترن خەلیفەی موسلمانان بە خۆی بچێت بەڵام پێشەوا علی دەیزانی بە هۆی گەمارۆکەی قودس موسلمانەکانیش زیاتر بارودۆخیان خراب دەبێ بۆیە پێشنیاری کرد کە پێشەوا عومەر بەخۆی بچێت ئیتر ئەوەبوو پێشنیاری پێشەوا علی پەسەند کرد دوای ئەوەی پێشەوا علی لە جیاتی خۆی دانا لەسەر شاری مەدینە، بەخۆی و سوپایەک بەرەو قودس بەڕێ کەوتن پێشەوا عباس ی کوڕی عبدالمطلب لە پێشەوەی سوپاکەی دانا دوای ئەوەی گەشتە ئەوێ ڕێکەوتنی لەگەل خەلکەکە کرد لە پاشان لەو دەرگایە چوە ناو(بيت المقدس)كە پێغەمبەری خودا لە کاتی (اسراو معراج) تێیدا چوە ژورەوە دوو ڕەکەعات نوێژی(تحية المسجد)ی کرد لە میحرابەکەی داود پێغەمبەر(عليه السلام) لە پاشان لە هەمان شوێن لە نوێژی بەیانی پێشنوێژی بۆ موسمانان کرد لە ڕەکەعاتی یەکەم سوڕەتی (ص)ی خوێند لە دووەمیش سوڕەتی(الاسراء)ی خوێند[1].

4- ئازادکردنی قودس لەلایەن(صلاح الدين الأيوبى) لە دەستی خاچ پەرستان.

لە پاش ئەوەی کە پێشەوا عمر(رضي الله عنه) ساڵی 15ك (بيت المقدس)ی فەتح کرد بەم شێوەیە لە ژێر دەسەلاتی موسلمانان مایەوە بۆ ماوەی(477) ساڵ دوای ئەوە واتە ساڵی(492 ك-1099م) جارێکی تر شاری قودس لەلایەن خاچ پەرستەکان بە ناو مەسیحیەکان داگیر کرا بە داگیر کراوی مایەوە تا ساڵی(583ك-1187م) واتە91 ساڵ لە ژێر دەستی خاچپەرستەکان دابوو پاش ئەمە چارێکیتر شاری قودس لە لایەن موسلمانەکان بە سەرکردایەتی سەرکردەی کورد(سلطان صلاح الدين

1() البداية والنهاية، ابن كثير، ج.7، ص.45.

الأيـــوبی) ئـــازاد كـــرایەوە، ئەویـــش دوای ئەو ســـەركەوتنە مەزنەی (صـــەلاحەدین) لە (حەتتـین) بە دەسـتی هێنـا لە هەمـان سـاڵ لەم جەنگە چـارەنوس سـازەدا زەبرێكـی زۆر كوشـندە بە دوژمـن كەوت نـزیكەی دە هەزار سـەربازیان لـێ كـوژرا و دوازدە هەزاریشـیان لـێ بە دیـل گیـرا، لە پاشان شـاری (عەككا) چەند نـاوچەیەكی تریشـی ڕزگـار كـرد دوای ئەمە (صـلاح الـدین) بڕیـاری دا نەوەسـتن تـا شـاری قودسـیش ڕزگـار نەكەن بەڵام سولطان صلاح الدین وەكو پێشـەوا عمـر كـاتی خـۆی ویسـتی بەبێ شـەڕو خـوێن ڕشـتن و وێـران كـردن ئەم كـارە بكـات بـۆیە بە نـامەیەك داوای لە ســـەركردەكانی خاچپەرســـتەكان كـــرد كە قـــودس ڕادەســـتی موسلمانان بكەن بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون بـۆیە سـلاح الـدین بە سـوپای موسلمانان گەمارۆی شـارەكەیدا بە مەنجەنیـق بەرد بـاران و ئـاگر بـارانی كـردن هەرچەنـد نـزیكەی شەسـت هەزار سـەربازی تێـدا بـوو بەڵام لە ترسان مەرگیان بە ئاوات دەخواست بۆیە ناچـار بـوون داوای ئاشـتەوای بـكەن و شــارەكە ڕادەسـتی موسـڵمانان بـكەن، ئیتـر ئەوەبـوو لە ڕۆژی هەینـــی 27ڕەجەب كە هاوكـــات بـــوو لەگەڵ ڕۆژ و مـــانگی شـــەوڕۆی پێغەمبەری خودا سولطان صلاح الدین لەگەل سوپاكەی شـاری قودسـیان ڕزگـار كـرد چـوونە نـاو شـارەكەو وتـار و نـوێژی هەینیـان تێیدا ئەنجـام دا[1].

1() ژیان نامەی صەلاحەددینی ئەیوبی، هادی علی، 52-59.

الأضحية

قوربـانی

پێناسەی قوربانی

الأُضحية لغةً: اسمٌ لما يُضحّى بِهِ أي يُذبَحُ أيّامَ عيدِ الأضحى، وجَمْعُها أضاحي[1].

الاصطلاح: ما يُذبَحُ مِن بَهيمَةِ الأنعامِ في يومِ الأضحى إلى آخرِ أ يّامِ التَّشريقِ تَقَرُّباً إلى اللهِ تَعالى[2].

واتە: (أُضحية) لە زمانەوانیدا: ناوێکە بۆ ئەو شتەی دەکرێتە قوربانی کە لە ڕۆژانی جەژنی قوربان سەردەبڕدرێت، کۆیەکەشی(أضاحي)یە. واتە: قوربانیەکان.

لە زاراوەی شەرعدا: ئەو ئاژەڵە یە سەردەبڕدرێت لە ڕۆژی جەژنی قوربان تا کۆ تا ڕۆژی سێیەمی ڕۆژی دوای جەژن بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خودای گەورە.

چۆنیەتی قوربانی کردن لەسەردەمی پێغەمبەری خودا(ﷺ)

عطاءی کوڕی یَسار(رحمه الله) دەربارەی چۆنیەتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسیاری لە أبو أیوبی ئەنصاری کرد، لە وەڵامدا فەرمووی: (كانَ الرَّجلِ في عَهدِ النَّبِي يضحّي بالشَّاة عنه وعن أَهلِ بيته فيأْكلونَ ويُطْعِمونَ، ثمَّ تَباهى النَّاس فصار كما ترى)[3]. واتە: پیاو لەسەردەمی پێغەمبەری خودا قوربانی دەکرد بۆ خۆی و خێزانەکەی لێیان دەخوارد و دەیانبەخشی، پاشان قوربانی زۆر بوون و بووە فەخر شانازیان پێوە کرد و خۆ پیێ هەڵکێشان وەکو دەبینی.

(1) أنيس الفقهاء، القونوي، ص.103.

(2) فتح القدير، الشوكاني، ج.9، ص.505.

(3) ابن ماجة، الرقم(2563)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

پله و پایه وسوودەکانی قوربانی لە() خاڵدا

1- قوربانی کردن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ﴾ الكوثر. واتە: نوێژ بۆ خودا بکە و قوربانیش بۆ ئەو بکە.

2- زیندووکرد نەوەی سوننەتی إبراهیم پێغەمبەرە(عليه السلام). کاتێك ویستی إسماعیلی کوڕی بکاتە قوربانی خودای گەورە بەرانێکی بۆ نارد، دە فەرموویت: ﴿وَفَدَيْنَٰهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ﴾ الصافات. واتە: بەرانێکی گەورەمان کردە قوربانی إسماعیل تا لە جیاتی ئەودا سەری ببڕێت.

3- قوربانی کردن سوپا سگوزارییێکی کرداریە بەرامبەر ناز و نیعمەتەکانی خودای میهرەبان. دە فەرموێت: ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ الضحى. واتە: دەربارەی ناز ونیعمەتەکانی پەروەرێنت هەمیشە بدوێ و باسیان بکە.

4- قوربانی کردن بەرز ڕاگرتنی درووشمی خودایە، کە ئەمەش سیفەتی تەقوادارانە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ الحج. واتە: بەو شێوەیە باسکرا پێویستە ئەنجام بدرێت، جا ئەوەی ڕێز لە درووشم و بەرنامەکانی خودا دەنێت، ئەوە نیشانەی پارێزکاری و لە خواترسانی دڵەکانە.

5- هاتنی ناوی قوربانی لەگەڵ نوێژ خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر گەورەیی قوربانی.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ﴾ الكوثر.

6- قوربانی کردن سوننەتی گشت موسڵمانانە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {من ضحَّى قبلَ الصلاة، فإنما ذبح لنفسه، ومن ذبح بعد الصلاة، فقد تمَّ نُسُكُه، وأصاب سُنَّةَ المسلمين}[1]. واتە: هەر کەسێك پێش نوێژی جەژن قوربانیەکەی سەر ببڕێت ئەوا بۆ خۆی سەری بڕیوە به قوربانی نا چێت، و هەر کە سێك دوای نوێژی جەژن قوربانیەکەی سەر ببڕێت ئەوا بێگومان قوربانیه کەی تەواوە، و سوننەتی موسڵمانانی پێکاوە.

7- قوربانی کردن زیندووکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ). أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دە فەرموێت: {ضَحَّى النبيُّ بكَبْشينِ أمْلَحيْنِ أقْرنَيْنِ، ذَبَحَهُما بيدِه، وسَمَّى

(1) البخاري، الرقم(5556)، ومسلم(1961)، عن البراء بن عازب(رضي الله عنه).

وَكَبَّرَ، ووضَعَ رِجْلَهُ علَى صِفَاحِهِمَا}[1]. واته: پێغەمبەری خودا قوربانی کرد به دوو بەرانی ڕەش بەڵەك و شاخدار، بە دەستی خۆی سەریانی بڕی، بسم الله ی کرد و الله اکبر ی وت، و پێی لەسەر تەنیشتەکانیانی دانا.

8- یەکێك لە سوودەکانی قوربانی دڵخۆشبوونی خاوەنەکەی و خێزانەکەی و ماڵە هەژارەکانە بەهۆی خواردنی گۆشتی قوربانیەکە. ئەمەشیان هەر بە فەرمانی خودایە کە دەفەرموێت: ﴿فَكُلُواْ مِنْهَا وَأَطْعِمُواْ ٱلْبَآئِسَ ٱلْفَقِيرَ ٢٨﴾ الحج. واتە: لێی بخۆن بە خۆتان و بەشی کەسانی نەدار و هەژاریشی لێ بدەن.

9- هەر کەس لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان قوربانی بکات کە دەکاتە ڕۆژی دەیەمی مانگی ذو الحجة ئەوا ئەو فەرموودەیە دەیگرێتەوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { ما العمَلُ في أيَّامٍ أفْضَلَ منها في هذه، قالوا: ولا الجهادُ؟ قالَ: ولا الجهادُ، إلَّا رَجُلٌ خَرَجَ يُخاطِرُ بنَفْسِه ومالِه، فلَمْ يرجِعْ بشَيءٍ}[2]. واتە: هیچ کردەوەیەك باشتر نیە لەو ڕۆژانە کە دەیەی ڕۆژی سەرەتای مانگی ذوالحجة ن. وتیان: جیهادیش پادا شتەکەی ئەوەندە گەورە نیە؟، فەرمووی: جیهادیش، مەگەر پیاوێك بۆ جیهاد دەربچێت و گیان و ماڵی خۆی پێشکەش بە خودا بکات، و بە هیچیشیان نەگەڕێتەوە.

(1) البخاري، الرقم(5565)، ومسلم(1966).

(2) البخاري، الرقم(969)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی قوربانی

1- پێغەمبەر إبراهیم(عليه السلام) کە خودای گەورە بە(خلیل) دۆستی خۆی هەڵیبژارد، وەکو خۆی دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا ١٢٥﴾ النساء.

ئەو إبراهیمەی خودا دەربارەی دەفەرموێت: ﴿إِذۡ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلۡبٖ سَلِيمٍ ٨٤﴾ الصافات.

ئەو إبراهیمەی خودای باڵادەست بە یەك ئوممەتی داناوە بە تەنیا، وە کو دە فەرموێت: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ ١٢٠﴾ النحل.

إبراهیم داوا لە خودا دەکات کە مندالّی پیّ ببەخشیّت، وتی: ﴿رَبِّ هَبۡ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠٠﴾ الصافات. واتە: ئەی پەروەرێنم منداڵێکی چاکم پیّ ببەخشە. خودا وەڵامی دایەوە، دەفەرموێت: ﴿فَبَشَّرۡنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٖ ١٠١﴾ الصافات. واتە: ئێمەش مژدەی کورێکی نەرم ونیان و ژیرمان پێدا کە إسماعیل بوو. دوای ئەوە خودای گەورە بە چەندین شێوە ابراهیم تاقی دەکاتەوە، یەکێك لە سەختترین تاقیکردنەوە فەرمانی خودا بوو بۆ سەربڕینی جگەر گۆشەکەی. ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٠٢﴾ الصافات. واتە: کاتێك إسماعیل پێگەیشت و وایلیّهات لەگەڵیدا کار بکات پێی وت: ڕۆڵە کەم من لە خەومدا دەمبینی سەری تۆم دە بڕی جا بیری لێبکەوە دەڵێی چی؟ وتی: ئەی باوکە ئەو شتە بکە کە فەرمانت پێکراوە، دەمبینی ئەگەر خودا بیەوێت لە ئارامگران دەبم.﴿فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ ١٠٣ وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ١٠٤ قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٠٥﴾ الصافات. واتە: کاتێك هەردووکیان تە سلیمی فەرمانی خودا بوون، إبراهیم إسماعیلی بە ڕوودا خستە سەر زەوی بۆ ئەوەی بیکاتە قوربانی، ئێمەش بانگمان کرد: ئەی إبراهیم تۆ خەونە کەت هێنایە دی، ئێمەش ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ ١٠٦ وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ ١٠٧﴾ الصافات. واتە: بەڕاستی ئەمە تاقیکردنەویەکی گەورە و دیار بوو، ئێمە بەرانێکی گەورەمان کردە قوربانی إسماعیل بۆ ئەوەی باوکی لەجیاتی ئەو سەری ببڕێت.

2- قوربـانى ئەبـێ تەنهـا بـۆ خـودا بێـت. سَلمان(رضي الله عنه) فەرموو يەتى: پياو يّك چووە ناو ئاگر بەهۆى مێ شێك، دەڵ يْت: دوو پ ياوى ڕێ بوار بەلاى گەلێك تێپەردەبوون، گەلەكە بتێكيان دەپەرست، بە دوو پياوە كەيان وت: ئەمڕۆ هيچ كە سێك ڕێگاى پێنادرێت لێرە تێپەڕێت تاوەكو شتێك نەكا تە قوربانى بۆ بتە كەمان، جا بە يەكێكيان وت: شتێك پێشكە شى بكە، ئەويش بە قسەيانى نەكرد، بۆيە پياوە كەيان كو شت، بەوەى تر يان وت: و تى هيچم لانيە، پێ يان وت: شتێك پێ شكەش بكە با مێشێكيش بێت، ئيتر پياوەكە مێشێكى گرت و كرديە قوربانى بۆ بتەكە چووە ناو ئاگر، بۆ يە سَلمان فەرمووى: (فَهذا دخل الجنَّةَ في ذُباب وهذا دخل النَّار في ذُباب)[1]. وا تە: ئەوەيان چووە بەهەشت بەهۆى مێشێك و ئەوشيان چووە ئاگر بە هۆى مێشێك.

3- هەموو كەس دەتوانێت پاداشتى قوربانى بە دەست بێنێت.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموويەتى: {مَن اغْتَسل يوم الجُمعَة غُسْل الجَنابَة ثُمَّ راح، فَكَأنَّما قَرَّب بدَنَةً، ومَن راح في السَّاعَة الثَّانيَة، فَكَأنَّما قَرَّب بقَرَةً، ومَن رَاح في السَّاعَةَ الثَّالثَة، فَكَأنَّما قَرَّب كَبْشًا أقْرن، ومَن راح في السَّاعَة الرَّابعَة، فَكَأنَّما قَرَّب دَجاجَةً، ومَن رَاح في السَّاعة الخَامسَة، فَكَأنَّما قَرَّب بيْضَةً، فَإذَا خرجَ الإمَامَ حضَرت المَلَائكَةُ يسْتَمعُونَ الذِّكْر}[2]. وا تە: هەر كەسێك لە ڕۆژى هەينى خۆى بشوات خۆ شو شتَن لە لەش كراَنى يان وە كو خۆ شوشتن لە جەنابەت پاشان بچێت بۆ مزگەوت ، وە كو ئەوە وا يە وشترێكى كردبێ تە قور بانى، هەر كە سێك لە ساتى دووەم بچێت وە كو ئەوە وا يە مانگا يەكى كردبێ تە قوربانى، و هەر كە سێك لە ساتى سێيەم بچێت وە كو ئەوە وا يە بەرانێكى شاخدارى كردبێتە قوربانى، و هەر كەسێك لە ساتى چوارەم بچێت وە كو ئەوە وا يە مريشكێكى كردبێتە قوربانى، و هەر كەسێك لە ساتى پێنجەم بچێت وە كو ئەوە وا يە هێلكە يەكى كردبێتە قوربانى، كاتێك ئيمام بەدەركەوت بۆ وتارى هەينى فريشتەكان ئا مادە دە بن و گوێبيستى وتارەكە دەبن.

---

(1) رواه أحمد في الزهد، الرقم(84)، وصححه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، ج.12، ص.722.

(2) البخاري، الرقم(881)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرکەی(ﷺ)

پلە و پایە و سوودەکانی گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی لە( ) خاڵدا

1- گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴿٥٩﴾﴾ النسـاء. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێ ناوە گوێڕا یەڵی خودا بـ کەن و گوێڕا یەڵی پێغەمبەرەکەی بکەن.

2- گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەر نیشانەی بڕواداریە.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴿١﴾﴾ الأنفال.

واتە: گوێڕایەڵ بن بۆ خودا و بۆ پێغەمبەرەکەی ئەگەر بەڕاستی ئێوە بڕوادارن.

3- گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی سەرکەوتن و سەرفرازیە.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴿٧١﴾﴾ الأحزاب . واتە: ئەو کەسەی کوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

4- گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی هۆکاری بەزەیی خودایە.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ﴿١٣٢﴾﴾ آل عمران. واتە: گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەن بە ئومێدی ئەوەی بەزەیی پێتان بێتەوە.

5- لە سوودەکانی گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا﴿٦٩﴾﴾ النساء. واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات ئا ئەو کەسانە لە دوارۆژدا لە گەڵ ئەوا نە دان کە خودا نیعمەتی لەگەڵدا کردوون لە: پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئا ئەوانە هاوڕێ و هاوەڵ و هاودەمی چاك و بێ وێنەن.

6- گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر مایەی هیدایەتە.

هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ﴿٥٤﴾﴾ النور. وا تە: ئە گەر گوێڕایەڵی پێغەمبەربن ڕێنمووییتان دەبێت.

7– ئەوا نەی گوێڕا یەڵیان کردووە بۆ خودا و پێغەمبەرە کەی لە دواڕۆژدا دوو چاری حە سرەت و پە شێمانی و خەم و خە فەت نابن. بۆیە خودای گەورە دەربارەی بێباوەڕەکان فەرموویەتی: ﴿يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ٦٦﴾ الأحزاب. واتە: ئەهلی ئاگر دەڵێن: خۆزگە کوێڕا یەڵی خودا و پێغەمبەرمان بکردبا.

8– گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی هۆکاری قەبوڵ بوونی کردەوەکانە.

خودا فەرموویەتی: ﴿۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ٣٣﴾ محمد. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێناوە گوێڕا یەڵی خودا بکەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن و کردەوەکانتان پووچەڵ مەکەنەوە بەهۆی گوێڕایەڵی نەکرد.

9– گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەر هۆکاری بەهێز بوون و خۆڕاگریە لە کاتی جەنگدا.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٤٥ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦﴾ الأنفال. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێناوە ئەگەر ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ چینی بێ بڕوا کان خۆڕاگربن و زۆر یادی خودا بکەن بە ئومێدی ئەوەی سەرکەتووبن، و گوێڕا یەڵی خودا و پێغەمبەرە کەی بکەن و ناکۆك مەبن دەنا شکست دێنن و شکۆ و هێزتان دەڕوات، ئارامگر بن، بێگو مان خودای گەورە لەگەڵ ئارامگرانە.

10– گوێڕا یەڵی خودا و پێغەمبەرە کەی هۆ کاری گەیشتنە بە بەهە شت. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٣﴾ النساء. هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {كُلُّ أُمَّتِي يدْخُلُونَ الجَنَّةَ إلا من أَبَى، قالوا: يا رسولَ الله، ومَن يأْبَى؟ قالَ: مَن أَطَاعَنِي دَخَلَ الجَنَّةَ، ومن عصانِي فقَدْ أَبَى}[1]. واتە: هەموو ئوممەتم دەچنە بەهە شت تەنها ئەو کەسە نەبێت کە خۆی نایەوێت، وترا: ئەو کەسە کێ یە؟ ئەی پێغەمبەری خودا کە نایەوێت، فەرمووی: هەر کەس گوێڕایەڵی من بکات دە چێتە بەهە شت، هەر کە سێك لە فەرمانی من دەربچێت بێگومان ئەوە نایەوێت بچێتە بەهەشت.

---

(1) البخاري، الرقم(7280)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند نموونە و ڕووداوێك لەسەر گوێڕایەڵی هاوەڵان و پیاوچاكان

1– گوێڕایەڵی زَینَب ی كچی جَحش(رضي الله عنها).

زَینَب كچی پلكی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو، خوشكی عبدالله ی كوڕی جَحش بوو، خوارزای حَمزة و عَبّاس بوو. عبدالله ی كوڕی عَبّاس دفەرموێت: پێغەمبەری خودا خوازبێنی زَینَبی كرد بۆ زَیدی كوڕی حارِثة، سەرەتا زَینَب بەمە ڕازی نەبوو، بەڵام كە ئەم ئایەتە دابەزی:﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ٣٦﴾ الأحزاب. واتە: بۆ هیچ پیاوێكی بڕوادار و هیچ ئافرەتێكی بڕوادار نیە ئەگەر خودا و پێغەمبەرەكەی فەرمانێكیان دا كە سەرپشك بن لە كردنی نابێت بە ئارەزووی خۆیان ڕەفتار بكەن. ئیتر زَینَب ڕازی بوو شووی بە زَید كرد، بەڵام قەدەری خودا وا بوو لەگەڵ یەكتر نەگونجان سەرەنجام لە یەكتر جیا بوونەوە، دوای ئەوە زَینَب زۆر پەرۆش و غەمبار بوو، بەڵام هەركە سێك گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەكەی بكات بێكومان خودای گەورە فەرامۆشی ناكات لە دونیا و دواڕۆژدا، ئەوەبوو دوای ماوەیەك زَینَب بوو بە دایكی بڕواداران، بوو بە هاوسەری پێغەمبەری خودا بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەك؟ خودای گەورە بە خۆی لە پێغەمبەری مارە كرد، بۆیە زَینَب زۆر جار شانازی دەكرد بە سەر هەموو هاوسەرەكانی تری پێغەمبەری خودا، دەیفەرموو: (زَوَّجَكُنَّ أَهَالِيكُنَّ، وَزَوَّجَنِي اللَّهُ تَعَالَى مِن فَوْقِ سَبْعِ سَمَوَات)[1]. واتە: كەس وكاری ئێوە ئێوەیان بە شوودا، بەڵام خودای گەورە لەسەرووی حەوت ئاسما نەكان منی مارە كردووە لە پێغەمبەر.

2– پێشەوا علی(رضي الله عنه) فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) مەفرەزەیەكی نارد بۆ شوێنێك و پیاوێك لە پشتیوانانی كرد بە ئەمیریان، فەرمانی كرد كە گوێڕایەڵی بن، ئیتر دوای ڕۆیشتنیان كاتێك لێیان تووڕە دەبێت فەرمانیان پێ دەكات كە هەندێك دار كۆ بكەنەوە، دوای ئەوەی دار كۆ دەكەنەوە فەرمان دەدات ئاگری تێ بەردەن، پاشان فەرمانیان پێ دەكات پێیان دەڵێت: دەی بچنە ناو ئاگرەكە، هەندێك ویستیان بچنە ناوی و هەندێكیان ئەوانیان دەگرت تا نەچن، پاشان وتیان: ئێمە لەبەر ئاگر ڕامان كردووە بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئیتر بەم شێوەیەبوون ئاگرە كەش كوژا یەوە، تووڕە بوونی فەرماندەكەش نەما و هێور بوویەوە، دوای ئەوەی هەواڵەكە گەیشتە پێغەمبەر فەرمووی:

---

(1) البخاري، الرقم(7420)، عن أنس(رضي الله عنه).

{لو دَخَلُوهَا ما خَرَجُوا منها إلى يوم القيَامَة، الطَّاعَةُ في المَعروف}[1]. واتە: ئەگەر بچووبانە ناو ئاگرەکە هەرگیز نەدەهاتنە دەرەوە تا ڕۆژی دوایی، گوێڕایەڵی لە شتی چاکدایە.

3- جابری کوڕی سَلیم(رضي الله عنه) دە فەرموێت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ): دەمەوێت ئامۆژگاریم بکەی، فەرمووی: {لا تَسبَّنَّ أَحداً}. واتە: جنێو بە کەس مەدە. جابر دەڵێت: دوای ئەوە هەرگیز جوێنم نەداوە نە بە کەسی ئازاد و نە بە کەسی کۆیلە، تەنانەت جوێنم نەداوە بە وشتر و بزن و مەڕیش[2].

4- نموونەیەك لە گوێڕایەڵی أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه).

أبو هُرَيرَة دە فەرموێت: (أَوْصاني خَليلي بثَلاث لا أَدَعُهُنَّ حتَّى أُموت: صَومْ ثَلاَثَة أيَّام من كُلِّ شَهر، وصَلاَة الضُّحى، ونَوم علَى وَتْر)[3]. واتە: خۆشەویستم ئامۆژگاری کردم بە سێ شت وازیان لێ ناهێنم تا دە مرم: ڕۆژووی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك، و نوێژی چێشتەنگاو، و نووستن لە دوای نوێژی ویتر.

5- قَتادة(رحمه الله) دەفەرموێت: هی وا هەبوو لە هاوەڵە کۆچبەرەکان دە یوت: هەموو تەمەنم بە سەر برد ئاواتم بوو ڕۆژێك یان جارێك بچمە ماڵی برا یەکم هاوڕێیەکم بۆ میوا نداری و پێم بڵێت: بگەڕێوە، بۆ ئەوەی بە شانازیەوە ئەم ئایەتە لە سەر خۆم جێبەجێ بکەم: ﴿وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۝٢٨﴾ النور[4]. واتە: ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە، بگەڕێنەوە، ئەو گەڕانەوە بۆ ئێوە باشترە.

6- لە جەنگی(بَدر) دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دڵنیا بوو لە دەرباز بوونی أبو سُفيان و کاروانەکەی و زانی دووچاری جەنگ دەبێتەوە، ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد، ئەوە بوو أبوبکر و عُمر وتیان: با بجەنگین لەگەڵیان، بەڵام پێغەمبەری خودا هەر دەیفەرموو: {أَشيروا عليَّ أيُّها النَّاس}. واتە: ڕای خۆتانم پێ بڵێن ئەی خەڵکینە. ئەوجارە مقدادی کوڕی أسوَد هەستا و وتی: ئێمە ئەوە ناڵێین کە گەلی موسی(عليه السلام) بە موسایان وت: ﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ ۝٢٤﴾ المائدة. واتە: برۆ تۆ و پەروەردگارەکەت بجەنگن. بەڵکو ئێمە لە ڕاست و چەپ و پێش و پشتتە دە جەنگین. عبدالله ی کوڕی مَسعود

---

(1) البخاري، الرقم(4340)، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه).

(2) أبو داود، الرقم(4084)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) البخاري، الرقم(1178)، ومسلم(721)، وغيرهما.

(4) أبو داود، الرقم(650)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

دەڵێت: بینیم بەم وتەیە چۆن پێغەمبەری خودا گە شایەوە، دەیفەرموو: هیوا خواز بووم من خاوەنی ئەم قسەیە بام کە مِقداد کردی بە هەر نرخێك بوایە، چونکە بووە مایەی خۆشحاڵی پێغەمبەری خودا[1]

دوای ئەوەی سَعدی کوڕی مُعاذ(رضي الله عنه) گەورەی پشتیوانان و هەڵگری ئاڵای ئەوان زانی پێغەمبەری خودا زیاتر مەبەستی ئەوانە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە بڕوامان بە تۆ هێناوە و بەڕاستیشمان زانی شاهێدیمان داوە ئەوەی تۆ پێی ڕەوانە کراوی کە قورئانە ڕەوایە، و لەسەر ئەمەش بەڵێنمان پێداوی کە گوێڕایەڵت بین، سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەگەر بۆ ناو ئەم دەریایەش بڕێت تۆ بچی ئێمەش هەموومان لەگەڵت دێین. ئەوەبوو پێغەمبەری خودا بەمە زۆر دڵی ئاسوودەبوو[2].

7- نموونەیەك لە گوێڕایەڵی عبداللە ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه).

جابری کوڕی عبداللە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی هەینی چووە سەر مینبەر، فەرمووی: دانیشن. لەوکاتە عبداللە لەبەر دەرگای مزگەوت بوو، دەیویست بێتە ژوورەوە، بەڵام کاتێك گوێی لە پێغەمبەر بوو فەرمووی: دانیشن، دەست بەجێ لە شوێنی خۆی دانیشت. بەڵام پێغەمبەری خودا هەر کە بینی عبداللە لە بەر دەرگا دانیشت بانگی کرد فەرمووی: وەرە ئەی عبداللە ی کوڕی مَسعود[3].

8- عبداللە ی کوڕی عَبَاس(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەنگوستیلەیەکی زێڕی لە دەستی پیاوێك بینی، لە دەستی داکەناند و فڕەیدایە سەر زەوی و فەرمووی: {يَعمدُ أحَدُكَم إلى جَمَرة من نارٍ فَيَجعلَها في يَده}. واتە: یەکێك لە ئێوە هەوڵدەدات پشکۆیەك لە ئاگر بخاتە دەستی. دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا ڕۆیشت بە کابرایان وت: ئەنگوستیلەکەت هەڵگرەوە و بۆ شتیتر سوودی لێ ببینە، وتی: نەخێر سوێند بە الله هەگیز هەڵیناگرمەوە پێغەمبەری خودا فڕێیداوە[4].

9- نموونەیەك لە گوێڕایەڵی پێشەوا أبوبکر(رضي الله عنه).

ابن أبي مَليكة دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێکیان پێشەوا أبوبکر لەسەر پشتی وشترەکەی بوو لەو کاتەدا ئەو پەتەی بە لغاوی وشترەکەوە بوو کەوتە خوارەوە لەدەستی، أبوبکر

(1) البخاري، الرقم(3952)، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه).
(2) الرحيق المختوم، المباركفوري، ص.189.
(3) أبو داود، الرقم(109)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(4) المسلم، الرقم(2090).

له وشترەكەی دا بەزی، دوای ئەوەی و شترەكەی یەخ كرد، داینیشاند، ئیذ جا پەتی هەوسارەكەی دەست دا یێ، پا شان سواری و شترەكەی بوو یەوە پێیان وت: بۆ چی بە ئێمەت نەوت؟ پەتەكەت پێ بدەینەوە، فەرمووی: خۆشەویستم(ﷺ) فەرمانی پێ كردووم كە هەرگیز داوا لە خەڵك نەكەم[1].

10- نموونەیەك لە گوێڕایەڵی عبدالله ی كوڕی عُمر(رضي الله عنهما).

نافِع دەگێڕێتەوە لە عبدالله ی كوڕی عُمر: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {لَو ترَكْنا هذا البابَ للنّساء}. واتە: ئەگەر ئەو دەرگایەمان هی مزگەوت تایبەت كردبا بۆ ئافرەتان. نافع دەڵێت: دوای ئەو پێشنیارەی پێغەمبەری خودا هەرگیز عبدالله تا كۆچی دوایی كرد لەم دەرگایە هاتووچۆی نەكرد[2].

11- أنس(رضي الله عنه) دەفەرموێت: كاتێك ئایەتی: ﴿لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ﴾ الحجرات. دا بەزی ثا بِت ی كوڕی قَیس(رضي الله عنه) لە بەر ئەوەی دەنگی گەورە بوو چوو لە ماڵ دانیشت وتی: كەوا بێت من لە ئەهلی ئاگرم، دوای د یار نەمانی ماوەیەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە سَعدی كوڕی مُعاذی فەرموو: ثا بِت چی لێهاتووە؟، دوای ئەوەی سَعد هەواڵپرسینی پێغەمبەری بە ثا بِت ڕاگەیا ند، ثا بِت وتی: خۆتان دەزانن من لە هەمووتان دەنگم گەورەترە، كەوا بێت من لە ئەهلی ئاگرم، دوای ئەوەی سعد بە پێغەمبەری ڕاگەیاند فەرمووی: {بَل هُوَ من أَهلِ الجَنَّة}[3]. وا تە: بەڵكو ئەو لە ئەهلی بەهەشتە.

12- نموونەیەك لە گوێڕایەڵی ئافرەتان بە گشتی.

مالك ی كوڕی رَبیعَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: كاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینی لە كاتی چوونە دەرەوەیان لە مزگەوت پیاو و ئافرەت تێكەڵ دەبن، بە ئافرە تانی فەرموو: {استأخرنَ فإنَّهُ ليس لَكُنَّ أن تَحقُقنَ الطَّريقَ عليكنَّ بحافّات الطَّريق}[4]. واتە: دواكەون پە لە مە كەنَ لە گەڵ پ یاوان دەرمە چوون بۆ تان گو نجاو ن یە لە ناوەڕا ستی شەقام بڕۆن، پێویـ ستە لە سەرتان لە ڕۆ خەكانی شەقام بڕۆن. لە دوای ئە مە ئافرە تەكان هێ ندە

(1) رواه أحمد في كنز العمال، ج.3، ص.312.
(2) أبو داود، الرقم(462)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(3) المسلم، الرقم(119).
(4) أبو داود، الرقم(5272)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

پابەندبوون بە فەرمانی پێغەمبەری خودا بە شێوەیەك لە ڕۆخی شەقام دەڕۆیشتن لە نزیك دیوارەكان جل وبەرگیان لە دیوارەكان گیر دەبوو.

13– بە فەرمانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خانوەكەیان بۆ تەواو كرد.

ساڵی(1937) مامۆ ستا حاجی تۆفیق ئەمین دەڵێت: لە گوندی كوڕەداوێ ساڵی(1927) مەلا یەكمان هەبوو ناوی مەلا سید عبدالله واژەیی بوو، پیاوێكی زۆر تەقوادار و لەخواترس و بە قەناعەت بوو، دوای هەژدە ساڵ لە خزمەت كردنی ئەو خەڵكە ساڵی (1945) ماڵی گواستەوە بۆ سلێمانی خەریكی دروو ستكردنی خانوو بوو ، باری دارایشی باش نەبوو، سەرەڕای ئەمەش مندالّی وردیشی زۆر هەبوون، تا شەوێك لە شەوان پیاوێكی گوندی كوڕەداوێ بە ناوی(گوڵ محمد) لە خەودا بە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیشت، فەرمانی پێ كرد كە بە خەڵك بڵێ بچن بۆ یارمەتی دانی مەلا سید عبدالله، ئەویش دەڵێت: لەبەر ئەوەی خەڵك ئەو كات بە گشتی زۆر هەژار بوون بۆیە ئەو هەواڵەم بەكەس نەوت، بەڵام كاتێك بۆ جاری دووەم و سێیەم بە هەمان شێوە لە خەودا پێغەمبەر فەرمووی: ئێوە بۆ ناچن بۆ یارمەتی دانی مەلا سید عبدالله، بۆیە هەموو خەڵكەكەم كۆ كردەوە و خەونەكەم بۆ باس كردن، زۆر كاریگەر بوو بۆیان، بۆیە هەموویان لە سەر فەرمانی پێغەمبەری خودا چوون بۆ یارمەتی دانی مامۆستا بۆ دروستكردنی خانوو تا كۆتایی یارمەتیاندا[1].

14– لە هەرێمی كوردستان پیاوێك كە ناسراو بوو بە(ما مە قالە) زۆر خوا ناس و گوێڕایەڵ بوو بۆ خودا و پێغەمبەرەكەی(ﷺ)، تاكە خەمی لە دونیا ئەوە بوو نەیدەتوانی بە دەستی ڕاستی خواردن بخوات لەبەر ئەوەی هەر لە منداڵی وا ڕا هاتبوو، بۆیە نزا لە دەستی چەپی خۆی دەكات تاكو دەستی بشكێت، ئەوەبوو دەستی شكا، پاشان بە ناچاری خۆی ڕاهێنا كە بە دەستی ڕاست نان بخوات[2].

---

(1) پایزە برا، أحمدی شەریعە، ج.1، ص.84.

(2) المصدر السابق، ج.3، ص.86.

خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)

پلە و پایە و سوودەکانی خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لە( ) خاڵدا

1- خۆشویستنی خودا زیاتر لە هەموو شتێك نیشانەی بڕوای تەواوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِۗ ١٦٥﴾ البقرة. واتە: کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خودا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەکو خۆشەویستی خودا، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خودایان خۆشدەوێت.

2- خۆشەویستی خودا بۆ بەندەکان پەیوەستە بە خۆشویستنی خودا.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ٥٤﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە هەر کەسێك لە ئێوە هەڵگەڕێتەوە لە ئاینەکەی ئەوا خودا گەلێکیتر دەهێنێت خودا ئەوانی خۆشدەوێت و ئەوانیش خودایان خۆشدەوێت.

3- خۆشویستنی خودا هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوەنەکان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ ٣١﴾ آل عمران. واتە: ئەی محمد بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێت ئەوا شوێنکەوتەی من بن تا خوداش ئێوەی خۆش بوێت و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت.

4- بەهۆی خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) موسڵمان هەست بە تام و شیرنایی بڕوا دەکات.

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {ثلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وجدَ حلاوةَ الإيمان}. واتە: سێ شت هەن هەر کەسێك هەرسێکیانی تێدا بێتە دی بەو سێ شتە شیرنایی بڕوا بەدەست دێنێت. یەکێك لەم سێ شتانە فەرمووی: {أنْ يكونَ اللهُ ورسولُه أحبَّ إليه ممَّا سواهُما}[1]. واتە: خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشەویستربن لە لای لە هەموو شتێك.

5- کەسێك خودا و پێغەمبەرکەی خۆش بوێت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرگری لێدەکات.

(1) البخاري، الرقم(16)، ومسلم(43)، عن أنس(رضي الله عنه).

پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك هەبوو بە ناوی عبدالله نازناوەكەشی گوێ درێژ بوو ، هەمووجار بە وتە خۆشەكانی پێغەمبەری بە پێكەنین دەهێنا، بەڵام بەهۆی خواردنەوەی شەراب عەرەق پێغەمبەری خودا جە لدەی لێدا، لەو كاتە پیاوێك لە ناو خەڵك نەفرەتی لێ كرد، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {لا تَلْعَنُوهُ، فَوَاللَّهِ ما عَلِمْتُ إنَّه يُحِبُّ اللَّهَ ورسولَهَ}[1]. واتە: نەفرەتی لێ مەكەن، سوێند بە الله ئەوەی من زانیومە كە بێگومان ئەو خودا و پێغەمبەرەكەی خۆشدەوێت.

6- خودا و پێغەمبەرت خۆش بوێت لە دوارۆژدا پێیان شاد دەبیت.

أ نس ی كوڕی ما لك(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پیاو ێك پر سیاری لە پێغەم بەری خودا(ﷺ) كرد و تی: كەی قیا مەت داد ێت؟ فەمووی: چیت بۆ ئا مادە كردووە؟. پیاوەكە وتی: لە نوێژ و ڕۆژوو و بەخ شین زۆرم ئا مادە نەكردووە، تەنها ئەوە نەبێت: خودا و پێغەمبەرە كەیم خۆ شدەوێن. پێغەم بەری خودا فەرمووی: تۆ لە گەڵ ئەوە دەبیت كە خۆشت ویستووە[2].

7- خۆشویستنی پێغەمبەر موسڵمان لە سزا و هەڕەشەی خودا دوور دەبێت.

خودای باڵادەست فەرموو یەتی: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾﴾ التوبة. واتە: ئەی محمد بڵێ: ئە گەر باوك وباپیراذ تان و مندا ڵەكانتان و براكاذ تان و هاو سەرەكانتان و هۆزە كەتان و سامانێك كە پەیداتان كردووە و بازرگانیەك كە دەتر سن كەم بكات و خانووەكاذ تان كە دڵتان پ ێی خۆشە خۆشەویستتر بوو لەلاتان لە خودا و پێغەبەرە كەی و جیهاد كردن لە پێناو خودا ئەوا چاوەڕێی سزای خودا بكەن، خودا هیدا یەتی كەسانی تێپەر لە سنور ناكات.

(1) البخاري، الرقم(6780).

(2) البخاري، الرقم(6171)، ومسلم(2639).

چەند وتەیەك دەربارەی خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرەكەی

1- عبدالله ی كوڕی مَسعود(رضي الله عنه) فەرمووویەتی: بە نیسبەت خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرەكەی با كەس لە خۆی نەپرسێت، بەڵكو با لە قورئان بپرسێت، ئاخۆ پەیوەندی چۆنە لەگەڵ قورئان: ئەگەر كەسێك قورئانی خۆش بوێت ئەوا ئەو كەسە خودا و پێغەمبەری خۆشدەوێت[1].

2- عەمری كوڕی عاص(رضي الله عنه) فەرمووویەتی: (ما كانَ أحَدٌ أحَبَّ إلَيَّ من رسول الله، ولا أجلَّ في عيني منه، وما كُنْتُ أُطيقُ أنْ أملأَ عيْنَيَّ منه إجلالًا له، ولو سُئلْتُ أنْ أصفَهُ ما أطَقْتُ؛ لأَنِّي لَمْ أكُنْ أملأُ عَيْنَيَّ منه)[2]. واتە: هیچ كەسێك لەلای من خۆشەویستتر نەبووە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وهیچ كەسیش گەورە و بەڕێزتر نەبووە لە ئەو لەبەر چاوم، و هەرگیز نەم توانیوە پڕ بە چاوەكانم تەماشای بكەم لە بەر گەورەیی و ڕێزداری ئەو، ئەگەر لێم بپرسن وەسفی ئەو بكەم ناتوانم، چونكە هەرگیز چاوەكانم لە بینینی ئەو تێر و پڕ نەبوون.

3- أنس ی كوڕی مالك(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (لما كانَ اليوم الّذي دخل فيه رسولُ اللّه(ﷺ) المدينةَ أضاء منْها كلُّ شيء، فلمَّا كانَ اليومُ الّذي ماتَ فيه أظلم منْها كلُّ شيَء)[3]. واتە: ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خودا هاتە شاری مەدینە هەمووَ شتێك دەدرەوشایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژەی تێیدا كۆچی دوایی كرد هەموو شتێك تێیدا تاریك بوو.

4- پرسیار لە پێشەوا علی كرا دەربارەی خۆشویستنی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، فەرمووی: (كَانَ واللهِ أَحبَّ إلَينا من أَموالِنا وأَولادِنا وآبائِنا وأُمَّهاتِنا، ومن الماءِ البارد على الظَّمأ)[4]. واتە: سوێند بە الله پێغەمبەری خودا خۆشەویستتر بوو لەلای ئێمە لە ماڵ و منداڵ و دایك و باوك، و لە ئاوی ساردیش لە كاتی گەرما و تێنیەتیدا.

---

(1) الطبراني في الكبير، الرقم(8676)، والبيهقي في شعب الايمان(2017).

(2) المسلم، الرقم(121).

(3) ابن ماجة، الرقم(1631)، وغيره وصححه ألباني في سنن ابن ماجة.

(4) الشفا بتعريف حقوق المصطفى، القاضي عياظ، ج.2، ص.22.

چەند ڕووداوێك لەسەر خۆشویستنی خودا و پێغەمبەرکەی(ﷺ)

1- خۆشەویستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی حمزةی کوڕی عبدالمطلب(رضي الله عنه).

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا دووچاری ئازارێکی زۆر هات لەلایەن أبو جَهل، لەو کاتەدا پێشەوا حَمزة لە دەرەوەی شاری مەککە بوو بە مەبەستی ڕاوکردن، کاتێك گەڕایەوە بۆ ماڵ هاوسەرەکەی ئەم هەواڵەی پێدا، بۆیە دەستبەجێ ڕووی کردە أبو جَهل، لەو کاتەدا لەلای(صَفا و مَروَة) بوو لە گەڵ کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان وەستا بوو، کاتێك لێی نزیك بوویەوە تا لە توانای هەبوو بە کەوانەکەی دای لە سەری أبو جهل و سەری بە خوێندا هات، پاشان بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر فەرمووی: ئەی أبو جَهل چۆن دەتوانی لە محمد بدەی لە کاتێکدا من لە سەر ئاینی ئەوم، شاهێدی دەدەم کە ئەو پێغەمبەری خودایە، ئەو حەققە و ڕاستی هێناوە لەلایەن خوداوە(1).

2- خۆشەویستی پێشەوا أبوبکر(رضي الله عنه) بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ).

جارێکیان پێغەمبەری خودا نەخۆش دەبێت، أبوبکر دەچێت بۆ سەردانی کاتێك دەبینێت پێغەمبەری خودا لەسەر جێگایە بەهۆی نەخۆشی، أبوبکر زۆر غەمبار بوو بە شێوەیەك لە ناخەوە هەستی بە ئێش و ئازار دەکرد، بۆیە کاتێك گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی نەخۆش کەوت بەهۆی دڵتەنگ بوونی بۆ پێغەمبەری خودا، بەڵام دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا لە نەخۆشیەکەی چاك بوویەوە و هەستایەوە، پێغەمبەر کە زانی أبوبکر نەخۆش کەوتووە، دەستبەجێ چوو بۆ سەردانی، لەو کاتەی أبوبکر بینی پێغەمبەری خودا چاکبۆتەوە و هاتووە بۆ ماڵەکەی یەکسەر ڕوخساری گەشایەوە و جێگایەکی بۆ پێغەمبەری خودا دابین کرد، لە خۆشی چاك بوونەوەی پێغەمبەر، ئەویش چاك بوویەوە فەرمووی: (مَرِض الحبيب فزرتَه، فمرضت مِن أَسفي عليه شُفِي الحبيب فَزارني فَشَفيت مِن نَظَري إليه)(2). واتە: خۆشەویست نەخۆش بوو چوومە سەردانی، بەهۆی غەمم بۆی منیش نەخۆش کەوتم ، خۆشەویست شیفای بۆ هات ، هات بۆ سەردانم ، منیش شیفام بۆ هات کاتێك تەماشام کرد و بینیم ئەو چاك بووەتەوە.

3- خۆشەویستی خۆدا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لە دڵی پێشەوا علی کوڕی أبو طالب.

(1) مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، الحافظ نورالدين الهيثمي، ج.9، ص.267.

(2) وصايا الرسول، عبدالله العفيفي، ج.2، ص.394.

سەهلی کوڕی سەعد دە فەرموێت: لە ڕۆژی فەتحی خَیبَردا پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: ئەم ئاڵایە دەدەم بە پیاوێك لەسەر دەستەكانی ئەو خودا ئەم شوێنە فتح دە كات، ئەم كە سە خودا و پێغەمبەرە كەی خۆ شدەوێت، خودا و پێغەمبەر ئەویان خۆشدەوێت. سەهل دەڵێت: بۆ بەیانی خەڵك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا هەر یەكێك لە وان هێواخوازبوو ئاڵاكەی پێ بدرێت، بەڵام پێغەمبەری خودا فەرمووی: كوا علی كوڕی ابو طالب؟، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو چاوەكانی ژان دە كەن، فەرمووی: بە دوایدا بنێرن، كاتێك هێنایان پێغەمبەری خودا تفی لە چاوەكانی كرد و نزای بۆ كرد، بە شێوەیەك چاك بوویەوە وەك ئەوەی هەرگیز ئازاری نەبووبێت، ئەوجا ئاڵا كەی پێدا[1].

لە گێڕانەوەیەكیتردا پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) لەو ڕۆژەدا دەیفەرموو: هەرگیز حەزم لە ئەمیرا یەتی نەبووە جگە لەم ڕۆژەدا، نەك لە پێناو ئەمیرا یەتی بەڵكو لە بەر ئەم شاهێدیە بەرزە: {یُحِبُّ اللهَ وَرَسولَه، ویُحِبُّه اللهُ وَرَسولُهُ}[2].

4- خۆشەویستیَ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی عُمری كوری خطاب(رضي الله عنه).

عبدالله ی كوڕی هیشام دەفەرموێت: ئێمە لە گەڵ پێغەمبەری خودا بووین، پێغەمبەر دەستی عُمری گرتبوو، عُمر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ لەلای من لە هەموو شتێك خۆشەویستتری تەنها لە نەفسی خۆم نەبێت، پێغەمبەری خودا فەرمووی: نەخێر، سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە ئەمە بەس نیە بۆ گەیشتن بە پلەی بەرز تاوەكو من لەلات خۆشەویستر نەبیَ لە نەفسی خۆشت. پاشان پێشەوا عُمر وتی: بێگومان ئێستا سوێند بە خودا تۆ لەلای من خۆشەویستری لە نەفسی خۆم، ئەوجا پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئێستا ئەی عُمر. مەبەستی: ئێستا زانیت و ئەوەی پێویست بوو وتت[3].

هەروەها نزای دە كرد و دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ ارزقْنِي شَهَادَةً فِي سبيلك، واجعل موتي فِي بَلَد رَسولك)[4].

خوَدای گەورە بە نیاز پاكی لەگەڵی كرد، ئەوەبوو پلەی شەهیدبوونی بە نسیب بوو.

---

(1) البخاري، الرقم(3009)، ومسلم(2406).

(2) المسلم، الرقم(2405)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(6632).

(4) البخاري، الرقم(1890)، عن أسلم مولى عمر(رضي الله عنهما).

هەروەها لە شاری مەدینەش شەهید بوو، و دوای بریندار بوونی بە عبداللە ی کوڕی خۆی وت: بڕۆ بۆ لای دایکی بڕواداران عائشة و پێی بڵێ: عُمر سڵاوت لێ دەکات، مەڵێ(أمیر المؤمنین)، چونکە ئەوکات من ئەمیری بڕواداران نیم و پێی بڵێ: کە من دەمەوێت لە تەنیشت پێغەمبەر و أبوبکر بنێژرێم، جا ئەگەر مۆڵەتیدا باشە، ئەگەر نا لە گۆڕستانی موسڵمانان بمنێژن[1].

ئەم ئاواتەشی هاتە دی، ئەوەبوو عائشة فەرمووی: من ئەم شوێنەم بۆ خۆم دا نابوو، بەڵام مۆڵەتم دا، با بۆ عُمر بێت، منیش لە گۆڕستانی(البَقیع) بنێژن[2].

5- خۆشەویستی خُبیب(رضي الله عنه) بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ).

دوای ئەوەی خُبَیب ی کوڕی عَدي بە دیلی کەوتە دەست بێ بڕواکانی شاری مەککە، قورەیشیە بێ بڕواکان هەستان بە ئازاردانی خُبیب بە هەموو شێوەیەك بۆ ئەوەی پاشگەز ببێتەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا، بردیان بۆ ناوچەی(تَنعیم) بۆ ئەوەی لەوێ لەبەر چاوی خەڵك بیکوژن، ئەوەبوو خُبَیب داوای مۆڵەتێکی کرد بۆ ئەنجامدانی دوو ڕەکعەت نوێژ، ئەوانیش مۆڵەتیا ندا، دوای نوێژە کە فەرمووی: سوێند بەخودا لە بەر ئەوە نەبوایە کە وا بزانن لە ترسی مردن درێژم کردۆتەوە ئەوا نوێژەکەم زیاتر درێژ دەکردەوە، پاشان هەستان بە ئازاردانی بە تیر لێدانی، لەوکاتەدا هێشتان أبو سُفیان بڕوای نەهێنابوو، وتی: ئەی خُبَیب پێت خۆشە محمد لە شوێنی تۆ بوایە و تۆش لە ناو ماڵ و منداڵی خۆت بای؟ خُبَیب وتی: نەخێر، سوێند بە خودا حەزناکەم من لە ناو ماڵ و منداڵم لە خۆشیدا بم و محمدیش یەك دڕکی بەرکەوێت[3].

هەروەها أبو سُفیان هەمان پرسیار لە زَیدی کوڕی دَثِنَة کرد، ئەویش وەکو خُبَیب هەمان وەڵامی دایەوە، لەوکاتە أبو سُفیان وتی: هیچ کەسێکم نە بینیوە کەسێکی خۆش بوێت بە ئەندازەی خۆشەویستی هاوەڵانی محمد بۆ محمد[4].

6- خۆشەویستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی نَسیبَةی کچی کَعب(رضي الله عنها).

---

(1) البخاري، الرقم(3700).

(2) فتح الباري، العسقلاني، ج.7، ص.78.

(3) البخاري، الرقم(2880).

(4) البخاري، الرقم(3745).

نَسیبَة یەكێك بوو لە وانەی لە جەنگی أُحُد بە شدار بوو بە مەبە ستی یارمەتیدانی بریندارەكان و هێنانی ئاو بۆ موسڵمانان، بەڵام كاتێك بینی موسڵمانەكان دووچاری شكست بوون بە هۆی شكاندنی فەرمانی پێغەمبەری خودا بە تایبەت كاتێك خودی پێغەمبەر گیانی كەوتۆتە مەترسی وەكو تێكۆشەرێك جل وبەرگی خۆی لە ناوقەدی خۆی بەست و بە شمشێر چووە گۆڕەپانی جەنگ بۆ پارێزگاری كردن لە پێغەمبەری خودا، لەو ڕۆژەدا سێزدە جار بریندار بوو، گەورەترین برینی لەسەر شان بوو، یەك ساڵ تیمار كرا تا چاك بوویەوە[1].

7- خۆشەویستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی أسْماءی كچی أبوبكر(رضي الله عنهما).

ابن أبي الزِّناد دەفەرموێت: یەكێك لە كراسەكانی پێغەمبەری خودا وەكو یادگاری لەلای أسْماء بوو، تاوەكو ئەو كاتەی عبدالله ی كوڕی كوژرا ساڵی حەفتا و سێی كۆچی بوو، واتە: نزیكە شێشت و سێ ساڵ دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر، پارێزگاری لەو كراسە كرد، دوای ئەوە ئەم كراسەیان لێستاند و بردیان بۆ شام، ئەو كات تەمەنی أسْماء نزیكەی سەد ساڵ بوو، دەیوت: لەدەستدانی ئەم كراسە كاریگەری لەسەر من زیاتر بوو لە كوژرانی عبدالله. دوای ئەوەی كراسەكە لەلای پیاوێك دۆزرایەوە كە خەڵكی شام بوو، دیارە ئەویش یەكێك بوو لە بەشداربووانی كوشتنی عبدالله، بۆیە وتی: كراسەكە ناگەڕێنمەوە مەگەر ئەوكاتەی أسْماء داوای لێخۆشبوونم بۆ بكات، كاتێك ئەمەیان بە أسْماء وت فەرمووی: جا چۆن داوای لێخۆشبوون دەكەم بۆ بكوژی عبدالله؟ وتیان: كەواتە ئەویش كراسەكە ناگەڕێنێتەوە بۆت، أسْماء فەرمووی: پێی بڵێن با پیاوەكە بێت، كاتێك پیاوەكە بە كراسەكەوە هات و عبدالله ی كوڕی عُروَة شی لەگەڵدا بوو أسْماء فەرمووی: كراسەكە بدە بە عبدالله كابراش كراسەكەی دایە دەست عبدالله، أسْماء فەرمووی: ئایە كراسەكەت لێوەرگرت؟ هەڵبەت ئەوكات أسْماء نابینا بوو عبدالله وتی: بەڵێ، أسْماء فەرمووی: خودا لێت خۆش بێت ئەی عبدالله، مەبەستی عبدالله كوڕی عُروَةی كوڕی زُبَیر(رضي الله عنهم) بوو نەك كابرا[2].

8- خۆشەویستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی غُمَیصاءی كچی مِلحان(رضي الله عنها).

(1) السیرة النبویة، علي محمد الصلابي، ج.2، ص.166.

(2) 1000قصة وقصة من قصص الصحابة والصالحین، هاني الحاج، ص.13.

غُمَيصاء دايكي أنس ئەو ئافرەتەيە كە پێغەمبەری خودا دەربارەی ئەو فەرمووویەتی: {دَخَلْتُ الجَنَّةَ فَسمعتُ خَشْفَةً، فَقُلْتُ: مَن هذا؟ قالوا: هذه الغُمَيْصاءُ بنْتُ مِلْحَانَ أُمُّ أَنَسِ بنِ مَالك}[1]. واتە: چوومە ناو بەهەشت گوێم لە دەنگێك بوو، وتم: ئەمە كێ يە؟ وتيان: ئەمە غُمَيصاءی كچی مِلحانی دايكی أنس ی كوڕی مالكە.

ئەو ئافرەتە بەڕێزە هێندە پێغەمبەری خۆشدەويست بە شێوەيە ئارەقەی لاشەی پێغەمبەری بە كارهێناوە بۆ خۆبۆن خۆشكردن و بەدەستهێنانی بەرەكەت.

ئەوەتا أنس دەفەرمويێت: جارێكيان پێغەمبەری خودا ها تەماڵمان قەيلولەيەكی كرد كەمێك خەوت كاتێك دايكم بينی پێغەمبەری خودا ئارەقەی لێ دەچۆڕێت خێرا شووشەيەكی هێنا و قەترە ئارەقەكانی دەخستە ناو شووشەی گوڵاوەكە، لەو كاتەدا پێغەمبەری خودا بەخەبەرهات فەرمووی: ئەوە چی دەكەی دايكی سَليم؟ وتی: ئەمە ئارەقەی تۆيە و لە ناو بۆنەكانمان دەكەين كە لە هەموو بۆنێك خۆشترە[2].

9- خۆشەويستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دڵی سَوادی كوڕی غَزِيَّة(رضي الله عنه).

پێش ئەوەی جەنگی(بَدر) دەست پێبكات پێغەمبەری خودا دەستی كردبە ڕێكخستن و ڕێزكردنی موسڵمانان بۆ ئەو مەبەستەش تيرێكی بێ ڕيشی لە دەسەت بوو، كاتێك بينی پياوێك بە ناوی سَواد، لە ڕێزەكە كەمێك هاتبووە دەرێ، پێغەمبەری خودا بە تيرەكەی لە سكی سَوادی دا و پێی وت: ڕێك بوەستە ئەی سَواد. سَواد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ منت ئازاردا لە كاتێكدا خودا تۆی بە حەق و داد پەروەری ڕەوانە كردووە، ئێستاش دەمەوێت تۆڵەی خۆم بكەمەوە، لەو كاتەدا پێغەمبەری خودا سكی خۆی بە ديار خست و فەرمووی: تۆڵەی خۆت بكەوە. سَواد يش باوەشی لە پێغەمبەر گرت و سكی ماچ كرد، پێغەمبەر فەرموويەتی: ئەی سَواد چی بوو وای لێكردی ئەمە بكەی؟. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەی لە پێشمانە دەيبينی، بۆيە ويستم كۆتا عەهدم لە گەڵ تۆ ئەوە بێت كە پێستم بگات بە پێستت ، پێغەمبەری خوداش نزای چاكی بۆ كرد[3].

10- خۆشەويستی پێغەمبەر(ﷺ) لە دڵی أبو عُبَيدةی كوڕی جَرّاح(رضي الله عنه).

---

(1) المسلم، الرقم(2456).
(2) المسلم، الرقم(2331).
(3) السيرة النبوية، د.علي محمد الصلابي، ج.2، ص.28.

له جەنگی(أُ حُد) دوای ئەوەی مو سڵمانان دوو چاری شکست بوون، ئەوەبوو حەفتا هاوەڵ شەهید بوون و حەفتای دیکەش بریندار بوون، پێغەمبەری خوداش یەکێك بوو له بریندارەکان، و یەکێك له ددا نەکانی دواوەی شکا و دوو پار چه ئا سنی زرێ کەی له ڕوومەتی جێ مابوون، أبوبکر ویستی دەریان بێنێت، بەڵام أبو عُبَيدة دەیزا نی ئه گەر به دەست دەریان بێنێت ڕ ەنگه پێغەمبەری خودا ئەوکات دوو چاری ئێشێکی زۆر بب ێت، بۆیه وتی: توخوا ئەم کاره بۆ من جێبهێڵه، ئەوەبوو به ددانی پێشەوەی یەکێك له پار چه ئاسنەکانی له ڕوو مەتی پێغەمبەری خودای دەرهێنا، ئەگەر چی یەکێك له ددا نەکانی پێشەوەی لەگەڵ هاته دەر و کەوت، بەڵام هەر بەردەوام بوو ئەوەی تری شی به ددان دەرهێنا، سەرەنجام ددانەکەیتریشی پێشەوەی کەوت[1].

11– بەردیش پێغەمبەری خودای(ﷺ) خۆشویستووه.

ئەوتا پێغەمبەری خودا دە فەرموێت: {إِنِّي لأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ}[2]. وا تە: بێگو مان من بەردێك دەنا سم له مەککه ئەو هەمووجار سەلامی لێ دەکردم پێش ئەوەی ببم به پێغەمبەر.

12– کێوەکانیش پێغەمبەریان(ﷺ) خۆشویستووه.

أنَس کوڕی ما لك دە فەرموێت: کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) چیای أُ حُدی لێ بەدیارکەوت فەرمووی: {هذا جَبَلٌ يُحِبُّنا ونُحِبُّهُ}[3]. واته: ئەمه چیایێکه ئێمەی خۆ شدەوێت ئێمەش ئەومان خۆشدەوێت.

13– داریش پێغەمبەری خودای(ﷺ) خۆشویستووه.

جابری کوڕی عبدالله دەفەرموێت: سەقفی مزگەوت له سەر چەند ئه ستوونێك بوو، له لقی دار خورما، هەر کاتێك پێغەمبەری خودا و تاری بدا یه دە چووه لای یەکێك لەو دار خورمایانه، بەڵام مینبەرێکی بۆ سازکرا و پێغەرمبەر چووه سەر مینبەره کە، گوێمان له دەنگی دار خورماکه بوو وەکو دەنگی وشتر تا ئەو کا تەی پێغەمبەری خودا ها تە لای و دەستی لەسەر دانا، ئەو کات بێ دەنگ بوو[4].

---

(1) صور من حياة الصحابة والتابعين، مصطفى محمد أبو المعاطي، ج.1، ص.93.
(2) المسلم، الرقم(2277)، عن جابر بن سمرة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(4048).
(4) البخاري، الرقم(3585).

له گێڕاوەیەکیتردا: دوای ئەوەی بە هۆی دوورکەوتنەوەی لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دارەکە دەست دەکات بە گریان بۆیە پێغەمبەری خودا لە باوەشی دەگرێت، کڕو بێ دەنگ دەبێت، پێغەمبەر فەرمووی: {لَو لَم أَحتَضنْهُ لَحَنَّ إلى يوم القيامَة}[1]. واتە: ئەگەر لە باوەشم نەگرتبا گریان ونووزەی دەکرد تا ڕۆژی دوایی.

14- خۆشەویستی مُعاوية ی کوڕی أبو سُفيان(رضي الله عنهما) بۆ پێغەمبەر(ﷺ).

لە سەردەمی خیلافەتی مُعاوية دا پیاوێك هەبوو بە ناوی(كابِس بن رَبيعة) خەڵكی بەصرا بوو، ئەم پیاوە بە پێغەمبەری خودا دەچوو، بۆیە مُعاوية زۆر ڕێزی دەگرت و ناوچەوانی ماچ دەکرد و لەبەری هەڵدەستا، وتیان: هۆکار چیە ئاوا دەکەی؟ ئەی ئەمیری بڕواداران، فەرمووی: لەبەر ئەوە ئەو پیاوە شێوەی بە شێوەی پێغەمبەری خودا دەچێت.

هەروەها أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) هەر جارەی ئەو پیاوەی ببینیبا یە دەستی دەکرد بە گریان، چونکە پێغەمبەری خودای بە بیر دەهاتەوە[2].

(1) ابن ماجة، الرقم(1415)، وصححه الألباني.
(2) تأريخ دمشق، ابن عساكر، ج.3، ص.50.

خۆشویستن لە پێناو خودا

پلە وپایە و سوودەکانی یەکتر خۆشویستن لە پێناو خودا لە() خاڵدا

1– یەکتر خۆشویستن لە پێناو خودا سیفەتی ئەو هاوەڵانە بوو(رضي الله عنهم) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە بەرنامەی خودا پەروەردەی کردن.

ئەوانەی پەروەردگار دەربارەی ئەوان فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٩﴾ الحشر. واتە: ئەوانەی کە پێشتر ماڵی خۆیان و شوێنی خۆیان ئامادە کرد بوو بۆ پێشوازی لە کۆچبەران و دڵ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بە بڕوا، ئەوانەشیان خۆشدەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و هیچ دڵگرانیەك لە خۆیاندا شك نابەن بەرامبەر ئەوەی دراوە بە کۆچبەرەکان، و کۆچبەرەکان دەخەنە پێش خۆیانەوە با خۆشیان پێویستیان پێی هەبێت، هەر کەسێکیش خۆی بپارێزێت لە ڕەزیلی و پیسکەیی دەروونی خۆی ئەوا ئەو کەسانەن کە ڕزگار بوون و سەرکەوتوون.

2– بەهۆی یەکتر خۆشویستن لە پێناو خودا موسڵمان لە ڕۆژی دوایی دەکەوێتە ژێر سایە و سێبەری خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی حەوت کەس دەکات کە خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی، جا یەکێك لەوانە فەرمووی: {ورجُلان تَحابّا في الله، اجْتمعا علَيه وتفرَّقا علَيه}[1].

واتە: دوو پیاو هەڵبەتە ئافرەتیش دەگرێتەوە لە پێناو خودا یەکتریان خۆش بوێت، لە پێناو خودا کۆبوونەتەوە و لە پێناو خوداش لەیەك جیابوونەتەوە.

لە فەرموودەیەکیتردا پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەفەرموێت: {أَين المتَحابونَ بجَلالي؟ اليومَ أُظلُّهم في ظلّي يومَ لا ظلَّ إلّا ظلّي}[2]. واتە: کوان ئەوانەی لە پێناو من یەکتریان خۆشویستووە؟ تا ئیمڕۆ بیانخەمە ژێر سێبەری خۆم ئەو ڕۆژەی جگە لە سێبەری من هیچ سێبەرێکیتر نیە.

3– ئەوانەی لە پێناو خودا یەکتریان خۆشویستووە لە دوارۆژیشدا لەگەڵ یەکتر دەبن.

---

(1) البخاري، الرقم(660)، ومسلم(2427)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(2566)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {المَرء مع من أَحبَّ}[1]. وا تە: مرۆڤ ـ، لە دوارۆژدا لەگەڵ ئەو کەسە دەبێت کە لە دونیا خۆشیویستبوو.

4- خۆشویستن لە پێناو خودا هۆکارێکە بۆ هەستکردن بە شیرینایی بڕوا لە دڵدا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئەم بابە تە با سی سێ شت دە کات، یەکێکیان لەوا نە دفەرموێت: {وأَنْ يُحِبَّ المَرءَ لا يُحبُّهُ إلّا للهِ}[2]. واتە: کەسێك یەکێکی خۆش بو ێت خۆ شی نەوێت تەنها لەبەر خودا نەبێت.

5- مینبەری لە نوور بۆ ئەوانەی لە پێناو خودا یەکتریان خۆشویستووە .

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: خودای گەورە دە فەرموێت: {المتَحابونَ في جلالي لَهم منابرُ من نورٍ، يغبِطُهم النَّبيُّونَ والشهداء}[3]. وا تە: ئەوا نەی لە پێناو ەندا یەکتریان خۆشویستووە مینبەری لە نوور و ڕوناکییان بۆ ئا مادە کراوە، پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگە بە وان دەخوازن.

6- یەکتر خۆشویستن لە پێناو خودا مایەی بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: خودای بالادە ست دە فەرموێت: {وجبت محَبَّتي للمتَحابّينَ فيّ}[4]. وا تە: خۆشەویستی من پێویست بوو بۆ ئەوا نەی لە پێناو ەندا یەکتریان خۆش دەوێت.

7- خۆشەویستی لە پێناو خودا دەبێتە مایەی تەواو بوونی بڕوا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن أحبَّ للهِ وأبغضَ للهِ، وأعطى للهِ ومنعَ للهِ فقد استكْمل الإيمانَ}[5]. واتە: کەسێك کەسێکی خۆشبوێت لە پێناو خودا و ڕق لێ بێتەوە لە پێناو خودا و ببەخشێت لە پێناو خودا و دە ست بگرێتەوە و نەبەخشێت هەر لە بەر خودا ئەوە بێگومان بڕوای تەواو کردووە.

8- ئەوانەی لە دونیا یەکتریان خۆش بوێت، لە دوارۆژدا دڵتەنگی و ترس نابینن.

(1) البخاري، الرقم(6168)، ومسلم(2640)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(16)، ومسلم(43)، عن أنس بن مالك(رضي الله عنه).
(3) الترمذي، الرقم(2390)، وأحمد(22080)، عن معاذ(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4312).
(4) رواه أحمد، الرقم(22030)، وغيره، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصحح اسناده الألباني فس مشكاة المصابيح(4939).
(5) أبو داود، الرقم(4681)، وغيره، عن أبي أُمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(380).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ من عباد الله لَأُناسًا ما هم بأنبياءَ ولا شُهداءَ، يَغبطُهم الأنبياءُ والشُّهداءُ يومَ القيامة بمكانهم مَن الله تَعالَى}، قالوا: يا رسولَ الله، تُخبِرنا مَن هم؟ قال: {هم قومٌ تحابُّوا بروحِ اللهَ على غَيرَ أرحامَ بينَهم، ولا أموال يتعاطَونَهَا، فوالله إنَّ وجوهَهم لَنُورٌ، وإنهم على نُور، لا يَخافونَ إذا خاف النَّاس، ولا يحزنونَ إذا حزِن النَّاس، وَقرأ هذه الآيةَ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾ يونس}[1]. واتە: بەڕاستی لە ناو بەندەکانی خودا خەڵکانێك هەن نە پێغەمبەرن و نە شەهیدن کە چی پێغەمبەران و شەهیدەکان خۆزگە دەخوازن بە شوێنی ئەوان لەلای خودا لە دوارۆژدا، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایە هەواڵمان پێ دەدەی ئەما نەکێن؟ فەرمووی: ئەوان کە سانێکن لە پێناو خودا یەکتریان خۆشویستووە بەبێ هەبوونی خزمایەتی و بەرژەوەندی ماڵ و سامان، سوێند بە الله ڕوخساریان ڕوونا کە، و ئەوان لە سەر ڕووناکین، ناترسن لەو کاتەی خەڵك دەترسن، و دڵتەنگ نابن ئەگەر خەڵك دڵتەنگ بوون، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: بزانن دۆست و خۆشەویستانی خودا هیچ ترسیان لە سەر نیە و دڵتەنگ نابن.

(1) أبو داود، الرقم(3527)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەکی زانایان و پیاوچاکان دەربارەی یەکتر خۆشویستن

1- مُجاهِد(رحمه الله) دەفەرموێت: پیاوێك به لای ا بن عَبّاس تێپەڕی و تی: ئەوە منی خۆشدەوێت، وتیان: چۆنت زانی؟ وتی: چونکە من ئەوم خۆشدەوێت[1].

2- سُفیانی کوڕی عُیَینة(رحمه الله) دەفەرموێت: مُساوِری وەڕڕاق دەیفەرموو: سوێند به خودا به هەرکەسێك بڵێم له پێناو خودا خۆشم دەوێی، داوای هەر شتێکی دونیام لێ بکات نایگەڕێنمەوە[2].

3- ابن تَیمِیَة(رحمه الله) دەفەرموێت: هەر کات ئەگەر یەکێکت له بەر خودا خۆشویست ئەوا بێگومان دیارە ئەمە نیشانەی ئەویە خۆشەویستی ڕاستەقینەی خودای گەورەیە[3].

4- ا بن الـ قَیِّم ا لجَوزي(رحمه الله) دە فەرموێت: خۆشەویستی: ژیانی دڵە و خۆراکی ڕوحەکانە و بە بێ خۆشەویستی، دڵ هەست بە خۆشی و شادی و سەرفرازی ناکات[4].

5- ئیوا هەبوو له پێشینەی چاك(رحمهم الله) دەیفەرموو: ئەگەر وەکو ئەو کۆڵەگەی ناو مزگەوت بەردەوام بووەستم، ئەوەندە نوێژ بکەم و ڕۆژوو بگرم تاوەکو تیر لاوازدەبم، هیچ سوودی نیە بۆم تا ئەوکاتەی ئەوا نەم خۆش نەوێت کە گوێڕایەڵن بۆ خودا و ڕقیشم لەوانە نەبێت کە بێ فەرمانی خودا دەکەن[5].

6- کابرایەك به خالیدی کوڕی صَفوان(رحمه الله) دەڵێت: ئایە برای خۆت خۆشتر دەوێت یان دۆستێکت؟ فەرمووی: بێگومان برای من ئەگەر دۆست و برادەرم نەبێت خۆشم ناوێت[6].

7- الثَّعالِبي(رحمه الله) دەفەرموێت: خۆشەویستی پارە و بەهایە کە بۆ هەموو شتێك هەر چەند گرانبەها بێت، پەیژێکە بۆ هەموو شوێنێك هەر چەند بەرز بێت[7].

8- شێخ جُنَیدی به غدادی(رحمه الله) دە فەرموێت: ئەگەر خۆشەویستی ڕاست بوو مەرجەکانی ئەدەب لادەچن[8].

---

(1) الإخوان، ابن أبي الدنيا، ص.127.
(2) مكارم الأخلاق، ابن أبي الدنيا، ص.93.
(3) مجموع الفتاوى، ابن تيمية، ج.10، ص.608.
(4) الجواب الكافي، ابن القيم، ص.233.
(5) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.85.
(6) مواقف إيمانية، د. أحمد فريد، ص.340.
(7) سحر البلاغة، ابو منصور الثعالبي، ص.130.
(8) لباب الآداب، أسامة بن منقذ، ص.231.

چەند ڕووداو و نموونەیەك دەربارەی یەكتر خۆشویستن لە پێناو خودا

1- أنس دەفەرموویێت: لە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) دانیشتبووم، پیاوێك بەوێدا تێپەڕی، پیاوێك لە ناو خەڵكەكە هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ئەو پیاوەم خۆش دەوێت، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئایە ئەوت ئاگادار كردۆتەوە لە مە؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: هەستە ئەمەی پێ بگەیێنە. ئەوكات پیاوەكە چوو بە كابرای وت: ئەی پیاو سوێند بە خودا تۆم خۆش دەوێت، پیاوەكەش وتی: ئەو خودایە تۆی خۆش بوێت كە تۆ لە پێناو ئەودا منت خۆشویست[1].

2- خۆشویستنی هاوەڵان، عبداللە ی كوڕی عُمر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: جارێكیان سەرە مەڕێكیان بۆ یەكێك نارد، ئەویش وتی: فلان كەس لەمن پێویستترە، كاتێك بۆ ئەویان دەبرد ئەویش بەهەمان شێوە بۆ یەكێكیتری دەنارد، بەم شێوەیە حەوت دەستی دەكرد، و لە كۆتاییدا دەگەڕایەوە بۆ لای كەسی یەكەم[2].

3- پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: جارێكیان پیاوێك لە پێناو خودا برایەكی هەبوو، چوو بۆ سەردانی، خودای گەورە فریشتەیەكی لەسەر شێوەی مرۆڤێك ناردە سەر ڕێگاكەی و لێی پرسی: بۆ كوێ دەچی؟ وتی: دەچمە سەردانی برایەكم لەم گوندە، پێی وت: ئایە هیچ بەرژەوەند یەك لە نێوانتا ندا هە یە؟ وتی: نەخێر، تەنها لە پێناو خودا خۆشم دەوێت، فریشتەكە وتی: من لە لایەن خودا نێردراوم بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی بزانی بەڕاستی چۆن تۆ ئەوت لە پێناو خودا خۆشویست، خودای گەورەش بە هەمان شێوە تۆی خۆشدەوێت[3].

4- أنس دەفەرموێت: جارێكیان پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا كەی قیامەت دادێت؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: چیت بۆ ئامادە كردووە؟ وتی: خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەكەی، فەرمووی: بێگومان تۆ لەگەڵ ئەو كەسە دەبیت كە خۆشتویستووە. جا أنس دە فەرموێت: دوای ئیسلام بە هیچ شتێك ئەوەندە دڵخۆش نەبووین بە قەد دڵخۆشیمان بەم فەرموودە یە، من خودا و

(1) أبو داود، الرقم(5125)، وغيره، وحسنه الألباني.

(2) موسوعة الأخلاق الإسلامية، مجموعة من الباحثين بإشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.1، ص.112.

(3) المسلم، الرقم(2567)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

پێغەمبەر و أبوبكر و عُمرم خۆش دەوێن، بە ئومێدی ئەوەی لە گەڵیان بم، هەر چەندە کردەوەکانم بە قەد کردەوەی ئەوانیش نەبێت[1].

5- خۆشەویستی ڕاستەقینە لە نێوان دوو هاوەڵدا، عەمری کوڕی جَموح و عبدالله کوڕی عەمر کوڕی حَرام، زۆر یەکتریان خۆش دەویست، کاتێك لە جەنگی أُحُد شەهید کران، لە سەر فەرمانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەردووکیان لە یەك گۆڕدا نێژران. لە سەردەمی مُعاویەی کوڕی أبو سُفیان، دوای چل و شەش ساڵ لەم ڕووداوە، لەبەر خراپ بوونی گۆڕە کان بەهۆی ئاو، تەرمەکانیان گواستەوە بۆ شوێنێکیتر، لە هەمان کات لاشەکانیان هەروەکو خۆیان بە نەگۆڕاوی مابوونەوە، تەنانەت یەکێکیان دەستی لە سەر برینەکەی دانابوو، کاتێك دەستی لادرا دەستبەجێ خوێن لە برینە کەی هاتە خوار، هەر کە دەستیان لەسەر برینەکەی دادەناوە خوێنەکەش دەوەستا[2].

6- أبو حَیّانی تەیمی(رحمه الله) دەفەرموێت: پێشەوا علی جل و بەرگێکی هەبوو زۆر لە بەری دەدیترا، بۆ یە لێیان پرسی: هۆکارە کەی چی یە؟ فەرمووی: ئەمە دیاری و خەڵاتی برای زۆر خۆشەویستم عُمری کوڕی خَطابە(رضي الله عنه)، بە خۆی دە بەری کردووم[3].

7- لە جەنگی(یَرموك) چەندان موسڵمان شەهید و بریندار بوون عِکرِمَةی کوڕی أبو جَهل و حارِثی کوڕی هِشام و عَیَّاشی کوڕی أبو رَبیعَة یەکێک بوون لە بریندارەکان، حارِث داوای ئاوی کرد بۆ خواردنەوە، بەڵام کە تەماشای عِکرِمَةی کرد زانی تێنوویەتی، بۆیە وتی: لە جیاتی من ئاوەکە بدەن بە ئەو، ئاوەکەیان بۆ عِکرِمَة برد، بەڵام کاتێك بینی عَیَّاش تینوویەتی وتی: ئاوەکە بدەن بە ئەو لە جیاتی من، تا ئاوەکەیان گەیاندە عَیَّاش، عَیَّاش کۆچی دوایی کرد و شەهید بوو، پاشان ئاوەکەیان برد بۆ لای ئەوانیتر، ئەوانیش تەواو بوون شەهیدبوون. ئیتر لە بەر یەکتر ئاویان نەخواردەوە تا هەرسێکیان شەهیدبوون[4].

---

(1) المسلم، الرقم(2639)، عن أنس(رضي الله عنه).

(2) محمود المصري، ج.3، ص.217.

(3) المصنف، ابن أبي شيبة، ج.6، ص.356.

(4) صور من حياة الصحابة، مصطفى محمد أبو المعاطي، ج.1، ص.124.

8- رَباح ی کوڕی جراح(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێکیان فتحی موصلی پێویستی بە دوو دیرهەم بوو، چووە ماڵی هاوڕێی خۆشەویستی عیسی قادر، بەڵام لە ماڵ نەبوو، کۆیلەیەکی هەبوو لە ماڵ بوو، پێی وت کۆیلەکەش کیسەی پارەکەی بۆ هێنا ئیتر فتحی دەستی بردە ناو کیسەکە و دوو دیرهەمی دەرهێنا و ڕۆیشت، دوای ئەوەی عیسی هاتەوە و کۆیلەکە ئەمەی بۆ گێڕایەوە، عیسی ئەوەندە خۆشحاڵ بوو، بە کۆیلەکەی وت: ئەگەر ڕاست بکەی لەمەی وتت ئەوا لە ئێستاوە تۆ ئازادی، ئیتر کە تەماشای پارەکەی کرد و زانی ڕاستە لە خۆشیان کۆیلەکەی ئازاد کرد[1].

9- أبو عبدالله ی خەطیب(رحمه الله) دەفەرموێت: أبو حَمدونی زوهەلی سێ سەد هاوڕێی هەبوو، ئەوەندە خۆشی دەویستن ناوەکانی لەلای خۆی نووسیبوون، هەموو شەوێك یەك بە یەك ناوی دەهێنان و دوعای بۆ دەکردن، تەنها شەوێکیان نەبێت، خەوت بە خەبەر نەهات، بەڵام لە خەودا پێیان وت: ئەم شەو خێر بوو چراکەت هەڵنەکرد؟ ئیتر لە خەو ڕاچڵەکی و هەستا چراکەی هەڵکرد و یەك بە یەك ناوی دەهێنان و نزای خێری بۆ دەکردن[2].

(1) مختصر منهاج القاصدين، ابن قدامة المقدسي، ص.108 ، مواقف وعبر، محمد محمد داود، ص.358.
(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.239.

پلە و پایەی پێغەمبەری خودا محمد(ﷺ) لە( ) خاڵدا

1- پێغەمبەری خودا محمد(ﷺ) مایەی ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهانیان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ١٠٧﴾ الأنبياء.

2- هەر پێغەمبەرێك بۆ گەلێك یان نەتەوەییێك ڕەوا نەكراوە، بەڵام محمد المصطفى(ﷺ) بۆ گشت مرۆڤایەتی نێردراوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ٢٨﴾ سبأ.

3- خودای باڵادەست هەموو پێغەمبەرەكان(عليهم الصلاة والسلام) بە ناوەكاذ یان بانگیان دەكات، دەفەرموێت: ﴿يَٰٓـَٔادَمُ﴾، ﴿يَٰنُوحُ﴾، ﴿يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ﴾، ﴿يَٰعِيسَى﴾.

بەڵام سەبارەت بە محمد المصطفى(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ﴾، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ .

4- خودای گەورە ستایشی هەر پێغەمبەرێكی كردبێت بە ڕەو شتێكی تایبەت باسی كردووە، بۆ نموونە باسی نوح(عليه السلام) دەكات دە فەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا٣﴾ الإسراء. كە باسی إبراهيم(عليه السلام) دە كات دە فەرموێت: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٞ مُّنِيبٞ٧٥﴾ هود. كە باسی إسماعيل(عليه السلام) دەكات دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا٥٤﴾ مريم. كە باسی موسى(عليه السلام) دە كات دە فەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ مُخۡلَصٗا وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا٥١﴾ مريم. كە باسی أيوب(عليه السلام) دە كات دە فەرموێت: ﴿إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ٤٤﴾ ص. بەڵام كە باسی محمد(ﷺ) دە كات دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ٤﴾ القلم.

5- خودای گەورە تەنها سوێندی بە تەمەنی محمد(ﷺ) خواردووە، دە فەرموێت: ﴿لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ يَعۡمَهُونَ٧٢﴾ الحجر.

6- كۆتا پێغەمبەرە و دوای ئەو هیچ پێغەمبەرێكیتر نایێت تا دونیا ماوە. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ٤٠﴾ الأحزاب.

7- خودای گەورە بە چرایەکی ڕووناک کەرەوە وەسفی کردووە، فەرموویەتی:
﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٤٥ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ٤٦﴾ الأحزاب.

8- لەبەر پلە و پایەی محمد المصطفی(ﷺ) خودا گوێڕایەڵی بۆ ئەو بەراورد کردووە بە گوێڕایەڵی بۆ خۆی، دەفەرموێت: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ ٨٠﴾ النساء.

9- خودای میهرەبان سینەی محمد المصطفی(ﷺ)ی ئاسوودە کردووە، دە فەرموێت:
﴿أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ١﴾ الشرح.

10- ستایشی ژیری محمد المصطفی(ﷺ) دەکات، فەرموویەتی: ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمۡ وَمَا غَوَىٰ ٢﴾ النجم .

11- ستایشی زمانی دەکات، فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣﴾ النجم.

12- ستایشی دڵی دەکات، فەرموویەتی: ﴿مَا كَذَبَ ٱلۡفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ ١١﴾ النجم.

13- ستایشی چاوی دەکات، فەرموویەتی: ﴿مَا زَاغَ ٱلۡبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ١٧﴾ النجم.

14- خودای گەورە سوێند بەو شارە دەخوات کە محمد(ﷺ)ی تێدا نیشتەجێیە، کە شاری مەککەی پیرۆزە، فەرموویەتی: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ١ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٢﴾ البلد.

15- لە کاتی دڵتەنگیدا خودای گەورە سوێند دەخوات کە وازی لێ نەهێناوە و لێی دڵگران نەبووە، فەرمووی: ﴿مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ٣﴾ الضحى.

16- هەموو بڕوادارەکان دەبێت محمد المصطفی(ﷺ) لە گیانی خۆیان بە گرنگتر بزانن، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ ٦﴾ الأحزاب.

17- هیچ کەسێك نابێتە بڕواداری تەواو تاوەکو محمد المصطفی(ﷺ) نەکاتە دادوەر و سەرمەشقی ژیانی خۆی لە هەموو کێشەیەکی نێوانیا ندا، خودای گەورە دە فەرموێت:
﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥﴾ النساء.

18- به ناردنی پێغەمبەر(ﷺ) خودای گەورە منەت دەکات بە سەر بڕواداران، دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴿١٦٤﴾﴾ آل عمران.

19- هەر کەسێك بە هەر شێوەیێك ئازاری محمد المصطفى(ﷺ) بدات بە بەر نەفرەتی خودا دەکەوێت لە دونیا و دوارۆژدا، فەرمووبەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا﴿٥٧﴾﴾ الأحزاب.

20- محمد المصطفى(ﷺ) یەکەم موسڵمان بووە. خودای باڵادەست فەرمووبەتی: ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴿١٦٣﴾﴾ الأنعام. واتە: ئەی محمد بڵێ: ئا بەمە فەرمانم پێکراوە کە من یەکەم موسڵمان بم.

21- دوای بڕواهێنان بە الله ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە بڕوا بە پێغەمبەرایەتی محمد المصطفى(ﷺ) بێنێت.

خودای گەورە فەرمووبەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ ورسوله﴿١٣٦﴾﴾ النساء.
واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بڕوا بێنن بە خودا و پێغەمبەرەکەی.

22- محمد المصطفى(ﷺ) یەکەم کەس بووە و تاکە کەس بووە خودا بەڵێنی پاراستنی پێداوە، دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴿٦٧﴾﴾ المائدة.

23- ئەهلی کیتاب زانیاری یەکی تەواویان هەبوو سەبارەت بەوە کە ئەو پێغەمبەرە(ﷺ).

خودای میهرەبان فەرمووبەتی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ﴿٢٠﴾﴾الأنعام. واتە: ئەوانەی پەرتوکمان پێداون: تەورات و ئینجیل محمد المصطفى(ﷺ) دەناسن هەروەکو چۆن منداڵەکانیان دەناسن.

24- پێغەمبەر(ﷺ) هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی دووچاری سزا نەبێت لە دونیا.

خودای میهرەبان فەرمووبەتی: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ﴿٣٣﴾﴾ الأنفال.
واتە: بەڕاستی خودا سزایان نادات لە کاتێکدا تۆ ئەی محمد لە ناویان بیت.

25– خودای گەورە تەنها بەڵێنی پاراستنی پەیامە کەی محمد المصطفی(ﷺ)ی داوە، کە قورئانی پیرۆزە. دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾ الحجر.

26– لەبەر پلە و پایەی محمد(ﷺ) خودای گەورە قەدەغەی کردووە بە ناوی خۆی بانگی بکرێت، دەفەرموێت: ﴿لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ ٦٣﴾ النور. واتە: بانگی پێغەمبەر مەکەن بە ناوی خۆی وەکو چۆن لە نێوان خۆ تان بانگی یەکتر دەکەن.

27– خودای گەورە قەدەغەی کردووە کە نابێت هیچ کەس دەنگی بەرز بکا تەوە لەسەر دەنگی پێغەمبەرە کەی خۆی کاتێك لە ژیا ندا بوو و لە دوای کۆ چی دواییشی، دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ٢﴾ الحجرات.

28– خودای گەورە محمد المصطفی(ﷺ)ی بە ڕووناکی وەسف کردووە، دە فەرموێت: ﴿قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ١٥﴾ المائدة.

29– محمد المصطفی(ﷺ) خاوەنی ئاوی کەوسەرە، خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾ الكوثر.

30– محمد المصطفی(ﷺ) خاوەنی ڕەوزەی شەریفە، وە کو خۆی دە فەرموێت: {ما بَيْنَ بيتي ومنبري روْضةٌ من رياضِ الجنَّة، ومنبري علَى حوضي}[1]. وا تە: ن ێوان ماڵە کەم و مینبەرەکەم باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، و مینبەرەکەم لەسەر حەوزی کەوسەرە.

31– خودای گەورە خۆی صەلاواتی لە سەر محمد المصطفی(ﷺ) داوە، یا شان فریشتەکان، و فەرمانی شی بە گشت بڕواداران کردووە، فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦﴾ الأحزاب.

---

(1) البخاري، الرقم(1888)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

32– خۆشەویستی خودا پەیوەستە بە شوێنکەوتنی محمد المصطفی(ﷺ)، هەروەکو خودا فەرمووییەتی: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ آل عمران. واتە: ئەی محمد بڵێ: ئەگەر ئێوە خودا تان خۆش دەوێت، ئەوا شوێن من بکەون، ئەوکات خوداش ئێوەی خۆش دەوێت و لە تاوانەکانتان دەبووڕێت، خودا زۆر لێبووردە و بە بەزەییە.

33– محمد المصطفی(ﷺ) یەکەم کەسە کە لە دەرگای بەهەشت دەدات و بۆی دەکرێتەوە، فەرموویەتی: {أنا أوَّلُ من يقرعُ باب الجنَّة}[1]. واتە: لە ڕۆژی دواییدا دەچمە پێش دەرگای بەهەشت داوای کرد نەوەی دەکەم، (خازن) کە دەرگەوانی بەهەشتە دەڵێت: تۆ کێی؟ دەڵێم: محمدم، دەڵێت: فەرمانم پێکراوە بۆ تۆ بکەمەوە پێش تۆ بۆ کەس نەکەمەوە.

34– لە ڕۆژی دوایدا محمد المصطفی(ﷺ) زۆرترین شوێنکەوتەی هەیە، فەرموویەتی: {أَنا أَكثرُ الأنبياء تبعاً يومَ القيامة}[2]. واتە: من لە هەموو پێغەمبەران شوێنکەوتوانم زۆرترە لە ڕۆژی دواییدا.

35– محمد المصطفی(ﷺ) یەکێکە لە پێنج پێغەمبەرە(أُلوا العزم)ـەکان.

36– شاهێدی دان بە پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ) لەگەڵ لا إله إلا الله، یەکەم بنچینەیە لە پێنج بنچینەکانی ئیسلام[3].

37– لەبەر خاتری محمد المصطفی(ﷺ) خودای گەورە ڕووگەی نوێژی موسڵمانانی لە(بيتُ المَقدِس)ەوە گۆڕی بۆ(بيتُ الحَرام) کەعبەی پیرۆز، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ البقرة.

38– محمد المصطفی(ﷺ) دۆست و خەلیلی خودایە، خۆی فەرموویەتی: {ولكن صاحبكُم خليل الرحمن}[4]. ئەو نازناوەش جگە لە إبراهيم(عليه السلام) بۆ هیچ کەسێك نەبووە.

---

(1) المسلم، الرقم(196)، عن أنس(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(196)، عن أنس(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(8)، ومسلم(16)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(4) المسلم، الرقم(2383)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

39- لەم فەرموودەیەش چەند لە پلە و پایەی محمد المصطفى(ﷺ) بەدی دەکرێت کە دە فەرموێت: { أنا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يومَ القيامَةِ، وأوَّلُ مَن يَنْشَقُّ عنه القَبْرُ، وأوَّلُ شافِعٍ وأوَّلُ مُشَفَّعٍ}[1]. واتە: من گەورەی نەوەکانی ئادەمم لە ڕۆژی دوایدا، و یەکەم کەسیشم گۆرم بۆ والادەبێت □زیندوو دەبمەوە□، و یەکەم کەسم شەفاعەت دەکەم و یەکەم کەسم شەفاعەتم وەردەگیرێت.

40- (وهُوَ صاحِبُ المَقامِ المَحمود)[2]. واتە:خاوەنی پێگەی ستایشکراوە. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی شەفاعەتی گەورەیە لە ڕۆژی دوایی.

41- هەندێك لەو شتانەی خودای میهرەبان بە محمد المصطفى(ﷺ) بەخشیوە کە بە کە سیتری نەبەخشیوە، بۆ نموونە لەم فەرموودە یەدا دە فەرموێت: {أُعْطِيتُ خَمْساً لَمْ يُعْطَهُنَّ أحَدٌ قَبْلِي: نُصِرْتُ بالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وجُعِلَتْ لِي الأرْضُ مَسْجِداً وطَهُوراً، فأيُّما رَجُلٍ مِن أُمَّتِي أدْرَكَتْهُ الصَّلاةُ فَلْيُصَلِّ، وأُحِلَّتْ لِي المَغانِمُ ولَمْ تَحِلَّ لأحَدٍ قَبْلِي، وأُعْطِيتُ الشَّفاعَةَ، وكانَ النبيُّ يُبْعَثُ إلى قَوْمِهِ خاصَّةً وبُعِثْتُ إلى النَّاسِ عامَّةً}. واتە: پێنج شتم پێدراوە پێش من کەس پێی نەدراوە: من سەرخراوم بە ترس □لە دلی دژمنان□ لە دووری ماوەی ڕێ یەك، و زەوی بۆ کراوە تە مزگەوت و دە شێت بۆ خۆ پاککردن و دە ستنوێژ، هەرکە سێك هەر کاتێك نوێژ بوو دەتواڕێت دە ستبەجێ نوێژ بکات، و دەستکەوت جەنگ لەگەڵ بێ بڕواکان بۆم حەڵاڵ کراوە، بۆ هیچ کەس حەڵاڵ نەبووە لە پێش من، و شەفاعەتم پێدراوە، و هەر پێغەمبەرێك بۆ گەلەکەی نێردراوە بە تایبەت، کەچی من بۆ هەموو خەڵك نێردراوم.

42- محمد المصطفى(ﷺ) فەرموویەتی: {أنَا أَوْلَى النَّاسِ بابْنِ مَرْيَمَ، وَالأنْبِياءُ أوْلادُ عَلَّاتٍ، لَيْسَ بَيْنِي وبيْنَهُ نَبِيٌّ}[3]. واتە: من لە هەموو کەسێك شایەنتر و نزیکترم لە عیسای کوڕی مەریەم و پێغەمبەران منداڵی یەك باوکن واتە: بران، لە نێوان من و عیسا هیچ پێغەمبەرێك نیە و نەهاتووە.

43- خاوەنی(الوَسيلَة) یە لە بەهەشت کە خۆشترین جێگا یە. هەروەکو لە فەرموودە هاتووە، فەرموویەتی: هەر کە سێك کاتی گوێی لە بانگ دەبێت بڵێ: (اللهمَّ ربَّ هذه

(1) المسلم، الرقم(4223)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) شرح السنة، البغوي، ج.13، ص.207.

(3) البخاري، الرقم(3442)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

الـدعوة التَّامـة، والصَّـلاة القائمـة آت محمَّـدًا الوسـيلةَ والفَضـيلةَ، وابعثـه مقامًـا محمـودًا الـَّذي وعدته). شەفاعەتم بۆی واجب دەبێت لە ڕۆژی دواییدا.

44- شەیتان ناتواذ ێت خۆی بخا تە سەر شێوە و شكلی محمد المصطفی(ﷺ)، فەرموویەتی: {منْ رآني في المَنام فَقَد رَآني، فَإنَّ الشَّيطانَ لا يتَمثَّل في صورتِي...}. واتە: هەر كەسێك من لە خەودا ببینێت ئەوا بێگومان منی بیذیوە، چونكە بێگومان شەیتان ناتوانێت خۆی بخاتە سەر شكلی من.

45- تەنها جنۆكە تایبەتە كەی محمد المصطفی(ﷺ) موسلْمان بووە، فەرمووویەتی: {ما منكُم من أحَد، إلا وقدْ وُكِّل بـه قَرينُـه مـنَ الجـنِّ}، قـالوا: وإيَّاكَ يا رَسولَ الله؟ قـالَ: {وإيَّايَ، إلا أنَّ اللَّهَ أعانَنِي عليه فأَسلَمَ، فلا يأْمرني إلا بخَيرٍ}[1]. واتە: هیچ كەسێك نیە لە ئێوە مەگەر جنۆكەیەكی لەگەڵدایە و پێیوە ڕاسپێردراوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ تۆش هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ لە گەڵ منیش، بەڵام خودای گەورە یارمەتیدام بە سەریدا موسڵمان بوو، هەرگیز فەرمانم پێناكات مەگەر بە چاكە نەبێت.

46- محمد المصطفی(ﷺ) خاوەنی چەندین موعجیزەی گەورەیە، وەكو:

- لەت بوونی مانگ و (الإسراء والمعراج)، و قسەكردنی لە گەڵ گیانلەبەران و دار و بەرد، ئاو هاتن لە نێوان پەنجەكانی، و دیتنی خەڵك لە لە پشت خۆیەوە.

- یەكێك لە گەورەترین موعجیزە كانی بریتیە لە قورئانی پیرۆز، كە پڕە لە ڕەوانبێژی و زمانپاراوی، و ڕاستترین پەرتۆكە، و هاووێنەی نەبووە و نابێت، كە سیش ناتوانێت دەستكاری بكات، گەورەترین پەرتۆكە لە گەورەترین شەو كە شەوی قەدرە لە گەورەترین مانگ كە مانگی ڕەمەزانە بە هۆی گەورەترین فریشتە كە جبریلە رەوان كراوە بۆ گەورەترین پێغەمبەر كە محمدە(ﷺ) ئەویش خاوەنی گەورەترین ئوممەتە.

(1) المسلم، الرقم(2814)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

هاوسەرگیری

پله و پایه و سوودەکانی هاوسەرگیری له( ) خاڵدا

1- ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بەجێگەیاندنی فەرمانی خودای میهرەبانە:
خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً ۞﴾ النساء. واتە: مارە بکەن لەو ئافرەتانەی بە دڵتانن دوان یان سێ یان چوار، جا ئەگەر ترستان لەوە هەبوو لە نێوانیان نادادپەروەر بن ئەوا یەك دانە بەسە.

2- هاوسەرگیری هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەند بوون: هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی:
﴿وَأَنكِحُواْ ٱلۡأَيَٰمَىٰ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰلِحِينَ مِنۡ عِبَادِكُمۡ وَإِمَآئِكُمۡۚ إِن يَكُونُواْ فُقَرَآءَ يُغۡنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ۞﴾ النور. واتە: ژنانی بێ شووی خۆتان بدەن بە شوو و ژن بۆ پیاو چاکانی بە ندەکانی خۆ تان بێنن و کەنیزە چاکەکانتان بدەن بە شوو، ئەگەر ئەمانە هەژاریش بوون خودا لە ناز و فەزڵی خۆی دەوڵەمە ندیان دە کات، و خودا ناز و نیعمەتی بڵاوە و لە بن نایێت و زانایە بە هەموو شتێك.

3- هاوسەرەکان بۆ داپۆ شینی عەیبەکانیان بۆ یەکتری پۆ شاکن: هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّۗ ۞﴾ البقرة.

4- هاو سەرگیری ما یەی دڵ ئارامی و خۆشەویستی و بەزەیی یە لە نێوان ژن وە پێرد:
خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ۞﴾ الروم. واتە: یەکێکیتر لە نیشانەکانی توانای خودا ئەوە یە هاوجووتی بۆ درووست کردن لە جۆری خۆتان پیاو بۆ ئافرەت و ئافرەت بۆ پیاو بۆ ئەوەی دڵتان لەگەڵیان ئارام بگرێت، و خۆشەویستی و بەزەیی لە نێوانتا ندا درووست کردووە، لە مەدا چەندین نیشانەی گەورە هەن لەسەر توانای خودا بۆ هەر کۆمەڵە مرۆڤێك کە بیر لە شت بکەنەوە.

5- هاوسەرگیری ڕێبازی گشت پێغەمبەرا نە(علیم الصلاة والسلام): هەروەکو خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ أَزۡوَٰجٗا

وَذُرِّيَّةًۚ﴿٣٨﴾ الرعد. واتە: بەڕاستی پێش تۆ چەندین پێغەمبەرمان ڕەوانە کرد و ژن و منداڵیشمان دابوونێ.

6- ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە سیفەتی بڕوادارە ڕاستەقینەکان: هەروەک خودای گەورە دەربارەی عیباد الرحمن فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا﴿٧٤﴾﴾ الفرقان. واتە: ئەوانەش کە دەڵێن: پەروەردگارا کە سی وا مان لە ژن و منداڵەکان پێ ببەخشە ما یەی ڕووناکی چاو و شادمانی بێت بۆ مان و بمانکە بە پێشەوای ئەو جۆرە کەسانەش کە تەقوادارن.

7- ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەرە(ﷺ) وەك دەفەرموێت: {يا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ منكُم البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، ومَن لَمْ يَسْتَطِعْ فَعليه بالصَّوْمِ؛ فإنَّه له وِجَاءٌ}[1]. واتە: ئەی کۆمەڵەی گەنجان هەریەکێك لە ئێوە توانای ماددی و مەعنەوی هەبوو با هاوسەرگیری بکات، و ئەوەی نەیتوانی با بە ڕۆژوو بێت، چونکە ڕۆژو پارێزەر و قەڵغانە بۆی.

8- ئەنجامدانی هاوسەرگیری ڕێبازی پێغەمبەرە(ﷺ)، فەرمووویەتی: {النِّكَاحُ من سُنَّتِي، فمَنْ لم يَعْمَلْ بسُنَّتِي فليس مِنِّي}[2]. واتە: هاوسەرگیری لە ڕێبازی منە، هەر کەسێك کار بە ڕێبازی من نەکات ئەو لە من نیە.

9- هاوسەرگیری نیوەی ئاینی موسڵمانە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إذا تَزَوَّجَ العبدُ فقد استْكمَلَ نصْفَ الدِّينِ، فلْيَتَّقِ اللهَ في النِّصف الباقي}[3]. واتە: ئەگەر بەندە هاوسەرگیری کرد ئەوا نیوەی ئاینەکەی تەواو کرد، جا با لە خودا بترسێت لە نیوەکەیتر.

10- دوای هاوسەرگیری بڕوادار دەتوانێت ببێتە باشترین کەس: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {خيرُكم خَيرُكم لأَهْله وأنا خيرُكُم لأَهْلي}[4]. واتە: باشترینتان ئەوکەسەیە کە باشترینتانە بۆ خێزانەکەی و منیش باشترنتانم بۆ خێزانەکەم.

---

(1) البخاري، الرقم(5065)، عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(1846)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2383).

(3) البيهقي في شعب الإيمان، الرقم(1410)، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(1916).

(4) الترمذي، الرقم(3895)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1924).

11– هاوسەرگیری هۆکارێکە بۆ پارا ستنی چاو و دا مێن لە شتی ناڕەوا: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {مَن اسْتطَاعَ البَاءَةَ فَلْيَتزوَّجْ، فإنَّه أغَضُّ لِلْبصرِ، وأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، ومَن لَمْ يَسْتَطِعْ فَعليه بالصَّوْمِ، فإنَّه له وِجَاءٌ}(1). وا تە: هەر کە سێك توا نای هەبوو با هاوسەرگیری بکات، چونکە چاو و دامێن دەپارێزێت لە حەڕام، و ئەوەی نەتوانێت با بە ڕۆژوو بێت، چونکە ئەو بۆی دەبێتە قەڵغان.

12– پرۆسەی هاوسەرگیری هۆکارە بۆ خستنەوەی منداڵ، ئەگەر منداڵەکە چاك بوو ئەوە دەبێتە پاداشتی نەبڕاوە بۆ دایك و باوکی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) با سی سێ شتی کردەوە لە کردەوە باشەکان کە لە دوای مردنیش سوودی دەبێت بۆ بڕوادار، یەکێك لەوانە فەرموویەتی: منداڵێکی چاك و باش دوعای بۆ بکات(2).

13– بەهۆی ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری لە ڕۆژی دوایی پێغەمبەری خودا(ﷺ) شانازی بە ئوممەتەکەی دەکات: دەفەرموێت: {تزوَّجوا، فإنِّي مُكاثرٌ بكُمُ الأُممَ}(3). وا تە: هاوسەرگیری ئەنجام بدەن چونکە من بەهۆی ئێوە شانازی دەکەم بەسەر ئوممەتانی تر.

14– هەڵ بژاردنی هاو سەری دیندار سەرکەوتن و بردنەوە یە لە دونیا و دواڕۆژ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {تُنْكَحُ المَرأَةُ لأَرْبعٍ: لمالَها، ولحَسبها، وجَمالها، ولدينها، فَاظْفَرْ بذَاتِ الدِّينِ تَرِبتْ يَدَاكَ}(4). وا تە: لە بەر چوار هۆ کار ئافرەت مارە دەکرێت: لەبەر سامانەکەی، لەبەر نەژادەکەی، لە بەر جوانیەکەی، لە بەر ئاینەکەی، جا خاوەن ئاینەکە ببەرەوە و هەڵیبژێرە بەختەوەر دەبیت.

15– کەسێک بە مەبەستی خۆ پارێزی لە شتی ناڕەوا هاوسەرگیری بکات خودا خۆی یارمەتی دەدات: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {ثَلاثَةٌ حقٌّ على الله عَونُهم: المجاهدُ في سبيلِ اللهِ، والمكاتَبُ الذي يريدُ الأداءَ، والنَّاكحُ الذي يريدُ العفافَ}(5). واتە: سێ کەس خودا پێویستی کردووە لەسەر خۆی کە یارمەتیان بدات: جەنگاوەر لە پێناو خودا، و کۆیلەیەك کیتابەتی لەگەڵ کرابێت لە لایەن خاوەنەکەی بۆ ئەوەی خۆی ئازاد بکات بە

---

(1) البخاري، الرقم(1905)، ومسلم(1400)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(1631)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) ابن ماجة، الرقم(1846)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2383).

(4) البخاري، الرقم(5090)، ومسلم(1466)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) الترمذي، الرقم(1655)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

پارە، و کەسێك بە مەبەستی داوێن پاکی و خۆ پارا ستن لە تاوان بیەوێت هاوسەرگیری بکات.

16- جووت بوون پاداشتی خۆی هەیە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وفي بضعِ أَحَدِكُم صَدَقَةٌ}[1]. واتە: لە جووت بوونی یەکێك لە ئێوە لە گەڵ هاوسەرەکەی خێر و پاداشتتان دەست دەکەوێت.

17- هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی باش ما یەی بەختەوەر یە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { أربعٌ من السعادة: المرأةُ الصالحةُ، والمسكنُ الواسعُ، والجار الصالحَ، والمركب الهنيء}[2]. وا تە: چوار شت ما یەی بەختەوەرین: ئافرەتی باش، و خانووی فراوان، و دراوسێی باش، و پێرۆیەکی باش و خۆش.

18- ئافرەتی باش شترینی خۆ شیەکانی دونیا یە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الدُّنيا متاعٌ وخَير متاعها المرأةُ الصَّالحة}[3]. واتە: دونیا خۆ شی و ڕابوارد نە و باشترین خۆشیەکانی دونیاش ئافرەتی چاك و باشە.

19- دوای هاوسەرگیری ئافرەت دەتوانێت بەو هۆیەوە بەهەشت بەدەست بێنێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إذا صلَّت المرأةُ خَمْسَها، وصامَت شهرَها، وحصَّنَتْ فرجَها، وأطاعَت زوجَها، قيلَ لها: ادخُلي الجنَّةَ من أيِّ أبواب الجنَّة شئت}[4]. وا تە: ئە گەر ئافرەت پێنج نوێژەکانی کرد، و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بوو، وَ دامێنی خۆی پارا ست، و گوێڕایەڵ بوو بۆ هاوسەرەکەی له شتی شەرعی و ڕەوا، پێی دەوترێت: بڕۆ بۆ ناو بەهەشت لە هەر دەرگایەکی بەهشت حەزدەکەی.

---

(1) المسلم، الرقم(1006)، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه).

(2) ابن حبان، الرقم(4021)، عن سعد(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2820).

(3) المسلم، الرقم(1467)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما).

(4) ابن حبان، الرقم(4163)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(660).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی هاوسەرگیری

1- دەر بارەی شَدّادی کوڕی أوس(رضي الله عنه) دەگێڕنەوە لە کاتێکدا بە ساڵا چووبوو، بینای چاوەکانیشی لەدەست دابوو، دەیفەرموو: هاوسەرێکم بۆ بێنن، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئامۆژگاری کردووم کە بە خزمەت خودا نەگەم بە بێ هەبوونی هاوسر لە دونیا[1].

2- پێشەوا أحمد(رحمه الله) دەیفەرموو: هاوسەرگیری نەکردن لە ئاینی ئیسلامدا نیە، هەر بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) چواردە هاوسەری هەبوون، کە کۆچی دواییشی کرد نۆ هاوسەری لە دوای خۆی بەجێهێشت[2].

تێبینی: رای پەسەند و بەهێز ژمارەی هاوسەرگیریەکان یازدەیە نەك زیاتر.

3- حَسَن(رحمه الله) دەفەرموێت: مُعاذ(رضي الله عنه) ناساخ بوو لە سەرەمەرگدا بوو، دەیفەرموو: ژنم بۆ بێنن، حەزنا کەم لە دونیا بێ هاوسەر بم، بەم شێوەیە بە خزمەت خودا بگەم[3].

4- عبدالله ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) دەیفەرموو: ئەگەر بزانم تەنها دە ڕۆژم ماوە لە دونیا ژن دێنم، حەزناکەم بمرم و هاوسەردار نەبم[4].

5- وَهْبی کوڕی مُنَبِّه(رحمه الله) فەرموویەتی: نموونەی کەسی بێ هاوسەر وەکو درەختێکە لە چۆلدا ڕوا بێت بە هۆی با بەولا و بەملا دابێت[5].

6- سَعیدی کوڕی جُبَیر(رحمه الله) دەفەرموێت: عبدالله ی کوڕی عباس(رضي الله عنهما) پێی وتم: ئایە هاوسەرگیریت کردووە؟ وتم: نەخێر، فەرمووی: ژن بێنە، چونکە باشترینی ئەم ئوممەتە ئەوەیە زۆرترین ژنی هەبێت[6]. هەڵبەتە لە سنووری شەرعدا.

---

(1) السلسلة الذهبية، محمود المصري، ج.1، ص.57.

(2) المصدر السابق.

(3) المصدر السابق.

(4) المصدر السابق.

(5) رواه عبدالرزاق في المصنف، الرقم(10386)، ج.6، ص.171.

(6) البخاري، الرقم(5069).

چەند ڕووداوێك دەربارەی هاوسەرگیری

1- أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێکیان سێ کەس هاتنە ماڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، پرسیاریان کرد دەربارەی خواپەرستی پێغەمبەر، کاتێك دەربارەی چەندیەتی و چۆنیەتیەکەیان پێیان ڕاگەیێندرا، ئەوان وەکو بلاَێی پێیان کەم بوو، پاشان وتیان: جا ئێمە لە کوێ و پێغەمبەری خودا لە کوێ، مەبەستیان ئەوە بوو ئەگەر خواپەرستیەکەی کەمیش بێت گرینگ نیە، چونکە خودای گەورە لە تاوانەکانی پێشتر و پاشتری خۆش بووە، بۆیە هەر یەکێکیان بڕیارێکیدا: یەکێکیان وتی: ئەوا من بڕیارمدا هەموو شەو تا بەیانی نەخەوم و شەونوێژ بکەم، ئەوەیتریان وتی: ئەوا منیش بڕیارمدا بەردەوام هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بە ڕۆژوو بم بێ پچڕان، سێیەمیشیان وتی: منیش بڕیارمدا هەرگیز هاوسەرگیری ئەنجام نەدەم تا لە ژیاندا ماوم، دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا ئەمەی بیست، چووە لایان و پێی فەرموون: {أَنْتُم الَّذِين قُلتُم كَذَا وَكَذَا؟! أَمَا واللَّهِ إِنِّي لَأَخْشَاكُمْ لله وأَتْقَاكُم لهُ، لَكِنِّي أصومُ وأُفْطِر، وأُصَلِّي وأَرْقُدُ، وأَتَزَوَّجُ النِّساءَ، فَمنْ رَغِبَ عن سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي}[1]. واتە: ئایە ئێوە بوون ئاوا تان وتوە؟ بەلاَم سوێند بە خودا من لە ئێوە لە خواترسترم و بە تەقواترم، کەچی هەندێك جار بە ڕۆژوو دەبم و هەندێك جاریش بە ڕۆژوو نابم، و نوێژیش دەکەم و دەشخەوم، و هاوسەرگیریش دەکەم، هەر کەسێکیش پشت لە ڕێبازی من بکات ئەوا لە من نیە لە سەر ڕێباز و بەرنامەی من نیە.

2- ئەو هاوسەرگیریەی مارەییەکەی بریتی بوو لە ئیسلام.

ڕُمَیصاءی کچی مَلحان(رضي الله عنها) کە ناسراوە بە(أُمُّ سُلَیم) یەکێکە لەو کەسانەی هەر لە دونیا مژدەی بەهەشتی پێدراوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {رأيْتُني دَخَلْتُ الجَنَّةَ، فإذا أنا بالرُّمَيْصاء، امْرَأَةِ أبي طَلْحَةَ}[2]. واتە: خۆم بینیەوە لە خەودا چوومە ناو بەهەشت لە ناکاو ڕُمَیصاءی هاوسەری أبو طَلحَەم بینی.

أنس دەفەرموێت: أبو طَلحَة هاتە خوازبێنی أُمُّ سُلَیم، ئەوکات هێشتان ابو طَلحَة موسڵمان نەبوو بوو، أُمُّ سُلَیم پێی وت: تۆ لەوکەسانەنیت کە ڕەد بکرێیەوە، بەلاَم لەبەر ئەوەی تۆ پیاوێکی بێ بڕوای و منیش ئافرەتێکی موسڵمانم ئەمە ناکرێت، مەگەر

---

(1) البخاري، الرقم(5063).

(2) البخاري، الرقم(3679).

ببی بە موسڵمان من هیچی ترم ناوێت لە تۆ جگە لەمە، هەروەها پێی وت: ئەی أبو طَلحَة تۆ چۆن شەرم ناکەی دارێك دەپەرستی کە مندالە حەبە شیەکان گە مەی پیٚ دە کەن، مەگەر وانییە؟ أبو طَلحَة وتی: بەڵێ وا یە، أم سُلَیم وتی: لە هەمان کا تدا ئەو دارەی دەیپەرستی لە زەویدا ڕواوە، بۆیە ئەگەر شایەدمان بێنی بۆ مارەییەکەم هیچیترم لە تۆ ناوێت، أبو طَلحَة وتی: مۆڵەتم بدە تا کەمێك بیری لیٚ بکە مەوە، ئیتر دوا یی ها تەوە و شایەدمانی هێنا، و ئەوەبوو أُمُّ سلیم شووی پێکرد.

ثابت(رضي الله عنه) هەموو جار دەیفەرموو: هەرگیز نەمان بیستووە مارەییەك هەبێت بەڕێزتر لە مارەیی أُمُّ سُلَیم: مارەییەکەی بریتیبوو لە ئیسلام[1].

3– هاو سەرگیری مُ بارَکی کوڕی وا ضِح باوکی ع بدالله کوڕی مُ بارَك(رحمهما الله)، باخەوانی دەکرد بۆ کابرایەك، ڕۆژێکیان خاوەن باخە کە داوای چەند هەنارێکی شیرینی لە مُبارَك کرد، مُبارَك چوو هەناری بۆ هێنا، بەڵام هەنارەکان ترش بوون، بۆ جاری دووەم و سێیەمیش ناردی، بەڵام هەنارەکان بە هەمان شێوە ترش بوون، بۆیە بە تووڕەبوو نەوە پێی وت: من داوای هەناری شیرین دەکەم کەچی تۆ هەناری ترشم بۆ د ێنی، مُ بارَك پ ێی وت: من نازانم کامە بنە هەنار شیرینە و کامەیان ترشە، وتی: چۆن نازانی؟ مُ بارَك وتی: لەبەر ئەوەی ئێمە وا ڕێکەوتووین کە باخەوانی بکەم، من مۆڵەتی خواردنم پیٚ نەدرابوو، بۆیە تا ئێستا هەنارم نەخواردووە. ئیتر خاوەن باخە کە بەم هەڵوێستەی مُ بارَك زۆر سەرسام بوو، کچێکی زۆر خواناسی هەبوو، بۆیە لە موبارەکی پرسی: من کچێکم هە یە چۆن بە شووی بدەم؟ مُبارَك پێی وت: جوولەکەکان هیوایەتیان دەوڵەمەندی و سەروەت و سامانە، و گاورە کان عە شقی جوانین، و ئەهلی جاهیلەتیش عە شقی نەژاد و بنەما ڵە بوون، ئو ممەتی ئی سلامیش عە شقی دی نە. خاوەن باخە کە ز یاتر سەر سام بوو بە قسەکانی مُ بارَك، بۆ یە چووە ما ڵەوە و پر سی بە هاو سەرەکەی کرد، ئەویش وتی: بڕوانا کەم کە سێکی لە مە شیاوتر هەبێت بۆ کچەکەمان. بۆ یە بڕیاریا ندا و کچەکەیان پێشکەشی مُبارَك کرد، پاشان مندالێکیان بوو، ناویان لێنا عبدالله، ئەو(عبدالله) یەش بوو بە پیاوێکی زانا و دونیانەویست و خواناس و خواپەرست کە نا سراوە بە(ع بدالله ی کوڕی مُبارَك)[2].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.46.

(2) وفيات الأعيان، ابن خلكان، ج.3، ص.33.

نەخۆشی

پلە و پایە و سوودەکانی نەخۆشی و نەخۆش لە( ) خاڵدا

1- نەخۆشی تاقیکردنەوەیە: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ الأنبياء. واتە: ئێمە تاقیتان دەکەینەوە بە خراپە و ناخۆشی و چاکە و خۆشی تا دەردەکەوێت چاك و خراپ، و هەر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.

2- بڕواداری ڕا ستەقینە بە ئازار و ناخۆشی دەردە کەوێت: خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾العنكبوت.

واتە: ئایە خەڵك وا دەزانن کە وازیان لێ دەهێندرێت ئەگەر بڵێن: بڕوا مان هێناوە ئیتر ئەوان تاقی ناکرێنەوە، سوێند بێت بێگومان کە سانی پێش ئەوانمان تاقی کردەوە ئەمانیش تاقی دەکەینەوە، ئینجا بێگومان خودا ئەو کە سانەی ڕا ستیان کرد دیاری دەکات درۆزنەکانیش دیاری دەکات واتە: دەناسرێن.

3- خودای گەورە ئەگەر خێر و چاکەی بۆ کە سێك بوێت، دووچاری بەلا و ناخۆشی دەکات: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من يرد الله به خيراً يصب منه}[1]. واتە: هەر کەسێك خودا چاکەی بۆی بوێت دووچاری ناخۆشیەکانی دەکات.

4- نەخۆشی دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوانەکان: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما من مسلم يصيبه أذى مرض، فما سواه إلا حط الله له سيئاته، كما تحط الشجرة ورقها}[2]. واتە: هەر موسڵمانێك تووشی ئازارێك ببێت جا نەخۆشیەکی سووك بێت یان گران بێگومان خودای گەورە تاوانەکانی لێ هەڵدەوەرێنێت، وەکو چۆن درەخت گەڵاکانی هەڵدەوەرێنێت.

لە فەرموودەیەکیتردا فەرموویەتی: {ما من مصيبة تصيب المسلم إلا كفَّر الله بها عنه، حتَّى الشوكة يشاكها}[3]. واتە: هیچ ناخۆشیەك نیە بەسەر موسڵمانێك بێت مە گەر بەهۆی ئەو ناخۆشیە خودا تاوانی لێ دەسڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش لە شوێنێکی ڕابچێت.

---

(1) البخاري، الرقم(5645)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(5660)، ومسلم(2571)، عن عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(5640)، ومسلم(2572)، عن عائشة(رضي الله عنها).

5- نەخۆ شی وا هە یە هۆ کارە بۆ ڕز گار بوون لە سزای گۆر، وە کو ژانە سك: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن قتلَه بطنُه لم يُعذَّبْ في قبره}[1]. وا تە: هەر کەسێك بەهۆی ژانەسك بمرێت لە ناو گۆڕ سزا نادرێت.

6- نەخۆشی بۆ موسڵمان مایەی بەدەست هێنانی پلەی بەرزە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما من مسلم يُشاك شوكةً فما فوقها إلا كُتبتْ له بها درجةٌ، ومُحيَتْ عنه بها خطيئةٌ}[2]. واتە: هەر موسڵمانێك دڕكێك لە شوێنێکی لاشەی ڕابچێت یان شتێکیتر جگە لەمە ئەوا بێگومان بە هۆیەوە پلەیەکی بۆ دەنووسرێت و تاوانێکی لێ دەسڕێتەوە.

7- پاداشتی لەدەستدانی چاو بەهەشتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: خودای گەورە دە فەرموێت: {(إذا ابتلَيْتُ عَبْدي بحبيبتيه، فَصَبَرَ؛ عَوَّضْتُه منهما الجَنَّة)، يريد عَيْنَيه}[3]. وا تە: خودای گەورە دە فەرموێت: ئە گەر بە ندەی خۆم تاقیکردەوە بە دوو خۆشەویستەکانی مەبە ستی چاوەکانیەتی، ئارامی گرت، قەرەبووی دەکە مەوە بە بەهەشت.

8- ئەوا نەی دوو چاری تاقیکرد نەوە دە بن بە نەخۆ شی، لای خودا خۆشەویستن: پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ عظَمَ الجزاء مع عظَمِ البلاء، وإنَّ اللهَ تعالَى إذا أحبَّ قوما ابتلاهم، فمن رضِي فله الرِّضا ومَن سخط فله السُّخطُ}[4]. وا تە: بێگو مان گەورەیی پاداشت لەگەڵ گەورەیی ناخۆشی دا یە، خودای گەورە ئە گەر گەلێکی خۆش بوێت تاقیان دەکاتەوە، جا هەر کەسێك پێی ڕازی بێت ڕەزامە ندی خودای بۆ هە یە و هەر کەسێك ناڕازی بێت تووڕەیی خودای بۆ هەیە.

9- هەموو خەم و بەژارەیەك تەنانەت نەخۆشی دەروو نیش تاوان دە سڕێتەوە لە سەر موسڵمان : پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما يُصيبُ المُسْلمَ، من نَصَبٍ ولَا وصَبٍ، ولَا هَمٍّ ولَا حُزْنٍ ولَا أذًى ولَا غَمٍّ، حتَّى الشَّوْكَة يُشَاكُها، إلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بهَا من خَطَايَاهُ}[5]. وا تە: هەر نەخۆ شیەکی درێژخا یەن مو سڵمانێك توو شی بب ێت یان ما ندووبوون و بێ

(1) الترمذي، الرقم(1064)، عن أبي إسحاق السبيعي عمرو بن عبدالله، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(2) المسلم، الرقم(2572)، عن عائشة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(5653)، عن أنس(رضي الله عنه).
(4) الترمذي، الرقم(2396)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.
(5) البخاري، الرقم(5641)، ومسلم(2573)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

توانایی، یان نەخۆشیەکی ئاسایی، یان خەم و پەژارەیەك بەهۆی شتێکی ناخۆش، ئەوا بێ گومان بۆی دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانی.

10- ئەو کەسەی سەردانی نەخۆش دەکات لە ناو باخ و میوە جاتی بەهەشت دا یە تا دەگەڕێتەوە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {عَائِدُ المَرِيضِ فِي مَخْرَفَةِ الجَنَّة حتَّى يَرْجِعَ}[1].

11- نەخۆشی هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەی نەخۆش بۆ لای خودا و تەوبە کردن: هەر وە کو خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ﴿٤٢﴾﴾الأنعام. واتە: سوێند بێت بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بۆ گەلانی پێش تۆ ئەی محمد تووشی نەبوونی و نەخۆشی و ترس ناڕەحەتیمان کردن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و کزی بنوێنن.

12- لەجیاتی سزای دۆزەخ نەخۆ شیەکان دەبنە سزای تاوا نەکان: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إذا أرادَ اللَّهُ بعبدِه الخيرَ عجَّل لَه العقوبةَ في الدُّنيا}[2]. وا تە: ئەگەر خودا چاکەی بوێت بۆ بەندەکەی ئەوا سزای تاوانەکانی پێشدەخات لە دونیادا.

13- ئارامگرتن لەسەر نەخۆشی نیشانەی ڕاستگۆیان و تەقوادارانە: هەر وە کو خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴿١٧٧﴾﴾ البقرة. واتە: ئەوانەی ئارامگرن لە کاتی تەنگدەستی و نەخۆشی و لە کاتی جەنگدا ئا ئەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردیە و تەقوادارن.

14- ناخۆ شی گەورە بۆ مو سڵمان بەڵگەی بڕوای بەهێزە: هەر وە کو پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك پرسیاری لێ دەکرێت: ئایە کێ لە هەموو کەس بە بەڵا و موسیبەتترە؟ فەرمووی: {الأنبياء، ثُمَّ الصالحونَ، ثُمَّ الأمثل فالأمثل، يبتلى الرَّجل على حسب دينه، فإن كان في دينه صَلابةٌ، زيدَ في بلائه، وإن كان في دينه رقةٌ، خُفِّفَ عنه ولا يزالُ البلاء بالمؤمن حتى يَمْشِيَ على الأرضِ وليس عليه خَطيئةٌ}[3]. وا تە: پێغەمبەران(عليه الصلاة والسلام)، پاشان پیاوچاکان لە دوای ئەوانیش نزیك و هاوشێوەی ئەوان، پیاو بە گوێرەی ئاینە کەی تاقیدەکرێتەوە، جا ئە گەر دینداریە کەی پتەو بێت ئەوا بەڵا و ناخۆ شیەکانیش زیاتر

---

(1) المسلم، الرقم(2568)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2396)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(3) رواه الدارمي، الرقم(2783)، وغيره، عن سعد بن أبي وقاص(رضي الله عنه)، وحسنه الأرناؤوط في التخريج المسند لشعيب(1481).

دەبن، ئەگەر دینداریەکەی لاواز بێت ئەوکات بەڵاو و ناخۆشیەکانیشی بۆ سووك و بچووك دە بن، و بەردەوام بەڵاو و ناخۆ شی بە سەر بڕوادار د ێن تا وای لێدێت بە سەر زەو یدا دەڕوات و هیچ تاوانێکی لەسەر نەماوە.

15– لەبەر پلە و پایەی نەخۆشی بۆ نەخۆش پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {عَجَبا لأَمْر المُؤْمن، إنَّ أمْرَه كُلَّهُ خَيْرٌ، وليس ذاكَ لأَحد إلا للْمُؤْمن، إنْ أصابَتْهُ سَرَّاء شَكَرَ، فَكانَ خَيْراً له، وَإنْ أصابَتْه ضَرَّاء صبر، فَكانَ خَيْرا له}(1). واتە: کاروباری بڕوادار مایەی سەرسوڕمانە، بەڕاستی هەموو شتێك خێری تێدایە بۆی، ئەمەش بۆ کەس نیە تەنها بۆ بڕوادار نەبێت، ئەگەر خۆشیەکی بۆ هات سوپاسگوزار دەبێت، ئەوا بە خێر بۆی هەژمار دەکرێت، ئە گەر ناخۆشیەکیشی بەسەر بێت ئارام دەگرێت، خێری تێدایە بۆی.

16– لەبەر پلە و پایەی نەخۆش پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دە فەرموێت: (يا ابنَ آدَمَ، مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي، قالَ: يا رَبِّ، كيفَ أعُودُكَ وأَنْتَ رَبُّ العالَمينَ؟! قالَ: أَما عَلِمْتَ أنَّ عَبْدي فُلانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ؟ أما عَلِمْتَ أنَّكَ لو عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟)}(2). واتە: ئەی نەوەی ئادەم، نەخۆش بووم سەردانت نەکردم، دەڵێت: ئەی خودا یە چۆن سەردانت بکەم تۆ پەروەردگاری جیهانیانی؟ خودا دەفەرموێت: مەگەر نەتدەزانی فلان بەندەی من نەخۆش بوو سەردانت نەکرد؟ مە گەر نەتدەزانی ئەگەر سەردانت بکردایە لەلای ئەو منت دەدۆزیەوە؟.

17– کەسی نەخۆش هەمان پاداشتی خواپەرستیەکانی پێش نەخۆش بوونی بۆ هە یە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: { إذا مرضَ العبدُ أو سافرَ كتبَ لَهُ من العملِ ما كانَ يعملُهُ وهو صحيح مقيم}(3). واتە: ئەگەر بەندە نەخۆش بوو یان گە شتی کرد پادا شتی کردەوەکانی بۆ هەیە وەك چۆن کردەوەکانی ئەنجام دەدان لەو کا تەی تەندروو ست بوو لە ماڵ بوو.

18– نەخۆشی هۆکارێکە بۆ چوونە بەهە شت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {حُفَّتِ الجَنَّةُ بالمَكارِهِ}(4). واتە: بەهەشت بە ناخۆشیەکان دەور دراوە.

(1) المسلم، الرقم(2999)، عن صهيب بن سنان الرومي(رضي الله عنه).
(2) المسلم، الرقم(2569)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(2996)، عن أبي موسى ألشعري(رضي الله عنه).
(4) البخاري، الرقم(6487)، ومسلم(2822)، عن أنس(رضي الله عنه).

چەند وتەیەك دەربارەی نەخۆشی

1- **دایکی بڕواداران عائشة**(رضي الله عنه) **فەرموو یەتی:** (ما رأَيت أَحداً أَشَدَّ عليه الوجع من رَسول الله)[1]. **واتە: هیچ کەسێکم نەبینیوە بە ئە ندازەی پێغەمبەر(ﷺ) ئێش ئازاری لەسەر گران بێت.**

2- **شَیخ الإ سلام**(رحمه الله) **فەرموو یەتی:** (مصيبةٌ تُقبِل بها على الله، خَيرٌ لَكَ من نعمة تُنسيك ذكرَ الله)[2]. **واتە: ناخۆشیەك ڕووت بخا تە لای خودا با شترە لە خۆشیەیەك كە یادی خودات لە بیر بباتەوە.**

3- **ابن عبدالبَرّ**(رحمه الله) **فەرموویەتی:** (الذُّنوبُ تُكَفّرُها المصائبُ والآلامُ والأمراض)، وهذا أَمرٌ مُجمَعٌ علَيه)[3]. **وا تە: ناخۆش شیەكان و ئێش و ئازار و نەخۆ شیەكان دەبنە ما یەی سڕینەوەی تاوانەكان، ئەمەش شتێكە زانایان یەكدەنگن لەسەری.**

4- **سُفیانی سەوری**(رحمه الله) **فەرموو یەتی:** (لَيس بِفَقيه من لَم يعدَّ البلاء نعمةً، والرَّخاء مصيبةً)[4]. **واتە: شەرع زان نیە ئەو كە سەی ناخۆشیەكان هەژمار نەكات بە نیعمەت و خۆشیەكان هەژمار نەكات بە موسیبەت.**

5- **شَیخ الإ سلام**(رحمه الله) **فەرموو یەتی:** (الصَّبر على المصائب واجب باتّفاق أَئمّة الدّين)[5]. **وا تە: ئارامگرتن لە سەر ناخۆش شیەكان پێویستە بە كۆی دەنگی پێشەوایانی ئاین.**

---

(1) البخاري، الرقم(5646)، ومسلم(257).

(2) تسلية المصائب، أبي عبدالله محمد بن محمد الحنبلي، ص.226.

(3) التمهيد، ابن عبدالبر، ص.23-26.

(5) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.7، ص.55.

(6) تسلية المصائب، محمد الحنبلي، ص.173.

چەند نموونە و بەسەرهاتێك لەسەر نەخۆش و نەخۆشی

1- عبدالله ی کوڕی عباس دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: ئافرەتێکی ڕەش پێست ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: من نەخۆشی گە شکەم هە یە، لە کاتی گە شکە جل و بەرگم لەسەر لادەچێت، بۆیە داوات لێ دەکەم دوعام بۆ بکەی، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: ئەگەر حەز بکەی ئارام بگرە و بەهەشت بۆ تۆیە، ئەگەر حەزیش بکەی داوا لە خودا دەکەم کە شیفات بدات، ئافرەتەکە وتی: بەڵکو ئارام دەگرم، بەڵام من گە شکەم هەیە و جلەکانم لەسەر لادەچێت، دوعام بۆ بکە لاشەم دەرنە کەوێت لە کاتی گە شکەدا، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا دوعای بۆ کرد، بۆ ئەوەی جل وبەرگی لەسەر لانەچێت[1].

2- أ بو هُرَیرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پیاوێکی دە شتەکی ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: ئایە هیچ جار دوو چاری نەخۆ شی(أُمُّ مِلْدَم) بووی؟، وتی: ئەمە چ نەخۆشیەکە؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: گەرمیە کە لە نێوان پێست و گۆ شتە کابرا وتی: نەخێر، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئا یە هیچ جار دوو چاری ژانە سەر بووی؟ وتی: ئەوە چییە؟ پێغەمبەری خودا فەمووی: بایێ کە سەردەگرێت بە بەردەمارەکان دەکەوێت، کابرا وتی: نەخێر هەرگیز شتی وام تووش نەبووە. دوای ئەوەی کابرا هەستا و ڕۆیشت، پێغەمبەری خودا فەرمووی: هەر کە سێك پێی خۆش بێت تەماشای پیاوێکی ئەهلی ئاگر بکات با تەماشای ئەم پیاوە بکات[2]

3- جابری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووە سەردانی ئافرەتێکی نەخۆش بە ناوی(أُمُّ السائِب) یان (أُمُّ مسَیَّب)، پێی فەموو: ئەوە چیتە ئەی دایکی سائِب یان دایکی مسَیَّب بۆ دە لەرزیت؟، وتی: تاو لەرزم لێیە، دەك خودا پیرۆزی نەکات، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: جوێن بە تا مەدە، چونکە بێگومان تا تاوانەکانی نەوەی ئادەم لادە بات وە کو چۆن کوورەی ئاگر پیسایی و ژەنگ لادەبات لەسەر ئاسن[3].

4- عبدالله ی کوڕی مسعود(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لە کاتی نەخۆ شی سەرەمەرگ چوومە سەردانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، بینیم تا یەکی زۆر گەرم و بەهێزی

---

(1) البخاري، الرقم(5652).

(2) رواه أحمد، الرقم(8395)، وغيره، وحسنه الألباني في الأدب المفرد(381).

(3) المسلم، الرقم(2575).

لێیه، کاتێك دەستم گەیاندە لاشەی پێم وت: ئەی پێغەمبەری خودا بەڕاستی تۆ تا یەکی زۆر بەهێزت لێیه، پێغەمبەری خودا فەرمووی: □بەڵێ، بێگومان من تام لێیه، تایه کەم بە قەد تای دوو پیاوە لە ئێوە□، عبداللە دە فەروێت: منیش پێم وت: کەوا تە بە مە پاداشتیشت دەبێت دوو بەرامبەر بێت؟، فەرمووی: □بەڵێ□، پاشان فەرمووی: □هەر موسڵمانێك دووچاری هەر ئازارێك ببێت، جا نەخۆشی بێت یان هەر شتێکیتر، ئەوا بێگومان بەهۆیەوە خودای گەورە تاوانەکانی لێ هەڵدەوەرێنێت، هەر وەکو چۆن درە خت گەڵاکانی هەڵدەوەرێنێت□[1].

5- نەخۆشبوونی پێغەمبەر أیوب(عليه السلام).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی نەخۆشبوونی أیـــوب(عليه السلام) دەکات دە فەرموێت: □أیوب پێغەمبەری خودا بوو، دووچاری نەخۆشیەك بوو، ماوەی هەژدە ساڵ لە گەڵی ما یەوە، خزمە دوور و نزیکەکانی لێی دوور کەوتنەوە، تەنها دوو پیاو نەبێت لە هاوڕێکانی، کە دوو دۆستی تایبەتی ئەو بوون، ئەو دوو هاوڕێیەی بەردەوام بەیانیان و ئێواران دە چوونە سەردانی، جارێکیان یەکێکیان بە ئەوەیتری وت: دەزانی سوێند بە خودا دیارە أیوب تاوانێکی گەورەی کردووە، لە دونیا کەس تاوانی وای نەکردووە، ئەوەیتر وتی: جا ئەبێت چ تاوانێکی کردبێت؟ ئەوەیتر وتی: ئەی بۆ ئەوە ماوەی هەژدە ساڵە خودا بەزەیی پێنایێتەوە و شیفای نادات؟. ئیتر کاتێك پیاوە کە ڕۆیشت، ئەوەیتر چووە لای أیوب(عليه السلام)، ئەمەی بۆ باس کرد، أیوب فەرمووی: نازانم باسی چی دە کەی. ئیتر أیوب ئەوەی لەگەڵدا مایەوە و یارمەتی دەدا تەنها هاوسەرەکەی بوو، بەم شێوەیە بوو تا ڕۆژێکیان خودا پێی فەموو: ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ۝٤٢﴾ ص[2].

واتە: فەرمانمان پێ کرد کەوا پێت بکوتە بە زەویدا ئەوە ئاوی خۆ شوشتنە و ساردە و ئاوی خواردنەوەیە، ئیتر بەم هۆیەوە خودا شیفای بۆ نارد.

(1) البخاري، الرقم(5660)، ومسلم(2571).

(2) ابن حبان، الرقم(2898)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(17).

سەردانی نەخۆش

پلە و پایە و سوودەکانی سەردانی نەخۆش لە( ) خاڵدا

1- خودای گەورە لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە سەردانی نەخۆش دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {إنَّ اللهَ عزَّ وجلَّ يقولُ يومَ القيامةِ: يا ابْنَ آدمَ، مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي، قالَ: يا رَبِّ، كيفَ أعودُكَ وأَنْتَ ربُّ العالَمينَ؟! قالَ: أَمَا علمْتَ أنَّ عَبْدِي فُلانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ؟ أمَا عَلمْتَ أنَّكَ لو عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟}[1]. واتە: لە دوارۆژدا خودای گەورە دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم نەخۆش بووم سەردانت نەکردم، کابرا دەڵێت: ئەی پەروەردگارم چۆن سەردانت بکەم لە کاتێکدا تۆ پەروەردگاری جیهانیانی؟ خودای گەورە دەفەرمووێت: مەگەر نە تدەزانی فلانە بەندەی من نەخۆش بوو سەردانت نەکرد، ئایە نەتدەزانی ئەگەر سەردانت بکردایە منت لەلای ئەو دەدۆزیەوە.

2- فریشتەکان دوعای بۆ دەکەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {ما من مُسلمٍ يعودُ مُسلمًا غدوةً؛ إلَّا صلَّى عليه سبعونَ ألفَ ملَكٍ حتَّى يُمسي، وإنْ عادَ عشيَّةً؛ إلَّا صلَّى عليه سبعونَ ألفَ ملَكٍ حتَّى يُصبحَ، وكانَ لهُ خَريفٌ في الجنَّةِ}[2]. واتە: هەر موسڵمانێك سەردانی موسڵمانێکی نەخۆش بکات لە بەیانییەکدا ئەوا بێگومان حەفتا هەزار فریشتە دوعای بۆ دەکەن تاوەکو ئێوارە، و ئەگەر ئێوارەش چوو بۆ سەردانی نەخۆشەکە ئەوا بە هەمان شێوە حەفتا هەزار فریشتە تا بەیانی دوعای بۆ دەکەن، و هەروەها باخچەیەکیشی بۆ هەیە لە ناو بەهەشت.

3- سەردانی نەخۆش مایەی بەزەیی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن عادَ مريضًا لم يزلْ يَخوضُ في الرَّحْمَةِ حَتَّى يَجْلِسَ فَإِذَا جَلَسَ اغْتَمَسَ فيها}[3]. واتە: هەر کەسێك سەردانی نەخۆشێك بکات ئەوا بەردەوام لە ڕەحمەتی خودا دایە تا دادەنیشێت، ئەگەر دانیش لە ڕەحمەتی خودا ڕوودەچێت.

---

(1) المسلم، الرقم(6648)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(969)، وغيره، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(3476).

(3) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(522)، وغيره، عن جابر(رضي الله عنه).

4- هۆكارێكه بۆ گەیشتن بە ناز ونیعمەتی بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن عادَ مَرِيضاً لَمْ يزَلْ في خُرفَةِ الجَنَّةِ}[1]. وا تە: هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات ئەوا بەردەوام لە بەروبوومی ناو بەهەشتدایە.

5- سەردانی نەخۆش بەجێگەیاندنی ئەركی سەرشانی موسڵمانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {حقُّ المُسلِمِ عَلى المُسلمِ خَمْس}. وا تە: مافی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە پێنج شتە، جا یەكێك لەوا نە، دە فەرمویّت: {وعِيادَةُ المَرِيضِ}[2]. واتە: سەردانی نەخۆش.

6- هەنگاوەكان بۆ سەردانی نەخۆش پاكترین هەنگاون.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن عادَ مريضًا، نادى مُنادٍ من السَّماءِ: طبتَ، وطاب مَمشاكَ، وتبوَّأتَ من الجنَّة منزلًا}[3]. واتە: هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات لە ئاسمان فریشتەیەك بانگ دەكات: لە دونیا و دوارِۆژدا خۆش گوزەران بیت، ڕۆیشتنەكەت بۆ لای نەخۆش پاك و چاكە، و شوێنێكت لە بەهەشت دەستەبەر كرد.

7- ئەو كەسەی سەردانی نەخۆش دەكات نزای وەرگیراوە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {من عاد مريضا لم يحضره أجلُه، فقال عندَه سبعَ مرَّات}. واتە: هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات وادەی مردنی نەهاتبێت، حەفت جار لەلای نەخۆشەكە بلێ: {(أسألُ اللهَ العظيمَ ربَّ العرشِ العظيمِ أنْ يشفيَكَ)، إلا عافاهُ اللهُ من ذلكَ المرضِ}[4]. واتە: بێگومان خودای گەورە شیفای نەخۆشەكە دەدات.

8- ئەوەی سەردانی نەخۆش دەكات ناوی لە ئەهلی بەهەشت تۆمار دەكرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {خَمْسٌ مَنْ عَمِلَهُنَّ في يَوْمٍ كَتَبَهُ اللهُ من أهلِ الجنة، مَنْ عادَ مَرِيضًا، وشَهِدَ جَنازَةً، وصامَ يومًا، وراحَ يومَ الجُمعةِ، وأعتقَ رقبةً}[5]. وا تە: پێنج شت هەن هەر كەسێك لە یەك ڕۆژ ئەنجامیان بدات خودای گەورە لە ئەهلی بەهەشت ناوی دەنووسێت: سەردانی نەخۆش، شوێن كەوتنی جەنازە، و بەڕۆژووبوونی ڕۆژێك، چوون بۆ نوێژی هەینی، و ئازادكردنی كۆیلەیەك.

---

(1) المسلم، الرقم(2568)، عن ثوبان(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(1240)، ومسلم، الرقم(2162)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) ابن ماجة، الرقم(1443)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن ابن ماجة.

(4) أبو داود، الرقم(3106)، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(6388).

(5) ابن حبان، الرقم(2771)، وغيره، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(686).

9- سەردانی نەخۆش هۆکارێکە بۆ بیرکەوتنەوەی دواڕۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {عُودُوا المريضَ، واتَّبعوا الجَنائزَ تُذَكِّرْكُم الآخرةَ}[1].

واتە: سەردانی نەخۆش بکەن و بە شوێن جەنازەدا بکەون بۆ سەر گۆڕستان دواڕۆژتان بە یاد دەخاتەوە.

10- سەردانی نەخۆش بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {عودوا المريضَ}[2]. واتە: سەردانی نەخۆش بکەن.

11- ئەو کەسەی سەردانی نەخۆش دەکات خودا دەیپارێزێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {خَمْسٌ مَنْ فعلَ واحدةً منْهُنَّ كان ضَامناً على الله عزَّ وجلَّ}. واتە: پێنج شت هەن هەر کەسێك یەکێك لەوانە بکات خودا دەیپارێزێت، جا یەکێك لەوانە، دەفەرموێت: {مَنْ عادَ مَرِيضًا}[3]. واتە: ئەوەی سەردانی نەخۆش بکات.

(1) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(518)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(3046)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد، الرقم(22146)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3253).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی سەردانی نەخۆش

1- زَیدی کوڕی أرْقَم(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (عادَني رسولُ اللَّهِ(ﷺ) من وجعٍ كانَ بعيني)[1]. واتە: پێغەمبەری خودا سەردانی کردم بەهۆی ئەوەی چاوم ئازاری هەبوو.

2- جابِری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دە فەرموێت: من لە هۆش خۆم چووبووم، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەگەڵ أبوبکر بە پیادە هاتنە سەردانم، دەستنوێژی هەڵگرت، و ئاوی دەستنوێژەکەی بەسەر سەری داکردم، بە هۆش خۆم هاتمەوە[2].

3- طاووس(رحمه الله) دە فەرموێت: (خَيرُ العيادَةِ أَخَفُّها)[3]. واتە: باشترین سەردانی نەخۆش ئەوەیە کە ماوەکەی کەم بێت.

4- بَکْری موزەنی(رحمه الله) دەفەرموێت: (المريض يعاد والصَّحيح يزار)[4]. واتە: نەخۆش عیادەی دەکرێت العيادة: بۆ نەخۆش بەکار دێت لە زمانی عەرەبیدا، چونکە ماوەکەی کەمە، و لەش ساخیش زیارەتی دکرێت الزيارة: بۆ کەسی ساخ بە کارد ێت لە زمانی عەرەبیدا، چونکە ماوەکەی درێژە.

5- شەعبی(رحمه الله) دە فەرموێت: سەردانی کە سانی نەفام بۆ لای نەخۆش بۆ کەسوکاری نەخۆش ئەستەمە، و گرانترە لە خودی نەخۆشەکە، بەهۆی ئەوەی لە کاتی نەشیاو دێن و زۆریش دەمێننەوە[5].

6- عَطاء(رحمه الله) دەفەرموێت: (مِنْ تَمامِ العيادَةِ: أَنْ تَضَعَ يدَكَ عَلى المريضِ)[6]. واتە: لە تەواویی سەردانی نەخۆش ئەوەیە: دەستت بخەیتە سەر نەخۆشەکە.

هەڵبەتە: ئەگەر گونجا و شیاو بێت.

---

(1) أبو داود، الرقم(3102)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.
(2) البخاري، الرقم(6551)، ومسلم(1616).
(3) موسوعة ابن أبي الدنيا، ابن أبي الدنيا، ج.4، ص.242.
(4) المصدر السابق، ص.243.
(5) المصدر السابق.
(6) المصدر السابق، ص.244.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی سەردانی نەخۆش

1- هاوەڵی بەڕێز أ بو هُرَ یرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: جارێک یان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ناو هاوەڵان فەرمووی: {من أصْبَحَ مِنْكُمُ اليومَ صائماً؟}، قالَ أبو بَكْرٍ رضي اللَّهُ عنْه: أنا، قالَ: {فمَن تَبِعَ مِنْكُمُ اليومَ جنازَةً؟}َ قالَ أبو بَكْرٍ رَضي اللَّهُ عنْه: أنا، قالَ: {فمَن أطْعَمَ مِنْكُمُ اليومَ مِسْكِيناً؟}، قالَ أبو بَكْرٍ رضي اللَّهُ عنْه: أنا، قالَ: {فمَن عادَ مِنْكُمُ اليومَ مَرِيضاً؟}، قالَ أبو بَكْرٍ رضي اللَّهُ عنْه: أنا، فقالَ رسولُ الله(ﷺ): {ما اجْتَمَعْنَ في امْرِئٍ، إلَّا دَخَلَ الجَنَّةَ}[1]. واتە: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ بە ڕۆژووە؟، أ بوبکر وتی: من، پاشان فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ بەدوای جەنازەیە کدا ڕۆیشتووە بۆ نا شتنی؟، أبوبکر وتی: من، پاشان فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ خواردنی داوە بە هەژارێك؟ أ بوبکر وتی: من، پاشان فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ سەردانی نەخۆ شێکی کردووە؟ أ بوبکر وتی: من، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ئەمانە لە هەر کەسێك کۆببنەوە بێگومان ئەو کەسە دەچێتە بەهەشت.

2- عبدالله ی کوڕی أ بو صالح دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: جارێک یان نەخۆش بووم، پێشەوا طاووس(رحمه الله) سەردانی کردم، منیش پێم وت: ئەی باوکی عبدالرحمن نزام بۆ بکە، لە وەڵامدا پێی وتم: (أُدْعُ لنَفْسكَ فإنَّهُ يُجِيبُ المضْطَرَّ إذا دعاه)[2]. واتە: تۆ نزا بۆ خۆت بکە، چونکە بێگومان خودای گەورە وەڵا می ئەو کە سە دەدا تەوە کە پێویست و بێ چارەیە ئەگەر داوای لێ بکات.

3- أبو العالية(رحمه الله) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: من نەخۆش بووم، جارێکیان غا لِبی قەتتان هاتە سەردانم، بەڵام زوو هەڵستا و ڕۆیشت، جا أ بو العالية فەرمووی: بەڕا ستی عەرە بەکان زۆر دڵ نەرم و بە بەزەیین، چونکە لە لای نەخۆش زۆر دانانیشن و نامێننەوە، چونکە نەخۆش جاری وا هە یە کارێکی هە یە، بەڵام شەرم دە کات لە بەر ئەوانەی بەسەردان هاتوونە لای، بۆیە بێزار دەبێت[3].

4- دەگێڕنەوە: جارێک یان مو سڵمانێك نەخۆش دەبێت و لە سەر جێ گا دە کەویت، چەند هاوڕێیەکی بە مەبە ستی هەواڵ پر سین لە تەندروو ستی دە چنە سەردانی، بەڵام

---

(1) المسلم، الرقم(1028).

(2) موسوعة ابن أبي الدنيا، ابن أبي الدنيا، ج.4، ص.244.

(3) المصدر السابق، ص.242.

بەهۆی قسە و باس و گێڕانەوەی جۆرەها چیرۆکی دوور و درێژ بۆ یەکتری لە خزمەت نەخۆشەکە ئاگایان لە کات نامێنێت، دوای درەنگانی شەو یەکێکیان بە ئەوانیتر دەڵێت: ئەرێ هاوڕێیان ئاگاتان لێیە کاتژمێر چەندە؟ ئەو کات زانیان زۆر لە مێژە دانیشتوون، بۆیە هەستان، بەڵام پێش ئەوەی بچنە دەرەوە، یەکێکیان بە نەخۆشەکە دەڵێت: چاك دەبیت إِنْ شاءَ اللهُ، نەخۆشەکەش ئەوەندە لە خۆی بێزار ببوو، پێی وتن: ئێوەش فێرە سەردانی نەخۆش دەبن إِنْ شاءَ اللهُ[1].

(1) نووسەر.

الشورى

ڕاوێژکاری

پێناسەی ڕاوێژکاری

الشّورى في اللُّغَة: اسمٌ لِلمُشاوَرَة.

قال الراغب في مفرداته: المُشاوَرَةُ هِيَ استِخراجُ الرَّأيِ بِمُراجَعَةِ البَعضِ الآخَرِ.

الشّورى في الاصطلاح: هِيَ استِطْلاعُ الرَّأيِ مِنْ ذَوي الخِبرَةِ فيهِ، لِلتَّوصُّلِ إلى أقرَبِ الأُمور لِلحَقِّ.

واتە: شورا لە زمانەوانیدا ناوێکە بۆ ڕاوێژکردن بە کاردێت.

راغب ی ئەصفەهانی لە پەرتۆکی خۆی(المفردات) دا دەڵێت: ڕاوێژکردن: دەربڕینی بۆچوونە بە گەڕانەوە بۆ لای کەسانێکیتر.

ڕاوێژ لە زاراوەییدا: بریتیە لە لێکۆڵینەوەی دیدگای خەڵک لە خاوەن ئەزموون لە بابەتێک، بۆ گەیشتن بە نزیکترین کار لە ڕاستی[1].

چەند وتەیەك دەربارەی ڕاوێژ

1- أبو حیان(رحمه الله) فەرموویەتی: ابن عَطية دە فەرموێت: (الشورى من قواعد الشريعة وعزائم الأحكام، من لا يستشير أَهل العلم والدّين فَعزلُه واجب، هذا ما لا خِلافَ فيه)[2]. واتە: ڕاوێژ لە بنچینەکانی شەریعەتە، هەر کەسێك ڕاوێژ نەکات بە ئەهلی زانست و ئاین، دوور کەوتنەوە لێی پێویستە، ئەمە شتێکە خیلاف تێدا نیە.

2- شیخ الإسلام ا بن تَیمِیَّة(رحمه الله) دە فەرموێت: (لا غنى لوَلِيِّ الأَمر عَنِ المشاوَرَة، لأنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) أُمر بذلكَ، وغَيرُه أَولى)[3]. واتە: هیچ کاربەدەستێك نیە پێویستی بە ڕاوێژ نەبێت، چونکە پێغەمبەری خودا بە ڕاوێژکردن فەرمانی پێکراوە کەواتە کەسیتر جگە لە پێغەمبەر زیاتر پێویستی بە ڕاوێژە.

---

(1) من أخلاق الرسولﷺ، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.370.

(2) البحر المحيط، أبو حيان الغرناطي، ج.3، ص.99.

(3) السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ابن تيمية، ص.135.

پلە و پایە و سوودەکانی ڕاوێژکردن لە( ) خاڵدا

1- یەکێك لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بریتیە لە سورەتی(الشّـــوری) ژمارە(42) لە ڕیزبەندی قورئاندا، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر پلە و گرنگی ڕاوێژکردن لە ئاینی ئیسلامدا.

2- ڕاوێژکردن فەرمانی خودایە بۆ پێغەمبەرەکەی. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ﴾ آل عمران. واتە: ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا.

3- ڕاوێژکردن یەکێکە لە ڕەوشت و سیفەتی بڕواداران. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ﴾ الشـورى. واتە: کاروباریان لە نێوان خۆیان هەردەم بەڕاپرسی و ڕاوێژکاریە.

4- لەبەر گرنگی و پلە وپایەی ڕاوێژ، خودای گەورە ڕاوێژکردنی خستۆتە نێوان دوو پایەی ئیسلام(نوێژ و زەکات)، خودای دلۆڤان فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ﴾ الشـورى. واتە: ئەوانەی بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە چوون و نوێژەکانیان بە ڕێکی ئەنجامداوە و کاروباریان لە نێوان خۆیان هەردەم بەڕاپرسی و ڕاوێژکاریە و دەبەخشن لەوەی پێمانداون.

5- ڕاستگۆنەبوون لە ڕاوێژ ناپاکیە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن استشارهُ أخوهُ المسلم، فأشارَ عليه بغيرِ رُشْدٍ، فقد خانَهُ}[1]. واتە: هەرکەسێك برایەکی موسڵمانی ڕایژی پێ بکات ئەویش ڕێنمایی بکات بە نادرووست ئەوە بێگومان ناپاکی لەگەڵ کردووە.

(1) أبو داود، الرقم(3657)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الوادعي في صحيح المسند(1336).

چەند نموونەیەك لە ڕاوێژی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵان

1- راوێژکردن بۆجەنگ دژی بێ بڕواکان لە(بەدر).

لە جەنگی بەدر ژمارەی موسڵمانان نزیکەی سێ سەد و چواردە کەس بوون، ئەوان کە لە شاری مەدینە دەرچوون بە مەبەستی ڕێگری کردن بوو لە کاروانی قورەیشیەکان بە ڕابەرایەتی أبو سُفیان(رضي الله عنه)، کە ژمارەی کاروانچیەکان تەنها چل کەس دە بوو، بەڵام دوای ئەوەی أبو سُفیان بە مەی زانی توانی کاروانە کە دەرباز بکات، لە هەمان کاتیشدا هەواڵە کەی گەیاندە قورەیش، دوای ئەوە قورەیشیەکان بە ژمارە یەکی زۆر دەوری نۆ سەد تا هەزار کەس دێن بۆ ناوچەی بەدر، لەوێ دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) زانی ڕوو بەڕووی جەنگێکی چاوەڕوان نەکراو دەبنەوە، بۆ یە هە ستا بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوەڵان بۆ ئەوەی ئا یە جەنگ بکەن یان نا، لە کۆچەربەکان چەند کە سێك وە کو أ بوبکر و عُ مر و مِ قداد هە ستان و قسەی زۆر جواذ یان کرد، بەڵام پێغەمبەری خودا هەر بەردەوام بوو لە ڕاوێژ کردن تا ئەوکا تەی سَعدی کوڕی مُعاذ هە ستا فەرمووی: پێدە چێت مەبە ستت ئێ مەی پ شتیوانان بێت، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ﴿ بەڵێ﴾، چونکە زۆربە ی سوپاکە لەوان پێک هاتبوو، ئەویش وتە یەکی ئەوەندە جوانی پێشکەش کرد بووە مایەیی دڵخۆشی بۆ پێغەمبەر و هاوەڵان[1].

2- ڕاوێژکردن سەبارەت بە دیلەکانی بەدر.

ع بداللە ی کوڕی ع باس(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: دوای ئەوەی مو سڵمانەکان کۆمەڵێك لە بێ بڕواکانیان بە دیل گرت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەبارەت بە دیلەکان ڕاو ێژی بە أ بوبکر و عُ مر(رضي الله عنهم) کرد و فەرمووی: ﴿بۆ چوونی ئ ێوە چییە دەربارەی ئەم دیلانە؟﴾، أبوبکر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوان ئامۆزا و خزم و هۆزی خۆتن، من وای بە چاك دەزانم ئازادیان بکەی بە فیدیە، ئەم فیدیە یەش بۆ ئێمە دەبێتە هێز و توانایەك دژی بێ بڕواکان و بە ئومێدی ئەوەش خودا هیدایەتیان بدات بۆ ئاینی ئیسلام، پا شان پێغەمبەری خودا فەرمووی: ﴿بۆ چوونی تۆ چییە ئەی کوڕی خطاب؟﴾، عُمر وتی: سوێند بە خودا ئەی پێغەمبەری خودا بۆ چوونی من وە کو أ بوبکر نییە، من دەڵێم: با بیانکوژین، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا لە سەر بۆ چوونەکەی أ بوبکر

(1) الرحيق المختوم، الكاندهلوي، ص.188.

هەموانی ئازاد کرد، هەرچەندە دوای ئەوە خودای گەورە ئا یەتی دابەزاند و گلەیی لە پێغەمبەر کرد سەبارەت بە ئازاد کردنیان بەم شێوەیە[1].

لە چەندین شوێنیتر پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەستاوە بە ڕاوێژکردن، بۆ نمونە لە جەنگی(ئوحود)، ئا یە لە ناو شاری مەدینە بن یان بچنە دەرەوەی شار. لە جەنگی(خەندەق) لەسەر ڕاوێژی سَلمان(رضي الله عنه) چاڵیان لێدا. لە جەنگی(خەیبەر) لە سەر ڕاوێژی حبّابی کوڕی مُنذِر(رضي الله عنه) شوێنی مەعەسکەری گوا ستەوە بۆ شوێنێکیتر...

3- ڕاوێژ کردنی پێشەوا أبوبکر لەگەڵ هاوەڵان(رضي الله عنهم).

لە مانگی(جُمادی الآخِرة) ساڵی سێزدەی ك، پێشەوا أبوبکر نەخۆش کەوت کە خەلیفەی موسڵمانان بوو، کاتێك نەخۆشیەکەی توند بوو پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات کۆمەڵێك هاوەڵانی کۆکردەوە پێی وتن: دوای مردنم کۆببنەوە، کێتان پێ باشە بیکەن بە خەلیفە، بەڵام دیار بوو هەر یەکیان دەیویست ئەم ئەرکە لە خۆی دوور بخاتەوە، بۆیە وتیان: تۆ بە خۆت یەکێك دەستنیشان بکە، ئەویش دوای بیرکردنەوە ویستی عُمر دابنێت، بانگی عبدالرحمن ی کوڕی عَوفی کرد فەرووی: بۆچوونت چییە سەبارەت بە عُمر؟ وتی: تۆ لە من باشتر دەیناسی. پاشان بانگی عُثمانی کرد، پاشان بانگی أُسَیدی کوڕی حُضَیری کرد، پاشان بانگی طَلحَةی کرد، هەموویان دەیان وت: عُمر شایستەترینیانە، بۆیە دوای کۆچی دوایی أبوبکر بە ڕاوێژ پێشەوا عُمر یان هەڵبژارد بۆ خیلافەت[2].

4- جارێکیان ئافرەتێکیان هێنا لای پێشەوا عُمر(رضي الله عنه)، ئەو ئافرەتە لە بیابان زۆر تێنووی دەبێت، دەچێتە لای شوانێك و داوای ئاوی لێ دەکات، شوانەکەش بۆ کاری نابەجێ داوای لێ دەکات، ئافرەتەکەش لە تێنان ناچار دەبێت خۆی بەدەستەوە بدات، بۆیە پێشەوا عُمر بۆ بەردباران(رَجْم) کردنی ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد، پێشەوا علی فەرمووی: من وای بە چاك دەزانم ئازادی بکەی، چونکە بە ناچاری کارەکەی کردووە. ئەوەبوو ئافرەتەکەی ئازاد کرد[3].

---

(1) السيرة النبوية، د.علي محمد الصلابي، ج.2، ص.57.

(2) المصدر السابق، ص.357.

(3) من أخلاق الرسول(ﷺ)، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.388.

النصيحة

ئامۆژگاری

پێناسەی ئامۆژگاری

النَّصيحَةُ لُغَةً: مُشتَقَّةٌ مِنْ نَصَحتِ العَسَلُ، إذا أَصفَيتَهُ[1].

قال أ بو عَ مرو بن صلاح(رحمه الله): النَّ صيحَةُ كَلِ مَةٌ جامِ عَةٌ، تَتَ ضَمَّنُ: قِ يامُ النّا صِحِ لِلمَنصوحِ لَهُ بِالخَيرِ، إرادَةً وفعلاً[2].

ا صطلاحاً: قال الجر جاني(رحمه الله): النُّ صْحُ: إِ خلاصُ العَ مَلِ مِنْ شَوائِبِ الفَ سادِ، النَّصيحَةُ: هِيَ الدُّعاءُ إلى ما فيهِ الصَّلاحُ، والنَّهْيُ عَمّا فيهِ الفَسادُ[3].

وشەی(النصيحة) لە زمانەوانیدا: وەرگیراوە لە پاڵاوکردنی هەنگوێن، ئەگەر بیپاڵێوی.

باوکی عەمری کوڕی صلاح فەرموویەتی: و شەیەکی کۆکەرەوە یە، لە خۆی دەگرێت: هەستانی ئامۆژگاری کار بە چاکە بۆ کەسی ئامۆژگار لێکراو، لە ڕووی ویست و کردار.

لە زاراوەییدا: جورجانی فەرموویەتی: وشەی(النُّصْحُ) پاکی کردەوەیە لە هەموو عەیب و پیسیەکانی گەندەڵی، وشەی(النَّصيحَةُ) داواکردنە

بۆ هەر شتێك کە چاکەی تێدا بێت، ڕێگری کرد نە لە هەموو شتێك کە خرا پەی تێدا بێت.

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.20.
(2) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.80.
(3) التعريفات، الجرجاني، ص.241.

پلە و پایە و سوودەکانی ئامۆژگاری لە( ) خاڵدا

1– ئامۆژگاری کردنی خەڵك پیشەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بووە.

خودای گەورە لەسەر زمانی نوح پێغەمبەر(عليه السلام) کاتێك لە گەڵ گەلە کەی دەدوێت، دە فەرموێت: ﴿وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ الأعراف. واتە: من ئامۆژگاریتان دەکەم و شتانێك لە گەورەیی و دەسەڵاتی خودا دەزانم کە ئێوە نایزانن.

هەروەها لە سەر زمانی هود پێغەمبەر(عليه السلام) کاتێك لە گەڵ گەلە کەی دەدوێت، دەفەرموێت: ﴿وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾ الأعراف. واتە: من بۆ ئێوە ئامۆژگارکارێکی دەستپاکم.

هەروەها لە سەر زمانی شُعَیب پێغەمبەر(عليه السلام) کاتێك لە گەڵ گەلە کەی دەدوێت، دەفەرموێت: ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْۖ فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ﴾ الأعراف. واتە: من ئامۆژگاریم کردن، جا چۆن خەم و خەفەت بخۆم بۆ گەلێکی بێ بروا.

هەروەها لە سەر زمانی صالِح پێغەمبەر(عليه السلام) کاتێك لە گەڵ گەلە کەی دەدوێت، دەفەرموێت: ﴿يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ الأعراف. واتە: ئەی گەلەکەم من بەڕاستی پەیامی پەروەردگاری خۆمم بە ئێوە گەیاند و ئامۆژگاریم کردن.

2– ئامۆژگاری کردن بە دڵسۆزی جۆرێکە لە تێکۆشان .

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ التوبة. واتە: ئەوانەی لاواز و بێ توانا و نەخۆشن و هەم ئەوانەی هیچیان نیە ببەخشن لە پێناو خودادا بۆ تێکۆشان ئەوانە هیچیان لەسەر نیە ئەگەر ئامۆژگاری خەڵك بکەن بۆ یەکتاپەرستی و بڕواهێنان و پابەندبوون بە ڕێبازی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

3– لەبەر گرنگی و پلە وپایەی ئامۆژگاری، پێغەمبـــــەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الدِّينُ النَّصيحَةُ}. قُلْنا: لمَنْ؟. قالَ: {للهِ ولكتابه ولرسوله ولأئمَّة المُسلمينَ وعامَّتهم}[1].
واتە: ئاین بریتیە لە ئامۆژگاری، تەمیمی داری(رَضيَ اللهُ عَنه) دەڵێت: وتمان: بۆ کێ؟

(1) المسلم، الرقم(55).

فەرمووی: بۆ خودا و پەرتۆکه کەی قور ئان و بۆ پێغەمبەرە کەی و پێ شەواکانی موسڵمانان و گشت موسڵمانان.

مەبەست: بۆ خودا: ئەوەیه پابەندبوون بە فەرما نەکان و رێ گری لە قەدە غەکراوەکانی خودا، بەو پەڕی دڵسۆزی بۆ پەرتۆکه کەی، وا تە: بڕوا بوون پـ ێی و جێبەجیٚ کرد نی و خوێند نەوەی. بۆ پێغەمبەرە کەی: ئەوە یە دوای بڕوا بوون پـ ێی پابەندبوو نە بە سوننەتەکانی. بۆ پێشەواکانی موسڵمانان: ئەوەیه لە قسەیان دەرنەچیت لە کاری چاکە. بۆ گشت موسڵمانان: ئەوەیە لە هەموو شتێك چۆن بۆ خۆت پێتخۆشە ئاواش بۆ ئەوانت پێخۆش بێت.

4- یەکێك لە مافەکانی موسڵمان ئامۆژگاریە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {حَقُّ المُسلم عَلى المُسلم ستٌ}. وا تە: ماف موسڵمان لەسەر موسڵمان شەش شتە، جا یەکێك لەوا نە، فەرمووی: {وإذا استنصحك فانصح له}[1]. واتە: ئەگەر داوای ئامۆژگاری لیٚ کردی تۆش ئامۆژگاری بکە.

5- لەبەر پلە و پایەی ئامۆژگاری دوای نوێژ و زەکات هاوەڵان پەیمانیان و بەیعەتیان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەدا بە ئامۆژگاری کردن.

جَریری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (بَايَعتُ رَسولَ الله(ﷺ) عَلى إقام الصَّلاة وإيتاءِ الزَّكاة والنُّصْحِ لكُلِّ مُسلمٍ)[2].

---

(1) المسلم، الرقم(2162)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(55)، ومسلم(56).

چەند وتەیەكی هاوەڵان و زانایان دەربارەی ئامۆژگاری

1- پرسیاریان لە عبداللە كوڕی عەبّاس كرد دەربارەی كاربەدەستی موسڵمانان: ئایە دەكرێت فەرمانی پێ بكەین بە چاكە و ڕێگری لێبكەین لە خراپە؟ فەرمووی: ئەگەر واتكرد و پێویستیش بوو وا بكەی ئەوا با ئامۆژگاریەكە لە نێوان خۆت و ئەودا بێت[1].

2- عُمری كوڕی عبدالعزیز(رحمە اللە) دەفەرموێت: كەمن ئەوا نەی و تار دەدەن و ڕێنموونی خەڵك دەكەن و هەوڵدەدەن لە پێناو خودا بە ئامۆژگاری كردنی خەڵك لە سەر زەویدا[2].

3- لە عبداللە ی كوڕی مُبارَك یان پرسی(رحمە اللە): با شترینی كردەوەكان چییە؟ فەرمووی: ئامۆژگاری لە پێناو خودای گەورە[3].

4- شێخ حَسَن ی بەصری(رحمە اللە) دەفەرموێت: ئیوا هەبوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیوت: سوێند بە خودا دەتوانم سوێند بخۆم خۆشەویسترین بەندەكانی خودا ئەوانەن كە خودا خۆشەویست دەكەن لە لایەن بەندەكان و بەندەكانیش خۆشەویست دەكەن لە لایەن خودای گەورە و لەسەر زەوی كاریان ئامۆژگاری كردنی خەڵكە[4].

5- حارِث ی موحاسیبی(رحمە اللە) فەرمووویەتی: بزانە: بێگومان ئەوكەسەی ئامۆژگاریت دەكات بەڕاستی تۆی خۆش ویستووە[5].

6- سُلَیمانی خەوواص(رحمە اللە) فەرمووویەتی: هەركەسێك ئامۆژگاری برای خۆی بكات بە تەنیایی و ذهێنی ئەوا ئامۆژگاری كردووە، هەركەسێكیش لە ناو خەڵكدا ئامۆژگاری براكەی بكات ئەوا بێگومان خەجاڵەتی كردووە[6].

(1) رواه ابن أبي شيبة، الرقم(37307)، وغيره.
(2) الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، ابن أبي الدنيا، ص.139.
(3) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.83.
(4) المصدر السابق، ص.82.
(5) رسالة المسترشدين، الحارث بن أسد المحاسبي، ص.71.
(6) الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، ابن أبي الدنيا، ص.99.

چەند نمونەیەك لە ئامۆژگاریەكانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و پیاو چاكان

1- نموونەیەك لە ئامۆژگاریەكانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئافرەتان.

عبداللە ی كوڕی عُمر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا بە ئافرەتانی فەرموو: «ئەی كۆمەڵەی ئافرەتان خێر و چاكە بكەن و زۆر ئیستیغفار بكەن، چونكە من ئێوەم بینی زۆر بەتان ئەهلی ئاگر بوون»، یا شان ئافرەتێكی ژیر و هۆشمەند وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لەبەر چی ئێمە زۆربەمان ئەهلی ئاگرین؟ فەرمووی: «ئێوە زمانتان لە خراپە بەكار دێنن لە جوێن و نەفرین و قسەی نا بەجێ، و بێ ئەمەكن و بێ وەفان بەرامبەر هاوسەرەكانتان»[1].

2- ئامۆژگاری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ علی كوری أبو طالب.

بُرَیدَةی كوڕی حَصیبی ئەسلەمی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا بە علی فەرموو: «دووبارە بەدوای یەكدا سەیری ئافرەتی نا مەحرەم مەكە چونكە بێگومان تەماشاكردنی یەكەمت بۆ هەیە بەڵام دووەمیانت بۆ ڕەوا نیە»[2].

3- جارێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی مُعاذی كوڕی جَبَل ی گرت پێی فەرموو: «ئەی مُعاذ سوێند بە خودا من تۆم خۆش دەوێت سوێند بە خودا تۆم خۆش دەوێت، وەسیەت بێت ئەی مُعاذ لە دوای هەموو نوێژێك بڵێ: خودایە یارمەتیم بدە بۆ یادی خۆت و سوپاسكردنی خۆت و پوختی پەرستنی خۆت»[3].

4- پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە أبو ذَر دەفەرمووێت: «ئەی أبو ذَر ئەگەر چێشتت لێنا مەرەگەی زیاد بكە و بەشی دراوسێیەكەت بدە»[4].

5- جابِر(رضي الله عنه) دەفەمروێت: كاتێك هۆزی(سەلەمە) ویستیان لە بەر دووریان باربكەن بێنە نزیك مزگەوتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە شاری مەدینە، پێغەمبەر پێی فەرموون: « لە خانووەكانتان بمێنن ئەوە پادا شتی هەنگاوەكانتان بۆ مزگەوت دەنووسرێت». دوو جار ئەمەی فەرموو[5]. بۆ ئەوەی لەم پادا شتە گەورەیە بێ بەش نەبن.

---

(1) المسلم، الرقم(79).

(2) أبو داود، الرقم(2149)، وغيره، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

(3) أبو داود، الرقم(1522)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(4) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(7818)، ومسلم(2625).

(5) البخاري، الرقم(656)، ومسلم(655).

6- عُقبَةی کوڕی عامِر(رضي الله عنه) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە چی رزگار دەبم لە دونیا و دوارۆژدا؟ فەرمووی: ﴿لە هەموو خراپەیەك زمانت بگرە، و تا بکرێت لە ماڵ بمێنەوە بۆ خودا پەرستی و بگریێ لەسەر تاوانەکانت﴾[1].

7- یەکێك لە ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ گەنجان ئەوەبوو، دەیفەمووو: ﴿ئەی کۆمەڵەی گەنجان هەرکەسێك لە ئێوە توانای جەستەیی و ماددی هەبوو با هاوسەرگیری بکات، چونکە ئەمە باشترین شتە کە چاو بپارێزیت لە خراپە و پاشترینە بۆ داوێن پاکی، هەرکەس نەیتوانی ئەمە بکات با بە ڕۆژوو بێت، ئەمە قەڵغانێکە ﴿لە خراپەکاری﴾ بۆ ئەو﴾[2].

8- جارێك یان پیاوێك لە لای عبدالله ی کوڕی مُبارَك(رحمه الله) پژمی و نەی وت: الحمدلله، عبدالله پێی وت: ئەگەر کەسێك بپژمێت سوننەتە چی بڵێت؟ پیاوەکە وتی: الحمد لله، عبدالله پێی وت: یَرحَمُكَ اللهُ[3].

9- شێخ عبدالبدیعی صَقر دەڵێت: جارێکیان لە ناو بەندینخانە لە پێش مرافیق گەیشتم بە زانای پایەبەرز(الهضیبي)، پێی وتم: لە ماوەی چەند ڕۆژ جارێك خەتمێکی قورئان دەکەی؟، وتم: لە هەر پازدە ڕۆژ جارێك، پێی وتم: جا چ شتێك ڕێگرە لەوەی لە هەر سێ رۆژ خەتمێك بکەی؟ دەتوانی دوای هەر نوێژێکی واجب دوو جوزئی قورئان بخوێنی، لە کاتێکدا بە دەستنوێژەوە ئەوە بکە، چونکە هەلێکە هەرگیز دوو بارە نابێتەوە[4].

10- ئامۆژگاریش حیکمەت و لێزانینی دەوێت.

حَمدون ی کوڕی أبو الطّوسي(رحمه الله) دەفەرموێت: لە عبدالله ی کوڕی مُبارَکم بیست فەرووی: جارێکیان لە شام لە شاری(بَیروت) بە خزمەت پێشەوا الأوزاعي(رحمه الله) گەیشتم. هەڵبەتە ئەو یەکێك بوو لە تابیعین و زاناگەورەکانی سەردەمی خۆی، بە خراپە باسی أبو حَنیفة ی کرد، عبدالله دەڵێت: منیش بێدەنگ بووم گەڕامەوە ماڵ، دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە خزمەتی، چەند پەڕاوگەیەکیشم لە نووسینەکانی أبو حَنیفة پێ بوو،

---

(1) الترمذي، الرقم(2406)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) البخاري، الرقم(5066)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

(3) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.6، ص.211.

(4) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.23.

فەرمووی: ئەمە چییە؟ منیش دامەدەستی و دوای خوێندنەوەی زۆر بە سەرسامیەوە وتی: ئەمە هی کێن؟ نُعمانی کوڕی ثابت کێیە؟ وتم: ئەمە أبو حَنیفەیە کە تۆ باست کرد، بە بیدعەچی ناوت هێنا، لەو کاتەدا پێشەوا ئەوزاعی تەوبە و ئیستیغفاری کرد وتی: من هەڵە بووم، لەلای من بە شێوەیەکیتر باسی ئەو زانایەیان کردبوو[1].

11- گەنجێکی موسڵمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێکیان بە سەیارەکەم ڕۆیشتم بۆ هەندێك شتی پێویست، لە ڕێگا گەنجێکم بینی لە ناو سەیارەکەی دانیشتبوو لە بەردەم قوتابخانەیەکی کچانەوە ستابوو، زۆر بە وردی سەیری کچەکانی دەکرد ئەو لە بەر سەرقاڵ بوونی خۆی منی نەبینی، منیش سەرەتا زۆر خێرا تێپەڕیم، پاشان بڕیارمدا بچم چەند ئامۆژگاریەکی ئەو گەنجە بکەم، ئەوەبوو بەترسەوە گەڕامەوە بۆ لای نەمدەزانی کاردانەوەکەی چۆن دەبێت، ئیتر لە سەیارەکەم دابەزیم و چوومە لای و سەرەتا سەلامم لێ کرد، پاشان پێم وت: برام ئەگەر ئەو کچانەی تۆ بەم شێوەیە سەیریان دەکەی کچی تۆ بن یان دایك و خوشکی تۆ بن ئایە حەزدەکەی خەڵك بەم شێوەیە سەیریان بکات یاخود ئازاریان پێ بگەیێنن؟ لەگەڵ قسەکانم بینیم فرمێسك لە چاوەکانی دێنە خوار، پاشان بەجێم هێشت، بەڵام ئەو منی وەستاند و داوای ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکەی منی کرد، منیش پێم دا، دوای چەند ڕۆژێك هاتە ماڵمان بینیم زۆر گۆڕاوە و نوری بڕوا لە ڕوخساری دەدرەوشایەوە، بەیەکەوە دانیشتین، ئەو باسی ئەو هەموو تاوانانەی دەکرد کە بە هۆی فەراغی ڕوحی تووشی ببوو، دەیوت: ئەبێ چۆن تۆڵەی ئەو هەموو تەمەنە بەسەرچووەی بکاتەوە؟ منیش ئەم ئایەتەم بۆ خوێندەوە: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴿٥٣﴾﴾ الزمر. زۆر دڵی خۆش بوو بەمە، ئیتر ماڵ ئاوایی کرد و ڕۆیشت، بەڵام بەڵێنی لێ وەرگرتم و سەردانی بکەم، منیش دوای ماوەیەك چووم بۆ سەردانی، لە دەرگا مدا، پیاوێکی بەتەمەن هاتە دەرەوە، دیار بوو باوکی بوو، دوای سەلام پرسیاری کوڕەکەیم لێ کرد، دیار بوو زۆر بە خەمەوە وتی: خودا لێی خۆش بێت، پاشان فەرمووی: بەڕاستی کۆتایی تەمەن زۆر گرینگە، پاشان کەمێك باسی ئەوی بۆ کردم کە چۆن تەوبە کارێك بوو لە کۆتایی ژیانیدا، ئیتر دوای ئەمە منیش بڕیارمدا بەردەوا ئامۆژگاری خەڵك بکەم[2].

(1) تأريخ بغداد، الخطيب البغدادي، ج.13، ص.338.

(2) موسوعة اللأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.23.

الدعوة

بانگەوازی کردن بۆ لای خودای گەورە

واتای بانگەوازی

الدَّعوَةُ في اللغة: هِيَ النِّداءُ والطَّلَبُ[1].

الدَّعوَةُ إلى الله في الاصْطِلاحِ: هِيَ الدَّعوَةُ إلَى الإيمانِ بِهِ، وبِما جَاءَتْ بِهِ رُسُلُهُ[2].

وقيل: هِيَ تَبليغُ الإسلامِ لِلنّاسِ، وتَعليمُهُ إيّاهُم، وتَطبيقُهُ في واقِعِ الحَياةِ[3].

وقيل: هِيَ إبلاغُ النَّاسِ دَعوَةَ الإسلامِ، في كُلِّ زَمانٍ ومَكانٍ، بِالأساليبِ وَالوَسائِلِ، الَّتي تَتَناسَبُ مَعَ أحوالِ المَدعُوِّينَ[4].

واتە: دەعوە لە زمانەوانیدا: بە واتای بانگکردن و داواکردن دێت.

بانگکردن بۆ لای خودا لە زاراوەییدا: بانگەوازی کردنە بۆ بڕواهێنان بە خودا و بەو شتانەش کە پێغەمبەران هێناویانە.

وتراوە: بانگەوازی گەیاندنی ئیسلامە بە خەڵك، شارەزا کردنی خەڵکە لە ئیسلام، و بەرجەستەکردنیەتی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

وتراوە: بانگەوازی گەیاندنی پەیامی ئیسلامە بە خەڵك لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا، بە هەموو ئەو شێوە و هۆکارەنەی کەوا دەگونجێن لەگەڵ بارودۆخی خەڵك.

(1) أساس البلاغة، الزمخشري، ج.1، ص.181.
(2) مجموع فتاوى، ابن تيمية، ج.15، ص.175.
(3) المدخل إلى علم الدعوة، محمد البيانوني، ص.17.
(4) مستلزمات الدعوة في العصر الحاضر، علي صالح المرشد، ص.21.

پلە و پایە و سوودەکانی بانگەوازی کردن بۆ لای خودا لە( ) خاڵدا

1- بانگەواز کردن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

چونکە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە بانگەوازی کردنی خەڵك، دە فەرموێت: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ﴾ النحل. واتە: بانگەوازی خەڵك بکە بۆ ڕێبازی ئاینی خودا بە دانایی و ئامۆژگاری چاك.

2- بانگەواز کردن گرتنەبەری ڕێبازی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

لەبەر ئەوەی یەکەم بانگەواز کار لە ئیسلام پێغەمبەر بوو.

خودای بەتوانا فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٤٥ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ۝٤٦﴾ الأحزاب. واتە: ئەی پێغەمبەر بەڕاستی ئێمە تۆمان ناردووە بۆ خەڵك به شایەت و موژدەدەر و ترسێنەر و بانگخواز بۆ لای خودا بە فەرمانی ئەو و چرایەکی ڕووناککەرەوەی بۆ هەموو لێشێواوەکان.

3- بانگەوازی پیشەی گشت پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بووە.

خودای بەتوانا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ۝٣٦﴾ النحل. واتە: بێگومان لە ناو هەموو ئوممەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە بەوەی کە پێیان بڵێت الله بپەرستن و دوورکەونەوە لە هەموو پەرستراوێکیتر.

4- وتەی بانگەوازکار باشترین وتەیە لەلایەن خودا.

خودا فەرموویەتی: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ ۝٣٣﴾ فصلت. واتە: کێ وتەی چاکترە لەو کەسەی خەڵك بانگ دەکات بۆ لای خودا.

5- بانگەواز کردن بە جێگەیاندنی فەرمان و وەسیەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

هەروەکو پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {بَلِّغوا عَنِّي وَلَو آيَةً}[(1)]. واتە: لە منەوە ئەم پەیامە بگەیێنن هەرچەندە یەك ئایەتیش بێت.

6- بانگەوازی دەبێتە مایەی ئیقامەی حوججەت لەسەر خەڵك لە دوارۆژدا.

هەروەکو خودا دە فەرموێت: ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ ۝١٦٥﴾ النساء. واتە: پێغەمبەران موژدە دەرن بۆ بڕواداران،

(1) البخاري، الرقم(3461)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

ترسێنەرن بۆ یاخیبوان، بۆ ئەوەی نەمێنێت بۆ خەڵکی لە سەر خوداوە بەڵگە لە دوای ناردنی پێغەمبەران.

7- بانگەوازی هۆکاری نەمانی گەندەڵیە لەسەر زەوی.

خودا فەرموویەتی:﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ﴾ هود. واتە: دەی با ببوایە لە ناو ئەو ئوممەتانەی کە لە پێش ئێوەدا بوون کەسانی خاوەن ئاین و ژیری کە بەرگرییان بکردا یە لە خراپەکاری لە زەویدا مەگەر کەمێك لەوانەی ڕزگارمان کردن لەو گەلانەدا.

8- پاداشتی بانگەوازی وێنەی کەمە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە جەنگی خەیبەر بە علی(رضي الله عنه) فەرموو: {فوالله لأنْ يهديَ الله بكَ رجُلًا واحدًا خيرٌ لكَ من أنْ يكونَ لكَ حُمْرُ النَّعَمِ}[1]. واتە: سوێند بە خودا ئەگەر بە هۆی تۆوە خودا یەك کەسَ هیدایەت بدات باشترە بۆ تۆ لە وشتری سۆر.

هەڵبەت: ئەم جۆرە وشترە بە نرخترین وشتر بووە لە ناو کۆمەڵگای عەرەبی.

9- بەهۆی بانگەواز بانگەوازکار لە سزای خودا ڕزگار دەبێت.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ﴾ الأعراف. واتە: کاتێك ئەوەی پ ێی ئامۆژ گاری کرا بوون لە بیر یان چوو ئەوا نەی ڕێگر یان دە کرد لە خرا پە ڕزگارمان کردن و ئەوانەی کە ستەمیان کرد هەموو تاوانێك سزامان دان بە سزایەکی زۆر خراپ بەهۆی دەرچوونیان لە فەرمانی خودا.

10- خودا کەسی بانگەوازکار گەشاوە دەکات و دەکەوێتە بەر بەزەیی خودا.

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم نزا یەی بۆ کردووە، فەرموو یەتی: {نضَّر اللَّهَ امرأً سمِعَ منَّا حديثًا فحفظَهُ حتَّى يبلِّغَهُ غيرَهُ}[2]. واتە: خودا ئەو کە سە گە شاوە دکات کە فەرموودەیەکی لە ئێمە بیستبێتَ پاشان پاراستی تا دەگەیێنێتە کەسێکیتر.

11- بەهۆی بانگەواز کردن موسڵمان لە زەرەرمەندان هەژمار ناکرێت.

(1) البخاري، الرقم(4210)، عن سهل بن سعد الساعدي(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(94)، عن زيد بن ثابت(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣﴾ العصر. واتە: سوێند بە کات، بێگومان ئادەمیزاد لە زیاندایە، تەنها ئەوانە نەبن کە بڕوا یان هێنا و کردەوەی چاکیان کرد و ئامۆژگاری یەکتریان کرد بە شتی ڕەوا پابەندبوون بە ئاینی حەق و ئامۆژگاری یەکتریان کرد بە ئارام گرتن لەسەر ناخۆشیەکان.

12– پاداشتی بانگەوازی بڕانەوەی نیە، تەنانەت دوای مردنیش.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن دَعا إلى هُدًى، كانَ له مِنَ الأجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَن تَبِعَهُ}[1]. واتە: هەر کەسێك بانگەوازی خەڵك بکات بۆ هیدایەت، بۆی هەیە بە قەد پاداشتی ئەوانەی شوێنی کەوتوون.

(1) المسلم، الرقم(2674)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند ڕووداوێك لە ژیانی بانگەوازكارانی ئیسلام

1- یە كەم باز گەوازكار لە ئیسلام پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو، دوای سێ ساڵ بانگەوازی بە نهێنی لە شاری مەككەی پیرۆز و موسڵمان بوونی پۆلێك لە گەنجانی قورەیش لە سەر دەستی ئەو، وەكو خدیجة و أبوبكر و علی و زید و خبّاب و عمّار و بلال..، هەروەها موسڵمان بوونی شەش كەس لە دە موژدەپێدراوەكان ئەوانیش بریتی بوون لە زُبَیری كوڕی عَوّام و عُثْمانی كوڕی عَفّان وطَلْحَةی كوڕی عُبَیداللە و سَعْدی كوڕی أبی وَقّاص و أبو عُبَیْدَةی كوڕی جَرّاح و عبدالرحمنی كوڕی عَوْف(رضي الله عنهم)، و چەندی تر، دوای ئەمە پێغەمبەری خودا بە فەرمانی خودا دەستی كرد بە ئا شكرا كرد نی بانگەوازەكەی لە هۆز و خزمە نزیكەكانی بە: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾الشعراء. دەستی پێكرد، هەرچەندە خۆی و هاوەڵانی دووچاری ئازار وئە شكەنجەی زۆر بوون، بەڵام هەر بەردەوام بوون بۆ ماوەی دە ساڵێتر، هەر بە ئەوە ندە نەوستان بەڵكو بۆ گەیا ندنی پەیامی خودا هەوڵ یدا لە دەرەوەی مەككە شدا باز گەواز بكات، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوە بوو خۆی و زیدی كوڕی حارثة ڕوو یان كردە شاری(طائف) نزیكەی شێست میل لە مەككە دوورە، بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەوێ بانگەوازی كرد، بەڵام ئەو خەڵكە نەك تەنها پەیامە كەیان نەوی ست بەڵكو بە بەردباران برێ نداریان كردن، دوای دووركەوتنەوەیان سێ میل لە طائِف بە مەبەستی پشوودان چوونە ناو باخچەی(عُتبَة و شَیبَة)، ئەوانیش كەمێك بەزەییان هات، بۆیە هەندێك ترێیان بە عَدّاس دا بۆی نارد، دوای گفتوگۆیەك عَدّاس موسڵمان بوو[1].

2- بەهۆی بانگەوازەكەی هەموو بەرەبابەكەی موسڵمان بوون.

طُفَیلی كوڕی عەمر(رضي الله عنه) لەسەردەمی نەفامیدا گەورەی هۆزی(دەوس) بوو، هەروەها كەسێكی شاعر و ژیر و تێگەیشتوو بوو، دەڵێت: جارێكیان چووم بۆ شاری مەككە بەمەبەستی زیارەتی كەعبە و بتەكان، هەر كە گەیشتم سەرانی قورەیش بە جوانتریت شێوە پێشوازیان لێ كردم و سەبارەت بە محمدیش ئاگاداریان كردمەوە، وتیان: ئەو پیاوەی بە حیسابی خۆی پێغەمبەرە، بەڵام دووبەرەكی خستۆتە نێوانمان بە شێوەیەك كوڕ و باوك و ژن و مێرد و برا و برای لە یەك كردوون، بەهۆی جۆرە وتە یەك وەكو جادوو وایە، طُفَیل دەڵێت: سوێند بە خودا بە شێوەیەك منیان ترساند بڕیارمدا بە

---

(1) الرحيق المختوم، المباركفوري، ص.65.

هیچ شێوەیەك گوێی بۆ نەگرم و قسەی لەگەڵ نەکەم، بەڵام کاتێك چووم بۆ لای کەعبە بینیم محمد وا لە لای کەعبە نوێژ دەکات بە شێوەیەکی جیاواز لە نوێژ و خواپەرستی ئێمە، منیش بە هەندێك لۆکە گوێیەکانم توند گرت بۆ ئەوەی گوێم لە قسەکانی نەبێت، بەڵام بەبێ ویستی خۆم لێی نزیك کەوتمەوە و گوێبیستی هەندێك لە وتەکانی بووم، زۆر سەرنج ڕاکێش بوون، بۆیە بە خۆم وت: دەك داوە شێی ئەی طُفَیل بە حیساب تۆ کەسێکی شاعیر و زیرەکی چۆن ناتوانی شتی باش و خراپ لە یەك جیا بکەیتەوە، چی وای لێکردی گوێی بۆ نەگریت، بۆیە بڕیارمدا ئیتر گوێی بۆ بگرم وتم: ئەگەر وتەکانی باش بوون وەری دەگرم و ئەگەریش خراپ بوون وەریان ناگرم، دەڵێت: دوای ئەوەی لە نوێژ بوویەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ، منیش لە گەڵی چووم، پێیم وت: سەبارەت بە تۆ گەلەکەت منیان زۆر ترساند، بەڵام هەندێك شتی زۆر جوانم لە تۆ بیست، بۆیە دەمەوێت پەیامەکەتم بۆ باس کەی، ئەوەبوو سوڕەتی(إخلاص و الفلق)ی بۆ خوێندمەوە، پاشان طُفَیل موسڵمان بوو، طُفَیل دەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەمەوێت بچم گەلەکەم بانگ بکەم بۆ ئیسلام، دەمەوێت نیشانەیەکم پێ بدەی، پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {اللّهمَّ اجعل لَهُ آيةً}. دوای ئەوەی گەڕامەوە و نزیك بوومەوە ڕووناکییەك لە نێوان چاوەکانم پەیدا بوو، وتم: خودایە داوات لێ دەکەم ئەم نیشانەیە بێتە شوێنێکیتر، نەوەك خەڵکەکەم وا بزانن بەهۆی دوورکەوتنەوەم لە ئاینی ئەوان بتەکان ئەوەیان بەسەر هێناوم، ئیتر دەست بەجێ ڕووناکیەکە هاتە سەری قامچیەکەم، کاتێك گەیشتمەوە ماڵ سەرەتا باوکم ویستی بێت بۆ لام پێم وت: دوورکەوە لێم، وتی: بۆ چی بووە ڕۆڵەکەم؟ وتم: من موسڵمان بووم، وتی: کوڕم ئاینی تۆ ئاینی منیشە، ئەوە بوو دەستبەجێ موسڵمان بوو، پاشان هاوسەرەکەم هات پێم وت: دوورکەوە لێم من و تۆ پەیوەندیمان بەیەکەوە نیە، وتی: بە دایك و باوکەوە بە فیدات بم بۆ چی بووە؟ وتم: من موسڵمان بووم، وتی: ئیتر ئاینی تۆ ئاینی منیشە، وتم: کەواتە بڕۆ خۆت خاوێن بکەوە لە پیسی بتەکان، وتی: ئەی ئەگەر بتەکان زیانیان بە خۆم و منداڵەکانم گەیاند؟ وتم: دەك هەموویان لەناوچن، من کەفیل ئەوان هیچیان لە دەست نایێت، ئەویش دەستبەجێ موسڵمان بوو، پاشان بەردەوام بووم لە بانگکردنی گەلەکەم، بەڵام جگە لە أبو هُرَیرَةکەسیتر وەڵامی بانگەوازەکەی نەداوە، بۆیە جارێکیتر گەڕامەوە بۆ مەککە لە گەڵ أبو هُريرة، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: «چیت کرد؟». وتم: گەلەکەم بە تاوان دڵیان

داپۆشراوە، بۆیە ناتوانن حەق و ڕاستی ببینن، ئەوە بوو پێغەمبەری خودا دە سنوێژی هەڵگرت و نوێژێکی کرد، پا شان دە ستەکانی بەرز کرد نەوە بۆ نزا کردن، أبو هُرَیرَة دەڵێت: من زۆر ترسام وامزانی دوعایان لێ دە کات، بۆ یە وتم: ئەی هاوار بۆ گەلە کەم، ئێستا هەموویان بە هیلاك دە چن، بەڵام بیستم لە دوعاکانیدا دەیفەرموو: {اللّهَمَّ اهْدِ دَوساً... اللّهَمَّ اهْدِ دَوساً.. }. پاشان بە طُفیل ی فەرموو: ئێستا بگەڕێوە ناو گەلە کەت بە نەرمی بانگەوازیان لەگەڵدا بکە، دەڵێت: گەڕا مەوە بەردەوام بانگەوازم لە گەڵ دەکردن ئەوە بوو دوای کۆچکردن و بەدر و ئوحد و خەندەق خۆم و هە شتا خێزان کە موسڵمان ببوون چووینە خزمەت پێغەمبەری خودا[1].

3– لەسەرەتای جەنگەکە بێ بڕوا بوو لە کۆتایی جەنگەکە شەهید بوو.

ابن جریری تەبەری(رحمه الله) ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە: لە جەنگی(یەڕموك) لە ساڵی (13) ك ڕوویدا لە نێوان موسڵمانان بە سەرکردایەتی خالدی کوڕی وەلید کە ژمارە یان چل هەزار جەنگاوەر بوو و ڕۆمەکان بە سەرکردایەتی جۆرج کە ژمارەیان دوو سەد و چل هەزار کەس بوو.

پێش دستپێکردنی جەنگ جۆرج داوای دەرکەوتنی کرد مُبارزە لە گەڵ خالد، دوای ئەوەی هەردووکیان لەیەك نزیك بوونەوە لە نێوان هەردوو سوپادا جۆرج بە خالدی وت: دەمەوێت چەند پرسیارێکت ئاراستە بکەم، بەڵام دە مەوێت بەڕا ستی وەڵا مم بدەیتەوە ئایە ڕاستە خودا لە ئاسمان شمشرێکی دابەزاندووە و پێغەمبەریش بە تۆی بەخشیوە؟ بۆیە لەگەڵ هەر کەسێك بجەنگی دەیبەزێنی، خالد فەرمووی: نەخێر هیچ شمشێرێك لە ئاسمان بۆم دانەبەزیوە بەڵکو خودا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین هەندێکمان بە ڕاستمان زانی و شوێنی کەوتین و هەندێکیشمان بە درۆمان زانی و دژی وەستاین، من یەکێك بووم لە سەرەتا دژی وەستام تا ئەوکا تەی خودا هیدایەتیدام و بڕوام هێنا، لەوکاتە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرمووم: تۆ شمشێرێکی لە شمشێرەکانی خودا هەڵکێشاوە لە سەر هاوبەشپەرستان. پاش ئەوەی جۆرج دڵی نەرم بوو بۆ ئاینی ئیسلان وتی: خالد ئێستا تۆ داوای چیم لێ دە کەی؟ خالد فەرمووی: بڵێ (لاإله إلا الله محمد رسول الله)، وتی: ئەی پلە و پایەی ئەوکەسەی تازە موسڵمان دەبێت چیە؟ خالد فەرمووی: لەگەڵ ئێمە جیاوازی نیە، جۆرج وتی: ئەی لە پادا شت لای خودا؟ چونکە

(1) صور من حياة الصحابة، مصطفى محمد أبو المعاطي، ج.1، ص.31-36.

ئێوە لەمە پێش ئێمە کەوتوون، خالد فەرمووی: نەخێر، بەڵکو ئێوە لە ئێمە گرینگترن، چونکە ئێمە لە گەڵ پێغەمبەر دا بووین کە وەحی بۆ دەهات و گوێبیستی و تەکانی دەبووین، موعجیزەکانمان دەبینی، کەواتە ئەوەی ئەمانە ببینێت حەقە لە جێی خۆیەتی موسڵمان بێت کەچی ئێوە هیچ شتێکتان لەمانە نەبینیوە، بۆیە ئەگەر یەکێك لە ئێوە موسڵمان ببێت لای خودا بەڕێزترە، ئەوجا جۆرج بە حەق شەهادەی هێنا، پاشان خالد لەگەڵ خۆی برد بۆ ناو خێمەکەی خۆی و لەوێ غوسلی بۆ کرد، و فێرە نوێژی کرد و دوو ڕەکەعەت نوێژی کرد، پاشان لەگەڵ خالد چوو بۆ شەڕ، لە کۆتاییدا ئەنجامی جەنگە کە سەد و بیست هەزار لە ڕۆمەکان کوژران، شەش هەزار موسڵمان شەهیدبوون، جۆرجی سەرکردەش یەکێك بوو لە شەهیدەکان، جەنگە کەش بە سەرکەوتنی موسڵمانەکان کۆتایی هات[1].

4- یەکەم بانگەوازکار بۆ شاری مەدینە مُصعَب ی کوڕی عُمَیر(رضي الله عنه) بوو، ئەم هاوەڵە بەڕێزە یەکێك بوو لە وانەی هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلام موسڵمان بوو، هەروەها بۆ حەبەشە کۆچی کرد، دوای گەڕانەوەی لە حەبەشە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ناردی بۆ مەدینە بۆ بانگەوازی و ئاشناکردنیان بە ئیسلام، هەروەها لە گەڵ پێغەمبەری خودا و هاوەڵان لە جەنگی بەدر بەشدار بوو، لە جەنگی ئوحودیش هەڵگری ئاڵای کۆچبەرەکان بوو تاوەکو إبنُ قَمِئَة هەردوو دەستی پەڕاند، پاشان ئاڵاکەی بە قۆڵەکانی گرت، پاشان بە ڕمێك لێیدا، مُصعَب تا گیانی سپارد دەیفەرموو: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ﴾ آل عمران. دوای شەهید بوونی عبدالله کوڕی عُمَیر دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا چووە لای تەرمەکەی و فەرمووی: ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ﴾ الأحزاب.

سەبارەت بە مُصعَب، خبّاب(رضي الله عنه) دەفەرموێت: کاتێك لە جەنگی ئوحود مُصعَب شەهید بوو جل و بەرگەکەی خۆی بەشی کفن کردنی نەدەکرد، ئەگەر لای سەریمان پێ داپۆشیبا لای پێیەکانی بەدیار دەکەوت، ئەگەر لای پێیەکانیشمان داپۆشیبا ئەوا لای سەری بەدیار دەکەوت، پاشان بە فەرمانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە جلەکانی لای سەرمان داپۆشی و لای پێیەکانیش بە هەندێك گیای بۆن خۆش دامان

(1) کن صحابیا، راغب السرجاني، ج.11، ص.12.

پۆشی[1].

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.25.

الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر

فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە

پێناسەی چاكە و خراپە

المعروف اصطلاحاً: اسمٌ جامعٌ لِكُلِّ ما عُرِفَ من طا عةِ اللهِ والتَّقرُّبِ إلا يه، والإحْسانِ إلى الناسِ، وكلُّ ماندَّبَ إليهِ الشَّرعُ، ونَهى عنهُ مِنَ المَحَسَّناتِ والمُقَبَّحاتِ[1].

وقيلَ: هُوَ كُلُّ ما يُحسَنُ في الشرعِ[2].

المُنْكَرُ اصطلاحاً: كُلُّ ما قَبَّحَهُ الشَّرعُ وحَرَّمَهُ وكَرِهَهُ[3].

وقيلَ: ما عُرِفَ قُبحُهُ شَرعاً وعَقلاً[4].

وقيلَ: كُلُّ قَولٍ وفِعلٍ وقَصَدَ قُبْحَهُ الشّارِعُ ونَهَى عَنْهُ[5].

واتە: (المعروف) لە زاراوەی شەرعدا: ناوێكی گشتیە بۆ هەر شتێك د یار و زا ندراو بێت لە گوێڕایەڵی خودا و نزیك بوونەوە لە خودا و چاكەكردن لە گەڵ خەڵك، و هەر شتێكیش شەرع ڕێگای پێدابێت یان قەدەغەی كردبێت، جا شتەكە لە خودی خۆی جوان بێت یا ناشرین.

وتراوە: چاكە هەر شتێكە كە لە شەریعەت بە باش داندرابێت.

(المُنكر) لە زاراوەی شەرعدا هەر شتێك كە شەرع بە نا شرینی دانابێت و قەدە غەی كردبێت و بە ناپەسەندی دانابێت.

وتراوە: خرابە ئەو شتەیە بە ناشرین ناسرابێت بە شەرع و بە عەقڵ.

وتراوە: هەر گوفتارێك یان ڕەفتارێك خودای گەورە بە نا شرین و خرا پی دانابێت و قەدەغەی كردبێت.

---

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.9، ص.240.

(2) التعريفات، الجرجاني، ص.221.

(3) لسان العرب، ابن منظور، ج.5، ص.233.

(4) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، عبدالرحمن السعدي، ج.1، ص.406.

(5) الحسبة في الإسلام، الشهاوي، ص.9.

پلە و پایە و سوودەکانی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە( ) خالّدا

1− بەهۆی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە موسڵمانان دەبن بە باشترین ئوممەت.

خودای بالاّدە ست فەرموو یەتی: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ ﴿١١٠﴾﴾ آل عمران. واتە: ئێوە موسڵمانان با شترین ئو مەت بوون بۆ خەڵکی هێندرابێ نە دی فەرمان دەدەن بە چاکە و ڕێ گری دەکەن لە خراپە و بڕوا دەهێنن بە خودا.

2− فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە هۆکاری سەرفرازیە.

خودا فەرموویەتی: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾﴾ آل عمران. وا تە: دە با هەبن لە ناو ئێوەدا کۆمەڵە کەسانێك بانگەواز بکەن بۆ کاری باش و فەرمان بکەن بە هەموو کارێکی باش و ڕێگری بکەن لە هەموو ناڕەوایەك، ئا ئەوانە سەرفراز و سەرکەوتوون.

3− یەکێك لە سیفەت و ڕەوشتە تایبەتەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمان بە چاکە و قەدە غە کردن لە خرا پە بوو. هەروەک دەربـارەی پێغەمبەر خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴿١٥٧﴾﴾ الأعراف. واتە: فەرمانیان پیێ دەکات بە چاکە و ڕێگرییان لیێ دەکات لە خراپە.

4− فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە نیشانەی بڕواداریە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴿٧١﴾﴾ التوبة. واتە: پیاوان و ئافرە تانی بڕوادار دۆ ست و پاڵپشتی یەکترن، فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری دەکەن لە خراپە.

5− ئەوانەی فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێ گری لە خرا پە دە کەن بەر بەزەیی خودا دەکەون.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾﴾ التوبة. وا تە: پ یاوان و ئافرەتانی بڕوادار دۆست و پاڵپشتی یەکترن، فەرمان بە چاکە دە کەن و ڕێ گری دە کەن

له خرا پە و بە ڕێ کی نو ێژەکان ئەنجام دەدەن و دەبەخ شن زە کاتی ماڵی خودا و گوێڕا یەڵی خودا و پێغەمبەرەکە شی دە کەن، ئا ئەما نە خودا بەزیی پێ یان دێ تەوە، بەڕاستی خودا باڵادەست و دانایە.

6- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە هۆکاری ڕزگاربوونە لە بەڵا و موسیبەت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) نموونەیەك دێنیتەوە بۆ ئەوانەی خراپە دەکەن و ئەوانەی خرا پە ناکەن کە دەبێت دە ستیان بگرن بۆ ئەوەی خرا پە نە کەن، دە فەرموێت: نموو نەی ئەوانە وەکو ئەو سەرنشینانەن کە بەیەکەوە لە ناو کەشتیەکی دوو قات بن، ئەوا نەی لە خوارەوەن دەڵێن: بۆ کەشتیەکە کون نەکەین؟ بۆ ئاو، بۆ ئەوەی ئەوا نەی لە سەرەوەن بەهۆی هاتووچۆی ئێمە زیانیان پێنەگات، جا ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لێیان بگەڕێن کە شتیەکە کون بکەن ئەوە هەموویان لە ناو دە چن، بەڵام ئە گەر دە ستیان بگرن لێنەگەڕێن ئەم کارە بکەن سەرئەنجام هەموویان ڕزگار دەبن[(1)].

7- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە مایەی سڕینەوەی تاوانەکانە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {فِتْنَةُ الرَّجُلِ في أهْلِه ومالِه ونَفسِه ووَلَدِه وجارِه، تُكَفِّرُها الصَّلاةُ والصَّدَقَةُ، والأمْرُ بالمَعروفِ والنَّهْيُ عَنِ المُنْكَرِ}[(2)]. واتە: پیاو تووشی تاوان دەبێت بەهۆی کەمتەرخەمی بەرامبەر خێزانەکەی و ماڵەکەی و خودی خۆی و منداڵەکەی و دراو سێیەکەی، ڕۆژوو و نو ێژ، و فەرمان بە چاکە و ڕێ گری لە خرا پە دەبنە هۆی سڕینەوەی ئەم تاوانانە.

8- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

هەروەکو خۆی فەرموو یەتی: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ ١٠٤﴾ آل عمران. واتە: دەبا هەبن لە ناو ئێوەدا کۆمە ڵە کەسانێك بانگەواز بکەن بۆ کاری باش و چاك و فەرمان بکەن بە هەموو کارێکی ڕەوا و درووست و ڕێگری بکەن لە هەموو نارەوایەك.

9- ڕێگری کردن لە خراپە بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

(1) البخاري، الرقم(2493)، عن النعمان بن بشير(رضي الله عنهما).

(2) البخاري، الرقم(525)، ومسلم(144)، عن حذيفة بن اليمان(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {مَن رأَى منكُم منْكَراً فَلْيُغيِّرْه بيده، فإنْ لَمْ يَستطِعْ فَبلسانه، فإنْ لَمْ يَستَطِعْ فَبِقَلْبه، وذلك أضْعَفُ الإيمان}[1]. واته: هەركەسێك لە ئێوە شتێكی خراپی بینی با بە دەستی خۆی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمان بیكات، ئەگەر نەیتوانی با بە دڵ پێی ناخۆش بێت، و ئەمەشیان لاوازترین بڕوایە.

10- فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە هۆكارێكە بۆ سەركەوتنی موسڵمانان بە سەر بێ بڕوا و دوژمنان.

خودای بەتوانا فەرموویەتی: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٤١﴾ الحج. واته: بێگومان خودا ئەوانە سەردەخات كە ئاینی خودا سەردەخەن، بەڕاستی خودا زۆر بەهێز و بالادەستە. ئەوانەی ئەگەر دەسەلاتمان پێدان لەسەر زەویدا بە چاكی نوێژ دەكەن و زەكات دەدەن و فەرمان دەدەن بە چاكە و ڕێگری دەكەن لە خراپە. سەرئەنجامی هەموو كارەكان هەر بۆ خودایە.

11- فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە هۆكارێكە بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی زۆر.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿۞لَّا خَيۡرَ فِي كَثِيرٖ مِّن نَّجۡوَىٰهُمۡ إِلَّا مَنۡ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوۡ مَعۡرُوفٍ أَوۡ إِصۡلَٰحِۭ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا ١١٤﴾ النساء. واته: هیچ چاكەیەك نیە لە زۆربەی چپە كردنەكانیاندا قسەی نهێنی مەگەر یەكێك فەرمان بكات بە ماڵ بەخشین یان چاكە یان ئاشتەوای لە نێوان خەڵكی، جا هەر كەسێك ئەوە بكات بە نیازی ڕەزامەندی خودا ئەوە لە داهاتوودا پێی دەبەخشین پاداشتی زۆر گەورە.

12- فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە هۆكارێكە بۆ دووربوون لە سزای خودا.

هەروەكو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: { والذي نفسي بيده لتأمرُنَّ بالمعروف ولَتنهوُنَّ عن المنكر أو ليوشكنَّ اللهُ أن يبعثَ عليكم عذاباً من عنده ثمَّ لتدْعُنَّه فلا يستجابَ لكم}[2]. واته: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە فەرمانَ بە چاكە و ڕێگری لە خراپە

(1) المسلم، الرقم(49)، عن ابي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2169)، عن حذيفة بن اليمان(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

دەکەن یانیش نزیکە خودا سزایەکتان بۆ بنێرێت لە لایەن خۆیەوە، پاشان داوای لێ دەکەن بەڵام وەڵامتان ناداتەوە.

13- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە کار و ڕەوشتی پیاوچاکانە.

خودای گەورە باسی چەند سیفەتێکی خاوەن پەرتۆکەکان دەکات، هەڵبەتە دوای موسڵمان بوونیان، فەرموویەتی: ﴿لَيْسُوا۟ سَوَآءًۭ ۗ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ أُمَّةٌۭ قَآئِمَةٌۭ يَتْلُونَ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١١٤﴾﴾ آل عمران. واتە: هەموویان وەکو یەك نین. لە خاوەن پەرتۆکەکان کۆمەڵێك هەن لە سەر ڕاستەڕێگەن ئایەتەکانی خودا دەخوێننەوە بە شەو و ئەوان کڕنووش دەبەن، بڕوا دێنن بە خودا و دوارِۆژ و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن و پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکان، و ئەوانە لە مرۆڤە چاکەکانن.

14- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بە جیهاد حیسابە.

هەروەکو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أفضلُ الجهادِ كلمةُ عدلٍ عند سُلطانٍ جائرٍ}[1]. واتە: گەورەترین جیهاد وتنی وشەیەکی دادپەروەرانەیە لە بەرامبەر کاربەدەستێکی ستەمکار.

(1) أبو داود، الرقم(4344)، وغيره، عن ابي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەكی هاوەڵان و زانایان دەربارەی فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە

1- عبداللە ی كوڕی عبدالعزیزی عومەری(رحمه الله) دە فەرمویێت: (من ترك الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر من مخافة المخلوقين نزعت منه هيبة الله تعالى)[1]. واتە: هەر كەسێك واز بێنێت لە فەرمان كردن بە چاكە و ڕێگری نەكات لە خراپە لە ترسی خەڵكی، گرانی و سەنگینی و هەیبەتی خودای گەورەی لە دڵی دەردەهێندرێت.

2- جارێك یان عُمری كوڕی خطاب(رضي الله عنه) ئەم ئایەتەی خوێندەوە كە دەفەرمویێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ آل عمران. پاشان فەرمووی: ئەی خەڵكینە هەر كەسێك حەز بكات لەو ئوممەتە بێت با مەرجەكانی خودا لەسەر خۆی جێبەجێ بكات[2].

3- ابن الجوزی(رحمه الله) دە فەرمویێت: فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە بەردی بناغەی ئاینە و كاری گشت پێغەرمبەران بووە، كاری پیاوچاكان بووە لە دوای ئەوان، و ئەگەر ئەمە نەمێنێت نەفامی بڵاو دەبێتەوە و زانست لەناودەچێت[3].

4- عبداللە ی كوڕی مسعود(رضي الله عنه) دەفەرمویێت: پیاو چاكەكان دەڕۆن و خاوەن گومانەكان دەمێننەوە، وتیان: خاوەن گومانەكان كێن؟ وتی: (قوم لا يأمرون بالمعروف ولا ينهون عن المنكر)[4]. واتە: كەسانێكن فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە ناكەن.

5- فُضیلی كوڕی عیاض(رحمه الله) دە فەرمویێت: (المؤمن يستر وينصح، والفاجر يهتك ويعير)[5]. واتە: بڕوادار دادەپۆشێت و ئامۆژگاری دە كات، و خراپەكاریش ئابڕو دەبات و لەكەدار دەكات.

6- لە حُذیفە ی یەمانیان پرسی(رضي الله عنه): مردووی زیندوو كێ یە؟ فەرمووی: (الذي لا ينكر المنكر بيده ولا بلسانه ولا بقلبه)[6]. واتە: ئەو كەسەیە كە ئیزكاری خراپە ناكات بۆ گۆڕینی نە بە دەستی خۆی و نە بە زمانی خۆی و نە بە دڵی خۆی.

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.181.

(2) فتح القدير، الشوكاني، تحقيق د. عبدالرحمن عميرة، ج.1، ص.450.

(3) التبصرة، ابن القيم، ج.2، ص.658.

(4) رواه ابن المبارك في الزهد، الرقم(1511)، والبيهقي في شعب الإيمان(717).

(5) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ج.1، ص.224.

(6) البيهقي في شعب الإيمان، الرقم(7184).

چەند نموونە و بەسەرهاتێك لەسەر فەرمان كردن بە چاكە و ڕێگری كردن لە خراپە

1- عبداللە ی كوڕی عباس دە فەرموێت: جارێك یان پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەنگوستیلەیەك لە زێڕی لە پەنجەی پیاوێك بینی، دەستبەجێ لە پەنجەی هێنا یەدەر و فڕێیدایە سەر زەوی، فەرمووی: {يَعْمِدُ أَحَدُكُمْ إلى جَمْرَة من نَار فَيَجْعَلُهَا في يَده}[1]. واتە: یەكێك لە ئێوە دەیەوێت پشكۆیەك لە ئاگر هەڵگرێتَ و بیخاتە دەستی خۆی. ئینجا پێغەمبەری خودا ڕۆیشت، پاشان بە پیاوەكەیان وت: هەڵیگرەوە و سوودی لێ وەرگرە، وتی: نەخێر سوێند بەخودا، هەرگیز شتێك هەڵناگرمەوە پێغەمبەر بە خۆی فڕێیدا بێت.

2- أبو هُرَيرَة دە فەرموێت: جارێك یان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ناو مزگەوت دانیشتبوو، پیاوێك هاتە ناو مزگەوت نوێژێكی كرد، پاشان هاتە لای پێغەمبەری خودا سەلامی كرد، پێغەمبەریش وەڵامیدا یەوە، پاشان پێی فەرموو: {ارْجِعْ فَصَلِّ، فإنَّكَ لَمْ تُصَلِّ}. واتە: بگەڕێوە نوێژەكەت بكەوە، تۆ نوێژت نەكردووە، یەكسەر گەڕا یەوە نوێژی كرد وەكو نوێژەكەی كردبووی، پاشان هات و سەلامی لە پێغەمبەری خودا كرد، ئەویش پێی فەرموو: (بگەڕێوە نوێژە كەت بكەوە، تۆ نوێژت نەكردووە)، ئەمەی سێ جار دووبارە كردەوە، پیاوەكە وتی: سوێند بەو خودایەی تۆی بە حەق ناردووە لەوە با شتر نازانم، فێرم بكە. ئەوكات پێغەمبەری خودا چۆنیەتی نوێژی بە كابراكە وت كە نابێت بە پەلە نوێژ ئەنجام بدرێت![2].

3- دەگێڕنەوە لە سەردەمی عمری كوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) هەركەسێك ئارەقی بخواردبایەوە بە لێدانی جەلدە سزای دەدا، هەروەها ئەوانە شی سزا دەدا كە لە كۆڕ و مەجلیسی ئەوان بان.

جارێكیان چەند كەسێكیان دەستگیر كرد و هێنایان بۆ لای ئەو، فەرمووی: هەموویان سزا بدەن، پێیان وت: فلان كەسیان لەگەڵدا یە ئەو ئەم كارەی نەكردووە، بەڵكو ئەو بەڕۆژوو بوو، فەرمووی: سەرەتا لە ئەو دەست پێبكەن، وتیان: جا چۆن دەبێت؟ فەرمووی: مەگەر نەتان بیستووە خودای گەورە دە فەرموێت:﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ﴿١٤٠﴾﴾ النساء. واتە: بێگومان خودا

(1) المسلم، الرقم(2090).
(2) البخاري، الرقم(756).

دایبەزاندووە بەسەرتان لە قورئاندا هەرکاتێك گوێتان لێ بوو ئایە تەکانی خودا کوفر و گاڵتەی پێ دەکرا ئەوا دامەنیشن لەگەڵیاندا تاوەکو دەچنە ناو باسێکی ترەوە بێگومان ئەگەر دانیشتن لەگەڵیان ئەوە ئێوەش وەکو ئەوانن[1].

4- محمدی کوڕی زکریای غەلابیینی(رحمه الله) دە فەرموێت: جارێکیان عبدالله کوڕی محمد دوای نوێژی مەغریب لە مزگەوت بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لە ڕێگادا گەنجێکی بینی بە سەرخۆشی کەوتبوو، خەڵکێك لێی کۆبووەوە و لێیان دەدا بەهۆی ئەوەی پێی لی ئافرەتێکی گرتبوو، عبدالله لە ژێر دەستی ئەوانی دەرهێنا و بردیەوە ماڵی خۆی، دوای ئەوەی بە هۆش خۆی هاتەوە چەند ئامۆژگاریەکی لێ کرد بە شێوەیەکی جوان، پاشان ناوچەوانی ماچ کرد، گەنجە کەش زۆر هەستی بە شەرم و خەجاڵەت دەکرد، گەنجە کە بڕیاریدا هەرگیز مەشروب نەخواتەوە و تەوبەیەکی نەسوحی کرد و دوای ئەوەی دەستی کرد بە فێربوونی زانست و نووسینەوەی فەرموودەکان بوو بە یەکێك لە زاناکان[2].

5- شێخ علی الطنطاوی لە یەکێك لە پەرتوکەکانی ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان چوومە ناو یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری(حەلەب) گەنجێکم بینی سەرقاڵی نوێژکردن بوو، وتم: سبحان الله، ئەو گەنجە خراپترین گەنج بوو، ئەبێت چۆن ئاوا گۆڕابێت، کاتێك لێی نزیك بوومەوە لێیم پرسی: ئایە تۆ فلان کەسە نیت؟ وتی: بەڵێ. وتم: سوپاس بۆ خودا کە بەم شێوەیە هیدایەتی دای، بەڵام پێم نالێی چۆن بوو؟ وتی: لەسەردەستی مامۆستایەکی ئاینی لە یەکێك لە مەلهاکان، وتم: زۆر سەیرە، لە مەلها و شوێنی سەماکردن! وتی: بەڵێ، وتم: ئەمە چۆن بوو؟ وتی: لە ناوچەی ئێمەدا مزگەوتێکی بچووکی لێبوو مامۆستایەکی بە تەمەنی لێبوو، جارێکیان کە سەرنجیدا کەسی نەبینی لە گەنجەکان، بۆیە پرسیاری کرد، وتیان: لە نزیك ئێرە مەلهایەکی لێیە، ئافرەتان تێیدا سەما دەکەن، گەنجەکانیش بۆ ڕابواردن دەچنە ئەو شوێنە، مامۆستا وتی: کەواتە منیش دەچم لەوێ بانگەواز دەکەم، وتیان: ئەوێ خەڵکی خراپی لێیە، وتی: جا خۆ ئێمە لە پێغەمبەر لەپێشتر نین، مەگەر ئەوان موسڵمان نین؟ وتیان: بەڵێ، مامۆستاکە لەگەڵ یەکێك لە نوێژخوێنان چوو، کاتێك خاوەن مەلهاکە لێی پرسین، مامۆستا وتی: دەمەوێت بچم هەندێك ئامۆژگاریان بکەم بەڵام خاوەن مەلهاکە

---

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.247.

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.2، ص.335.

ڕازی نەبوو، بەڵام پێیان وت: ئێمەش نرخی ڕۆژانەیەکت پ ێدەدەین، ئەوکات ڕازی بوو، وپ ێی و تن: سبەی ئا مادەبن، گەنجە کە دەڵ ێت: من ڕۆژی دوا تر لەویٚ ئا مادە بووم، سەرەتا بە سەماکردنی ئافرەتێك دەستی پێکرد، پاشان پەردەکە دا خرا، دوای کرا یەوە، مامۆ ستاکە لەویٚ لە سەر کور سیەك دانیشتبوو، دە ستی کرد بە ئامۆژ گاری، سەرەتا خەڵکەکە دەستیان کرد بە فیتە و هەڵا، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە ئامۆژگار یە کاریگەرەکانی، با سی ئاگری دۆزەخ و بەهە شت و مردن و گۆڕ و دواڕۆژ و تەو بەکردن، ئیتر خەڵکە کە نا چار بێ دە نگ بوون، سەرەنجام من و هەموو ئەوا نەی لەویٚ بووین تەوبەمان کرد بە گریانەوە ئەوێیان بەجێهێشت تەنانەت خاوەن مەلها کەش تەو بەی کرد لەم کارە خراپەی و بڕیاریدا هەرگیز ئەم شوێنە بۆ کاری خراپ بە کار نەهێنێت[1].

6- عبداللە ی کوڕی ع باس دە فەرموێت: جارێک یان أ بوبکر چووە شوێنێك کە بینی کۆمەڵێك لە جوولەکەکان لەدەوری یەکێك لە زاناکاذ یان کۆبوونە تەوە بە ناوی(فِنذحاص) أبوبکر پێی فەرموو: ئەی فِنحاص لە خودا بترسە و موسڵمان بە، سوێند بە خودا تۆ باش دەزانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە حەق ڕەوا نە کراوە لەلا یەن خودا، چونکە لە تەوڕات و ئینجیل نووسراوە، فِنحاص لە وەڵامدا وتی: خودا هەژارە و ئێمە دەوڵەمە ندین چکارمان پ ێی نی یە، ئەو داوا لە ئێ مە دە کات، ئێ مە داوای لیٚ نا کەین، ئە گەر هەژار نەبووایە داوای قەرزی لە ئێمە نەدەکرد بە چەند قات بمان داتەوە وەکو محمدی برادەرت وا دەڵێت کە ئەمەش بە ڕیبا حیسابە، ئیتر پێشەوا أبوبکر بەدەستی خۆی دای لە دە می فِنحاص و فەرمووی: سوێند بە خودا ئەگەر لە بەر ئەو پەیما نە نەبوا یە کە لە نێوا نمان هەیە هەر ئێستا بە شمشێر لە گەردەنتم دەدا، دوای ئەوە فِنحاص چووە لای پێغەمبەر و شکایەتی لە أبوبکر کرد، پێغەمبەر فەرمووی: ئەی أ بوبکر چی بوو وای لێکردی ئەم کارە بکەی؟، فەرمووی: ئەی پێغەم بەری خودا ئەو ق سەیەکی زۆر نا بەجیٚ دە کات، دەڵێت: خودا هەژارە و ئێمە دەوڵەمە ندین، کاتێك فِنذحاص وای وت م نیش لە بەر خودا تووڕەبووم و دام لە ڕوخ ساری، پا شان فِنذحاص و تی: ئە مەم نەوتووە، ئیتر ئەوەبوو خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند، دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ ۘ ﴿١٨١﴾﴾ آل عمران.[2].

(1) سلسلة علو الهمة، محمد اسماعيل المقدم، ج.10، ص.8.

(2) التفسير الصحيح، د. حلمت بن بشير، ج.2، ص.105.

الهجرة

کۆچکردن

پێناسەی کۆچکردن لە پێناو خودا

الهِجْرَةُ: هِيَ الخُروجُ مِنْ دارِ الكُفْرِ إلى دار الإسلامِ[1].

الهِجرَة: واتە: کۆچ، بریتیە لە دەرچوون لە وڵات و شوێنی بێ بڕوا کان بۆ وڵات و شوێنی ئیسلام.

ابن حَجَر(رحمه الله) دەفەرموێت: بە دوو شێوە لە ئیسلامدا کۆچکردن ڕوویداوە:

یەکەم: گوا ستنەوە لە شوێنی ترس بۆ شوێنی ئا سایش، وەکو: کۆچ بۆ وڵاتی (الحَبَشَة) و سەرەتای کۆچ لە شاری مەککە بۆ شاری مەدینە.

دووم: کۆچکردن لە وڵات و شوێنی کوفر بۆ وڵات و شوێنی بڕوا.

هەروەکو چۆن دوای جێگیربوونی پێغەمبەرەی خودا(ﷺ) لە شاری مەدینە و هەموو ئەو هاوەڵانەی توانیان و کۆچیان کرد لە مەککە بۆ مەدینە[2].

هەروەها دوو جۆرە کۆچکردنی تریش هەن، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: کۆچکردن لە تاوا نەکان، هەروەکو پێغەمبەرەی خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {والمُهَاجِرُ مَن هَجَرَ ما نَهَى اللَّهُ عنْه}[3]. واتە: کۆچبەر ئەو کەسەیە کە کۆچی کردبێت لەو شتانەی کە خودای گەورە قەدەغەی کردوون.

دووەم: کۆچکردن بۆ لای پێغەمبەرەی خودا(ﷺ) بە ئەنجا مدانی خواپەرستی زۆربوونی فیتنە، هەروەکو پێغەمبەرەی خودا فەرموویەتی: {الْعِبادَةُ في الهَرْجِ كَهِجْرَةٍ إلَيَّ}[4].

---

(1) المغني، ابن قدامة المقدسي، ج.9، ص.237، أحكام القرآن، ابن العربي، ج.3، ص.392.

(2) فتح الباري، العسقلاني، ج.1، ص.170.

(3) البخاري، الرقم(10)، ومسلم(40)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما).

(4) المسلم، الرقم(2948)، عن معقل بن يسار(رضي الله عنه).

پلە و پایە و سوودەکانی کۆچ لە پێناو خودا لە( ) خاڵدا

1- کۆچکردن لە پێناو خودا نیشانەی بڕواداری تەواوە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّاۚ ٧٤﴾ الأنفال. واتە: ئەوانەی بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و تێکۆشان لە پێناو خودا و ئەوانەی کۆچبەرەکانیان گرتە خۆیان و یارمەتییان دان ئا ئەمانە بەڕاستی بڕواداری تەواون.

2- کۆچکرن مایەی بەزەیی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٢١٨﴾ البقرة. واتە: بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێنا و ئەوانەش کە کۆچیان کرد و تێکۆشان لە پێناو خودا ئا ئەما نەن ئومێدیان بە بەزەیی خودا هەیە و خودای گەورەش لێبووردەی بە بەزەییە.

3- کۆچکردن تاوانەکان دەسڕێتەوە و مایەی چوونە بەهەشتە.

هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ١٩٥﴾ آل عمران. واتە: ئەوا نەی کۆ چیان کرد و لە خانو بەرەی خۆ یان دەر کران و ئازار دران لە پێ ناو من و جەنگان و کوژران بێگو مان تاوا نەکانیان ئە سڕمەوە و دەیانخە مە بەهە شتێك چەندەها ڕووبار لە ژێریدا دەڕۆن پاداشتێکە لە لایەن خودا، و خودا پاشترین پاداشتی لایە.

4- گەورەترین پاداشت بەهۆی کۆچکردن لە پێناو خودا دەست دەکەوێت.

خودای گەورە دەربارەی هاوەڵان دە فەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ٢٠﴾ التوبة. واتە: ئەوانەی بڕوایان هێنا و کۆچیان کرد و تێکۆشان لە پێناو خودا بە ماڵ و گیانیان ئا ئەمانە گەورەترین پلەیان هەیە لەلای خودا، ئەمانەن سەرکەوتوون.

5- کۆچکردن لە پێناو خودا ما یەی دە ستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە ئا سوودەیی و حەسانەوە لە دونیایە.

هەروەکو خودای بەتوانا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُهَاجِرۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُرَٰغَمٗا كَثِيرٗا وَسَعَةٗۚ﴾ النساء. واتە: هەر کەسێك لە پێناو خودا کۆچ بکات ئەوە ئارامگای باش و شوێنی حەسانەوەی زۆری لەسەر زەوی دەست دەکەوێت.

6- ئەوەی لە ڕێگای کۆچکردن بمرێت پاداشتی لەسەر خودایە.

هەروەکو خودا خۆی فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَخۡرُجۡ مِنۢ بَيۡتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدۡرِكۡهُ ٱلۡمَوۡتُ فَقَدۡ وَقَعَ أَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ﴾ النساء. واتە: هەر کەسێك لە ماڵی خۆی دەربچێت بە مەبەستی کۆچکردن بۆ لای خودا و پێغەمبەرەکەی پاشان بمرێت ئەوە پاداشتەکەی کەوتە سەر خودا.

7- دانانی مێژوو یەك بۆ موسڵمانان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە سەر بۆچوون و فەرمانی پێشەوا عمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) بە ناوی(کۆچی) بەڵگەیە لە سەر پلە و پایەی کۆچکردن[1].

8- کۆچکردن لە پێناو خودا وێنەی نیە.

أبو فاطمةی ئەیادی(رضي الله عنه) دەڵێت: لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) پرسی کردەوەیەکم پێ بڵێ ئەنجامی بدەم و لە سەری بەردەوام بم، فەرمووی: {عَلَيكَ بالهجرة فإنَّه لا مثلَ لَهَا}[2]. واتە: کۆچ بکە چونکە ئەو هاو وێنەی نییە.

9- لەبەر پلە و پایەی کۆچکردن، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَوْلَا الهجْرَةُ لَكُنْتُ امْرَأً من الأنْصَارِ}[3]. واتە: ئەگەر لەبەر هیجرەت نەبوایە من یەکێك دەبووم لە پشتیوانان.

10- کۆچکردن لە پێناو خودا بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) فەرموویەتی: {وأَنا آمركُم بخَمسٍ، آمركُم: بالسَّمعِ والطَّاعة والجَماعة والهجرة والجهاد في سبيل الله}[4]. واتە: من فەرمانتان پێ دەکەم بە پێنج شت، فەرمانتان پێ دەکەم بە: گوێگرتن و گوێڕایەڵی و لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان بن و کۆچکردن و تێکۆشان لە پێناو خودا.

---

(1) الطبري، تأريخ الطبري، ج.2، ص.389.

(2) النسائي، الرقم(4178)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(1937).

(3) البخاري، الرقم(3779)، ومسلم(1061)، عن عبدالله بن زيد(رضي الله عنه).

(4) الترمذي، الرقم(2863)، عن الحارث بن الحارث الأشعري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

چەند ڕووداوێك دەربارەی كۆچكردن لە پێناو خودا

1- هاوەڵی بەڕێز عەمری كوڕی عاص(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێیم وت: دە ستی ڕا ستت بێنە تا بەیعەتت پێ بدەم، دەستی ڕاستی هێنایە پێش، بەڵام من دە ستی خۆم قو چاند، پێی وتم: ئەوە چیتە ئەی عەمر؟ وتم: دەمەوێت مەرجێك دابنێم، پێی وتم: مەرج بۆ چی دادەنێی؟ وتم: دەمەوێت خودا لێم خۆش بێت، فەرمووی: { أما علمت أنَّ الإسْلامَ يهْدمُ ما كانَ قَبْلَهُ؟ وأنَّ الهجرَةَ تَهْدمُ ما كانَ قَبْلَها؟ وأنَّ الحَجَّ يهْدمُ ما كانَ قَبْلَهُ؟}[1]. وا تە: مە گەر نەتزانیوە ئیسلام مو سڵمان بوون تاوا نەكانی پێ شتر لەناو دە بات، كۆ چكردنیش تاوا نەكانی پێشتر لەناو دەبات، و حەج كردنیش تاوانەكانی پێشتر لەناو دەبات.

2- لە جابرەوە(رضي الله عنه) دەگێڕدرێتەوە دەفەرموێت: طُفَیلی كوڕی عەمر كاتێك كۆچی كرد بۆ شاری مەدینە بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) پیاوێكی لەگەڵدا بوو لە هۆزی خۆی، پیاوەكە لەوێ دووچاری نەخۆشیەك هات زۆر لە خۆی بێزار بوو، بۆیە بە تیرێك جومگەی پەنجەكانی دەستی خۆی بڕی، بەهۆیەوە تووشی خوێن بەربوون بوو تا كۆچی دوایی كرد، دوای ئەوە طُفَیل پیاوە كەی لە خەودا بینی شێوەی زۆر جوان بوو، بەڵام دەستەكانی داپۆشراو بوون، طُفَیل لێی پرسی: خودای گەورە چی لێ كردی؟ و تی: لێم خۆش بوو بەهۆی كۆ چكردنم بۆ لای پێغەمبەرە كەی. طُفَیل دەڵێت: پێم وت: ئەی دەستەكانت بۆ داپۆ شراون؟ و تی: پێیان وتم: بەهۆی ئەو كارەی كردت دە ستەكانت چاكناكەینەوە. طُفَیل ئە مەی بۆ پێغەمبەر گێڕا یەوە، پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {اللَّهُمَّ وليَدَيه فاغْفِرْ}[2]. واتە: ئەی خودایە بۆ دەستەكانیشی لێی خۆشبە.

3- كۆچبەرە هەژارەكان یەكەم چینن دەچنە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە عبدالله ی كوڕی عەمر دە فەرموێت: ئا یە دەزا نی یە كەم كۆ مەڵ كە دە چێتە بەهە شت لە ئو ممەتم كێن؟، ع بدالله دەڵ ێت: وتم: خودا و پێغەمبەر كەی دە زانن، فەرمووی: {المُهاجرونَ، يأْتُونَ يومَ القيامةِ إلى باب الجنةِ، ويسْتَفْتحُونَ، فيقولُ لهمُ الخزنَةُ: أَوَقد حوسِبْتُم؟ فيَقولونَ: بأيِّ شيءٍ نُحاسَبُ، وإنَّما كانتْ أَسْيافُنا على عَواتقنا في سبيلِ الله حتى متْنا علَى ذلكَ؟ قال: فيُفْتَح لهمٌ، فَيَقيلونَ فيها أربعين

---

(1) المسلم، الرقم(121).

(2) المسلم، الرقم(116).

عَاما قبل أنْ يدْخُلَها الناس}[1]. واته: كۆ چبەرەكان لە ڕۆژى دوا يى د ێن بەرەو دەرگاى بەهەشت، و داواى كردنەوەى دەرگا دە كەن، دەرگەوانى بەهە شت پێ‌يان دە ڵێن: ئا يە ئێوە لێپێچینەوەتان لەگەڵدا كرا؟ ئەوانیش دە ڵێن: بە كام شت لێپێ‌چینەوەمان لە گەڵ كرابێت ئێمە تەنها شمشێرەكانمان لەسەر شان بوو لە پێناو خودا تا ئەو كا تەى لە سەر ئە مە مردین، فەرمووى: ئەوكات دەر گاى بەهە شتیان بۆ دەكرێ تەوە، و لەو ێدا سەرەخەویێك دەكەن تا ماوەى چل ساڵ پێش ئەوەى خەڵك بچنە بەهەشت.

4- كەسێك هەبوو لە شارى مەككەى پیرۆز بە ناوى ضَمْرَةى كوڕى جُندُب(رضي الله عنه)، پیاوێكى بەساڵا چووبوو، دواى هاتنى ئاینى ئیسلام بڕواى هێنا، دواى كۆ چكردنى موسڵمانەكان بۆ مەدینە ئەو لەبەر بەتەمەنى و نەخۆشى نەیتوانى كۆچ بكات، هەر چەندە ئەو پاساو و عوزرى هەبوو لەوانە بوو كە خودا دەفەرموێت: ﴿إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾﴾ النساء. بەڵام ئەم پیاوە بڕوادارە نەیتوانى چیتر لە مەككە دانیشێت، بۆیە بە خاوخێزانەكەى خۆى وت: بەهەر شێوەیەك بێت لە ناو هاوبەشدانەران دوورم بخەنەوە، دەمەوێت بۆ لاى پێغەمبەرى خودا كۆچ بكەم. ئیتر بە ڕێكەوت، بەڵام ئەوە بوو لە ڕێگادا كۆچى دوا یى كرد پێش ئەوەى بگاتە لاى پێغەمبەرى خودا. لەو كاتە بوو ئەم ئایەتە دابەزى: ﴿وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ﴿١٠٠﴾﴾ النساء. واتە: هەر كە سێك لە ماڵە كەى خۆى دەرد‌چێت بەمە ستى كۆچ كردن بۆ لاى خودا و پێغەبەرەكەى پاشان مردن پێى بگات و بمرێت ئەوە بێگومان پاداشتى ئەو كەسە لە سەر خودایە[2].

(1) رواه الحاكم، الرقم(2389)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(853).

(2) رواه ابن أبي حاتم و أبو يعلى بسند جيد، عن ابن عباس(رضي الله عنهما)، ينظر تفسير الطبري، ج.5، ص.249.

الجِهادُ

تێکۆشان

پێناسەی تێکۆشان

الجِهادُ لُغَةً: بَذلُ الجُهدِ، وَهُوَ الوُسعُ والطّاقَةُ.

واصطِلاحاً: عند الحنفية، هُوَ الدُّعاءُ إلى الدِّينِ الحَقِّ وَقِتالُ مَنْ لَمْ يقبَلْهُ بِالمالِ وَالنَّفسِ.

وعند الشافعية: هُوَ قِتالُ الكُفّارِ لِنُصرَةِ الإسلامِ[1].

جیهاد لە زمانەوانیدا: خەرج کردنی ڕەنجە، ئەویش توانا و هێزە.

جیهاد لە زاراوەی شەرعدا: لە لای حەنەفیەکان، بانگەوازکردنە بۆ ئاینی ڕەوا و جەنگکردن دژی ئەوانەی ئەم ئاینە قبوڵ ناکەن بە ماڵ و گیان.

لای شافعیەکان: جەنگکردنە لەگەڵ بێ بڕوایان بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام.

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.8، ص.5845.

پلە و پایە و سوودەکانی جیهاد کردن لە( ) خاڵدا

1- جیهاد کردن لە پێناو خودا بە جێگەیاندی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ التوبة. واتە: جیهاد بکەن بە ماڵ و گیانتان لە پێناو خودا.

2- بۆ دونیا و دوارۆژ جیهاد باشترینە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ التوبة. واتە: جیهاد بکەن بە ماڵ و گیانتان لە پێناو خودا، ئەمە باشترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن.

3- بەهۆی جیهاد کردن پاداشتی گەورە بەدەست دەکەوێت.

خودای گەورە دە فەرموێت:﴿وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ النساء. وا تە: خودای گەورە ڕێزی تێکۆشەرەکانی داوە بە سەر ئەوا نەی دانیشتوون بە پاداشتێکی گەورە.

4- جیهاد کردن مایەی ڕێنموونیە بۆ ڕێگای ڕاست و ڕەوا.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾ العنکبوت. وا تە: ئەوانەی لە پێناو ئێمە جیهادیان کردووە ڕێنموونیان دەکەین بۆ ڕێبازەکانی خۆمان.

5- موجاهیدەکان لەلای خودا خۆشەویستن.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ﴾ الصف. واتە: بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش دەوێن کە لە پێناو خودا دەجەنگن ئەوان وەکو کۆشکێکی قایمی چەسپیون.

6- موجاهیدەکان ڕاستگۆی ڕاستەقینەن لەلایەن خودای گەورە.

خودا دە فەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ﴾ الحجرات. واتە: بێگومان بڕوادارا نی ڕا ستەقینە ئەوا نەن کە بڕوا یان هێناوە بە خوا و پێغەمبەرە کەی پاشان دوودڵ نەبوون و بە ماڵ و گیانیان جیهادیان کرد لە پێناو خودا، هەر ئەوانن ڕاستگۆیەکان.

7- جیهاد کردن مایەی بەزەیی خودایە.

خودای بەتوانا دە فەرمویێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ﴾ البقـرة. وا تە: ئەوا نەی بڕوا یان هێنا و ئەوا نەی کۆچیان کرد و جیهادیان کرد لە پێناو خودا ئەوا نەن ئومێدیان بە ڕەحمی خودایە خودایە.

8- جیهاد کردن هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز وخۆشیەکانی بەهەشت.

خودای بالاَدەست دە فەرمویێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ﴾ التوبة. واتە: بێگومان خودا ماڵ و گیانی لە بڕواداران کڕیوە لە بری ئە مە بەهە شتیان بۆ هە یە، ئەم بڕوادارا نە دە جەنگن لە پێناو خودا دە کوژن و دەکوژرێن، ئەمە ڕاستە خودا بڕیاریداوە لەسەر خۆی لە تەوڕات و ئینجیل و قوڕئان.

هەروەهـــــــا پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {واعْلَموا أنَّ الجَنَّةَ تَحْتَ ظلال السُّيوف}[1]. واتە: بزانن بێگومان بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە.

هەروەها پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن قاتلَ في سبيل الله فُواقَ ناقَة فقد وجبت لَه الجَنَّةُ}[2]. واتە: هەر کەسێك بجەنگێت لە پێناو خودا بە ئە ندازەی ذ یۆان دوو شیردۆشینی وشتر □بۆ ئەوەی شیر بێتەوە ناو گوانی□ بەهەشت بۆ ئەو مسۆگەرە.

9- جیهاد کردن هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لە سزای خودا.

خودای بەتوانا دە فەرمویێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ۝١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝١١﴾ الصف. وا تە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئایە بازرگانیەکتان نیشان بدەم ڕزگارتان بکات لە سزایەکی پڕ ئازار، بازرگانیەکە ئەوەیە بڕوا بێنن بە خودا و پێغەمبەرەکەی و جیهاد بکەن لە پێناو خودا بە ماڵ و گیانتان، ئەمەباشترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

---

(1) البخاري، الرقم(2818)، عن عبدالله بن أبي أوفى(رضي الله عنه).

(2) أبو داود، الرقم(2541)، وغيره، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

10- جیهاد کردن هۆکارێکە بۆ نەمانی فیتنە و ئاژاوە و بتپەرستی.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ ﴾ الأنفال. واتە: بجەنگن لەگەڵ بێ بڕواکان بۆ ئەوەی فیتنە و کوفر و بتپەرستی نەمێنێت.

11- جیهاد کردن هۆکاری سەرفرازیە لە دونیا و دوارۆژدا.

خودای بەتوانا دەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ المائدة. واتە: جیهاد بکەن لە پێناو خودا بە ئومێدی ئەوەی سەرفرازبن.

12- جیهاد کردن نیشانەی بڕواداری ڕاستەقینەییە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ﴾ الأنفال. واتە: ئەوانەی بڕوا یان هێنا و کۆچیان کرد و جیهاد کردن لە پێناو خودا و ئەوانەش کە جێگەی کۆچبەرانیان کردەوە و کۆمەکیان کردن هەر ئەوانەن بڕواداری ڕاست و درووست.

13- جیهاد کردن مایەی ترسە لە دڵی بێ بڕواکان.

خودا دە فەرموێت: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ﴾ الأنفال. واتە: ئەی بڕواداران ئامادەیی بکەن بۆ یان بە پێی تواناتان لە هێز و ئەسپی دابەستراو تا پێی بترسێنن دوژمنی خودا و دوژمنی خۆتان.

14- جیهاد کردن لابەری خەم و پەژارەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {عليكم بالجهاد في سبيلِ الله، فإنَّهُ بابٌ من أبواب الجنة، يُذهِبُ اللهُ به الهَمَّ والغَمَّ}[1]. واتە: جیهاد بکەن لە پێناو خودا، بێگومان تێکۆشان دەرگایێکە لە دەرگاکانی بەهەشت، بە هۆی جیهاد کردن خودا خەم و پەژارەکان لادەبات.

15- پلە بەرزەکانی بەهەشت بە جیهاد کردن بە دەست دەهێنرێن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووبەتی: {إنَّ في الجنَّة مئةَ درجة، أعدَّها اللهُ للْمُجاهدينَ في سَبيلِ اللهِ، ما بيْنَ الدَّرجتيْنِ كما بيْنَ السَّماءِ والأرْضِ}[2]. واتە: لە بەهەشتدا سەد پلە

(1) رواه الطبراني في المعجم الأوسط، الرقم(8334)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4063).

(2) البخاري، الرقم(2790)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

هەیە، خودا ئامادەی کردوون بۆ تێکۆشەرانی ڕێگەی خودا، نێوان دوو پلە بە ئە ندازەی نێوان ئاسمان و زەویە.

16- چوون بۆ جیهاد یەك جاریش بێت باشترە لە هەموو دونیا و ئەوەی لە دونیاش دا یە. هەروەکو پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَغَدْوَةٌ في سَبيلِ الله، أو روحةٌ، خَيْر من الدُّنْيا وما فيها}[1].

17- جیهاد کردن موسڵمان دەپارێزێت لە دوو ڕوویی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن ماتَ ولَمْ يَغْزُ، ولَمْ يُحَدِّثْ به نَفْسَهُ، ماتَ علَى شُعْبَةٍ من نفاق}[2]. وا تە: هەر کە سێك بمر ێت و غەزا نەکات و بەتەما شی نەبووبێت، لەسەر بەشێکی دووڕوویی دەمرێت.

18- جیهاد کردن یەکێکە لە باشترینی کردەوەکان.

أ بو هُرَ يرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: دەر بارەی با شترین کردەوە پر سیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: بڕواهێنان بە خودا و پێغەمبەرە کەی. وتیان: ئەدی لەدوای ئەمە؟ فەرمووی: جیهاد کردن لە پێناو خودا. وتیان: ئەدی لەدوای ئە مە؟ فەرمووی: حەجێکی تەواو و قەبوڵ[3].

19- موجاهید پایەدارترین و باشترین کەسە لە لایەن خودا.

أبو سعید خودری(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسی: ئا یە با شترین کەس کێ یە؟ فەرمووی: بڕوادارێ کە تێدەکۆ شێت بە گیان و ماڵە کەی لە پێ ناو خودا. و تی: ئەدی لە دوای ئە مە؟ فەرمووی: لە دوای ئە مە بڕوادارێ کە لە یەکێك لە دۆڵ و شیوەکان خواپەر ستی دە کات و وازی هێ ناوە لە خراپەکردن لەگەڵ خەڵك[4].

20- بەهۆی جیهاد کردن نەك تەنها ئاگری دۆزەخ بەڵکو دووکەڵەکە شی موجاهید ناگرێتەوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لا يَجْتَمِعُ غُبارٌ في سبيلِ اللَّه ودُخانُ جهَنَّم

(1) البخاري، الرقم(2796)، ومسلم(1880)، وغيرهما، عن أنس(رضي الله عنه).
(2) المسلم، الرقم(1910)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(3) البخاري، الرقم(26)، ومسلم(83)، وغيرهما.
(4) البخاري، الرقم(2786)، ومسلم(1888)، وغيرهما.

في جوف عبد أبدًا}[1]. واته: هەرگیز کۆنابێتەوە تۆزێك لە پێناو خودا لە گەڵ دووکەڵی دۆزەخ لە سینەی بەندەیەکدا.

21- ئاگری دۆزەخ حەرامە لە قاچی تۆزاوی لە پێناو خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ في سَبيلِ اللَّه حَرَّمَهُ اللَّهُ علَى النَّارِ}[2]. واتە: هەرکەسێك قاچەکانی تۆزاوی بوون لە پێناو خودا خودا قەدەغەی دە کات لە ئاگری دۆزەخ.

22- جیهاد کردن لووتکەی هەرەبەرزی ئاینی ئیسلامە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {رأس الأمرِ الإسلام، وعَمودَه الصَّلاةُ، وذروةُ سَنامه الجهادُ}[3]. وا تە: سەری هەموو شتێک ئیسلامە، کۆڵەگەکە شی نو ێژە، لووت کەی هەرەبەرزەکەی تێکۆشانە.

23- خودا یارمەتی موجاهید دەدات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ثلاثةٌ حقٌّ على اللَّه عونُهُم: المُجاهدُ في سبيلِ اللَّه، والمُكاتبُ الَّذي يريدُ الأداء، والنَّاكحُ الَّذي يريدُ العفافَ}[4]. وا تە: سێ کەس پێویستە لەسەر خودا یارمەتیدانیان: موجاهیدێک لە پێناو خودا، و کۆیلە یەك کتا بەتی لە گەڵ کرا بێت و بیەوێت نرخەکەی پەیدا بکات وبیدات بە خاوەنە کەی تا ئازادی بکات، و ژن هێنەرێك مەبەستی داوێن پاکی بێت.

24- جیهاد کردن پارێزەر و مایەی بەرزی ئیسلامە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَن يبرح هَذَا الدّينُ قَائمًا، يُقَاتِلُ عَلَيْه عِصَابَةٌ من الْمُسلمينَ، حتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ}[5]. واتە: بەردەوام ئەم ئاینە بە سەروەری دەمێنێتەوە، کۆمەڵێك لە موسڵمانان دەجەنگن لەسەری و دەیپارێزن تا ڕۆژی دوایی.

25- موجاهیدی نیاز پاك بە مردنی خۆی ئەگەر بمرێت هەر شەهیدە.

---

(5) النسائي، الرقم(3110)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن النسائي.

(1) البخاري، الرقم(907)، عن ابي عبس عبدالرحمن بن جبر(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2616)، عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) الترمذي، الرقم(1655)، وغيره، عن ابي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه ألألباني في سنن الترمذي.

(4) المسلم، الرقم(1922)، عن جابر بن سمرة(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {مَن طَلَبَ الشَّهادَةَ صادقًا، أُعْطِيها، ولو لَمْ تُصبهُ}[1]. واتە: هەر کەسێك داوای شەهیدی بکات بە ڕاستی پێی دەدرێت، هەر چەندە لە جەنگیش شەهید نەبێت.

26- موجاهید خودای خۆش دەوێت و خودای گەورەش ئەوی خۆش دەوێت.

خودا دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴿٥٤﴾﴾ المائدة. واتە: ئەی ئەوانەی بڕوا تان هێناوە هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر پا شگەز بێتەوە لە ئاینە کەی لە مەودوا خودا گەلانێکیتر دێنێت خۆ شی دەوێن و ئەوانیش خودایان خۆش دەوێت، بە سۆز و بەزەیین لە گەڵ بڕواداران و توند و بە عیززەتن لەگەڵ بێ بڕواکان، تێدەکۆشن لە پێناو خودا، ناترسن لە گلەیی گلەییکاران.

چەند وتەیەك دەربارەی جیهاد کردن

1- خالدی کوڕی ولید(رضي الله عنه) دەیفەرموو: ڕازاندنەوەی بووك بۆ من، هەروەها مزگێنی پەیدابوونی منداڵێك خۆشحاڵم نا کات بە ئە ندازەی ڕاو نانی دوژمن لە شەوێکی سارد و دژواردا[2].

2- پێ شەوا أ حمد(رحمه الله) فەرموو یەتی: نەمزانیوە لە کردەوە شتێك هەبێت لە دوای فەرزەکان نوێژی فەرز باشتر بێت لە جیهاد کردن[3].

3- پێشەوا علی(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: بەڕا ستی جیهاد کردن دەرگایە کە لە دەرگاکانی بەهەشت خودا کردیتیەوە بۆ دۆستە تایبەتەکانی[4].

4- أبو هُرَيرَةَ(رضي الله عنه) فەرموویەتی: تەنها یەك شەو ئێشکگری بکەم لە پێناو خودا خۆشەویسترە لەلام لەوەی شەوی قەدر بە پەرستش زیندووبکەمەوە لە لای بەردەڕەشەکەی کەعبە[5].

---

(5) المسلم، الرقم(1908)، عن أنس(رضي الله عنه).

(1) الجهاد، ابن المبارك، ج.1، ص.66.

(2) المغني، ابن قدامة المقدسي، ج.10، ص.13.

(3) نهج البلاغة، الشريف الرضي، الخطبة27.

(4) الفتاوى الكبرى، ابن تيمية، ج.5، ص.146.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی جیهاد كردن لە پێناو خودا

1- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: یەكێك لە هاوەڵان بە دۆڵێك تێدەپەڕێت، پڕ بوو لە كانیاوی سازگار، بۆیە زۆر پێی سەرسام بوو وتی: ئەگەر خۆم لە خەڵك جیا بكەمەوە لەم شوێنە نیشتەجێ بم ئەبێ چۆن بێت؟ بەڵام شتی وانا كەم تا مۆڵەت وەرنەگرم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئیتر ئەمەی بۆ باس كرد، پێغەمبەری خودا فەرمووی: { لا تفعلْ فإنَّ مقامَ أحدكم في سبيل الله أفضلُ من صلاته في بيته سبعينَ عاماً، ألا تحبُّون أن يغفر الله لكم، ويدخلُكم الجنةَ؟ اغزُوا في سَبيلِ الله، منْ قاتَلَ في سبيلِ الله فُواقَ ناقة وجبتْ له الجنةُ}[1]. واتە: ئەمە مەكە بەڕاستی پلەو پایەی هەر یەكێك لە ئێوەی موجاهید لە پێناو خودا باشترە لەوەی حەفتا ساڵ لە ماڵەكەی خۆیدا نوێژ بكات، ئایە حەزناكەن خودا لێتان خۆش ببێت و بتان خاتە ناو بەهەشت، بجەنگن لە پێناو خودا، هەركەسێك لە پێناو خودا بجەنگێت بەئەندازەی بەینی دوو شیردۆشین ئەوا بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت.

2- لە جەنگی أُحُد یەكێك لە موجاهیدەكان مُصعَب ی كوڕی عُمَیر بوو، لەو جەنگەدا مُصعب هەڵگری ئاڵای كۆچبەرەكان بوو، لەسەرەتای جەنگەكەدا موسڵمانەكان سەركەوتووبوون، بەڵام بەهۆی بێ فەرمانی تیرهاوێژەكان موسڵمانەكان تووشی شكست هاتن، چەندین هاوەڵ شەهید و بریندار بوون پێغەمبەری خوداش(ﷺ) بریندار بوو، یەكێك لەوانەی زۆر مەترسی كوشتنی لەسەر بوو مُصعَب بوو، چونكە شێوەی زۆر لە پێغەمبەر دەچوو، بێ بڕواكانیش مەبەستی زۆریان كوشتنی پێغەمبەر بوو، بۆیە ابنُ قَمئَة یەكێك بوو لە پاڵەوانەكانی قوڕەیش، هێرشی كردەسەر مُصعب بە شمشێر لە دەستی ڕاستی دا و پەڕاندی، مُصعب ئاڵاكەی بە دەستی چەپی گرت، بەڵام دەستی چەپیشی بە شمشێر پەڕی، ئەوكات بە قۆڵەكانی بە سینگیەوەی گرت، پاشان شەهید كرا. كاتێك بێ بڕواكان مُصعبیان شەهید كرد وایان زانی پێغەمبەریان كوشتووە، بۆیە وتیان: محمدمان كوشت، ئەمەش هۆكارێك بوو بۆ زیاتر شێرزەبوونی موسڵمانان[2].

3- دوای جەنگی بەدر خودای بەتوانا چەندین ئایەتی دابەزاند لە سەر پلە و پایەی موجاهیدەكان، یەكێك لە هاوەڵە بەڕێزەكان عَبدالله ی كوڕی أُم مَكتوم(رضي الله عنه)

---

(1) الترمذي، الرقم(1650)، وغيره، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(2) السيرة النبوية، الصلابي، ج.2، ص.133، ابن الأثير، أسد الغابة، ج.4، ص.406.

بوو، زۆر حەزی لە پلە و پایەی جیهاد کردن بوو، بەڵام چونکە نابینا بوو هیچی بۆ نەدەکرا، بۆ یە لە خودا دەپاڕا یەوە عوزرە کەی قبولْ بکات، زیدی کوری ثابت کە نووسەری وەحی بوو دەفەرموێت: ڕۆژێکیان لە کاتی دابەزینی وەحی چۆکی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەوتە سەر چۆکم، پێ شتر هەرگیز شتی وا گرانم نەبینیبوو، فەرمووی: بنووسە ئەی زید، منیش ئەم ئایەتەم نووسی: ﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾النساء. واتە: وەکو یەك نین ئەوانەی دانیشتوون لە بڕواداران و ئەوانەی کە جیهاد دەکەن لە پێناو خودا. لەو کاتە عبداللە هەستا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەدی ئەوەی نەتوانێت چی؟ عبداللە قسەکەی تەواو نەکرد دیسان هەستم بە قورسایی چۆکی پێغەمبەر کردەوە، فەرمووی: ئەوەی نووسیت بیخوێنەوە، منیش بۆم خویندەوە، فەرمووی: بنووسە ﴿غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ﴾ النساء. واتە: جگە لە خاوەن عوزر، بەڵام عبداللە سەرەڕای هەبوونی عوزر بڕیاریدا لەمەودوا هەرگیز لە جیهاد دانەبڕێت، دەیفەرموو: ئاڵاکە بدەن بە من چونکە من ناتوانم ڕابکەم. ئەوە بوو لە ساڵی(14)ك لەسەردەمی خیلافەتی پێشەوا عُمر لە فەتحی قادسیە کە چەندین موسڵمان شەهید بوون، یەك لەوان عبداللە بوو، کاتێك تەرمەکەیان بینی خەڵتانی خوێن بووبوو، ئاڵاکەشی بە سینگی خۆیەوە گرتبوو[1].

4- أنس ی کوری مالك دەفەرموێت: یەکێك لەو کەسانەی لە بەدر بەشدارنەبوو أنس ی کوری نَضری مامم بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: بەداخەوە لە یەکەم جەنگ دژی بێ بڕواکان من بەشدارنەبووم، بەڵام ئەگەر خودا بکات جارێکیتر لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببینەوە خودای گەورە خۆی دەزانێت چی دەکەم. ئەوە بوو ساڵی (3)ك جەنگی أُحد هاتە پێش، لە دوای ئەوەی موسڵمانەکان دووچاری شکست هاتن، هەندێکیان شەهیدبوون و هەندێکیان برینداربوون و هەندێکیان ڕایان دەکرد، لەوکاتەدا أنس بە هەستێکی ناخۆش فەرمووی: خودایە داوای لێبووردن دەکەم لەوەی موسڵمانەکان کردیان و بەریم لەوەی بێ بڕواکان کردیان، پاشان بەرەو ڕیزی بێ بڕواکان هێرشی کرد، لەوکاتەدا سَعدی کوری مُعاذی بینی بە سعدی وت: سوێند بە خودای نَضر ئێستا لە أُحد بۆنی بەهەشت دەکەم، ئیتر جەنگا تا شەهید بوو، أنس ی کوری مالك دەفەرموێت: دوای

(1) صور من حياة الصحابة، مصطفى محمد أبو المعاطي، ص.155–157.

جەنگەکە لاشەکەی ئەومان دیتەوە بینیمان هەشتا و قسور برینی لە سەر لا شەی بوو بە هۆی تیر و ڕم و شم شیر، بێ بڕوا کان لا شەیان شێواندبوو، بۆ یە کەس نە یدەتوانی بیناسێتەوە جگە لە خوشکەکەی نەبێت بەسەرەپەنجەکانی ناسیەوە[1].

5- ع بدالرحمن ی کوڕی عَوف دە فەرموێت: لە جەنگی بەدر کاتێك من لە ڕ یزی موسڵمانان وەستا بووم تەماشای ڕاست و چەپی خۆمم کرد بینیم کەوتوومەتە نێوان دوو گەنج لە پشتیوانان تەمەنیان بچووك بوو، خۆزگەم دەخوا ست لە ن ێوان پەرا سوەکانی ئەوان دابام، یەکێك بە نهێنی پێی وتم: مامە ئایە تۆ أبو جهل دەناسی؟ وتم: بەڵێ، بۆ چ کارت پێی هەیە؟ وتی: زانیومە جوێن بە پێغەم بەر دەدات، سوێند بە الله ئە گەر بیبینم وازی لێناهێنم تا یەکێکمان دە کوژرێین. ع بدالرحمن دەڵێت: زۆر پ ێی سەر سام بووم، ئەوەیتریش بە هەمان شێوە پ ێی وتم، م نیش پێم و تن: ئا ئەوەی دەیبینن لە ن ێوان خەڵکە کە دێ و دە چێت ئەوە أ بو ج هل خۆ یەتی، دە فەرموێت: هەردووکیان بە شم شێرەکانیان هێر شیان کردە سەر و لێیا ندا تا کو شتیان، دوای ئەوە هەر یەکێك دە یوت: من کو شتوومە، وتم: ئا یە شم شێرەکانتان نە سڕیوەتەوە؟ وت یان: نەخێر. ع بدالرحمن فەرمووی: پێغەم بەری خودا(ﷺ) تەما شای شم شێری هەردووکیانی کرد، فەرمووی: ئێوە هەردووکتان کوشتووتانە[2].

6- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە گەڵ هە ندێك لە هاوەڵانی بەرێکەوتن پێش بێ بڕواکان گەیشتنە بەدر ئەوجا بێ بڕوا کانیش هاتن بۆ ئەوێ پێش ئەوەی ڕوو بەڕووی یەکتر ببنەوە، پێغەم بەری خودا فەرمووی: {هەڵستن بەرەو بەهەشتێك کە پانایيەکەی بە ئە ندازەی ئاسما نەکان و زەوی یە. عُ مَیری کوڕی حُمامی ئەنساری وتی: (بخٍ بخٍ) و شەیەکە دەوترێت بۆ ستایش و ڕازیبوون بە شتێك، پێغەمبەری خودا فەرمووی: بۆ چی وا دەڵێی؟. و تی: هیچ شتێك وای لێ نەکردم کە وابڵێم تەنها ئومێدی ئەوە نەبێت لەئەهلی ئەو بەهەشتە بم، پێغەم بەری خودا فەرمووی: تۆ لە ئەهلی بەهەشتی. دەڵێت: لەوکاتەدا چەند دانە قەسپێکی لابوو وتی: ئە گەر من بژیم تا ئەما نە دە خۆم ئەوە ژیانێکی دوور و در ێژە، بۆ یە قە سپەکانی فڕێدا و جەنگا تاوەکو شەهید کرا[3].

---

(1) البخاري، الرقم(2805)، ومسلم(1903).
(2) البخاري، الرقم(3141)، ومسلم(1752).
(3) المسلم، الرقم(1901).

الشهيد

شەهید

پێناسەی شەهید، و بۆچی پێی دەوترێت شەهید

سُمِّيَ الشَّهيدُ شَهيداً: لأَنَّهُ مَشْهودٌ لَهُ بِالجَنَّةِ، أَو لأَنَّهُ حَيٌّ عِنْدَ رَبِّهِ حاضِرٌ شاهِدٌ، أَوْ تَشْهَدُ لِمَوتِهُ المَلائِكَةُ.

واتە: شەهید بۆیە پێی دەوترێت شەهید چونکە شاهیدی بە بەهەشتی بۆ دراوە، یان چونکە زیندووە لە لای پەروەردگاری ئامادەیە، یان فریشتەکان ئامادەی مردنی دەبن.

قالَ الحنَفيَّةُ: الشَّهيدُ مَنْ قَتَلَهُ أَهلُ الحَربِ أَو أَهلُ البَغْيِ أَو قُطّاعُ الطَّريقِ أَوِ اللُّصوصُ في مَنْزِلِهِ لَيْلاً أَو نَهاراً بِأَيَّةِ آلَةٍ.

حەنەفیەکان وتویانە: شەهید ئەو کەسەیە کە سێکی ئەهلی جەنگ بیکوژێت، یان بکوژەکە لە یاخیبووان بێت یان ڕێگر بێت یان دز بێت چووبێتە سەر ماڵی بە شەو بێت یان ڕۆژ بە هەر ئامێرێك کوشتبیەتی.

قال المالِكية: الشَّهيدُ مَنْ ماتَ في مَعرَكَةِ المُشرِكينَ.

مالیکیەکان وتوویانە: شەهید ئەو کەسەیە مردبێت لە جەنگی ئەوانەی هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن.

قال الشافعية: الشّهيدُ هُوَ مَنْ ماتَ مِنَ المُسلِمينَ في جِهادِ الكُفارِ بِسَبَبٍ مِن أَسْبابِ قِتالِهِم قَبْلَ انْقِضاءِ الحَرْبِ.

شافیعیەکان وتوویانە: شەهید ئەو کەسەیە مرد بێت لە موسڵمانان لە کاتی تێکۆشان لە گەڵ بێ بڕواکان بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی جەنگ لەگەڵیاندا پێش تەواو بوونی جەنگەکە[1].

(1) الفقه الإسلامي وأدلته، الزُّحيلي، ج.2، ص.1584.

پلە و پایە و سوودەکانی شەهیدبوون لە ڕێگەی خودا لە( ) خاڵدا

1- شەهیدی خەڵاتێکە نادرێت بە هەموو کەس.

خودای گەورە فەرموویەتی:﴿وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ﴾ آل عمران. واتە: خودا هە ندێك لە ئێوە بە شەهید هەڵدەبژێرێت.

2- شەهید هەمیشە زیندووە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ آل عمران. واتە: هەرگیز وا گومان مەبەن ئەوانەی کە کوژراون لە ڕێی خودا مردوون ، نەخێر وا نیە بەڵکو ئەوا نە زیندوون لای پەروەردگاریان ڕزق و ڕۆزی دەدرێن، هەروەها فەرموویەتی:﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ﴾ البقرة. وا تە: بە ئەوانە مەڵێن کە لە ڕێگەی خودا دەکوژرێن مردوون، بەڵکو ئەوان زیندوون بەڵام ئێوە هەستی پێناکەن.

3- شەهید لە دوای مردن خۆشحاڵە و هیچ ترس و خەمی نابێت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ آل عمران.
واتە: شەهیدەکان خۆشحاڵن بەوەی خودا پێیداون لە بەهرەی خۆی و شادمانن بەوا نەی کە هێشتان شەهید نەبوونە و هیچ ترسیان لەسەر نیە و هیچ دڵتەنگ نین.

4- شەهیدبوون هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەتی بەهەشت.

خودای گەورە فەرموویەتی:﴿وَٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ۝ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ۝ وَيُدْخِلُهُمُ ٱلْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ﴾ محمد. وا تە: ئەوا نەی لە ڕێگەی خودا کوژراون هەرگیز خودا پادا شتی کردەوەکانیان ون نا کات، ڕێنموونیان دەکات و دڵ و بیریان ساف دەکات، و دەیان خاتە ناو ئەو بەهەشتەی بۆی باس کردوون و ناساندوویەتی.

5- شەهید ئازاری گیان کێشان نابینێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الشَّهيدُ لا يَجِدُ أَلَم القتْلِ إلاّ كما يجِدُ أحَدُكُم مسَّ القَرصَةِ}[1]. واتە: شەهید ئازاری کوشتن هە ست

(1) الطبراني في الأوسط، الرقم(280)، عن أبي قتادة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3725).

پێنا کات، تەنها ئەوەندە نەبێت چۆن یەکێك لە ئێوە هەست بە گازگرتنی مێروو لە دەکات.

6- لە ڕۆژی دواییدا خوێنی شەهید بۆنی میسکی لێدێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {كُلُّ كَلْمٍ يُكْلَمُهُ الْمُسْلِمُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، يَكُونُ يَومَ القِيامَةِ كَهَيْئَتِها إذْ طُعِنَتْ، تَفَجَّرُ دَمًا، اللَّوْنُ لَوْنُ الدَّمِ، والعَرْفُ عَرْفُ المِسْكِ}[1]. واتە: هەر برینێك لە موسڵمان لە پێناو خودا، لە ڕۆژی دواییدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی کە بریندار کرا، و خوێنی لێدێت، ڕەنگەکەی ڕەنگی خوێنە، و بۆنەکەی بۆنی میسکە.

7- شەهید سزای ناو گۆڕ نابینێت.

پیاوێك لە پێغەمبەری خودای(ﷺ) پرسی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لەبەر چی بڕواداران دووچاری تاقیکرنەوە ناخۆشەکان دەبن لە ناو گۆڕ تەنها شەهید نەبێت؟. فەرمووی: {كَفَى بِبارِقَةِ السُّيُوفِ عَلَى رَأسِهِ فِتْنَةً}[2]. واتە: ئەوەندە فیتنەی بەسە بروسکەی شمشێر کاتێك پێك دەکەون لەسەر سەری.

8- لەبەر پلە و پایەی خۆی تەنها شەهید لە بەهەشتیشدا داوای گەڕانەوە دەکات بۆ دونیا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووییەتی: {ما مِن أحَدٍ يَدْخُلُ الجَنَّةَ يُحِبُّ أنْ يَرْجِعَ إلى الدُّنْيا، وأنَّ له ما علَى الأرْضِ مِن شيءٍ، غيرُ الشَّهِيدِ، فإنَّه يَتَمَنَّى أنْ يَرْجِعَ، فيُقْتَلَ عَشْرَ مَرَّاتٍ، لِما يَرَى مِنَ الكَرامَةِ}[3]. واتە: هیچ کەس نیە بچێتە بەهەشت وحەز بکات بگەڕێتەوە دونیا و ئەوەی لە سەر زەویە بۆ ئەو بێت، تەنها شەهید نەبێت، هیوا دەخوازێت کە بگەڕێتەوە، دە جاریتر بکوژرێت، کاتێك ڕێز و پلەی خۆی دەبێنت.

9- شەهیدبوون هەموو تاوانێك دەسڕێتەوە تەنها مافی خەڵك نەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إلَّا الدَّيْنَ}[4]. واتە: هەموو تاوانەکانی شەهید دەبووردرێن تەنها قەرز نەبێت.

(1) البخاري، الرقم(237)، ومسلم(1876)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(2) النسائي، الرقم(2052)، وصححه الألباني في سنن النسائي.
(3) البخاري، الرقم(2817)، ومسلم(1877)، عن أنس(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(1886)، عن عبدالله بن عمرو بن العاص(رضي الله عنهما).

10- شەش خەڵاتە گەورە و تایبەتەکەی شەهید.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لِلشَّهيد عندَ اللَّه ستُّ خصال: يُغفَرُ لَه في أوَّل دَفعة، ويَرى مقعدَه منَ الجنَّة، ويُجارُ من عذاب القبرَ، وَيأمنَ من الفَزَعِ الأكبر، ويوضَع علَى رأسهَ تاجِ الوِقار الياقوتةُ منهَا خيرٌ منَ الدُّنيا وما فيها، ويزوَّج اثنتين وسبعين زَوجةً من الحور العيَن، ويشفَّع في سبعين منَ أقاربه}[1]. واتە: بۆ شەهید هە یە شەش شت: لە گەڵ ڕژا نی یەکەم دڵۆپەی خوێن تاوا نەکانی دە بووردرێن، و شوێنی خۆی لە بەهە شت دەبینێت، پارێزراو دەبێت لە سزای گۆڕ، و ئەمینە لە ترس و لەرزە گەورەکەی دوارۆژ، تاجی ڕ ێزی لەسەر سەری دادەنرێت هەر یاقوتێکی ئەم تاجە باشترە لە دونیا و ئەوەی لە دونیا شدایە و حەفتا و دوو حۆری لێ مارە دە کرێن، و تکا دە کات بۆ حەفتا کەس لە خزمە نزیکەکانی.

11- لە بەهەشت خۆشترین و جوانترین کۆشك و تەلار هی شەهیدە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {رأيْتُ اللَّيْلَةَ رجلين أتياني، فَصعدا بِي الشَّجرةَ، فَأدْخَلاني دَاراً هي أحْسنُ وأَفضَل، لَمْ أرَ قَطُّ أَحْسنَ منْهَا، قالا: أَمَّا هذه الدَّار فَدارُ الشهداء}[2]. واَ تە: ئەم شەو لە خەودا دوو پیاوم بینی هاتنە لام، مذَیان بۆ سەر درەختێك برد، و منیان بردە ناو خانوێك باشترین و چاکترین بوو، هەرگیز شتی وا جوانم نەبینی بوو، وتیان: ئەم خانووە خانووی شەهیدەکانە.

(1) الترمذي، الرقم(1663)، وغيره، عن المقداد بن معدي كرب(رضي الله عنه)، وصححه الألباني.

(2) البخاري، الرقم(2791)، عن سمرة بن جندب(رضي الله عنه).

چەند وتەیەك دەربارەی شەهیدبوون

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ ارزُقْنِي شَهَادَةً فِي سَبِيلِكَ، وَاجْعَلْ مَوْتِي فِي بَلَدِ رَسولِكَ(ﷺ))[1]. واتە: ئەی خودا یە شەهادەتم پێ ببەخشە، ومردنیشم لە شاری پێغەمبەرەکەت بێت.

2- شێخ حسنی بەصری(رحمه الله) دەفەرموێت: بێگومان شەهیدەکان زیندوون لە لای خودا ڕزق و ڕۆزیان بۆ دێت و خۆشی و شادیان پێ دەگات هەروەکو چۆن بەیانیان و ئێواران ئاگر بەشی فیرعەون و داروو دەستەکەیەتی و ئازار دەچێژن[2].

3- ابن القیم(رحمه الله) دەفەرموێت: کاتێك شەهید گیانی خۆی دەبەخشێت بە خودای گەورە خودای گەورەش ژیانێکی باشتر و خۆشتری پێ دەبەخشێت[3].

4- ابن القیم لە کیتابی خۆیدا(الكلم الطيب والعمل الصالح) دەفەرموێت: لە ابن تیمیەم بیست دەیفەرموو: دوژمنەکانم چیم لێ دەکەن بەهەشتی من لە ناو سینگم دایە، بۆ هەر شوێنێك بچم بەهەشتەکەم لەگەڵم دایە و لێم جیانابێتەوە، بەندکرنم گۆشەگیریە لە گەڵ خودا، کوشتنم شەهادەتە، دەربەدەرکرنم گوزار کردنە[4].

---

(1) البخاري، الرقم(1890)، عن أسلم مولى عمر(رحمه الله).

(2) أخرجه البغوي في تفسيره، ج.1، ص.89.

(3) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.3، ص.273.

(4) غذاء الألباب في شرح منظومة الآداب، السفاريني، ج.2، ص.469.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر شەهیدبوون لە ڕێگەی خودا

1- گەورەی شەهیدان حَمزَةی کوڕی عبدالمطلب(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {سَيِّدُ الشُّهَدَاء حَمْزَةُ بن عَبْد المطَّلب}[1]. حمزة یەکێك بوو لە شەهیدەکانی أحد، جابری کوڕی عبَدالله(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: لەسەردەمی مُعاوِیَةی کوڕی أبو سُفیان کاتێك ویستی ئاوی کانیەکەی بێنێتەوە، هاوەلان وتیان: ناتوانین مەگەر بەسەر گۆڕی شەهیدەکان نەبێت، بۆیە بە فەرمانی ئەو گۆڕەکاذیان لەوێ بۆ شوێنێکیتر گوا ستەوە، جابر دەڵێت: لە کاتی گوا ستنەوەیان تەرمەکانم بینی (كأنَّهم قَومٌ نيام). واتە: وەکو ئەوە وابوون خەوتبن. هیچ گۆڕانکاری بەسەر تەرمەکانیان نەهاتبوو. هەڵبەتە: ئەمە دوای چل و شەش ساڵ بەسەر شەهیدبوونیان بوو، هەروەها دەفەرموێت: خاکەناسێك بەر بەشێکی قاچی حمزة کەوت، دەست بە جێ بینیمان خوێنی لێهات[2].

2- حَنظَلَةی کوڕی باوکی عامری راهِب(رضي الله عنه).

ئەو شەهیدەی فریشتەکان غوسلیان بۆ دەرکرد. ڕۆژێك پێش جەنگی أحد حَنظَلَة هاوسەرگیری کرد لەگەڵ جَمیلَةی کچی عبدالله(رضي الله عنها)، بۆیە پێغەمبەر مۆڵەتی دا لە لای هاوسەرەکەی بمێنێتەوە، لە هەمان شەو جمیلة لە خەودا بینی ئاسمان شەق بوو، حَنظَلَة دەچوە ناوی، پاشان یەکی گرتەوە، بە گوێرەی خەونەکە جَمیلَة دەیزانی حَنظَلَة لەم غەزایەدا شەهید دەبێت ئەگەر بچێت، بەڵام ئامادەبوو و داوای لە حَنظَلَة کرد کە ئەبێت لەگەڵی جووت بێت، هەروەها بەیانیەکەش چوار کەسی کردن بە شاهید وتی: من داوێنپاکم ئەگەر دووگیان بووم، لێیان پرسی: بۆ وات کرد؟ وتی: شانازیە بۆ من لە موجاهیدێك دووگیان بم و شەهیدیش ببێت! بۆ بەیانیەکە کە حَنظَلَة گوێی لە بانگی(حيَّ على الفَلاحِ) بوو نەیتوانی لە ماڵ دانیشێت، بۆیە بەشدار بوو لە جەنگی أُحد، بوو بە یەکێك لە حەفتا شەهیدەکە، دوای ئەوەی هەواڵی شەهیدبوونی بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕادەگەیێنن وپێی دەڵێن لاشەی تەڕ بووە، فەرمووی: لە هاوسەرەکەی بپرسن، هاوسەرەکەی وتی: سوێند بە خودا حَنظَلَة جەنابەتی لەسەر بوو، بەڵام پێرانەگەیشت

(1) رواه الحاكم، الرقم(4884)، وغيره، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(374).

(2) محمود المصري، السلسلة الذهبية، ج.3، ص.210.

خۆی بشوات، ئەو کات پێغەمبەری خودا فەرمووی: {فذاك قد غسلّته الملائكةُ}[1]. وا تە: ئەوە فریشتەکان ئەویان شووشتووە.

هەروەها جَميلَة ی هاوسەری حَنظَلَة دووگیان بوو بە کوڕێك وناویان لێنا(عبدالله)[2].

3- ئەو کوڕ و باوکەی بۆ بەدەست هێنانی پلەی شەهادەت تیروپشکیان کرد.

هاوەڵی بەڕێز خَيثَمَةی کوڕی حارِث بۆ بە شداریکردن لە جەنگی(بدر) لە گەڵ سَعْدی کوڕی تیروپشکیان ئەنجامدا، دەرەنجام تیروپشکەکە بۆ سعد دەر چوو، هەر چەند خَيثَمَة داوای کرد لە تیروپشکەکە تەنازولی بۆ بکات، بەڵام تەقەلا کەی بێ ئا کام بوو، ئەوەبوو سعد لە جەنگەکە بەشکدار بوو و شەهیدیش بوو، شەوێکیان خَيثَمَة سعدی کوڕی لە خەو بینی، بۆ بەیانی خَيثَمَة هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) و تی: دوێنی شەو سعدم لە خەودا بینی بە جوانترین شێوە لە ناو با غات و ڕووبارە کانی بەهە شتدا بوو، پێ یوتم: (الْحَقْ بنا، فإنَّا قَدْ وجدْنا ما وعدَنا ربُّنا حقاً). واتە: وەرە بۆ لامان لە بەهەشت دبە یاوەر مان بەڕاستی ئەوەی پەروەردگارمان بەڵێنی پێدابوین ڕاست بوو دەستمان کەوت. خَيثَمَة وتی: من تەمەنم گەورەبوو و ئێسقانم لاواز بوون پێم خۆ شە بە د یداری پەروەردگارم شاد بم، بۆیە ئەی پێغەمبەری خودا داوا لە خودا بکە پلەی شەهادەتم بە نسیب ببێت و ببمە ڕەفیقی سعدی کوڕم لە بەهەشت، ئەوە بوو پێغەمبەری خودا نزای بۆ کرد، ساڵی دواتر ساڵی سێی کۆچی جەنگی أُحد ڕوویدا و لەو جەنگەدا حەفتا هاوەڵ شەهید بوون، خَيثَمَةش یەکێك بوو لەوان[3].

4- ڕاستگۆ بوو خوداش بە ڕاستگۆیی ئەو لەگەڵی کرد.

شَدّادی کوڕی هاد(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، بڕوای هێنا و پێغەمبەری خودا بە هاوەڵانی فەرموو: ◻ڕێنمایی بکەن◻. لە دوای تەواو بوونی غەزا پێغەمبەری خودا غەنیمەتەکەی دابەش کرد و بەشێکیشی بۆ ئەو دانا هەرچەندە لە دواوەی دانا بوو بۆ بەرگری کردن کاتێك بە شەکەیان پێ ی دا هەڵیگرت و هاتە لای پێغەمبەری خودا و وتی: ئەمەچیە؟ فەرمووی: ◻ئەم بەشەم بۆ تۆ دا ناوە◻. وتی: من بۆ ئەمە شوێن تۆ نەکەوتووم، بەڵکو بۆ ئەوە بوو تیرێکم بەر ئەم شوێنە کەوێت بە پەنجە ئاماژەی بۆ گەردەنی کرد، وتی: دەمەوێ بمرم و بچمە بەهە شت، پێغەمبەری

(1) رواه ابن حبان في صحيحه(7025)، عن عبدالله بن الزبير(رضي الله عنهما).
(2) السيرة النبوية، الصلابي، ج.2، ص.144.
(3) زاد المعاد، ابن القيم، ج.3، ص.180.

خودا پێی فەرموو: ئەگەر ڕاستگۆ بیت لەگەڵ خودا ئەوا خوداش بە دڵی تۆ لە گەڵت دەکات. ئیتر ئەوە بوو پاش کەمێك موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر دوژمن، یەکێك لە شەهیدەکان ئەو پیاوە بوو، کاتێك تەرمە کەیان هێنا بە لای پێغەمبەری خودا بینی تیرێکی بە هەمان شوێن کەوتبوو کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرد بوو، فەرمووی: ئا یە ئە مە خۆ یەتی؟، وتیان: بەڵێ. فەرمووی: لە گەڵ خودا ڕا ستگۆ بوو بۆ یە خوداش بە گوێرەی نیازی ڕاستی ئەو لەگەڵی کرد. پاشان پێغەمبەری خودا بە جوببە کەی خۆی کفنی کرد و بەخۆی نوێژی لە سەر کرد و فەرمووی: {اللهُمَّ هذا عبدُكَ خرجَ مُهاجراً في سبيلكَ فَقُتِلَ شَهيدًا أنا شَهيدٌ على ذلكَ}[1]. وا تە: خودا یە ئە مە بە ندەی تۆ یە ها تە دەرەوە کۆچی کرد لە پێناو تۆدا کوژرا بە شەهیدی و منیش شاهیدم لەسەر ئەمە.

5– ئەو شەهیدەی بە بێ پەردە خودا قسەی لەگەڵدا کرد.

جابر ی کوڕی عبدالله دەفەرموێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ئەی جابر بۆ دەتبینم عادز و غەمباری؟. وتم: ئەی پێغەمبەری خودا لە غەزای أُحُد باوکم کوژرا و شەهید بوو و خاو خێزانێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە و قەرزداریشە، فەرمووی: ئایە مزگێنیت پێ بدەم کە باوکت بە چ شێوەیەك بە دیداری خودا شاد بوو؟. وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا. فەرمووی: خودای گەورە بە بێ پەردە قسەی لەگەڵ کەس نەکردووە جگە لە باوکت، خودا زیندووی کردەوە و بەبێ پەردە قسەی لەگەڵ کرد و پێی فەرموو: ئەی بەندەم داوام لێ بکە تا پێتی بدەم. عبدالله وتی: ئەی پەروەردیگار زیندووم بکەوە بۆ دونیا تا لە پێناو تۆ بکوژرێمەوە بۆ جاری دووەم. خودای گەورە فەرمووی: من بڕیارم داوە بۆ جاری دووەم نابێت کەس بگەڕێتەوە بۆ دونیا[2].

هەروەها لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە: کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینی خوشکەکەی بۆی دەگریا، فەرمووی: بۆچی دەگری؟ فریشتەکان بە باڵەکانیان بەردەوام سێبەریان لێ دەکەرد تا ئەو کاتەی بەرز کرایەوە[3].

هەڵبەتە: دوای چل و شەش ساڵ لە شەهیدبوونیان جابر دە فەرموێت: لە سەردەمی مُعاوِية(رضي الله عنه) ئاو ناوچەکەی داپۆشی بوو، بۆ یە خەڵکە کە هەوڵیا ندا شەهیدەکان

---

(1) النسائي، الرقم(1952)، وغيره، وصححه الألباني في سنن النسائي.

(2) الترمذي، الرقم(3010)، وغيره، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(3) البخاري، الرقم(1293)، ومسلم(2471).

بۆ شوێنێکتر بگواز نەوە، دەڵ ێت: (فَرأيت أبي في حفرته، كأنَّه نائم، وما تَغَيَّر من حاله شَيء)[1]. واتە: باوکمم بینی لە گۆڕەکەیدا وەکو خەوتوویێك وا بوو، گۆڕاڵ کاری بە سەردا نەهاتبوو.

6- مامۆ ستا مەلا مح مودی ئازاد فەرمووی: هاوڕێ یەکم هەبوو بەناوی مامۆ ستا عبداللطیف پێنجوێنی ئەویش لە ز مانی باوکیەوە گێڕا یەوە کە ناوی مەلا مح مود بوو، دەڵێت: بۆ شەڕی دژی ڕووسەکان کەسێکمان لەگەڵ بوو، دوای ماوەیەك لە جیهاد کردن شەهید بوو، ئێ مەش بە نەزانی خۆ مان جل وبەر گە خوێناویە کەیمان لە بەر داکە ند و شۆردمان و ئەسپاردەی خاکمان کرد، و تی: هەر بۆ شەو ها تە خەوم، پ ێی وتم: مەلا محمود کوا جلە خوێناویەکانم؟ ئێوە بۆ لە بەرتان داکە ندم؟ بەخوا وا داوای شاهیدەکانم لیّ دەکەن، چونکە جلە خوێناویەکانم شاهیدی منن. مامۆ ستا مەلا مح مود دە فەرموێت: بۆ بەیانی چووین گۆڕەکەمان هەڵدایەوە و جلە خوێناو یەکانمان بە سەر تەرمە کەی دادان و دامان پۆشیەوە و بەجێمان هێشت[2].

7- پێش دە سپێکردنی جەنگی أُ حُد هاوەڵی بەڕێز سَعدی کوڕی أ بی وَ قّاص دەفەرموێت: عبدالله ی کوڕی جَحش هاتە لام، وتی: بۆ ناهێی نزا بکەین؟ وتم: زۆر با شە، چووینە لایەك بە تەنها، من سەرەتا نزام کرد وتم: ئەی پەروەردگارم ئەگەر لەگەڵ دوژ من ڕووبەڕوو بوومەوە لەگەڵ پیاوێکی زۆر بە هـ ێز ڕوو بەڕووم بـکەوە دوای جەنگان لە گەڵ یەکتر بیکوژم و شتومەکەکەشی بۆ خۆم بێت، عبدالله ئامینی بۆ نزا کەم دە کرد، پا شان عبدالله نزای کرد و و تی: ئەی خودا یە داوا کارم لە گەڵ کە سێکی زۆر بەهێز ڕوو بەڕوو ببمەوە بۆ ئەوەی لە پێناو تۆدا لە گەڵی بجەنگم، پا شان بە دە ستی ئەو شەهید ببم، پاشان لووت و گوێچکەکانم لێبکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر گەیشتم بە د یدارت ل ێت پر سیم: کوا لووت و گوێیەکانت؟ منیش ئەو کات دە ڵێم: خودا یە لە پێ ناو تۆ و پێغەمبەرە کەت بوو، تۆش دەڵێی: ڕاست دەکەی.

سعد دەیفەرموو: دوعای عبدالله لە دوعاکەی من باشتر بوو، چونکە لە ڕۆژی أُ حُد لە کۆتا یدا د یتم ع بدالله کوژرا بوو و گوێیەکانی شی لێکرابوو نەوە بە داو ێك لە سەر دار ێك هەڵواسرابوون[3].

---

(1) أخرجه ابن سعد.

(2) پایزە برا، ملا أحمد شەریعە، ج.1، ص.16.

(3) صور إيمانية من حياة الصحابة والتابعين، مصطفى عبدالمعاطي، ص.199.

حسن الخلق

ڕەوشت جوانی

پێناسەی ڕەوشت جوانی

قال الشيخ ابن عُثَيمين(رحمه الله): أمَّا حسن الخُلُق مع الله: فهو الرضا بحُكمه شَرعا وقَدرا.

أما حسن الخُلُق مع الخَلْق فَقيل: هو كَفُّ الأَذى، وبذْلُ النَّدى، وطَلاقَةَ الوجه[1].

شێخ ابن عُثَيمين دەڵێت: ڕەوشت جوانی لەگەڵ خودا بریتیە لە ڕازیبوون بە حوکمی خودا لە دەستوور و یاسا و لە چارەنووسی.

وتراوە ڕەو شت جوانی لە گەڵ بونەوەر بە گشتی، بریتیە لە: ئازارنەدانی خەڵك و بەخشینی ماڵ و سامان و زانست و ڕوو خۆشیە.

---

(1) شرح رياض الصالحين، ابن عثيمين، ج.2، ص.310.

پله و پایه و سوودەکانی ڕەوشتی جوان له( ) خاڵدا

1- ڕەوشت جوانی سیفەتی پێغەمبەری خودایه(ﷺ).

خودای گەورە دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر دە فەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ۝٤﴾ القلم. واته: بەڕاستی تۆ ئەی محمد لەسەر ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی.

2- ڕەوشت جوانی نیشانەی بڕواداری ڕاستەقینەیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أكْمل المؤمنين إيمانًا أحسنهم خُلُقًا}[1]. وا تە: تەواوترین بڕوادار له بڕواکەیدا ئەو کەسەیە له هەمووان ڕەوشتی باشترە.

3- موسڵمانی ڕەوشت جوان خۆشەویستترین کەسە لەلای خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أَحَبُّ عباد الله إلى الله أَحسنُهم خُلُقًا}[2]. وا تە: خۆشەویستترین بەندەی خودا له لای خودا ئەو کەسەیە له هەمووان ڕەوشتی باشترە.

4- له ڕۆژی دواییدا نزیکترین کەس له پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەسی ڕەوشت جوانه.

پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {إنَّ من أحبِّكم إليَّ وأقربِكُم منِّي مجلسًا يومَ القيامة أحاسنَكُم أخلاقًا}[3]. وا تە: بێگو مان خۆشەویستترینتان له لای من و نزیکترینتان له دانیشتگای من له دواڕۆژدا ئەو کەسەیە کە ڕەوشتی جوانه.

5- ڕەوشت جوانی بۆ تەرازووی چاکەکاران له هەموو شتێك گرانترە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما شَيءٌ أثقلُ في ميزان المؤمن يومَ القيامة من خُلُقٍ حسنٍ، فإنَّ اللَّهَ تعالى ليُبغضُ الفاحشَ البَذيءَ}[4]. واته: هیچ شتێك بە ئەندازەی ڕەوشتی جوان گران نی یە لە تەرازووی بڕوادار له دواڕۆژدا، بەڕا ستی خودا ڕ قی له کە سی خراپەکار و زمان پیسە.

6- بەهۆی ڕەوشتی جوانماڵێك له بەهەشت مسۆگەر دەبێت.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو یەتی: {أنا زعيم ببيت في أعلى الجنة لِمَن حَسُنَ خُلُقُه}[5]. وا تە: من گرێنتی خانوێك دەکەم له بەرزترین شوێنێ له بەهەشت بۆ ئەو کەسەی ڕەوشتی جوانە.

---

(1) الترمذي، الرقم(1162)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وقال الألباني حسن صحيح في سنن الترمذي.
(2) ابن ماجة، الرقم(3436)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(2652).
(3) الترمذي، الرقم(2018)، عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(4) الترمذي، الرقم(2002)، وغيره، عن أبي الدرداء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(5) أبو داود، الرقم(4800)، وغيره، عن أبي أُمامة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

7- ڕەوشت جوانی مایەی خێر و بەرەکەتە و ئاوەدانییە بۆ موسڵمان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {صِلةُ الرحمِ، وحسن الخُلق، وحسنَ الجوارِ، يَعْمرْنَ الدّيارَ، ويزِدْنَ في الأَعْمارِ}(1). وا تە: بەجێگەیا ندنی پەیوە ندی خزما یەتی، و ڕەو شتی جوان، و چاك بوون لەگەڵ دراوسێ، ماڵەكان ئاوەدان دەكەن و تەمەن درێژ دەكەن.

8- ڕەوشتی جوان هۆكارێكە بۆ چوونە بەهەشت.

أبو هُرَيرَة دەفەرموێت: پرسیار كرا لە پێغەمبەر(ﷺ) زۆربەی خەڵك بە چ شتێك دە چنە بەهەشت؟ فەرمووی: {تَقوى الله، وحسن الخُلُق}(2). واتە: ترسی خودا و ڕەوشتی جوان.

9- ڕەوشت جوانی وەكو پلەی كەسێك وایە شەوان شەونوێژ بكات و بە ڕۆژیش بە ڕۆژوو بێت.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إن المؤمنَ لَيَدْرِكُ بحُسنِ خُلُقه درجةَ الصائم القائم}(3). وا تە: بێگو مان بڕوادار بە ڕەو شتی جوان دەگا تە پ لەی ڕۆژووان و شەونوێژكار.

10- باشترین كەس ئەو كەسەیە ڕەوشتی جوانە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ من خِيارِكُم أحْسنَكُم أخْلاقًا}(4). وا تە: بێگومان لە باشترینی ئێوە ئەو كەسەیە ڕەوشتی زۆر جوانە.

11- ڕەوشت جوانی وە سیەتی پێغەم بەری خودا یە(ﷺ) فەرموو یەتی: {وخالِقِ النَّاس بخُلُقٍ حسَنٍ}(5). واتە: لەگەڵ خەڵك ڕەوشتت باش و جوان بكە.

12- بۆ تەواوكردنی ڕەوشتە جوانەكان خودای گەورە پێغەمبەری ناردووە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنما بُعثْتُ لأُتَمِّمَ مكارِمَ الأخلاقِ}(6). وا تە: بێگومان من نێردراوم بۆ ئەوەی ڕەوشتە جوانەكان تەواو بكەم.

13- هەموو چاكەیەك پەیوەستە بە ڕەوشتە جوانەكان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {البِرُّ حسن الخُلُق}(7).

---

(1) رواه أحمد، الرقم(25259)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3767).

(2) الترمذي، الرقم(2004)، وغيره، وحسنه الألباني في سنن الترمذي.

(3) أبو داود، الرقم(4798)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(4) البخاري(3009)، ومسلم(2321)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه).

(5) الترمذي، الرقم(1987)، وغيره، عن أبي ذر(رضي الله عنه). وحسنه الألباني في تخريج مشكاة المصابيح(5012).

(6) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(273)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەك دەربارەی ڕەوشتی جوان

1- **پێشەوا غەزالی**(رحمه الله) **دەفەرموێت:** (الْأُلْفَة ثَمَرَةُ حسن الْخُلُق والتَّفَرُّقَ ثَمَرَةُ سوء الْخُلُق، فَحُسْنُ الْخُلُق يوجب التَّحَبُّبَ والتَّآلُف والتَّوافق، وسوء الْخُلُق يثمر التَّباغض والتَّحاسد والتَّناكر)[1].

واتە: دڵ پەیوەستبوون بە یەکتر بەروبوومی ڕەوشتی جوانە و لێکترازان بەروبوومی ڕەوشتی خراپە، چونکە ڕەوشتی جوان خۆشەویستی و پەیوەستی دڵەکان و هاوڕابوون بەرهەم دێنێت، ڕەوشتی خراپیش ڕق و حەسادەت و یەکتر نەویستن بەرهەم دێنێت.

2- **أحمد شوقي میصری ناسراو بە(أمير الشعراء)**[2]**، دەڵێت:**

إِنَّمَا الأُمم الأَخلاقُ ما بقيتْ فَإِنْ هم ذهبتْ أَخلاقُهم ذهبوا

واتە: مانەوەی ئوممەتەکان پەیوەستە بە ڕەوشت، ئەگەر ڕەوشت نەما ئەوانیش نامێنن.

3- **أبو حاتم**(رحمه الله) **دەفەرموێت:** (الواجب على العاقِلِ أنْ يتحبَّب إلى النَّاس بلزوم حسن الخُلُق، وترك سوء الخُلُق؛ لأنَّ الخُلُق الحسن يذيب الخطايا كما تذيب الشَّمس الجليد، وإنَّ الخُلُق السَّيئ لَيفسِدُ العمل كما يفسِدُ الخَلُّ العسل)[3]. **واتە: پێویستە لە سەرکەسی ژیر خۆی خۆشەویست بکات لە لای خەڵك بەهۆی پابەندبوونی بە ڕەوشتی جوان و وازهێنان لە ڕەوشتی خراپ، چونکە ڕەوشتی جوان تاوانەکان دەتاوێنێتەوە وەکو چۆن خۆر بەستەڵەك دەتاوێنێتەوە، ڕەوشتی خراپیش کردەوە باشەکان لە ناو دەبات هەر وەکو چۆن سرکە هەنگوێن خراپ دەکات.**

4- **عبداللە ی کوڕی مُبارك**(رحمه الله) **دەفەرموێت:** (حسن الخُلُق: طَلاقَةُ الوجه، وبذلُ المعروف، وكَفُّ الأَذى)[4]. **واتە: ڕەوشت جوانی بریتیە لە ڕووخۆشی و چاکەکاری و ئازار نەدانی خەڵك.**

---

(1) المسلم، الرقم(2553)، وغيره، عن النواس بن سمعان(رضي الله عنه).

(2) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.2، ص.157.

(3) لە ساڵی(1870) لە دایک بووە، لە ساڵی(1932) کۆچی دوایی کردووە.

(4) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، ابن حبان البستي، ص.64.

(5) الترمذي، الرقم(2005).

چەند نموونە و ڕووداوێك دەربارەی ڕەوشت جوانی

1- سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسیار لە دایکی بڕواداران کرا، لە وەلامدا فەرمووی: (كانَ خلُقه القرآنَ)[1]. واتە: ڕەوشتی پێغەمبەری خودا قورئان بوو، بەو مانایەی ئەوەی ڕەوشتە لە قورئاندا هاتووە لە ئەو بەدی دەکرا.

2- هەرگیز پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕەخنەی لە خواردن نەدەگرت، أبو هُرَيرَة دە فەرمووێت: (ما عَابَ النبيُّ طَعَامًا قَطُّ؛ إن اشْتَهاه أكَلَه، وإلا تَرَكَه)[2]. واتە: پێغەمبەری خودا هەرگیز ڕەخنەی لە خواردن نەگرتووە، ئەگەر حەزی لێبکردایە دەیخوارد، ئەگەر نا وازی لێدەهێنا.

3- دایکی بڕواداران عائشة دە فەرمووێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرگیز بەدەستی خۆی لە ئافرەت و خزمەتکار و هیچ کەسی نەداوە، تەنها ئەوە نەبێت لە پێناو خودا تێیدەکۆشا، و لەسەر خۆی هەرگیز ئامادەنەبوو تۆڵە بکاتەوە، مەگەر بێڕێزی بە یەکێك لە پیرۆزیەکانی ئیسلام بکرابا، ئەوکات تۆڵەی دەکردەوە[3].

بەو پەڕی دادپەروەرییەوە بە نۆرە دەچووە ماڵی هاوسەرەکانی، ئەگەر بچووبا بۆ سەفەرێك تیروپشکی بۆ دەکردن ناوی کامەیان دەرچووبا ئەوی لەگەڵ خۆی دەبرد[4].

هەروەها زۆر جار قورئانی دەخوێند و سەری خۆی لە کۆشی خێزانی دادە نا هەرچەند لە سووڕی مانگانە بووایە[5].

هەروەها بە خۆی جل و بەرگی خۆی دەدووریەوە و پێڵاوەکانی خۆی پینە دەکرد و بە خۆی مەڕی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد[6].

هەروەها أنس(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: ماوەی دە ساڵ لە خزمەت پێغەمبەری خودا بووم هەرگیز جارێك پێی نەوتم بۆ ئەوەت کردووە یان بۆ ئەمەت نەکرد[7].

4- سُفيان(رحمه الله) دەفەرمووێت: پیاوێك هاتە لای علی کوڕی حسین ی کوڕی علی کوڕی أبو طالب پێی وت: فلانە کەس بە خراپە باسی تۆی دەکرد، علی فەرمووی:

(1) رواه أحمد، الرقم(25813)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع، الرقم(4811).
(2) البخاري، الرقم(3563)، ومسلم(2064).
(3) المسلم، الرقم(2328).
(4) البخاري، (2593)، ومسلم(2770).
(5) ابن ماجة، الرقم(523)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.
(6) ابن حبان، الرقم(5675)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(671).
(7) البخاري، الرقم(6038)، ومسلم(2309).

هەستە با بچین بۆ لای پیاوەکە، دەڵێت: وامزانی بۆیە دەچێت تا بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام کاتێك چووە لای کابرا، علي پێی فەرموو: ئەگەر ئەوەی تۆ وتووتە سەبارەت بە من ڕاست بێت خودا بمبووڕێت و ئەگەر ڕەرواش نەبێت خودا تۆ ببورێت(1).

5- ڕەوشت جوانی عبدالرحمن ی کوڕی عَوف(رضي الله عنه).

بَکّاری کوڕی محمدی کوڕی سیرین(رحمهم الله) لە هاوەڵانی دەگێڕێتەوە وتوویانە: عبدالرحمن وشترێکی زۆر خۆشەویستی هەبوو، هەموو جار لە پێناو خودا غەزای پێدەکرد و پێی دەچوو بۆ مەککە بۆ حەج، هەر بۆیە زۆر لای خۆشەویست بوو، جارێکیان بە خزمەتکارەکەی فەرموو: بچۆ بەو وشترە ئاو بێنە، خزمەتکارەکە وشترەکەی برد، لە ڕێگا لە چاوی وشترەکەی دا و چاوەکەی کەوتە سەر ڕوومەتی، ئێمە وتمان بەڕاستی عبدالرحمن ئەبێ چی لە خزمەتکارەکەی بکات، وتمان: ئەمڕۆ جوانی و ناشرینی ڕەوشتی عبدالرحمن بەدەردەکەوێت، ئەوەبوو کاتێك وشترەکەی بەم شێوەیە بینی، فەرمووی: سبحان الله! ئایە نەدەکرا لە شوێنێکیتری بدەی جگە لە ڕوخساری، بە خزمەتکارەکەی وت: بارك الله فيك، ئێستاش بڕۆ، هەمووتان شاهێدبن ئەوا بەندەی خزمەتکاری خۆمم ئازاد کرد(2).

6- نموونەیەك لە ڕەوشت جوانی(وَهْبی کوڕی مُنَبِّه).

وَهْب یەکێکە لە ڕەوشت بەرزەکانی تابیعین، دەربارەی ئەو خوانا سە بەڕێز مُنیری خزمەتکاری فَضلی کوڕی عَیّاش دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان لە لای وَهْب دانیشتبووم پیاوێك هاتە خزمەتی و پێی وت: بەر لە ئێستا بەلای فلانە کەس تێپەڕیم بیستم هەر جوێنی بە تۆ دەدا، منیر دەڵێت: بینیم وَهْب بە تووڕەبوونەوە بە کابرای وت: (ما وجدَ الشَّيطانُ رسولاً غَيرَكَ؟). واتە: ئایە شەیتان جگە لە تۆ نێرداوێکی تری دەست نەکەوت. دەڵێت: پاشان هەر ئەو کات پیاوەکەی جوێنی دابوو بە وَهْب هات و سەلامی کرد و وَهْب وەڵامی دایەوە و تەوقەی لەگەڵ کرد و لە تەنیشت خۆی دایندیشاند بە ڕێزەوە(3).

7- ڕەوشت جوانی لە کڕین وفرۆشتندا.

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.67.

(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.6، ص.371.

(3) صفة الصفوة، ابن القيم، المجلد، ج.2، ص.194.

بِشْری کوڕی مُفَضَّل(رحمه الله) دەفەروێت: جارێکیان ئافرەتێك تۆ پە قوما شێکی پێ بوو لە بازاڕ هات بۆ لای یونس ی کوڕی عُبید، یونس پـێی وت: ئە مە بە چەندە؟ و تی: بە شێست دیرهە مە، یونس دەیزا نی ئە مە چوار ئەوە ندە نرخەکە یەتی، بۆ یە ڕاو ێژی بە دراوسێیەکەی کرد ئەویش وتی نرخەکەی هەر بەم شێوەیە، پا شان یونس زا نی ئەما نە غەریبن بۆیە بە ئافرەتەکەی وت: بڕۆ بە ما ڵەوەتان بـڵێ ئە گەر دەیا نەوێ بە دوو سەد وبیست وپێنج دیرهەم دەیفرۆشم، ئافرەتەکەش هەر دەیوت: لە ماڵەوە بە مذ یان و تووە بە شێت دیر هەم بیفرۆ شم، یوذ سیش هەر پـێی دەوت: بڕۆ بە ما ڵەوتان بـڵێ ئە گەر دەیانەوێ بە (225)دیرهەم دەیفرۆشین[1].

8- نموونەیەك لە ڕ ەوشت جوانی شێخ مَعروفی کەرخی(رحمه الله).

إبراهیم ی أطرش دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێک یان شێخ مَ عروف لە نز یك کەناری دیجلە دانیشتبوو لەو کاتەدا کۆمەڵێك گەنج لەسەر بەلەمێك سەرقاڵی خوارد نەوە بوون و گۆرانیان دەوت، هاوڕێکانی شێخ م عروف پێ یان وت: ئەی شێخ دە بینی ئەما نە وا بێ فەرمانی خودا دەکەن، بۆیە داواکارین دوعایان لێ بکەی، شێخ بۆ دوعاکردن دە ستەکانی بەرز کردەوە فەرمووی: (إلهي وسيدي. أسألك أن تفرحهم في الجنة كما فرحتهم في الدنيا). واتە: ئەی خودا و گەورەی من داوات لێ دەکەم ئەما نە دڵخۆش بـکەی لە ناو بەهە شت هەروەکو چۆن دڵخۆشت کردوون لە دونیا. هاوڕێ یەکانی وتـیان: ئەی شێخ ئێ مە و تمان دوعایان لێ بکە خۆ نەمان وت دوعایان بۆ بکە، شێخ فەرمووی: ئەگەر خودا لە بەهـ شت دڵخۆشیان بکات بێگومان تەوبەیان بە نسیب دەکات، هیچ زیانیش بە ئێوە ناگات[2].

9- دەربارەی هاوەڵی بەڕێز أبو درداء(رضي الله عنه) گێڕدراوە تەوە: جاری وا هەبووە شەو تا بەیانی تەنها ئەم دوعا یەی کردووە و دوو بارەی کردۆ تەوە(اللّهم أَحسنْت خلْقي، فأَحْسنْ خُلُقي). واتە: خودایە شێوە و درووستکردنی م نت جوان کردووە، ڕ ەوشتیـ شم جوانَ بکە.

10- خارِ جَەی کوڕی مُ صعَب(رحمه الله) دە فەرموێت: ماوەی بیـ ست و چوار ساڵ هاوڕێیەتی عبدالله ی کوڕی عَونم کرد، وانازانم فریشتەکان تەنها یەك تاوانیشیان لە سەری

(1) المصدر السابق، ج.3، ص.204.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.2، ص.212.

نووسیبێ. هەروەها جارێکیان دایکی بانگی کرد ئەویش بەدەنگی بەرز وەلامیدا یەوە، بۆ کەففارەتی ئەمە دوو بەندەی ئازاد کرد[1].

الصدق

ڕاستگۆیی

پێناسەی ڕاستگۆیی

الصِّدقِ: هُوَ استِواءُ السِّرِّ والعَلانية[2].

قالَ عبدالواحد بن يزيد: الصِدّقُ: الوَفاءُ لله بالعَمَلِ[3].

الصِّدقُ: القَولُ بالحَقِّ في مَواطِنِ الهَلَكَةِ[4].

واتە: ڕاستگۆیی یەکسانبوونی پەنهانی و ئاشکراییە.

عبدالواحد ی کوڕی یزید دەڵێت: ڕاستگۆیی وەفاداریە بۆ خودا بە کردەوە.

ڕاستگۆیی: وتنی حەقە لەو شوێنانەی مەترسین بۆ لە ناوچوون.

---

(3) أحمد بن حنبل، ص.140، وقيام الليل والمناجاة عند السحر، سلامة محمد أبو الكمال، ص.95.

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ص.345.

(2) المصدر السابق.

(3) محمد عبدالعاطي بحيري، ص.106.

پلە و پایە و سوودەکانی ڕاستگۆیی لە( ) خاڵدا

1- ڕاستگۆیی نیشانەی بڕوایە. خودای پەروەردگار فەرمووی یەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ۝١٩﴾ الحديد. واتە: ئەوانەی بڕوایان هێنا بە خودا و پێغەمبەرەکانی(عليهم الصلاة والسلام) بەڕاستی ڕاستگۆن.

2- خودای گەورە فەرمانی کردووە بە بڕواداران لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن، دە فەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ۝١١٩﴾ التوبة.

3- ڕا ستگۆیی سیفەتی پەروەردگارە. خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ ۝٩٥﴾ آل عمران. واتە: ئەی محمد بڵێ خودا ڕا ستی فەرموو. دە فەرموێت: ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ۝٨٧﴾ النساء. واتە: جا کێ گوفتاری لە فەرموودەی الله ڕاسترە.

4- ڕا ستگۆیی سیفەتی پێغەمبەرا نە. هەروەکو خودای پەروەردگار فەرموو یەتی: ﴿وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ۝٥٢﴾ يس.

5- ڕاستگۆیی سیفەتی تەقوادارانە. خودای گەورە چەند سیفەتێکی تەقواداران باس دەکات جا یەکێک لەوانە، فەرموویەتی: ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ ۝١٧﴾ آل عمران.

6- ڕاستگۆیی سیفەتی هاوەڵانە(رضي الله عنهم).

هەر وە کو خودای پەروەردگار دەربارەی ئەوان، دە فەرموێت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ۝٨﴾ الحشر. واتە: ئەوانە بەڕاستی ڕاستگۆن.

7- خودای گەورە بە خۆی پاداشتی ڕاستگۆیان دەدا تەوە. دە فەرموێت: ﴿لِّيَجْزِىَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ ۝٢٤﴾ الأحزاب. واتە: بۆ ئەوەی خودا پاداشتی ڕاستگۆیان بداتەوە بە هۆی ڕاستگۆییانەوە.

8- ڕا ستگۆیی لە قسەکردن بە جێگەیا ندنی فەرمانی خودا یە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ۝٧٠﴾ الأحزاب. واتە: ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە لە خودا بترسن و گوفتاری ڕاست بکەن.

9- ڕاستگۆیی هۆکارێکە بۆ ڕێك بوونی کردەوە کان. خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ

﴿وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ﴿٧١﴾﴾ الأحزاب. واته: ئەی ئەوکە سانەی بڕوا تان هێناوه له خودا بتر سن و پارێز کاری بـ کەن و گوف تاری ڕا ست و به سوود و بەجیّ بـ کەن، خودا کردەوەکانتان ڕێك دەخات و له تاوانەکانتان خۆش دەبێت.

10- پاداشتی ڕاستگۆیی زۆر گەورەیە. هەروەکو خودا باسی سیفەتی چەند کە سانێك دەکات، یەکێك لەوانە: دەفەرموێت ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ﴿٣٥﴾﴾ الأحزاب. واته: پـیاوان و ئافرەتانی ڕاستگۆ. له کۆتایی ئایەتەکەدا دە فەرموێت: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًا﴿٣٥﴾﴾ الأحزاب. واته: خودا بۆی ئامادە کردوون لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورە.

11- پاداشتی ڕاستگۆیی له مەبەستدا پلەی شەهیدانە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {مَن سـأَلَ اللَّهَ الشَّـهادةَ صـادقًا بلَّغَـهُ اللَّهُ منـازلَ الشُّهداءِ، وإنْ ماتَ علَى فراشِه}[1]. واته: هەرکەسێك بەڕاستی داوای شەهیدبوون له خودا بکات ئەوا خودا دەیگەیەنێتە پلە و پا یەی شەهیدان، هەر چەندە ئە گەر له سەر جێ گای خۆی بمرێت.

12- ڕا ستگۆیی ما یەی خـ ێر و بەرکـه تـه بۆ ڕزق و ڕۆزی. هەروەکو پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { الْبيِّعانِ بالخيارِ ما لَمْ يَتفرَّقا، فإنْ صدَقا وبيَّنا بُورِكَ لهما في بيعِهما، وإنْ كذَبا وكَتما مُحِقَتْ بركةُ بيعِهمَا}[2]. وا تە: کڕیار و فرۆشیار سەرپـشکن له پـه شێمان بوونەوە مادام له یەکتر جیانەبووبنەوە، جا ئەگەر ڕاستگۆ بوون و ئەو کەم و کورتیا نەی کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە ڕوونـ یان کردەوە پـیت و بەرە کەت دەخرێتە ناو کڕین وفرۆ شتنەکەیان، و ئە گەر درۆ یان کرد و عەیـبەکانیان ڕوون نەکردەوە بەرە کەتی مامەڵەکەیان نامێنێت.

13- بەهۆی ڕا ستگۆیی ناوی مو سڵمان لەلا یەن خودا بە ڕا ستگۆ تۆماردەکرێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وما يزالُ الرَّجلُ يصدقُ ، ويتحرَّى الصِّدقَ حتَّى يُكتبَ عندَ اللَّهِ صدِّيقًا}[3]. واتە: پیاو بەردەوام ڕاستی دەڵێت و بەداوی ڕا ستیدا دە گەڕێت تا وای لێدێت ناوی لای خودا بە ڕاستگۆ تۆمار دەکرێت.

---

(1) المسلم، الرقم(1909)، عن سهل بن حنيف(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(2079)، ومسلم(1532)، عن حكيم بن حزام(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(2607)، وغيره، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

14- ڕاستگۆیی هۆکاری ئارامی دڵه. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {دعْ ما يريبكَ إلى ما لا يريبكَ، فإنَّ الصدقَ طُمأنينةٌ وإنَّ الكذبَ ريبَةٌ}[1]. واته: وازبێنه لەو شتەی که گومانت بۆ درووست دەکات ئەو شته ئەنجام بده که گومانت بۆ درووست ناکات، ڕاستگۆیی مایەی ئارامیه و درۆش مایەی گومانه.

15- پاداشتی ڕاستگۆیی بەهەشته. خودای گەوره دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْۚ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴿١١٩﴾﴾ المائدة. واته: ئەمه ئەو ڕۆژەیه که ڕاستگۆیی سوود دەگەیێنێت به ڕاستگۆیەکان، باخەکانی بەهەشتیان بۆ هەیه له ژێریا ندا چەندین ڕووبار دەڕوات بۆ هەمیشه دەمێننەوه تێیدا، خودا لێیان ڕازی بوو و ئەوانیش لێی ڕازی بوون، ئا ئەمه بردنەوه یەکی گەورەیه. هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {عليكُم بالصِّدق، فإنَّ الصِّدقَ يهدي إلى البرِّ وإنَّ البرَّ يهدي إلى الجنَّة}[2]. واته: پابەند بن به ڕاستگۆیی، بێگومان ڕاستگۆیی ڕێنمانی دەکات بۆ چاکه و چاکەش ڕێنمایی دەکات بۆ بەهەشت.

هەروەها له فەرموودە یەکیتر فەرموو یەتی: {اضمنوا لي ستًّا من أنفسكم أضمنُ لكم الجنَّةَ}. واته: پەیمانی شەش شتم پێبدەن له خۆتان منیش بەڵێنتان پێدەدەم به بەهەشت. جا یەکێك لەو شەش شتانه بەڵکو یەکەمیان فەرمووی: {اصدُقوا إذا حدَّثْتم}[3]. واته: ڕاستگۆ بن ئەگەر قسەتان کرد.

---

(1) الترمذي، الرقم(2518)، وغيره، عن الحسن بن علي(رضي الله عنهما).

(2) المسلم، الرقم(2607)، وغيره، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد، الرقم(22809)، عن عبادة بن الصامت(رضي الله عنه)، وصححه السيوطي في الجامع الصغير(1095).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی ڕاستگۆیی

1- **أبوبكرى صديق**(رضي الله عنه) **دەفەرموێت:** (الصِّدقُ أمانةٌ، والكذب خيانَةٌ)[1]. **واتە: ڕاستگۆیی ئەمانەتە و درۆش ناپاکی یە.**

2- **عمرى كوڕى خطاب**(رضي الله عنه) **دە فەرموێت:** (لا يَجِدُ عبدٌ حقيقةَ الإيمان حتى يدع المِراء وهو مُحِقٌّ، ويدع الكَذِب في المزاحِ...)[2]. **واتە: بەندە ناگاتە بڕوای ڕاستەقینە تاوەکو واز نەهێنێت لە مشتومڕ هەرچەندە لەسەر حەقیش بێت، و تاوەکو واز لە درۆ نەهێنێت لە گاڵتە و گەمەدا.**

3- **عبدالله ى كوڕى عباس**(رضي الله عنهما) **لە ڕاڤەی ئایەتی:** ﴿وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ﴾ البقرة. **فەرموویەتی:** (لا تَخلطُوا الصِّدقَ بالكَذب)[3]. **واتە: ڕاستی تێکەڵ مەکەن لەگەڵ درۆ.**

4- **فُضيلی عياض**(رحمه الله) **دەفەرموێت:** (ما من مضغةٍ أَحبُّ إلى الله من لسان صدوق، وما من مضغة أَبغض إلى الله من لسان كَذوب)[4]. **واتە: هیچ پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی زمانێکی ڕاستگۆ خۆشەویست نیە لەلای خودا، و هیچ پارچە گۆشتێك نیە خودا ڕقی لێبێت بە ئەندازەی زمانێکی درۆزن.**

5- **أبو حاتم**(رحمه الله) **دەفەرموێت:** (الصِّدقُ يرفَع المرء في الدّارين كما أَنَّ الكذب يهوي به في الحالَين)[5]. **واتە: ڕاستی نەوەی ئادەم بەرز دەکاتەوە لە دونیا و دواڕۆژدا، هەروەکو چۆن درۆ نزمی دەکات لە هەردووکیاندا.**

---

(1) رواه الطبري في التأريخ، ، ج.3، ص.210، وابن الأثير في الكامل، ج.2، ص.192.
(2) روضة العقلاء، ابن حبان البستي، ص.55.
(3) تفسير الطبري، الطبري، ج.1، ص.568.
(4) روضة العقلاء، ابن حبان البستي، ص.52.
(5) المصدر السابق، ص.54.

چەند ڕووداوێك دەربارەی ڕاستگۆیی

1- ڕاستگۆیی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

هەر لە پێش پێغەمبەرایەتی هەموو قورەیش شاهێدی ڕاستگۆیی پێغەمبەر بوون، بەڵکو بە(الصادق الأمين) ناسراو بوو.

والفضل ما شَهِدَتْ به الأعداء. واتە: گرینگ ئەوەیە دوژمن شاهێدی بۆی بدات.

عبدالله ی کوڕی عباس دەفەرموێت: کاتێك ئا یەتی: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ٢١٤﴾ الشعراء. دابەزی، پێغەمبەری خودا چووە لای کێوی صەفا و سەرکەوتە سەری و بانگی خەڵکی کرد، دوای ئەوەی خەڵکە کە لە دەوری کۆبوونەوە پێی فەرموون: {أرأيتكم لو أخبرتكم أنَّ خيلًا بالوادي تريد أنْ تغير عليكم، أكنتم مصدّقيَّ؟}. واتە: ئەگەر پێتان بڵێم سوپایەك بە سواری لەو دۆڵەوەیە دەیانەوێت هێرشتان بکەنە سەر ئایە پێم بڕوا دەکەن؟ وتیان: بەڵێ، (ما جرَّبنا عليك إلا صدقًا). واتە: ئێمە جگە لە ڕاستی هیچیترمان لە تۆ بەدی نەکردووە. ئەوجا فەرمووی: {فإني نذير لكم بين يدي عذاب شديد}[1]. واتە: بێگومان من ترسێنەرم بۆ ئێوە بیش سزایکی سەخت مەبەست ڕۆژی دوایە.

2- لە ڕۆژی(بەدر) پێش شەڕەکە دەستپێ بکات، یەکێك لە سەرکردەکانی قورەیش بە ناوی(أَخْنَسی کوڕی شَریق) چووە لای بنەماڵەی زەهرە و پێی وتن: محمد خوارزای ئێوەیە، بۆیە ئێوە لە هەموو کەس پێویستترن نەجەنگن، ئێستاش ئێوە بووەستن لێرە، سەرنج بدەن ئەگەر محمد سەرکەوت ئەوا ئێوە بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە، خۆ ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو گەلەکەتان هیچتان لێناکەن، پاشان أخنس چوو بۆ لای أبو جهل، پێی وت: ئەی باوکی حەکەم پێم بڵێ ئایە محمد ڕاستگۆیە یان درۆزنە؟ هەروەها پێی وت: خۆ جگە لە من و تۆ نەکەس لێرەیە و نە کەسیش گوێی لە ئێمە یە. أبو جهل وتی: ئەی هاوار بۆ تۆ سوێند بە خودا بێگومان محمد ڕاستگۆیە و هەرگیز درۆی نەکردووە. پاشان أبو جهل وتی: بەڵام ئەگەر ئاڵای تایبەت و کلیلی کەعبە و ئاودانی حاجیان و پێغەمبەرایەتی هەمووی هەر بۆ بنەماڵەی قوصەی بێت، ئەی چی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە، ئەوکات ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ۖ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ٣٣﴾ الأنعام.

---

(1) البخاري، الرقم(4770).

3- ڕاستگۆیی لەگەڵ منداڵ.

عبدالله ی کوڕی عامر(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ماڵی ئێمە بوو دانیشتبوو ئەوکات عبدالله منداڵ بوو دایکم بانگی کردم وتی: وەرە تا شتێکت بدەمێ، لەوکاتەدا پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: دە تەوێ چی پێ بدەی، دایکم وتی: دەمەوێ قەسپێکی پێ بدەم، پێغەمبەری خودا پێی فەرمووی: {أما إنَّك لَو لَمْ تُعطيه شيئًا كُتِبتْ علَيك كَذبَةٌ}[1]. واتە: بێگومان ئەگەر تۆ هیچ شتێکی پێنەدەی درۆیێکت لەسەر دەنووسرێت.

4- ڕاستگۆیی بِلالی حەبەشی(رضي الله عنه).

بلالی حەبەشی برایەکی هەبوو بە ناوی خالید، دەیویست هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئافرەتێك لە هۆزی مەهزوم کە بە حەسەب و نەسەبی بەرز ناسرا بوون، بۆیە زۆر ئەستەم بوو ڕێکبکەون و ڕازی بن، بەڵام بیلال کە زانی براکەی لە سەر ئەمە پێداگرە، ئەوە بوو لەگەڵی چوو بۆ خوازبێنی ئافرەتەکە، سەرەتا بلال پێی وتن: ئەی خەڵکینە ئێوە ئێمە دەناسن پێشتر ئێمە کۆیلە بووین خودا ئێمەی ئازاد کرد، هەروەها ئێمە گومڕا بووین خودا هیدایەتی داین، و هەژار بووین خودا دەوڵەمەندی کردین، ئێستاش هاتووم بۆ خوازبێنی کچەکەتان بۆ برام، جا ئەگەر ڕازی بن سوپاس بۆ خودا و ئەگەر ڕازی نەبن الله اکبر، سەرەنجام ئەوان ڕازیبوون بە خۆشحاڵیەوە وتیان: بە خێر بێی ئەی بانگبێژی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دوای گەڕانەوەیان خالد بە بلالی وت: بۆچی لە جیاتی ئەمە باسی پلە و پایە و هەڵوێستەکانمانت لە ئیسلام نەکرد لەلای ئەوان، مەگەر چەند نارەحەتی و تاقیکردنەوەمان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بینیوە، بلال پێی وت: بێدەنگ بە و بزانە هۆکای ڕازیبوون و سەرکەوتنی پرۆسەکە تەنها ڕاستگۆیی ئێمەبوو[2].

5- ڕاستگۆیی شێخ عبدالقادر(رحمه الله).

شیخ عبدالقادری گەیلانی دەفەرموێت: بەڵێنم بە دایکم دا ئەبێ هەردەم ڕاستگۆ بم، جارێکیان لە شاری مەککەی پیرۆز دەچووم بۆ شاری بەغدا بە دوای زانست، دایکم چل دیناری پێدام، کاتێك گەیشتینە(همدان) کۆمەڵێك دز ڕێگەیان لێ گرتین و دەستیان بەسەر کاروانەکەدا گرت، یەکێك لە چەتەکان پێی وتم: تۆ چیت لەلایە؟ وتم: چل دینار،

---

(1) أبو داود، الرقم(4991)، وأحمد(15702)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(748).

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.51.

سەرەتا وای زانی گاڵتەی پێ دەکەم، بۆیە وازی لێ هێنام، پا شان یەکێکیتر هات و تی: تۆ چیت پێ یە؟ وتم: چل دینار. کە ئەمەم وت منی برد بۆ لای گەورە کەیان، ئەویش بە هەمان شێوە لێی پرسیم منیش بە هەمان شێوە وەڵا مم دا یەوە، و تی: چۆن بوو ئاوا ڕا ستیت وت؟ وتم: دایکم بەڵێنی لێ وەرگر تووم کە ڕا ستگۆبم، م نیش تر سام ئە گەر ڕا ستی نەڵێم نا پاك بم لە بەڵێنە کەم، لە گەڵ ئە مە سـەرکردەی ڕێگرەکـان بە گریانەوە هاواری کرد تۆ دەترسی ئەی من چۆن نەترسم نا پاك بم لە لا یەن خودا، ئەوە بوو تەوبەی کرد و شتومەکەکانیشی پێ دانەوە، ئەوانەی لەگەڵیشی بوون وت یان: تۆ لە خرا پە و ڕێ گری گەورەمان بووی، ئەبێت لە تەوبە شدا گەورەمان ب یت، ئەوەبوو بە بەرەکەتی ڕاستگۆیی شێخ عبدالقادر هەموویان تەوبەیان کرد[1].

6- ئەبێت موسڵمان لەگەڵ گیانلەبەرانیش ڕاستگۆ بێت .

پێ شەوا بو خاری(رحمه الله) بۆ دە ستکەوتنی یەکێك لە فەرموودەکانی پێغەم بەری خودا(ﷺ) ڕێگا یەکی دووری بڕی بوو، بەڵام کات ێك نز یك بووەوە لەو پ یاوەی کە فەرموودەکەی لە لابوو بینی ئەسپەکەی بەڕەڵا بووە و پیاوە کە بە قوما شێك ئا ماژەی دەکرد بۆ ئەسپەکە، وەکو ئەوە وا بوو کە جۆی ت ێدابێت، ئە سپەکەش هات بۆ لای و گرتیەوە، لەوکاتەدا بوخاری فەرمووی: ئایە هیچ جۆت لە لابو؟ و تی: نەخێر بەڵکو بۆ یە وام کرد تا ئەسپەکە وابزانێت جۆم لە لایە. بوخاری فەرمووی: من فەرموودە لە کە سێك وەرناگرم کە درۆ لەگەڵ ئاژەڵان بکات[2].

7- ڕاستگۆیی بووە هۆکاری ڕزگاربوونی منداڵەکان.

أحمدی کوڕی عبدالله ی عیجلی دە فەرموێت: یەکێك لە تابعین بە ناوی رِبْعِي کوڕی حِراش(رحمه الله) هەرگیز درۆی نەکردووە، دوو کوڕی هەبوون بە هۆی تاواذ ێك خۆ یان حە شار دا بوو لە ماڵ یان، چونکە لە لا یەن حَ جّاجی یو سفی سەقەفی فەرمانی دە ستگیرکردنیان بۆ دەر چوو بوو، بۆ یە بە حَجّاج یان وت: باب یان هەرگیز درۆی نەکردووە، ئەگەر یەکێك بنێری پرسیاری لێ ب کەن، حَ جّاجیش نوێ نەرێکی نارد، کات ێك رِبعي هات حَجّاج لێی پرسی: کوڕەکانت لە کوێن؟ وتی: لە ما ڵەوەن، حَ جّاج و تی: لە بەر خاتری ڕاستگۆیی تۆ ئەوانمان عەفوو کرد[3].

---

(1) صلاح الأمة في علو الهمة، أبو تراب العفاني، ج.5، ص.45.

(2) مواقف وعبر، محمد محمد داود، ص.519.

(3) 1000 قصة وقصة من قصص الصحابة والصالحين، ص.38.

التَّواضُعُ

خاكيبوون

پێناسەی خاكيبوون يان خۆ بەكەم گرتن

التواضعُ لُغَةً: ضِدُّ الكِبْرِ، وهُوَ يَعني التَّذلُّلُ، يُقالُ: تَواضَعَ الرَّجُلُ إِذا تَذَلَّلَ وتَخاشَعَ.

وفي الشَّرعِ: سُئِلَ الْفُضَيْلُ بْنُ عِيَاضٍ عَنِ التَّوَاضُعِ، مَعْنَاهُ فَقَالَ: يَخْضَعُ لِلْحَقِّ، وَيَنْقَادُ لَهُ. وَيَقْبَلُهُ مِمَّنْ قَالَهُ.

وقيل: أَنْ لا تَرى لِنَفسِكَ قيمَةً[1].

واتە: خاكيبوون لە زمانەوانيدا: پێچەوانەی خۆ بەزل زانينە، بە واتای خۆ بە كەم گرتنە، دەوترێت: پياوەكە خۆی بە كەم گرت، ئەگەر خۆی بە كەم زانی و ملكەچ بوو.

لە شەرعدا: پرسيار كرا لە فُضَيلی كوڕی عِياض لە بارەی تَواضُع، فەرمووی: ملكەچ دەبێت بۆ ڕاست و ڕەوا، گوێڕايەڵ دەبێت بۆی، و لەو كەسە قبوڵ دەكات كە دەيڵێت.

وتراوە: خاكيبوون ئەوەيە بۆ نەفسی خۆت هيچ نرخێك نەبينی.

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.157.

پلە و پایە و سوودەکانی خاکیبوون لە(ﷺ) خاڵدا

1- سادەیی و خۆ بە کەم گرتن یەکێ کە لە نیـ شانە و ڕەوو شتەکانی بە ندە ڕاستەقینەکانی خودا. خودای گەورە لە وە سفی ع باد ا لمرحمن فەرموو یەتی: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا﴿٦٣﴾﴾ الفرقان. واتە: بە ندە تایبە تەکانی خودای میهرەبان کەسانێکن بە سادەیی و ویقارِ دەڕۆن بەسەر زەویدا.

2- بەهۆی خاکیبوون موسڵمان ناز و نیعمەتی بەهەشت بەدەست دێنێت.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن جاء يومَ القيامة بريئًا من ثلاث دخل الجنَّةَ :الكِبْرِ والغلول والدَّين}[1]. واتە: هەر کە سێك لە ڕۆژی دوا یی دێت و دوور دێت لە سیٚ شت دەچێتە بەهەشت: خۆ بە زل زانین و دزیکردن لە غەنیمەت و قەرزداری.

3- عائ شەی دایـ کی بڕواداران(رضي الله عنها) فەرموو یەتی: (إنَّكُم لَتَغفَلُونَ أَفْضلَ العبادات، التَّواضع)[2]. واتە: بەڕاستی ئێوە بیٚ ئا گان لە با شترین پەر ستش، ئەویش خاکیبوونە.

4- خاکیبوون فەرمانی خودایە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ اللهَ أَوْحَى إليَّ أَنْ تَواضَعوا، حتَّى لَا يَفْخَرَ أَحَدٌ علَى أَحَد، ولَا يَبْغِي أَحَدٌ عَلَى أَحَد}[3]. واتە: خودا وە حی بۆ ناردم کە خاکی بن بە جۆرێك کە کەس شانازی بە سەر کەسیتردا نەکات، و کەس ستەم لە کەس نەکات.

5- بەهۆی خاکیبوون موسڵمان بەرز و بەڕێز دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {وما تواضع أحدٌ للَّه إلا رفعهُ اللَّهُ}[4]. وا تە: هەر کەسێك خاکیبوون بنوێنێت لە پێناو خودا خودای گەورە بەرزی دەکات.

6- پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن تَرَكَ اللِّباسَ تواضُعًا للَّه، وهُوَ يَقْدِرُ عليْه، دعاهُ اللَّهُ يومَ القيامَة علَى رؤوسِ الخَلائق حتَّى يُخيِّرَه من أيِّ حُلَلِ الإيمان شاء يلبسَها}[5].
وا تە: هەر کە سێك واز لە جل و بەرگێك بێنێت لەبەر خاکیبوون لە پێناو خودا، لە کاتێکدا دەیتوانی بیپۆشێت، لە ڕۆژی دوایی خودا بانگی دە کات لە سەر سەری هەموو

(1) النسائي، الرقم(8764)، وابن حبان(198)، وغيرهما، عن ثوبان(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1351).
(2) احياء علوم الدين، الغزالي، ج.3، ص.443.
(3) المسلم، الرقم(2865)، عن عياض بن حمار(رضي الله عنه).
(4) المسلم، الرقم(2588)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).
(5) الترمذي، الرقم(2481)، واحمد(15631)، والحاكم(7372)، عن معاذ بن انس(رضي الله عنه)، وحسنه الترمذي في سننه.

خەڵكدا سەرپشكی دەكات لە خشڵ و جل وبەرگی بڕوا بە ئارەزووی خۆی كام یان لە بەر بكات.

چەند وتەیەك دەربارەی خاكیبوون

1- عیسی(عليه السلام) فەرموویەتی: (طُوبَى لِلْمُتَواضِعِينَ فِي الدُّنيا هُمْ أَصْحابُ المنابرِ يومَ القيامَةِ)[1]. واتە: خۆشبەختی بۆ خاكیبووان لە دونیا ئەوان خاوەنی میزبەرەكانن لە ڕۆژی دواییدا.

2- سُلَیمان كوڕی داود(عليهما السلام) بەیانیان بەسەر دەولەمەندەكاندا تێدە پەڕی تا دەگەیشتە لای هەژارەكان و لە گەڵیان دادەنیشت و دەیفەرموو: (ياربُّ، مسكينٌ مَعَ مساكين)[2]. واتە: ئەی پەروەردگارم، هەژارێك لەگەڵ هەژاراندایە.

3- پێشەوا شافیعی(رحمه الله) دە فەرموێت: (إذا كانَ التَّواضُعُ مِنْ أَخلاقِ الكِرامِ، فَالكِبْرُ مِنْ أَخلاقِ اللِّئام)[3]. واتە: ئەگەر خاكیبوون لە ڕەوشتی بەڕێزەكان بێت، ئەوا خۆ بە زل زانینیش لە ڕەوشتی بێ ڕێز و چروكەكانە.

4- قَتادَة(رحمه الله) دە فەرموێت: (من أُعطِي مالاً أَو جَمالاً وثِياباً وعِلماً ثُمَّ لَم يتَواضع كانَ علَيه وبالاً يوم القيامة)[4]. واتە: هەر كەسێك سامان یان جوانی و جل و بەرگ و زانستی پێ بەخشرابێت و خاكی نەبێت بۆی دەبێتە دەرد و بەڵا لە دوارۆژدا.

5- إبراهیمی كوڕی شَیْبان(رحمه الله) دە فەرموێت: (الشَّرفُ فِي التَّواضُعِ)[5]. واتە: ڕێز و شەرەف لە خاكیبوون دایە.

---

(1) التواضع والخمول، ابن أبي الدنيا، ص.117 ، ينظر احياء علوم الدين، الغزالي.

(2) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.173.

(3) المصدر السابق، ص.176.

(4) التواضع والخمول، ابن أبي الدنيا، ص.142.

(5) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.330.

چەند نموونەیەك لەسەر خاكیبوون

1- سەبارەت بە خاكیبوونی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

پرسیار لە دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) کرا لە هەموو کەس زیاتر ئاشنا و شارەزا بوو لە ژیانی پێغەمبەری خودا ئایە پێغەمبەر لە ماڵەوە هەڵسوکەوتی چۆن بوو؟ فەرمووی: (كَانَ يَكونُ فِي مِهنَةِ أهْلِه، فَإذَا حَضرت الصَّلَاةُ خرج إلى الصَّلَاة)[1]. واتە: لە خزمەتی کاروباری ماڵدا بوو یارمەتی خێزانەکەی دەدا، هەر کاتێکیش کاتی نوێژ بهاتبا دەردەچوو بۆ نوێژ.

بەڵێ پێغەمبەری خودا بە خۆی ئالیکی دەدا و شترەکەی، بزنی دەدۆشی، نەعلەکەی لەگەڵ خزمەتکارەکان دادەنیشت و نانی دەخوارد، هەویری دەشێلا، دەچووە بازاڕ بۆ شت کڕین و بە خۆی هەڵیدەگرت بۆ ماڵەوە، و تەوقەی لەگەڵ دەوڵەمەند و هەژار دەکرد بە بێ جیاوازی، لە سەلامکردن لە گەورە و بچووك دەستپێشخەری دەکرد. عبداللە ی کوڕی عبّاس دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا لەسەر زەوی دادەنیشت و لە سەر زەوی نانی دەخوارد[2]. هەروەها دایکی بڕواداران عائشە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا جل و بەرگی خۆی بە خۆی دەدووریەوە و نەعلەکەی پینە دەکرد و کاری دەکرد وەکو چۆن پیاوەکان لە ماڵی خۆیان کار دەکەن[3].

2- جابری کوڕی عبداللە(رضي الله عنه) دەڵێت: جارێك یان پیاوێك یان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بەر سام و هەیبەتی پێغەمبەر کابرا ترسا، پێغەمبەر پێی فەرموو: {هَوِّن عَليكَ، فإنِّي لَستُ بمَلك، إنَّما أنا ابنُ امرأة كانَت تأكُل القَديدَ}[4]. واتە: لە سەر خۆ بە، من پادشا نیم، بەڵکو من کوڕی ئافرەتێکم کاتی خۆی گۆشتی وشککراوەی دەخوارد.

3- ثابت(رحمه الله) گێڕاویەتەوە دەفەرموێت: ئەوکاتەی هاوەڵی بەڕێز سلمانی فارسی (رضي الله عنه) ئەمیری شاری(مدائن) بوو پیاوێکی خەڵکی شام هەندێك شتی کڕی بوو، سلمانی بینی نەیناسی، بێجامەیەك و دشداشەیەکی سادەی لە بەردا بوو، کابرا وایزانی ئەمە کرێکارە، پێی وت: وەرە ئەمە بۆ هەڵگرە، سەلمان یش بۆی هەڵگرت، کاتێك

---

(1) البخاري، الرقم(676).

(2) الطبراني، الرقم(12494)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(2125).

(3) رواه أحمد، الرقم(24903)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4937).

(4) الحاكم، الرقم(3733)، وغيره، عن ابي مسعود عقبة بن عمرو الأنصاري، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(1876).

خەڵك سەلمان یان بینی وتیان: ئەمە خۆ ئەمیرەکەمانە، ئەوکات پیاوەکە زانی ئەمە سلمانە، بۆیە پێی وت: ببوورە من تۆم نەناسیەوە، بەڵام سلمان فەرمووی: نەخێر ئێستاش ئامادەنیم دایبنێم تا بۆت دەگەیێنمەوە شوێنەکەت[1].

4- سادەیی پێشەوا عُمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه).

لە حسن(رحمه الله) گێڕدراتەوە فەرموویەتی: جارێکیان عُمر لە ڕۆژێکی گەرمدا لە ماڵ دەرچوو لەگەرمان کراسەکەی خستبووە سەر سەری، لەوکاتەدا منداڵێك بە سواری گوێ درێژێك بەلای داهات پێی وت: ئەی منداڵ لەگەڵ خۆت هەڵم گرە منداڵەکە هاتە خوار و وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران فەرموو سواربە، عُمر فەرمووی: نەخێر سەرەتا تۆ سەرکەوە، من دەمەوێت لە پشتەوە بم، ئەی منداڵ دەتەوێت من لە شوێنێکی نەرم و تۆش لە شوێنێکی ناخۆش بیت؟ ئەوکات منداڵەکە سوار بوو و عُمریش لە دواوە تا گەیشتنە ناو شاری مەدینە خەڵکیش تەماشایان دەکرد.

5- شەوێکیان عُمری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) ئەوکاتەی کە خەلیفە بوو میوانێکی هەبوو، چراکەی کوژایەوە، میوانەکە وتی: من ڕێکی دەخەمەوە، بەڵام عُمر فەرمووی: بێڕێزییە پیاو ئیش بە میوانی خۆی بکات، پیاوەکە وتی: کەواتە بە خزمەت کارەکە بڵێ، وتی: تازە خەوتووە، بۆیە بە خۆی هەستا زەیتی تێکردەوە هەڵیگیرساند، پیاوەکە وتی: چۆن دەبێت تۆ ئەم کارە بکەی ئەی پێشەوای بڕواداران؟ عُمر فەرمووی: (ذَهبت وأنا عمر، ورجعت وأنا عمر، ما نَقَص مِني شَيء! وخير النّاسِ من كانَ عِندَ الله متواضِعاً)[2]. واتە: چووم هەر عمر بووم، گەڕامەوە هەر عمر بووم، هیچم لێ کەم نەبوو!، باشترین کەس ئەو کەسەیە کە لەلای خودا خاکی بێت.

6- کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەهات بۆ ناو هاوەڵانی وەکو ڕێزێك لە بەری هەڵدەستان، بەڵام ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو، بۆیە دەیفەرموو: {من أحبَّ أن يتمثَّل له النَّاسَ قياماً، فليتبوَّأْ مقعدَه من النَّار}[3]. واتە: هەر کەس حەز بکات خەڵك بۆی هەڵستن و بە پێوە بوەستن با شوێنێك لە ناو ئاگر بۆ خۆی ئامادە بکات.

7- دەگێرنەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) سواری گوێدرێژ دەبێت بە بێ کورتان، أبو هُرَیرَةش ی لەگەڵ دەبێت، دەچن بۆ مزگەوتی(قُباء)، بە أبو هُرَیرَة دەڵێت: □ئا یا

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، یاسر عبدالرحمن، ج.1، ص.358.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، یاسر عبدالرحمن، ج.1، ص.360.

(3) أبو داود، الرقم(5229)، وغيره، عن معاوية(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(357).

ده تەویٚ لە گەڵ من سوار بب یت؟، و تی: کەیفی تۆ یە، پێغەم بەری خودا فەرمووی: سوار بە، بەڵام أبو هُرَیرَة نەیتوانی سوار بب ێت، بۆ یە پێغەم بەر دە ستی گرت، بەڵام هەردووکیان کەوتنە خوارەوە، پاشان پێغەم بەر سواربوویەوە بە هەمان شێوە وی ستی یارمەتی أبو هُرَیرَة بدات، بەڵام دووبارە هەردووکیان کەوتنە خوارەوە، بۆ جاری سێیەم پێغەمبەری خودا وی ستی یار مەتی بدات، أ بو هُرَ یرَة و تی: (والّذي بعثَكَ بالحقّ ما رميتَكَ ثالثاً)[1]. واتە: سوێند بەوەی تۆی ناردووە بە حەق بۆ جاری سێیەم ناتخەمە خوارەوە.

---

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبالعاطي بحيري، ص.165.

الأَمانَةُ

سپارده

پێناسەی سپارده

الأمانــة لُغَــةً: مَأخوذَةٌ مِنْ مادَّةِ(أم ن) الّتي تَدُلُّ عَلى سُكونِ القَلبِ، وَيُقالُ: رَجُلٌ أمَنَةٌ إذا كانَ يَأمَنُهُ النّاسُ.

ويقول ابن المنظور: الأمانَةُ ضِدُّ الخِيانَة.

واصطِلاحــــــاً: قال الكَفَويُّ: الأمانَةُ كُلُّ ما افتَرَضَ اللهُ عَلى العِبادِ فَهُوَ أمانَةٌ كالصَّلاةِ والزَّكاةِ والصِّيامِ وأداءِ الدَّينِ، إلخ[1].

واتە: ئەمانەت لە زمانەوانیدا: وەرگیراوە لە ماددەی(أ م ن) كە واتا دەبەخشێت لەسەر ئارامی دڵ، دەوترێت پیاوێكی ئەمینە ئەگەر خەڵكی لێی دڵنیا بوون.

ابن المنظور دەڵێت: ئەمانەت پێچەوانەی ناپاكییە.

لە زاراوەی شەرعدا: كە فەوی دەڵێت: سپاردە: هەر شتێك كە خودای گەورە بە واجبی دانابێت لەسەر بەندەكان ئەوە پێی دە وترێت ئەمانەت وەكو نوێژ و زەكات و ڕۆژوو و دانەوەی قەرز هتد.

كەسێك خەڵك لە باشیەتی دڵنیابن پێی دەوترێت: ئەمین، بۆیەش یەكێك لە ناوەكانی خودا بریتیە لە(المؤمِن)، چونكە خەڵك دڵنیا دەكاتەوە لەوەی ستەمیان لێ ناكات[2].

ناوی هەندێك لە سپاردەكان

1- نەفس و هەموو ئەندامەكانی لەش.

2- تەمەن بە گشتی.

3- ئاینی ئیسلام و پەرستشەكان و گشت سوننەتەكانی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

4- دایك و باوك و منداڵ و خێزان و ماڵ و سامان و دراوسێ و مافی خەڵك.

5- بەرپرسایەتی و براگەورەیی و پاراستنی نهێنیەكان.

6- زانست و قوتابیەكان و خاك و نیشتیمان.

7- كێشان و پێوان و كڕین وفرۆشتن و بازرگانی كردن.

8- جوانی و هێز و دەستهەڵات و تەلەفۆن و چەك.

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي البحيري، ص.290.

(2) مختار الصحاح، الرازي، ص.26.

پلە و پایە و سوودەکانی سپاردە پارێزی لە(ﷺ) خاڵدا

1- سپاردە پارێزی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە. خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾ النساء. واتە: خودا فەرمانتان پێ دەکات سپاردەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان.

2- لەبەر گەورەیی سپاردە ئاسمان و زەویش هەڵیان نەگرت. هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا﴾ الأحزاب. وا تە: ئێمە سپاردەمان خستە بەردەمی ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان هەڵیان نەگرت لەو بەرپرسیە ترسان پاشان ئادەمیزاد هەڵیگرت، بەڕاستی ئەو ستەمی لە خۆی کرد و زۆر نەزانە.

3- ئەمینی یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام).

پێغەمبەر نوح بە گەلەکەی خۆی وت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ الشعراء. هەروەها پێغەمبەر هود بە گەلەکەی خۆی وت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ الشعراء. هەروەها پێغەمبەر صالح بە گەلەکەی خۆی وت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ الشعراء. هەروەها پێغەمبەر لوط بە گەلەکەی خۆی وت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ الشعراء. هەروەها پێغەمبەر شُعیب بە گەلەکەی خۆی وت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ الشعراء. هەروەها دەربارەی پێغەمبەر موسی کاتێك یەکێك لە کچەکانی پێغەمبەر شُعیب بە باوکی دەڵێت: ﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾ القصص. هەروەها پێغەمبەر یوسف پادشاکەی پێی دەڵێت:﴿إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ﴾ یوسف.

هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەر لەسەردەمی پێش پێغەمبەرایەتیش لە ناو گەلەکەی بە(الصادق الأمین) ناسراو بوو، بۆ نموونە کاتێك بۆ یەکەم جار وەحی بۆ دێت و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ دایکی بڕواداران خَدیجة(رضي الله عنها)، کە بینی شڵەژاوە بە پێغەمبەری وت: دڵتەنگ مەبە بێگومان تۆ سەرکەوتوو دەبیت، چەند سیفەتێکی باس دەکات، یەکێك لەوانە سپاردە پارێزی بوو.

4- سپاردە پارێزی یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکانی بڕواداران سەرەنجامەکەشی گەیشتنە بە بەهەشتی فیردەوس. هەروەکو خودای گەورە لە سەرەتای

سورەتی(المؤمنون) شەش سیفەتی بڕواداران باس دەکات، یەکێك لەوانە فەموو یەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ٨﴾ المؤمنون. واتە: ئەو بڕوادارانەی پارێزگاری دەکەن لە سپاردەکانیان و بەڵێنەکانیان، دوای چەند ئایەتێك دە فەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ١٠ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ١١﴾ المؤمنون. واتە: ئەوانە میراتگرن، ئەوانە میراتگرانی فیردەوسن بۆ هەمیشە ژیانی تا هەتایی تێیدا دەبەنە سەر.

5- موسڵمانی ئەمین دوور دەکەوێتەوە لە سیفەتی دووڕوویی، چونکە ناپاکی کردن سیفەتی دووڕووەکانە، پێغەمبەر(ﷺ) دە فەرموێت: {آيةُ المُنافقِ ثلاثٌ: إذا حدَّثَ كذَبَ، وإذا وعَدَ أخلَفَ، وإذا ائْتُمِنَ خانَ}[1]. واتە: نیشانەی دووڕوو سێ شتە: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنیدا نایباتە سەر، ئەگەر بە ئەمیدار داندرا ناپاکی دەکات.

6- نەمانی ئەمانەت واتە نزیك بوونەی دوارۆژ، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {إذَا ضُيِّعت الأمانَةُ فَانْتَظِر السَّاعَةَ}[2]. واتە: هەر کات ئەمانەت نەما چاوەڕوانی هاتنی دوارۆژ بە.

7- پاراستنی سپاردە لە هەبوونی هەموو دوز یا باشترە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {أربعٌ إذا كُنَّ فيكَ فَلا علَيكَ ما فاتَكَ من الدُّنيا حِفظُ أَمانةٍ، وصِدقُ حديثٍ، وحسن خَليقةٍ، وعِفَّةٌ في طُعمةٍ}[3]. واتە: چوار شت هەنە ئەگەر لە تۆ بێتە دی خەفەت مەخۆ لەو شتانەی لە دەستت داوە لە دونیا، پاراستنی سپاردە، ڕاستگۆیی لە قسەدا، ڕەوشتی باش و جوان، و خۆپارێزی لە خواردنی حەرام و نزیکبوون لە حەلال.

8- تەواوی بڕوا پەیوەستە بە سپاردە، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووەتی: {لا إيمانَ لمَن لا أَمانةَ لَه...}[4]. واتە: بڕوای تەواوی نیە ئەو کەسەی ئەمانەت پارێز نەبێت.

---

(1) البخاري، الرقم(33)، ومسلم(59)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(59). عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد، الرقم(6652)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(873).

(4) رواه أحمد، الرقم(12567)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(3004).

چەند وتەیەكی هاوەڵان و زانایان دەربارەی سپاردە

1- پێشەوا أ بوبكر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (أصدقُ الصّدق الأمانَة وأكذَب الكذب الخِيانَة)[1]. واتە: ڕاسترین ڕاستی سپاردەیە، و ناپاكیش گەورەترین درۆیە.

2- پێشەوا عُمری كوڕی خەطاب(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: (لا تَغُرّني صلاةُ امرئ ولا صومه، من شاء صام، ومن شاء صلّى، لا دين لمن لا أمانةَ لَه)[2]. واتە: نوێژ و ڕۆژووی هیچ كەسێك فریوم نادات، ئەوەی دەیەوێت با ڕۆژوو بگرێت و ئەوەی دەیەوێت با نوێژ بكات، دینی نیە ئەوەی سپاردە پارێز نەبێت.

3- عبدالله ی كوڕی مسعود(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (القَتل في سبيلِ الله كَفَّارةُ كُلِ ذَنب إلّا الأمانَة، وإنَّ الأمانة الصَّلاةُ والزَّكاةُ والغَسل من الجنابة والكَيل والميزانُ والحديثَ، وأعظَم مِنْ ذلكَ الودائع)[3]. واتە: كوژران لە پێناو خودا كەفارەتی هەموو تاوانێكە تەنها سپاردە نەبێت، بێگومان سپاردە نوێژ و زەكات و خۆشوشتن لە جەنابەت و كێشان و پێوان و قسەكردنە، لەوانەش گەورەتر بریتیە لە دانانی شتێك لە لات بە ئەمانەت.

4- أبو هُرَیرَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (أوَّلُ ما يرفَع من هذه الأُمَّة الحياء والأمانَة، فَسلوها الله)[4]. واتە: یەكەم شت كە بەرز دەكرێتەوە و نامێنێت لەو ئوممەتە، شەرم و سپاردەیە، جا زۆر داوای ئەمانەت لە خودا بكەن.

5- عبدالله ی كوڕی عەباس فەرموو یەتی: (لَم يرخّص الله لمعسرٍ ولا لموسرٍ أَنْ يُمسكَ الأمانَة)[5]. واتە: خودا مۆڵەتی نەداوە بۆ هەژار و دەوڵەمەند سپاردە ڕابگرن لە لای خۆیان بە بێ هۆ، بۆ ئەوەی نەیدەنەوە بە خاوەنەكەی.

6- سُفیانی كوڕی عُیَیْنَة(رحمه الله) فەرموو یەتی: (من لَم يكُن لَه رأس مال فَلْيتَّخذ الأمانَة رأس ماله)[6]. واتە: هەر كەسێك سەرمایەی نەبوو با سپاردە پاراستنی بكاتە سەرمایەی خۆی.

---

(1) البيهقي في السنن الكبرى، الرقم(3009).

(2) مكارم الأخلاق، محمد بن جعفر الخرائطي، ص.162.

(3) المصدر السابق، ص.159.

(4) المصدر السابق، ص.178.

(5) الجامع لأحكام القرآن، القرطبي، ج.5، ص.256.

(6) الدرر النثور، السيوطي، ج.4، ص.500.

چەند نموونە و ڕووداوێك لەسەر سپاردە

1- پادشای ڕۆم هیرەقل بەدوای أبو سُفيان(رضي الله عنه) دەنێرێت، هەڵبە تە ئەوكات هێ شتان مو سڵمان نەبووبوو، سەبارەت بە پێغەمبەر(ﷺ) چەند پر سیارێكی ئارا ستە دەكات و لێی دەپرسێت: ئایە محمد بە چی فەرمانتان پێ دەكات؟ أبو سُفيان و تی: (إِنَّه يأمرنا بالصَّلَاة، والصِّدْق، والعفَاف، والوفَاء بالعهْد، وأَدَاء الأَمانَة)[1]. وا تە: ئەو فەرمانمان پێدەكات بە نوێژ و ڕاستگۆیی و داوێن پاكی و وەفاداربوون بە بەڵێن و بەجێگەیاندنی سپاردە.

2- كاتێك قورە یش كەعبەیان درووست كردەوە لە سەر دانانەوەی بەردەڕە شەكە ناكۆك بوون ئاخۆ دەبێت كا مە هۆز و بنەماڵە بەردە كە دابنێت لە شوێنی خۆی، لە كۆتاییدا بڕیاریاندا: كێ یە كەم كەس بێت بۆ لا یان ئەوە دەبێ تە دادوەر لە نێوانیان، قەدەری خودا وابوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ لا یان، هەڵبە تە ئەو كات هێشتان نەببووە پێغەمبەر، هەموویان وتیان: (هذا الأمين رضينا بحُكْمه)[2]. ئەوەبوو فەرمانی كرد بەردەكەیان لەسەر پارچە قوماشێك دا نا و بە هەموویان بەرزیان كردەوە بۆ شوێنی خۆی، پاشان بەدەستی خۆی بەردەكەی لە شوێنی خۆی دانا.

3- كاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) ویستی لە مەككە كۆچ بكات بۆ مەدینە، خەڵكی مەككە چونكە ئەویان بە ئەمین دەزانی شتومەك و پارە و سامانی خۆیان سپاردەی ئەو كرد بوو، سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی بە دەست قورەیشیەكانی بینی، نەك ئەوە ندە بەڵكو شەوی كۆچكردنی گەورەترین پیلانیان دانا بوو چواردەورەی ماڵەكەیان گەمارۆ دابوو بۆ ئەوەی بیكوژن، كە چی پێغەمبەری خودا(الصادق الأمين) لە خەمی سپاردەی ئەوان بوو چۆن دوای كۆچ كردن بگاتەوە دەستیان، بۆ ئەم مەبەستە علی كوڕی أبو طالب لە شوێنی خۆی دەخەوێنێت، هەرچەندە زۆریش پێویست بوو لەو سەفەرە پڕ لە مەترسیە لەگەڵیدا بێت، بەڵام بەجێی هێشت بۆ ئەوەی هەموو سپاردەكان بداتەوە خاوەنەكانیان[3].

4- عبدالله ی كوڕی عباس دە فەرموێت: ئەوكاتەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) شاری مەككەی فەتح كرد بانگی عُثماتی كوڕی طَلحة ی كرد و پێی وت: كلیلی كەعبەم بۆ

(1) البخاري، الرقم(2681)، ومسلم(1773)، عن أبي سفيان(رضي الله عنه).
(2) الرحيق المختوم، المباركفوري، ص.52.
(3) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.296.

بێنه□. چوو بۆی هێنا. عبدالله وتی: به دایك وباوكەوه فیدات بم با كلیلی كەعبه له گەڵ ئاودانی حاجیان عایدی من بن، بەڵام چونگه كلیلەكه له دێرین زه مان هەر لەلای ئەوان بوو بۆیه دایەوه دەستی عُثمان فەرمووی: □ئەمه بگره سپاردەی خودایه□. دوای ئەوەی دەرگای كەعبەی كردەوه خوای گەوره جبریل ی نارد و فەرمانی كرد دەبێت كلیله كه بدرێتەوه به عُثمان، ئەوكات ئەم ئایەته دابەزی: ﴿۞إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا۝٥٨﴾ النساء. بۆیه تا ئێستاش و تا قیامەتیش هەر لای بنەماڵەی ئەوانه[1].

5- هاوەڵی بەڕێز أبو ذر(رضي الله عنه) له خزمەت پێغەمبەردا فەرمووی: بۆ چی نامكەیته بەپرس؟ ده فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ده ستێكی له شانمدا، یا شان فەرمووی: { يا أَبا ذَرٍّ، إنَّكَ ضَعيفٌ، وإنَّها أَمانَةٌ، وإنَّها يومَ القيامَةِ خِزيٌ ونَدامَةٌ، إلَّا مَن أَخَذَها بِحَقِّها، وأَدَّى الذي عليه فيها}[2]. واته: ئەی أبی ذَر تۆ لاوازی، و بەرپرسیش سپاردەیه، و سپاردەش له ڕۆژی داوییدا شەرمەزاریه و پەشێمانیه، مەگەر كەسێك مافی خۆی پێ بدات به تەواوی، و ئەركی سەرشانی بەتەواوی بەجێ گەیاندبێت.

6- دەسپاكی ئەم ئوممەته(امين هذه الأمة).

أبو عُبیدەی كوڕی جَرّاح(رضي الله عنه) ئەم هاوەڵە بەڕێزه پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو نازناوەی لێ نا بوو، دوای كۆچی دوایی پێغەمبەری خودا، پێشەوا عُمر مەترسی ئەوەی هەبوو ئوممەت پەرتەوازه ببێت، بۆیه به أبو عُبیدة ی فەرموو: دەستت بێنه تا بەیعەتت پێ بدەم بۆ خیلافەت چونكه من گوێم له پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: {إنَّ لكلِّ أُمَّة أميناً، وأنَّ أمينَنا، أَيَّتُها الأُمَّةُ، أبو عبيدَةَ بن الجرَّاحِ}[3]. بەڵام أبو عُبیدة فەرمووی: هەرگیز بەپێش پیاوێك ناكەوم كه پێشنوێژی بۆ ئێمه كرد مەبەستی أبوبكر بوو، كه ئەمه خۆی له خۆیدا بەڵگەیه لەسەر دەستپاكی ئەم پیاوه.

7- ئەمینداری أبوبكری صدیق(رضي الله عنه).

له كاتی سەرەمەرگیدا بانگی عائشة ی كچی دەكات پێی وت: ئەی عائشة دوای مردنم ئەو شتانەی به بۆنەی خیلافەت هێندرابوون بۆ لام بیان گەڕێنەوه بۆ لای عُمر، چونكه ئەمانەتن، شتەكانیش بریتی بوون له وشترێك و خواذچەیەك و جوببەیەك، ئەوه

---

(1) التفسير المنير، الزُّحيلي، ج.6، ص.121.
(2) المسلم، الرقم(1825).
(3) البخاري الرقم(4382)، ومسلم(2419)، عن أنس(رضي الله عنه).

بوو دوای کۆچی دوای أبوبکری صدیق، دایکی بڕواداران عائشه شتەکانی بردەوە بۆ لای عُمری کوڕی خطاب کاتێک پێشەوا عمر ئەمەی بینی زۆر پێی کاریگەر بوو، فەرمووی: (رَحَمَكَ اللهُ يا أبابكرٍ، لَقَدْ أتعبت من جاءَ بعدكَ). واتە: خودا ڕەحمت پێ بکات ئەی أبوبکر، بەڕاستی ئەرکی سەرشانی ئەو کەسەی دوای خۆت گران کرد کە دەبێت بە خەلیفە(1).

8- سپاردە لە لای پێشەوا علی کوڕی أبو طالب(رضي الله عنه).

لە سەردەمی پێشەوا علی یەکێك لە شتە جوانەکان لە ناو(بیت المال) دا هەبوو بریتیبوو لە خەناوکەییەکی سەرنج ڕاکێش، کاتێك کچەکەی پێی دەزانێت داوا لە ابن رافع دەکات کە ئەمیندارى(بیت المال) بوو خەناوکەکەی بۆ بێنێت بە مەبەستی بەکارهێنانی و لە مل کردنی بۆ ڕۆژی جەژنی قوربان بە ئەمانەت، پاش جەژن بیگەڕێنێتەوە بۆ بیت المال، کاتێك پێشەوا علی خەناوکەکەی لە ملی بینی و ناسیەوە، لێی پرسی: لە کوێت هێنا؟ وتی: بە ئەمانەت لە دەرگەوانی بیت المال وەرم گرتووە، تەنها بۆ ڕۆژی جەژن، پێشەوا علی بە دوای خەزێنەدارەکەی نارد و پێی وت: ئەی کوڕی رافع دەتەوێ ناپاکی لە ماڵی موسڵمانان بکەی؟ ئەویش وتی: پەنا بەخودا چۆن شتی وا دەکەم، پێشەوا علی پێی وت: ئەی چۆن توانیت ئەمە بدەی بە کچی ئەمیری بڕواداران بە بێ ئیزنی من و بە بێ ئیزنی موسڵمانان؟ ابن رافع وتی: تەنها بۆ سێ ڕۆژ پێم داوە، بەڵام پێشەوا علی فەرمووی: هەر ئێستا بیگەڕێنەوە، جارێکیتر شتی وا بکەی سزات دەدەم، کچەکەی پێی وت: من کچی ئەمیری بڕوادارانم، ئەبێ کێ لە من شایستەتر بێت خۆی پێ جوان بکات؟ پێشەوا علی وتی: لە حەق لامەدە، ئایە هەموو ئافرەتان بە شتی لەم جۆرە خۆیان جوان دەکەن. ئەوە بوو خەناوکەکەی گەڕاندەوە(2).

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.302.

(3) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.303.

الوفاء

وەفاداری

پێناسەی وەفـــــا

الوَفـــاءُ لُغةً: ضِدُ الغَدْرِ ، وَهُوَ إتْمامُ العَهْدِ و إكمالُ الشَّرطِ .

واصْطِـلاحــاً: كما قالَ الجُرجانيُ : هُوَ مُلازَمَةُ طَريقِ المُواساة ، و مُحافَظَةُ عُهودِ الخُلَطاءِ.

واتە: وەفا لە زمانەوانیدا: پێچەوانەی غەدرە، تەواوكردن و گەیاندنی پەیمانە و تەواو كردنی مەرجە.

لە زاراوەییدا: هەروەكو جورجانی دەڵێت: وەفا پەیوەستبوونە بە ڕێگای لە خۆبردن بۆ كەسانی پێویست، و پارێزگاری كردن لە بردنەسەری پەیمانەكانی خەڵك.

هەروەها راغِب فەرموویەتی: (الوَفاءُ بالعَهدِ: إتمامُهُ، وَعَدَمُ نَقَضِ حِفظِهِ)[1].

واتە: وەفاداری لە بەڵێن بریتیە لە بردنەسەری بەڵێن و هەڵنەوەشاندنەوەی پاراستنی بەڵێن.

ئایە ئادەمیزاد پێویستە لەگەڵ كێ وەفادار بێت؟

شتێكی بەڵگە نەویستە وەفاداری یەكێكە لە ڕەوشتە هەرە بەرزەكان، چونكە با شترین هۆكارە بۆ هەبوونی متمانە و خۆشەویستی و برایەتی و پێكەوە ژیان، هەر بۆیە زانا یان فەرموویانە: وەفاداری یەكسانە بە مرۆڤایەتی ئەگەر وەفا نەما مرۆڤایەتیش نامێنێت.

بۆیە پێویستە مرۆڤی ژیر و عاقڵ وەفادار بێت بەرامبەر بە:

1- خودای پەروەردگا و پێغەمبەرەكەی(ﷺ)

2- زانا و مامۆستاكانی و گشت برادەر و هاوڕێكانی.

3- خودی خۆی، نابێت ستەم لە خۆی بكات بە تاوان.

4- دایك و باوك و هاوسەرەكەی و منداڵەكانی و گشت خزمانی و دراوسێكانی.

5- نیشتیمان و خەڵك و بەڵێنەكانی.

6- گیانلەبەرەكان.

---

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.242.

پله و پایه و سوودەكانی وەفاداری له(ﷺ) خاڵدا

1- یەكێك لەو شتانەی خودای گەورە وەسفی خۆی پێ كردووە بریتیه له وەفاداری.

خودای پەروەردیگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ﴾ التوبة. وا تە: كێ هەیه وەفادارتر بێت بە بەلێنەكەی خۆی له خودا.

2- وەفاداری یەكێكە لە ڕەوشتە بەرزەكانی پێغەمبەران، خودای گەورە له مەدحی إبراهیم(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿وَإِبۡرَٰهِيمَ ٱلَّذِي وَفَّىٰٓ﴾ النجم. واتە: ئەو إبراهیمەی كه له پەیامی خۆیدا وەفادار بوو.

3- وەفاداری سیفەتی بڕواداری ڕاستەقینەیه. خودا فەرمووی یەتی: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا﴾ الإنسان. واتە: ئەو بەندانەی خودا وەفادارن به هەر نەزرێك و له ڕۆژێك دەترسن كه شەڕ و موسیبەتی بە هەموو لایەكدا بڵاودەبێتەوە.

4- وە فاداری سیفەتی ڕا ستگۆ و تەقوادارا نە. خودای پەروەردگار فەرموو یەتی: ﴿وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْۖ﴾ البقرة. واتە: چاكەكاران ئەو كەسانەن وەفادارن بە بەلێنەكانیان ئەگەر بەلێنیاندا.

5- وەفادرابوون بە جێگەیاندنی فەرمانی خودایه.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا﴾ الإسراء. واتە: وەفادار بن بەرامبەر بەلێن، چونكه بەڕاستی پەیمان لێی دەپرسرێتەوە.

6- وە فاداری نیـ شانە و سیفەتی مرۆ ڤی عا قڵ و ژ یره. خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلۡمِيثَٰقَ﴾ الرعد. واتە: بەڕا ستی تەنها خاوەن عەقڵەكان بیردەكە نەوە، ئەوا نەی كه وەفادارن بۆ بردنەسەری پەیمان لەگەڵ خودا و بەلێنەكە هەڵناوەشێننەوە.

7- پادا شتی مو سڵمانی وە فادار زۆر گەورە یە. خودای پەروەردگار دە فەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا﴾ الفتح. واتە: هەر كە سێك وەفادار بێت لەسەر ئەو بەلێنەی بە خودای داوە ئەوا پاداشتێكی گەورەی پێ دەدرێت.

8- بەوەفابوون یەكێكە لە هۆكارەكان بۆ گەیشتن بە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی شەش شتی کردوە بۆ چوونە بەهەشت یەکێک لەوانە فەرمووی: {وأَوفوا إذا وعَدْتمُ}. واتە: وەفاداربن ئەگەر بەلێنتاندا.

9- وەفاداری موسڵمان دووردەخاتەوە لە دووڕوویی.

چونکە یەکێك لە نیشانەکانی دووڕوویی بریتیە لە بێ وەفایی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {آيةُ المنافقِ ثلاثٌ: إذا حدَّثَ كذَبَ، وإذا وعَدَ أخلَفَ، وإذا ائْتُمِنَ خانَ}[1]. واتە: نیشانەی دووڕوویی سێ شتە: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، و ئەگەر بەلێنیدا نایباتە سەر، و ئەگەر بە ئەمیندار داندرا ناپاکی دەکات.

10- وەفادارەکان باشترینن لەلایەن خودای گەورە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووەیەتی: {إنَّ خيارَ عبادَ الله الموفونَ المُطيعونَ}[2]. واتە: بێگومان باشترین بەندەکانی خودا ئەوانەن کە بەلێنیانَدا بە جوانی وەفادار دەبن.

11- وەفاداری لە پێش تەقواداریە. خودا دەفەرموێت: ﴿بَلَىٰ مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ٧٦﴾ آل عمران. واتە: هەرکەسێك وەفادار بێت بە بەلێن و تەقوادار بێت، بەڕاستی خودای گەورە تەقوادارنی خۆش دەوێت.

---

(1) البخاري، الرقم(33)، ومسلم(59)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) النسائي، الرقم(4683)، وابن السني(277)، عن عبدالله بن أبي ربيعة(رضي الله عنه)، وحسن إسناده الألباني في السلسلة الصحيحة.

چەند وتەیەكی زانایان دەربارەی وەفاداری

1- جەریری(رحمه الله) دە فەرموێت: (ما نجا من نجا إلّا بمراعاة الوفاء، قَالَ اللَّه تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلۡمِيثَٰقَ﴾ الرعد)[1]. واتە: ئەو كەسەی ڕزگار بووە ڕز گار نەبووە مە گەر بە ڕە چاوكردنی وە فاداری نەبێت، خودای گەورە فەرموویەتی: ئەوانەی وەفاداربوون بە بەڵێنەكانی خودا و بەڵێن هەڵناوەشێننەوە.

2- أ بو حاتم ی ڕازی(رحمه الله) فەرموو یەتی: (لا خير في الصّدق إلّا مع الوفاء، كما لا خير في الفقه إلا مع الورع)[2]. واتە: خێر لە ڕاستگۆییدا نیە تەنها لەگەڵ وە فاداری نەبێت، هەروەكو چۆن خێر لە فیقهیشدا نیە تەنها لەگەڵ وەرع خۆپارێزی نەبێت.

3- أ بو طا لب ی مەككی(رحمه الله) فەرموو یەتی: (الإستقامة على التّوبة من الوفاء بالعهد)[3]. واتە: بەردەوامبوون لەسەر تەوبە وەفادارییە بە بەڵێن.

4- ئەصمەعی(رحمه الله) دەفەرموێت: (إذا أردت أنْ تعرف وفاء الرَّجل و وفاء عهده، فانْظر إلى حنينه إلى أوطانه، وتشوُّقه إلى إخوانه، وبكائه على ما مضى من زمانه)[4]. وا تە: ئە گەر دە تەوێت وە فای پ یاو بزا نی و وە فای بەڵێنی، تەما شای سۆزی پیاوە كە ب كە بۆ نیشتیمانەكەی و پەرۆشی بۆ براكانی و گریانی بۆ ڕابردوو لە زەمانی.

5- أ بو سعیدی خەزاز(رحمه الله) فەرموو یەتی: (علامة العبوديَّة ثلاثٌ: الوفاء لله على الحقيقة، ومتابعةٌ للّرسول(ﷺ) في الشَّريعة، والنَّصيحة لجميع الأُمَّة)[5]. واتە: نیشانەی بەندا یەتی سێ شتە: وەفاداری بۆ خودا بەڕاستی، و شوێنكەوتنی پێغەمبەر، ئامۆژگاری كردن بۆ گشت ئوممەت.

6- راغبی ئەصفەهانی(رحمه الله) فەرموویەتی: (الوفاء صدْقُ اللّسان والفعْلِ معاً)[6]. واتە: وەفاداری ڕاستی زمان و كردەوەیە لەگەڵ یەكدا.

7- عبدالواحدی كوڕی زید فەرموو یەتی: (الصّدقُ: الوفاء لله عزَّ وجلَّ بالعمل)[7]. وا تە: راستگۆیی: بریتیە لە وەفاداری بۆ خودای بەرز بەكردەوە.

---

(1) الرسالة القشيرية، عبدالكريم القشيري، ج.1، ص.232.
(2) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، ابن حبان البستي، ص.89.
(3) قوت القلوب، أبو طالب المكي، ج.1، ص.91.
(4) أدب الشريعة، ابن المفلح، ص.292.
(5) الزهد، البيهقي، ص.287.
(6) الذريعة الى مكارم الشريعة، أبو نعيم الأصبهاني، ص.209.
(7) الرسالة القشيرية، عبدالكريم القشيري، ج.2، ص.362.

چەند نموونە و ڕووداوێك لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەبارەت بە وەفاداری

1- وەفاداری بەرامبەر بە پەروەردگاری، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر و باشتر لە مانای ئا یەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴿٥٦﴾﴾ الذاريات. تێدەگەیشت، بۆیە هەموو کات بە جوانترین شێوە خواپەرستی دە کرد، ئەوەتا دایکی بڕواداران عائشة دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا لە شەو هەڵدە ستا بۆ خواپەرستی بە شێوەیەك پێیەکانی دەئاوسان، عائشة دە فەرموێت: پێم وت: بۆ وا دە کەی لە کاتێکدا خودا لە تاوانەکانی ڕا بردوو و دا هاتووت خۆش بووە، فەرمووی: {أَفَلا أُحبُّ أَنْ أَكونَ عَبداً شَكوراً}[1]. واتە: بۆچی پێم خۆش نەبێت ببم بە بەندەیەکی سوپاسگوزار.

2- بەرامبەر بە هاوەڵان(رضي الله عنهم).

حاطِبی کوڕی أبی بَلْتَعَة یەکێك بوو لە هاوەڵان، یەکێك بوو لەوا نەی لە جەنگی بەدر بە شدار بوو، بەڵام پێش ئەوەی مو سڵمانەکان بۆ ڕز گارکردنی مەککە بەڕێ بکەون هەڵە یەکی کرد، ئەوە بوو بەهۆی نامە یەك ویستی هە ندێك زانیاری لە بارەی کاری پێغەمبەر بۆ رزگارکردنی مەککە قورەیش ئا گادار بکات لە ڕێگەی ئافرەتێکەوە بوو، بەڵام خودا پێغەمبەرەکەی ئاگادار کردەوە، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێشەوا علی و مِقداد و زُبیری نارد و نامەکەیان هێناوە، پاشان عمر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا لێم گەڕێ با لە گەردەنی بدەم، بەڵام پێغەمبەر فەرمووی: {إنَّه شَهِدَ بَدْراً وما يُدْرِيكَ؟ لَعَلَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ اطَّلَعَ علَى أهْلِ بَدْرٍ فَقالَ: اعْمَلُوا ما شِئْتُمْ فقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ}[2]. واتە: بێگومان ئەو بەشدار بوو لە جەنگی بەدر، تۆ چوزانی ئومێد وا یە خودای گەورە بۆ ئەهلی بەدر ڕوانیبێتی فەرمووی: هەرچی دەیکەن بیکەن من لە ئێوە خۆش بوومە. بەڵێ: ئەوە یە وەفاداری پێغەمبەر، بە هەڵەیەك نابێت باشەکان وچالاکیەکانی تر لە یاد بکرێن.

3- وەفاداری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە هاوسەر.

کاتێك قوڕەیشەکان ویستیان دیلەکانیان ئازاد بکەن کە لە بەدر دەستگیر کرا بوون بە فیدیە، یەکێك لە دیلەکان أبو العاص هاوسەری زَینَب بوو ئازادکرا، هاو سەرەکەی هە ندێك کەل وپەلی ناردبوو لە ناویدا خەناوکەیەك بوو، خاتوو خَدیجَەی دایکی(رضي الله عنها) بە بۆنەی هاوسەرگیری پێشکەشی کرد بوو، کاتێك پێغەمبەری خودا خەناوکە کەی بینی و

(1) البخاري، الرقم(4837)، ومسلم(2819).

(2) البخاري، الرقم(4890)، ومسلم(2494)، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه).

ناسیەوە دڵی زۆر پڕ بوو، لەبەر ئەوەی هاوسەری بە ئەمەك و یادگاریەکانی بەبیرها تەوە، بۆ یە فەرمووی: {إنْ رأيتم أَنْ تُطْلقُوا لَهَا أَسيرهَا وتَردُّوا علَيها الَّذي لَها}[1]. وا تە: ئە گەر بکرێت هاوسەرەکەی ئازاد بکەن و خەناوکەکەشی بۆ بنێرنەوە، ئەوە بوو أبو الـعاص یان ئازاد کرد و خەناوکەکەشیان بۆ زَینَب ناردەوە.

هاوەڵی بەرێز أ نس دە فەرمویێت: ئە گەر شتێکیان بۆ پێغەمبەر بهێنا یە دەیفەرموو: {اذهَبوا به إلى فُلانَةَ؛ فإنّها كانَت صَديقَة خَديجَةَ، اذهَبوا به إلى بيت فُلانَةَ؛ فإنّها كانَتْ تُحِبُّ خَديجَةَ}[2]. واتە: ئەمە ببەن بۆ فلانە ئافرەت، کاتی خۆی ئەو دۆستی خَد یجة بوو، ئە مە ببەن بۆ فلانە ماڵی فلان ئافرەت، کاتی خۆی خَدیجة ی خۆش دەویست.

4- وەفاداری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر خەڵکی شاری مەدینە.

لە دوای چەنگی(حُنَین) پێغەمبەری خودا غەنیمەتێکی زۆری دا یە خەڵکی مەککە بە تایبەت ئەوانەی تازە مو سڵمان ببوون، بە مەبە ستی زیاتر پابە ندبوونیان بە ئیسلام، بەڵام هەندێك لە پشتیوانان لە دڵیان گران بوو، دە یان وت: شمشێرەکانی ئێمە هێشتان خوێنی لێ دە چۆڕێت کە چی غەنیمەتی دا بە ئەوان، کاتێك پێغەمبەری خودا ئە مەی زانی، پشتیوانانی کۆکردەوە و فەرمووی: شتێکم لە ئێوە بیستووە، ئا یە مە گەر ئێوە گومڕا نەبوون بۆلای ئێوە هاتم، خودا هیدا یەتی دان و نەدار بوون دەوڵەمە ندی کردن و دوژمنی یەکتر بوون د ڵەکانتانی بەیەکەوە گرێدا، وتیان: ئێمە منەتباری خودا و پێغەمبەرەکەی ئەوین، فەرمووی: ئا یە ناتا نەویێ وەڵا مم بدە نەوە؟، وتیان: چۆن؟ فەرمووی: سوێند بەخودا ئەگەر حەز بکەن دەتوانن بڵێن: کاتێك خەڵکانێك بە درۆ یان خ ستیەوە ئێمە بە ڕا ستمان زانی، خەجا ڵەت بووی ئێمە سەرمان خ ستی، دەربەدەریانکردی ئێمە تۆمان حەوا ندەوە، هیچت نەبوو ئێمە تۆمان کردە هاوبەش لە گەڵ خۆمان، لە پاشان فەرمووی ئەوەی من ئەنجا ممدا بۆ ئەوە بوو خەڵکێك پەیوەست بکەم بە ئاین، کە چی ئێوە لە دڵتان گران بوو، لە کاتێکدا من ئێوەم ڕاسپاردەی ئیسلام کرد، ئایە ئێوە ڕازی نین خەڵك بە مەڕ و بزن و وشتر بگەڕێتەوە و ئێوەش پێغەمبەر ببەنەوە ماڵتان؟ سوێند بە خودا ئە گەر لە بەر کۆچکردن نەبوا یە من یەکێك دەبووم لە پشتیوانان و ئە گەر خەڵك هەمووی دۆڵێك بگرنە بەر و پشتیوانانیش

---

(1) أبو داود، الرقم(2692)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

(2) البخاري، الرقم(232)، وغيره.

دۆلێکیتر، من ئەو دۆڵە دەگرمەبەر کە پشتیوانان تێیدان، ئەی خودایە ڕەحم بکە بە پشتیوانان و منداڵ ونەوەکانیان، پاشان هەموو دەستیان کرد بە گریان وتیان: ئێمە ڕازین کە پێغەمبەر بەشمان بێت[1].

5- وەفاداری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر کەسی بێ بڕوای چاکەخواز.

لە مانگی شەووالی ساڵی دەی پێغەمبەرا یەتی، پێغەمبەر لەگەڵ زَیدی کوڕی حارثة(رضي الله عنه) ڕووی کردە شاری طائف بەمەبەستی بانگکردنیان بۆ ئیسلام، بەڵام خەڵکەکە نەك بە قسەیان نەکرد، بەڵکو بەردبارانیان کرد و لە شارەکە دەریان کرد و برینداریان کرد، پاشان خەڵکی مەککەش بڕیاریا ندا لێنە گەڕێن بگەڕێتەوە ناو شاری مەککە، بەڵام یەکێك لە بێ بڕوا کان بە ناوی مُطعِمی کوڕی عَدي پەنا یدا، ئەوکات گەڕایەوە ناو شار، دوای چەندین ساڵ بە سەر ئەم ڕووداوە و دوای مردنی مُطعِم بەڵام پێغەمبەری وەفادار چاکەی ئەو پیاوەی هەر لە بیر مابوو، ئەوە بوو دەربارەی دیلەکانی (بَدر) فەرمووی: {لو كانَ المُطْعِم بنُ عَديّ حَيًّا، ثُمَّ كَلَّمَني في هَؤُلَاءِ النَّتْنَى، لَتَرَكْتُهُمْ لَهُ}[2]. واتە: ئەگەر ئێستا مُطعِم زیندوو بوایە و تکای لێ بکردابام بۆ ئەم دیلانە هەموویانم بۆی ئازاد دەکرد.

6- وەفاداری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر أبو طالبی مامی.

دوای مردنی دایك و باپیری پێغەمبەری خودا باشترین کەس بۆ بەخێوکرن و پارێزگاری کردن لە پێغەمبەری خودا أبو طالب بوو، بۆیە کاتێك أبو طالب دەکەوێتە سەرەمەرگ وەکو وەفایەك پێغەمبەری خودا زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی أبو طالب بڕوا بێنێت، ئەوە بوو چوو بۆ لای و پێی وت: {أي عَمِّ، قُل: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، كَلِمَةً أُحاجُّ لكَ بها عِنْدَ اللَّهِ}. واتە: ئەی مامە بڵێ(لا إله إلا الله) وشەیێکە بۆ ئەوەی بتوانم لەلای خودا تکات بۆ بکەم. بەڵام بەهۆی کاریگەری أبوجهل و عبدالله ی کوڕی أُمَيّة پیان دەوت: ئایە دە تەوێت واز بێنیت لە ئاینی باب وباپیرانت. بە بێ بڕوایی مرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەر فەرمووی: {لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ ما لَمْ أُنْهَ عنْه}. واتە: داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم تا ئەو کاتەی قەدەغە نەکرابم لەمە. ئەوە بوو ئایەت دابەزی و لەمە قەدەغە کرا، خودای گەورە فەرمووی: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا

(1) البخاري، الرقم(620).

(2) البخاري، الرقم(3139)، عن جبير بن مطعم بن عدي(رضي الله عنه).

﴿تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ﴾ التوبة. پاشان ئەم ئایەتەش دا بەزی:﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴾ القصص[1].

7- وەفاداری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە شاری مەککەی پیرۆز.

پێشەوای وەفاداران بەرامبەر شاری مەککەی پیرۆزیش هەرگیز بێوە فا نەبوو، چونکە ماڵی خودای لێیە و ڕووگەی مو سڵمانانە و شوێنی لەدایکبوونیەتی و لەوێ گەورە و پەروەردە بووە و شوێنی هاتنە خوارەوەی وەحی بووە، بۆیە ئەوکاتەی لە شاری مەککە دەریان کرد هەڵوێستی زۆر هەستیار و جوان بوو.

أ بو سَلَمة(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: کاتێك پێغەمبەری خودا ویستی شاری مەککە جێبهێڵێت و کۆچ بکات لە شوێنێك وەستا پێی دەوترا(الحَزْوَرَة) ئێستا شوێنی یەکێکە لە منارەکان، منارەکەش هەر ئەو ناوەی لێیە فەرمووی: {لقَدْ علمتُ أَنَّك خيرُ أرضِ اللّه، وأحبُّ الأرضِ إلى اللّه، ولَولا أَنَّ أهلَك أَخرجوني ما خَرجتُ}[2]. واتە: زانیومە بێگومان تۆ باشترین پارچە زەوی خودای و خۆشەویسترین شوێنی لەلای خودا، ئەگەر خەڵکەکەت منیان دەرنەکردبایە ئەوە من لێرە دەرنەدەچووم.

8- وەفاداری مسڵمانان بەرامبەر(موقەوقەس) پادشای قیبتیەکان لە میصر.

کاتێك شاری بیلبیس لە مصر ڕزگار کرا لەسەر دەستی مو سڵمانان بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) خەڵکێکی زۆر لە قیبتیەکان بە دیل گیران، یەکێك لەوان کچی موقەوقەس بوو بە ناوی(ئەرمانوسە) دەستگیرانی قوستەنتینی کوڕی هیرەقل بوو، ئەو ئافرەتە بە خۆی و چەند خزمەتکار بە دیل کەوتنە دەست مو سڵمانانەکان، ئەوە بوو عەمر پێشنیاری کرد فەرمووی: کاتی خۆی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە نامەی بۆ موقەوقەس نارد هەڵوێستی موقەوقەس زۆر جوان بوو لە وەڵامدانەوەی، سەرەڕای ئەوە ئافرەتێکی بە ناوی ماریە لەگەڵ چەندەها دیاری نارد بۆ پێغەمبەری خودا، هەرچەندە موقەوقەس موسڵمان نەبوو بەڵام خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ﴾ الرحمن. پێغەمبەر دڵی خۆش بوو بە هەڵوێستی موقەوقەس، ئێمەش ئەبێ لەسەر ڕێبازی ئەو بین، کچەکەو ئەوانەی لەگەڵی بوون هەموویان ئازادکران[3].

(1) البخاري، 4 الرقم(4494/1788)، ومسلم54/1(24)، عن المسيب بن حزن(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3925)، عن عبدالله بن عدي بن الحمراء(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) الخطط، تقي الدين المقريزي، ج.1، ص.339-340.

الحلم

نەرم و نیانی

پێناسەی نەرم و نیانی

الحِلمُ لُغةً: مَصدَرُ حَلُمَ يَحْلُمُ حِلماً، إذا تَأنّى وَسَكَنَ عِندَ غَضَبٍ أوْ مَكروهٍ مَعَ قُدرةٍ وَ قَوَّةٍ.

وشرعـــاً: يقولُ الجاحِظُ: الحِلْمُ هُوَ تَركُ الانتقامِ عِندَ شِدَّةِ الغَضَبِ مَعَ القُدرَةِ عَلى ذلكَ[1].

واتە: حلم لە زمانەوانیدا چاوگی حَلُم يَحلُمُ حُلماً، ئەگەر هێور بووەوە و هـێواش بوو لە کاتی تووڕەبوون یان ناخۆشییێك لەگەڵ هەبوونی دەستهەڵات و هێزدا.

لە زاراوەی شەرعدا: جاحِظ دەڵێت: نەرم و نیـانی بریتـیە لە وازهێنان لە تۆڵە کردنەوە لە کاتی زۆر تووڕەبوون، لەگەڵ ئەوەش توانای هەبێت لەسەر تۆڵەکردنەوە.

راغب فەرموویەتی: (الحِلْمُ هُوَ ضَبطُ النَّفسِ وَالطَبعِ عِندَ هَيَجانِ الغَضَبِ)[2].

وا تە: نەرم و نیـانی بریتـیە لە کۆنترۆڵ کرد نی سروو شت و دەروون لە کاتی تووڕەبووندا.

جورجانی فەرموویەتی: (الحِلمُ هُوَ الطُّمَأْنِينَة عند سَوْرَةِ الغضب)[3].

نەرم و نیانی بریتیە لە ئارام بوون لە کاتی توند و تیژی تووڕەبووندا.

---

(1) تهذيب الأخلاق، الجاحظ، ص.23.

(2) المفردات، أبو نعيم الأصبهاني، ص.129.

(3) التعريفات، الجرجاني، ص.92.

پلە و پایە و سوودەکانی نەرم و نیانی لە( ) خاڵدا

1- لەبەر گرنگی نەرم و نیانی یەکێك لە ناوە جوانەکانی خودا بریتیە لە(الحلیم) نەرم و نیان، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پلە و پایەکەی لە قورئاندا لە چەند شوێندا هاتووە بۆ نموونە: ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ البقرة، ﴿وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ﴾ البقرة، ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾ النساء.

2- خودای گەورە لە قورئاندا ستایشی إبراهیم و إسماعیل(علیهما السلام) دەكات، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ﴾ التوبة. دەربارەی إسماعیل دەفەرموێت: ﴿فَبَشَّرْنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٍ﴾ الصافات.

3- بەهۆی لەسەرخۆیی و نەرم ونیانی موسڵمان ناچێتە دۆزەخ. پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {أَلَا أُخبِرُكُم بمَن يُحَرَّمُ على النَّار، وبِمَن تُحَرَّمُ النَّار علَيه؟ تُحَرَّمُ علَى كُلِ هَيِّنٍ لَيِّنٍ قَرِيبٍ سَهْلٍ}(1). واتە: پێتان بڵێم ئەوكەسە كێیە كە لە ئاگرقەدەغە كراوە، و ئەوكەسەی ئاگر لێی قەدەغە كراوە، قەدەغەكراوە لەسەر هەموو كەسێكی خاكی و نەرم ونیان بێت و نزیك بێت لە خەڵك بە هەڵسوكەوتی باش و لە مامەڵەكردندا ئاسان بێت.

4- هەڵنەچوون و هێور بوون وەسیەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك بە پێغەمبەری وت: ئامۆژگاریم بكە، فەرمووی: {لا تَغْضَبْ} واتە: تووڕە مەبە، كابرا چەند جار ئەوەی دووبارە كردەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەر ئەوەی پێ وت: {لا تَغْضَبْ}(2).

5- تووڕەنەبوون و لەسەرخۆبوون مایەی چوونە بەهەشتە.

بۆیە كاتێك أبو الدرداء(رضي الله عنه) بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەڵێت: ڕێنماییم بكە بە كردەوەیەك كە بمباتە بەهەشت، فەرمووی: {لا تغضب، ولَكَ الجَنَّةُ}(3). واتە: تووڕەمەبە، بەهەشت بۆ تۆیە.

---

(1) الترمذي، الرقم(2488)، وغيره، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) البخاري، الرقم(6116).

(3) الطبراني في الأوسط، الرقم(2374)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(7374).

6- خودای گەورە نەرم و حەلیمی خۆش دەوێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە أشج دەڵێت: {إن فيك لخصلتين يحبُّهما الله ورسوله الحلم والأناة}[1]. واتە: تۆ دوو ڕەوشتت تێدا هەن خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێن، نەرم و نیانی و لەسەرخۆبوون.

7- نەرم و نیانی شتەکان جوان دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: {إنَّ الرِّفْقَ لا يَكونُ في شَيءٍ إلَّا زانَهُ، ولا يُنْزَعُ من شَيءٍ إلَّا شانَهُ}[2]. واتە: نەرمی و لەسەرخۆیی لە هەر شتێکدا بێت دەیڕازێنێتەوە، لە هەر شتێك لا ببردرێت ناشرینی دەکات.

8- هێزی ڕاستەقینە لە هێدی و لەسەرخۆبووندایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمووێت: {ليس الشَّديدُ بالصُّرَعَة، إنَّما الشَّديدُ الَّذي يملكُ نفسه عند الغَضب}[3]. واتە: بە هێزی ئەوە نیە خەڵك لە زەوی بدات، بەڵکو بەهێز ئەو کەسەیە لە کاتی تووڕەبوون خۆی بگرێت.

9- خێر وبێری خودا بۆ ئەو ماڵەیە کە لە ناو خۆیاندا نەرم ونیانن.

هەروەکو دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وتم: {يا عائشةَ! ارفُقي؛ فإنَّ الله إذا أرادَ بأهلِ بيت خيراً أدخل عليهم الرِّفق}[4]. واتە: ئەی عائیشە نەرم و نیان بە، چونکە ئەگەر خودا خێر و چاکەی بۆ خێزانێك بوێت نەرم ونیانیان بەسەردا دەنێت و پێیان دەبەخشێت.

10- خودای گەورە هێدی و مەندی خۆش دەوێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ الله تعالى يُحبُّ الرِّفقَ في الأمر كلّه}[5]. واتە: بێگومان خودای گەورە نەرم و نیانی خۆش دەوێت لە هەموو کاروبارێکدا.

(1) أبو داود، الرقم(5225)، عن زارع بن عامر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) المسلم، الرقم(2594)، عن عائشة(رضي الله عنها).

(3) البخاري، الرقم(6114)، ومسلم(2609)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) رواه أحمد، الرقم(24734)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الجامع(2669).

(5) البخاري، الرقم(6024)، ومسلم، الرقم(2165)، عن عائشة(رضي الله عنها).

چەند وتەی هاوەڵان و زانایان دەربارەی نەرم ونیانی

1- علی کوڕی أبو طالب(رضي الله عنه) دەفەرموێت: مەرج نیە خێر لە هەبوونی ماڵ و منداڵی زۆر دابێت، بەڵکو خێر لە زانست و زۆر لەسەر خۆیی و هەروەها شانازی نەکردن بە خواپەرستی لەلایەن خەڵك، و ئەگەر چاکەکاربووی سوپاسی خودا بکەی و ئەگەر تاوانت کرد داوای لێبووردن لە خودا بکەی[1].

2- عمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (تَعَلَّمُوا العلمَ وتَعَلَّموا للعلْمِ السَّكينةَ والحلْمَ)[2]. واتە: فێرە زانست بن و بۆ زانست فێرە ئارامی و نەرم ونیانی بن.

3- عطائی کوڕی أبو رباح(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (ما أَوى شَيءٌ إلَى شَيءٍ أَزْيَن من حلْمٍ إلَى علْمٍ)[3]. واتە: هیچ شتێك بۆ لای شتێك جوانتر نیە بە ئەندازەی نەرم ونیانی بۆ لای زانست.

4- شێخ حسنی بەصری(رحمه الله) دەفەرموێت: لە تەفسیری ئا یەتی﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمًا﴿٦٣﴾﴾ الفرقان. (حلَماء: إنْ جَهل عليهم لَمْ يَجْهَلوا)[4]. ئەوانە ئەو کەسە نەرم و حەلیمانەن ئەگەر نەفامیان بەرامبەر کرا ئەوان نەفام نابن.

5- أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: دەربارەی ئا یەتی ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴿٣٤﴾﴾ فصلت: (ئەمە پیاوێکە ئەگەر برایەکی جوێنی پێبدات بە براکەی دەڵێت: ئەگەر درۆ بکەی خودا لێت ببورێت، و ئەگەر ڕاستت وتبێت خودا لە من ببورێت)[5].

6- وەهبی کوڕی مُنَبِّه(رحمه الله) دە فەرموێت: (العلم خليل المؤمن، والحلْم وزيره، والعقل دليلُه، والعمل قيمته، والصَّبر أَمير جنوده، والرفق أَبوه، واللّين أَخوه)[6]. واتە: زانست دۆستی تایبەتی بڕوادارە ونەرم ونیانی وەزیریەتی و عەقلیش ڕابەریەتی و کردەوە نرخیەتی و ئارامیش فەرماندەی سوپاکەیەتی و لەسەرخۆییش باببیەتی و نەرمونیانیش برایەتی.

---

(1) رواه أبو نعيم في الحلية، والبيهقي في الزهد الكبير.

(2) الطبراني في الأوسط، ووكيع في الزهد، وأحمد في الزهد.

(3) الدارمي، الرقم(596).

(4) رواه يحيى بن سلام في تفسيره، والقرطبي في تفسيره.

(5) من أخلاق الرسول (ﷺ)، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.285.

(6) الترغيب في فضائل الأعمال، الحافظ ابن شاهين، ص.251.

چەند نموونەیەك لەسەر نەرم ونیانی لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هاوەڵان و شوێنکەوتووان

1- بێگو مان پێ شەوای مرۆڤا یەتی مح مد الم صطفی(ﷺ) لە هەموو کەس ز یاتر لەسەرخۆ و نەرم ونیانتر بووە، هەروەکو خودای پەروەردیگار دە فەرموێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَۖ﴾ آل عمـران.

واتە: ئەی محمد بەهۆی بەزەیی خوداوەیە تۆ نەرم ونیان بوویت لەگەڵیاندا، ئە گەر تورە و قسە ڕەق و بێ بەزەیی بوویتایە هەموویان لە دەورت بڵاوەیان دەکرد.

أ نس(رضي الله عنه) دە فەرموێت: جارێک یان لە گەڵ پێغەم بەری خودا دەڕۆیﺸتم پە شتەماڵێکی نەجرانی بە سەریەوە بوو لەناکاو کابرا یەکی ئەعرابی هات و پەشتەماڵەکەی گرت و زۆر بە توندی ڕایکێشا، تەما شام کرد شوێنەواری لە سەر مـلی پێغەمبەر درووست کرد، وتی: ئەی محمد فەرمان بکە لە ماڵ و سامانی خودا کە لە لا تە پێم بدەن، لەوکا تەدا بینیم پێغەم بەری خودا بەزەردە خە نەوە پێدە کەنی، پا شان فەرمانی کرد کە سەروەت و سامانی پێ بدەن[1].

2- عبداللە ی کوڕی سلام(رضي الله عنه) دە فەرموێت: کاتێك خودای گەورە وی ستی هیدایەتی زیدی کوڕی سَعْنَة بدات، کە یەکێك بوو لە زانا کانی جوولە کە، ز ید دەڵێت: کاتێك پێغەم بەرم بینی(ﷺ) هەر لە ڕوخ ساریەوە هەموو نی شانەکانی پێغەمبەرا یەتیم بەدی کرد تەنها دوو شت نەبێت: نەرم و نیانییە کەی پێش هەڵچوون و تووڕییە کەی کەوتووە، و چەندیش تووڕە بکر ێت ز یاتر نەرم و حەلیم دەبـ ێت. دەڵـ ێت: بۆ تاقیکردنەوەی هەشتا میسقاڵ زێرم بە قەرز پـێدا بۆ کاتێکی د یاریکراو، بەڵام دوو سێ ڕۆژ پێش وادەکە بینیم لەگەڵ أبوبکر و عمر و چەند هاوەڵێکیتر لە گەڵ تەرمێك دە چێتە گوڕ ستانی بەقیع، دوای ئەوەی نو ێژی لە سەر تەرمە کە کرد وی ستی لە بن دیوار ێك دابنیشێت و پشوو بدات، مەندیلەکەی سەر شانیم ڕاکێ شا و بە شێوەیەك لە سەر شانی کەوتە خوارەوە، پا شان بە ڕوێکی تووڕە و گرژ پێم وت: ئەی مح مد بۆ قەرزە کەم نادەیـتەوە سوێند بە اللە من زا نیم ئـێوەی بنەما ڵەی ع بدالمطلب ناوبانگـ تان هە یە لە دواخستنی قەرز، لەوکاتەدا عُمرم بینی زۆر تووڕە بوو وتی: ئەی دوژمنی خودا بۆ وا لە پێغەم بەر دە کەی؟ ز ید دەڵێت: پێغەم بەری خودا بە زەردەخە نەوە تەما شای منی

---

(1) البخاري، الرقم(3149)، ومسلم(1057).

دەكرد، پاشان فەرمووی: {لَأنا وهَو كُنَّا أحوج إلى غَير هذا؛ أنْ تأمرني بحُسنِ الأداء، وتأمُرَهُ بحُسن اتّباعه}. واتە: من و ئەو شتێكيتر لە مە پێويستمان پـێى هەبوو: فەرمان بە من بكەى بە جوانى دانەوەى قەرز، و فەرمان بەويش بـكەى بە جوانى داواى قەرز بـكات. پاشان فەرمووى: ئەى عُمر برۆ مافى خۆى پـێ بدە و بيست صاعيش بە زيادەوە پـێى بدە لە جياتى ئەوەى ترساندت، پاشان عُمر پێى وت: باشە بۆ وات كرد؟ وتى: سوێند بە خودا مەبەستم تاقيكردنەوە بوو، پاشان زيد شەهادەى هێنا و بە جوانى موسڵمان بوو[1].

3- جارێكيان گەنجێك دێتە لاى پێغەمبەرى خودا(ﷺ) و پێى دەڵێت: (أتأذَن لي في الزنا؟)، واتە: ئايە مۆڵەتم دەدەى بۆ ئەنجامدانى زينا؟ خەڵكە كە لە سەر سەرى هاواريان كرد و خۆيان تووڕە كرد، بەلأم پێغەمبەرى خودا فەرمووى: {قَربوه، أُدْنُ}، واتە: نزيكى بكەنەوە، نزيك بەوە. گەنجەكە نزيككەوتەوە و لەبەرامبەرى دانيشت، پێغەمبەرى خودا پێى فەرموو: {أَتُحِبُّهُ لأُمِّكَ؟}. واتە: ئايە حەزدەكەى ئەمە بۆ دايكت؟ وتى: نەخێر. خودا بمكات بە فيدات ئەى پێغەمبەرى خودا، پێغەمبەر فەرمووى: {أَتُحِبُّهُ لابْنَتِكَ؟}. واتە: ئايە حەزدەكەى ئەمە بۆ كچەكەت؟ وتى: نەخێر، فەرمووى: ئەى بۆ خوشكت يان پووړت؟، كابرا دەيوت: نەخێر، پـێى فەرموو: هەروەها خەڵكيش بە هەمان شێوە پێيان خۆش نييە. پاشان پێغەمبەرى خودا دەستى لە سەر سينگى گەنجەكە دانا و فەرمووى: {اللهمَّ طهِّرْ قلبَه واغفر ذنبَه وحصِّنْ}. واتە: خودايە دڵى پاك بـكەوە و لە تاوانى خۆشبە و دامەنى بپارێزە. لە پاش ئەمە هيچ شتێك بە ئەندازەى زينا ناشرينتر نەبوو لەبەر چاوى ئەو گەنجە[2].

4- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێكيان كابرايەكى دەشتەكى ميزى لە ناو مزگەوت كرد، خەڵك هەستان چوون بۆ لاى ويستيان قسەى پـێ بـڵێن يان ئازارى بدەن، بەلأم پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرمووى: {دَعُوه، وأَهْرِيقُوا علَى بَولِه سَجْلاً من ماء، فإنّما بُعِثْتُم مُيسرين ولَمْ تُبعثُوا مُعسِّرين}[3]. واتە: وازى لـێ بێنن و دۆلكە يەك ئاو برژێنن بە سەر ميزەكەى، چونكە ئێوە بۆ ئەوە هاتوون ئاسان كار بن، و نەهاتوون زەحمەت كار بن.

5- نەرم و نيانى پێشەوا عُمرى كوڕى خطاب(رضي الله عنه).

---

(1) رواه الحاكم على شرط الشيخين، المستدرك، ج.3، ص.604، وابن حبان في صحيحه، ج.1، ص.521.

(2) البيهقي في الشعب، الرقم(5415)، والطبراني في الكبير(7679)، أبي أمامة، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة، ج.1، ص.712.

(3) البخاري، الرقم(6128).

جارێكیان پێشەوا عُمر پیاوێكی سەرخۆشی بینی، ویستی دە ستگیری بكات و سزای بدات، بەڵام كابرای سەرخۆش دەستیكرد بە جوێندان بە عُمر، عُمریش وازی لە پیاوە كە هێنا، لێیان پرسی: بۆچی هەر كە جوێنی بە تۆ دا وازت لیَ هێنا؟ فەرمووی: چونكە بە جوێنەكان تووڕەی كردم، ئەگەر سزام دابا ڕەنگە لەبەر نەفسی خۆم بوایە، بۆیە نا مەویَ لەبەر خۆم كەسێك سزا بدەم، چاوەڕوانی كرد تا تووڕەبوونەكەی دامركا[1].

6- نەم و نیانی عُمری كوڕی عبدالعزیز(رحمه الله).

جارێكیان لەسەردەمی جێنشینیەكەی خۆیدا لەگەڵ یەكێك لە پا سەوانەكانی بە شەو دەچێتە مزگەوت، كەسێك لە مزگەوت خەوتبوو، عُمریش نەیبینی پێی لێنا، كابرا زۆر بە تووڕەیی وتی: (أَمجنونٌ أَنْتَ؟). واتە: ئەوە تۆ شێتی؟ عُمر فەرمووی: نەخێر. پا سەوانەكە ویستی پیاوەكە تەمبیَ بكات بەڵام عُمر پێی وت: وازی لێبێنە ئەو تەنها پرسیارێكی لیَ كردم وتی: تۆ شێتی؟ منیش وەڵامم داوە وتم: نەخێر[2].

7- نەرم ونیانی حَسن ی كوڕی علی كوڕی أبو طالب(رضي الله عنهما).

جارێكیان پیاوێكی خەڵكی شام دێتە شاری مەدینە، چاوی بە گەنێكی جوان دە كەوێت سواری ئەسپێك بووە، دەپرسێت: ئەمە كێیە؟ وتیان: ئەمە حسن ی كوڕی علی یە، د یار بوو دڵی پڕ لە تووڕەیی و غەرەز بوو لێی، چووە پێش و پێی وت: ئا یە تۆ كوڕی أ بو طالب ی؟ وتی: من نەوەی ئەوم، پیاوەكە پێی وت: من زۆر جوێنم بە تۆ و باوكت داوە، زۆر بە خراپە باستان دەكەم، حسن فەرمووی: پێدەچێت تۆ خەڵكی ئێرە نەبیت؟ وتی: بەڵیَ وایە، حسن پێی وت: ئەگەر شوێنی حەوا نەوە یان هەر شتێكت پێویست بوو من بۆت دابین دەكەم، كابرا سەری سوڕما بەم هەڵوێستە، پا شان ڕۆیشت و وتی: لە سەر زەوی شتێك نییە لام خۆشەویستتر بێت لەم گەنجە، من خرا پەم بەرامبەری كرد كە چی ئەو چاكەی لەگەڵ من كرد[3].

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.351.

(2) سيرة أمير المؤمنين عمر بن عبدالعزيز، د. علي الصلابي، ص.74.

(3) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.287.

الرحمة

بەزەیی

پێناسەی بەزەیی

الرَّحمَةُ في اللُّغَةِ: بِمَعنى الرِّقَّةُ والعَطْفُ والرَّأْفَةُ.

وفي الاصطِلاحِ: يقولُ الجاحظُ: الرَّحمَةُ خُلُقٌ مُركَّبٌ مِنَ الوُدِّ وَالجَزَعِ[1].

واتە: (رَحمَة) لە زمانەوانیدا بە واتای نەرمی و سۆز و میهرەبانی دێت.

لە زاراوەیـ یدا: جاحظ دەڵێت: رَ حمَة رِەو شتێکە پێک هاتووە لە خۆشویـ ستن و پەرۆشبوون بۆ یەکتری.

لە قورئاندا وشەی(رحمة) بە زۆر واتا هاتووە، بۆ نموونە:

1- بە واتای ڕزق و ڕۆزی هاتووە: ﴿لَّوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحْمَةِ رَبِّيٓ﴾ الإسراء.

2- بە واتای باران هاتووە: ﴿وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ﴾ الشورى.

3- بە وا تای ڕز گاربوون لە ئاگر هاتووە: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ النور.

4- بە واتای سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا هاتووە: ﴿أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةًۚ﴾ الأحزاب.

5- بە واتای خۆشەویستی لە نێوان بڕواداران هاتووە: ﴿وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةًۚ﴾ الحديد.

6- بە وا تای وە سف بۆ تەورات هاتووە: ﴿وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةًۚ﴾ هود.

7- بە واتای بەهەشت هاتووە: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ الأعراف.

8- بە واتای ڕزگاربوون لە تاقیکردنەوەی خودا هاتووە: ﴿أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ﴾ الزمر.

9- بە واتای لێخۆشبوون هاتووە: ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾ الأنعام[2].

---

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.216.

(2) جوجل: اسلام ويب، الموضوع: لفظ الرحمة في القرآن.

پلە و پایە و سوودەکانی بەزەیی لە( ) خاڵدا

1- بەزەیی یەکێکە لە سیفەتەکانی خودای میهرەبان.

هەروەکو لە چەندین شوێن لە قورئاندا هاتووە، بۆ نموونە:

أ/﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ الفاتحة. ب/﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ البقرة.

ج/﴿وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ البقرة.

2- بەزەیی یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

خودای گەورە لە وەسفی پێغەمبەر فەرموو یەتی: ﴿بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة. واتە: بۆ بڕواداران بە سۆز و میهرەبانە. ئەمە نەك بەس بۆ بڕوادارانە، بەڵکو مایەی ڕەحمەت بووە بۆ هەموو جیهانیان، خودای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء.

3- بەزەیی ڕەوشتی بەرزی بڕواداری ڕاستەقینەیە.

خودای گەورە لە ستایشی هاوەڵانی پێغەمبەرەکەی فەرموو یەتی: ﴿رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ الفتح. واتە: بە بەزەیین لە نێوان خۆیان.

4- بەزەیی هۆکارێکە بۆ خۆشەویستی و بەیەکەوە مانەوەی هاوسەرەکان.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ الروم. واتە: یەکێك لە نیشانەکانی خودای گەورە بۆ ئێوە درووستی کردووە لە خودی خۆتان هاوسەرانێك بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایاندا و خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان، بەڕاستی لەوەدا نیشانانێك هەنە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوە.

5- بەزەیی خودا بۆ ئەو کەسانەیە کە بەرامبەر بە خەڵك بە بەزەیین.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {الراحِمونَ يرحَمُهم الرَّحمنُ، ارحَموا من في الأرضِ يرحَمْكُم من في السَّماءِ}(1). واتە: ئەوانەی بە بەزەیین خودای میهرەبان بەزیی پێیان

(1) الترمذي، الرقم(1924)، وغيره، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

دێتەوە، بەزەییتان بێتەوە بەو کەسانەی لەسەر زەوین، بەزەیی پێتان دێتەوە ئەوەی لە ئاسمانە کە خودای گەورەیە.

6- مرۆڤی خاوەن بەزەیی ئەگەر موسڵمان بێت نیشانەی ئەوە یە لە سەر سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خودا یە(ﷺ)، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی خاوەن بەزەیی نەبێت دوورە لە سوننەتی پێغەمبەری خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {لیس منَّا من لَمْ يرحم صغيرنا، ويوقر كبيرنَا}[1]. واتە: لەسەر ڕێبازی ئێمە نیە ئەو کەسەی بەزەیی بە گچکەکانمان نەهێتەوە و ڕێز نەگرێت لە گەورەکانمان.

7- بەزەیی هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت و ڕزگاربوون لە دۆزەخ.

دایکی بڕواداران عائِشَة(رضي الله عنه) دە فەرموێت: ئافرەتێکی هەژار هاتە لام، دوو کچی لەگەڵ بوون، منیش سێ دانە قەسپم پێ دان، یەکەو دانەیەکی پێ دان و هی خۆی بۆ دەوی خۆی بەرز کردەوە، بەڵام کچەکان داوا یان کرد، ئەویشی کرد بە دوو لەت، بەزەیی پێیان هاتەوە، منیش پێم سەیر بوو، بۆیە بۆ پێغەمبەرم گێڕا یەوە، فەرمووی: {إنَّ اللَّهَ قدْ أَوْجَبَ لَهَا بِهَا الجَنَّةَ، أَوْ أَعْتَقَهَا بِهَا مِنَ النَّار}[2]. واتە: بێگومان بە هۆی ئەو بەزەییەی بەرامبەریان خودای گەورە بەهەشتی بۆ مسۆگەر کرد، یان بە هۆیەوە ڕزگاری کرد لە ئاگری دۆزەخ.

---

(1) الترمذي، الرقم(1920)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(5445).

(2) المسلم، الرقم(2630).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی سۆز و بەزەیی

1- دەربارەی سۆز و بەزەیی پرسیاریان لە جُنَیدی بەغدادی(رحمه الله) کرد، فەرمووی: (تُعطيهم من نَّفسكَ ما يَطلُبونَ، ولا تُحَمِّلُهُم ما لا يطيقونَ، ولَا تُخاطبهُم بما لا يَعلَمونَ)[1]. واتە: ئەوەی داوایان لێ کردی لە خودی خۆت پێیان بدەی، و ئەرکێکیان پێ نە سپێری کە ناتوانن هەڵیبگرن، و لەگەڵیان مەدوێ بەو شتەی کە نایزانن.

2- أ بو ا لخَیر(رحمه الله) دە فەرموێت: (القلوب ظُروفٌ: فَقَلب مَملوء إيمـاناً، فعلامته: الشَّفقة على جميع المسلمين. وقلب مَملوء نِفاقاً، فعلامته: الحِقد، والغِل، والغِشُّ، والحسدَ)[2]. واتە: دڵەکان زەرفن: جا دڵی وا هەیە پڕە لە بڕوا، نیشانەکەشی ئەویە: سۆز و بەزەیی هەیە بۆ گشت موسڵمامان. دڵی واش هەیە پڕە لە دووڕوویی، نیشانەکەشی ڕق و خیانەت و فێڵ و ئیرەییە.

3- یەکێك لە وە سیەتەکانی ع بدالله ی کوڕی عَبّـــــاس(رضي الله عنهما) بۆ مُعاویَة(رضي الله عنه): (بسم الله الرَّحمن الرَّحيم: عليكَ بالشَّفقة على الإسلام وأَهله، فإنَّه خير لَكَ وأَوفَر لحظكَ في دُنياكَ وآخرتكَ)[3]. واتە: بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان: بەزەیی پێویستە لەسەر تۆ بۆ ئیسلام و ئەهلی ئیسلام، چونکە بەڕاستی ئەمە بۆ تۆ باشترە بۆ تۆ فراوانترە بۆ چارەنووسی تۆ لە دونیا و دواڕۆژدا.

---

(1) رواه البيهقي في شعب الإيمان، الرقم(8092).

(2) تأريخ دمشق، ابن عساكر، ج.66، ص.161.

(3) المصدر السابق، ج.27، ص.415.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر بەزەیی
چەند نموونەیەك لە بەزەیی پێغەمبەری خودا(ﷺ)

1- سۆز و بەزەیی پێغەمبەری خودا بەرامبەر بە دایك و باوكان.

جارێكیان پیاوێك هاتە لای وتی: ئەی پێغەمبەری خودا هاتووم بۆ ئەوەی بەڵێنت پێ بدەم بۆ كۆچ كردن، بەڵام كە هاتم دایك و باوكم دەگریان بۆم، پێغەمبەری خودا پێی فەرمووو: {فَرجِعْ إلَيهما، فَأَضحِكهُما كَما أَبكَيتهما}[1]. واتە: بگەڕێوە بۆ لایان، بیانخەرە پێكەنین هەروەكو چۆن ئەوانت بە گریان هێنا.

2- بەزەیی و میهرەبانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە منداڵان.

بێگومان پێغەمبەرێك بۆ هەموو جیهانیان ڕەحمەت بێت، بۆ خێزان و منداڵەكانی دەبێت لە هەموو كەس بە بەزەییتر بێت، بۆ نموونە: جارێكیان حَسَن و حُسَین لە كۆشی بوون ماچی دەكردن، لەو كاتەدا ئەعرابیەك لەوێ بوو، كە ئەمەی بینی وتی: ئێوە منداڵان ماچ دەكەن؟ ئێمە ماچیان ناكەین، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {أَو أَمْلكُ لَكَ أَنْ نَزَعَ اللَّهُ من قَلْبكَ الرَّحْمَةَ}[2]. واتە: ئایە من چیم بۆ تۆ پێدەكرێت كە خودای گەورە بەزەیی لە دڵت دەرهێنا بێت.

3- بەزەیی و میهرەبانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە گیانداران.

عبداللە كوڕی جەعفەر دەفەرموێت: جارێكیان پێغەمبەری خودا لەگەڵ خۆی بردم تا چووە ناو حەوشەی پیاوێكی پشتیوانان، وشترێكی لێ بوو، كاتێك وشترەكە پێغەمبەری خودای بینی چوو بۆ لای، پێغەمبەری خوداش فرمێسكەكانی وشترەكەی سڕیەوە، وشترەكەش ئارام بوویەوە، فەرمووی: كێ خاوەنی ئەم وشترەیە؟. ئەوەبوو گەنجێك هات لە پشتیوانان وتی: هی منە ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: {أَفَلا تَتَّقي الله في هذه البهيمة التي مَلَّكَكَ الله إيَّاها؟ فإنَّهُ شَكا إليَّ أَنَّكَ تُجيعهُ وتُدْئِبهُ}[3]. واتە: بۆچی لە خودا ناترسێ سەبارەت بەم گیانلەبەرەی خودا بە تۆی داوە؟ ئەو لای من سكاڵای كرد كە تۆ برسی دەكەی و ماندووی دەكەی.

---

(1) أبو داود، الرقم(2528)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) البخاري، الرقم(5998)، عن عائشة(رضي الله عنها).

(3) رواه الحاكم، الرقم(2485)، وغيره، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(25).

4- جابری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە لای گوێدرێژێك تێپەڕی ڕوخساری داخ کرابوو، فەرمووی: {أَما بلَغَكُم أَنِّي قَدْ لَعنْتُ من وسم البهيمةَ في وجْهها أَو ضَربَها في وجْهها}[1]. وا تە: ئا یە پێ تان نەگەیشتووە؟ من نەفرەتم کردووە لەو کەسەی ڕوخساری گیانلەبەرێك داخ بکات یاخود لە ڕوخساری بدات.

5- لە کاتی چوونی بۆ فەتحی شاری مەککەی پیرۆز، پێغەمبەری خودا سوپاکەی دە هەزار کەس بوو، لە ڕێگا لە شوێنێك لە لای ئاوێك دێڵە سەگێکی بینی چەند بە چکەیەکی لە دەوروبەریەتی، مەترسی ئەوەی هەبوو بە هۆی ئەم سوپایە دووچاری ئازار ببن، بۆ یە یەکێك لە هاوەڵاکانی لە لای دانا بۆ پارێزگاری، تا ئەو کاتەی سوپاکە تێدەپەڕێت[2].

6- سۆز و میهرەبانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە شتە بێ گیانەکان.

جابری کوڕی عبدالله(رضي الله عنه) دەفەرموێت: سەقفی مزگەوتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر چەند لقە دارخورما یەك بوو، هەر کات پێغەمبەری خودا وتاری بدابا یە لەلای یەکێك لە لقەکان دەوەستا، کاتێك مینبەرێکی بۆ دروستکرا و چووە سەری، گوێمان لێ بوو ئەم لقە دارخورمایە هاوار و ناڵەی دەهات وەکو دەنگی وشترێك حەملەکەی دە مانگ بێت، پاشان پێغەمبەر هات بۆ لای و دەستی لەسەر دانا، ئەوکات بێدەنگ بوو[3].

7- سۆز و بەزەیی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بێ بڕواکان.

لەو کاتەی پێغەمبەر شاری(طائف)ی گەمارۆدابوو، هاوەڵان هاتنە لای و پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خودا خەریکە تیرەکانیان دەمان سوتێنن، بۆ یە داوات لێ دەکەین دوعایان لێ بکەی، بەڵام پێغەمبەری خودا دوعای بۆ کردن و فەرمووی: {اللهُمَّ اهْد ثَقيفاً وآت بهمْ}[4]. خودایە هۆزی سەقیف هیدایەت بدە و بیان هێنە بۆ ئێرە.

بەڵێ: هەر ئەو سۆز و دوعایە بوو بووە هۆی ئیسلام بوونی گشتیان.

(1) أبو داود، الرقم(2564)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(1549).
(2) موسوعة أخلاق الرسول(ﷺ)، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.235.
(3) البخاري، الرقم(3392).
(4) الترمذي، الرقم(3942)، وغيره، وقال حديث صحيح.

العفو

لێبووردن

پێناسەی لێبووردن

وشەی(العَفُو) لە زمانەوانیدا: واتای(المَحو) سڕینەوە یاخود لابردن دێت[1].

الخَليل فەرموویەتی: وَكُلُّ مَنْ استَحَقَّ عُقوبَةً فَتَرَكْتَهُ فَقَدْ عَفَوْتَ عَنهُ[2]. واتە: هەر کەسێك شایستەی سزادان بێت تۆش وازی لێبێنیت ئەوە تۆ ئەوت بووریوە. کەواتە وشەی(العَفُو) بە واتای(التَّرك) هاتووە.

هەروەها وشەی(العَفُو) لە شەرعدا: التَّجاوُزُ عَنِ الذَّنبِ وَتَرك العِقاب[3]. واتە: چاوپۆشی کردن لە هەڵە و تاوان و وازهێنانە لە سزادان.

وشەی(الصَّفْحُ) لە شەرعدا: تَرَكُ التَّأنيب[4]. واتە: وازهێنانە لە گلەیی کردن.

پێشەوا راغبی ئەصفەهانی(رحمه الله) فەرموویەتی: (الصَّفْحُ) بەهێزتر و گرینگترە لە(العَفُو)، چونکە جاری وا هەیە: ئادەمیزاد کەسێکی تاوانبار دەبووڕێت، بەڵام مەرج نییە گەردەنی ئازاد بکات.

هەروەها پێشەوا بَیضاوی فەرموویەتی: وشەی(العَفُو) بە واتای: وازهێنانە لە سزادانی تاوانبار، و(الصَّفْحُ)یش بە واتای وازهێنانە لە سەرزەنشت کردنی تاوانبار، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەی خودایە کە دەفەرموێت: ﴿فَٱعْفُواْ وَٱصْفَحُواْ﴿١٠٩﴾﴾ البقرة. واتە: لە هەڵەکانیان خۆش بن و لەسەر هەڵەکان سەرزەنشتیان مەکەن[5].

---

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.15، ص.72.

(2) مقاييس اللغة، ابن فارس، ج.4، ص.56.

(3) حفة الأحوذي، المباركفوري، ج.6، ص.143.

(4) التوقيف على مهمات التعاريف، المناوي، ص.457.

(5) الفروق، أبو هلال العسكري، ص.362.

پلە و پایە و سوودەکانی لێبووردن لە( ) خاڵدا

1- لێبووردەیی یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خودای گەورە، ئەمەش بەڵگە یە لە سەر گرنگی و گەورەیی لێبووردن.

خودای لێبووردە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا﴿٤٣﴾﴾ النساء. واتە: هەمیشە خودا زۆر لێبووردە و چاوپۆشە لە تاوانەکان.

2- لێبووردەیی یەکێکە لە سیفەتی تەقواداران.

خودای میهرە بان باسی چەند سیفەتێکی تەقواداران دەکات یەکێک لەوانە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران. واتە: خەڵك دەبوورن.

3- لێبووردنی خەڵك بەجێگەیاندنی فەرمانی پەروەردگارە، کە دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡفُواْ وَٱصۡفَحُواْ﴿١٠٩﴾﴾ البقرة. واتە: لە هەڵەکانیان خۆش بن و سەرزەنشتیان مەکەن.

4- بە هۆی لێبووردن لە کەسێك موسڵمان گەورە و پایەدار دەبێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {وما زادَ اللَّهُ عَبْدًا بعفْوٍ إلا عِزًّا}[1]. واتە: بە هۆی لێبووردن بەندە لەلای خودا تەنها پایەدار دەبێت.

5- عبداللە ی کوڕی عُمر دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئایە چەند جار لە هەڵەی خزمەتکار خۆش ببین؟ پێغەمبەری خودا وەڵامی نەدایەوە و بێدەنگ بوو، بۆ دووەم جاریش بەهەمان شێوە، جاری سێیەم فەرمووی: {اعفُوا عَنهُ كُلَّ يومٍ سبعين مرَّةً}[2]. واتە: لێی خۆش بن لە هەموو ڕۆژێکدا حەفتا جار.

6- خودای میهرە بان لێبووردنی خۆش دەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) بە عائشەی دایکی بڕواداارانی فەرموو لە شەوی قەدردا: {قولي: اللَّهمَّ إنَّكَ عفُوٌّ تُحبُّ العفْوَ فاعفُ عنِّي}[3].

واتە: بڵێ: ئەی خودایە تۆ ناوت عەفووە عەفووشت خۆش دەوێت عەفووم بکە.

7- پاداشتی لێبووردن لە لای خودایە، هەر خۆی دەزانێت پاداشتەکەی چەندە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ﴿٤٠﴾﴾ الشورى. واتە: هەر کەسێك ببوورێت و ئاشتی بکات ئەوا پاداشتی لەسەر خودای گەورەیە.

---

(1) المسلم، الرقم(2588)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) أبو داود، الرقم(5164)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) ابن ماجة، الرقم(3850)، وغيره، وصححه ابن القيم في اعلام الموقعين، ج.4، ص.249.

چەند وتەیەكی هاوەڵان و زانایان و پیاوچاكان لەسەر لێبووردەیی

1- حَسَن ی كوڕی عـلی كوڕی أ بو طا لب(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: (لَو أَنَّ رجلاً شَتَمني في أُذُني هذه، واعتَذَر في أُذُني الأُخرى، لَقَبلتُ عُذْره)[1]. وا تە: ئە گەر كە سێك لەم گوێیەم جوێنم پێ بدات، و لە گوێیەكەی ترم داوای لێبوردن بكات، قبوڵی دەكەم.

2- أبو الدَّرداء(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: (فاعفوا يعزُّكُم الله تَعالى)[2]. وا تە: لە خەڵك ببورن خودای گەورە سەربەرزتان دەكات.

3- فُضَيلی كوڕی عیاض(رحمه الله) دە فەرموێت: (إذا أَتاكَ رجل يشّكو إلَيكَ رجلاً فَقَل: يا أَخي اعفُ عنه فإنَّ العفْو أَقْرب لِلتَّقْوى)[3]. واتە: ئەگەر پیاوێك هات بۆ لات سكاڵای كرد لە پیاوێك لەلای تۆ، پێی بڵێ: ئەی برام لێی ببوورە چونكە بەڕا ستی لێبووردن نزیكترە بۆ تەقوایی.

4- إ براهیم ی نە خەعی(رحمه الله) دە فەرموێت: (كَانَ المؤمنونَ يكْرهونَ أَنْ يستذَلُّوا، فإذَا قَدَروا عَفَوا)[4]. واتە: بڕواداران خەجاڵەتی خەڵكیان پێخۆش نەبووە، جا لە كاتی توا نا و دەسەڵاتیشدا خاوەن لێبووردەیی بوون.

5- أيّوبی سیخ ستیانی(رحمه الله) دە فەرموێت: (لا ينبل الرَّجل حتى تَكُونَ فيه خَصْلَتان: العفَّةُ عَمّا في أيْدي النّاس، والتَّجاوُز عنهم)[5]. وا تە: پ یاو ناگا تە پ لەی ڕ ێزداری تا ئەو كا تەی دوو ڕ ەو شت لـ ێی بەدی نەكرێت: یە كەمیان: چاو لە دە ستی خەڵك نەبوون، دووەمیان: چاوپۆشی كردن لە هەڵەكانیان.

6- عُمری كوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) دەفەرموێت: خۆشەویستترین شت لای خودا سێ شتن: لێ بووردەیی لە كاتی دە ستهەڵاتدا، و ئیقتیـ صاد كردن لە كاتی هەبووذ یدا، و میهربانی لەگەڵ بەندەكاندا، و هەر كە سێك بەزەیی بێ تەوە بە كە سێكیتر لە دوذ یادا خودای میهرەبان لەگەڵی نەرم ونیان دەبێت لە دواڕۆژدا[6].

---

(1) الآداب الشرعية، ابن مفلح المقدسي، ج.1، ص.302.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.321.

(3) تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، ج.5، ص459.

(4) المصدر السابق، ص.456.

(5) روضة العقلاء، ابن حبان البستي، ص.167.

(6) المصدر السابق.

چەند نموونە و ڕووداوێك دەربارەی لێبووردن

1– لێبووردەیی لەلایەن پێغەمبەری خودا(ﷺ). لێبووردنی لەوَحشي کوڕی حَرب بکوژی پێشەوا حَمْزَة(رضي الله عنه). کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) شاری مەککەی ڕزگار کرد وەحشی لە مەککە بوو، بینی خەلکی مەککە هەموویان موسڵمان بوون، بۆیە ڕایکرد بەرەو شاری(طائف)، پاشان خەڵکی طائیفیش هاتنە ناو ئاینی ئیسلام، لەو کاتەدا دونیا بە هەموو فراوانیەکەی لە سەری وێك هاتبوو، پاشان پێیان وت: بۆ موسڵمان نابیت؟ چونکە هەر کەسێك موسڵمان ببێت پێغەمبەری خودا نایکوژێت، ئەوەبوو هاتە خزمەت پێغەمبەر و موسڵمان بوو، کاتێك پێغەمبەری خودا بینی فەرمووی: «ئایە تۆ وحشی؟». وتی: بەڵێ. فەرمووی: «تۆ حَمزةت کوشت؟». وتی: بەڵێ، چۆن بیستووتە هەر وا بووە. پێغەمبەری خودا لە وَحشی بووری، بەلاّم پێی فەرموو: «ڕوخسارت لە من بشارەوە»[1].

هەروەها بە هەمان شێوەی وَحشی چەندین تاوانباریتریشی بووریوە کە پێشتر بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرکرا بوو لەلایەن پێغەمبەری خودا، وەکو: هِندی کچی عُتبَة و عِکرِمَة کوڕی أبو جَهل هتد...

2– لێبوردەیی لەلایەن أبوبکر(رضي الله عنه). کاتێك دووڕووەکان تۆمەتیان کرد بە دایکی بڕواداران عائِشة، یەکێك لە موسڵمانان تێوەگلاّ بوو(مِسطَحی کوڕی أُثاثة) بوو، یەکێك بوو لە کۆچبەرە هەژارەکان، و یەکێك بوو لەوانەی گوزەرانی ژیانیان لە سەر یارمەتیەکانی پێشەوا أبوبکر بوو، بەلاّم کاتێك أبوبکر ئەمەی لە مِسطَح زانی زۆر لێی تووڕە بوو، سوێندی خوارد کە نابێت هەرگیز یارمەتی بدات، ئەوەبوو خودای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە، فەرمووی: ﴿وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾ النور. لەم کاتەدا أبوبکر فەرمووی: بەڵێ، سوێند بە پەروەردگارمان، حەزدەکەین خودا لێمان خۆش بێت، پاشان بەردەوام بوو لەسەر گەیاندنی یارمەتیەکەی بۆ مِسطَح، و فوررمووی: سوێند بە خودا جارێکیتر ئەم یارمەتیە نابڕم[2].

3– لێبوودرنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سەرکردەی دووڕووەکان.

(1) ابن حبان، الرقم(7017)، وأحمد(16022)، وغيرهما.

(2) البخاري، الرقم(4757)، ومسلم(2770)، عن عائشة(رضي الله عنها).

عبدالله كوڕی أُبَي كوڕی سَلول سەرۆكی دووڕووەكان بوو لە شاری مەدینە، لە هەموو جەنگ و ئاژاوەیەك دەستی باڵای هەبوو، بۆ نموونە:

- یارمەتی جوولەكەكانی مەدینەی دەدا بۆ ناپاكی كردن لەگەڵ موسڵمانان.
- بە هەواڵ ناردن و هاندان یارمەتی جوولەكەكانی خەیبەری دەدا.
- دوای ئاشت بوونەوەی هەردوو هۆزی(ئەوس و خەزرەج) هەموو كات هەوڵی دەدا بۆ نانەوەی دوو بەرەكی و ئاژاوە و دوژمنداری لە نێوانیان.
- یەكەم كەس بوو بوختانی كرد بە دایكی بڕواداران عائِشة(رضي الله عنها)، و بەردەوام پڕوپاگندەی بڵاو دەكردەوە.
- بەردەوام قسەی ناخۆش و ڕەقی دەكرد كە دەبووە مایەی ڕەنجاندنی دڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هاوەڵان(رضي الله عنهم) هتد.

سەرەڕای ئەمە كاتێك مرد كوڕەكەی كە ناوی عبدالله بوو داوای لە پێغەمبەری خودا كرد بۆ ئەوەی بە كراسی پێغەمبەر كفنی بكات، ئەوەبوو كراسەكەی خۆی پێدا، هەروەها فەرمووی: ئەگەر ئامادەتان كرد ئاگادارم كەنەوە بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بكەم. عُمری كوڕی خَطّاب فەرمووی: چۆن نوێژی لەسەر دەكەی؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ﴾ التوبة. من سەرپشككراوم. دوای ئەوە نوێژی لەسەر كرد، دوای ئەوە خودای گەورە فەرمووی: ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓ﴾ التوبة. لە دوای ئەمە هیچیتر نوێژی لەسەر دووڕووەكان نەكرد[1].

4- لێبووردنی بۆ خەڵكی مەككە. سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشكەنجە و ناخۆشیەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینی بە دەست دانیشتوانی مەككە، بەڵام لە دوای ئەوەی شاری مەككە ڕزگار دەكات لە دەستی بتپەرستان، هەرچی هێز و دەستهەڵات هەیە لەو ڕۆژەدا بە دەستی هاوەڵانیەتی و دەیتوانی هەموویان لەناو ببات، لەو كاتەی خەڵكی مەككە هەموویان لە نزیك كەعبەی پیرۆز وەستابوون و چاوەڕوانی بڕیاری پێغەمبەریان دەكرد دەرهەق بە خۆیان، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا پێی فەرموون: ئێوە گومان بۆ چی دەبەن كە بە سەرتان دێنم؟. وتیان: تەنها چاكە لە تۆ چاوەڕوان

(1) البخاري، الرقم(4670)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

دەکەین، تۆ برایەکی بەڕێزی و کوڕی برا یەکی بەڕێزی، پێی فەرموون: ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ يوسف، لە پاشان فەرموی بڕۆن هەمووتان ئازادن[1].

5- یەکێك لەو کەسانەی هەموو هیوا و ئاواتی کوشتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو بە دەستی خۆی، ثُما مَة ی کوڕی أُ ثال(رضي الله عنه) بوو، بەڵام بە دیلی کەوتە دەست موسڵمانان، ئەوانیش لە یەکێك لە دیز گەکانی مز گەوتیان بە ستەوە، دوای ماوە یەك پێغەمبەری خودا کە بەم شێوەیەی بینی فەرمووی: {أطلقوا ثُمامةَ}، سومامە ئازادبکەن ئەوانیش ئازادیان کرد، پاشان موسڵمان بوو، دەیوت: پێشتر لە هەموو کەس زیاتر رقم لە محمد بوو، بەڵام ئێستا لە هەموو کەس خۆشەویستترە لە لام، لە هەموو کەس زیاتر ڕقم لە ئاینی ئیسلام و شاری مەدینە بوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە[2].

6- لێخۆشبوونێك تەنها لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار.

مامۆستا عبدالحسیب حُسێن پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی(سەیوانی یەکەم) لە شاری سلێمانی، دەڵێت: لە ساڵەکانی(1993-1995) لە بەر بێ کاری بە نا چاری بۆ بژێوی ژیانمان لەگەڵ برایەکم چووینە گو ندێك لە دەورووبەری مەریوان لە ئێران، لە گو ندی (گاگل)، گوندێك بوو دراوسێی ئەو گوندەبوو کە ئێمە لێی نیشتەجێ ببووین، کە سێك بە ناحەق کوژرا، پا شان لەلا یەن حکومە تەوە بکوژە کە دە ستگیر کرا و داد گا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەر کرد و ڕۆژی لە سێدارەدانەکە شی د یار کرد، پا شان لە زیندانی مەرکەزی بەند کرا تا ڕۆژی دیاریکراو، جا بە پێی یاسا و ڕێسای وڵاتی ئێران ڕۆژێك پێش لە سێدارەدانی تاوانبار جاڕ دەدرێت کە تاوانبار فلانی کوڕی فلان بە پێی بڕیاری دادوەر لە فلان کاتی د یاریکراودا لە سێدارەدانەکەی ئەنجام دەدر ێت، هەموو کە سێکیش دەتوانێت ئامادەببێت، منیش لە گەڵ برا کەم ویستمان ئەم دیمە نە ببینین، هەرچەندە شتەکە شەرعیشە بەڵام بەلاما نەوە سەیر بوو، ئەوەبوو لە گەڵ جەماوەر لە شوێنەکە ئامادەبووین، لەو کاتەی سێدارە ئامادە کرا، خەڵکی دەچوونەسەر پەنجەی پێ یەکانیان و خۆیان بەرز دە کردەوە بۆ بینینی دیمەنە کە، لە نا کاو بکوژە کەیان بە دە ست و چاو بەستراوی هێنا بۆ سەر تەختی سێدارە، زۆرێك لە خەڵکی دە ستیان لە سەر دڵیان بوو،

(1) السيرة النبوية، د. علي الصلابي، ج.2، ص.529.

(2) البخاري، الرقم(462)، ومسلم(1764)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

تەپە تەپی دڵیان زیادی کردبوو، بە تایبەت ئێمە چونکە یە کەم جارمان بوو، دوا تر لە ڕێگەی بڵندگۆوە خەڵکە کە ئا گادار کرا نەوە و بڕیاری لە سێدارەدانەکە خوێندرا یەوە، پاشان پەتی سێدارە لە ملی بکوژەکە ئاڵێندرا و بەو پەڕی بێ دە ستەهەڵاتیەوە تە سلیم بوو، ئینجا داوایان لە بابی کوژراوەکە کرد بێت بۆ لابردنی تەختە کەی بن پ ێی بکوژە کە بۆ ئەوەی تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە و کۆتایی بە ژیانی بکوژەکە بهێنێت، هەروەها دا یك و باوکی بکوژە کەش لەوێ ئا مادە کرا بوون، خەڵکیش ز یاتر تا مەزرۆی بینینی ئەوان بوون، ئاخر ئەوان تۆزێکیتر لە بەر چاویانەوە کوڕە کەیان لە سێدارە دەدرێت، ئە مەش بەڕاستی دیمەنێکی یەکجار سامناك و دڵتەزێنە، خۆ ئە جەل بەدە ست خودا یە ئە گەر نا لە گەڵ کوڕەکەیا ندا ئەوانیش گیانیـان دەردە چوو، بەڵام دا یك و باوکی کوژراوە کە بە پێچەوانەوە، خەڵکیش وا گومان دەبەن کە ئەمان لە خۆشترین سات دان، چونکە ئێستا تۆڵەی کوڕکەیان دەکەنەوە، لەو کا تەدا باوکی کوژراوە کە ها تە پێشەوە بۆ لای پەتی سێدارەکە و نوێنەری داداگا بە دەنگێکی بەرز و تی: ئەم پ یاوەی ئێوە دەیبینن باوکی (فلان کەسە) کە بە ناحەق کوژراوە و ئێستاش دادگا داوای لێ دەکات بە دە ستی خۆی کورسی ژێر پێی تاوانبار دەربهێنێت تا تاوانبار بە سزای خۆی بگات، لەو کا تەدا باوکی کوژراوەکە لەبەر چاوی خەڵکی و بە شێوەیەکی مەردا نە ها تە بن پەتی سێدارەکە و هەڵوێستەیەکی کرد کەسیش نەیدەزانی بەتەمای چییە، یەکسەر بە هەردوو دە ستی خۆی بە بەرچاوی دادوەر و نوێنەری دادگا و دەوڵەت و سەرباز و ئامادەبووا نەوە پەتی سێدارەی لە ملی بکوژی کوڕەکەی داماڵی و و تی: ئەوە بە شایەتی ئێوە تەنها لە بەر ڕەزامەندی خودا لێی خۆش بووم، نا مەوێت ئیتر دا یك و باوکی ئێوەش وە کو ئێمە جەرگیان بسووتێت. ئەوەبوو هەموو ئامادەبووان بە یەکەوە دە ستیان کرد بە وتنی(الله اکبر)، و لە هەموو شار دەنگی دەدا یەوە، بە شێکی زۆریان بەم دیمە نە دەگریان، و بکوژەکە وە کو گوڵ گە شایەوە و خەڵکیش پیرۆزبایان لێ دە کردن، و هەزاران نزای خێریش بۆ دایك وباوکی کوژراوەکە دەکرا[1].

---

(1) پایزە برا، مەلا أحمدی شەریعە، ج.3، ص.106.

الحياء

شەرم

پێناسەی شەرم

الحَياءُ: هُوَ انقِباضُ النَّفْسِ مِنْ شَيءٍ وَتَركُهُ حَذَراً عَنِ اللَّوْمِ فيهِ[1].

يقولُ ابنُ حَجَر(رحمه الله): الحَياءُ خُلُقٌ يَبعَثُ صاحِبَهُ عَلى اجْتِنابِ القَبيحِ، وَيَمْنَعُ مِنَ التَّقصيرِ في حَقِّ ذي الحَقِّ[2].

وقيلَ: هُوَ تَغييرٌ وَانكِسارٌ يَعْتَري الإِنسانَ مِنْ خَوْفِ ما يُعابُ وَيُذَمُّ، وَمَحَلُّهُ الوَجْهُ[3].

واته: شەرم گرژبوونی دەروونە لە شتێك و وازلێهێنانی لەو شتە لە پێناو خۆپاراستن لە گلەی و گازەندە.

ابنُ حَجَر(رحمه الله) دەڵێت: شەرم ڕەوشتێکە خاوەنەکەی وا لێدەکات پارێزراو بێت لە شتی ناشرین، قەدەغەی دەکات لە هەبوونی کەمتەرخەمی لە مافی خاوەن ماف.

وتراوە: شەرم گۆڕان و شکانەوەییێکە بەسەر مرۆڤدا دێت لەبەر ترسی شتێك کە مایەی شوورەیی و گلەیی بێت، و شوێنی شەرم ڕوخسارە.

---

(1) التعريفات، الجرجاني، ص.94.

(2) فتح الباري، العسقلاني، ج.1، ص.52.

(3) التبيان في تفسير غريب القرآن، ابن الهائم، ص.61.

پلە و پایە و سوودەکانی شەرم لە( ) خاڵدا

1- شەرم لە ڕەوشتە جوانەکانی ئاینی ئیسلامە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {إنَّ لكلِّ دينٍ خُلُقًا، وإنَّ خُلُقَ الإسلامِ الحياءُ}[1]. واتە: بێگومان هەموو ئاینێك چەندین ڕەوشتی هەنە و ڕەوشتەکانی ئیسلامیش بریتین لە شەرم.

2- یەکێك لە سیفەتەکانی خودای گەورە شەرمە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ اللهَ حييٌّ كريمٌ يستحيي إذا رفعَ الرَّجلُ إليهِ يديهِ أنْ يردَّهُما صِفرًا خائبتين}[2]. واتە: بێگومان خودای گەورە خاوەن شەرم و ڕێزە، شەرم دەکات کاتێك پیاو دەستەکانی بۆ لای ئەو بەرز دەکاتەوە بە بەتاڵی بیانگێڕێتەوە.

3- شەرم خۆشەویستە لەلای خودای گەورە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {إنَّ اللَّهَ حييٌّ، ستيرٌ، يُحبُّ الحياءَ والسِّتْرَ، فإذا اغتسلَ أحدُكُم فَلْيستَتِرْ}[3]. واتە: بەڕاستی خودای گەورە خاوەن شەرمە، داپۆشەری تاوانەکانە، شەرم و داپۆشینی خۆش دەوێت، هەرکات کەسێك خۆی شووشت با خۆی داپۆشێت لە خەڵك.

4- شەرم بەشێکە لە بڕوا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: {والحَياءُ شُعْبَةٌ من الإيمَانِ}[4].

5- شەرم هۆکاری چوونە بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {الحياءُ من الإيمان، والإيمانُ في الجنَّة}[5]. واتە: شەرم لە بڕوادایە، و بڕواش لە بەهەشتدایە.

6- هەموو شتێك بە شەرمەوە جوان دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما كانَ الفُحشُ في شيءٍ إلا شانَهُ، وما كانَ الحياء في شيءٍ إلا زانَهُ}[6]. واتە: ڕەوشتە خراپەکان لە هەر شتێکدا بێت ناشرینی دەکات، و شەرمیش لە هەر شتێکدا بێت جوانی دەکات.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(4181)، وغيره، عن ابن عباس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(940).
(2) الترمذي، الرقم(3556)، عن سلمان الفارسي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.
(3) أبو داود، الرقم(4012)، عن يعلى بن أُمية(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(4) البخاري، الرقم(9)، ومسلم(35).
(5) الترمذي، الرقم(2009)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3094).
(6) رواه أحمد، الرقم(12712)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(2635).

7- شەرم گشتی هەر خێرە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {الحَياءُ خَيرٌ كُلُّه}[1]. واتە: شەرم هەمووی چاکەیە. لە فەرموودە یەکیتردا دە فەرموێت: {الحَياءُ لا يأتِي إلاَّ بخَيرٍ}[2]. واتە: شەرم هیچ شتێك ناهێنێتە ڕێگات تەنها چاکە نەبێت.

8- شەرم لە ڕەو شتی پێغەم بەری خودا یە(ﷺ)، خودای گەورە دەر بارەی ئەو دەفەرموێت: ﴿فَيَسْتَحْيِۦ مِنكُمْ ﴿٥٣﴾﴾ الأحزاب. ئەمە لە کاتێکدا بوو پێغەمبەری خودا یە بۆ وەلیمەی دایکی باوەڕداران زَینب ی کچی جَحْش خەڵکێکی بانگ کرد بوو، دوای نانخواردن مابوونەوە، ئەویش شەرمی دەکرد پێیان بڵێت بڕۆن، ئەوەبوو خودای گەورە ئایەتی ناردەخوارەوە فەرمووی: ﴿فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِۦ مِنكُمْ ﴿٥٣﴾﴾ الأحزاب. وا تە: هەر کات خواردنتان خوارد بڵاو ببنەوە و خۆتان بە گفتو گۆ خەریك مە کەن، چونکە ئەو کارە تان پێغەم بەر ئازار دەدات ئەویش شەرمتان لێدەکات.

9- شەرم موسڵمان دوور دەخاتەوە لە خراپە.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إنَّ مِمَّا أدرَكَ النَّاسُ من كَلامِ النُّبوَّةِ الأُولى: إذا لَمْ تَستحِي فاصنعْ ما شِئْتَ}[3]. واتە: بێگو مان ئەوەی خەڵك پ ێی گەیشتووە لە و تەکانی پێغەمبەرانی پێشتر: ئەگەر شەرم ناکەی هەچی دەتەوێت بیکە.

10- شەرم وەصیەتی پێغەمبەرە(ﷺ).

کاتێك پیاوێك دێتە خزمەت پێغەم بەری خودا داوای چەند شتێکی بە سوودی لێ دەکات، یەکێك لە شتەکان پێی فەرموو: {أُوصيكَ أنْ تَستَحيَ من اللهِ عزَّ وجلَّ كما تَستَحي رجلًا من صالحي قَوْمِكَ}[4]. واتە: وەصیەتت لێ دە کەم شەرم لە خودا بکە هەروەکو چۆن شەرم لە پیاوچاکێك دەکەی لە گەلەکەت.

(1) البخاري، الرقم(6117)، ومسلم(37)، عن عمران بن الحصين(رضي الله عنه).
(2) البخاري، الرقم(6117)، ومسلم(37).
(3) البخاري، الرقم(6120)، عن أبي مسعود(رضي الله عنه).
(4) رواه أحمد في الزهد، الرقم(46)، وغيره، عن أبي سلمة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(741).

چەند وتەیەك دەربارەی شەرم

1- پێشەوا عُمری كوڕی خَطّاب(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (من قَلَّ حياؤه قَلَّ ورعه، ومن قَلَّ ورعه مات قَلْبه)[1]. واتە: هەر كەسێك شەرمی كەم بێت وەرەع و خۆ پارێزی كەم دەبێت، و هەركەسێكیش خۆپارێزی كەم بێت دڵی دەمرێت.

2- پێشەوا ابن القَيِّم(رحمه الله) فەرموویەتی: (حياةُ القَلب يكونُ فيه قُوَّةُ خلُق الحياء، وقِلَّةَ الحياء من موت القَلب والروحِ، فَكُلّما كانَ القَلب أَحيي كان الحياء أَتَمُّ)[2]. واتە: ژیانی دڵ بەوە دەبێت كە هێزی ڕەو شتەكانی شەرمی تێدا بێت، و كەمی شەرم لە مرد نی دڵ و ڕوحەوەیە، جا چەند زیاتر دڵ زیندوو بوو شەرمیش تەواوتر دەبێت.

3- حَسَنی بە صری(رحمه الله) دە فەرموێت: (الحياء والتّكرم خصلتان من خصال الخير، لم يكونا في عبد إلّا رفعه الله بهما)[3]. وا تە: شــەرم و بەخ شندەیی دوو سیفەتن لە سیفەتەكانی چاكە، لە هیچ بەندە یەك كۆنابنەوە مە گەر بە هۆی ئەم دوو سیفەتەوە خودای گەورە بەرزی دەكاتەوە.

4- ربیطی بەنی ئیسرائیل فەرموو یەتی: (زين المرأة الحياء، وزين الحكيم الصَّمت)[4]. واتە: جوانی ئافرەت شەرمە، و جوانی پیاوی دانا بێدەنگی یە.

5- و تراوە: (من عَلامات المستَحي: أَنْ لا يُرَى بموضِعٍ يستَحيا مِنّه)[5]. وا تە: یەكێك لە نیشانەكانی كەسێ خاوەن شەرم ئەوەیە نە بینرێت لە شوێنێك كە ما یەی شەرمەزاری بێت.

---

(1) في معجم الوسيط، الطبراني، ج.2، ص.370.

(2) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.253.

(3) مكارم الأخلاق، ابن أبي الدنيا، ج.1، ص.43.

(4) الصمت، ابن أبي الدنيا، ص.263.

(5) الرسالة القشيرية، أبو القاسم القشيري، ج.2، ص.369.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر شەرم

1- شەرم و حەیای پێغەمبەری خودا(ﷺ).

گومان لەوەدا نیە پێغەمبەری خودا لە هەموو كەس بە شەرم تر بوو، هەروەكو هاوەڵی بەڕێز أبو سَعیدی خودری لە وەسفی شەرمی پێغەمبەری خودا دە فەرموێت: (كَانَ رسولُ الله(ﷺ) أشَدَّ حياء من العَذْرَاء فِي خدْرِهَا، وإذَا رأى شيئا عرفناه فِي وجْهه)[1]. وا تە: پێغەم بەری خودا زۆر بە حەیا و شەرمتر بووَ لە كچێكی زۆر بە شەرم لە شوێنی تایبەتی خۆی، بە شێوەیەك هەر كاتێك شتێكی ناڕێكی بدیتایە كە ما یەی شەرم با یە ئێمە لە ڕوخساری دەمانزانی.

2- شەرمی دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها).

دایكی بڕواداران عائِشة دەفەرموێت: هەر جارێك بچوومایە ئەو ژوورەی كە پێغەم بەر و باوكمی تێ یدا ن ێژرابوون بە بیٛ پێ چە دە چووم، دە موت: یەكێكیان هاو سەرمە و ئەوەیتریان باوكمە، بەڵام دوای ئەوەی پێشەوا عُمر لەویٛ نێژرا سوێند بە خودا بە پێچە نەبووایە نەدەچوومە ژوورەوە، لەبەر شەرم كردن لە عُمر[2].

3- شەرمی پێشەوا عُثمانی كوڕی عَفّان(رضي الله عنه).

دایكی بڕواداران عائِشة دەفەرموێت: ڕۆژێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ماڵی من پاڵ كەوتبوو، كەمێك قاچەكانی بەدەرەوە بوون، لەو كاتەدا أبوبكر مۆ ڵەتی هات نە ژوورەوەی خواست، پێغەمبەریش فەرمووی لێكرد و خۆی تێك نەدا و بەردەوام بوو لە قسە كردن، پاشان عُمر هات بە هەمان شێوە، پاشان عُثمان هات، هەر كە داوای مۆ ڵەتی كرد بینیم پێغەم بەری خودا دە ستبەجیٛ هەڵ ستایەوە و دانیشت و جلەكانی خۆی ڕێك خست، پاشان عائِشة فەرمووی: باشە بۆ كاتێك أبوبكر و عُمر هاتنە ژوورەوە تۆ وەكو خۆت مایەوە، بەڵام كە عُثمان هات دانیشتی و جلەكانت ڕێك خست؟ پێغەم بەری خودا فەرمووی: {أَلَا أَسْتَحي من رَجُلٍ تَسْتَحي منه المَلَائكَةُ!}[3]. وا تە: ئا یە شەرم لە پیاوێك نەكەم كە فریشتەكانَ شەرمی لیٛ دەكەن.

---

(1) البخاري، الرقم(3562).

(2) رواه أحمد، الرقم(25660)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في هداية الرواة(1712).

(3) البخاري، الرقم(1289)، ومسلم(2482).

4- عبدالله کوڕی عُمر دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە لای پیاوێکدا تێپەڕی، پیاوەکە گلەیی لە برای خۆی دەکرد لەبەر ئەوەی زۆر بە شەرم بوو، دەیوت: ئەو هەموو شەرمە چییە لە تۆ؟ وەك ئەوەی پێی بڵێت شەرم زیانی پێ گەیا ندووی، لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {دَعْهُ فإنَّ الحَيَاءَ مِنَ الإيمَانِ}[1]. واتە: وازی لێبێنە، چونکە بەڕاستی شەرم لە بڕوادایە.

5- شەرمی کچی شُعَيب(عليه السلام).

ئەو ئافرەتە بە شەرمەی کەوا خودای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە و شاهێدی داوە لەسەر شەرمی، دە فەرموێت: ﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ۞﴾ القصص. واتە: ئینجا یەکێك لە دوو کچەکان هات بۆ لای موسی(عليه السلام) بە شەرمەوە دەڕۆیشت لە ڕێگادا.

6- شەرمێك پێنووس ناتوانێت وەسفی بکات.

شەرمی فاطِمَة(رضي الله عنها)، عبدالله ی کوڕی عَبّاس(رضي الله عنهما) دە فەرموێت: کاتێك فاطِمَة نەخۆش کەوت، کەوتە سەرەمەرگ، أسماءی کچی عُمَيس لە لای بوو، فاطِمَة پێی فەرموو: من شەرم دەکەم لەوەی بۆ ئافرەتان دەکرێت دوای مردن، کاتێك ئافرەت لەسەر تەختە یەك دادە ندرێت و قوما شێکی بە سەر لاشەی دا دەدەن ئەو کات بەرزی و نزمی و کورتی و درێژی لاشەی دەزاندرێت، بۆیە من شەرم دە کەم دوای مردنم بەم شێوەیە دەرکەوم بەرامبەر خەڵك، أسماء پێی وت: کاتێك کۆچمان کرد بۆ حەبە شە، لەوێ جۆرە دارە مەیتێکم بینیوە بە جۆرێك درووست کرابوو کە تەرمی تێدا دیار نەبێت، من دەتوانم یەکێك لەم جۆرەت بۆ درووست بکەم، فاطِمَة پێی وت: کەوا یە پیشانم بدە بزانم شێوەکەی چۆنە؟، أسماء هەندێك لقە دارخورمای تەڕی هێنا لە سەر ئەولاو ئەملای سەرەوەی تەختەکەی دانا، شێوەی لە سندوقێك دەچوو ، کاتێك فاطِمَة ئە مەی بینی زۆر دڵخۆش بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: چەندە شتێکی باش و جوانە[2].

---

(1) البخاري، الرقم(24)، ومسلم(36).

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.1، ص.303.

ڕێزگرتن

پلە و پایە و سوودەکانی ڕێزگرتنی خەڵك لە( ) خاڵدا

1- ڕێزگرتنی خەڵك لە قسەکردن بە جێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا﴾ البقرة. واتە: قسەی باش و چاك لەگەڵ خەڵکدا بکەن.

2- ڕێز گرتنی خەڵك نیشانەی بڕوا یە، چونکە موسڵمان چۆن حەزدەکات ڕێزی بگیرێت ئەبێ ئاواش ڕێزی خەڵك بگرێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَا يُؤْمِنُ أحَدُكُمْ، حتَّى يُحِبَّ لأخيه ما يُحِبُّ لنَفْسه}[1]. واتە: بڕوای هەر یەکێك لە ئێوە تەواو نابێت تاوەکو چی بۆ خۆی پێیخۆشە ئاواشَ بۆ براکەی خۆی پێ خۆش نەبێت.

3- ڕێزگرتنی بیروڕا و بڕوای خەڵك فەرمانی خودا یە. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ﴾ البقرة. واتە: زۆرکاری و خورتی نیە لە وەرگرتنی ئاینی ئیسلام.

4- لە ئاینی ئیسلام خوێن و ماڵمان بە ناڕوا قەدەغەیە لەسەر یەکتری.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ألَا وإنَّ دمائَكُم وأَموالَكُم عليكم حرام}[2]. واتە: بزانن بێگومان خوێن و ماڵتان بە ناحەق قەدەغە کراوە لەسەریەکتر.

5- بە گوفتار و ڕەفتار دەبێت ڕێزی یەکتر بگرین.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {لَيس المؤمنُ بالطَّعَّان ولا اللَّعَّان ولا الفاحشِ ولا البَذيءِ}[3]. واتە: بڕوادار بە تانە و تەشەر و نەفرین و دەمشڕ و هەرزە نیە.

6- لەبەر پلە و پایە و گرنگی ڕێزگرتن لە یەکتر بە تایبەت لە کەسانی بە تەمەن و بە ساڵا چوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {لَيس مِنَّا من لَم يرحم صغيرنا ويُوَقِّرْ كَبيرنا}[4]. واتە: لە ئێمە نیە ئەوکەسەی بەزەیی بە بچووك نەهێتەوە و ڕێز لە گەورەکانمان نەگرێت.

7- پلە و پایە و سوودی چاکە و ڕێزگرتنی منداڵی یەتیم.

---

(1) البخاري، الرقم(13)، ومسلم(45)، عن أنس(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(3191)، عن أبي سعيد الخدري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(3) الترمذي، الرقم(1977)، وغيره، عن ابن مسعود(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(4) الترمذي، الرقم(1921)، وغيره، وحسنه السيوطي في الجامع الصغير(7674).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {أنا وَكافِلُ اليتيمِ في الجنَّة كَهاتين}، وأشارَ بأصبعيه يعني: السَّبَّابةَ والوسطى[1]. واتە: من و ئەو کەسەی کەفالەتی یەتیم دە کات لە بەهە شتدا ئاواین. ئاماژەی بە هەردوو پەنجەکانی کرد واتە: پەنجەی شەهادە و ناوەڕاست.

8- وەکو ڕێزێك لە ئاینی ئیسلام بە بێ سەلام کردن و مۆڵەت نابێت کەس بچێتە ماڵی کەسێکیتر تا سەلام دەکات.

هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ٢٧﴾ النور. وا تە: ئەی ئەوا نەی بڕوا تان هێناوە مەچوونە هیچ ماڵێك جگە لە ماڵەکانی خۆتان نیە تاوەکو مۆڵەت وەردە گرن و سەلام لە خاوەن ماڵەکە دەکەن.

9- سەبارەت بە ڕێزگرتنی دراوسێ و میوان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {من كانَ يُؤْمنُ باللَّه واليوم الآخرِ فَلْيَكرمْ جارَهُ، ومَن كانَ يُؤْمنُ بالله واليوم الآخرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ}[2]. واتە: هەر کەسێك بڕوای بە خودا و دوارِۆژ هەبێت دەبێت ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت، و هەر کەسێك بڕوای بە خودا و دوارِۆژ هەبێت دەبێت ڕێز لە میوانەکەی بگرێت.

10- ئەم فەرموودەیە زۆر بە ڕوونی باس لە ڕێزگرتن لە یەکتری دە کات، تەنا نەت ئە گەر مو سڵمانان تەنها ئەم فەرموودە یە جێبەجێ بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیا ندا بە سە بۆیان، کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {لا تَحاسدُوا، ولا تَناجشُوا، ولا تَباغَضُوا، ولا تَدابروا، ولا يَبعْ بعضُكُم علَى بيعِ بعْض، وكُونُوا عبادَ الله إخْواناً. المُسلم أخُو المُسْلم، لا يظْلمهُ، ولا يَخْذُلُهُ، ولا يحقرهُ. التَّقْوى هاهنا -ويشير إلى صَدْره ثَلاثَ مرَّات- بحسْب امْرئ من الشَّرِّ أنْ يَحقرَ أخاهُ المُسْلم. كُلُّ المُسْلم علَى المُسْلم حَرامٌ؛ دَمُهُ، ومالُهُ، وعِرْضُهُ}[3]. واتە: حەسوودی بە یەکتر مەبەن، لە کڕین و فرۆشتندا شت لە سەر یەکتر گران مەکەن بە مەستی هەڵخەڵەتاندن، ڕقتان لە یەکتر نەبێت، پشت لە یەکتر مە کەن، مامەڵە لەسەر مامەڵەی یەکتر مەکەن، ببن بە بەندەی خودا. مو سڵمان برای مو سڵمانە، ستەمی لێناکات، خەجاڵەتی ناکات و بەکەم سەیری ناکات، تەقوا لێرەدا یە ئا ماژەی بۆ سینگی کرد سێ جار، ئەوەندە بەسە لە خراپەکاری بۆ کەسێك کە برای مو سڵمانی خۆی

(1) الترمذي، الرقم(1918)، والبخاري باختلاف يسير(6005)، عن سهل بن سعد الساعدي(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(47)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(6064)، ومسلم(2564)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

بە کەم بزانێت، موسڵمان هەمووی لە سەر موسڵمان قەدەغە کراوە: خوێن و ماڵ و ناموسی.

11- دەربارەی ڕێزگرتنی دایك و باوك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾ الإسراء. واتە: پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لە ئەو کەسی تر نەپەرستن و چاکەکاربن لە گەڵ دایك و باوکتان، جا ئەگەر لەلای تۆ یەکێکیان یان هەردووکیان بە ساڵا چوون، پێیان مەڵێ: ئۆف، و بەسەریاندا هاوار مەکە و هەڵمەشاخێ، و باڵی میهرەبانی خۆتیان بۆ ڕاخە و ملکەچ بە بۆیان، نزا بکە و بڵێ: پەروەردگارم بەزەییت پێیان بێتەوە و میهرەبان بە بۆیان، هەروەکو چۆن ئەوان بەزەییان بە من هاتەوە و منیان پەروەردە کرد بە منداڵی.

12- لە ئاینی ئیسلام ڕێزگرتنی یەکتر بەوە دەبێت مافی یەکتر بپارێزین، کە ئەمەش ئەرکی سەر شانمانە وەك لەم فەرموودە یەدا دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: { حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلَامِ، وعِيَادَةُ الْمَرِيضِ، واتِّبَاعُ الجَنَائِزِ، وإجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وتَشْمِيتُ العَاطِسِ}(1). واتە: مافی موسڵمان لە سەر موسڵمان پێنج شتە: وەڵامدانەوەی سەلام، و سەردانی نەخۆش، و شوێنکەوتنی جەنازە، و بە پیرەوە چوونی دەعوەتکاری، و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی پێکژی بڵی: خودا ڕەحمت پێ بکات.

13- لەبەر پلە و پایەی ڕێزگرتن لە ئیسلام پێغەمبەری خودا(ﷺ) دە فەرموێت: {إنَّ من إجلال اللَّه: إكرام ذي الشَّيبة المسلم وحاملِ القرآن غيرِ الغالي فيه والجافي عنهُ وإكرامَ ذي السُّلطان المقسط}(2). واتە: بەڕاستی لە ڕێزلێنانی خودا ئەوەیە: ڕێز لە موسڵمانی بە ساڵاچوو، و قورئان خوێنێك کە زێدەڕەوی نەکات تێیدا و دوورەپەرێزیش نەبێت لە گەڵی، و ڕێزگرتن لە دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر.

---

(1) البخاري، الرقم(1240)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) أبو داود، الرقم(4843)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه)، حسنه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەکی پیاوچاکان دەربارەی ڕێزگرتن

1- رَبيعى كوڕى سُلَيمان(رحمه الله) دەڵێت: (والله ما اجترأْت أَنْ أَشْرب الماء والشّافعيُّ ينْظُر هيبةً لَه)[1]. واتە: سوێند بە خودا هەرگیز بوێر نەبوومە ئاو بخۆمەوە لە کاتێکدا پێشەوا شافیعی سەیرم بکات وەکو ڕێز و حورمەتێك بۆ ئەو.

2- عبدالملك ی کوڕی مَروان(رحمه الله) بە مندا ڵەکانی دەوت: (عَلَيكُم بالأَدب، فَإنْ احتَجتَم إلَيه كانَ مالاً، وإنْ استَغنَيتم عنه كانَ جَمالاً)[2]. واتە: پێویستە لە سەرتان بەردەوام داوای ئەدەب بکەن، ئەگەر پێویست بە ئەو بوون، ئەوا بۆ ئێوە ماڵ و سامانە، و ئەگەر پێویستیتان پێی نەبوو ئەوا بۆ ئێوە جوانیە.

3- وەکو ڕێزێك هەر کات باسی أبوبکر یان بکردایە لەلای عُمر(رضي الله عنهما)، پێشەوا عُمر دەیفەرموو: أبوبکر گەورەی ئێمە یە، و گەورەی ئێمەشی ئازاد کردووە کە(بِلال)ی حەبەشی یە[3].

4- مالك ی کوڕی أنس(رحمه الله) بە گەنجێکی قورەیشی دەڵێت: ئەی برازام فێری ئەدەب و ڕێز ببە پێش ئەوەی فێری زانست ببیت[4].

---

(1) الآداب الشرعية، المقدسي، ج.1، ص.297.

(2) رياض الصالحين الخطب المنبرة، الشيخ شعبان عليوة أبو السعود إسماعيل، ج.2، ص.242.

(3) البخاري، الرقم(3754)، عن جابر(رضي الله عنه).

(4) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.6، ص.330.

چەند ڕووداوێك سەبارەت بە ڕێز لە یەكترنان

1- جارێكیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەماڵی خۆی بوو لە گەڵ كۆمەڵێك لە هاوەڵانی لەو كا تەدا جَریری كوڕی عبدالله(رضي الله عنه) ها تە ژوورەوە، بینی ژوورە كە پڕە لە هاوەڵان، هیچ شوێنێك نەبوو لێی دانیشێت، بۆیە لە سەر كۆسپەی دەرگا دانیشت، كاتێك پێغەمبەری خودا بینی(جوببە كەی خۆی) نو شتاندەوەو بۆی هەڵدا، پێی فەرموو: لەسەر ئەمە دانیشە)، جّریر جوببە كەی هەڵگرتەوە و لە سەر ڕوخساری خۆی دا نا و ماچی كرد و گریا، پاشان دایەوە دەستی پێغەمبەری خودا وتی: من لە سەر جل و بەرگی تۆ دانانیشم، خودا ڕێزت بگرێت هەروەك چۆن ڕێزت لە من نا. پا شان پێغەمبەری خودا تەماشای كرد و فەرمووی: {إذا أتاكُم كَريمَ قَومٍ فَأَكرِموه}[1]. واتە: ئەگەر گەورەی گەلێك هاتە لاتان ڕێزی بگرن.

2- ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان باوك و كچدا. دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەفەرموێت: هیچ كەسێكم نە بینی لە هەڵسوكەوت و دانیشتن و ڕۆیشتنی بە ئەندازەی فاطِمة(رضي الله عنها) لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بچێت، هەر كات فاطِمة دە چووە سەردانی پێغەمبەری خودا لەبەری هەڵدەستا و دەستی دەگرت و ماچی دەكرد و لە شوێنی خۆی جێی بۆ دەكردەوە، دایدەنیشاند و هەر جارێكیش پێغەمبەری خودا بچوویایە سەردانی فاطِمة، فاطِمة لەبەری هەڵدەستا و دە ستی دە گرت و ما چی دە كرد و لە شوێنی خۆی جێی بۆ دەكردەوە و دایدەنیشاند[2].

3- ڕێز و حورمەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ كەسی بە ساڵاچوو.

أسماءی كچی أبوبكر(رضي الله عنهما) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لە كاتی ڕزگاركردنی شاری مەككەی پیرۆز، كاتێك پێغەمبەری خودا چووە ناو مزگەوتی حەڕام، أبوبكر باوكی خۆی هێنا، كە ناوی عُثمانی كوڕی عامِر بوو بە أبو قُحافة ناسرا بوو، كاتێك پێغەمبەری خودا بینی، بە أبوبكری وت: {هَلّا تَرَكتَ الشَّيخَ في بَيته حتى أكونَ أنَا آتيه فيه؟}. واتە: ئایا نەدەبوو ئەو پیاوە بە تەمەنە لە ماڵەوەت بەجێهێشتبا تاوەكو من لەماڵەكەی بچوویامە لای؟ أبوبكر یش فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ شایستەتری ئەو بێتە لات و خزمەتت، نەك تۆ بچیتە لای ئەو. ئەوجا لە پێش پێغەمبەری خودای دانیشاند. هەڵبەتە:

---

(1) ابن ماجة، الرقم(3712)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(1205).

(2) أبو داود، الرقم(5217)، والترمذي(3872)، وغيرهما، وصحح إسناده ابن المفلح في الآداب الشرعية، ج.1، ص.437.

أبو قُحافة نابينا بوو، پاشان پێغەمبەری خودا دەستی بەسەر سینگی داهێنا، پاشان پێی فەرموو: موسڵمان ببە، ئەو کات موسڵمان بوو[1].

4- ڕێز و حورمەت بۆ دایك.

دەگێڕنەوە لە هاوەڵی بەڕێز أبو هُريره دایکێ کی هەبوو، هەر جارەی دەگەڕا یەوە بۆ ماڵ لە پێش دەر گا ڕادەوە ستا و سەلامی لە دای کی دە کرد، دایکیشی وەڵا می سەلامەکەی دەدایەوە، پاشان بە دایکی دەوت: (رَحِمَكِ اللهُ يا أُمِّي كَما رَبَّيْتِني صَغيراً). وا تە: خودا بەزەیی بە تۆ بێتەوە ئەی دایکە هەروەکو چۆن منت بەخێو کرد و پەروەردەت کردم لە کاتی بچووکیمدا. دایکیشی لە وەڵا مدا پ ێی دەوت: (وأنْت يا بنيَّ فَجزاكَ الله خيراً، ورَضي عنْكَ كَما بررتَني كَبيراً)[2]. وا تە: ئەی کوڕی خۆشەویستم خودا پاداشتی خێرت بداتەوە و لێت رازی بێت هەروەک چۆن چاک بوی لە گەڵ مندا لە کاتی پیر بوونمدا.

5- ڕێز لە یەکترنان دەبێت بەم شێوەیە بێت.

پێشەوا(شەعبی) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێکیان زیدی کوڕی ثا بت(رضي الله عنه) کە یەکێکە زانا هەرە ناودارەکانی ئیسلام لەسەر پشتی ئەسپەکەی سوار ببوو، عبدالله ی کوڕی عَبّاس یش کە ئامۆزای پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ)، هەوساری ئە سپەکەی زیدی بە دەستەوە گرتبوو، وەکو ڕێزێك بۆ ئەو زانا بەڕێزە، لەو کاتەدا زَید بە شەرمەوە پ ێی وت: ئەی کوڕی مامی پێغەمبەر ئەمە مە کە لە گەڵم، عبدالله پ ێی دە فەرموێت: (هكَذا أُمِرنا أَنْ نَفعَل بعلَمائنا). وا تە: ئێ مە بەم شێوەیە فەرمانمان پێ کراوە دەب ێت لە گەڵ زاناکا مان ئاوابین و ڕێزیان بگرین. زیدیش بە عبدالله ی فەرموو: زەحمەت نەبێت دەستی خۆتم پێ نیشان بدە، عبدالله دەستی دەردێنێت و زَید دەستی دەگرێت و ماچی دەکات، و دەڵ ێت: (هكَذا أُمِرنا أَنْ نَفْعَلَ بأَهلِ بيْت نَبِيِّنا(ﷺ))[3]. وا تە: ئێ مەش بەم شێوەیە فەرمانمان پێکراوە ئەبێت ئاوابین لەگەڵ کەسوکاری پێغەمبەرەکەمان.

---

(1) رواه أحمد، الرقم(26956)، وغيره، وحسنه الوادعي في صحيح المسند(1543).

(2) رواه أبو مرة مولى أم هانيء، وحسن إسناده الألباني في صحيح الأدب المفرد(11).

(3) رواه ابن سعد في الطبقات، ج.2، ص.360، والذهبي في السير، ج.2، ص.437، ابن القيم، صفة الصفوة، ج.1، ص.356باختلاف يسير.

کار و کەسابەت

پلە و پایە و سوودەکانی کار و کەسابەت لە( ) خاڵدا

1- کەسابەت کردن بە جێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ﴾ الجمعة. واتە: بڵاو ببنەوە بە زەویدا و لە ڕێگای کەسابەتی حەڵال داوای ڕۆزی بکەن لە خودای گەورە. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ﴾ التوبة. واتە: پێیان بڵێ: کار بکەن.

2- کار و کەسابەت بە دڵسۆزی پیشەی پێغەمبەران بووە.

بۆ نموونە: نوح(عليه السلام) بازرگان بووە و لە کاری نەجاڕیش زۆر شارەزا بووە، بۆ نموونە: کە شیتیەکەی لە دار دروو ست دە کات، بۆ ڕزگاربووز یان، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَصۡنَعُ ٱلۡفُلۡكَ﴾ هود. واتە: کەشتی درووست دەکرد.

هەروەها داود(عليه السلام) پیــ شەی ئا سنگەری بووە، هەروەك دەر بارەی ئەو خودا فەرموویەتی: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ أَنِ ٱعۡمَلۡ سَٰبِغَٰتٖ وَقَدِّرۡ فِي ٱلسَّرۡدِۖ﴾ سبأ.

هەروەها زَكَرِيّا(عليه السلام) دارتاش بوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {كان زكريَّا نجارا}[1]، پێغەمبەری خودا محمد شوان بووە، هەروەکو خۆی فەرموو یەتی: {وأَنا كُنتُ أرعاها لأَهْلِ مَكةَ بالقَرارِيط}[2]. هەروەها بازگانیشی کردووە[3].

هەروەها هەموو پێغەمبەران کار و کەسابەتیان کردووە، یا خود شوانەتیان کردووە، هەروەکو پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: {ما بعثَ اللَّهَ نبيًّا إلَّا راعي غنمٍ}[4].

3- دەربارەی بەدەستهێنانی سامانی دوذیا بە هۆی کە سابەتی حەڵال، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {نِعْمَ المالُ الصّالِحُ للرَّجُلِ الصّالِحِ}[5]. وا تە: با شترین ماڵ و سامانی باش بۆ مرۆڤی باشە.

4- کار و کەسابەتی دەستی خۆت باشترین ڕزق و ڕۆزیە.

---

(1) المسلم، الرقم(2379) عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(2262)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) الرحيق المختوم، المباركفوري، ص.51.

(4) البخاري، الرقم(2262)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(299)، وغيره، عن عمرو بن العاص(رضي الله عنه).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما أَكَل أَحدٌ طَعاما قَطُّ خَيْراً من أَنْ يأْكُل من عَملِ يده، وإنَّ نَبِيَّ الله داوُدَ كانَ يأكُلُ من عَملِ يده }[1]. وا تە: هیچ کە سێك خواردنێکی نەخواردووە باشتر بێت لە کار و کاسبی دەستی خۆی، داود پێغەمبەریش(الله) لە کار و کەسابەتی دەستی خۆی دەخوارد.

5- لەبەر پلە و پا یەی کار و کە سابەت خودای گەورە کە سابەتی پێش تێکۆشان خستوە، هەروەکو خۆی فەرموو یەتی: ﴿وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ المزمل. واتە: هی واتان تێدا یە لە سەر زەوی دە گەڕێن بۆ بەدە ستهێنانی ڕزق و ڕۆزی و هی وا شتان تێدا یە لە پێ ناو خودا دەجەنگن.

6- دەربارەی باشترین کەسابەت پرسیار لە پێغەم بەری خودا(ﷺ) کرا، لە وەلا مدا فەرمووی: {عمل الرَّجلِ بيده، وكُلُّ بيعٍ مبْرورٍ}[2]. واتە: کار و کەسابەتی پیاو بە دە ستی خۆی، گشت مامەڵەیەکی ڕەوا و بێ فێڵ.

7- کار و کەسابەت کردن باشترە لەوەی چاوت لە دەستی خەڵك بێت.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {والذي نَفْسي بيده، لَأَنْ يأْخُذَ أحَدُكُمْ حبْلَه، فيحتَطبَ علَى ظَهْرِه؛ خَيْرٌ له من أنْ يأْتِي رجلًا، أَعطاهُ الله مِنْ فَضْلِه، فيسأَلَه، أعطاه أو منعه}[3]. وا تە: سوێند بەوەی گیانی منی بە دە ستە، ئە گەر یەکێکتان گوریسەکەی هەڵگرێت پشتیە داری پێ هەڵگرێت لەسەر پشتی خۆی با شترە بۆی لەوەی بچێتە لای کەسێك کە خودا پێیداوە دەوڵەمندە، داوای لێ بکات، جا دەیداتێ یان نایداتێ.

8- ئاینی ئیسلام ئاینی کارکردنە بۆ دونیا و دوارۆژ.

خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا﴾ القصص. واتە: لەو ما ڵەی خودا پێی داوی دوارۆژت دە ستەبەر بکە بە هۆیەوە، بەشی خۆت لە دونیا لە یاد مەکە فەرامۆش مەکە.

(1) البخاري، الرقم(2072)، عن المقدام بن معدي كرب(رضي الله عنه).
(2) الطبراني، الرقم(13939)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(169).
(3) البخاري، الرقم(1470)، ومسلم(1042)، وغيرهما، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی کار و کەسابەت

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (لا يقْعد أَحدُكُم عن طَلَب الرزق ويقولُ: اللَّهمَّ ارزُقْني فَقَدْ علمتُمْ أَنَّ السَّماء لَا تُمْطر ذَهباً ولا فضَّةً)[1]. واتە: با یەکێك لە ئێوە دانەنیشێت لە داواکردن و گەڕان بە شوێن ڕزق و ڕۆزی، ئیذ جا بڵێت: خودا یە ڕزقم بدە، لە کاتێکدا باش دەزانن ئاسمان زێڕ و زیو نابارێنێت.

2- عبدالله ی کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) فەرمووەیەتی: (إني لَأَكْره الرَّجل فارغاً لا في أَمر دنْياه ولا في آخرته)[2]. واتە: من حەزناکەم پیاوێك ببینم دەست بەتاڵ و بێ ئیش بێت نە سەرقاڵ بێت بۆ کاروباری دونیای و نە سەرقاڵ بێت بۆ خۆ ئامادەکردنی بۆ دوارۆژی خۆی.

3- حَمّادی کوڕی زَید(رحمه الله) دەڵێت: أ یّوب پێی دەوتم: (الْزم سوقَكَ فَإنَّكَ لَا تَزالُ كَريماً عَلَى إخْوانكَ ما لَمْ تَحْتَجْ إلَيْهمْ)[3]. واتە: پەیوەستبە بە بازاڕت بۆ کار و کە سابەت، چونکە بەردەوام بەڕێزی لەلایەن براکانت تا ئەو کاتەی چاوت لە دەستی ئەوان نەبێت.

4- باوکی عُذ مانی نە هدی(رحمه الله) دە فەرموێت: سَلمانی فار سی(رضي الله عنه) دەیـ فەرموو: (إنّي لأُحبُّ أَنْ آكُلَ منْ كَدّ يَدي)[4]. وا تە: من حەزدە کەم لە بەر هەمی ماندووبوونی دەستەکانم بخۆم.

5- أبو الأحْوَص(رحمه الله) دەفەرموێت: سُفیانی سەوری(رحمه الله) پێی وتم: (عَلَيْكَ بعَمَل الْأَبطَال: الْكَسْبُ منَ الْحَلَال، والْإنْفَاقُ عَلَى الْعيَال)[5]. واتە: وەکو پاڵەوانەکان کار بکە: لە بەدەستهێنان لە حەڵاڵ و بەخشین لەسەر منداڵ و خێزانەکەت.

(1) الوصايا المنبرية، محمد عبدالعاطي بحيري، ج.2، ص.456.
(2) المصدر السابق.
(3) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.3، ص.11.
(4) المصدر السابق، ج.1، ص.200.
(5) المصدر السابق، ج.6، ص.381.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی كاركردن و كەسابەت

1- عبدالرحمنی كوڕی عَوف دە فەرموێت: ئەو كا تەی ئێمە چووینە شاری مەدینە پێغەمبەری خودا(ﷺ) برایەتی خستە نێوان من و سَعدی كوڕی رَبیع، سَعد پێی وتم: من لە هەموو خەڵكی مەدینە دەوڵەمەندترم، دەمەوێ هەموو سەروەت و سامانەكەم لە گەڵ تۆ بكەمە نیوە، و دوو هاوسەریشم هە نە، كامیا نت بە دڵ بوو تەڵاقی دەدەم، هەر كە عیددەی تەواو بوو لە خۆتی مارە بكە، عبدالرحمن یش پێی دەڵێت: من پێویستیم بە مانە نیە، ئایە لێرە هیچ بازاڕێك هە یە بۆ بازرگانی كردن لێی؟ سَعد پێی وت: بەڵێ، بازاڕی(قَینُقاع) هەیە. ئەوەبوو عبدالرحمن ڕووی كردە ئەوێ بۆ بازرگانی كردن بە كە شك و ڕوون. دوای ماوە یەك پێغەم بەری خودا عبدالرحمن ی بینی، پێی فەرموو: ئا یە هاوسەرگیریت كردووە. عبدالرحمن وتی: بەڵێ. پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((كێ یە؟)). عبدالرحمن وتی: ئافرەتێ كە لە پشتیوانان، فەرمووی: ((وە كو مارەیی چەندت داوەتێ؟)). وتی: هەندێك زێڕ بە ئەندازەی سێ دیرهەم و قسوور. پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {أَوْلِمْ وَلَوْ بشاةٍ}[1]. واتە: میوانداریەك بكە ئەگەر بە مەڕێك یان بزنێكیش بێت.

مەبەست لەم بەسەرهاتە ئەوەیە: كە عبدالرحمن وەكو گشت هاوەڵانی تر دە ستی كرد بە كار و بازرگانی، تا وای لێهات زۆر دەوڵەمە ند بوو، تەنا نەت تا كۆچی دوایشی كرد یەكێك بوو لە دەوڵەمەندەكانی شاری مەدینە.

2- دەگێڕنەوە: پیاوێك هەبوو بیناسازێكی زۆر كارامە بوو، لە یەكێك لە كۆمپانیا كان كاری دەكرد، دوای ماوەیەكی زۆر لەم كارە هەستی بە بێ توا نایی دە كرد بە هۆی بە ساڵاچوونی، بۆیە چووە لای خاوەنی كۆمپانیاكە و داوای دەست لەكاركێشانەوەی كرد بە مەبە ستی ئەوەی ئەوە ندە تە مەنی ماوە لە ناو خێزانە كەی بە سەر ببات، خاوەن كۆمپانیاكەش ئەمەی پێناخۆش بوو، چونكە ئەم پیاوە لە كارەكانیدا زۆر دڵسۆز بوو، بەڵام دوای ئەوەی كە زانی كابرا لەسەر بڕیارەكەی پێداگرە، وتی: بە مەرجێك مۆڵەتت دەدەم، پێی وت: دەمەوێت وەكو كۆتاكار بۆ من ئەنجامی بدەیت، دە مەوێت لە فلان شوێن خانوێكی باش و جوانم بۆ دروو ست بكەی، ئیتر كابراش ڕازی بوو، خانوێكی درووست كرد، بەڵام لە بەكارهێنانی كەل و پەلی بیناسازی و كاركردنەكە وەكو جاران بە جدی و دڵسۆزی كارەكەی نەكرد، دوای تەواوبوونی خانوەكە ویستی كلیلەكانی خانوە كە

---

(1) البخاري، الرقم(2048).

بدا تە دە ست خاوەن کۆمپانیا کە، بەڵا بینی وەریناگر یْت، پ یْی وت: بۆ وەرناگر یت؟ خاوەن کۆمپانیاکە بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: لەبەر ئەوەی ماوە یەکی زۆر بەو پەڕی دڵسۆزی لەلای ئێمە کارەکانت ئەنجامداوە، بۆیە ئەم خانووەم بۆ تۆ بوو، پێشکە شبێت بە تۆ. ئیتر کابرا ئەوکات هەستی بە شەرمەزاری و پەشێمانیەکی زۆر کرد، کە ئەبێت هەر کارێکت ئەنجامدا دەبێت بە ویژدان و بەو پەڕی دڵسۆزی بیکەی وە کو ئەوەی بۆ خۆت بیکەی و پێت خۆش بێت، دەبێت بۆ خەڵکیش بە هەمان شێوە ئەنجامی بدەی[1].

3- شَقیقی بەلخی(رحمه الله) کە یەکێ کە لە پیاو چاکان. جارێک یان بە مەبە ستی بازرگانی کردن ویستی گەشتێکی درێژخایەن ئەنجام بدات، بەڵام هاوڕێ یەکی زۆر نز یك و خۆشەویستی هەبوو بە ناوی إبراهیم ی کوڕی أدهَم، ئەوەبوو هاتە لای و ماڵئاوایی لێ کرد، دوای چەند ڕۆژێك شَقیق گەڕا یەوە بێ ئەوەی گە شتەکەی تەواو بکات، کاتێك إ براهیم شَقیقی بینی لە مزگەوت بوو بەسەرسوڕمانەوە پ یْی وت: چی وای کرد ئاوا بە پە لە لە گەشتەکەت بگەڕێیتەوە؟ شَقیق وتی: شتێکی زۆر سەیرم بینی لە سەرەتای گە شتەکەم، بۆیە گەڕامەوە، إبراهیم وتی: چیت بینی شەقیق؟ وتی: لە کاتی گەشتەکەم بە مەبە ستی پشوودان چوومە ناو خەرابگە یەك، باڵندە یەکی کـوێرم بینی لەوێ بوو، زۆر لام سەیر بوو، وتم: ئەم باڵندەیە دەبێت چۆن بژیت لەم شوێنە دوور و چـۆڵە؟ لە کاتێکدا نابینا یە و ناتوانێت جووڵە بکات، ئیتر زۆری نەخایەند باڵندەیەکیترم بینی خواردنی بۆ هێنا، لە یەك ڕۆژ بینیم چەند جار دە چوو و دەها تەوە، تا باڵندە نابینا کەی تێر دە کرد، بۆ یە کاتێك ئە مەم بینی وتم: جا خوداێك ڕزق و ڕۆزی ئەم باڵندە یە لەم شوێنە بدات، بێگو مان دە شتوانێت ڕزق و ڕۆزی م نیش بدات، بـۆیە دە ستبەجێ لە گە شتە بازرگانیەکەم گەڕامەوە.

إبراهیم پێی وت: بەڕاستی زۆر سەیری ئەی شَقیق، باشە چۆن ڕازی دەبیت تۆ وە کو باڵندەیەکی کوێر چاوت لە دەستی یەکێکیتر بێت یارمەتیت بدات؟ بۆ چی نا تەوێت وە کو باڵندەکەیتر بیت کە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ جگە لە خۆی هەوڵ دەدات، مەگەر نەتزانیوە دەستی بەرزتر و هەبوویی باشترە لە دەستی نزمتر و نەبوویی؟ ئەوکات شَقیق هە ستا و دەستی إبراهیمی ماچ کرد و وتی: بەڕاستی تۆ مامۆستای ئێمەی ئەی باوکی إسحاق[2].

---

(1) لە یەکێک لە سایتەکانی گۆگل وەرگیراوە.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، یاسر عبدالرحمن، ج.2، ص.300.

العدالة

داد پەروەری

پێناسەی داد پەروەری

العَدْلُ لُغَةً: مَصدَرُ: عَدَلَ يَعْدِلُ عَدْلاً، وَهُوَ خِلافُ الجَوْرِ.

العدل لە زمانەوانیدا: چاوگی(عدل یعدل عدلا)ە، و ئەو پێچەوانەی ستەمە.

هەروەها(العدل) بە مانای(المُساوات) دێت، واتە: یەکسانی دێت.

هەروەها(العدل) بە مانای(الإنصاف) هاتووە.

العَدلُ في الاصطلاح: هُوَ الأمرُ المُتَوَسِّطُ بَينَ الإفراطِ والتَّفريطِ.

واتە: (العدل) لە زاراوەییدا: بریتیە لە شتی مامناوەند لە نێوان زێدەڕۆیی و فەرامۆشی[1].

يـ قولُ الجاحِظ(ر حمه الله): الـ عَدلُ: هُوَ القِـ سْطُ ا للازِمُ لِلا ستِواء، أو ا سْتِعمالُ الأُ مورِ في مَواضِعِها وَأَوْقاتِها وَوُجوهِها وَمَقاديرِها مِنْ غَيرِ سَرفٍ وَلا تَقْصيرٍ وَلا تَقديمٍ وَلا تَأْخيرٍ[2].

واتە: جاحِظ دەڵێت: وشەی(العدل) بریتیە دادپەروەری پێویست بۆ ڕا ستی و ڕێکی یان بە کارهێنان و ئەنجامدانی کاروبارەکان لە شوێنی خۆیان و لە کاتی خۆ یان وە کو خۆ یان و بە ئەندازەی خۆیان بە بێ زێدەڕۆیی و کەم و کورتی و بە بێ پێشخستن و دواخستن.

(1) التعريفات، الجرجاني، ص.153، ومختار الصحاح، زين الدين الرازي، ص.417.

(2) تهذيب الأخلاق، الجاحظ، ص.28.

پله و پایه و سوودەکانی داد پەروەری له() خاڵدا

1- یەکێك لە ناوە پیرۆز و بەرزەکانی خودای گەورە(العَدلُ)ە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر پله وپایەی دادپەروەری.

2- دادپەروەری بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە دەفەرمویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ﴾ النحل. وا تە: خودای گەورە فەرمان دەکات بە دادپەروەری.

3- یەکێک لە مەبەستی هاتنی گشت پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) چە سپاندنی دادپەروەری بووە لە نێوان خەڵکدا، خوادی باڵادەست دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ﴾ الحديد. وا تە: بێگو مان ئێ مە پێغەم بەرەکانی خۆ مان بە موعجیزەی ئا شکرا ناردووە و هەر یە کە پەرتۆکێکمان لەگەڵ ناردووە و سەنگ و تەرازووی مامەڵەمان لەگەڵ ناردوون تاکو خەڵك داد بەرپا بکەن.

4- خوادی گەورە کەسانی دادپەروەری خۆش دەوێن، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾ المائدة. واتە: بێگومان خودای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێن.

5- بە دادپەروەری مرۆڤی موسڵمان لە تەقواداری نزیك دەبێتەوە.

هەروەکو خودای گەورە دەفەرویت: ﴿ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ﴾ المائدة. وا تە: دادپەروەر بن چونکە ئەو نزیکترین شتە بۆ تەقواداری.

6- دادپەروەری مرۆڤی موسڵمان ڕزگار دەکات لە ناخۆشیەکانی دوارۆژ.

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {وأما المنْجيات: فَالعدْلُ في الرِضا والغَضَب، وخَشيةُ الله تَعالَى في السِّرّ والعَلانية، والقَصْدُ في الفَقْر والغنى}[1]. وا تە: ئەوا نەی ما یەی ڕزگاربوونن سێ شتن: دادوەری لە کاتی ئا سایی و تووڕەییدا، لە خواترسان لە پەنهانی و ئاشکراییدا، و مامناوەندی لە بەخشیندا لە کاتی هەژاری و هەبوونیدا.

(1) أبو داود، الرقم(2719)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(1802).

7- دادپەروەری هۆکارێکە بۆ گیرابوونی نزاکان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ثَلاثَةٌ لا تُردُّ دَعْوتُهُم}. واتە: سێ کەس نزاکانیان ناگەڕێنەوە، جا یەکێك لەم سێ کەسانە فەرمووی: {الإمامَ العادلُ}[1]. واتە: پێشەوایەکی دادپەروەر.

8- دادپەروەری موسڵمان ڕزگار دەکات لە گەرمای دوارۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {سَبْعَةٌ يُظِلُّهُم اللَّهُ في ظِلّه، يومَ لا ظلَّ إلاّ ظلُّه}. واتە: حەوت چین هەنە خودای گەورە دەیان خاتە ژێر سێبەری خۆی، لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك نیە تەنها سێبەری ئەو نەبێت. جا یەکێك لەم حەوت چینانە، فەرمووی: {الإمام العَادلُ}[2]. واتە: پێشەوایەکی دادپەروەر.

9- لە ڕۆژی دواییدا مینبەری نور بۆ دادپەروەرانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ المُقْسِطينَ عِنْدَ اللهِ عَلى منابِرَ مِن نورٍ عَن يَمين عَرشِ الرَّحْمن}[3]. واتە: دادپەروەرەکان لە لایەن خودای گەورە لەسەر مینبەری نوورن لە لای ڕاستی عەرشی خودای گەورە.

(1) الترمذي، الرقم(3598)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه المنذري في الترغيب والترهيب، ج.2، ص.121.

(2) البخاري، الرقم(1423)، ومسلم(1031)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد والنسائي، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(1953).

چەند وتەیەکی زانایان لەسەر داد پەروەری

1- ابن القَیِّم(رحمه الله) دە فەرموێت: (أَصل كُلِ خيرٍ هُوَ العلمُ والعَدلُ، وأَصل كُلِ شَرٍ هو الجهل والظُّلْم)[1]. واتە: بنچینەی هەموو چاکەیێك دادپەروەری و زانستە، بنچینەی هەموو خراپەیێك نەفامی و ستەمە.

2- سَعیدی کوڕی سُوَید(رحمه الله) دە فەرموێت: عُمَری کوڕی سَعد(رحمه الله) فەرموویەتی: (إنَّ للإسلام حائطاً منيعا وباباً وَثيقاً، فَحائطُ الإسلام الحَقُّ وبابه العدْلُ)[2]. واتە: ئاینی ئسلام دیوارێکی قایم و دەرگا یەکی پتەوی هە یە، دیواری ئیسلام ڕەوایە و دەرگاکەشی دادپەروەریە.

3- ابن حَزْم(رحمه الله) دە فەرموێت: (أَفْضَلُ نعَم الله تَعالى عَلى المرْء: أَنْ يُطِيعَهُ عَلى العَدل وحُبِّه)[3]. واتە: گەورەترین نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودای گەورە بۆ موسڵمان ئەوە یە: گوێڕایەڵی خودا بکات لەسەر دادپەروەری و خۆشویستنی دادپەروەری.

4- کاتێك سەرکردەی فارسەکان ڕۆستەم پرسیار لە رَبعيّ کوڕی عامر(رضي الله عنه) دە کات: ئێوە بۆ چی هاتوون و چیتان دەوێ؟ فەرمووی: (الله ابتعثنا لنُخرِجَ من شاء من عبادة العباد إلى عبادة الله، ومن ضيق الدُّنيا إلى سعيها، ومن جور الأَديان إلى عَدل الإسلام)[4]. واتە: خودا ئێمەی ناردووە بۆ ئەوەی بە ئیزنی خودا بەندەکان دەربێنین لە بەندایەتی کردن بۆ بەندەکان بۆ بەندایەتی کردن بۆ خودای گەورە، و لە بەرتەنگی دونیا بۆ بەرفراوانی دونیا، و لە ستەمی ئاینەکان بەرەو داداپەروەری ئاینی ئیسلام.

---

(1) إغاثة اللهفان، ابن القيم، ج.2، ص.136.

(2) العقد الفريد، ابن عبد ربه، ج.1، ص.27.

(3) الاخلاق والسير، ابن حزم، ص.90.

(4) البداية والنهاية، ابن كثير، ط.1، ج.7، ص.32.

هەندێك لەو شتانەی داد پەروەری تێیدا پێویستە

1- لە حوکمڕانیدا. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ﴾ المائدة.

2- لە گوفتاردا. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا﴾ الأنعام.

3- لە نوو سینەوەی هەر گرێبە ستێکدا. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ﴾ البقرة.

4- لە وەکیلایەتیدا. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ﴾ البقرة.

5- دادپەروەری لە کێشان و پێواندا. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ الأنعام.

6- دادپەروەری لە سەرپەرشتی یەتیم . خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَأَن تَقُومُوا لِلْيَتَامَىٰ بِالْقِسْطِ﴾ النساء.

7- دادپەروەری لە نێوان هاوسەرەکاندا. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ النساء.

8- داد پەروەری لە نێوان دوو کەس یان دوو چین بۆ ئا شتەوایی. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الحجرات.

9- دادپەروەری لە شاهێدی دان. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ الطلاق.

10- دادپەروەری لە تۆڵەکردنەوەدا. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ البقرة .

11- دادپەروەری لە کاتی تووڕەیی و لەگەڵ ناحەزاندا. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا﴾ المائدة.

12- داد پەروەری لە نێوان مندا ڵەکانتان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {اعْدلوا بيْنَ أَولادكُمْ}[1].

13- دادپەروەری ئادەمیزاد لەگەڵ خودی خۆی. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَا يَمْشي أَحَدُكُمْ في نَعْلٍ واحدَة، ليُحْفهما جَميعًا، أَوْ ليُنْعلْهُما جَميعًا}[2]. وا تە: كەس لە ئێوە بە یەك لینگە نەعلێك نەڕوات، یان هەردووكیان دا كەنێت یان با هەردووكیان لە بەر بكات.

(1) البخاري، الرقم(2587)، ومسلم(1623)، عن نعمان بن بشير(رضي الله عنهما).

(2) البخاري، الرقم(5856)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند ڕووداوێك لەسەر داد پەروەری

دادپەروەری لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، کە لە هەموو کەس داد پەروەر تر بووە، خودای گەورە فەرمانی پێکردووە کە دادپەروەر بێت، دە فەرموێت: ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ۖ﴾ الشورى. واتە: من فەرمانم پێکراوە کە دادپەروەری بکەم لە نێوانتان.

1- دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دە فەرموێت: کاتێك ئافرەتێکی مەخزومی دزی کرد، قوڕەیش بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبن هەوڵیا ندا شتێك بکەن بۆ ئەوەی ئەم ئافرەتە لە دەستبڕین ڕزگاری ببێت، ویستیان داوا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکەن، بەڵام کەسیان بە بوێرتر نەدۆزیەوە بۆ ئەم مەبەستە جگە لە أُسامَةی کوڕی زَید(رضي الله عنهما) نەبێت، کە لەلا یەن پێغەمبەری خودا بە خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست ناودەبردرا، بەڵام کاتێك أُسامَة ئەم داوایەی پێگەیاند، پێغەمبەری خودا زۆر تووڕە بوو، فەرمووی: {أَتَشْفَعُ فِي حَدٍ مِنْ حُدودِ الله}. واتە: ئایە تۆ تکا دەکەی لە سنوورێك لە نوورەکانی خودا؟ مەبەست لە سنوور ئەو تاوانانەی حەددیان لە سەرە. پاشان فەرمووی: ئەوانەی پێش ئێوە کە لە ناوچوون بە هۆی ئەوەبوو هەرکات یەکێکی ڕێزدار دزی بکردایە ئەوا وازیان لێدەهێنا، بەڵام ئەگەر بێ دەستەڵاتێك بووا یە یا سایان لە سەر جێبەجێ دەکرد، پاشان فەرمووی: سوێند بە خودا ئەگەر فاطِمَةی کچی مُحَمَّد یش دزی بکاردایە دەستیم دەبڕی[1].

2- دادپەروەری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر هاوسەرەکانی.

پێغەمبەری خودا خاوەنی یازدە هاوسەر بوو، کاتێك کۆچی دوایی کرد نۆ هاوسەری لە دوای خۆی جێهێشتن، لە گەڵ ئەوە شدا بەو پەڕی داد پەروەری هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکردن. دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دە فەرموێت: هەموو ڕۆژێك یەك یەك هەموو هاوسەرەکانی بەسەردەکردەوە تا دەگەیشتە ماڵی ئەو هاوسەرەی کە نۆرە کەی دەبوو، ئەوکات لە ماڵی ئەو دەمایەوە[2].

---

(1) البخاري، الرقم(3475)، ومسلم(1688).

(2) أحمد، الرقم(24765)، وصححه الألباني في سنن أبي داود(2135).

هەروەها پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەر کات ویستبای بچێت بۆ سەفەرێك: تیروپشکی لە نێوان هاوسەرەکانی دەکرد، لە تیروپشکەکادا کامەیان ناوی دەرچووبا ئەوی لەگەڵ خۆی دەبرد[1].

3- دەربارەی دادپەروەری پێغەمبەری خودا(ﷺ).

هاوەڵی بەڕێز عبدالله کوڕی مَسعود(رضي الله عنه) نموونەیەکی زۆر جوان باس دە کات و دە فەرموێت: کاتێك لە ڕێگادا بەرەو شوێنی(بەدر) دەڕۆیشتن، بە هەر سێ کەس وشترێکیان بەردە کەوت بۆ سواری، لەوانە علی کوڕی أبو طالب و أبو لُبابَة(رضي الله عنهما) هاوڕێ بوون لەگەڵ پێغەمبەری خودا یەك وشتریان پێبوو، بە نۆرە سوار دە بوون، کاتێك نۆرەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تەواو بوو بۆ ئەوەی بە پێیان بڕوات، علی و أبو لُبابَة پێیان دەوت: تۆ سوار بە، ئێمە بە پیادەبین، بەڵام پێغەمبەر فەرمووی: {ما أَنْتما بأَقوى منِّي، وما أَنا بأَغْنى عَنِ الأَجْرِ منْكُما}[2]. واتە: ئێوە لە من بە هێزتر نین، و منیش لە ئێوە کەمتر پێویستم بە پاداشت نیە. ئەوەبوو پێشنیارەکەی ئەوانی ڕەدکردەوە.

4- دادپەروەری پێشەوا عُمر(رضي الله عنه).

جارێکیان لە(یەمەن) قوما شێکی زۆری بەدەست گەیشت، پێشەوا عُمر هەمووی بە یەکسانی دابەش کرد، کاتێك سەرکەوت بۆ سەر مینبەر و فەرمووی: ئەی خەڵکینە گوێبگرن و گوێڕایەڵ بن، لەو کاتەدا پیاوێك هەستا و وتی: نەخێر وا نابین، عُمر پێی وت: لەبەر چی؟ وتی: چونکە تۆ بۆ خۆت زیاترت لە ئێمە داناوە، عُمر پێی وت: بە چ شتێك؟ وتی: تۆ هەر یەکێك لە ئێمە پارچە قوماشێکت پێداوە، بەڵام لە بەر ئەوەی پیاوێکی باڵا بەرزی بۆیە بۆ خۆت زیاترت داناوە، لەو کاتەدا عُمر ئاوڕێکی دا یەوە لە عبدالله کوڕی و فەرمووی: ئەی عبدالله وەڵامی ئەو پیاوە بدەوە، عبدالله هەستا وتی: من بە شە قوما شی خۆمم پێداوە بۆ ئەوەی هی خۆی پێ تەواو بکات، ئەوجا پیاوە کە وتی: ئێستا بڵێ ئێمەش گوێڕایەڵ دەبین[3].

5- دادپەروەری پێشەوا عُمر(رضي الله عنه).

---

(1) أبو داود، الرقم(2138)، وابن ماجة(1970)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4661).

(2) رواه أحمد، وحسنه شعيب الأرناؤوط في تخريج المسند لشعيب(3901).

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.76.

جارێکیان کابرایەکی دەشتەکی لە ناکاو هاتە لای عُمر هەندێك مووی لە ناو شتێك کرد بوو فڕێیدایە پێش عُمر، ئەویش لێی پرسی: ئەمە چیە؟ وتی: أبو موسى ئەشعەری ئەمیرەکەمان مافی منی بە تەواوی نەدا، بۆیە منیش ئەوکەمە مافەی بە مندیابوو پێم دا یەوە، ئەویش لێم تووڕە بوو بیست قامچی لێدام و سەریشی لێ تراشیم، ئەمەش مووەکانی سەری منە، عُمر زۆر پێی خەفەتبار بوو، بۆیە پەیامێکی بۆ أبو موسی نارد: دەبێت لە پێش چاوی خەڵك ئەم پیاوە بیست قامچیت لێبدات و سەریشت بتراشێت. هەر کە پەیامەکەی پێ گەیشت لە بەر دەستی پیاوە کە دانیشت و داوای لێکرد کە دەبێت فەرمانی عُمر جێبەجێ بکەی، بەڵام پیاوەکە ئەوکات ئازادی کرد[1].

6- دادپەروەری پێشەوا عُمر(رضي الله عنه).

أنس(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێکیان پیاوێکی خەڵکی(میسر) هاتە لای پێشەوا عُمر و وتی: لەگەڵ کوڕی والیەکەمان کوڕی عەمری کوڕی عاص پێشبڕکێم کرد و لێیم بردەوە، لەسەر ئەوە لێیداوم و پێی وتم: من کوڕی دوو کەسی بەڕێزترینم، چۆن دەبێت لێم ببەیەوە؟. عُمر زۆر تووڕەبوو، بە دوای عەمر و کوڕەکەیدا نارد لە میسر، کە هاتن بۆ مەدینە، فەرمووی: کوا پیاوە میسریەکە؟ پێی وت: ئەم قامچیە بگرە، چۆن لێیداوی بە هەمان شێوە لێیدەوە. کاتێك لێیدەدا عُمر پێی دەوت: لێیدە لە کوڕی خراپەکان. أنس دەڵێت: سوێند بە خودا لێیدەدا و ئێمەش حەزمان دەکرد لێیبدات، تاوەکو ئەوە ندەی لێدا خۆزگەمان دەخواست چیتر لێی نەدات. پاشان عُمر پێی وت: لە باوکیشی بدە، گەنجەکە وتی: تەنها ئەو لە منی داوە ومنیش تۆڵەی خۆمم لێ کردەوە. ئەوجا پێشەوا عُمر بە عەمری کوڕی عاصی فەرموو: (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحراراً). واتە: لە کەی واتان لێهاتووە خەڵك بکەن بە کۆیلە لە کاتێکدا ئەوان بە ئازادی لە دایك بوون. پاشان عەمر وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران من ئاگاداری ئەمە نەبووم[2].

7- دادپەروەری پێشەوا عُثمانی کوڕی عَفّان(رضي الله عنه).

أبو الفُرات دەڵێت: پێشەوا عُثمان کۆیلە یەکی هەبوو، جارێکیان لێی تووڕەدەبێت و گوێی گرت، پاشان پەشێمان بوویەوە، بە کۆیلەکەی وت: دەبێت بە هەمان شێوە تۆش گوێی من بگریت و تۆڵەی خۆت لە من بکەوە، ئەویش بە ناچاری گوێی عُثمان دەگرێت.

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، یاسر عبدالرحمن، ج.2، ص.77.

(2) حیاة الصحابة، محمد یوسف الکاندهلوي، ج.2، ص.128.

هەڵبەتە ئەوکات خەلیفەبوو، پاشان عثمان پێی دەڵێت: پیاوی چاك دە مەوێت بە تو ندی بیگوشیت، بۆ ئەوەی هەر لە دونیا تۆڵەی خۆت بکەیەوە نەك لە دوارۆژدا[1].

8- دادپەروەری پێشەوا علی کوڕی أبو طالب(رضي الله عنه).

کاتێك علی بۆ(صَفين) چوو لەو کاتەدا زرێیەکی لیّ ون بوو، دوای نەمانی جەنگە کە و گەڕایەوە بۆ شاری کوفە، زرێیەکەی خۆی لە دەستی کابرایەکی جوولە کە بینییەوە، پ ێی وت: ئەمە هی منە، نە فرۆشتوومە و نە کردوومەتە دیاری بۆ هیچ کەس، کابرای جوولە کە وتی: ئەمە هی خۆ مە و دەیبینی لە لای خۆ مە، پێشەوای بڕواداران پ ێی وت: کەوا تە بابچینە لای شُرَیحی قازی، شُرَیح وتی: ئەمیری بڕواداران قسەی خۆت بکە، پێشەوا و تی: ئەم زرێیەی لای ئەم جوولەکەیە هی منە. شُرَیح بە جوولەکە کەی وت: تۆ چی دەڵێی؟ وتی: ئەمە هی خۆمە، شُرَیح وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران ئا یە تۆ بەڵگەت هە یە یاخود شاهێدت هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، دوو شاهێدم هە نە، ئەوانیش: قُنبَرة و حُسَین. شُرَیح وتی: بە داخەوە شاهێدی کوڕ بۆ باوك دە ست نادات، علی فەرمووی: ئا یە پیاو ێك کە ئەهلی بەهەشتە شاهێدی وەرناگیرێت؟ من لە پێغەمبەری خودام بیست(ﷺ) دەیفەرموو: {الحَسَنُ والحُسَين سَيِّدا شَباب أَهْلِ الجَنَّة}.

بە هەر حاڵ شُرَیح حەقە کەی دا بە جوولەکە کە. پا شان جوولەکە کە و تی: ئەمیری بڕواداران منی بردە لای قازی و قازیەکەش مافەکەی دایە من، من شاهێدی دەدەم ئە مە حەقە و راستیە، و زرێیەکەش هی پێشەوا علی بوو. پا شان و تی: (أَشْهَدُ أَنْ لا إله إلّا الله وأَنَّ مُحَمَّداً رسولُ الله). بە جوانی موسلمان بوو[2].

9- دادپەروەریَ مُعاذی کوڕی جَبَل(رضي الله عنه).

هاوەڵی بەڕێز خاوەنی دوو هاوسەر بوو، بە شێوەیەك دادپەروەری دەکرد لە نێوانیا ندا بۆ نموو نە: ئە گەر نۆرەی کام یان بوا یە، دەستنوێژی شی لە ماڵی ئەوە کەیتر نە دەشووشت. هەروەها کات ێك هەردوو هاو سەرەکەی بەیە کەوە کۆ چی دوایان کرد، بە هۆی ئەو نەخۆشیەی لە شام بڵاو ببوویەوە. ئەو کات لەبەر ئەوەی خەڵکێکی یەکجار زۆر مردن، بۆیە دوو مردوویان لە یەك گۆڕدا دەنا شتن، ئەوەبوو تەرمی هەردوو هاو سەری مُعاذ یان بە یەکەوە لە یەك گۆڕدا ناشتن، بەڵام بۆ ئەوەی ئایە کامەیان پێشی ئەوەیتر لە

---

(1) حياة الصحابة، محمد يوسف الكاندهلوي، ج.2، ص.135.

(2) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.4، ص.140.

گۆڕ بندرێت، چونکه له ئیسلامدا کامیان فه‌زلی زیاتره ئه‌ویان ده‌بێت پێش بخرێت، به‌ڵام دیاره ئه‌وان وه کو یه‌کتر بوون، بۆ یه مُعاذ بۆ ئه‌م مه‌به‌بسته هه ستا به ئه‌نجا مدانی تیروپشك له نێوانیان[1].

10− دادپه‌روه‌ری پێشه‌وا عُمری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله).

ده‌رباره‌ی دادپه‌روه‌ری عمری کوڕی عبدالعزیز، مالکی کوڕی دینار ده فه‌رموێت: له‌و کاته‌ی عُمر خیلافه‌تی گرته ده‌ست، شوانی مه‌ڕه‌کان له سه‌ر به‌رزی چیاکان ده یان وت: ده‌بێ چ پیاوێکی باش بووبێت به خه‌لیفه؟ پێیان وتن: ئێوه چۆن چۆنی ئه مه ده‌زانن؟ وتیان: هه‌رکات پیاوێکی باش و داد په‌روه‌ر ببێت به خه‌لیفه درِه نده‌کان په‌لاماری ئاژه‌ڵه‌کان ناده‌ن[2].

(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.1، ص.234.
(2) سيرة ومناقب عمر بن عبدالعزيز، ابن القيم، ص.87.

صلة الرحم

پەیوەندی خزمایەتی

پێناسەی پەیوەندی خزمایەتی

پێشەوا نوَوي(رحمه الله) دە فەرموێت: پەیوە ندی خزما یەتی چاكە كرد نە لە گەڵ خز مە نزیكەكان بە گوێرەی بارودۆخی لایەنەكان، جاری وا هە یە بە ماڵ و سامانە و جاری وا هەیە بە خزمەت كردنە و جاری وا هەیە بە سەردان و سەلام كردنە و جگە لە مانەش[1].

پێشەوا ا بن جَر یری تە بەری(رحمه الله) فەرموو یەتی: پەیوە ندی خزما یەتی بریتـ یە لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرك و مافا نەی خودای گەورە وا جیبی كردوون، بەو پەڕی سۆز و میهرەبای[2].

(1) شرح صحيح مسلم، النووي، ج.2، ص.201.

(2) جامع البيان، الطبري، ج.1، ص.440.

پلە و پایە و سوودەکانی پەیوەندی خزمایەتی لە( ) خاڵدا

1- پەیوەندی خزمایەتی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای میهرەبان فەرمووییەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلۡحِسَابِ۝٢١﴾ الرعد. واتە: ئەوانەش کە هەرچی خودا فەرمانی بە گەیاندنی داوە دەیگەیێنن وەکو پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی موسڵمانان و ڕاگرتنی ماف خەڵك، لە پەروەردگاریان دەترسن و ترسیان لە حیسابی دوارۆژ هەیە، هەروەها لە ئایەتێکیتردا فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا۝١﴾ النساء. واتە: لەو خودایە بترسن کە بە ناوی ئەووەوە لە ناو خۆتاندا داوای شت لە یەکتردەکەن دەڵێن: تو خوا فلان شتەم بدێ، هەروەها خزمایەتی ڕابگرن و مەیپچڕێنن، بێگومان خودا چاودێرە بەسەرتانەوە.

2- بەجێگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی نیشانەی بڕوایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن كان يؤْمنُ بالله واليَوم الآخرِ فَلْيَصل رَحمَهُ}[1]. واتە: هەر کەس بڕوای بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە با پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیەنێت.

3- پەیوەندی خزمایەتی هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { يا أيُّها النَّاس أفشوا السَّلامَ، وأطعموا الطَّعامَ، وصلوا الأرحامَ، وصلُّوا باللَّيلِ، والنَّاسُ نيامٌ، تدخلوا الجنَّةَ بسلامٍ}[2]. واتە: ئەی خەڵکینە سەلام لە یەکتری بکەن و خواردن بە یەکتر بدەن و پەیوەندی خزمایەتی ئەنجام بدەن و نوێژ بکەن لە شەودا لەو کاتەی خەڵك خەوتووە، دەچنە ناو بەهەشت بە سەلامەتی.

بە پێچەوانەوە فەرووییەتی: {لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ قاطعٌ}[3]. واتە: ناچێتە بەهەشت ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی پچراندووە.

4- پەیوەندی خزمایەتی بۆ تەمەن و ڕزق و ڕۆزی و بەرەکەتە.

---

(1) البخاري، الرقم(6136)، ومسلم(48)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(2648)، عن عبدالله بن سلام(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(3) البخاري، الرقم(5984)، ومسلم(2556)، عن جبير بن مطعم(رضي الله عنه).

پێغەمبـــەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {من أَحبَّ أن يبسطَ له في رزقِه، وينْسأَ له في أَثَرِه، فَلْيَصِلْ رَحمَه}[1]. واته: هەر کەسێك حەز بکات بەرەکەت لە ڕزق و ڕۆزیدا هەبێت و بەرەکەت لە تەمەنیدا هەبێت با پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیێنیت.

5- پەیوەندی خزمایەتی نزای خێر بۆ خاوەنەکەی دەکات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {الرَّحمُ معلَّقةٌ بالعرشِ تقولُ: من وصَلني وصلَه الله ومن قطعني قطعه الله}[2]. واته: پەیوەندی خزمایەتی بە عەرِ شەوە هەلْوا سراوە، دەلێت: هەر کەسێك من بگەیێنێت خودا چاکە و خێری پیێ بگەیێنیت، و هەر کەسێك من بپچڕێنێت خودا خێر و چاکەی لێ بپچڕێنێت.

6- بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی موسلْمان دوور دەبێت لە نەفرەتی خودا، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی نەفرەتی خودا بۆ بەندەکان بریتیە لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی. خودای بالادەست دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ٢٥﴾ الرعد. واته: ئەوانەیش کە پەیمانی خودا هەلْدەوەشێننەوە پاش بەستنی و ئەوەی خودا فەرمانی بە ڕاگرتنی کردووە ڕایناگرن و دەیپچڕێنن و خراپە دەکەن لە زەویدا بۆ ئەوانە هەیە نەفرین و سەرئەنجامی خراپ.

7- خودای گەورە یاریدەدەرە بۆ ئەوکەسەی پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەگەیێنێت.

أبو هُريرە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من خزمانێکم هەنە سەردانیان دەکەم بەلام ئەوان سەردانم ناکەن، من چاکەیان لەگەلْ دەکەم بەلام ئەوان خراپەم لەگەلْ دەکەن، من لەگەلْیان نەرم و نیانم کەچی ئەوان لەگەلْم توندڕەون، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرموو: {لَئن كُنْتَ كما قُلْتَ، فَكَأنَّما تُسفُّهُم الملَّ وَلَا يَزَالُ معكَ من الله ظَهيرٌ عليهم ما دُمْتَ علَى ذلكَ}[3]. واتە: ئەگەر تۆ بەم شێوەیە بیت کە دەیلێیی، ئەوا وەکو ئەوە وایە خۆلەمێشی گەرمیان بە ڕوخساردا بکەی، و بەردەوام یاریدەدەرت هەیە لە لایەن خوداوە تا ئەو کاتەی تۆ بەم شێوەبیت.

(1) البخاري، الرقم(5986)، ومسلم(2557)، عن أنس(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(2555)، عن عائشة(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(2558).

8- پەیوەندی خزمایەتی لە یەکێك لە ناوە کانی خودای گەورە وەرگیراوە، ئەویش ناوی(الرَّحمان)ە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {قال الله تبارك وتعالى: أنا الرَّحْمن خَلَقْتُ الرَّحمَ وشَقَقْتُ لَها اسْمًا من اسْمِي فَمنْ وصلَها وصلْتَه ومنْ قَطَعَها بتَتُّهُ}[1]. واتە: خودای گەورە دەفەرموێت: من(رَحمان)م ئەو خودایەی کە(رَحم)م درووست کردووە و لە ناوی خۆم وەرمگرتووە، هەر کەس بیگەیێنێت منیش دەیگەیێنمە بەزەیی خۆم، و هەرکەسێك بیپچڕێنێت منیش دەیپچڕێنم لە بەزەیی خۆم.

9- قبول بوونی کردەوە چاکەکان پەیوەستە بە پەیوەندی خزمایەتی.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {إنَّ أَعْمالَ بني آدمَ تُعرضُ كُلَّ خَميسٍ لَيلةَ الجمعةِ فَلا يقبلُ عَملُ قاطعِ رَحمٍ}[2]. واتە: بێگومان کردەوەکانی نەوەی ئادەم پیشان دەدرێن هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە کە شەوی هەینیە تەنها کردەوەی ئەو کەسە وەرناگیرێت کە پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندووە.

10- ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندووە سزاکەی هەر لە دونیادایە پێش دوارۆژ.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {ما من ذَنْبٍ أَجْدَرَ أَنْ يعجِّلَ الله تَعالى لصاحبه العقوبةَ في الدُّنيا، مع ما يدّخر له في الآخرة مِثْل البغْيِ وقَطيعةِ الرَّحم}[3]. واتە: هیچ تاوانێك نیە خودای گەورە خاوەنەکەی سزابدات لە دونیا لەگەڵ ئەوەشدا لە دوارۆژیش سزای بۆ هەیە بە ئەندازەی سزای تاوانی داوێن پیسی و پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

---

(1) أبو داود، الرقم(1694)، عن عبدالرحمن بن عوف(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) رواه أحمد، الرقم(10277)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب(2538).

(3) أبو داود، الرقم(4902)، وغيره، عن أبي بكرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی پەیوەندی خزمایەتی

1- یەكێك لە هاوەڵان بە ناوی أ بو أ یّوبی ئەنـ صاری(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دەفەرموێت: جارێكیان لە كاتی گەشتدا لە ناكاو كابرایەكی دەشتەكی بە زۆرەملێ خۆی گەیاندە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، هەوساری و شترەكەی گرت وتی: ئەی پێغەمبەری خودا دە مەوێت پێم بڵێی چ شتێك دەبێـتە ما یەی نز یك بوو نەوەم لە بەهەشت و دووركەوتنەوەم لە دۆزەخ؟ لەو كاتدا پێغەمبەری خودا لە شوێنی خۆی وەستا و سەیری هاوەڵانی كرد، پاشان فەرمووی: {لَقَد وُفِّقَ، أَوْ هُدِيَ}. واتە: بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ خێر سەركەوتوو بوو یان وتی: بەرەو خێر ڕینمایی كرا. بە پیاوە كەی فەرموو: ئەوە چیت وت؟، پیاوەكەش چەند جار ئەمەی دووبارە كردەوە، ئەوكات پێی فەرموو: {تَعبُدُ اللَّهَ لا تُشْرِكُ به شيئًا، وتُقيمُ الصَّلاةَ، وتُؤْتِي الزَّكاةَ، وتَصِلُ الرَّحِمَ، دَعِ النَّاقَةَ}[1]. وا تە: خودا بپەرستە و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدە بە هیچ شێوەیەك، نوێژ بكە، زەكات بدە، پەیوە ندی خزمایەتی پەیڕەو بكە، واز لە وشترەكە بێنە. واتە: وشترەكەم بەردە و بڕۆ.

2- هەڵوێستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ پەیوەندی خزمایەتی.

گومان لەوەدا نیە هیچ كەس بە ئەندازەی پێغەمبەری خودا پەیوەست نەبووە بۆ پەیوە ندی خزما یەتی، نەك دوای بوونی بە پێغەمبەر، بەڵكو پێش پێغەمبەرا یەتیش. ئەوەتا: كاتێك بۆ یەكەم جار وەحی بۆ دێت لە ئەشكەوتی(حِراء)، دوای ئەوەی بە ترس و لەرزەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ دایكی بڕواداران خَدیجَة ی هاوسەری دڵی دەدا تەوە پێی دەڵێت: (كَلَّا، واللَّه، لا يُخْزِيكَ اللَّهُ أبدًا). واتە: نەخێر، سوێند بە خودا، خودای گەورە تۆ شەرمەزار نا كات، لە پاشان چەند سیفەتێكی تری باس كرد یەكێك لەوانە فەرمووی: (إنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ)[2]. واتە: چونكە تۆ بەڕاستی پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەگەیێنیت.

3- پەیوەندی خزمایەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر بە عەبّاس ی مامی(رضي الله عنه).

لە جەنگی بەدر هەندێك كەس بە نا چاری لە گەڵ بێ بڕوا كان بە شداریان كرد بوو لەم جەنگەدا، یەكێك لەوا نە پێشەوا عەبّاس بوو. پێغەمبەری خودا ئەمەی زا نی، بۆیە بە

(1) البخاري، الرقم(5983)، ومسلم(13).

(2) البخاري، الرقم(6982)، عن عائشة(رضي الله عنها).

هاوەڵانی فەرموو: {مَنْ لَقِيَ مِنْكُمُ الْعَبَّاسَ فَلْيَكُفَّ عَنْهُ فَإِنَّهُ مُكْرَهٌ}. وا تە: هەر کە سێك لە ئێوە بە عَبّاس گەیشت با وازی لیّ بێنێت، چونکە ئەو نا چار کراوە بە شداربێت. دوای ئەوەی لە جەنگەکەدا مو سڵمانان سەرکەوتووبوون و حەفتا کەسیشیان بە دیل گرتن، عَبّاس یەکێك بوو لە دیلەکان، کەوتە دەست مو سڵمانەکان، کاتێك شەو دا هات هاوەڵان دیتیان پێغەمبەری خودا نە خەوتووە، لێیان پرسی: بۆ چی نە خەوتووی؟ فەرمووی: لەبەر نووزە ونالەی عباس نەخەوتووم. لەو کاتەدا پیاوێك چوو پێچەی دەستبە ستنی عَبّاس ی شل کردەوە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {ما لِي لا أَسْمَعُ أَنِينَ العَبّاسِ؟}. وا تە: چۆنە من نووزە و نالەی عَبّاس نابیستم. پیاوێك وتی: من کەمێك دەست بە ستنەکەم شل کردەوە. پێغەمبەری خودا فەرمووی: {فَافْعَلْ ذلكَ بالأَسْرى كُلِّهِمْ}[1]. وا تە: ئەم شتە لەگەڵ هەمووان بکە.

4- پیاوێکی(الخَثْعَمي) دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێکیان چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ)، لەو کاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانیدا وەستا بوو، پێم وت: مەگەر تۆ ئەو کەسە نیت وا دەزانی پێغەمبەری خودای؟ پێی وتم: بەڵێ. پێم وت: کەوا بێت ئەی پێغەمبەری خودا ئایە خۆشەویستترین کردەوە لە لای خودا کامەیە؟ فەرمووی: {الإِيمانُ باللهِ}. وا تە: بڕوا بوون بە الله. وتم: ئەدی دوای ئەو؟ فەرمووی: {صِلَةُ الرَّحِمِ}. وا تە: پەیوە ندی خزما یەتی. وتم: ئەدی دوای ئەو؟ فەرمووی: {الأَمْرُ بالمَعْرُوفِ والنَّهْيِ عَنِ المُنْكَرِ}. واتە: فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە. وتم: ئەدی خراپترین شت کە خودا ڕقی لێیەتی؟ فەرمووی: {الإِشْراكُ باللهِ}. واتە: بڕیاردانی هاوبەش بۆ الله. وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئەدی پاش ئە مە؟ فەرمووی: {ثُمَّ قَطِيعَةُ الرَّحِمِ}. وا تە: پچڕاندنی پەیوە ندی خزما یەتی. وتم: ئەدی دوای ئە مە؟ فەرمووی: {ثُمَّ الأَمْرُ بالمُنْكَرِ والنَّهْيِ عَنِ المَعْرُوفِ}[2]. واتە: فەرمان بە خراپە و ڕێگریکردن لە چاکە.

(1) من أخلاق الرسول، محمد عبدالعاطي بحيري، ص.463.
(2) رواه أبو يعلى، الرقم(6839)، وحسنه المنذري في الترغيب والترهيب(3700).

چاکە کردن لەگەل دایک و باب
پلە و پایە و سوودەکانی لە( ) خاڵدا

1- چاکبوون لەگەڵ دایك و باب بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًا﴾ النساء. وا تە: لە گەڵ دا يك و باوكتان چاك بن.

2- لەبەر پلە و پایەی دایك و باوك دوای فەرمانكردن بە بەندا یەتی بۆ خودا فەرمان دەكات بە چاك بوون لەگەڵ دایك و باوك، خودای گەورە دە فەرموێت: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا﴾ النساء. وا تە: بەس الله بپەرستن و هیچ شتیك مەكەن بە هاوبەشی ئەو، و لەگەڵ دایك و باوكان چاك بن.

3- نابێت بچووكترین وشەی بێزاركەر بەرامبەر دایك و بابتان بوترێت، بە تا یەبت لە كاتی بەساڵا چوونیان.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِمَّا يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ﴾ الإسراء. واتە: ئەگەر یەكێكیان دایك و باوك یان هەردووكیان لە لای تۆ پیر بوون نەكەی قسەی ناخۆشیان پێ بڵێی، تەنانەت وشەی(ئۆف) یش بەكار مەهێنە.

4- نابێت هاوار بكرێت بەسەریاندا، بەڵكو دەبێت بە قسەی نەرم و ڕێزدار لە گەڵیان بدوێن و دەبێت بەردەوام نزای خێریان بۆ بكەین.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا ٢٣ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا﴾ الإسراء. واتە: تێیان مەخوڕەوە، بەڵكو بە قسەی نەرم و ڕێزدار لە گەڵیان بدوێ، و باڵی خۆ بە كەم زانینیان بۆ ڕاخە لە میهرەبانی، و بڵێ: ئەی پەروەردگارم بەزەییت پێیان بێتەوە دا يك و باوكم هەروەكو چۆن منیان پەروەردە كرد بە بچووكی.

5- چاكە لەگەڵ دایك و باب بەجێگەیاندنی وەسیەتی خودایە.

دەفەرموێت: ﴿وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًاۖ﴾ الأحقاف. واتە: ئێمە وە صیەتی مرۆڤمان كردووە بە چاكەكاری لەگەڵ دایك و باب.

6- خودای گەورە فەرمانی کردووە لە دوای سوپاسی خۆی دەبێت سوپا سی دا یك و باوك بکەی، فەرموویەتی: ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِي وَلِوَٰلِدَيْكَ﴾ لقمان. واتە: سوپاسی من بکە و سوپاسی دایك و بابت بکە.

7- دایك و باوك ئەگەر بێ بڕواش بن، هەر دەبێت چاکەیان لەگەڵ بکرێت.

خودای گەورە دەربارەی دایك وباوکی بێ بڕوا فەرموو یەتی: ﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ لقمان. واتە: لە دونیادا زۆر بە چاکی هاوڕێیەتیان بکە.

8- ڕەزامەندی خودا لە ڕەزامەندی دایك و باوك دایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {رضى الله في رضى الوالدين، وسخطُ الله في سَخط الوالدينِ}[1]. وا تە: ڕەزامە ندی خودا لە ڕەزامە ندی دا یك و باوك دا یە، تووڕە بوونی خوداش لە تووڕەبوونی دایك و باوك دایە.

9- یەکێك لە خۆشەویستترین کردەوەکان لای خودا چاکە کردنە لەگەڵ دایك و باوك.

عبدالله کوڕی مەسعود(رضي الله عنه) دە فەرموێت: لە پێغەمبەری خودام پرسی(ﷺ): ئا یە خۆشەویستترین کردەوە لە لای خودا کامە یە؟ فەرمووی: {الصَّلاةُ علَى وقْتها}. واتە: ئەنجامدانی نوێژ لە کاتی خۆی. وتم ئەدی دوای ئە مە؟، فەرمووی: {برُّ الوالدَيْنِ}. واتە: چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك. وتم ئەدی دوای ئە مە؟ فەرمووی: {الجهادُ في سَبيلِ اللَّهِ}[2]. واتە: تێکۆشان لە پێناو خودا.

10- چاکە لەگەڵ دایك وباوك هۆکاری چوونەبەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {رَغِم أنفُ، ثُمَّ رَغِم أنفُ، ثُمَّ رَغِم أنْفُ، قيلَ: مَنْ؟ يا رَسولَ الله، قالَ: مَن أدْرَكَ أبَوَيْه عِنْدَ الكِبَرِ-أحَدَهُما أوْ كِلَيْهِما- فَلَمْ يَدْخُلِ الجَنَّةَ}[3]. وا تە: لووتی لەخۆڵدا بچێت، لووتی لە خۆڵدا بچێت، لووتی لە خۆڵدا بچێت مەبەست لەم ڕستەیە: نزا کردنە، واتە: ڕیسوابێت، وتیان: کێ؟ ئەی پێغەمبەری خودا. فەرمووی: هەر کەسێك دایك و باوکی لە لابن لە کاتی بەساڵاچووندا یان یەکێکیان کەچی وانەکات بە هۆی ئەوانەوە بچێتە بەهەشت.

(1) الترمذي، الرقم(1899)، وابن حبان(429)، وغيرهما، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه ابن حبان في بلوغ المرام(434).
(2) البخاري، الرقم(336)، ومسلم(85).
(3) المسلم، الرقم(2551)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

له فەرموودە یەکی تردا: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە(جاهمة) دە فەرموێت له کاتێکدا ڕاوێژی بە پەیغەمبەر دەکرد بچێت بۆ جەنگ: {هَل لَكَ من أُمٍّ؟}. واتە: ئایە دایکت هەیە؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: {فَالْزِمها، فَإنَّ الجَنَّةَ تَحْتَ رِجْلَيْها}[1]. واتە: برۆ خزمەتی بکە، چونکە بێگومان بەهەشت له ژێر پێیەکانیەتی.

11- چاکە کردن له گەڵ دا یك و باب تاوا نەکان ناهێڵێت. عبدالله کوڕی عُمر دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: تووشی تاوانێکی گەورە هاتووم، ئایە بۆم هەیە تەوبە بکەم؟ پێغەمبەر فەرمووی: {هَل لَكَ من أُمٍّ؟}. واتە: ئایە دایکت هەیە؟ مەبەست لەم پرسیارە ئەوەیە: ئایە له ژیاندا ماوە. وتی: نەخێر. پێی فەرموو: {هَل لَكَ من خالَةٍ؟}. واتە: ئایە خوشکی دایت هەیە؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: {فبرَّها}[2]. واتە: چاکەی لەگەڵ بکە.

12 – چاکە کردن لەگەڵ دایك و باب پاداشتەکەی وەکو پاداشتی جیهادە.

عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص دە فەرموێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای مۆڵەتی لێ کرد بۆ جیهاد کردن، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {أَحَيٌّ والِداكَ؟ قالَ: نَعم، قالَ: ففيهما فَجاهِد}[3]. واتە: دایك و باوکت زیندوون؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: بە هۆی ئەوان پاداشتی جیهاد کردنبەدەست بێنە.

13- دەربارەی پلە و پایەی دایك، پیاوێك له پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەپرسێت: ئایە کێ له هەموو کەس شایستەترە بە چاکەکردن لەگەڵی؟ فەرموو: {أُمُّك}. واتە: دایکت. پیاوەکە سێ جار ئەو پرسیارەی کرد، پێغەمبەریش هەمان وەڵامی دایەوە، له جاری چوارەمدا فەرمووی: {أَبوكَ}[4]. واتە: باوکت.

14- نزای دایك و باوك گەڕاندنەوەی نیە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ثَلاثُ دَعَواتٍ يُسْتَجابُ لَهُنَّ لا شَكَّ فيهنَّ: دَعْوةُ المَظلومِ ودَعْوةُ المُسافِرِ ودَعْوةُ الوالدِ لِوَلَدِه}[5]. واتە: سێ دوعا وەڵام دەدرێنەوە و گومانی تێدا نیە: دوعای ستەم لێکراو و دوعای گەشتیار و دوعای باوك بۆ منداڵەکەی.

---

(1) النسائي، الرقم(3104)، عن معاوية بن جاهمة السلمي(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في سنن النسائي.

(2) الترمذي، الرقم(1904)، وغيره، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) البخاري، الرقم(3004)، ومسلم(2549).

(4) البخاري، الرقم(5971)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) الترمذي، الرقم(1905)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، صححه الألباني في سنن الترمذي.

15– دوعای منداڵی باش لە دوای مردنیش بە دایك و باوك دەگات.

پێغەمبەر باسی سێ شت دەكات دوای مردنیش ناپچڕێن، جا یەكێك لەوانە فەرمووی: {أَوْ وَلَد صالحٍ يَدْعُو لَهُ}[1]. واتە: یان منداڵێكی باش دوعای بۆ دایك و باوكی بكات.

16– چاكبوون لەگەڵ دایك و باب پاداشتەكەی وەكو پاداشتی ئەو كەسەیە لە پێناو خودا كۆچ بكات.

عبداللە ی كوڕی عەمرو دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: هاتووم پەیمانت پێ بدەم لەسەر كۆچ كردن، بەڵام دایك و باوكم بە گریانەوە بەجێهێشتوون، پێغەمبەر فەرمووی: {ارجعْ إليهما، فأضحكْهُما كما أبكيتَهما}[2]. واتە: بگەڕێوە لایان، چۆن ئەوانت گریاند ئاواش بە پێكەنینیان بێنە.

17– موسڵمان دەبێت لەگەڵ خۆشەویستانی دایك و باوكیش چاكەكار بێت.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: {إنَّ أَبرَّ البِرِّ: صِلَةُ الوَلَدِ أَهلَ ودِّ أبيه}[3]. واتە: باشترین چاكەكاری: پەیوەندی كۆمەڵایەتی منداڵە لەگەڵ خۆشەویستانی باوكی.

18– چاكە كردن لەگەڵ دایك و باب مایەی ڕزگاربوونە لە تەنگانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی ئەو سێ كەسە دەكات كە دەرگای ئەشكەوتیان بەسەردا داخرا بەهۆی بەردێكی گەورە، هەر یەكێك لەبەر خاتری چاكەیەكیان داوا لە خودا دەكەن، جا یەكێك لەوان دەڵێت: خودایە من دایك و باوكێكی بەتەمەنم هەبوون، هەموو جار پێش منداڵ و هاوسەرەكەم سەرەتا شیرم دەدا بەوان، بەڵام شەوێكیان خەوتبوون دڵم نەهێشت بە خەبەریان بێنم تا بەیانی شیرەكەم بەدەستەوە بوو، ئەگەر ئەو كارەم بۆ تۆ كردووە لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بكە. ئیتر بەردەكە لادەچێت و ڕزگاریان دەبێت[4].

19– لەبەر پێ لە و پایەی باوك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {لا يَجزي ولدٌ والدَه، إلا أنْ يجدَه مملوكًا فيشتريَه فيعتِقَه}[5]. واتە: هیچ منداڵێك ناتوانێت پادا شتی باوكی خۆی بداتەوە، مەگەر بە كۆیلەیی بیدۆزێتەوە ئینجا بیكڕێتەوە پاشان ئازادی بكات.

---

(1) المسلم، الرقم(1631)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) أبو داود، الرقم(2528)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(3) المسلم، الرقم(2552)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

(4) المسلم، الرقم(2743)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

(5) أبو داود، الرقم(5137)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

چەند وتەیەكی هاوەڵان و پیاوچاكان دەربارەی چاكە كردن لەگەڵ دایك و باب

1- ع بدالله ی كوڕی عَ بّاس(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: سێ شت لە سێ ئایە تدا پەیوە ستن بە یەكتر هیچ یەكێك لەوا نە وەرناگیر ێت بە بێ ئەوەیتر، خودای گەروە فەرموویەتی: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ النساء. كەسێك گوێڕایەڵی خودا بكات بەڵام گوێڕایەڵی پێغەمبەركەی نەكات ئەوا گوێڕا یەڵی خودای لێی وەرناگیر ێت، دووەم: دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ المزمل. كەسێك نوێژ بكات بەڵا زە كات نەدات نوێژەكە شی وەرناگیر ێت. سێ یەم: دە فەمروێت: ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ﴾لقمان. كەسێك سوپاسی خودا بكات بەڵام سوپا سی دا یك و باوكی خۆی نەكات ئەوا سوپاسی خودای لێ وەرناگیرێت[1].

2- شیخ حَسَن ی بەصری(رحمه الله) دەفەرموێت: (ما يعدلُ برَّ الوالدَين شَيء من التَّطَوُّعِ، لا حجٌّ ولا جِهادَ)[2]. واتە: هیچ شتێك هاوتای چاكەكردن لە گەڵ دا یك و باوك ناكرێت لە شتە سوننەتەكان تەنانەت حەج و جیهادیش.

3- سُفیانی كوڕی عُیَینَة(رحمه الله) دە فەرمێت: (من دعا لوالدَيه في أَدبارِ الصَّلَواتِ الخمس، فَقَدْ شكَرَ والِدَيه)[3]. واتە: هەر كەسێك دوعا بكات بۆ دایك و باوكی خۆی لە دوای پێنج نوێژەكان ئەوا بێگوان سوپاسی دایك و باوكی كردووە.

4- عبدالله ی كوڕی مُبارك(رحمه الله) دەفەرموێت: (لو كُنت مغتابا أحداً؛ لَاغتَبت والدَيَّ، لأَنَّهما أَحقُّ بحسناتي)[4]. واتە: ئەگەر من غەیبەتكار بام ئەوا غەیبەتی دا یك و باوكی خۆم دەكرد، چونكە ئەوان بۆ چاكەكانم لە هەموو كەس شایستەترن.

5- ع بدالله ی كوڕی عَ بّاس فەرموو یەتی: (لا أَعلَم عملاً أَقْرب إلى الله عزَّ وجلَّ من بر الوالدَة)[5]. واتە: وانازانم كردەوەیەك هەبێت نزیكتر بێت لە خودای گەورە لە چاكە كردن لەگەڵ دایك و باوك.

---

(1) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.26.
(2) المصدر السابق، ص.36.
(3) فتح الباري، العسقلاني، ج.2، ص.10.
(4) شرح صحيح البخاري، ابن بطال، ج.9، ص.245.
(5) صحيح الأدب المفرد، الألباني، ص.35، الرقم(6).

چەند نموونە و ڕووداوێك لەسەر چاكەكاری لەگەڵ دایك و باوك

1- دایكی بڕواداران عائشة فەرموو یەتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {نِمتُ فرأيتني في الجنَّة، فسمعتُ صوتَ قارئٍ يقرأُ، فقُلتُ: من هذا؟ فقالوا: هذا حارثةُ بن النُّعمان}. فقال رسولُ الله(ﷺ): { كذلك البرُّ! كذلك البرُّ! وكان أبرَّ النَّاس بأُمّه}[1]. واتە: جارێكیان خەوتم لە خەودا لە ناو بەهەشتدا بووم، گوێم لە دەنگی قورئان خوێنێك بوو قورئانی دەخوێند، وتم: ئەمەكێ یە؟ وتیان ئەمە حارثەی كوڕی نعمانە، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئا ئەمەیە چاكە ئا ئەمەیە چاكە ئەو باشترین كەس بووە بۆ دایكی.

2- جارێكیان پیاوێك بە علی كوڕی حَسَنی كوڕی علی كوڕی أبو طالبی(رضي الله عنهم) وت: ئێمە زانیومانە تۆ لە هەموو كەس چاكتری لەگەڵ دایكت، تۆ بۆچی لەگەڵ دایكت لە یەك قاپدا خواردن ناخۆی؟ وتی: دەترسم دەستم پێش دەستی ئەو بكەوێت بۆ خواردنێك كە ئەو چاوی لە سەر بێت، ئەمەش ببێتە هۆی ئازار پێگەیشتنی بە هۆی من[2].

3- گێڕدراوەتەوە لە عبدالله كوڕی عُمر: ڕۆژێكیان لە شاری مەدینە لەگەڵ خەڵكێكی زۆر بەڕێ كەوتبوون بەرەو شاری مەككەی پیرۆز، لە ڕێگادا گەیشتن بە پیاوێكی دەشتەكی، عبدالله سەلامی لێكرد و لە ولاغەكەی دا بەزی، پیاوەكەی سوار كرد و مێزەرەكەی سەری خۆی پێدا. ابن دینار(رحمه الله) دەڵێت پێمان وت: خودا بتبوورێت عبدالله، ئەوانە پێ پەتین، ئەوان بە شتی كەمیش ڕازی دەبن. عبدالله فەرمووی: بۆیە ئەوەم كرد چونكە باوكی ئەم پیاوە لە لای باوكم زۆر خۆشەویست بوو، منیش گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: {إنَّ أَبرَّ البِرِّ: صِلَةُ الوَلَد أَهْل ودّ أَبيه}[3] . واتە: بێگومان باشترین چاكەكاری: پەیوەندی كۆمەڵایەتی مندالە لەگەڵ خۆشەویستانی باوكی.

4- أبو هُرَيرَةَ(رضي الله عنه) یەكێك بووە لەوانەی دایكی خۆی زۆر خۆش دەویست، بەڵام بڕوای نەهێنابوو، دەڵێت: جارێكیان داوام لێكرد كە موسڵمان ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە قسەی نەكردم قسەیەكی ناخۆشی كرد بەرامبەر بە پێغەمبەر، منیش زۆر

---

(1) رواه أحمد، الرقم(23961)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(913).

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.30.

(3) المسلم، الرقم(2552)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

خەمبار بووم، بە گریانەوە چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەمەم بۆ باس کرد پاشان پێم وت دوعای هیدایەتی بۆ بکە. ئەوەبوو دوعای بۆ کرد، فەرمووی: {اللهُمَّ اهْدِ أُمَّ أَبِي هريرة}. واتە: خودایە هیدایەتی دایکی أ بو هُرَیرَة بدە. دەڵێت: بە دڵخۆشیەوە گەڕامەوە بۆ ئەوەی مزگێنی ئەو دوعایەی پیٚ بڵێم، هەر کە گەیشتمە پێش دەرگا بانگی کردم لە شوێنی خۆت بە، گوێم لە دەنگی ئاو بوو خۆی دە شووشت، پا شان بە پە لە خۆی پێچا و هات دەرگاکەی کردەوە و وتی: (أ شْهَدُ أنْ لا إِله إلا اللهُ وَ أ شْهَدُ أنَّ مُحَمَّداً رَسولُ اللهِ، أ بو هُرَیرَة) دەڵێت: ئەم جارە یان لە خۆشیان دەگریام و چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا، وتم: مژدە بێت خودای گەورە دوعا کەتی گیرا کرد و هیدایەتی دایکمی کرد. ئیتر پێغەمبەر سوپاسی خودای کرد و فەرمووی: ئەمە زۆر باشە، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا نزا بکە من و دایکم خۆشەویست بین لە لای بە ندە بڕوادارە کانی خودا و ئەوانیش لە لای ئێمە خۆشەویست بن، پێغەمبەر فەرمووی: {اللَّهُمَّ حَبِّبْ عُبَيْدَكَ هذا -يَعْنِي أَبَا هريرةوأُمَّهُ- إلى عِبَادِكَ المُؤْمِنِينَ، وَحَبِّبْ إِلَيْهِم المُؤْمِنِينَ}[1]. وا تە: خودا یە ئەم بەندە یەی خۆت لە گەڵ دایکی خۆشەویست بکەی لە لای بە ندە بڕوادارەکا نت و بڕوادارانیش خۆشەویست بکەی لە لای هەردووکیان. دەڵێت: دوای ئەم دوعا یە هەموو منیان خۆشدەویست.

5- پێشەوا محمدی کوڕی مُنْکَدر(رحمه الله) یەکێکە لە تابیعینەکان، هەروەها کوڕی خاڵی عائشة ی دایکی بڕوادارانە(رضي الله عنه).

ڕوومەتی خۆی لەسەر زەوی دادەنا، پاشان بە دایکی دەوت: قومی، (ضَعي قَدَمَك علَى خدَّيَّ)[2]. واتە: هەڵستە، قاچەکانت بخەرە سەر ڕوومەتم.

6- سَعیدی کوڕی سُفیانی سەوری(رحمه الله) دە فەرموێت: هەر جارێك باوکم بانگی کردبم، وەڵا مم داوە تەوە، تەنا نەت ئە گەر لە ناو نوێژی سوننەتیش بووما یە، وازم لە نوێژەکە هێناوە بۆ وەڵامدانەوەی[3].

7- کاتێك زا نا و خوانا سی سەردەمی خۆی إِیاس ی کوڕی مُعاویة(رحمه الله) دایکی دەمرێت، دەست دەکات بە گریان، لێیان پرسی: بۆ چی دەگریت؟ فەرمووی: تا ئێستا

(1) المسلم، الرقم(2491).
(2) الطبقات الکبری، ابن سعد، ص.191.
(3) مکارم الأخلاق، ابن أبي الدنیا، ص.64.

دوو دەرگای کراوەم هەبوون بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام ئێستا دەبینم یەکێکیانم لە سەر داخرا[1].

8- طَلْق ی کوڕی حَبیب(رحمه الله) یەکێك لە تابیعین بوو، زوو زوو سەری دایکی ماچ دە کرد، هەرگیز لە سەربانی خانووە کەیان نەدەڕۆیی شت، ئە گەر بیزانیا دای کی لە خوارەوەیە، وەکو ڕێزێك بۆ دایکی[2].

9- ابنُ عَونة(رحمه الله) ئەوندە لەگەڵ دایك و باوکی باش بووە، جارێکیان دایکی بانگی دەکات، دەڵێت: منیش وەڵاممدا یەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی دەنگم بە سەر دەنگی ئەو بەرزتر بوو، لە تۆڵەی ئەوە دوو کۆیلەم ئازاد کرد[3].

10- هەڵوێستی جوان و مەردا نەی إسماعیل لە گەڵ إ براهیم ی باوکی کاتێك لە خەونێکدا خودا فەرمان دەکات بە إبراهیم بە سەربڕینی إسماعیل، إسماعیل نەی وت: جا من توانام نیە و چۆن شتی وا دەبێت و لەبەر چی، چۆن وەڵامی دایکم دەدەیتەوە؟ یان هێشتا گەنجم و هیچ دونیام نەبینیوە یان لەوانە یە وا نەبێت، نەخێر، بەڵکو وتی: ﴿يَـٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّـٰبِرِينَ١٠٢﴾ الصافات. واتە: باوکە گیان ئەوەی فەرمانت پێکراوە بیکە، دڵنیا بە دەمبینیت بە ویستی خودا لە خۆڕاگران دەبم.

11- مامۆستا مەلا أحمدی شەریعە دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: برادەرێك پێی وتم: برایەکم نەخۆش کەوت، نەخۆشیەکەشی بریتی بوو لە تەقینی دەمارە کانی خوێن بەر و خوێن هێنەر، دوای نەبوونی چارە سەرلێرە برد مان بۆ(تەهران)، بەڵام لەوێش پزیشکەکان زۆر بێ هیوا یان کردین، وتیان: ئە مە چارە سەری نیە بۆیە بیبەنەوە، چاوەڕێی بکەن تا دەمرێت، لەو کاتەدا نەخۆشەکە بە برای دەڵێت: تەنها یەك داوام هەیە، با بە هیچ شێوەیەك دایك و باوکم ئە مە نەزانن، بۆ ئەوەی دڵیان تەنگ نەبێت و خەم نەخۆن بە هۆی منەوە. ئیتر، هەر کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بە دایك و باوکی دەڵێت: سوپاس بۆ خودا لەوێ چارە سەر هەبوو، ئێستاش زۆر باشم، بە ڕوو خۆشی خۆی ئامادە دەکات، دەڵێن: ئەوە بەتەمای چی؟ لە وەڵامدا تەنها بۆ ئەوەی بڕوای پێ

(1) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.9، ص.369.

(2) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.36.

(3) المصدر السابق.

بکەن دەڵێت: دەچم بۆ تۆبانە. ئیتر دەڕوات بۆ تۆپا نە لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی، دوای گەڕانەوەی لە یاریەکە بۆ ماڵ هە ست بە تەندروو ستی باش دە کات، دوای ئەنجا مدانی پشکنین، پێی دەڵێن نەخۆشیەکەت نەماوە[1].

12- جارێکیان هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دوو پیاوی دیتن بە یە کەوە، لە یەکێکیانی پرسی: ئەمە چی تۆیە؟ وتی: ئەمە باوکمە. أ بو هُرَ يرَة پ ێی وت: هەرکیز بە ناوی خۆی بانگی مەکە و لە پێشی مەڕۆ و لە پێش ئەو دامەنیشە[2].

(1) پایزە برا، مەلا أحمدی شەریعە، ص.105.

(2) البخاري في الأدب المفرد، ج.1، ص.30.

پله و پایەی یەتیم و چاکە لەگەڵ یەتیم لە(ﷺ) خاڵدا

1- پێغەمبەری خودا محمد(ﷺ) یەتیم بوو.

خودای گەورە دەربارەی ئەو فەرموو یەتی: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ﴿٦﴾﴾ الضحى.

واتە: ئایە خودا تۆی بە یەتیمی نەبینیوە، ئەوسا جێی بۆ کردیەوە؟.

2- لەبەر پلە و پایەی یەتیم خودای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر دەکات کە هەرگیز منداڵی یەتیم نەچەوسێنێتەوە، دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ﴿٩﴾﴾ الضحى. واتە: هەر چی کە یەتیم نەیچەوسێنیتەوە.

3- بێ ڕێزی بەرامبەر بە یەتیم لە سیفەتی بێ بڕواکانە. خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ﴿٢﴾﴾ الماعون. واتە: تۆ ئەو کابرایەت دیوە کە بڕوای بە ڕۆژی پاداشت و دوارۆژ نیە؟ ئەو ئەو کەسەیە کە پاڵ بە یەتیمەوە دەنێت و لە خۆی دوور دەخاتەوە کاتێك دێت داوای یارمەتی لێ دەکات.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كَلَّا ۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ﴿١٧﴾﴾ الفجر. واتە: نەخێر، ئەو کەسانە ڕێزی یەتیم ناگرن.

4- لەبەر پلە و پایەی یەتیم خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴿١٥٢﴾﴾ الأنعام. واتە: نزیکی ماڵی یەتیم مەبنەوە مەگەر بە چاکترین شێوە نەبێت.

نەك ئەوندە بەڵکو لە ئایەتێکیتردا هەڕەشەیەکی زۆر توند دەکات بە سزایەکی زۆر سەخت بۆ ئەوکەسانەی بە ناڕەوا ماڵی یەتیم دەخۆن، فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا﴿١٠﴾﴾ النساء. واتە: بێگومان ئەوانەی بە ناڕوایی ماڵی یەتیمان دەخۆن تەنها ئاگرێکە دەیخۆن ئەوماڵە دەبێتە ئاگر لە ناو سکیاندا، دەچنە ناو ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی دواییدا.

5- خودای گەورە فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە لەگەڵ یەتیمان دادپەروەر بن، فەرموویەتی: ﴿وَأَن تَقُومُوا۟ لِلْيَتَٰمَىٰ بِٱلْقِسْطِ ۚ﴿١٢٧﴾﴾ النساء.

6- یەکێك لەو کارا نەی ما یەی ڕزگاربوو نە لە ناخۆ شیەکان بریتیە لە چاکە کردن لەگەڵ یەتیمی خزم، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ﴾ البلد. واتە: بە تایبەت ئەو یەتیمەی خزمایەتی هەیە.

7- خواردەمەنی دان بە یەتیمان یەکێکە لە سیفەتی پیاو چاکان و ئەهلی بەهەشت، خودای گەروە فەرمووویەتی: ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا﴾ الإنسان. واتە: لە خۆشەویستی خودا و لە پێناو ئەودا خواردەمەنی دەدەن بە هەژار و یەتیم و دیل.

8- یەتیم یەکێکە لەوانەی خودای گەورە بەشێکی تایبەت و دیاری کراوی لە غەنیمەت بۆی دیار کردووە، هەر چەند بە هیچ شێوەیەك بەشداری لە جەنگ نەکردبێت، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ الأنفال. واتە: بزانن هەرچیتان بە دەستکەوت لە جەنگی بێ بڕواکان ئەوا یەك لەسەر پێنجی بۆ خودا و پێغەمبەر و خزمان و یەتیمان و هەژاران و ڕێبوارانە.

9- لە دوای فەرمان کردن بە بەندایەتی کردن تەنها بۆ خودای گەورە یەکێك لەوا نەی خودای گەورە فەرمانی کردووە چاکەکار بن لە گەڵیان بریتین لە یەتیمەکان، فەرموویەتی: ﴿۞ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ۖ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ﴾ النساء. واتە: پەرستش بۆ خودا بکەن و هیچ هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن و لەگەڵ دایك و باوکتان چاك بن لەگەڵ خزمانی نزیکتان و یەتیمانیش.

10- چاکە لەگەڵ یەتیم دڵ نەرم دەکات.

أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پیاوێك سکاڵای دڵڕەقی خۆی لە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد، ئەویش فەرمووی:{أطعمِ المسكينَ وامسحْ رأسَ اليتيمِ}[1]. واتە: خواردن بدە بە هەژار و دەست بێنە بە سەر سەری یەتیم.

11- لەبەر پلە و پایەی یەتیم خودای گەورە یەکێك لە بەندە چاکەکانی خۆی کە ناسراوە بە(خضر) لەگەڵ یەکێك لە پێغەمبەرە مەزنەکان کە موسایە(عليه السلام) موسەخەر دەکات بۆ ئەوەی مەسافەیەکی یەکجار زۆر لە بیابان و دەریا ببڕن تا دەگەنە شارێك،

(1) الطبراني، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب، الرقم(2545).

لەوێ خانووێکی کەلاوەی لێیە و لە ژێر خانووە کە گەنجینە یەك هەبوو هی دوو مندالّی یەتیم بوو، لە بابیان بۆیان بەجێ مابوو بۆ ئەوەی گەنجینە کە لە دوارِۆژ بە دەستیان بگاتەوە و بە فیرِۆ نەرِوات، دیوارەکە رِێك دەخەنەوە، خودای بالآدەست فەرمووی‌ەتی:

﴿وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴿٨٢﴾﴾ الكهف.

واتە: دیوارەکەش، هی دوو مندالّی یەتیمی شارۆچکەکە بوون، لە ژێریدا گەنجینە یەك زێر و زیویان هەبوو، باوکی ئەو دوو مندالّەش خواناس و چاك بوو، پەروەردگارت ویستی کاتێك گەنجینە کەیان دەست دەکەوێت کە گەورە و بەهێز بوون ئەوسا دەری بهێنن، ئەمەش وەکو رەحمەتێك لە لایەن پەروەردگارتە.

12– بەخێوکەری یەتیم لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە رِۆژی دوایی.

پێغەمبەر فەرموویەتی: {أنا وكافل اليتيم هكذا}[1]. واتە: من و ئەو کەسەی کەفالەتی یەتیم دەکات ئاواین. ئاماژەی بە هەردوو پەنجەکانی شەهادە و ناوەرِاست کرد.

13– لەبەر پلە و پایەی یەتیم خواردنی مالّی یەتیم بە نارِەوا یەکێکە لەو حەفت تاوانە گەورانەی ئادەمیزاد بە هیلاك دەبات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی کردووە بە خۆپاراستن لەو حەفت تاوانە، جا یەکێك لەوانە بریتیە لە: {أكل مال اليتيم}[2]. واتە: خواردنی مالّی یەتیم.

14– لەبەر پلە و پایەی یەتیم پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {اللهمَّ إنِّي أحرِّج حقَّ الضَّعيفين: اليتيم، والمرأة}[3]. واتە: خودایە من بە توندی پێداگری دەکەم بۆ مافی هەردوو لاوازەکان: یەتیم و ئافرەت.

---

(1) البخاري، الرقم(6005)، عن سهل بن سعد(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(6857)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(6857)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی پلە و پایەی یەتیم

1– عبدالله ی کوڕی عَبّاس دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: کاتێك ئا یەتی: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ الأنعام. دا بەزی لە گەڵ ئا یەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا﴾ النساء. خەڵك بە گشتی لە ماڵ و حاڵی یەتیمە کان دووركەوتنەوە بە شێوەیەك بوو لە سەر موسڵمانان زۆر ئە ستەم بوو، بۆ یە شەکوای خۆیان بردە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەو کات خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێت: ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ﴾ البقرة. واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی یەتیمان، بڵێ: چاکسازی و پەروەردەکردنیان لە هەموو شت چاکترە، خۆ ئەگەر تێکەڵاوی بکەن لەگەڵیان و بیانهێنە ماڵتان ئەوان براتانن.

2– زَیْنَب ی هاو سەری عبدالله ی کوڕی مسعود(رضي الله عنهما) یەکێك بوو لەو ئافرەتا نەی یار مەتی مندا ڵە یەتیمە کانی دەدا و خز مەتی دە کردن، دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودام بینی(ﷺ) لە مزگەوت ئامۆژگاری ئافرەتانی دەکرد، دەیفەرموو: {تَصدَّقنَ ولَو من حليكُنَّ}. واتە: ئەی ئافرەتان ببەخشن ئەگەر لە خشڵ و زێڕەکە شتان بێت. لە بەر ئەوەی زَیْنَب یارمەتی یەتیمە کان و هەم یارمەتی هاوسەریشی دەدا، بۆیە بە عبدالله ی وت: سەبارەت بەو بەخشینەم بۆ تۆ و یەتیمە کان بڕۆ پرسیار لە پێغەمبەری خودا بکە: ئایە درووستە و بە خێر دە چێت یان نا؟ عبدالله فەرمووی: بەڵکو بە خۆت بڕۆ. ئیتر زَیْنَب دەڵێت: چووم بۆ خزمەت پێغەمبەری خودا، ئافرەتێکی پشتیوانانم بینی لە پێش دەرگای ماڵی پێغەمبەر بوو، ئەویش هەمان پرسیاری هەبوو، دەڵێت: شەرممان دەکرد بچینە خزمەتی، لەوکاتەدا بِلال هات و پێمان وت: تۆ لەجیاتی ئێمە بڕۆ لای پێغەمبەری خودا پرسیاری لێ بکە، بەڵام پێی مەڵێ کە ئێمە کێین، دوای ئەوە بِلال چووە خزمەت پێغەمبەری خودا پرسیارەکەی ئاراستە کرد، فەرمووی: ئافرەتەکان کێن؟، وتی: ئافرەتێکی پشتیوانانە لەگەل زَینب. فەرمووی: کامە زَینب؟، بِلال وتی: هاوسەری عبدالله کوڕی مسعود. پێغەمبەری خودا فەرمووی:

{لهما أجْران: أجْرُ القَرابَة، وأَجْرُ الصَّدَقَة}[1]. وا ته: بۆ یان هه یه دوو پادا شت: پادا شتی خزامایه‌تی، وپاداشتی خێر و به‌خشین.

3- حاجی حه‌مه ڕه‌زا ئه‌م ڕووداوه دگێڕێته‌وه ده‌ڵێت: له سه‌رده‌می گرا نی گه‌وره له گونده که‌مان گو ندی(کوڕه‌داوێ)ی شاربازێڕ، چه‌نده‌ها پ یاوی گه‌وره و به شان و شه‌وکه‌تم ده‌بینی له بر سان ده مردن، یه‌کێك له‌و پیاوا نه‌ی که مردنه که‌ی بووه هۆی نیگه‌رانی هه‌موان، پیاوێك بوو له دوای خۆی پێنج م ندالّی به یه‌تیمی به‌جێهێ شت، نه‌ك بۆ ئه‌و به‌ڵکو له‌به‌ر منداڵه‌کان نیگه‌ران بووین، داماذ نابوو هه‌موویان له به‌ر چاومان بمرن هیچیشمان له ده‌ست نایه‌ت بۆیان، به‌و هۆیه‌وه ڕ ه‌نگه خوداش لێمان تووڕه‌ب ێت، به هه‌ر حاڵ له برسان خه‌ڵك به‌ته‌واوی توا نای گۆڕ هه‌ڵکه‌ندنی شی نه‌بوو، هه‌ر چۆنێك ب ێت به ئه ندازه‌ی دوو سێ ب ست قه‌برێکمان بۆ ئه‌و پ یاوه هه‌ڵکه ند و نا شتمان، زۆر یش بۆ یه‌تیمه‌کان گریاین، هه‌مان شه‌و له خه‌ودا له ماڵی یه‌تیمه‌کان ڕۆناک یه‌کم بینی ده‌روو ژۆری ده‌کرد، خ ێرا خۆم گه‌یا نده لای، که به په یژه‌دا سه‌رکه‌وتم، بی نیم پ یاوێکی زۆر نوورانی و جوان له ماڵه‌که‌دا ده‌هاتوو و ده‌چوو، ڕوناکیه‌که‌ش هه‌ر هی ئه‌و بوو، هیچ چرا و ئاگری لێ نه‌بوو، خ ێرا سه‌لامم لێ کرد و تم: تۆ ک ێی؟ فه‌رموی: من پێغه‌م به‌ری خودام وتم: تۆ بۆ چی هاتووی بۆ ئ ێره؟ فه‌رمووی: هاتووم بۆ سه‌رپه‌ر شتی ئه‌م یه‌تیمانه، بۆ؟ ئێوه واتان ده‌زانی که‌س نیه سه‌رپه‌شتیان بکات؟.

ئینجا حاجی حه‌مه ڕ ه‌زا ده‌ڵێت: دوای ئه‌وه ده‌یان پیاو و ژن و منداڵم بینی له برسان مردن، به‌ڵام ئه‌و پێنج منداڵه یه‌تیمه ڕزگاریان بوو له گرانی، و که‌سیان لێ نه‌مرد[2].

---

(1) البخاري، الرقم(1466)، ومسلم(1000).

(2) پایزه برا، مه‌لا أحمدی شه‌ریعه، ج.1، ص.108.

دراوسێ

پلە و پایە و سوودەکانی چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ لە( ) خاڵدا

1- چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

هەروەکو دە فەرموێت: ﴿وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ﴾ النساء. واتە: چاك بن لەگەڵ دراوسێی خزم و دراوسێی بێگا نە یان دوور و دراوسێی سەفەر.

2- چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ و ڕێزگرتنی نیشانەی بڕوایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَنْ كانَ يُؤْمِنُ بالله واليَومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جارَهُ}[1].

واتە: هەر کەسێك بڕوای بە خودا و دوارۆژ هەبێت با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت.

3- چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ سیفەت و نیشانەی موسڵمانانە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {وأَحْسِنْ مُجاوَرَةَ مَنْ جاوَرَكَ تَكُنْ مُسْلِماً}[2]. وا تە: لەگەڵ ئەو کەسەی دەبیتە دراوسێت چاکەکار بە دەبیتە موسڵمان.

4- چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ وەسیەتی جبریلە(عليه السلام).

پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما زالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بالجارِ، حتَّى ظَنَنْتُ أنَّه سَيُوَرِّثُهُ}[3]. واتە: بەردەوام جبریل وەسیەتی دەکردم بە چاکە کردن لە گەڵ دراو سێ تا گومانم کرد کە دراوسێ میرات لە دراوسێ دەگرێتەوە.

5- هەر لەبەر پلە و پایەی دراو سێ پێغەم بەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ما آمَنَ بِي مَنْ باتَ شَبْعانَ وجارُهُ جائِعٌ إلَى جَنْبِهِ وهُوَ يَعْلَمُ بِهِ}[4]. واتە: بڕوای تەواوی بە من نەهێناوە ئەو کەسەی شەو بە تێری ببا تە سەر و دراوسێیەکە شی لە تەنیشتی برسی بێت و لە هەمان کاتدا پێی ئاگادار بێت.

6- چاکەکاری لەگەڵ دراوسێ بەرەکەتە بۆ تەمەنی موسڵمان.

---

(1) البخاري، الرقم(6018)، ومسلم(47)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(2305)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(4580).

(3) البخاري، الرقم(6014)، ومسلم(2625)، عن ابن عمر(رضي الله عنهما).

(4) الطبراني، الرقم(754)، وغيره، عن أنس(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(5505).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌ەتی: {صِلَةُ الرَّحِمِ، وَحسن الخُلُق وحَسْنُ الجوار، يُعمِّران الدِّيار، ويزيدان في الأَعْمار}[1]. وا تە: پەیوە ندی خزما یەتی و ڕەو شت جوانی و چاکە کردن لەگەڵ دراوسیّ ماڵەکان ئاوەدان دەکەنەوە و تەمەن درێژ دەکەن.

7- لەبەر گەورەیی پلە و پایەی دراوسیّ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی‌ەتی: {واللَّهَ لا يُؤْمِنُ، واللَّهَ لا يُؤْمِنُ، واللَّهَ لا يُؤْمِنُ}، قيلَ: مَن يا رَسولَ اللَّهِ؟ قالَ: {الذي لا يأْمَنُ جارُه بوايِقَهُ}[2]. واتە: سوێند بە الله بڕوای تەواو نابێت سوێند بە الله بڕوای تەواو نابێت سوێند بە الله بڕوای تەواو نابێت، وتیان: کێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی دراوسێیەکەی تەئمین نیە لە خراپە و ئازاری.

8- چاکبوون لەگەڵ دراوسیّ هۆکاری چوونە بەهەشتە.

أبو هُرَيرَة دەفەرمویێت: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فلان ئافرەت زۆر نوێژ و ڕۆژوو و چاکە دەکات، بەڵام بە زمانی خۆی دراوسێیەکان ئازار دەدات، پێغەمبەر فەرمووی: □ئەو لە ئاگردا یە□. پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا دەڵێن: فلانە ئافرەتیش نوێژ و ڕۆژوو و چاکەی کەمە، جاری وا هەیە هەندێك کەشك دەبەخشێت، بەڵام بە زمان دراوسێیەکانی ئازار نادات، فەرمووی: □ئەو ئافرەتە لە بەهەشتە□[3].

9- نابێت بە چاوێکی کەم سەیری دراوسیّ و شتومەك و یارمەتیەکانی بکرێت، هەر چەندە شتەکەش کەم یان بچووك بێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: { يا نساءَ المُسْلمات، لا تَحْقِرَنَّ جارةٌ لجارَتِها، ولو فِرْسَنَ شاةٍ}[4]. واتە: ئەی ئافرەتە موسڵمانەکان با هیچ ئافرەتێك بە چاوی کەم سەیری دیاری و بەخششی دراوسێیەکەی نەکات، ئەگەر ئێسقانە مەڕێکی بێ گۆشتیش بێت.

10- باشترین کەس لەلای خودا ئەو کەسەیە کە بۆ دراوسێیەکەی باشە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {خَيْرُ الجيران عِنْدَ الله تعالى خَيْرُهُمْ لجاره}[5]. وا تە: باشترین دراوسیّ لای خودای گەورە باشترینیانە بۆ دراوسێیەکەی.

11- هاوکاری دراوسیّ وەسیەتی پێغەمبەری خودایە(ﷺ).

---

(1) رواه أحمد، الرقم(25259)، وغيره، عن عائشة(رضي الله عنها)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(519).

(2) البخاري، الرقم(6016)، عن أبي شريح العدوي(رضي الله عنه).

(3) رواه أحمد، الرقم(9675)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(2560).

(4) البخاري، الرقم(2566)، ومسلم(1030)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(5) رواه الترمذي(1944)، وأحمد(6566)، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3029).

أبو ذَرى غيفارى(رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەرى خودا فەرمووى: {يا أَبا ذَرّ إذا طَبَخْتَ مرقَةً، فأكْثِرْ ماءها، وتعاهَدْ جيرانَكَ}[1]. واتە: ئەى أبو ذر ئەگەر گۆ شتاوت يان هەر شلەمەنيەكتَ لێنا ئاوە كەى زۆر بكە و بە شى دراوسێكانت بدە و بێ بە شيان مەكە.

12- دراوسێ ى باش مايەى بەختەوەريە بۆ دراوسێ.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموويەتى: {أربعٌ من السَّعادة: المرأةُ الصَّالحةُ والمسكَنُ الواسعُ والجار الصَّالِحَ والمركَب الهنيء}[2]. واتە: چوار شت مايەى بەختەوەرين: ئافرەتى باش و خانوێكى فراوان و دراوسێيەكى باش و پێڕۆيەكى خۆش و باش.

13- خراپەكردن لەگەڵ دراوسێ، لەگەڵ كەسێكيش دراوسێت نەبێت جياوازى زۆرە.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموويەتى: {ما تقولون في الزِّنا؟} قالوا: حرامٌ حرَّمه الله ورسولُه فهو حرامٌ إلى يوم القيامة قال: فقال رسولُ الله(ﷺ): {لأن يزني الرَّجلُ بعشر نسوة أيسرُ عليه من أن يزني بامرَأة جارِهَ}، قال: {ما تقولون في السَّرِقة؟}، قالوا: حرَّمها اللهُ ورَسولُه فهي حرام، قال: {لأنَ يسرقَ الرَّجلُ من عشرة أبيات أيسرُ عليه من أن يسرقَ من جاره}[3]. واتە: چى دەڵێن لە بارەى زينا؟ وتيان: خودا و پێغەمبەرەكەى قەدەغەيان كردووە تا ڕۆژى زيندووبوونەوەش هەر قەدەغەكراوە، فەرمووى: ئەگەر پياو زينا لەگەڵ دە ئافرەت بكات سادەترە لەوەى زينا لە گەڵ هاوسەرى دراوسێيەكەى بكات، فەرمووى: ئەدى دەربارەى دزى چى دەڵێن؟ وتيان: خوداى گەورە و پێغەمبەرەكەى قەدەغەيان كردووە تا ڕۆژى زيندووبوونەوەش قەدەغەكراوە، فەرمووى: ئەگەر پياو دزى لە دە ماڵ بكات سادەترە لەوەى دزى لە دراوسێيەكەى بكات.

14- ئارام گرتن لەگەڵ دراوسێى خراپ هۆكارى خۆشەويستى خودايە بۆ بەندەكەى.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) باسى سێ كەسى كردووە كە لە لاى خودا خۆشەويستن جا يەكێك لەوان، دە فەرموێت: {ورجل يكونُ لَهُ جار، يُؤذيه جارُهُ فَيصبر على أذاهُ حتَّى يفرقَ بينَهما موتٌ أو ظَعنٌ}[4]. واتە: پياوێكە دووچارى ئازار دەبێت بە هۆى دراوسێيەكەى،

(1) المسلم، الرقم(2625).
(2) رواه أحمد، الرقم(15409)، عن نافع بن الحارث(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3029).
(3) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(103)، وغيره، عن مقداد بن أسود(رضي الله عنه).
(4) رواه أحمد، الرقم(21378)، وغيره، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(3074).

بەڵام ئارام دەگرێت لە سەر ئازارە كانی تا ئەو كا تەی مردن یان باركردن لەو شوێنە لەیەكیان جیادەكاتەوە.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی دراوسێ

1- دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دە فەرموێت: (حدُّ الجوارِ أَرْبعونَ داراً من كُلِّ جانِب)[1]. واتە: سنووری دراوسێیەتی بە دراوسێ هەژمار بکرێت چل خانووە لە هەموو لایێکەوە.

2- پێشەوا علی(رضي الله عنه) فەرموو یەتی: (مَنْ سَمَعَ النّداءَ فَهُوَ جارٌ)[2]. وا تە: هەر کەسێك گوێی لە بانگ بێت ئەوە بە دراوسێ هەژمار دەکرێت.

3- هەندێك لە زانا یان دە لێن: خەڵکی گەڕەکێك یان شارێك هەموویان بە دراوسێ هەژمار دەکرێن، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿۞لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٠﴾﴾ الأحزاب. واتە: ئەگەر واز نەهێنن دووڕووەکان و ئەوا نەی کە دڵیان نەخۆ شی تێدایە و ئەوانەی کە فیتنەچین لە شاری مەدینە، ئەوا ئێمە تۆ هان دەدە ین بە جەنگ کردن لە دژیان، پاشان ماوەیەکی کەم نەبێت لە(مەدینە) دراوسێت نابن[3].

4- کابرا یەك دراو سێیەکی خرا پی هەبوو، سکاڵای خۆی لای ع بدالله ی کوڕی مسعود(رضي الله عنه) کرد، ع بدالله پ ێی فەرموو: (إِذْهَبْ فَإِنْ هُوَ عَصَى الله فيكَ فأَطِعِ الله فيه)[4]. واتە: بڕۆ ئەگەر ئەو بەرامبەر تۆ بێ فەرمانی خودای کرد تۆ گوێڕایەڵی خودا بکە سەبارەت بە ئەو.

5- لُقْمان ی حَکیم(عليه السلام) بە کوڕە کەی دەوت: (حَمَلْت الجَنْدَلَ والحديدَ فَلَم أَرَ شَيئاً أَثْقَل مِن جارِ سَوءٍ)[5]. وا تە: شتی زۆر گەورە و گران و ئا سنم هەڵگرتووە، بەڵام شتێکم نەبینیوە گرانتر بێت لە دراوسێی خراپ.

---

(1) فتح الباري، ابن الحجر، ط 3، ج.10، ص.549.
(2) المصدر السابق.
(3) الجامع لأحكام القرآن، القرطبي، ج.5، ص.190.
(4) ندائات الرسول لأصحابه، محمد عبدالعاطي بحيري، ج.1، ص.402.
(5) بحار الأنوار، محمد باقر المجلسي، ج.13، ص.421.

چەند بەسەر هاتێك لەسەر دراوسێ

1- أ بو هُرَ يرَة(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوه دە فەرموێت: جارێك یان پیاو ێك ها تە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) سکاڵای بارودۆخە خراپەکەی خۆی کرد لە بەر دراوسێیەکەی، پێغەمبەری خودا پێی فەرموو: {إِذْهَبْ فَاصْبِرْ}. واتە: برۆ ئارام بگرە. بەڵام دوای ئەوە کابرا دوو سێ جاریتر هاتەوە لای پێغەمبەری خودا، ئەوجا پـێی فەرموو: {اذهَب فاطرَح متاعَكَ في الطَّرِيقِ}. واتە: برۆ کەل وپەلی ناو ماڵت فڕێدە ناوەڕاستی ڕێگا. ئیتر پیاوە کە شتومەکی خۆی فڕێدایە سەر ڕێگا، دوای ئەوە خەڵك ئە مەیان بینی و لێیان پرسی بۆ وات کردووە؟ پیاوە کە دە یوت: لە بەر دراو سێیەکەم. ئیتر خەڵکە کە نەفرەتیان لە دراوسێیە خراپە کە دە کرد، و بەجۆرەها شێوە نزا یان لێ دە کرد، ئەوەبوو دراو سێیە خراپە کە پە شێمان بوو یەوە ها تە لای پیاوە کە پـێی وت: بگەڕێوە بارمە کە، لە مەودوا هەرگیز شتێك لە من نابینی مایەی نیگەرانی بێت(1).

2- عبدالله ی کوڕی مُبارَك(رحمه الله) دراوسێیەکی جوولەکەی هەبوو، هەموو جار پێش مندا ڵەکانی خۆی جل و بەرگ و خواردنی پـێدەدان، خەڵك بە جوولەکە کەیان دەوت: خانووەکەتمان پێ بفرۆشە، دەیوت: ئاخر نرخەکەی دوو هەزار دینارە، هەزار دینار نرخی خۆیەتی و هەزاریش نرخی دراو سێیەتی ع بدالله ی کوڕی مُ بارَك، کاتێك ع بدالله ئە مەی زانی، دوعای هیدایەتی بۆ کرد و خودا هیدایەتیدا و موسڵمان بوو(2).

3- پێ شەوا أ بو حَنیـ فة(رحمه الله) لە شاری کو فە دراو سێیەکی هەبوو، شەوان بە خواردنی گۆشت و وتنی گۆرانی و بە مەستی شەوی بەسەر دەبرد، أبو حَنیفة ش بە ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو و شەوانیش شەونوێژی دەکرد، شەوێکیان هەستی کرد دەنگی گۆرانی لە ماڵی دراوسێیەکەی نایێت، شەوی دووەم و سێیەمیش بە هەمان شێوە، بۆیە زا نی شتێك ڕوو یداوە، کاتێك پر سیاری کرد وتیان: لەلا یەن ئاسایـشی شارەکە دە ستگیرکراوە، ئەوەبوو أبو حَنیفة دوای نوێژی بەیانی سواری ئەسپەکەی خۆی بوو بەرەو ماڵی ئەمیری شاری کوفە چوو، کاتێك گەیشت داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی کرد، کاتێك ئەمیر زا نی أبو حَنیفة هاتووە، فەرمانی کرد بێتە ژوورەوە لە ئەسپەکە شی دانە بەزێ، ئیتر ئەمیر هات و بەوپەڕی ڕێزەوە لێی پرسی بۆچی هاتووی؟ فەرمووی: دراو سێیەکی سەرخۆ شم

---

(1) أبو داود، الرقم(5153)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) صحيح قصص الرسول، سعد يوسف محمود أبو عزيز، ج.3 ص.51.

هەیە لەلای ئێوە دەستگیر کراوە دەمەوێت ئازادی بکەن، ئەوەبوو ئەمیر بڕیاریدا: ئەوەی لەگەڵ ئەویشدا دەستگیرکراوە هەموویان ئازاد بکەن لە بەر خاتری پێشەوا أبو حَنیفة. پا شان گەڕا یەوە، کابرای سەرخۆ شیش تەو بەی کرد و لەدوای پێشەوا أبو حنیفة دەڕۆیشت و دوعای بۆ دەکرد و دەیوت: خودا پاداشتی چاکی دراوسێیەتیت بداتەوە[1].

4- سَهْلی کوڕی عبدالله ی توستوری(رحمه الله) جیرانێکی ئاگرپەرستی هەبوو، لە کاتی سەرەمەرگدا سَهْل بانگی ئاگرپەرستەکەی کرد بۆ ماڵی خۆی پێی وت: سەیری ئەم شوێنە بکە ئاگرپەرستەکە سەیری کرد بینی زبڵدانێکی لێیە، وتی: ئەمە چیە؟ سَهْل وتی: یەك ساڵە ئەمە لە خانووی ئێوە دەکەوێتە خوار بۆ ناو ماڵمان، منیش ئەم زبڵدانەم داناوە هەر کات پڕ دەبێت، دەیبەم لە دەرەوە بەتاڵی دەکەم، پا شان لە هەمان شوێن دایدەنێمەوە، ئاگرپەرستەکە وتی: ئەی بۆ تا ئێستا ئەمەت بە ئێمە نەوتووە؟ سَهْل فەرمووی: نەم ویست نیگەرانتان بکەم، ئەگەر مردنم نزیك نەبوایە و لە هەمان کات لەوانەیە مندا ڵەکانم وەکو من نەبن لە ئارامگرتن ئێستاش پێم نەدەوتی. ئیتر ئاگرپەرستەکە دەستی کرد بە گریان وتی: شاهێدی دەدەم تۆ لە دۆستانی خودای چۆن ماوەی یەك ساڵە تۆ بەم شێوەیە بووی و منیش لەسەر گومڕایی و بێ بڕوایی ژیاوم. بە سَهْلی وت: دەستت بێنە دەستی لە ناو دەستی سَهْل ناو شایەتمانی هێنا، پا شان سَهْل کۆچی دوایی کرد. کابراش تا لە ژیاندا مابوو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئاینی ئیسلام[2].

5- شُرَیْح ی قازی(رحمه الله) ئەوەندە پێداگری دەکرد لە سەر پارا ستنی مافی دراوسێیەکانی و ئازارنەدانیان بە شێوەیەك ئەگەر پشیلەیەکیان بمردایە هیچ شوێنێکی بە گونجاو نەدەزانی لێی فڕە بدات، جا بۆ ئەوەی دراوسێیەکانی دووچاری ئازار نەبن لە ناو ماڵی خۆی قۆرتێکی لێدەدا و دەیناشت[3].

6- عَمّاری کوڕی زاذان(رحمه الله) دەفەرموێت: کَهْمَس ی کوڕی حَسَن دەیفەرموو: ئەی باوکی سَلَمَة بەهۆی تاوانێك ماوەی چل ساڵە دەگریم، وتم: چ تاوانێك بوو؟ وتی: جارێکیان برایەك سەردانی کردم، منیش ماسیەکم کڕی و بۆم ئامادە کرد، دوای خواردنی ماسیەکە بۆ نەهێشتنی بۆن و پاك کردنەوەی دەستەکانم، هەندێك قوڕم لە دیواری

(1) الإمام أبو حنيفة النعمان، د. مصطفى الشكعة، ص.98.

(2) صحيح قصص الرسول، سعد يوسف محمود أبو عزيز، ج.3، ص.52.

(3) موسوعة الأخلاق الإسسلامية، مجموعة من الباحثين باشراف علوي بن عبدالقادر السقاف، ج.3، ص.366.

دراوسێیەکم هێنا و بە کارم هێنا، ماوەی چل ساڵە دەگریم و دەڵێم: چۆن بە بێ مۆڵەتی ئەوان ئەم کارەم کرد؟[1].

7- هاوڕێیەکم بە ناوی(سَعید أحمد) پیاوێکی زۆر باشە، هەر لە بەر ئە مەش نا سراوە بە مەلا سعید، خۆی بۆ منی گێڕاوە، وتی: ساڵی(2011) بە ماڵەوە چووینە کۆمەڵگای دارەتوو لە هەولێر. ڕۆژێکیان بەهۆی مندالێکی بچووکم یەکێك لە دراوسێیەکانم مام حاجی یەکی بە تەمەن بوو زۆر نیگەران ببوو زۆر قسەی ناخۆش و ڕەقی لە گەڵ هاوسەرەکەم کرد بوو، یەکێگ لە قسە ناخۆشەکانی وتبوی: دەبێت لێرە بار بکەن، ئیتر من لە ماڵ نەبووم، کە هاتمەوە چوومە ماڵیان سەلامم کرد وتم: مام حاجی لە قسان تۆ بە هۆی مندالی من نیگەران بووی، ئەمڕۆ من بۆ ئەوە هاتووم داوای لێبووردن بکەم لە جەنابتان، ئێمە دراوسێی یەکترین بۆیە مندالەکانم حەدیان نیە تۆ نێگەران بکەن، مندالی من وەکو مندالی خۆتن، ئەگەر هەر کارێکی نا پەسەندت لێیان بینی لێیان بدە و ئامۆژگاریان بکە، وتی: بینیم لەگەڵ قسەکانم مام حاجی زۆر هەستی بە شەرمەزاری و خەجاڵەتی دەکرد. ئیتر مام حاجی زۆر دڵخۆش بوو لە دوای ئەوە بوو بە باشترین دراوسێ بۆمان هەتا لەوێ بووین[2].

8- أبو جَهْم ی عەدوی خانووەکەی خۆی بە سەد هەزار دیرهەم فرۆشت، پاشان فەرمووی: من دراوسێیەکەشم دەفرۆشم، وتیان: جا چۆن دراوسێ دەفرۆشرێت؟ وتی: کە وابێت خانووەکەم بدەنەوە پارەکەشتان وەرگرنەوە، من هەرگیز بە بەلاش کەسێك جێناهێڵم هەر کات دانیشم یان دیار نەبم لێم دەپرسی، هەر کاتێکیش بمبینێت بە خێرهاتن و پێشوازیم لێ دەکات، و ئەگەر لە ماڵ نەبم یان لەلای نەبم پارێزگاریم لێ دەکات، و ئەگەر لە لای ئامادەبم هەردەم دڵخۆشم دەکات و داوای هەر شتێکی لێ بکەم بۆم جێبەجێ دەکات و ئەگەر داواشی لێ نەکەم هەر بۆم جێبەجێ دەکات و هەر گرفتێکم هەبێت بۆم چارەسەر دەکات، دراوسێیەکەشی بریتی بوو لە هاوەڵی بەڕێز سَعیدی عاص(رضي الله عنه). ئیتر کاتێك سَعید دەزانێت کە أبو جَهْم پێویستی بە پارەیە، بۆیە خانووەکەی دەفرۆشێت، ئەوەبوو پارەکەی بۆ دابین کرد کە سەد هەزار دیرهەم بوو[3].

---

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.3، ص.212.

(2) نووسەر.

(3) وفيات الأعيان، ابن خلكان، ج.2، ص.536.

الحجاب

باڵا پۆشی

پێناسەی باڵا پۆشی

الحِجابُ لُغَةً: السَّتْرُ وَالمَنْعُ(1).

واتە: (حِجاب) لە زمانەوانیدا بریتیە لە داپۆشین و قەدەغەکردن.

وَشَرَعاً: قيلَ: كُلُّ ما يَستُرُ المَطلوبَ(2).

واتە: لە شەرعدا هەر شتێك ئەوەی کە مەبەستە دایبپۆشێت.

وَ قيلَ: الحِجابُ الشَّرْعِيُّ هُوَ أَنْ تُحْجِبَ المَرْأةُ كُلَّ بَدَنِها عَنْ الرِّجالِ: المرَّأْسَ وَالوَجْهَ وَالصَّدْرَ وَالرِّجْلَ وَاليَدَ(3).

واتە: وتراوە: حیجابی شەرعی ئەوەیە هەموو لەشی ئافرەت داپۆشێت لە پیاوان: سەر و ڕوخسار و سینگ و قاچ و دەست.

---

(1) حراسة الفضيلة، بكر بن عبدالله، ص.26.

(2) التعريفات، الجرجاني، ص.87.

(3) بيان صفة الحجاب الشرعي، ابن باز، الموقع الرسمي لابن باز.

پله و پایه و سوودەکانی بالاٌ پۆشی له( ) خالدا

1- بالاپۆشی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ﴾ الأحزاب. وا تە: ئەی پێغەمبەر به هاوسەرەكانت و كچەكانت و ئافرەتانی بڕواداران بلێ: با خۆیان به عەبایەكانیان پۆشته بكەن.

2- بالاپۆشی سیفەتی ئافرەتی بڕواداره.

خودای بالادەست فەرمانی به ئافرەتی بڕوادارەكان كردووه به بالاپۆشی، دەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ النور. واته: ئەی محمد تۆ بلێ به ئافره ته بڕواداره كان با چاوەكانیان دا خەن له قەدە غەكراو و داوێن یان بپارێزن له قەدە غەكراو و با جوانی خۆ یان دەرنە خەن تەنها ئەوە نەبێت كە د یارە دە ست و ڕوخ سار، با سەرپۆ شەكانیان تا سەر یە خەیان و بەرۆكیان داپۆ شێت. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ الأحزاب. واته: ئافرەتانی بڕواداران.

3- بالاپۆشی سیفەتی ئافرەتی ڕۆشەنبیر و تێگەییشتووه، پێچەوانەكەی نەفامیه.

خودای بێ هاوتا فەرموویەتی: ﴿وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ﴾ الأحزاب. واته: به شەرم و حورمەت له ماڵەكانتان بمێننەوە و وەكو ژنانی سەردەمی نەفامی خۆتان دەرمەخەن به جل و بەرگی نا شەرعی.

4- بالاپۆشی نیشانەیە بۆ ناسینەوەی ئافرەتی پاك و بڕوادار له ئافرەتانی تر.

خـــــودا فەرموو یەتی: ﴿ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ﴾ الأحزاب. وا تە: بالاپۆ شی نزیكترە كە بناسرێن، ئەوانە ئافرەتی داوێن پاكن.

5- بالاپۆشی مایەی دڵپاكیە.

خودا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ﴾ الأحزاب. وا تە: ئە مە پاكترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش.

6- بالاپۆشی یەكێكە له بەڵگە و نیشانەكانی خودای گەورە.

هەروەكو خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ

يَذَّكَّرُونَ﴿٢٦﴾ الأعراف. واته: ئەی نەوەی ئادەم بێگومان پۆشاکمان بۆ ناردوون کە عەیب و دامێنتان دادەپۆشێت و پۆشاکی جوان و ڕازاوەشمان بۆ ناردوون، بەڵام پۆشاکی پارێزکاری لە خودا چاکتر و باشترە، ئەوەی باسکرا هەندێك لە نیشانەکانی خودایە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و ئامۆژگاری وەربگرن.

7- بەهۆی بالاپۆشی ئافرەت پارێزراو و دوور دەبێت لە پیلانەکانی شەیتان.

بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ﴿٢٧﴾ الأعراف. واته: ئەی نەوەی ئادەم با شەیتان فریوتان نەدات وەکو چۆن دایك و بابی ئێوەی لە بەهەشت دەرکرد لە حاڵێکدا پۆشاکەکانی لێ داکەنادن بۆ ئەوەی عەیب و دامەنیان دەربخات.

8- ئافرەتی بالاپۆش پارێزراو دەبێت لەو هەڕەشەیەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە فەرمووەیەتی: { صِنْفان من أهْلِ النَّارِ لَمْ أرَهُما، قَوْمٌ معهُمْ سِياطٌ كَأَذْنابِ البَقَرِ يَضْرِبُونَ بها النَّاسَ، ونِساءٌ كاسِياتٌ عارِياتٌ مُمِيلاتٌ مائِلاتٌ، رُؤُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ البُخْتِ المائِلَةِ، لا يَدْخُلْنَ الجَنَّةَ، ولا يَجِدْنَ رِيحَها، وإنَّ رِيحَها لَيُوجَدُ مِن مَسِيرَةِ كَذا وكَذا}[1]. واتە: دوو چین ئەهلی ئاگرن من نەمبینیون، یەکەمیان: کەسانێکن قامچیان بە دەستەوەیە وەکو کلکی مانگا بەو قامچییانە لە خەڵك دەدەن، دووەمیان: ئافرەتانێکن پۆشتەن بەڵام ڕووتن واتە: پۆشاکیان نا شەرعیە خەڵکیش فریو دەدەن لە ڕێگای ڕاست لایان دەدەن، پرچی سەریان بە شێوەك بەرز دەکەنەوە وەکو پشتی وشتر وایە، ئائەمانە ناچنە بەهەشت و بۆنی بەهەشتیش ناکەن ئەگەرچی بۆنەکەی مەسافەیەکی زۆر هەستی پێ دەکرێت.

9- بەهۆی بالاپۆشی ئافرەتی موسڵمان لە نەفرەت پارێزراو دەبێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی ئافرەتە سفورەکان فەرمووەیەتی: {إلْعَنوهُنَّ فإنَّهُنَّ مَلْعوناتٌ}[2]. واتە: نەفرەتیان لێ بکەن چونکە ئەمانە نەفرەت لێکراون.

---

(1) المسلم، الرقم(2128)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) رواه أحمد، الرقم(7083)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(2683).

چەند وتەیەکی زانایان دەربارەی باڵا پۆشی

1- **ابن القَيِّم**(رحمه الله) **فەرموویەتی:** (فَالحرَّةُ لَها أَنْ تَصلِّي مكْشوفَةَ الوجه والكَفَّيْن، ولَيس لَها أَنْ تَخرج في الأَسواق ومَجامع النّاس كَذلكَ)[1]. **واتە: ئافرەتی ئازاد بۆی هەیە بە دیاربوونی ڕوخسار و لەپی دەستەکانی نوێژ بکات، بەڵام بە هەمان شێوە بۆی نیە دەربچێت بۆ ناو بازاڕ و شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك.**

2- **ابن تَيمِيَة**(رحمه الله) **فەرموویەتی: لە مەزهەبی پێشەوا أحمـــدی کوڕی حَنْبَل هاتووە، دەفەرموێت:** (كُلُّ شَيْءٍ منها عورَةٌ حَتّى ظُفُرها)[2]. **واتە: هەموو شتێك لە لاشەی ئافرەت عەوڕەتە تەنانەت نینۆکەکانیشی.**

3- **پێشەوا شەوکانی**(رحمه الله) **لە پەرتۆکی(النيل) دا فەرموویەتی:** (اتفق المسلمون على منع النساء أن يخرجن سافرات الوجوه لاسيما عنْدَ كَثْرَة الفُسّاق)[3]. **واتە: موسڵمانان هاوڕان لەسەر قەدەغەی چوونەدەرەوەی ئافرەتان بە دیاربوونی ڕوخساریان بە تایبەت لە کاتی زۆربوونی پیاوانی خراپ.**

4- **پێشەوا القاضي ابن العربي لە(أحكام القرآن) دا فەرموویەتی:** (والمَرْأةُ كُلُّها عَوْرَةٌ: بَدَنُها وصوتُها، فَلا يَجوزُ كَشْفُ ذلكَ إلا لضَرورَة)[4]. **واتە: ئافرەت هەمووی عەورەتە: لاشەی و دەنگیشی، نابێت هیچ لەمانە بەدەر بخاتً مەگەر بۆ پێویستی بێت.**

---

(1) عودة الحجاب، محمد أحمد إسماعيل المقدم، ص.193.

(2) حجاب المرأة، ابن تيمية، ص.6.

(3) اللباب في فرضية النقاب، سامح بن محمد، ص.139.

(4) المصدر السابق.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر باڵا پۆشی

1- خۆ داپۆشین لەبەر کەسانی مردوو.

دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: من هەر کاتێك دەچوومە ئەو ژوورەی کەوا پێغەمبەری خودا(ﷺ) و أبوبکر تێدا نێژرابوون بە بێ باڵاپۆشی یان بێ پێچە دەچوومە ژوورەوە، دەموت: ئەوان یەکێکیان هاو سەرمە و ئەویتریان باوکمە، بەڵام لە دوای ئەوەی پێشەوا عُمر شەهید کرا و لەوێ نێژرا، سوێند بە خودا بە باڵاپۆشی نەبوایە نەدەچوومە ژوورەوە لەبەر شەرم کردن لە عُمر[1].

2- دایکی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: جارێك یان أسماءی کچی أبوبکر هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ)، جل و بەرگێکی تەنکی لە بەر دابوو، پێغەمبەری خودا ڕووی خۆی وەرگێڕا، پاشان پێی فەرموو: {يا أسْماء إنَّ المرأةَ إذا بَلَغَت المَحيض لم يَصلُحْ أن يُرى منها إلا هذا وهذا}، وأَشار إلى وَجْهه وكَفَّيه[2]. واتە: ئەی أسماء ئەگەر ئافرەت تەمەنی گەیشتە کاتی سووڕی مانگانە درووست نیە لە لاشەی دیار بێت جگە لەم دوانە. ئاماژەی بۆ ڕوخسار و هەردوو دەستەکانی کرد.

3- عَلْقَمَةی کوڕی أبو عَلْقَمَة(رحمه الله) دەڵێت: جارێکیان حَفْصَةی کچی عبدالرحمنی کوڕی أبو بکرم بینی هاتە لای دایکی بڕواداران عائِشة، چارۆکێکی لە سەر بوو زۆر تەنك بوو، نێوچەوانی دیاربوو کاتێك عائِـــشة بەم شێوەیەی بینی پێی ناخۆش بوو، بۆیە پێی وت: (أَما تَعلَمين ما أَنْزَلَ اللهُ في سورةِ النُّورِ؟). واتە: ئایە نەتزانیوە خودای گەورە چی دابەزاندووە لە سوڕەتی النور؟ مەبەستی ئەم ئایەتە بوو کە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ﴾ النور. واتە: با سەرپۆشەکانیان تا سەر یەخەیان و بەرۆکیان داپۆشێت. پاشان چارۆکێکی ئەستووری هێنا و پێی داپۆشی.

4- بڕیاری جەنگ دژی هۆزێك لەسەر باڵاپۆشی.

جوولەکەکانی هۆزی قەینوقاع یەکێك بوون لەوانەی هاو پەیمانیان بەستبوو لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، کە نابێت بێ ڕێز بن بەرامبەر موسڵمانان و نابێت دژایەتیان بکەن، بەڵکو دەبێت لە کاتی پێویست هاوکار و پاڵپشتیش بن بۆ موسڵمانان، بەڵام ئەوان پەیمانەکەیان شکاند. ئەوەبوو: جارێکیان ئافرەتێکی باڵاپۆش بە مەبەستی فرۆشتنی

(1) رواه أحمد، الرقم(25701)، صحيح على شرط الشيخين.

(2) رواه أبو داود، الرقم(4114)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع(7847).

هەندێك شتومەك دەچێتە بازاڕی هۆزی قەینوقاع، کاتێك لە لای یەکێك لە دوکا ندارەکان دادەنیشێت لەو کا تەدا کۆ مەڵێك جوولە کە دەوری ئافرەتە کە دە گرن و داوای لادا نی حیجابەکەی لێ دەکەن، ئافرەتە کەش گوێڕا یەڵیان نابێت، ئەوەبوو: خاوەنی دوکانە کە حیجابی ئافرەتەکەی لە دواوە گرێدا، بە شێوەیەك ئە گەر ئافرەتە کە هەڵستێت جل و بەرگەکەی لەسەر لابچێت، ئیتر ئافرەتەکە کاتێك هەڵستایە سەر پێ دە ستبەجێ لا شەی بەدیار دە کەوێت، جوولە کەکانیش لە هەموو لایە کەوە دەوە ستن و پێیی پێدە کەنن و گاڵتەی پێ دەکەن، لەو کاتەدا ئافرەتەکە ناچار هاوار دە کات، ئیتر پیاوێکی مو سڵمان هێرش دەکا تە سەر خاوەن دوکانە کە و دەیکوژێت، جوولە کەکانیش مو سڵمانەکە دە کوژن، دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا زا نی سوپایەکی پێکهێنا بە سەرکردایەتی پێشەوا حَمْزَة کوڕی عبدالمَطّلِب(رضي الله عنه)، ماوەی پازدە ڕۆژ گەمارۆی دان، پا شان لە شاری مەدینەی وەدەر نان. هەڵبە تە: ئەم ڕووداوە لە ذیوەی مانگی شەوالی ساڵی دووی کۆچی بوو[1].

5- عَطاء ی کوڕی أبي رَباح(رحمه الله) دەڵێت: عبدالله ی کوڕی عَبّاس فەرمووی: ئا یە دە تەوێت ئافرەتێکت پیشان بدەم لە ئەهلی بەهە شت؟ وتم: بەڵێ. فەرمووی: ئەم ئافرەتە ڕەشە هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: من نەخۆ شی گە شکەم هە یە و بەو هۆیەوە لا شەم بەدەردە کەوێت، داوای شیفام بۆ لە خودا بکە. پێغەمبەری خودا فەرمووی: {إنْ شئت صَبرت ولَك الجَنَّةُ، وإنْ شئت دَعوتُ اللَّهَ أَنْ يُعافيك}. وا تە: ئە گەر دە تەوێت ئارام بگرە و بەهە شت بۆ تۆ یە، و ئە گەر دە تەوێت داوا لە خودا دە کەم چاکببیتەوە.

ئافرەتەکەش وتی: بەڵکو ئارام دە گرم، وتی: تەنها دوعام بۆ بکە کە جل و بەرگم لەسەر لانەچێت، پێغەمبەری خودا دوعای ئەمەی بۆ کرد[2].

مەبەست لەمە ئەوەیە لەگەڵ هەبوونی عوزریش ئەم ئافرە تە هەر پێداگربوو لە سەر ئەوەی لاشەی دیار نەبێت.

6- عاصمی ئەحوەل(رحمه الله) دە فەرموێت: ئێمە چووینە سەردانی حَفْصَة ی کچی سیرین، لە بەر ئێمە بە عەبا خۆی دادەپۆ شی، تەنا نەت ڕوخساریشی دادەپۆ شی،

(1) السيرة النبوية، د.علي الصلابي، ج.2، ص.94.

(2) البخاري، الرقم(119)، ومسلم(131).

لەکاتێکدا ئەو بەساڵاچوو بوو، ئێمەش پێمان دەوت: ڕەحمەتی خوات لێ بێت خودای گەورە فەرمووویەتی: ﴿وَٱلۡقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرۡجُونَ نِكَاحٗا فَلَيۡسَ عَلَيۡهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعۡنَ ثِيَابَهُنَّ غَيۡرَ مُتَبَرِّجَٰتِۭ بِزِينَةٖۖ﴾ النور. واتە: ئافرەتی لە کارکەوتوو یان پیر و ئەو ئافرەتانەی ئومێدی شوو کردنیان نەماوە هیچ تاوانێکیان لە سەر نیە کە(هەندێك لە) پۆشاکەکانیان لا بەرن، بەڵام نابێت جوانی خۆیان دەر بخەن. حَفْصَة فەرمووی: ئەدی بۆ تەواوی ناکەن لە دوای ئەمە خودای گەورە چی دە فەرموێت؟ مەگەر نافەرموێت: ﴿وَأَن يَسۡتَعۡفِفۡنَ خَيۡرٞ لَّهُنَّۗ﴾ النور[1]. واتە: خۆ ئەگەر لاینە بەن و پۆشتە بن چاکترە بۆیان.

(1) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.4، ص.20.

مەرجەکانی باڵا پۆشی شەرعی ئافرەتی موسڵمان

1- دەبێت باڵاپۆشەکە گشت لاشەی ئافرەت داپۆشێت .

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَاۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴿٣١﴾﴾ النور. واتە: ئافرەتان با جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی بەدەرەوە یە وەکو: دەست و ڕوخسار لە سەر بۆ چوونی هەندێك لە زانایان، بەمەرجی دڵنیا بوون لە تاوان، با سەرپۆشەکەیان بدەن بەسینگ و بەرۆکیاندا.

2- نابێت پۆشاکەکە لە خودی خۆیدا ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بێت.

چونکە خودای گەورە فەروویەتی: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴿٣١﴾﴾ النور. واتە: ئافرەتان با جوانی خۆ یان دەرنە خەن. وە فەرموو یەتی: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰۖ﴿٣٣﴾﴾ الأحزاب. وا تە: وە کو سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام جوانی خۆ تان دەرمەخەن.

3- دەبێت پۆشاکەکە ئەستوور بێت لاشەی ئافرەتەکەی تێدا دیار نەبێت، ئەگەر نا بەر ئەم هەڕەشەیەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکەوێت کە دەربارەی ئافرەتە سفوورەکان فەرموویەتی: {العنوهُنَّ فإنَّهُنَّ ملعوناتٌ}[1]. واتە: ئێوە نەفرەتیان لێ بکەن، چونکە ئەوان نەفرەت لێ کراون.

4- دەبێت پۆشاکەکە فراوان بێت، بۆ ئەوەی شوێنە هەستیار و سەرنج ڕاکێشەکانی لاشەی ئافرەت دەرنەخات. ئوسامەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) دەفەرموێت: دحیەی کەلبی(رضي الله عنه) پۆشاکێکی قیبتی ئەستووری بە دیاری دا بە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەویش بە دیاری دایە من، منیش دامە هاوسەرەکەم، پاشان پێی وتم: {مالَكَ لَمْ تَلْبسِ القِبْطِيَّةَ؟}. واتە: بۆچی پۆشاکەکەت نەپۆشیوە؟ وتم: دام بە هاوسەرەکەم تا لەبەری بکات، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {مرها أَنْ تَجْعل تَحْتَها غِلالَةً فَإِنِّي أَخافُ أَنْ تَصِفَ حجم عظامِها}[2]. واتە: پێی بڵێ: با ژێر کراسێکی لەگەڵ لەبەر بکات، چونکە دەترسم قەبارەی ئێسکی ئەندامەکانی لەشی دەربخات.

---

(1) الطبراني، الرقم(9331)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة(2683).

(2) رواه أحمد، الرقم(21786)، وغيره، وحسنه الألباني في جلباب المرأة المسلمة، ص.141.

5- پۆشاکەکە نابێت بۆن‌دار بێت، بە تایبەت بۆ دەرەوەی ماڵ، ئەگەر نا بەبەر هەڕەشەی ئەم فەرموودەیە دەکەوێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَيُّما امْرأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمرَّتْ عَلَى قَوم لِيَجدوا مِن رِيحها؛ فَهِي زانِيةٌ}[1]. واتە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆن‌دار بكات و بە لای كۆمەڵە پیاوێكدا بڕوات تا بۆنی بكەن ئەوا ئەو ئافرەتە زینای كردووە. مەبەست: ئەم كارە هۆكاریكە بۆ زینا.

6- نابێت پۆشاکەکە جلی پیاوان بێت، ونابێت بە جلی پیاوانیش بچێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەفرەتی لێكردوون. عبداللە ی كوڕی عباس فەرموویەتی: (لَعن رسولُ الله المَتَشَبّهين مِن الرِجال بالنّساءِ والمتَشَبّهات مِن النّساءِ بالرِّجال)[2]. واتە: پێغەمبەری خودا نەفرەتی كردووە لەو پیاوانەی خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان و لەو ئافرەتانەی خۆیان دەچوێنن بە پیاوان.

7- پۆشاکەکە نابێت بە جل و بەرگی بێ بڕواكان بچێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن تَشَبَّه بقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ}[3]. واتە: هەر كەسێك خۆی بە گەلێك بچوێنێت ئەوا لەوان هەژمار دەكرێت.

8- پۆشاکەکە نابێت بۆ ناو و بانگ و خۆ دەرخستن و فیز بێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن لَبِس ثَوب شُهْرة أَلْبسه الله يومَ القيامة ثَوباً مِثلَه ثُمَّ تَلْهب فيه النار}، وفي لفظ: {ثوبَ مذلّة}[4]. واتە: هەر كەسێك جل و بەرگی فیز و ناو بانگ و خۆ دەرخستن لە بەر بكات ئەوا لە ڕۆژی دواییدا خودای گەورە پۆشاكی هاوشێوە یان پۆشاكی زەبوونی لەبەر دەكات پاشان بە ئاگر دەیسووتێنێت.

(1) النسائي، الرقم(5141)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه)، وحسنه الألباني في سنن النسائي.
(2) البخاري، الرقم(5885).
(3) أبو داود، الرقم(4031)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.
(4) أبو داود، الرقم(4030)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وحسنه الألباني في سنن أبي داود.

سەلام كردن

پێناسەی سەلام كردن

السَّلامُ: يُرادُ بِهِ التَّحِيَّةُ التي شَرَعَها النَّبِيُّ لأُمَّتِهِ. وَالسَّلامُ بِمَعنى: الدُّعاءِ بِالسَّلامَةِ مِنْ كُلِّ آفَةٍ.

السلام: مەبەست پێی ئەو سەلامەیە كە پێغەمبەر(ﷺ) دایناوە بۆ ئوممەتەكەی. سەلام بە واتای: دوعا كردنە بۆ سەلام لێكراو بۆ ئەوەی سەلامەت و پارێزراو بێت لە هەموو بەڵا و ناخۆشیەك:

وەكو نەخۆشی و شێتی و خراپەی خەڵك و تاوان و ناخۆشیەكانی دڵ و ئاگری دۆزەخ[1].

(1) شرح رياض الصالحين، ابن عثيمين، ج.3، ص.81.

پله و پایه و سوودەکانی سەلام کردن لە(ﷺ) خاڵدا

1- سەلام لە یەکتر کردن بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿فَسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ﴾ النور. واتە: ئێوە سەلام لە یەکتر بکەن.

2- و شەی(الـ سَّلام) یەکێکە لە ناوە پیرۆزە کانی خودای گەورە، ئەمەش بەڵگە یە لەسەر پلە و پایە و پیرۆزی سەلام، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {إِنَّ السَّلامَ اسمٌ مِن أَسْمَاءِ اللهِ تَعالَى وضَعَهُ فِي الأَرضِ، فَأَفْشُوهُ بينَكُم}[1]. واتە: بێگومان(الـ سّـلام) ناوێکە لە ناوەکانی خودای گەورە لەسەر زەوی دایناوە، ئێوەش بڵاوی بکەنەوە لە ن‌ێوان خۆ تان و پەرەی پێبدەن.

3- لە دوارِۆژدا دەرگەوا نەکانی بەهە شت بە سەلام کردن پێ شوازی لە خەڵکی بەهەشت دەکەن، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ﴾الزمر. واتە: دەرگەوانی بەهەشت پێیان دەڵێت: سەلامتان لێبێت ئێوە پاکبوونەوە ئێستاش برِۆنە ناو بەهەشت بە یەکجاری و تا هەتایی.

4- سەلام کردن هۆکارێکە بۆ ئەوەی موسڵمان ببێت بە باشترین موسڵمان.

عبدالله ی کورِی عەمری کورِی عاص دە فەرموێت: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد(ﷺ): ئایە باشترین موسڵمان کێ یە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: {تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وتَقْرَأُ السَّلَامَ علَى مَن عَرَفْتَ ومَن لَمْ تَعْرِفْ}[2]. وا تە: خواردن بدە و سەلاَم بـ کە لەوەی دەیناسی و ئەوەی نایناسی.

5- سەلام کردن لە یەکتر هۆکارێکە بۆ یەکتر خۆشویستن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لا تَدْخُلُونَ الجَنَّةَ حتَّى تُؤْمِنُوا، ولا تُؤْمِنُوا حتَّى تَحابُّوا، أوَلا أدُلُّكُمْ علَى شيءٍ إذا فَعَلْتُمُوهُ تَحابَبْتُمْ؟ أفْشُوا السَّلامَ بيْنَكُمْ}[3]. وا تە: نا چنە بەهەشت تا بروا نەهێنن و ناشبن بە برواداری تەواو تا ئەو کاتەی یەکترتان خۆش نەوێت ئایە رێنماییتان بکەم بە شتێك ئەگەر بیکەن یەکترتان خۆش دەوێت؟ سەلام لە ن‌ێوان خۆاتان بڵاو بکەن.

---

(1) البخاري، في الأدب المفرد، الرقم(1039)، وغيره، عن ابن مسعود(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(12)، ومسلم(39).

(3) المسلم، الرقم(54)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

6- سەلام كردن هۆكارى خێر و پیرۆزیە.

أنس ى كوڕى ما لك دە فەرموێت: پێغەمبەرى خودا(ﷺ) پـێى فەرمووم: {يا بنيَّ: إذا دَخلْتَ على أَهْلِكَ فَسلِّمْ، تكُن بركَةً علَيْكَ وعلى أَهْلِ بيْتِكَ}[1]. واتە: ئەى ڕۆڵەكەم هەر كات چوویتەوە بۆ ماڵ سەلام بكە، بۆ تۆ و خێزانەكەت دەبێتە خێر و بەرەكەت.

7- سەلام كردن خاوەنەكەى بەرز و ڕێزدار دەكات.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموویەتى: {أَفْشُوا السَّلامَ كَي تَعلُوا}[2]. واتە: زۆر سەلام لە یەكتر بكەن بۆ ئەوەى بەرز و بەڕێز بن.

8- سەلام كردن هۆكارى نزیك بوونەوەیە لە خوداى گەورە.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموویەتى: {إنَّ أَولى النّاسِ باللهِ؛ من بدَأَهم بالسَّلامِ}[3]. واتە: نزیكترین كەس لە خودا ئەو كەسەیە دەستپێشخەرى دەكات لە سەلام كردن.

9- سەلام كردن ما یەى سەلامەتیە. پێغەمبەرى خودا فەرموویەتى: {أَفْشوا السَّلامَ تَسلَموا}[4]. واتە: زۆر سەلام لە یەكتر بكەن سەلامەت دەبن.

10- سەلام كردن تاوانەكان هەڵدەوەرێنێت.

پێغەمبەرى خودا(ﷺ) فەرموویەتى: {إنَّ المُؤْمِن إذا لَقِي المُؤْمِن فَسلَّمَ علَيهِ وأَخَذَ بيدِه فَصافَحهُ تَناثَرتْ خَطاياهُما كما يتَناثَر ورقُ الشَّجرِ}[5]. واتە: بێگومان هەر كات بڕوادار بە بڕوادارێك گەیشت و سەلامى لێ كرد و دەستى گرت و تەوقەى لە گەڵ كرد تاوا نەكانیان هەڵدەوەرێن وەكو چۆن گەڵاى درەخت هەڵدەوەرێت.

11- سەلام كردن لە ناو بەهەشت لە بڕواداران پیشەى فریشتەكانە.

خوداى گەورە فەرموویەتى: ﴿وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ۝٢٣ سَلَـٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ۝٢٤﴾ الرعد. واتە: لە ناو بەهەشت فریشتەكان دە چن بۆ سەردانیان لە هەموو دەروازەكا نەوە، دە ڵێن: سڵاوتان لێبێت بەهۆى ئارامگرتنتان لە دونیا بەرامبەر كێشە و ناخۆشیەكان، ئاى چەندە جێگە و ڕێگە یەكى خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر كرد.

---

(1) الترمذي، الرقم(589)، وغيره، وصححه الألباني في الكلم الطيب(63).

(2) الطبراني في مجمع الزوائد، الرقم(12733)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(1968).

(3) أبو داود، الرقم(5197)، عن أبي أُمامة الباهلي(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود .

(4) رواه البخاري في الأدب المفرد(787)، عن البراء بن عازب(رضي الله عنه).

(5) الطبراني في الأوسط، الرقم(250)، عن حذيفة بن اليمان(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(526).

12- سەلام كردن مایەی چوونە بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَطْعِموا الطَّعامَ وأَفْشوا السَّلامَ تورِثوا الجِنانَ}[1].

واتە: خواردن بدەن و سەلام زۆر بكەن بەهەشت بەدەست دێنن.

13- بەهۆی سەلام كردن موسڵمان لە زەمانەت و ئەمانەتی خودا دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووویەتی: {ثَلاثَةٌ كُلُّهم ضامِنٌ علَى اللَّهِ إنْ عاشَ رزِقَ وكُفِيَ وإنْ ماتَ أَدخلَهُ اللَّهُ الجَنَّةَ: مَن دَخَلَ بيتَه فَسلَّمَ فَهوَ ضامِنٌ على اللَّهِ ومَن خرَجَ إلى المسجَدِ فَهوَ ضامِنٌ علَى اللَّهِ ومَن خرجَ في سبيلِ اللَّهِ فَهوَ ضامِنٌ علَى اللَّهِ}[2]. واتە: خودای گەورە زەمانەت و دڵنیایی سێ كەس دەكات تاوەكو لە ژیاندا بن بەشی خۆیان ڕزق و ڕۆزیان پێ دەدرێت و هەر كە مردن دەیانخاتە بەهەشت: هەر كەسێك بچێتەوە ماڵە كەی سەلام بكات ئەوە لە زەمانەتی خودا دایە، كەسێكیش لە ماڵ دەربچێت بۆ مزگەوت لە زەمانەتی خودا دایە، كەسێكیش دەربچێت بۆ تێكۆشان لە پێناو خودا ئەویش لە زەما نەتی خودا دایە.

14- سەلام كردن یەكێكە لە مافەكانی موسڵمان لەسەر موسڵمان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {حقُّ المُسلِمِ علَى المُسلِمِ ستٌّ}. واتە: مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان شەش شتە، یەكێك لەوانە فەرمووی: {ردُّ السَّلامِ}[3]. واتە: وەڵامدانەوەی سەلام.

15- بەهۆی سەلام كردن موسڵمان لە ڕەزیلی دوور دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {أَعْجزُ النَّاسِ من عجزَ عنِ الدُّعاءِ وأَبْخلُ النَّاسِ من بَخِلَ بالسَّلامِ}[4]. واتە: بێ چارەترین كەس ئەو كەسەیە لە دوعا كردن لاواز و تەوەززەلە، و ڕەزیلترین كەسیش ئەو كەسەیە لە سەلام كردن ڕەزیل و چرووكە سەلام ناكات.

16- سەلام كردن هۆكارێكە بۆ پەیوەندی موسڵمان لە گەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وەك دەفەرموێت: {إنَّ للهِ ملائكةً سيَّاحين في الأرضِ، يُبلِّغوني من أُمَّتي السَّلامَ}[5]. واتە:

(1) الطبراني في مجمع الزوائد، الرقم(7871)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(1022).

(2) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(1094)، وغيره، عن أبي أمامة الباهلي(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(1240)، ومسلم(2162)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(4) ابن حبان، الرقم(4498)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(601).

(5) النسائي، الرقم(1281)، عن ابن مسعود(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن النسائي.

خودای گەورە كۆمەڵە فریشتەیەكی هە یە لە سەر زەوی دە گەڕێن سەلامی ئوممەتە كەمم پیٚ دەگەیێنن.

17– سلام كردن لە یەكتر بەجێگەیا ندنی فەرمانی پێغەمبەری خودا یە(ﷺ)، لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خودا فەرموو یەتی: {إذا لَقِي أَحدُكم أَخاه فَلْيسلِّمْ عليه ، فَإنْ حالَتْ بينهما شَجرةٌ أَو جِدار أَو حجر ثُمَّ لَقِيه فَلْيُسلِّمْ عَلَيه}[1]. واتە: ئە گەر یەكێك لە ئێوە بە برا موسڵمانی خۆی گەیشت با سەلامی لێ بكات، وئە گەر درەختێك یان دیوارێك یان بەردێك كەوتە نێوانیان پاشان پێی گەیشتەوە با دیسان سەلامی لێ بكا تەوە بە هەمان شێوە.

18– لە ڕۆژی دوایی لە ناو بەهەشت سەلام كردن لە یەكتر هەمیشە بە بەردەوامی دەمێنێتەوە. خودای گەورە دەربارەی ئەهلی بەهە شت دە فەرموێت: ﴿تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ﴾ ابراهیم. واتە: چاك و چۆنیان لە ناو بەهەشت(سەلام) كردنە.

19– لەبەر گرنگی سەلام كردن جوولە كەكان ئیرە یی بە سەلام كرد نی مو سڵمانان دەبەن.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما حَسدَتْكُم اليهودُ علَى شَيءٍ ما حَسدَتْكُم علَى السَّلامِ والتَّأمين}[2]. وا تە: ئەو ندەی جوولە كەكان حە سوودی و ئیرەییتان پیٚ دە بەن لە سەر سەلام و و تن ئامین، لە دوای فاتیحە لە گەڵ ئیمام لە سەر هیچ شتێكیتر بە ئەندازەی ئەو دوانە ئیرەییتان پیٚ نابەن.

20– موسڵمان بچێتە سەردانی ماڵی موسڵمانێك نابێت بچێتە ژوورەوە بە بیٚ مۆڵەت و سەلام كردن.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدْخُلُواْ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا﴾ النور. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە نەچنە هیچ ماڵێكیتر جگە لە ماڵەكانی خۆتان تا ئەو كاتەی مۆڵەت وەردەگرن و سەلام لە ئەهلی ئەو ماڵە دەكەن.

---

(1) أبو داود، الرقم(5200)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) ابن ماجة، الرقم(704)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی سەلام کردن

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: بە سێ شت خۆشەویست دەبی لەلای برایەکەت یەکێ لەوانە (أَنْ تَسلِّم عليه إذا لَقيتَه)[1]. وا تە: سەلامی لێ بکە ئەگەر پێی گەیشتی.

2- عبداللە ی کوڕی عُمر دە فەرموێت: (إذا سلَّمتَ فَأَسْمِع؛ فإنَّها تَحيَّةٌ مِنْ عنْد الله تَعالى مباركَةٌ طَيِّبةٌ)[2]. وا تە: ئەگەر سەلامەت لە کەسێك کرد دەنگی بگەیەنە چونکە بەڕاستی سەلام خەڵاتێکی پیرۆز و پاك و باشە لەلایەن خودای گەورەوە.

3- عبداللە ی کوڕی عُمر دە فەرموێت: (إنَّ السَّلام اسم مِن اسْماءِ الله تَعالى فَمن أَكثَر السَّلام أَكثَر ذِكر الله)[3]. واتە: بێگومان سەلام ناوێکە لە ناوە کانی خودای گەورە هەر کەسێك زۆر سەلام بکات زۆر یادی خودای کردووە.

4- ابن رَسلان(رحمه الله) لەم شیعرەدا دەفەرموێت:

ردُّ السَّلام واجب إلَّا على ... من في الصَّلاة أَو بأَكل شغَلا
أَو شَرب أَو قِراءة أَو أَدعيه ... أَو ذِكْر أَو في خطْبة أَو تَلْبيه
أَو في قَضاء حاجة الإنسان ... أَو في إِقامة أَو الأَذان
أَو سلَّم الطِّفل أَو السَّكْرانُ ... أَو شابَّة يُخشى بها افْتِتانُ
أَو فاسِق أَو ناعِس أَو نائِم ... أَو حالَة الجِماع أَو تَحاكُم
أَو كانَ في الحمام أَو مجنونا ... فَواحِد مِن بعدها عِشرونا [4]

واتە: وەڵامی سەلام واجبە تەنها لە بیست و یەك کات نەبێت ئەوانیش ئەما نەن: ناو نوێژ، کاتی خواردن، خوارنەوە، خوێندنەوەی قورئان، کاتی نزا و پاڕا نەوە، کاتی زیکر، کاتی وتاری هەینی، کاتی وتنی(لَبَّيكَ اللهمَّ لَبَّيك)، کاتی چوونە دەست ئاو، کاتی قا مەت بۆ نوێژ، کاتی بانگ، سەلامی منداڵ، سەرخۆش، ئافرەتی گەنج ئەگەر مەترسی فیتنە هەبوو، کەسی فاسیق، کەسێك دەبورژایەوە، یان خەوتوو، کاتی چووتبوون، کاتی داد کردنی دادوەر، لە حەمام، کەسی شێت.

---

(1) آداب العشرة وذكر الصحبة والأخوة، محمد الغزي بدرالدين، ص.16.
(2) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(1005).
(3) شرح السنة، البغوي، ج.12، ص.260.
(4) حاشية رد المحتار، ابن عابدين، ج.1، ص.666.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی سەلام كردن

1- عِمْرانی كوڕی حُصَین(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێكیان پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: (السَّلام علَیكُم)، پێغەمبەر وەلآمی دایەوە، ئینجا پیاوەكە دانیشت، پێغەمبەر فەرمووی: {عَشْر}. واتە: ئەمە دە چاكەی بۆ نووسرا. پاشان یەكێكیتر هات و سەلامی كرد و وتی: (السَّلام علَیكُم ورَحْمَةُ الله). پێغەمبەری خودا وەلآمیدایەوە، و پیاوەكە دانیشت، پێغەمبەر فەرمووی: {عِشْرونَ}. واتە: بیست چاكەی بۆ نووسرا. پاشان یەكێكیتر هات سەلامی كرد وتی: (السَّلام علَیكُم ورَحْمَةُ الله وبَرَكاتُه). پێغەمبەری خودا وەلآمیدایەوە، پیاوەكە دانیشت، پێغەمبەر فەرمووی: {ثَلاثونَ}. واتە: سی چاكەی بۆ نووسرا[1]. هەڵبەت: ئەمە لەبەر ئەوە بوو هی یەكەم بە كورتی وتی: (السَّلام علَیكُم)، ئەوەی دووەم وشەی(ورَحْمَةُ الله)ی بۆ زیاد كرد بۆیە بوو بە خاوەنی بیست چاكە، ئەوەیتریان وشەی(وبركاته) زیاد كرد بۆیە شایەنی سی چاكە بوو.

2- سەلامی فریشتەی وەحی جبریل(عليه السلام).

دایكی بڕواداران عائیشة دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: جارێكیان پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێی وتم: { یا عائشةُ، هذا جبریلُ یقرأُ علیك السَّلامَ}. واتە: ئەی عائیشە ئەمە جبریلە سەلام لە تۆ دەكات. پاشان وەلآمی سەلامی جبریلی دایەوە وتی: (وعليه السَّلامُ ورَحْمَةُ الله وبرَكَاته). پاشان وتی: (ترى ما لا أرى)[2]. واتە: ئەوەی تۆ دەیبینی من نایبینم.

3- عبدالله ی كوڕی سَلَام(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: بۆ یەكەم جار كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ شاری مەدینە خەڵك بۆ پێشوازی دە چوون، منیش لەگەڵیان چووم، گوێم لێ بوو دەیان وت: وا گەیشت وا گەیشت خەریكە پێغەمبەری خودا دەگات، هەوڵم دەدا چاوم پێی بكەوێت، بەڵێ هەر كە بینیم زانیم و دڵنیابووم ئەم ڕوخسارە هەرگیز درۆی لێ نایەت. هەورەها یەكەم شت گوێبیستی بووم ئەوەبوو فەرمووی: { یا أیُّها النَّاس أفشوا السَّلامَ، وأطعموا الطَّعامَ، وصِلوا الأرحامَ، وصلُّوا باللَّیل، والنَّاس نیامٌ، تدخلوا الجنَّةَ بسلامٍ}[3]. واتە: ئەی خەڵكینە زۆر سەلام لە یەكتر بكەن، و

---

(1) أبو داود، الرقم(5195)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

(2) البخاري، الرقم(3217).

(3) ابن ماجة، الرقم(2648)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

خواردن بدەن، و پەیوەندی خزمایەتی بەجێبگەیەنن، و شەونوێژ بکەن لە کاتێدا خەڵك خەوتوون، سەرئەنجام بە بێ گرفت دەچنە بەهەشت.

4- عُمری کوڕی خطاب دەفەرموێت: جارێکیان لە پشت أبوبکر سواری ئەسپ یان وشتر بووم، کاتێك بە لای هەر خەڵکێك تێدەپەڕی دەیفەرموو: (السَّلام علَیکُم). ئەوانیش دە یان وت: (عَلَیْکُمُ السَّلامُ ورَحمَةَ الله وبَرَکَاتُهُ). أبوبکر دەی فەرموو: ئەمڕۆ خەڵك بە چاکەیەکی زۆرتر پێش ئێمە کەوتن[1].

5- طُفَیل ی کوڕی أُبَي کوڕی کَعْب دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: عبدالله ی کوڕی عُمر دەهات بۆ لام، منیش لەگەڵی دەچووم بۆ بازاڕ بە لای فرۆشیارێك یان کڕیارێك یان هەر هەژارێك یان هەر کەسێك تێپەڕیبا سەلامی لێ دە کرد، پێم وت: ئەی عبدالله تۆ چی دەکەی لە بازاڕ؟ خۆتۆ لای فرۆشیارێك ڕانەوەستای، هەروەها پرسیارت لە نرخی هیچ شتێك نەکرد و لە لای هیچ مەجلیسێك دانەنیشتی؟ دەڵێت: عبدالله پێی وتم: ئەی زگ گەورە دیارە طُفَیل زگی گەورە بووە ئێمە بەڕاستی تەنها بە مەبەستی سەلام کردن لە خەڵك هاتووین، بۆیە هەر کەسێك پێی گەیشتی سەلامی لێ بکە[2].

6- جِبریل(عليه السلام) وەڵامی سەلامی حارِثة(رضي الله عنه) دەداتەوە.

سەرنج بدە ئەگەر جارێك لە جاران بەرپرسێکی پلە بەرز سەلامت لێ بکات یاخودا وەڵامی سەلامت بداتەوە چەند شانازی پێوە دەکەی؟ بە شێوەیەك لەوانە یە هەرگیز لە یادت نە چێت، ئەدی ئە گەر گەورەی هەموو فریشتەکان بێ و سەلامت لێ بکات یان وەڵامی سەلامت بداتەوە؟.

ئەوەتا: حارِثة ی کوڕی نُعمان دە فەرموێت: جارێکیان بە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) تێپەڕیم، جِبریل یشی لەگەڵدا بوو، سەلامم لێ کرد، پاشان تێپەڕیم، دوای ئەوەی گەڕامەوە پێغەمبەری خودا ڕۆیشت لە لای جبریل پێی وتم: {هَل رَأیتَ الّذي کانَ معي؟}. واتە: ئایە ئەو کەسەی لەگەڵم دابوو بینیت؟. وتم: بەڵێ. فەرمووی: {فإِنَّه جبریل وقَدْ ردَّ علَیكَ السَّلام}[3]. واتە: ئەوە جِبریل بوو وەڵامی سەلامەکەی تۆی دایەوە.

---

(1) البخاري، الرقم(987).

(2) البخاري في الأدب المفرد، الرقم(148).

(3) رواه أحمد، الرقم(23677) بسند صحيح.

7- أبو البَخْتَري دەفەرموێت: أ شْعَثى كوڕى قَيس و جَرير ى كوڕى عَبد(رحمهما الله) چوون بۆ سەردانى سَلْمانى فارسى لە(مَدائِن)، پێیان وت: تۆ سَلْمانى فارسى؟ وتى: بەڵێ ، وتيان: ئا يە تۆ هاوەڵی پێغەمبەرى خوداى(ﷺ)، وتى: نازانم، وتيان: ديارە ئێمە بەهەڵە هاتووين، سَلْمان وتى: نەخێر، بە هەڵە نەهاتوون، من پێغەمبەرى خودام بينيوە و بە خزمەتيشى گەيشتووم، بەڵام بێگومان ئەو كەسە هاوەڵی ڕاستەقينەى پێغەمبەرە كە لەگەڵ ئەودا بچێتە بەهەشت، ئێستاش فەرموون چيتان دەوێت؟ وتيان: لە شام لە لايەن أبو الدَّرْداءى برات هاتووين، بۆيە ئەمەيان وت، چونگە لە برايەتى ذێوان پێشتيوانان و كۆچبەراندا سَلْمان و أبو الدَّرْداء بوون بە برا، سَلْمان فەرمووى: ئەدى كوا دياريەكەى ئەو بۆ من؟ وتيان: خۆ ئەو هيچ دياريەكى بە ئێمە نەناردووە بۆ تۆ، سَلْمان فەرمووى: لە خودا بترسن ئەمانەتەكەم پێ بدەن، وتيان: ئێمە سەروەت و سامانێكى زۆرمان هە يە لە خزمەتت داين، سَلْمان وتى: من سامانم ناوێت، بەڵام هەر كەسێك لە لاى ئەو هاتبێت بە بێ ديارى ئەو نەهاتووە، وتيان: سوێند بە خودا هيچى بە ئێمە نەداوە، تەنها ئەوە نەبێت كە فەرمووى: پياوێك لە لاى ئێوەيە هەركاتێك پێغەمبەرى خودا ويستباى لە گەڵ ئەو بێت داواى كەسێكيترى نەدەكرد، هەروەها أبو الدَّرْداء پێى وتين: ئەگەر سَلْمانتان بينى سەلامى منى پێ بگەيەنن، سَلْمان فەرمووى: ئا يە هيچ دياريەكم لە ئێوە دەوێت جگە لەمە؟ چ دياريەك گەورەتر دەبێت لە سەلام؟ سەلامێك لە لايەن خوداى گەورە كە پڕە لە پيرۆزى و بەرەكەت[1].

(1) حياة الصحابة، الكاندهلوي، ج.3، ص.47.

الإحسان

چاكە

پێناسەی چاكە

الإِحْسانُ لُغَةً: هُوَ ضِدُّ الإِساءَة. واتە وشەی(إِحسان) لە زمانەوانیدا: پێچەوانەی خراپەیە. وشەی(حَسَن) واتە: جوان، پێچەوانەی وشەی(القَبیح)ە، واتە: ناشرین[1].

(الإِحْسانُ) لە زاراوەی شەرعدا: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە جوانترین شێوە پێناسەی کردووە، کاتێك جبریل(عليه السلام) دەربارەی إحسان لێی دەپرسێت، لە وەڵامدا فەرمووی: {أَنْ تَعبدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَراهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَإِنَّهُ يراكَ}[2]. واتە: چاكە ئەوەیە بە شێوەیەك خودا بپەرستی وەكو ئەوەی ببیینیت، خۆ ئەگەر تۆش خودا نەبینیت ئەوا بێگومان ئەو تۆ دەبینێت.

---

(1) مختار الصحاح، محمد أبو بكر الرازي، ص.137.

(2) البخاري، الرقم(4777)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

چاكه له چ كاتێك و لهگهڵ كێ بكرێت

1- دايك و باب. 2- خزم. 3- ههتيو. 4- ههژار. 5- دراوسێی نزيك و دوور. 6- هاوڕێ. 7- ڕێ بوار. 8- كۆيله و كهنيزه، ههروهكو خودای گهوره فهرموو يهتی: ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ﴿٣٦﴾﴾ النساء. 9- له تهڵاقدا: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَٰنٍ ۗ﴿٢٢٩﴾﴾ البقرة. 10- له كاتی مامهڵه كردن به ماڵی يهتيم: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴿١٥٢﴾﴾ الأنعام. 11- دوای لێخۆش بوون: ﴿فَمَنْ عُفِىَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَىْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ ۗ﴿١٧٨﴾﴾ البقرة. 12- له كاتی تووڕه بوون: ﴿وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران. 13- له كاتی گفتوگۆ و ناكۆكی: ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴿٣٤﴾﴾ فصلت. 14- له وهڵامدانهوهی سهلام: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ﴿٨٦﴾﴾ النساء. 15- له كاتی ههبوونيدا: ﴿وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ﴿٧٧﴾﴾ القصص. 16- له دونيا پێش بگهی به قيامهت: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ﴿١٦﴾﴾ الذاريات. 17- له كاتی كو شتنهوه و كو شتن: {إذا قَتَلْتم فأَحسنوا القِتْلَةَ وإذا ذَبَحْتم فأَحسنوا الذِّبْحَةَ}[1]. 18- له دوای تووشبوون به تاوان: {وأتبعِ السَّيِّئةَ الحسنةَ تَمْحُها}[2]. 19- لهگهڵ خرا پهكاران: {وأحسن إلى من أساء إليكَ}[3]. 20- لهگهڵ هاوسهر: {خَيْرُكم خَيْرُكم لأهله}[4].

---

(1) المسلم، الرقم(1955)، عن شداد بن أوس(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(1987)، عن أبي ذر(رضي الله عنه)، والحديث حسن لغيره عند الألباني في صحيح الترغيب(2655).

(3) رواه ابن الأعرابي في نعجمه، الرقم(1507)، عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، والحديث صحيح لغيره عند الألباني في صحيح الترغيب(2467).

(4) الترمذي، الرقم(3895)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(1924).

پله و پایه وسوودەکانی چاکەکردن لە( ) خاڵدا

1- چاکەکاری بە جێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿۞إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ﴾ النحل.

2- خودای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت، دەفەرموێت: ﴿وَأَحۡسِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ البقرة.

3- پاداشتی چاکە تەنها چاکەیە، خودای میهرەبان فەرموو یەتی: ﴿هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ﴾ الرحمن.

4- خودای گەروە پاداشتی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات، دە فەرموێت: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ هود.

5- خودای باڵادەست لە گەڵ چاکەکاراندایە. دە فەرموێت: ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ العنكبوت.

6- پاداشتی چاکەکاران لای خودایە، خۆی فەرموویەتی: ﴿بَلَىٰۚ مَنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ البقرة.

7- چاکەکار لە با بەتی ئاینەوە لە لا یەن خودا لە هەموو کەس با شترە، خۆی فەرموویەتی: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ﴾ النساء.

8- خودای گەورە چاکەکاران پا یەدار دە کات، خۆی فەرموو یەتی: ﴿وَسَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ البقرة.

9- بەزەیی خودا لە چاکەکاران نزیکە، خۆی فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ الأعراف.

10- چاکەکان تاوا نەکان ناهێڵن، خۆی فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ﴾ هود.

11- چاکەکاران دوو چاری پە شێمانی و حە سرەت نابنەوە لە دواڕۆژدا، بەڵام جگە لەوان، وا تە خرا پەکاران توو شی حە سرەت دە بن، خرا پەکار لەو کا تەی سزای ئاگر

دەبینێت دەڵێت: ﴿لَوۡ أَنَّ لِي كَرَّةٗ فَأَكُونَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ٥٨﴾ الزمر. وا تە: ئەگەر دەرفەتێکیترم هەبێت گەڕانەوە بۆ ژیانی دونیا ئەوا پەیمان بێت لە چاکەکاران بم.

12- چاکەکار سیفەتی تەقوادارانە، خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ١٥ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ١٦﴾ الذاريات.

13- بەهەشت بۆ بڕواداری چاکەکارە، خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ١٥ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ١٦﴾ الذاريات.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي ظِلَٰلٖ وَعُيُونٖ٤١ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشۡتَهُونَ٤٢ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ٤٣ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ٤٤﴾ المرسلات.

چەند وتەیەكی زانایان دەربارەی چاكەكاری

1- حەسەنی بەصری(رحمه الله) ئەم ئایە تەی خوێندەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ٩٠﴾ النحل. پاشان كەمێك وەستا فەرمووی: (إنَّ الله جَمع لَكُم الخَير كلَّه والشَّر كُلَّه في آية واحِدة)[1]. واتە: بەڕاستی خودای گەورە تەنها لە یەك ئایە تەدا هەرچی خێر و چاكە هەیە و هەرچی شەر و خراپە هەیە بۆ ئێوەی كۆ كردۆتەوە.

2- ابن عُيَيْنَة(رحمه الله) دەربارەی ئایەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ٩٠﴾ النحل. دەڵێت: پرسیار كرا لە پێشەوا علی كوڕی أبو طالب(رضي الله عنه)، لە وەڵامدا فەرمووی: (العَدْلُ: الإنصافُ، والإحسانُ: التَّفَضُّل)[2]. واتە: وشەی(العدل) دادپەروەریە، وشەی(الإحسان) ئەنجامدانی چاكەیە بە زیادەوە.

3- ابن القيم(رحمه الله) دەربارەی إحسان دە فەرموێت: (مِفْتاح حصول الرَّحْمَة الإحسانُ في عبادة الخالق، والسَّعي في نَفْع عبيده)[3]. واتە: كلیلی بەدەستهێنانی بەزەیی خودای گەورە بەوە دەبێت بە چاكی بەندایەتی ئەنجام بدرێت بۆ خودای بەدیهێنەر، هەوڵ و كۆشش بۆ سوودگەیاندن بە بەندەكانی ئەو.

4- هەروەها ئەو دە فەرموێت: (فإنَّ الإحسانَ يفرح القَلب ويشْرح الصَّدْر ويجْلب النِّعم ويدْفَع النِّقَم)[4]. واتە: بێگومان چاكە دڵ خۆش دە كات و سینگ فراوان دە كات و نیعمەتەكان بەرجەستە دەكات و بەڵا و ناخۆشیەكان لا دەبات.

---

(1) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم الأصبهاني، ج.2، ص.158.
(2) المصدر السبابق، ج.7، ص.291.
(3) حادي الأرواح إلى بلاد الأفراح، ابن القيم، ص.66.
(4) طريق الهجرتين وباب السعادتين، ابن القيم، ص.460.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر چاكەكاری لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ)

دەربارەی چاكەكاری پێغەمبەری خودا(ﷺ)، هەر چەند بنووسرێت هەژمار ناكرێت، هەموو ساتەكانی ژیانی بریتی بووە لە چاكەكاری، كە سێك لە گەڵ نەیارەكانی چاكەكار بوو بێت دەبێت لە گەڵ هاوسەر و منداڵەكانی چۆن بوو بێت كە دەفەرمــوێت: {وأَنا خَيْرُكُمْ لأَهْلي}[1]. واتە: من لە هەمووتان باشترم بۆ خێزانە كەم. ئەدی دەبێت لە گەڵ هاوەڵە بەرێزەكانی چۆن بوو بێت؟ ئەوندە بەسە خودای گەورە دەربارەی فەرمووییەتی: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم. بۆیە لێرەدا بە كورتی باسی چەند نموونە یەك دەكەین لە چاكەكاری بەرامبەر هاوەڵانی(رضي الله عنهم).

1– چاكەكاری بەرامبەر پێشەوا أ بوبكری صدیق(رضي الله عنه) ئەو پیاوە بەرێزەی كەوا مزگێنی بەهەشتی پێدراوە و یەكەم خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) بووە و ئەو پەڕی خۆشەویستی هەبووە بۆ پێغەمبەر، بە شێوەیەك هەموو ماڵ و سامان و منداڵەكان و نەفسی خۆیشی لە خزمەت ئەو دانا بوو، هەروەكو لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و بە تایبەت لە كاتی كۆچ كردن بۆ مەدینە بە كردەوە سەلماندی، بۆیە وەكو قەرەبوویێك بۆ ئەو هەموو چاكەیە خوازبێنی دایكی بڕواداران عائشەی كرد، أ بوبكری كردە خەزووری خۆی، كچەكەشی بووە دایكی هەموو بڕواداران.

2– یەكێك لە چاكەكانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە گەڵ پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) كە بووە مایەی دڵخۆشی و شانازیەكی گەورە بۆ عُمر، ئەوەبوو دوای ئەوەی هاوسەری حَفصَة(رضي الله عنها) كۆچی دوایی كرد بە هۆی برینداربوونی لە جەنگی بەدر، حَفصَة لە ماڵەوە مایەوە، ماوەیەك بوو كەس نەدەهاتە خوازبێنی، بەو هۆیەوە عُمر زۆر خەمی دەخوارد، بۆیە خۆی ویستی هاوسەرێكی باشی بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە داوای لە أ بوبكر كرد كە حَفصَة بخوازێت، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە، پاشان داوای لە عُثمان كرد ئەویش نەیویست، پاشان ئەمەی بۆ پێغەمبەری خودا باس كرد، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا بۆ خۆی خواستی و مارەی كرد، پاشان أبوبكر زانی كە عُمر كەمێك گلەیی لێی هە یە، بۆ یە پێی وت: بۆیە وەڵامم نەدایەوە، چونكە زانیبووم پێغەمبەری خودا باسی كرد بوو، منیش نەم دەویست نهێنی پێغەمبەر بدركێنم، ئەگەر ئەو نەیویستبایە ئەوا من قەبوڵم دەكرد[2].

---

(1) الترمذي، الرقم(3895)، عن عائشة(رضي الله عنها)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(2) البخاري، الرقم(4005).

3- نموونەیەك لە چاكەكاری پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرامبەر پێشەوا عثمانی كوڕی عەففان(رضي الله عنه)، عُثمان خەلیفەی سێیەمی موسڵمانانە و یەكێكە لە دە موژدە پێدراوەكان بە بەهەشت و یەكێكە لە وانەی زۆر زوو موسڵمان بوو، بوو بە پاڵپشتێك وەكو بەردی بناغەی ئەم ئیسلامە، هەموو سەروەت و سامانەكەی لە پێناو ئیسلام و موسڵمانان دانابوو، بە تایبەت كاتی نەبوونی و قاتیدا. یەكێك لە چاكەكانی پێغەمبەری خودا بۆ ئەو پیاوە چاكەخوازە ئەوەبوو: پێغەمبەری خودا كچێكی خۆی بە ناوی(رُقیَّة)ی پێشكەش كرد، واتە عُثمان ی كرد بە زاوای خۆی، دوای ئەوەی رُقیَّة نەخۆش دەبێت و كۆچی دوایی دەكات، پێغەمبەری خودا تەنها كچێكی مابوو بە ناوی(أُمُّ كَلثوم)، ئەویشی پێشكەش كرد، شەش ساڵ دوای ئەمە أُم كلثوم یش كۆچی دوایی كرد، پێغەمبەری خودا كە بینی عُثمان زۆر خەمبارە، فەرمووی: {لَوْ كانَتْ عِنْدَنا ثالثَةٌ لَزَوَّجْناكَها}[1]. واتە: ئەگەر سێیەمیشمان هەبوایە پێشكەشمان دەكردی.

4- چاكەكاری پێغەمبەری خودا بەرامبەر پێشەوا علی كوڕی أبو طالب(رضي الله عنه). علی هەر بە منداڵی كەوتە ناو ماڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، كاتێك پێغەمبەر بینی وەزعی ئابووری أبو طالب باش نیە پێشنیاری كرد وەكو یارمەتیەك و بارسووكیەك بۆ أبو طالب كە خۆی و عَبّاس ی مامی هەر یەكەیان منداڵێكی بۆ بە خێو بكەن، ئەوەبوو عەبّاس جَعْفَر ی هێنا و پێغەمبەری خودا علی هێنا یە لای خۆی، بۆیە هەر لە منداڵیەوە لە ماڵی پێغەمبەر پەروەردە و گەورە بوو، لە گەنجانیش یەكەم كەس بوو كە موسڵمان بوو[2]، هەموو كاتێكیش بەسەر و ماڵ و گیان ئامادە و فیداكار بوو بۆ پێغەمبەر و ئیسلام، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش هەزاران چالاكی بێ وێنەی هەبوو، یەكێك لەو هەڵوێستانەی: مانەوەی لە شوێنی خەوتنی پێغەمبەری خودا بوو لە شەوی كۆچكردنی بۆ شاری مەدینە[3]، جا یەكێك لە چاكەكانی پێغەمبەری خودا بەرامبەر ئەو پیاوە بەڕێزە ئەوەبوو یەكێك لە خۆشەویسترین كچەكانی خۆی(فاطِمَة) بوو، پێشكەشی علی كرد، سەرەڕای ئەوەی ئامۆزای پێغەمبەر بوو، پێغەمبەری خودا ئەوی كرد بە زاوای خۆی[4].

---

(1) مجمع الزوائد، الهيثمي، ج.9، ص.83.

(2) علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، الصلابي، ص.34.

(3) السيرة النبوية، الصلابي، ج.1، ص.439.

(4) علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، الصلابي، ص.84.

الكلمة الطيبة

قسەی باش و جوان

پێناسەی قسەی جوان و باش

1- هِيَ الّتي تَسُرُّ السّامِعَ وَتُؤَلِّفُ القَلْبَ.

واتە: قسەی جوان و باش ئەو قسەیەیە کە گوێگر خۆشحاڵ دەکات و دڵ پێیەوە پەیوەست دەبێت.

2- هِيَ الّتي تُحْدِثُ أثَراً طَيِّباً في نُفوسِ الآخَرينَ.

واتە: ئەو قەسەیەی کە کاریگەریەکی باش و پاك درووست دەکات لە دەروونی کەسانیتر.

3- هِيَ الّتي تُثْمِرُ عَمَلاً صالِحاً في كُلِّ وَقْتٍ بِإِذْنِ اللهِ تَعالى.

واتە: ئەو قەسەیەیە کە کردەوەیەکی باش بەرهەم دێنێت لە هەموو کاتێك بە یارمەتی خودای گەورە.

4- هِيَ الّتي تَفْتَحُ أبوابَ الخَيْرِ وَتُغْلِقُ أبوابَ الشَّرِّ.

واتە: ئەو قەسەیەیە کە دەرگاکانی چاکە دەکاتەوە و دەرگاکانی خراپە دادەخات[1].

(1) شبكة الألوكة موقع ألكتروني في جوجل، الموضوع: الكلمة الطيبة وأثرها في النفوس.

پله و پایه و سوودەکانی قسەی جوان و باش لە(□□) خاڵدا

1- قسەی باش وەکو درەختێکی پتەو و پڕ لە سوود وایە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ۝٢٤ تُؤْتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ۝٢٥﴾ ابـراهيم. واتە: ئایە نابینیت خودا چۆن نموونە یەکی جوان باس دەکات دەڵێت: قسەیەکی جوان وەکو درەختێکی جوانە بنچینەکەی بە زەویدا ڕووچوو بێت و لقەکانیشی لە ئاسمان بن، هەموو کاتێك ئەو درەختە بەر و بوومی دەبەخشێت بە ویستی پەروەردگاری، خودا نموونە دێنێتەوە بۆ خەڵك بەڵکو بیر بکەنەوە و تێی ڕامێنن.

2- قسەی باش و پاك بۆ لای خودا بەرز دەبێتەوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ ۝١٠﴾ فاطر.

3- قسەی باش باشترە لە بەخشینی ماڵێکی بە منەت.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ ۝٢٦٣﴾ البقرة.

4- قسە کردن بە باشی و بە جوانی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

خودای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا ۝٨٣﴾ البقرة. واتە: قسەی باش و چاك بە کار بێنن بۆ ئاخاوتن لەگەڵ خەڵك.

5- بە هەر قسەیەکی باش و جوان چاکەیەکت دەست دەکەوێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {والكَلِمةُ الطَّيِّبةُ صدَقَةٌ}[1].

6- قسەی باش مایەی ڕەزامەندی خودایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ أحدَكم لَيتكلَّمُ بالكلمة من رضوان الله ما يظُنُّ أنْ تبلُغَ ما بلَغَت فيكتُبَ اللهُ له بها رضوانَه إلى يوم يلقاه}[2]. واتە: بەڕاستی یەکێك لە ئێوە قسەیەك دەکات لە ڕەزامەندی خودا بەخۆش نەیدەزانی ئەو قسەیە گەیشتووە

(1) البخاري، الرقم(2989)، ومسلم(1009)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(2) ابن ماجة، الرقم(3220)، وغيره، عن علقمة بن وقاص الليثي(رضي الله عنه) وصححه الألباني في سنن ابن اجة.

بەو شوێنەی گەشتیە، بە هۆی ئەو قسەیە خودای گەورە ڕەزامەندی خۆی بۆ دەنووسێت تا ئەو کاتەی پێی دەگات.

7- قسەی باش هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت.

هاني باوكی شُرَيْح(رضي الله عنه) دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خودا شتێکم پێ بڵێ بە هۆیەوە بەهەشتم بۆ مسۆگەر بدبێت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: {عَلَيكَ بحُسْنِ الكَلامِ وَ بَذْلِ السَّلامِ}[1]. واتە: پێویستە لەسەرت قسەكانت باش بن و زۆر سەلام بكەی.

8- قسەی باش نیشانەی بڕواداریە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّه والْيوم الآخرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا، أَوْ لِيصْمُتْ}[2]. واتە: هەر كەسێك بڕوای بە خودا و بە دواڕۆژ هەبێتَ با قسەی خێر بكات یان بێ دەنگ بێت.

9- قسەی باش موسڵمان دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { اتَّقُوا النَّارَ ولو بشقَّةِ تَمْرَةٍ، فمَن لَمْ يَجِدْ شقَّةَ تَمْرَةٍ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ}[3]. واتە: خۆتان بپارێزن لە ئاگر ئەگەر بە كەرتە خورمایەكیش بێت، جا ئەگەر هەركەسێك كەرتە خورمایەكیشی دەست نەكەوت با بە قسەیەكی باش خۆی بپارێزێت.

10- ژووری تایبەت و بێ وێنە بە قسەی باش دەستەبەر دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {إنَّ في الجنة غُرَفًا يُرى ظَاهِرُها من باطنها، وباطنُها من ظَاهرِها}. واتە: لەبەهەشت ژووری وا هەیە لە ژوورەوە دەرەوەیان دەبیندرێت، و لە دەرەوەش ژوورەوەیان دەبیندرێت، أبو مالكی ئەشعەری(رضي الله عنه) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمانە بۆ كێن؟ فەرمووی: {لِمَنْ أَطَابَ الكَلامَ، وأَطْعمَ الطَّعَامَ، وباتَ قائمًا والناسُ نيامٌ}[4]. واتە: بۆ ئەو كەسەیە قسەكانی باش بكات و خواردن بدات و شەو زیندوو بكاتەوە بە خواپەرستی لە كاتێكدا خەڵكیش خەوتوون.

(1) ابن حبان في صحيحه، الرقم(491).

(2) البخاري، الرقم(6475)، ومسلم(47)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(3595)، ومسلم(1016)، عن عدي بن حاتم(رضي الله عنه).

(4) رواه أحمد، الرقم(6615)، وغيره، عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب(946).

چەند وتەیەكی هاوەڵان و پیاوچاكان دەربارەی قسەی باش

1- عبداللهی كوڕی مسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت: هەر بەندەیەكی موسڵمان ئەگەر وتی: (سُبحانَ الله وَ بِحَمدِه والحمدُ لله ولا إلهَ إلا الله واللهُ أكبَر تَبارَكَ الله)، فریشتەیەك ئەم وشانە هەڵدەگرێت وَ دەیخاتە ژێر باڵی خۆی، پاشان بەرزیاندەكاتەوە بۆ ئاسمان بەلای هەر پۆلێك لە فریشتەكان تێپەڕ بێت داوای لێخۆش بوون دەكەن بۆ خاوەنەكەی تاوەكو دەیانگەیەنێتە خزمەت خودای گەورە، پاشان عبدالله ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥ﴾ فاطر[1].

2- وَهْبی كوڕی مُنَبِّه(رحمه الله) فەرموویەتی: هەر كەسێك سێ سیفەتی هەبێت ئەهلی بەهەشتە: (السَّخاء، والصَّبر على الأذى، وطيب الكَلام)[2]. واتە: سەخیبوون بەخشەندەیی و ئارام گرتن لەسەر ئازار، باشی و جوانی ئاخاوتن.

3- عەمری كوڕی مَعدي كَرِبَ دەفەرموێت: (الكلام اللين يلين القلوب التي هي أقسى من الصخر، والكلام الخشن يخشن القلوب التي هي أنعم من الحرير)[3]. واتە: قسەی نەرم و ذیان ئەو دڵانە نەرم دەكات كە لە بەردیش ڕەقترن، قسەی زبر و ناخۆش ئەو دڵانە ڕەق دەكات كە لە ئاوریشم نەرمترن.

(1) رواه الحاكم في المستدرك، الرقم(3589)، وصحح إسناده المنذري في الترغيب والترهيب، ج.2، ص.356.

(2) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.5، ص.329.

(3) التبر المسبوك في نصيحة الملوك، أبو حامد الغزالي، ص.113.

چەند نموونەیەك لە وتە جوانەكانی هاوەڵان و پیاوچاكان

1- یەكێك لە وتە جوانەكانی پێشەوا عُمر(رضي الله عنه).

لە سەردەمی جێنشینی پێشەوا عُمر ساڵی(18)ك لە شاری(عَمْواس) تاعوذێك سەری هەڵدا نزیكەی(25 تا 30) هەزاركەسی لە ناوبرد، لەوكاتەدا عُمر بە سوپایەك بەڕێكەوت بۆ ئەو شارە، كاتێك لە شارەكە نزیك كەوتەوە عُمر ڕاوێژی بە هاوەڵان كرد، هەندێكیان وتیان: با بچینە ناو شارەكە، هەندێكیان وتیان: با نە چین و بگەڕێینەوە، أبو عُبَيْدَة فەرمووی: ئایە ئەمە ڕاكردن نیە لە قەدەری خودا؟ عُمر فەرمووی: (نعم نَفِرُّ من قَدَرِ الله إلى قَدَر الله). واتە: بەڵێ لە قەدەری خودا ڕادەگەین بەرەو قەدەری خودا. پاشان عبدالرحَمن ی كوڕی عوف وتی: من لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: {إذَا سَمِعْتُم به بِأَرْضٍ فلا تَقْدَمُوا عليه، وإذَا وقَعَ بِأَرْضٍ وأَنْتُم بها فلا تَخْرُجوا فِرَاراً منه}[1]. واتە: ئەگەر بیستتان پەتا یەك لە شوێنێك هەیە بۆی مەچوون، ئەگەر لە شوێنێكیش پەیدابوو و ئێوەش لەوێ بوون نەكەن لەبەر نەخۆشیەكە ڕابكەن، لەوێ دەرمەچوون.

2- یەكێك لە وتە جوانەكانی عبدالله ی كوڕی عَباس(رضي الله عنهما).

لە سەردەمی پێشەوا عُثمان ئافرەتێك دوای شەش مانگ لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری منداڵێكی دەبێت، عُثمان ڕاوێژ بە هاوەڵان دەكات، عبدالله ی كوڕی عَباس فەرمووی: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًاۚ﴾ الأحقاف. واتە: ماوەی دووگیان بوونی دایك بە منداڵەكەوە و لە شیر بڕینەوەی سی مانگە، وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِۖ﴾ البقرة. واتە: دایكیان شیر دەدەن بە منداڵەكانیان دوو ساڵی تەواو كە دەكاتە بیست و چوار مانگ، كەواتە: دەگونجێت كەمترین ماوە بۆ دانانی كۆرپەڵە بە سەلامەتی شەش مانگ بێت. بۆیە بەهۆی ئەم بۆچوونە و ئەم وتە جوانەی عبدالله توانرا ئەوكێشەیە چارەسەر بكرێت و ئافرەتەكەش لە تاوانی زینا كردن و بەردباران كردن ڕزگاری ببێت[2].

3- هەندێك لە وتە جوانەكانی پێشەوا أبوبكر(رضي الله عنه) ئەو كاتەی بوو بە خەلیفە.

- (إني وُلِّيتُ أَمرَكُم و لَسْتُ بِخَيْرِكُم). واتە: من كاروباری ئێوەم گرتە دەست و لە ئێوەش باشتر نیم.

---

(1) البخاري، الرقم(5729)، ومسلم(2219)، عن ابن عباس(رضي الله عنهما).

(2) البدر المنير، ابن الملقن، ج.8، ص.132، وصححه الحافظ في التلخيص الحبير، ج.3، ص.219.

- **بەهێزترینتان لای من بێ هێزە تا مافی خەڵکی لێ وەردەگرمەوە، بێ هێزترینتان لای من بەهێزە تا مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە.**
- **ئەگەر چاکەم کرد یارمەتیم بدەن، و ئەگەر نارێك بووم ڕاستم بکەنەوە.**

4- **هەندێك لە وتە جوانەکانی پێشەوا عُمر**(رضي الله عنه).

- (حاسبوا أَنْفَسكُم قَبل أَنْ تُحاسبوا، وزِنوا أَعمالَكُم قَبل أَنْ توزَنوا). **واتە: حیساب لەگەڵ خۆتان بکەن پێش ئەوەی حیسابتان لە گەڵدا بکرێت، و کردەوەکانتان هەڵبسەنگێنن پێش ئەوەی لە تەرازوو بدرێن.**
- (من كَثر ضحكُه قَلّت هيبته، ومن مزح استخِفَّ به). **واتە: هەرکەسێك پێکەنینی زۆر بوو کەسایەتیەکەی کەم دەبێتەوە، ئەوەی زۆر گاڵتە بکات دەبێتە مایەی سووك بوونی.**
- (من كَثر كَلامه كَثر سقَطُه، ومن كَثر سقَطُه قَلَّ حياؤه، ومن قَلَّ حياؤه قَلَّ ورعه، ومن قَلَّ ورعه مات قَلْبه)[1]. **واتە: هەرکەسێك قسەی زۆر بوو هەڵەی زۆر دەبێت، ئەوەی هەڵەی زۆر بوو شەرمی کەم دەبێت، و ئەوەی شەرمی کەم بوو تەقوایی کەم دەبێت، و ئەوەی تەقوایی کەم بوو دڵی دەمرێت.**

5- **یەکێك لە وتە جوان و بە نرخەکانی عبداللە ی کوڕی عُمر**(رضي الله عنهما): (إذا أصبحت فلا تنتظر المساءَ، وإذا أمسيْتَ فلا تنتظر الصَّباح، وخُذْ من صحَّتك لمرضك، وفي حياتك لموتك)[2]. **واتە: ئەگەر بەیانیت داهات چاوەڕێی ئێوارە مەکە، ئەگەر ئێوارەت بەسەر داهات چاوەڕێی بەیانی مەکە، بگرە لە تەندروستیت بۆ کاتی ناساخیت، و لە ژیانت بۆ مردنت.**

6- **یەکێك لە وتە جوانەکانی پێشەوا محمدی کوڕی إدریسی شافیعی**(رحمه الله).

تَموت الأُسدَ في الغابات جوعاً　وَلَحمُ الضأن تَأكُلُه الكلابُ
وعبدٌ قَد ينام عَلى حريرٍ　وذو نَسبٍ مَفارشه التُرابَ[3]

(1) المصدر السابق، ص.149.

(2) البخاري، الرقم(6416).

(3) موسوعة الرقائق والأدب، ياسر الحمداني، ص.1070.

واتە: شێرەکان دە مرن لە ناو دارستانەکان لە برسان لە کاتێکدا گۆشتی مەڕیش سەگەکان دە یخۆن و لەوانە یە کۆیلە یەك لە سەر ئاوریشم بخەوێت و خاوەن نەژادێك ڕایەخەکەی خۆڵ بێت.

7- یەکێك لە وتە خۆشەکانی پشتیوانان(رضي الله عنهم).

عباس یەکێك بوو لە دیلەکانی جەنگی بەدر، هە ندێك لە هاوەڵانی پشتیوانان داوای مۆڵەتیان کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئازاد کردنی عَبّاس بە بێ بەرامبەر، لە بەر ئەوەی داپیری عَبّاس لە هۆزی نەجاریەکانی مەدینە بوو، بۆیە لە جیاتی بە پێغەمبەر بڵێن: دەمانەوێت مامی تۆ ئازاد بکەین وتیان: دەمانەوێت خوارزای خۆمان ئازاد بکەین، وەکو ڕێزێك نەوەك ببێتە منەتێك بەسەر پێغەمبەر[1] .

8- بەهۆی یەك قسەی خۆش کابرا بوو بە ئەهلی نوێژی جەماعەت.

نزیکەی حە فدە ساڵ بەر لە ئێستا لە مزگەوتی(مەعمەل) لە هەریر ئیمام بووم، ماڵەکەشمان مەسافەیەك لە مزگەوتەکە دوور بوو، بۆیە هەر جارەی دەچووم بۆ مزگەوت بە هەر شێوەیەك بێ هەوڵم دەدا هاوڕێیەك یان چەند هاوڕێیەك پەیدا بکەم بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچین بۆ نوێژی بە کۆمەڵ، یەکێك لە دراوسێیەکانم ناوی(کاك رسول) بوو، دیار بوو هەر لە ماڵ نوێژەکانی دەکردن، جارێکیان بە تەنیا دەڕۆیشتم بۆ مزگەوت، بە لای ماڵی کاك رسول تێپەڕیم، بینیم لە پێش دەرگاکەی ماڵی خۆیەتی، پێم وت: بۆ ناهێی بچین بەرەو بەهەشت؟ لە وەڵامدا وتی: من مەجالم نیە تۆ بڕۆ، لەو کاتەدا هاوسەرەکەی پێی دەڵێت: ئایە دەزانی مامۆستا چی وت؟ بۆ وتت مەجالم نیە؟ ئیتر کاك رسول دوای بیر کردنەوەی لە قسەکەی من، دیار بوو زۆر پێی کاریگەر بوو، بۆیە دوای ئەوە بوو بە ئەهلی مزگەوت و نوێژی بە کۆمەڵ بە شێوەیەك جاری وا هەبوو من مەجالم نە دە بوو بچم، ئەو هەر دەچوو، بە منی دەوت: ئەوە تۆ بۆ لە جەماعەت دیار نەبووی؟[2].

---

(1) السيرة النبوية، الصلابي، ج.2، ص.63.

(2) نووسەر.

التعاون

یارمەتیدان

پێناسەی یارمەتیدان

العَونُ لُغَةً: الظَّهيرُ عَلى أمرٍ، وَأعانَهُ عَلى شَيْءٍ.

واتە: وشەی(العون) لە زمانەوانیدا: پشت و پەناو و بەهێزبوونە لەسەر کار و فەرمانێك و یارمەتیدانە لەسەر شتێك.

دەوترێت: (استَعان فُلانٌ فُلاناً) واتە: فلان داوای یارمەتی کرد لە فلانە کەس[1].

وَفي الاصْطِلاح: هُوَ المُساعَدَةُ عَلى الحَقِّ ابْتِغاءَ الأجْرِ مِنَ اللهِ تَعالى[2]. واتە: وشەی (التعاون) لە زاراوەی شەرعدا: یارمەتیدانە لەسەر شتی ڕەوا و ڕاست بە مەبەستی بەدەست هێنانی پاداشت لە لایەن خودای گەورە.

چەند وتەیەکی زانایان دەربارەی هاوکاری کردن

1- عَطاءی کوڕی أبی رَباح(رحمه الله) دە فەرمویێت: دوای سێ ڕۆژ لە دیار نەبوونیان هەواڵی براکانتان بپرسن، ئەگەر نەساخ بوون سەردانیان بکەن، ئەگەر بە کارێك سەرقاڵ بوون یارمەتیان بدەن، ئەگەر کەوتبوونە بێ ئاگایی بە ئاگایان بێننەوە[3].

2- ابن تَیمیة(رحمه الله) دە فەرمویێت: ژیانی نەوەی ئادەم و گوزەرانیان لە دونیادا تەواو نابێت مەگەر بە یارمەتیدانی یەکتر نەبێت بە کردار و بە ڕەفتار[4].

3- أبو الحَسَنی عامیری(رحمه الله) دە فەرمویێت: یارمەتی یەکتردان لە سەر چاکە هۆکارێکە بۆ برایەتی و خۆشەویستی[5].

---

(1) مختار الصحاح، الرازي، ص.222.

(2) موسوعة الأخلاق، خالد بن جمعة الخراز، ص.441.

(3) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.2، ص.176.

(4) الفتاوى الكبرى، ابن تيمية، ج.6، ص.364.

(5) البصائر والذخائر، أبو حيان التوحيدي، ج.9، ص.148.

پله و پایه و سوودەکانی یارمەتیدان له() خاڵدا

1- یارمەتیدانی یەکتر بەجێگەیاندنی فەرمانی خودای گەروه یه، خۆی فەرموو یەتی: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ﴾ المائدة. واته: یارمەتی یەکتر بدەن له سەر چاکه و پارێزکاری.

2- یارمەتیدانی یەکتر سیفەتی بڕوادارانه.

خودای میهره بان فەرموو یەتی: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ﴾ التوبة. واته: پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار هەندێکیان یارمەتیدەری هەندێکیانن.

3- به هۆی یارمەتی یەکتری بڕواداره کان بەهێز ده بن، بۆ یه پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {المُؤْمِنَ لِلمؤمنِ كَالبُنْيان يشُدُّ بعضُه بعضاً}[1]. واته: بڕوادار بۆ بڕوادار وه کو خانووەکان وایه هەندێکی ئەوەیتر دەبەستێتەوه و توند و بەهێزی دەکات.

4- به هۆی هەستی یارمەتیدان بڕوا تەواو دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لَا يُؤْمِن أحَدُكُم، حَتَّى يُحِبَّ لأخيه ما يُحِبُّ لنَفْسِه}[2]. واته: بڕوای یەکێکتان تەواو نابێت تاوەکو بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت ئەو شتەی بۆ خۆی پێی خۆشه.

5- هەر کەسێك یارمەتی کەسێك بدات لەسەر چاکه خودای گەوره یارمەتی دەدات.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {مَن كانَ في حاجَة أخيه كانَ اللَّهُ في حاجته}[3].

واته: هەر کەسێك به یارمەتیدان پێداویستیەکی برا یەك جێبەجێ بکات خودای گەوره یارمەتی دەدات.

6- پێغەمبەری خودا(ﷺ) نزای بۆ ئەو هاوسەرانه کردووه که یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ خواپەرستی، دەفەرموێت: {رحم اللَّهُ رجلًا قامَ من اللَّيل فصلَّى وأيقظَ امرأتَه، فإن أبتْ نضحَ في وجهها الماء، رحمَ اللَّهُ امرأةً قامت من اللَّيلِ وَصلَّتْ وأيقظَتْ زَوجَها فإن أبَى نضحَتْ في وجهه الماء}[4]. واته: ڕەحمەتی خودا لەو پیاوەی که له شەو هەڵدەستێت و شەونوێژ دەکات و هاو سەرەکەی بەخەبەر دێنێت ئەویش نوێژ دەکات، ئەگەر

(1) البخاري، الرقم(6026)، ومسلم(2585)، عن أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه).

(2) البخاري، الرقم(13)، عن أنس(رضي الله عنه).

(3) البخاري، الرقم(2442)، ومسلم(2580)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما).

(4) أبو داود، الرقم(1450)، وغيره، عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن أبي داود.

هەڵنەستایەوە ئاو لە ڕوخساری دەرشێنێت، ڕەحمەتی خودا لەو ئافرەتەی کە لە شەو هەڵدەستێت و شەونوێژ دەکات و هاوسەرەکەی بەخەبەر دێنێت ئەویش نوێژ دە کات، ئەگەر هەڵنەستایەوە ئاو لە ڕوخساری دەرشێنێت.

7- بە هۆی یارمەتیدانی خەڵك موسڵمان خۆشەویست دەبێت لە لای خودا.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: { أحبُّ الناس إلى الله أنْفَعُهُمْ للنَّاس، وأحبُّ الأعمال إلى الله عزَّ وجلَّ سُرُورٌ يدْخلُه على مسلمٍ، أوْ يكْشفُ عنه كُرْبَةً، أوْ يقْضي عنه ديناً، أوْ تَطْرُدُ عنه جوَعًا}[1]. واتە: خۆشەویسترینی خەڵکی لە لای خودای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەموویان بە سوودترە بۆ خەڵك، و خۆشەویسترین کردەوە لە لای خودای گەورە بریتیە لە خۆشیەك بخرێتە دڵی موسڵمانیکەوە یان ناخۆشیەك لەسەری لادەبات یان قەرزێکی بۆ دەداتەوە یان برسێتیەکی لەسەر لادەبات.

8- لەبەر پلەو و پایەی یارمەتیدانی خەڵك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ولأنْ أَمْشيَ مع أَخٍ لي في حاجَة أحبُّ إِلَيَّ من أنْ أعْتكفَ في هذا المسجد شهراً}[2]. وا تە: ئە گەر لە گەڵ برایێکم دەربچم بۆ ئەوەی پێویستیەکی بۆ جێبەجێ بکەم خۆشەویسترە لەلام لەوەی یەک مانگ لە مزگەوتەکەی خۆم ئیعتیکاف بکەم.

9- ئەو کەسەی یارمەتی کە سێك بدات بە هۆ یەوە قا چەکانی لە سەر پردی سیرات ڕاگیراو دەبن و ناکەوێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {ومَنْ مَشَى مع أَخيه في حاجَة حتى تتهَيَّأَ له أَثْبَتَ اللهُ قَدَمَهُ يومَ تَزولُ الأَقْدَام}[3]. واتە: هەر کەسێك لەگەڵ برایەکی خۆیً بڕوات بۆ کارێك تا بۆی جێبەجێ دەبێت خودای گەورە قا چی جێگیر دە کات لەو ڕۆژەی قا چەکان دەخلیسکێن.

---

(1) الطبراني في المعجم الأوسط، الرقم(6026)، عن عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(906).

(2) المصدر السابق.

(3) المصدر السابق.

چەند بەسەرهاتێك دەربارەی یارمەتیدانی یەكتر

1- كاتێك خودای گەورە فەرمانی بە موسی(عليه السلام) كرد، پێی فەرموو: ﴿ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾ طه. واتە: برۆ بۆ لای فیرعەون چونكە بەڕاستی لە سنوور دەرچووە و یاخی بووە: ﴿قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ۝ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ۝ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى ۝ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ۝ وَٱجْعَل لِّى وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِى ۝ هَٰرُونَ أَخِى ۝ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِى ۝ وَأَشْرِكْهُ فِىٓ أَمْرِى﴾ طه. واتە: موسا فەرمووی خودایە دڵ و دەروونم فراوان بكە و ئیش و كارم ئاسان بكە و گرێی زمانم بكەوە، بۆ ئەوەی لە قسەكانم تێبگەن و لە كەسوكاری خۆم كەسێك بكە بە پشتیوانم، كە هارونی برامە، پشتمی پێ قایم بكە و بیكەرە هاوبەشم لە كارەكانمدا لە گەیاندنی پەیامی خودا.

2- كاتێك خودای گەورە فەرمانی بە إبراهیم(عليه السلام) كرد بە دروستكردنی كەعبەی پیرۆز، ئەویش ئەم هەواڵەی دا بە كوڕە كەی خۆی إسماعیل(عليه السلام)، ئەوەبوو إسماعیل هاوڕابوو لەسەر یارمەتی باوكی وەكوشاگردێك لە بەردەستی كار بكات، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَـٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ البقرة. واتە: بیر بكەرەوە كاتێك إبراهیم و إسماعیل بناغەی كەعبەیان بەرزكردەوە دەیانوت: پەروەردگارمان چاكەكانمان لێ وەربگرە، هەر تۆی زۆر بیسەری زانا.

3- نموونەیەك لە یارمەتیدانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ هاوەڵان.

هاوەڵی بەڕێز بَرّاءی كوڕی عازِب(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە دە فەرموێت: لە جەنگی(خَندَق) لە كاتی هەڵكەندنی چاڵ پێغەمبەری خودا لەگەڵ هاوەڵان بە شداربوو لە كاركردن بە شێوەیەك خۆڵ و تۆز پێستی سكی پیرۆزی داپۆشی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەرزكردنەوەی ورەی موسڵمانان دەیفەرموو: {اللهُمَّ لَولَا أنتَ ما اهتَدينا، ولَا تَصدَّقْنا ولَا صلَّينا، فأَنْزِلَنْ سَكينةً علَيْنا، وثبِّت الأقْدامَ إنْ لاقَينا، إنَّ الأُلَى قد بغَوا علَينا، وإنْ أرادوا فتنةً أبَينا}(1). واتە: خودایە ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئێمە هیدایەتمان نەدەبوو، و بەخشینمان نەدەكرد و نوێژمان نەدەكرد، خودایە دڵنەوایی خۆتمان بە سەردا دابەزێنە، قا چەكانمان

(1) البخاري، المصدر السابق(7236)، ومسلم(1803).

جێگیربکەیت ئەگەر ڕوو بەڕوو بووینەوە لەگەڵیان، ئەوا نە دژی ئێمە وەستاون، خۆ ئەگەر ئاژاوەیان ویست ئێمە ڕێگریان لێ دەکەین.

هاوەڵانیش(رضي الله عنهم) دەیانوت: (نَحْنُ الَّذين بايعوا مُحَمَّدًا ... علَى الإسْلَام ما بَقينا أبدا). واتە: ئێمە پەیمان مان داوە بە محمد(ﷺ) لەسەر ئیسلام تا ماوین لە ژیاندا.

پاشان پێغەمبەری خودا دەیفەرموو: {اللهُـمَّ لا عَـيْشَ إلا عَـيْشُ الآخـرَة... فاغْفِرْ للأنْصار والْمُهاجرَة}[1]. واتە: خودایە ژیان ژیانی ڕۆژی دوایە، خۆش بە بە لە پشتیوانان و کۆچبەران.

4- نموونەیەکیتر لە هاوکاری پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵان(رضي الله عنهم).

دوای ئەوەی پێغەمبەری خودا لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە، یەکەم کار کە کردی بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، دوای دیاری کردنی شوێنەکە هاوەڵان بە گشتی بەشدار بوون لەم کارە و پێغەمبەری خودا بە خۆی بەشدار بوو لە هاوکاری کردن یان بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان، دەیفەرموو: {اللهُـمَّ لا خَيْرَ إلا خَيْرَ الآخـرَة... فاغْفِرْ للأنْصار والْمُهاجرَة}[2].

5- نموونەیەك لە هاوکاری پێشەوا أبوبكر(رضي الله عنه).

پێش ئەوەی أبوبكری صدیق ببێت بە خەلیفە هاوکاری زۆری ماڵە هەتیوو و هەژارەکانی دەکرد بە دەستی خۆی، بۆ نموونە: دەچوو بزن و مەڕ و وشتری بۆ دەدۆشین، هەڵبەتە: ئەو سەردەمە لە ناو عەرەبان دابونەریت وا بوو پیاوەکان ئاژەڵیان دەدۆشی، نەك ئافرەتەکان. دوای ئەوەی أبوبكر بوو بە خەلیفە، یەکێك لە کچە هەژارەکان بە خەمەوە دەیوت: تازە أبوبكر گەورە بوو، چیتر هاوکاریمان ناکات. کاتێك أبوبكر ئەمەی بیست، فەرمووی: من هەروەکو جارانم، ئومێدەوارم ئەم کارەی خەلیفایەتی کاریگەری لەسەرم نەبێت و نەگۆڕێم[3].

---

(1) البخاري، الرقم(375)، ومسلم(1805).

(2) المسلم، الرقم(1524).

(3) موسوعة الأخلاق والزهد والرقائق، ياسر عبدالرحمن، ج.2، ص.357.

الابتسامة

زەردەخەنە

پێناسەی زەردەخەنە

الإِبْتِسامَةُ: هِيَ الضَّحْكُ القَليلُ مِنْ غَيْرِ صَوتٍ، ورُبَّما تَبْدو مَعَها أسنانُ المُبْتَسِمِ[1].

واتە: زەردەخەنە: پێکەنینێکی کەمە بە بێ دەنگی، جاری واش هە یە: ئەو کە سەی زەردەخەنە دەکات ددانەکانی دەردەکەوێت.

التَّبَسُّمُ: أَقَلُّ الضّحْكِ وَأَوَّلُهُ، وَيَحْصُلُ بِفَتْحِ الإِنْسانِ شَفَتَيْه[2].

واتە: زەردەخەنە کەمترینی پێکەنینە و سەرەتاکەیەتی، ئەمەش بەوە دێتە دی بە کردنەوەی هەردوو لێوەکانی.

زەردەخەنە بریتیە لە پێکەنینێکی سووك و دەربڕینی بە بێ دەنگی بە ڕووێکی گەشاوە و خۆش، بە مەبەستی دڵخۆشکردنی کەسی بەرامبەر، یان بە هۆی بیستنی وەتەیەك یان هەواڵێکی خۆش یان بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و هەست و سۆزی کەسانی تر یان بە هۆی بیرکردنەوە یان دیمەنێکی خۆش و دڵ ڕفێن، کە ئەمەش شتێکی سرووشتیە خودای گەورە دایناوە لە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی[3].

(1) المجموع شرح المهذب، النووي، ج.4، ص.100.

(2) التعريفات، الجرجاني، ص.51.

(3) نووسەر.

پلە و پایە و سوودەکانی زەردەخەنە و ڕووخۆشی لە( ) خاڵدا

1- یەکێك لە سیفەتی ئەهلی بەهەشت زەردەخەنەیە.

خودای گەورە لە با سی بەهە شتیەکان دە فەرموێت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ۝ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ۝﴾ عبس. واتە: لەو ڕۆژەدا ڕۆژی دوا یی زۆر ڕوخسار گەش و جوانن، دەم بە پێکەنینن و شادمانن.

2- لەبەر پلە و پایەی زەردەخەنە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {لا تحقرنَّ من المعروف شيئًا، ولو أنْ تلْقَى أخاكَ بوجْه طلْق}[1]. واتە: هیچ شتێك لە چاکە بە کەم مەزا نە، ئەگەر تەنها ڕووگەشیەکیش بێت بە ڕووی براکەتدا.

3- بە زەردەخەنەبوون یەکێکە لە دیارترین ڕەوشتەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ).

عبداللە کوڕی الحارث(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (ما رأيتُ أحدًا أكثر تبسُّما من رسول اللَّه)[2]. واتە: هیچ کەسم نەبینیوە لە پێغەمبەری خودا زیاتر بە زەردەخەنەبێت.

4- زەردەخەنە و ڕووخۆشی سیفەت و ڕەوشتی هاوەڵان بووە.

کاتێك لە جابری کوڕی سَمُرَة(رضي الله عنه) پرسیار دە کەن: ئا یە تۆ لە مەجلیسی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دادەنیشتی؟ فەرمووی: بەڵێ زۆریش، پێغەمبەری خودا هەمووجار دوای نوێژی بەیانی لە شوێنی نوێژکردنە کەی دەما یەوە تا ڕۆژهە ڵدەهات، دوای ئەوە هەڵدەستا، دەفەرموێت: هاوەڵان لە گەڵی دادەنیشتن و با سی سەردەمی نەفامییان بۆ یەکتر دەکرد، ئەوجا زەردەخەنەیان دەکرد و پێدەکەنین[3].

5- هەر زەردەخەنەیەك چاکەیەکە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {تَبَسُّمُكَ في وَجْه أَخيكَ لَكَ صَدَقَةٌ}[4]. وا تە: زەردەخەنەت لە ڕووی براکەت چاکەیەکە.

---

(1) المسلم، الرقم(2626)، عن أبي ذر الغفاري(رضي الله عنه).

(2) الترمذي، الرقم(3641)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

(3) المسلم، الرقم(670).

(4) الترمذي، الرقم(1956)، وغيره، عن أبي ذرالغفاري(رضي الله عنه)، وصححه الألباني في سنن الترمذي.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و زانایان لەسەر زەردەخەنە

1- جَر یری کوڕی ع بدالله(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (ما رآني رسولُ الله(ﷺ) إلا تَبسَّم)[1]. واتە: هەرگیز پێغەمبەری خودا(ﷺ) منی نەبینیوە مەگەر زەردەخەنەی بە ڕوومدا کردبێت.

2- سُفیانی کوڕی عُیَیْنَة(رحمه الله) دە فەرموێت: (یا بني إنَّ البرَّ شَيء هيِّنٌ: وجه طَلِق وكَلام لَيِّنٌ)[2]. واتە: ئەی کوڕی خۆم بێگومان چاکە شتێکی ئاسانە: ڕوو گەشی و قسەی نەرمە.

3- ا بن البَ طّال(رحمه الله) دە فەرموێت: (أنَّ لِقاء النَّاسِ بالتَّبسُّم، وطَلاقَة الوجه، من أَخلاق النُّبوَّة، وهو منافٍ لِلتَّكَبُّر، وجالب لِلْمودَّة)[3]. واتە: بە ڕاستی گەیشتن بە خەڵک بە زەردەخەنە و ڕوو گەشی لە ڕەوشتی پێغەمبەرایەتیە، ئەو پێچەوانەیە لە گەڵ خۆ بە زل زانین، و مایەی بەدەستهێنانی خۆشەویستیە.

4- ابن حِبّان(رحمه الله) فەرموویەتی: (البَشاشَةُ إدامُ العلَماء)[4]. واتە: ڕوو گە شی و ڕوو خۆشی پێخۆری زانایانە.

---

(1) البخاري، الرقم(3035).

(2) أدب الدنيا والدين، الماوردي، ص.201.

(3) فتح الباري، العسقلاني، ج.5، ص.193.

(4) روضة العقلاء، ابن حبان، ص.75.

چەند نموونەیەك لە زەردەخەنە و پێكەنینی پێغەمبەری خودا(ﷺ)

1- سَعدی كوڕی أبی وَقّاص(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێكیان عُمری كوڕی خَطّاب لە كاتی سەردانی بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی كرد، لەو كاتەدا پێغەمبەری خودا چەند ئافرەتێكی لە لابوو، بە دەنگی بەرز گفتوگۆیان لە گەڵ پێغەمبەری خودا دەكرد، كاتێك گوێیان لە دەنگی عُمر بوو، خێرا باشتر خۆیان داپۆشی، كاتێك عُمر چووە ژوور و بینی پێغەمبەری خودا پێدە كەنێت، وتی: خودا هەردەم دڵخۆشت بكات ئەی پێغەمبەری خودا، پێغەمبەری خودا فەرمووی: {عَجِبْتُ من هؤلاء اللاتي كُنَّ عندي، فَلَمَّا سَمِعْنَ صَوْتَكَ ابْتَدَرْنَ الحجابَ}. واتە: زۆرلام سەیر بوو ئەو ئافرەتانە لە لای من بوون، كاتێك دەنگی تۆیان بیست خێرا خۆیان داپۆشی. عُمر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ شایستەتری كە سام و هەیبەتت لێ بكەن. پاشان عُمر ڕووی كردە ئافرەتەكان پێی وتن: ئەی دوژمنانی نەفسی خۆتان، ئێوە چۆن لە من دەترسن و لە پێغەمبەر ناترسن؟ وتیان: تۆ قسە ڕەق و توندی، ئەوكات پێغەمبەری خودا فەرمووی: { إيهًا يا ابْنَ الخَطَّاب، والذي نَفْسي بيده ما لَقِيَكَ الشَّيْطَانُ سالكًا فَجًّا قَطُّ، إلا سَلَكَ فَجًّا غير فَجِّكَ}[1]. واتە: وازبێنە كوڕی خَطّاب، سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە هەر ڕێگایەك بگریتە بەر شەیتان جگە لە ڕێگاكەی تۆ ڕێگایەكیتر دەگرێتە بەر.

2- عبدالله ی كوڕی مسعود دەفەرموێت: جارێكیان یەكێك لە زانا كانی جوولە كە هاتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)، وتی: ئەی محمد ئێمە لە پەرتۆكەكان بینیوما نە كە خودای گەورە ئاسمانەكان لەسەر یەك پەنجە دادەنێت و زەویش لە سەر یەك پەنجە و چیاكان لە سەر یەك پەنجە و درەختەكان و ڕووبارەكان لە سەر یەك پەنجە و هەموو درووستكراوەكانیتر لەسەر یەك پەنجە دادەنێت، ئەوجا دەفەرموێت: من پادشام. لەو كاتەدا پێغەمبەری خودا پێكەنی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴿٦٧﴾﴾ الزمر.

3- أبو هُرَيرَة(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێكیان ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) دانیشتبووین، پیاوێك هات وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بە هیلاك چووم.

---

(1) البخاري، الرقم(3294).

پێغەمبەری خودا فەرمووی: چیتە؟. کابرا وتی: لە گەڵ هاو سەرەکەم جووت بووم و بەڕۆژووش بووم. پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئایە دە توانی کۆیلە یەك ئازاد بکەی؟. کابرا وتی: نەخێر. پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئا یە دە توانی دوو مانگ لە سەر یەك بەڕۆژوو بیت؟. کابرا و تی: نەخێر. پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئا یە دە توانی خواردن بدەی بە شێست هەژار؟، کابرا وتی: نەخێر، أبو هُرَیرَة دە فەرموێت: ئێمە بەم شێوەیە لەم بارودۆخە دابووین، هێندەی نەبرد سەبتەیەکی گەورەی پڕ لە قە سپیان هێنا بەردەستی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: کوا ئەو کە سەی پرسیارەکەی کرد؟. کابرا وتی: من بووم، فەرمووی: ئەمە بگرە و بیبەخشە. کابرا وتی: جا دەبێت کێ لە من هەژار تر بێت ئەی پێغەمبەری خودا، سوێند بە خودا لەم شارە کەس لە من هەژارتر نیە، أبو هُرَیرَة دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا پێکەنی بە شێوەیەك ددانەکانی پیرۆزی بە د یار کەوتن. پاشان بە کابرای فەرموو: {أَطْعِمْهُ أَهْلَكَ}(1). واتە: بیدە بە خێزانەکەت.

4- أنس ی کوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ناو ئێمەدا بوو، لە ناکاو کەمێك بە چاو لە خەو ڕا چوو، پا شان سەری بەرز کردەوە بە زەردەخەنەوە، پێمان وت: بەچی پێدەکەنی ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: {أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آنفاً سورةٌ}. واتە: کەمێك پێش ئێستا سورەتێکم بە سەردا دا بەزی. بریتی بوو لە سورەتی(الكَوْثَر). سورەتەکەی خوێندەوە، پا شان فەرمووی: {أَتَدرونَ ما الكَوثر؟}. واتە: ئایە دەزانن کەوسەر چیە؟ وتمان: خودا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: {فإنَّه نَهْرٌ وعَدَنيه ربِّي عزَّ وجلَّ، عليه خيرٌ كثيرٌ، هو حوضٌ تَرِدُ عليه أُمَّتي يوم القيامَة، آنيتُه عددُ النُّجوم، فيُختلَجُ العبدُ منهم، فأقولُ: ربِّ، إنَّه من أُمَّتي فيقولُ: ما تَدْري ما أَحدَثَ بعدَكَ}(2). واتە: کەوسەر ڕووبارێکە خودا بەڵێنی پێداوم کە بە من بدات، خێرێکی زۆری لەسەرە، ئەویش حەوزەکەیە لەوێ ئوممەتەکەم دێن بۆ لام لە دوارۆژدا، پەردا غەکانی بە قەد ژمارەی ئە ستێرەکانە، لەو کا تەدا یەکێك لە بە ندەکان جـ یا دەکرێتەوە و دوور دەخرێتەوە، منیش دەڵێم: ئەی پەروەردگارم ئەمەشیان لە ئو ممەتی منە، دە فەرموێت: تۆ نازانی لە دوای تۆ چی کردووە.

زانایان فەرموویانە: مەبەست ئەوەیە:

---

(1) البخاري، الرقم(1838).

(2) المسلم، الرقم(400).

- له ئاینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە.
- یان له جیاتی سوننەت كاری به بیدعه كردووه.
- یان تاوانێكی زۆر گەورەی ئەنجامداوە، بۆیه دەبێت سزاكەی وەربگرێت.

5- دایكی بڕواداران عائشة(رضي الله عنها) دەگێڕێتەوه دەفەرموێت: جارێكیان له گەشتێكدا لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەرچووم، من ئەوكات ئافرەتێكی لاواز و سووك بووم، له ناكاو پێغەمبەری خودا به خەڵكەكەی فەرموو: بڕۆن بەرەو پێش. ئەوانیش هەموویان ڕۆیشتن، پاشان پێی وتم: وەره با پێشبڕكێیەكت لەگەڵدا بكەم. پێشبڕكێیەكمان كرد، من بردمەوه لە بەر ئەوەی پێشبڕكێیەكه ڕاكردن بوو، منیش ئەوكات سووكتر بووم، ئەمه له نێوانمان به بێ دەنگی مایەوه، تا من قەڵەوتر بووم، پاش ماوەیەك من هەر له بیرم نەما بوو، ئەوەبوو جارێكیتر گەشتێكمان ئەنجامدا، به خەڵكەكەی فەرموو: بڕۆن بەرەو پێش. ئەوانیش هەموویان ڕۆیشتن، پاشان پێی وتم: وەره با پێشبڕكێیەكت لەگەڵدا بكەم. منیش پێشبڕكێیەكەم له گەڵی ئەنجامدا، بەڵام ئەمجارەیان به هۆی ئەوەی من گۆشتن و قەڵەو ببووم، له پێشبڕكێیەكه ئەو پێش من كەوت و بردییەوه و پێدەكەنی و دەیفەرموو: {هذه بتلْكَ}[1]. واته: ئەمه بەرامبەره به بردنەوەكەی ئەوجار.

6- أنس ی كوڕی مالك(رضي الله عنه) دەفەرموێت: جارێكیان له خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) بووین، له ناكاو پێكەنی، پاشان فەرمووی: {هَلْ درونَ ممَّ أَضْحَكُ؟}. واته: ئایه دەزانن من به چی پێدەكەنم؟. ئێمەش وتمان: خودا و پێغەمبەره كه زاناترن، فەرمووی: به گفتوگۆی نێوان بەندەیەك لەگەڵ پەروەردگاری، بەندەكه دەڵێت: ئەی پەروەردگارم مەگەر تۆ مننەت دڵنیا نەكردەوه له وەی ستەمم لێ ناكەی؟ خودای گەورەش دەفەرموێت: بەڵێ، بەندەكه دەڵێت: كەواته من جگه له شاهیدێك له خۆم كەسیتر به شاهید وەرناگرم، ئەوكات خودای گەوره پێی دەفەرموێت: نەفسی خۆت و فریشتەكان كه كردەوەیان تۆمار كردووه بەسن بۆ شاهێدی، ئینجا ختم دەدرێت له سەر دەمی، پاشان به ئەندامەكانی دەوترێت: به قسه وەرن و شاهێدی بدەن، ئەوانیش

(1) رواه أحمد، الرقم(26320)، وأبي داود(2578)، وغيره، وصححه الألباني في سنن أبي داود(2578).

شاهێدی دەدەن لە سەر کردەوە کانی، پا شان زمانی دەکرێتەوە بۆ قسە کردن، و بە ئەندامەکانی دەڵێت: دەك لە ناو بچن، من لە پێناو ئێوەدا بەرگری و گفتوگۆم دەکرد[1].

كَظْمُ الغَيْظِ

قووتدانەوەی تووڕەیی

پێناسەی قووتدانەوەی تووڕەیی

الكَظْمُ لُغَةً: الإِمْساكُ، وَأَصْلُ الكَظْمِ: حَبْسُ الشَّيْءِ عَنْ امتِلائِهِ. وَيُقالُ: كَظَمْتُ الغَيْظَ إِذا أَمْسَكْتَ عَلى ما فِي نَفْسِكَ مِنْهُ.

الكظم: لە زمانەوانیدا: خۆگرتنە، ئەصلەکەی: بەندکردنی شتێکە لە پڕ بوون. دەوترێت: تووڕەبوونەکەم قووتدا ئەگەر ئەوەی لە دەروونتدا هەبوو گرتت دەرت نەبڕی لە تووڕەبوونەکەت.

وَالغَيْظُ لُغَةً: الغَضَبُ، وَقِيلَ: هُوَ أَشَدُّ مِنَ الغَضَبِ[2].

واتە: وشەی(الغَيْظُ) لە زمانەوانیدا: تووڕەبوونە. وتراوە: (الغَيْظُ) بەهێزترە لە الغَضَب.

وَمَعنى كَظْمُ الغَيْظِ اصطِلاحاً: هُوَ تَجَرُّعُهُ وَالصَّبْرُ عَلَيْهِ[3].

واتە: (كَظْمُ الغَيْظِ) لە زاراوەی شەرعدا: قووتدانەوەی تووڕەییە و ئارامگرتنە لەسەری.

ابنُ عَطِيَّة دەڵێت: (كَظْمُ الغَيْظِ): رَدُّهُ فِي الجَوْفِ إِذا كادَ أَنْ يَخْرُجَ مِنْ كَثْرَتِهِ، فَيُضْبِطُهُ وَمَنَعَهُ[4].

واتە: (كَظْمُ الغَيْظِ): گێڕانەوەی تووڕەبوونە لە بۆشایی ناو سینگ ئەگەر نزیك بوو دەربچێت لەبەر زۆری، ئەو کات ڕێکی دەخات و ڕێگری لێ دەکات.

---

(2) المسلم، الرقم(2969).

(1) لسان العرب، ابن منظور، ج.12، ص.519، ج.7، ص.450.

(2) فتح الباري، العسقلاني، ج.1، ص.179.

(3) المحرر الوجيز، ابن عطية الأندلسي، ج.3، ص.233.

پله و پایه و سوودەکانی قووتدانەوەی تووڕەیی لە( ) خاڵدا

1- قووتدانەوەی تووڕەیی سیفەتی تەقودارانە و هۆکاری چوونە بەهەشتە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣٤﴾ آل عمران. واتە: پەلە بکەن بە کرداری چاك بۆ لێخۆشبوونێك لە لای پەروەردگارتان و بۆ بەهەشتێك کە پانییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەویە ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران، ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە خۆشی و ناخۆشیدا لە هەرزانی و گرانیدا، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و لە خەڵکی دەبوورن، و خودای گەورەش چاکەکارانی خۆش دەوێت.

2- تووڕەنەبوون بەجێگەیاندنی ئامۆژگاری پێغەمبەرە(ﷺ).

أبو هُرَيرَة دە فەرموێت: پیاوێك داوای ئامۆژگاری لە پێغەمبەر کرد، پێغەمبەر پێی فەرموو: تووڕە مەبە. جا پیاوەکە چەند جار داوای لێ کرد و هەر دەیفەرموو: تووڕە مەبە[1].

3- قووتدانەوەی تووڕەیی سەرکەوتنە بەسەر شەیتان.

أنس(رضي الله عنه) دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە لای خەڵکێك تێدە پەڕی زۆرانبازیان دە کرد، فەرمووی: ئەمە چییە؟. وتیان: پیاوێکە لە گەڵ هەر یەکێك زۆرانبازی بکات لێی دەبا تەوە، فەرمووی: {ألا أدُلُّكم على مَن هو أشَدُّ منه؟ رجلٌ ظَلَمه رَجُلٌ، فكَظم غَيظَه فغَلَبَه، وغَلَبَ شَيطانَه، وغَلَبَ شيطانَ صاحبه}[2]. واتە: ئایە پێتان بڵێم چ کەسێك لەمە بەهێزترە؟ پیاوێکە لە لایەن پیاوێکیترەوە ستەمی لێ کراوە، تووڕەیی خۆی قووتداوە، بەم هۆیەوە سەرکەوت بەسەریدا و بەسەر شەیتانەکەی خۆی و شەیتانی هاوڕێیەکەی.

4- بەهێز ئەو کەسەیە لە کاتی تووڕەبووندا خۆی ڕابگرێت ئارمی هەبێت.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ليسَ الشَّديدُ بالصُّرَعَة، إنَّما الشَّديدُ الذي يَمْلِكُ نَفْسَه عِنْدَ الغَضَبِ}[3]. واتە: بەهێز ئەو کەسە نیە کە سەردەکەوێت بە سەر کەسانیتر،

---

(1) البخاري، الرقم(6116).

(2) رواه البزاز في كشف الأستار، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة(3295).

(3) البخاري، الرقم(6114)، ومسلم(2609)، عن أبي هريرة(رضي الله عنه).

بەڵكو بەهێز ئەو كەسەیە لە كاتی تووڕبوو ندا خۆی دەگریێت و تووڕبوونە كەی جێ بەجیێ ناكات.

5- گەورەترین پاداشت لە قووتدانەوەی تووڕەبووندایە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {ما من جَرعة أعظمُ أجراً عندَ اللَّه، من جَرعة غيظ كظَمها عبدٌ ابتغاءَ وجه اللَّه}[1]. وا تە: هیچ قووتدانەوە یەك پادا شتی گەورەتر نیە لە پاداشتی قووتدانەوەی تووڕەبوونی بەندەیەك لە پێناو خودا.

6- هۆكاری بەدەستهێنانی پەریەكانی بەهەشتە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {من كَظَم غيظًا وهو قادرَ على أن ينفِّذَه دعاه اللهُ عزَّ وجلَّ على رؤوسِ الخلائقِ يومَ القيامة حتى يُخَيِّرَه اللهُ من الحُور ما شاءَ}[2]. وا تە: هەر كەسێك تووڕەبوونی خۆی قووتبدا تەوە لە كاتێكدا دەیتوانی جێبەجێی بكات، خودای گەورە بانگی دەكات لە دواڕۆژدا لەسەر سەری درووستكراوەكانی تاوەكو لە حۆریەكان هەڵبژێرێت بە ئارەزووی خۆی.

---

(1) ابن ماجة، الرقم(3396)، وغيره، عن ابن عمر(رضي الله عنهما)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

(2) أبو داود، الرقم(4777)، وغيره، عن سهل بن معاذ بن أنس الجهيني عن أبيه(رضي الله عنهم)، وصححه الألباني في سنن الترمذي(2021).

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی قووتدانەوەی تووڕەیی

1- پێشەوا عُمر(رضي الله عنه) دە فەرموێت: (من خاف الله لم يشف غيظه، ومن اتَّقى الله لم يصنع ما يريد)[1]. واتە: ئەوەی لە خودا بترسێت تووڕەبوونە کەی دەرنا خات، ئەوەی پارێزکار بێت هەرچی بیەوێت نایکات.

2- پێشەوا علی(رضي الله عنه) دەفەرموێت: (دم على كَظْمِ الغَيظ تُحمدْ عواقِبكَ)[2]. واتە: بەردەوام بە لە سەر قووتدا نەوەی تووڕ بوون بەو هۆ یەوە ستایشی سەرەنجامەکانت دەکرێت.

3- ا بنُ ع بدالبَر(رحمه الله) فەرموو یەتی: (من كَظَم غيظه وردَّ غيظه، أخزى شيطانه، وسلَّمت مروءته ودينه)[3]. واتە: هەر کەسێك تووڕەبوونی خۆی قووتبداتەوە و بیگێڕێتەوە، شەیتانەکەی خۆی خەجاڵەت کردووە، کەسایەتیەکەی و ئاینەکەی خۆی پاراستووە.

4- ا بن عا شور(رحمه الله) فەرموو یەتی: (كَظْم الغيظ أي: إمساكه وإخفاؤه حتَّى لا يظْهر عليه)[4]. واتە: قووتدانەوەی تووڕەیی واتە: گرتنەوەی تووڕەبوون و شاردنەوەی تاوەکو بە شێوەیەك کە لەسەر کەسەکە دیارنەبێت.

5- ا بن عَبّاس(رضي الله عنهما) فەرموو یەتی: خودای گەورە فەرموو یەتی: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَۚ ﴿٩٦﴾﴾ المؤمنون. مەبە ست ئارامگرتنە لە کاتی تووڕە بوون و لێبووردنە لە کاتی هەڵەکان، جا ئەگەر موسڵمانان وا یان کرد گەورە دە بن لە بەر چاوی دوژمنەکانیان، و ملکەچیش دەبن بۆ موسڵمانان[5].

6- ا بن حَ جَر(رحمه الله) فەرموو یەتی: بیرکرد نەوە و ئا مادەکردنی پ لە و پا یەی قووتدانەوەی تووڕەیی و لەبەر چاوگرتنی هۆکارێکە بۆ تووڕەنەبوون[6].

---

(1) أحكام القرآن، الجصاص، ج.2، ص.48.
(2) روض الأخيار، الأماسي، ص.342.
(3) التمهيد، ابن عبدالبر، ج.7، ص.250.
(4) التحرير والتنوير، ابن عاشور، ج.4، ص.91.
(5) فتح الباري، العسقلاني، ج.10، ص.521.
(6) المصدر السابق.

چەند بەسەرهاتێك لەسەر تووڕەنەبوون

1- أ نس ی کوڕی ما لك(رضي الله عنه) دەگێڕێ تەوە دە فەرموێت: جارێك یان من لە شوێنێك لەگەڵ پێغەمبەری خودا دەڕۆیشتم، پۆشاكێكی نەجرانی ئەستووری لەسەر شان بوو، كابرایەكی دە شتەكی هات، پۆ شاكەكەی گرت و زۆر بە تو ندی ڕایكێشا، پا شان وتی: فەرمان بكە تا لەوماڵەی خودا كە لە لاتە بە شێكم پیّ بدرێت. أ نس دە فەرموێت: تەماشام كرد ڕاكێشانی پۆ شاكەكە ئەو ندە كاریگەری هەبوو شوێنەواری لە سەر م لی پێغەمبەری خودا دیار بوو، كەچی كاتێك ئاوڕی لە كابرا دا یەوە نەك هەر تووڕە نەبوو بەڵكو بە زەردەخەنەیەكەوە فەرمانی كرد كە یارمەتی پیّ بدرێت[1].

2- دان بە خۆداگرتنی پێغەم بەری خودا(ﷺ) لە كاتی عادز كرد نی و ئازاردانی لە لایەن خەڵكی(طائِف). جارێكیان دایكی بڕواداران عائشة لە پێغەمبەری پرسی: ئا یە هیچ ڕۆژێك ناخۆشترت بە سەر هاتووە لە ڕۆژی جەنگی أُ حُد؟ فەرمووی: ‌بەڵێ‌، ئینجا باسی ئەو كاتەی كرد كە خەڵكی طائِف چیان بە سەر هێنا لە دەركردن و بیّ فەرمانی كردن و بەردباران كردن و بری نداربوونی، دەڵێت: دوای ئەوە جِبر یل(عليه السلام) هات و فەرمووی: خودای گەورە ئا گادارە و ئەوەی پێیان و تی بیستی، ئێستاش فریشتەی كێوەكانی ناردووە، چۆن و بە چی حەز دە كەی فەرمانی پیّ بكە، ئەوكات فریشتەی كێوەكان فەرمووی: ئەگەر حەز دەكەی فەرمان بكە تا ئەم دوو چیایە بە سەریاندا بدەم، كە چی لە وەڵا مدا فەرمووی: **{بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً}**[2]. واتە: بەڵكو ئومێدەوارم خودای گەورە وەچەیەك لە پشتیان بخا تەوە خودا بەتەنیا بپەرستن و هاوبەشی بۆ ئەنجام نەدەن.

3- نموونەیەك لە قووتدانەوەی تووڕەیی لە لایەن پێشەوا عُمر(رضي الله عنه).

عبداللە ی كوڕی عَبّاس دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: عُيَيْنَة ی كوڕی حِصْن بە میوا نداری هاتە لای الحُرُّ كوڕی قَيْس ی برازای، كە لە لای عُمر بوو، ها تە مەجلیسی عُ مر، عیینە بە عُمری وت: ئەی كوڕی خَطّاب تۆ هەرگیز زۆرمان پێنادەی لەوەی لەبەر دە ستت دا یە، و لە حوكمڕانیشدا دادپەروەر نیت. بەم قسەیە عُمر تووڕەبوو، بەڵام كاتێك ا لحُرُّ كوڕی قَيْس فەرمووی: ئەی ئەمیری بڕواداران خودای گەورە بە پێغەمبەرە كەی دە فەرموێت:

---

(1) البخاري، الرقم(3149)، ومسلم(1057).

(2) البخاري، الرقم(3231).

﴿خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴿١٩٩﴾﴾ الأعراف. واته: دەست بگره به لێبووردەیی و فەرمان بکه به چاکه و ڕوو وەرگێره له نەفام و نەزانان. وتی: ئەی عُمر ئەم کابرا یەش له نەفام و نەزانەکانە. ئەوەبوو پێ شەوا عُمر تووڕەبوونه کەی خۆی قووتدایەوه و لێی بووری[1].

4- جارێک یان کۆیله کەی أبو ذر(رضي الله عنه) مەڕه کەی برد بووه سەر ئالیکه کەی ئەسپەکه، أبو ذر لێی پرسی: بۆ وات کردووه؟، وتی: ویستم بەم شته تووڕەت بکەم، أبو ذر فەرمووی: کەوا یە لەجیاتی ئەمە لە گەڵ تووڕه بوون پادا شتێك کۆدەکه مەوه به کۆیلەکەی وت: ئێستا تۆ ئازادی له پێناو خودای گەوره[2].

5- جارێکیان له کاتی وتار خوێندنەوه پیاوێك به مُعاوِيَة ی کوڕی أبو سُفیانی وت: درۆ دەکەی، مُعاوِيَة زۆر تووڕه بوو، بۆیه له مینبەرەکە هاتە خوار و چووه ماڵ، پاشان هاتەوه شوێنی خۆی، دڵۆپه ئاو له ڕوخساری هەڵدەوەرین، فەرمووی: (إنَّ الغضب مِن الشَّيطان وإنَّ الشَّيطانَ خلِق مِن النّار فإذا غَضِب أَحدُكم فَلْيطْفئه بالماء)[3].

6- أبو رَزین(رحمه الله) دەگێڕێتەوه دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای فُضَیل ی کوڕی عِیاض وتی: فلانه کەس به خراپه باسی تۆی دەکرد، فُضَیل فەرمووی: ئێستا ئەوکەسه تووڕه دەکەم که فەرمانی پێکردووه، فەرمووی: خودا له من و له ئەو ببوورێت، وتیان: کێ فەرمانی پێکردووه؟ فەرمووی: إبْلیس نەفرەتی لێبێت[4].

7- ابنُ کثیر(رحمه الله) دەفەرموێت: جارێک یان کابرا یەك به قسەکانی توانی عُمری کوڕی عبدالعزیز تووڕه بکات، عُمر ویستی تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوه، بەڵام تووڕەبوونەکەی خۆی قووتدایەوه و فەرمووی: ویستت به هۆی دەسته‌ڵاتەکەم شەیتان فریوم بدات، جا هەستم ئازارت بدەم و بەیانیش تۆ ئازارم بدەیتەوه، هەستە لێره بڕۆ خودا بتبوورێت، پێویستمان به وتەکانت نیه[5].

8- علی کوڕی حُسَین(رضي الله عنهما) که به زَینُ العابِدین ناسرا بوو کەنیزه یەکی هەبوو، جارێک یان به مەسینه ئاوی بەدەستی دادە کرد بۆ دەستنوێژ، لە ناکاو

(1) البخاري، الرقم(4642).
(2) التبيان والتبيين، الجاحظ، ج.1، ص.406.
(3) عيون الأخبار، ابن قتيبة، ج.1، ص.4-5.
(4) الزهد والرقائق، ابن المبارك، ج.1، ص.234.
(5) البداية والنهاية، ابن كثير، ج.12، ص.698.

مەسینەکەی لە دەست کەوتە خوار و بە ڕوخساری علی کەوت و برینداری کرد، لەو کا تەدا علی بە تووڕەیی سەری بەرز کردەوە، کەنیزە کە پێی وت: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ﴾ آل عمران. واتە: ئەوا نەی تووڕەبوو نەکانیان قووتدەدەنەوە. علی پێی فەرموو: تووڕەبوونەکەمم قووتدایەوە، کەنیزەکە وتی: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ﴾ آل عمران. واتە: ئەوا نەی لە خەڵك دەبوورن. علی فەرمووی: ئەوە لە تۆ بووریم، کەنیزە کە وتی: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ آل عمران. واتە : خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت. علی فەرمووی: هەر ئێستا برۆ تۆ ئازادی[1].

(1) البيهقي في شعب الإيمان، الرقم(8317)، عن عبدالرزاق، وأورده ابن كثير في البداية والنهاية، ج.9، ص.90.

الاسْتـقـامَـة

خۆڕاگری

پێناسەی خۆڕاگری

يـقول عُـمرُ بنُ الخَـطّاب(رضي الله عنه): الاستقامةُ أَنْ تَستَقيم علَى الأَمرِ والنَّهي، ولَا تَروغُ روغَانَ الثّعالب[1].

يقول ابن رجب(رحمه الله): الاستقامَةَ هي سلوكُ الصِّراط المستَقيم، وهي الدّين القَيّم من غَير تَعويجٍ عنه يمنة ولا يسرةً[2].

واتە: عُمری کوڕی خطاب(رضي الله عنه) **دەفەرموێت: ئیستیقامە ئەوە یە خۆت ڕاب گری لەسەر بەجێگەیاندی فەرمانەکان و قەدەغەکراوەکان، نابێت وەکو ڕێو یەکان بە جۆرە ها ڕێگەدا برۆی.**

ابنُ رجب(رحمه الله) **دە فەرموێت: ئی ستیقامە ئەوە یە گرتنە بەری ڕێ گای ڕا ست و درووست، و ئەویش ئاینی ڕاست و درووستە کە ئیسلامە نابێت لێی لابدەی جارێکیان بۆ لای ڕاست و جارێکیتریش بۆ لای چەپ.**

---

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.104.

(2) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.193.

پلە و پایە و سوودەكانی خۆڕاگری لە( ) خاڵدا

1- خۆڕاگری یان دامەزراوی لەسەر شتی چاك بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە.

وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَۖ﴾ الشـورى. وا تە: خۆڕاگر و دا مەزراو بە هەروەك چۆن فەرمانت پێكراوە.

2- خۆڕاگری بەجێگەیا ندنی وە صیەتی پێغەم بەری خودا یە(ﷺ) هەروەكو دەفەرموێت: {قُل آمَنتُ بالله ثُمَّ استقِم}[1]. وا تە: بڵێ من بڕوام هێنا بە خودا پا شان دامەزراو و خۆڕاگربە لەسەر كاری چاك.

3- لە كاتی سەرەمەرگ و لە كاتی زیندووبوو نەوەدا مو سڵمان قەدری ئیستیقامە دەزانێت.

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ۝ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ۝ نُزُلٗا مِّنۡ غَفُورٖ رَّحِيمٖ﴾ فصلت. وا تە: بەڕا ستی ئەوا نەی وتیان الله پەروەردگارما نە پا شان لە سەر ئەو پەیا مەش بەردەوام بوون فریشتەكان دادە بەزن بەسەریاندا لە كاتی سەرەمەرگ یان زیندووبوونەوە پێیان دەڵێن: مەترسن بۆ دا هاتوو و خەفەت مەخۆن بۆ ڕابردووتان و مژدەبێت لێتان بەو بەهە شتەی كە لە كاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا، ئێمە پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دوذیا و دوارۆژدا، بۆ تان هە یە لە بەهە شتدا هەر چی ئارەزووتا نە و بۆ تان هە یە تێ یدا هەر چی داوا ب كەن، ئەوە شیان پێشكەش بە ئێوە دەكرێت لە لایەن پەروەردگارێك كە لێبوردە و میهرەبانە.

4- خۆڕاگری هۆكاری بەرەكەت و زیادبوونی ڕزق و ڕۆزیە.

هەروەك خودای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَأَلَّوِ ٱسۡتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسۡقَيۡنَٰهُم مَّآءً غَدَقٗا﴾ الجن. واتە: ئەگەر ئەوان ئادەمیزاد و جنۆكە ئیستیقامەیان هەبوا یە لە سەر ڕێگای ڕاست ئاوی پڕ بەرەكەتمان بۆ دەباراندن.

(1) المسلم، الرقم(38)، عن سفيان بن عبدالله الثقفي(رضي الله عنه).

5– خۆڕاگری هۆکارێکه بۆ سەرکەوتن بەسەر دژمن.

خودای بەتوانا دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةً فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ۝٤٥﴾ الأنفال. واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئەگەر لە جەنگ ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بوونەوە «لە بێ بڕوا کان» خۆڕاگر بن و زۆر یادی خودا بکەن بە ئومێدی ئەوەی سەرکەوتوو بن.

6– خۆڕاگری لەسەر کاری چاك خۆشەویستترین شتە لەلای خودا.

دایکی بڕواداران عائشة دە فەرموێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆشەویستترین کردەوە لەلای خودا کامە یە؟ فەرمووی: «ئەو کردەوە یە کە لە سەری بەردەوام بیت، هەرچەندە کەمیش بێت»[1].

7– خۆڕاگری نیشانەی بڕوایە.

هەروەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو یەتی: {استَقيموا ولَن تُحصوا واعلَموا أنَّ خيرَ أعمالِكُم الصَّلاةَ ولا يُحافِظُ علَى الوضوءِ إلَّا مؤمِنٌ}[2]. واتە: خۆڕاگربن و ناتوانن هەموو ڕوانگەیەکی چاك و سوودەکانی خۆڕاگری بژمێرن، بزانن باشترین کردەوەکانتان نوێژە، و پارێزگاری لەسەر دەسنوێژ ناکات تەنها بڕوادار نەبێت.

8– خاوەن خۆڕاگری ئەهلی بەهەشتە.

خودای پاك و بێگەرد فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ۝١٣ أُوْلَـٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ۝١٤﴾ الأحقاف. واتە: بەڕاستی ئەوانەی وتیان الله پەروەردگارمانە پا شان لە سەر ئەو پەیامەش بەردەوام بوون هیچ ترسیان لەسەر نیە و دڵتەنگ نابن، ئەوا نە بەهە شتین هەمیشە تێیدا دەبن لە پاداشتی ئەو کردەوانەی دەیانکرد لە دونیادا.

---

(1) البخاري، الرقم(6465).

(2) ابن ماجة، الرقم(226)، عن ثوبان(رضي الله عنه) مولى رسول الله (ﷺ)، وصححه الألباني في سنن ابن ماجة.

چەند وتەیەکی هاوەڵان و پیاوچاکان دەربارەی خۆڕاگری

1- دەربارەی خۆڕاگری پرسیار کرا لە پێشەوا أ بوبکر(رضي الله عنه) فەرمووی: (أَنْ لا تشركَ بالله شيئاً)[1]. واتە: ئەوەیە هەرگیز هاوەڵ بڕیار نەدەی بۆ خودا.

2- ابن عباس(رضي الله عنهما) فەرموویەتی: لە بارەی وا تای: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ۝٣٠﴾ فصلت. (أي: استَقاموا على أداءِ الفَرائِضِ)[2]. واتە: ئەوانە بەردەوام بوون لەسەر فەرزەکان.

3- ا بن تیم ية(رحمه الله) فەرموو يەتی: (أَعظَم الكَرامة، لُزوم الاستِقامة)[3]. وا تە: گەورەترین ڕێز پەیوەستبوونە بە خۆڕاگری.

4- ا بن ح جر(رحمه الله) فەرموو يەتی: (الاستقامة كناية عن التمسك بأمر الله تعالى فعلاً وتركاً)[4]. واتە: خۆڕاگری پەیوەستبوونە بە فەرمانی خودا لە کردن و وازهێنان.

5- ا بن ر جب(رحمه الله) دە فەرموێت: (أصل الاستقامة، استقامة القلب على التَّوحيد)[5]. واتە: بنچینەی خۆڕاگری دڵە لەسەر یەکتاپەرستی.

(1) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.108.
(2) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.192.
(3) مدارج السالكين، ابن القيم، ج.2، ص.110.
(4) الفتح الباري، العسقلاني، ج.13، ص.257.
(5) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي، ص.193.

چەند نموونە و ڕووداوێك لەسەر هەبوونی خۆڕاگری

1- خۆڕاگری و بەردەوامی لە سەر بیر و بڕوا هاوەڵی بەڕێز سَعدی کوڕی أ بو وقّاص(رضي الله عنه) یەکێك بوو لەوا نەی کە لە مێژوودا نا سراوە بەوەی زۆر چاکەکار بووە لەگەڵ دایکی و زۆر دایکی خۆی خۆش دەویست، کاتێك سعد موسڵمان دەبێت دایکی زۆر ڕێگری لێ دەکات بەڵام سعد گوێی پێ نادات، یەکێك لە بڕیارە کانی ویستی وەکو کارتێکی فشار دژی سعد بەکاری بێنێت ئەوە بوو وتی: ئەگەر واز لە ئاینی ئیسلام نەهێنی و پاشگەز نەبیتەوە نان ناخۆم و لە خۆم قەدەغە دەکەم تا دەمرم، بۆ ئەوەی دوای مردنی منیش خەڵك لۆمەت بکەن و بڵێن سعد دایکی خۆی کوشت، بەڵام سعد فەرمووی: من بە هیچ شێوەیەك واز لەم ئاینە ناهێنم، دوای سێ ڕۆژ لە مانگرتنی دایکی سعد، پێی فەرموو: سوێند بە خودا ئەگەر سەد گیانیشت هەبێت یەك لەدوای یەك دەربچن من هەرگیز واز ناهێنم، بۆیە نانە کەت بخۆ، ئیتر دایکی وازی لە مان گرتنە کە هێنا[1].

2- خۆڕاگری و بەردەوامی لەسەر ئازار و ئەشکەنجەدان لە پێناو خودای گەورە.

أبو هُرَيرَة دە فەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ زانینی هەواڵی بێ بڕواکان چەند سەربازێکی نارد، نزیکەی دە کەس دەبوون، عاصمی کوڕی ثابِتی کردە ئەمیریان، کاتێك گەیشتنە شوێنێك بە ناوی(الهَدَأة) لە نێوان مککە و عوسفان، بە دوو سەد سەربازی چەکداری هۆزی لیحیان دەوردران، لە موسڵمانەکان هەشتیان جەنگیان کرد تا شەهید بوون، دووە کەیتر(خُبَيبی ئەنصاری و زَیدی کوڕی دَثِنَة) دەستگیرکران و بردنیان بۆ مەککە و بە خەڵکی مەککەیان فرۆشتن، ئەمە دوای جەنگی بەدر بوو بۆ ئەوەی لە تووڵەی کوژراوەکانیان بیانکوژنەوە، کاتێك بردیانن بۆ دەرەوەی حەرەمی مەککە بۆ ئەوەی لەوێ بیانکوژن، خُبَیب پێی وتن: وازم لێبێنن، دەمەوێت دوو ڕەکعات نوێژ بکەم، ئەوەبوو دوو ڕەکعات نوێژی کرد، پاشان فەرمووی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە نەوەك گومان ببەن لە مردن دەترسم حەزم دەکرد زیاتر نوێژ بکەم، پاشان نزای لە ناوچوونی لێ کردن، پاشان فەرمووی: باکم نیە بە هەر شێوەیەك بکوژرێم مادام مردنم لە

---

(1) أُسدَ الغابة، ابن الأثير، ج.2، ص.216، مواقف ايمانية، د. أحمد فريد، ص.314.

پێناو خودایه. پاشان کوڕی الحارث کوشتی. پاشان چوون بۆ ئەوەی پارچەیەك لە لاشەی عاصم لێبکەنەوە، بەڵام بە هۆی هەنگێکی زۆر نەیانتوانی[1].

3- خۆڕاگری لەسەر یادی خودا.

کاتێك فاطمة(رضي الله عنها) بەهۆی دەستاڕ دەستەکانی تووشی ئازار دەبن، بۆیە داوای خزمەتکارێك لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکات، پێغەمبەری خودا دەچێتە ماڵیان و بە فاطمة و علی دەفەرموێت: {ألَا أُعَلِّمُكُما خيرًا مِمَّا سألْتُماني؟ إذَا أخَذْتُما مَضَاجعَكُما تُكَبِّرا أرْبعًا وثَلاثين، وتُسبِّحَا ثَلاثًا وثَلاثين، وتَحْمَدا ثَلاثًا وثَلاثين؛ فهو خيرٌ لَكُما من خادم}[2]. واتە: ئایە شتێکتان فێربکەم باشتر بێت لە لەوەی داواتان لێکردم؟ هەرکاتێك بۆ خەوتن چوونە سەر جێگای خۆتان سی و چوار جار بڵێن: (الله أكبر)، سی و سێ جار بڵێن: (سُبحانَ الله)، سی و سێ جار بلێن: (الحمد لله)، ئەمە باشترە بۆتان لە خزمەتکارێك.

لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە: پێشەوا علی(رضي الله عنه) فەرموویەتی: هەرگیز وازم لەم زیکرە نەهێناوە لەو کاتەی لە پێغەمبەرم بیست، پێی وترا: شەوی صَفّینیش وازت لەم زیکرە نەهێنا؟ فەرمووی: شەوی صَفّینیش وازم لەم زیکرە نەهێنا، شەوی صَفّین ناخۆشترین شەو بووە لە ژیانی پێشەوا علی کە تێیدا نزیکەی حەفتا هەزار موسلمان شەهید بوون[3].

4- خۆڕاگری لەسەر نوێژە سوننەتەکان.

دایکی بڕواداران أم حبيبة(رضي الله عنها) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: {مَن صلَّى اثنَتي عَشرةَ ركْعةً في يومٍ ولَيلَةٍ، بُنِي له بِهِنَّ بيتٌ في الجنَّة}. (قالَت أُمُّ حبيبة: فما تَركْتُهنَّ منذُ سَمِعْتُهنَّ مِن رسولِ الله. وقالَ عنبسة: فما تَركْتُهنَّ منذُ سمعتُهنَّ مِن أُمِّ حبيبة وقالَ عمرو بن أوسٍ: ما تَركْتُهنَّ منذُ سمعتُهنَّ من عنبسة. وقالَ النُّعمانُ: ما تَركْتُهنَّ منذُ سمعتُهنَّ من عمرو بنِ أوسٍ)[4]. واتە: هەر کەسێك دوازدە ڕەکعات نوێژ بکات لە شەو و ڕۆژێکدا بە هۆی ئەم نوێژانە ماڵێکی لە بەهەشت بۆ درووست دەکرێت. أُمُّ حَبِيبَةَ دەفەرموێت: ئەم دوازدە ڕەکعاتەم وازلێنەهێناوە لەو کاتەی لە پێغەمبەرم بیستووە. عَنْبَسَةُ دەڵێت: منیش وازم لێنەهێناوە لەو کاتەی لە أُمُّ حَبِيبَةَ م بیستووە. عەمری

---

(2) البخاري، الرقم(3045).

(1) البخاري، الرقم(3705)، عن علي بن ابي طالب(رضي الله عنه).

(2) المسلم، الرقم(2727)، عن علي بن ابي طالب(رضي الله عنه).

(3) المسلم، الرقم(728).

کوڕی أوْس دەڵێت: منیش وازم لێ نەهێناون لەو کاتەی لە عَنْبَسَةُم بیستووە. نُعْمَان دەڵێت: منیش وازم لێنەهێناون لەو کاتەی لە عەمرم بیستووە.

5– خۆڕاگری و دامەزراوی لەسەر چوون بۆ مزگەوت.

عثمانی کوڕی حکیم دەفەرموێت: بیستم لە سَعیدی کوڕی مُسَیَّب(رحمه الله) دەیفەرموو: ماوەی سی ساڵ پێش ئەوەی بانگدەر بانگ بدات من لە ناو مزگەوت ئامادە بووم[1].

6– خۆڕاگری لە مەیدانی جەنگ.

لە بەدر ژمارەی بێ بڕواکان بەرامبەر ژمارەی موسڵمانەکان سێ ئەوندە بوو، بەڵام بەهۆی خۆڕاگریان بە ویستی خودا توانیان سەرکەون، یەکێك لەو مسڵمانانەی بە شدار بوو قُطبَة ی عامری ئەنصاری بوو، پێش ئەوەی جەنگە کە دە ست پێبکات ئەم هاوە ڵە بەردێکی هەڵگرت و فڕەیدایە نێوان هەردوو ڕیزی موسڵمانان و بێ بڕوا کان و فەرمووی: (لا أَفِرُّ حتى يفِرَّ هذا الحجر). واتە: هەرگیز ڕاناکەم لەم جەنگە تا ئەو کاتەی ئەم بەردە ڕادەکات[2].

7– خۆڕاگری لە سەر نەکردنی تاوان. خـــــارِجَة ی کوڕی مُـــصعب(رحمه الله) دەفەرموێت: ماوەی بیست و چوار ساڵ هاوڕێیەتی عبدالله ی کوڕی عَونم کرد وا نازانم فریشتە یەك تاوانیشی لەسەر نووسیبێت[3].

8– خۆڕاگری لەسەر ئەنجامدانی شەونوێژ.

أُوَیس ی قەرەنی(رحمه الله) یەکێکە لە تابعین، شەوێکیان دەیفەرموو: ئەم شەو شەوی ڕکوعە تا بەیانی بە ڕکوعی درێژ بەسەری دە بەرد، شەوی دوا تر دەیفەرموو: ئەم شەو شەوی کڕنووشە، تا بەیانی سەرقاڵ دەبوو بە کڕنووشی درێژ[4].

نموونەیەکیتر: مسلمی کوڕی یناقی مەککی(رحمه الله) دەفەرموێت: ڕۆژێکیان عبدالله ی کوڕی زُبَیر(رضي الله عنهما) ڕکوعێکی برد ئەوە ندە ما یەوە سورەتی البقرة و آل عمران والنساء و المائدة م خوێند هێشتان لە ڕکوع سەری بەرز نەکردبوویەوە[5].

9– خۆڕاگری پیاوێك لەسەر نوێژی بەکۆمەڵ.

---

(1) إحياء علوم الدين، الغزالي، ج.1، ص.148.

(2) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.253.

(3) سير أعلام النبلاء، الذهبي، ج.6، ص.366.

(4) صفة الصفوة، ابن القيم، ج.1، ص.389.

(5) المصدر السابق، ج.1، ص.389.

ساڵی(2019)ز لە میدیاکان گرتە ڤیدیۆ یەك بڵاو کرا یەوە لە سەر پیاوێکی خەڵکی شاری مەککە، تەمەنی(129) ساڵ بوو، من خۆم لە ڤیدیۆیە کەدا ئەوم بینی ئەم پیاوە ماوەی سەد ساڵ هەموو نوێژەکانی لە حەرەمی مەککە بە کۆمەڵ ئەنجام دابوو[1].

---

(6) نووسەر.

بابەتەكان